گەمژە

رۆمان

بەرگی دووەم

ن: دۆستۆیفسکی

و: حەمە کەریم عارف

٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠

٠٧٥٠١١٢٠٩١٥

پێڕست

بەشی سێیەم:

فەسڵی یەکەم

فەسڵی دووەم

فەسڵی سێیەم

فەسڵی چوارەم

فەسڵی پێنجەم

فەسڵی شەشەم

فەسڵی حەوتەم

فەسڵی هەشتەم

فەسڵی نۆیەم

فەسڵی دەیەم

بەشی چوارەم:

فەسڵی یەکەم

فەسڵی دووەم

فەسڵی سێیەم

فەسڵی چوارەم

فەسڵی پێنجەم

فەسڵی شەشەم

فەسڵی حەوتەم

فەسڵی هەشتەم

فەسڵی نۆیەم

فەسڵی دەیەم

فەسڵی یازدەیەم

فەسڵی دوازدەیەم

فەرهەنگۆك

ژینامەی وەرگێڕ

بەشی سێیەم

فەسڵی یەکەم

هەمیشە لە وڵاتی ئێمەدا گلەیی ئەوە دەکرێت کە پیاوی کردارمان نیە. بۆ نموونە دەڵێن سیاسەتوانان زۆرن، جەنەراڵان وبەڕێوەبەرانی پرۆژەێن جۆرا وجۆر، ئەوەندە زۆرن هەرگیز پەکت ناکەوێ، وەکو دار وبەردن. بەڵام پیاوانی کار، پیاوانی مەیدان دەست ناکەون، هەموو خەڵکی ئەو گلیەییەیان هەیە کە پیاوانی کار دەستناکەون. تەنانەت دەڵێن لە هەندێ هێڵی سکەی قیتارا، بەزەقی هەست بە کەمی و نەبوونی کارمەندانی کارامە و لێهاوتوو دەکرێت. دەڵێن هەندێ کۆمپانیای کەشتیرانی، مەحاڵە بتوانن فەرمانبەرانی تەکنیکی نەك کارامە، بەڵکو نیمچە کارامەش بدۆزنەوە. لەپڕ دەبیستی لە هێڵێکی تازەدا دوو قیتار تامپۆنیان کردووە، قیتارێك لەسەر پردێك، بە پردەکەوە کەوتووەتە خوارەوە. هەندێجار لە ڕۆژنامادا هەواڵێك دەخوێنینەوە کە قیتارێك، لە سەفەرێکی زستانەی چەند سەعاتیدا، لە ناوجەرگەی بەفرەجارێکدا پەکی دەکەوێ و بەدرێژایی زستانەکە ناکەوێتەوە ئیش. ڕێبوارانی داماو کە بە خەیاڵی خۆیان هەرچەند سەعاتێکیان پێدەچێ، پێنج دانە ڕۆژ لە بەفرا دەمێننەوە. یان جاری وایە وەکو دەگێڕدرێتەوە سەدان تۆن کاڵا بەدەم چاوەڕوانی گواستنەوەوە دوو سێ هەیڤان لەجێی خۆی ماوەتەوە و خراپ و خەسار بووە. دەگێڕنەوە (کە باوەڕکردن بەمە زەحمەتە) کە گوایە جارێك یەکێك لە فەرمانبەرانی ئیداری، کە چاودێر و بەڕێوەبەری سکەی قیتار دەبێت، کاتێ نوێنەری بازرگانێك پەلەی لێدەکات کە کاڵایەکی بۆ باربکات، کە هیچ وەڵامێکی پێنابێت، تا دەتوانێ شەپازللەیەکی بە پەناگوێدا دەدات. کە لێی دەپرسنەوە بۆ ئەو کارەی کردووە، لە وەڵامدا دەڵێت چونکە "تووڕە" بووە. ژمارەی فەرمانگە و دایەرە و نووسینگەی دەوڵەتی، ژمارەیەکی خەیاڵییە، پیاو سەری لەو هەموو فەرمانگەیە دەسوڕمێ. هەرچی خەڵکی هەیە فەرمانبەری حکومەت بوون یان فەرمانبەرن یان گەرەکیانە کە لەئایندەدا ببن بە فەرمانبەر. باشە ماقوولە لە نێو ئەم هەموو هەزار بە هەزار خەڵکە زۆر و زەبەندەیەدا، چەند کادرێکی کەمی کارامە دەست نەکەوێ، بەکەڵکی ئەوەبێن لە کۆمپانیایەکی کەشتیرانیدا کار بکەن ؟

هەندێجار، وەڵامێکی هێندە سادە و ساکاری ئەو پرسیارە دەردرێتەوە کە زەحمەتە پیاو باوەڕی پێبکات. خاوەنانی ئەو وەڵامە دەڵێن: هەموو خەڵکی لە وڵاتی ئێمەدا یا فەرمانبەر بوون یان هێشتا فەرمانبەرن، ئەم سیستەمە لە وەتای دوو سەدساڵەو، هەڵبەتە بە چاولێکەری سیستەمی

ئەڵمانی. هەروا بووە و پشتا و پشت هاتووە و لە باب و باپیرانەوە بۆ نەوەو منداڵان ماوەتەوە. بەڵام دام و دەزگا کارگێڕی و فەرمانگە دەوڵەتیەکان پڕن لە خەڵکانی بێکار و تەمەڵ و تەوەزەل، کار گەیوەتە ئەوەی تەمەڵی و کارنەزانی و نەشارەزایی عەمەلی، تا ئەم دواییانەش لە نێو خودی فەرمانبەرەکاندا، بە باڵاترین و باشترین خەسڵەت دەهاتە ژماردن.

بۆچی خۆمان بە باسی فەرمانبەرانەوە مژول بکەین، لەکاتێکدا دەمانویست باسی خەڵکانی مەیدانی وعەمەلی بە گشتی بکەین ؟ دەتوانین لێرەدا بێهیچ دوو دڵییەك بڵێین کە لە وڵاتی ئێمەدا شەرمنۆکی و نەبوونی دەست پێشکەری و داهێنانی شەخسی، لە کۆنەوە و تا ئێستاش بە باشترین نیشانەی پیاوی کار دانراوە و دادەنرێت. باشە ئێمە بۆچی خۆمان تۆمەتبار بکەین، ئەگەریش بشێت ئەم بۆچوونە بە تۆمەت بێتە ژماردن؟ هەمیشە، لە هەموو شوێنێ، لەسەرانسەری دنیادا، نەبوونی دەست پێشکەری و داهێنانی شەخسی، بە یەکێك لە خاڵە ئەرێنییەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتنی پیاوی کار و ئەهلی کار و کاسبی هاتووەتە ژماردن. بەلای کەمەوە سەدی نەوەدونۆی خەڵکی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوون. لەسەدا یەك (بەلایەنی هەرە زۆرەوە) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوون.

داهێنەران و بلیمەتان، لە هەموو ڕۆژگارێکدا و لە سەرانسەری دنیادا، لە سەرەتای ژیانی داهێنانیانەوە و زۆرجار تا کۆتایی ژیانیان، لەلایەن کۆمەڵگەوە وەکو گەوج و ئەگەر زۆر زۆر خاتریان گیرابێ وەکو نیمچە گەوج تەماشا کراون. ئەم جۆرە بەرخوردە کۆنە، لە هەموو دنیادا باو بووە. بۆ نموونە خەڵکی بۆ ماوەی دەیان ساڵ بەوە ڕاهاتبوون کە پارەوپوولیان لە بانکی لومبارد* دابنەن و ملیاران پارە و پوول بە قازانجی سەدی چوار لەوێندەر کەڵەکە ببێت، کاتێ بانکی لومبارد لە کارکەوت و نابووت بوو، ئیدی ئەو خەڵکە دەستێکیان کەوتە ئەوبەر و دەستێکیان کەوتە ئەمبەر، ئیدی هەرکەسە خۆی و دەست پێشکەری و داهێنانی خۆی. ئیدی بە بەرچاوی هەموو خەڵکی یەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو هەموو ملیۆنان پول و پارەیە کەوتە دەستی کەڵەکبازانی چەورە و چەکل و لە گەرمەی ساختە بازی (مچاربات)ی بێ بنج و بناواندا، فەوتاو هەڵم ئاسا چوو بە ئاسمانا، ئیدی ئەوە ئاکامی لۆجیکی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاکارە پەسەند و باوەکانی ڕۆژە. بۆیە دەڵێم " ئاکاری پەسەند و باو" چونکە ئەگەر شەرم و شکۆی پەسەند و گوێڕایەڵی و دوورکەوتنەوە لە هەر دەست پێشکەری و داهێنانێکی شەخسی، کە هێشتا لە وڵاتی ئێمەدا باوە، بەڕای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی، نیشانە و سیفەتی هەر مرۆڤێکی جدی و بە حورمەت بێ، ئەوا هەرکەسێك ڕەفتاری خۆی و شێوازی ژیانی لە ناکاوا بگۆڕێت، دەبێ بە بنێشتەخۆشەی ژێر دانان و لۆمەکاری خەڵکی، چونکە لە ڕێڕەوی گشتی

کۆمەڵگە لایداوە و ئەو کارەی نەك هەر دوورکەوتنەوەیە لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بەجۆرە بێئەدەبیەکیش دەژمێرێ. بۆ نموونە، کام دایکە، کە منداڵەکانی لە ڕووی سۆزدارییەوە زۆر خۆشدەوێ، ئەگەر کوڕەکەی یان کچەکەی، بە ئاستەم. لە سکەی، داب و نەریتی باوی کۆمەڵگە لابدات و دووربکەوێتەوە، هەراسان نابێت ؟ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " نا، نا، بەختەوەری و ژیانی ئاسوودە زۆر باشترە لە داهێنان و ڕێساکان " هەموو دایکێك کە منداڵەکەی دەلاوێنێ، ئەو ئامۆژگارییەی دەکات. بەڵام دایەنانی لای ئێمە، لە قالو بەلاوە، کاتێ کە منداڵەکانمان لە بێشکەدا ڕادەژەنن، بەم لایە لایە ئەبەدیە دەیان خەوێنن! " تۆ ئەنجام دەبی بەخاوەن پلەوپایە، دەوڵەمەند دەبێ. دڵنیام لە کاری خۆتا، پێشدەکەوی، بە جەنەڕاڵ دەبی ". بەو جۆرە دەبینین، تەنانەت دایەنانی منداڵەکانیشمان، هەمیشە بەو چاوە ڕوانیویانەتە پلە و پایەی جەنەڕاڵی، کە نیشانە و پێوەری باڵای بەختەوەری ڕووسیە. مانای وایە ئەم پلەوپایەیە، لەو بەها باڵایانەبووە کە هەموو خەڵکی ڕێزیان گرتووە و ئاواتیان پێخواستووە و بە لوتکە و نیشانەی بێ چەند و چوونی شادمانی و خۆشی هاتووەتە ژماردن.

کام پیاوی ڕووسی هەیە، دوای ئەوەی تاقیکردنەوە و ئەزموونە ئاساییەکان یەك لەدوای یەك ببڕێت و سی و پێنج دانە ساڵ لە خزمەتا بگوزەرێنێ و پارەیەکی مۆڵ لە بانکی لومباردا دابنێت، نەبێت بە جەنەڕاڵ ؟ بەو جۆرە تاکی ڕووس، بە خوت و خوڕایی، بێئەوەی، زەڕەیەك خۆی ماندوو بکات، لە ئەنجامدا وەکو پیاوی کار، سەنگ و ئیحتوبار پەیدا دەکات. یانی هەموو کەسێکی تەمەڵ و تەوەزەل و بێکارە و گوێڕایەڵ، دەگاتە پلەی جەنەڕاڵی، تەنیا تاکی داهێنەر، تاکی یاخی و لاسار و گوێنەبیس و تاکگەرا، بە کورتیەکەی تاکی نیگەرانی بێئۆقرەی قاڵب ناپەزێر ناگاتە پلە و پایەی جەنەڕاڵی. ڕەنگە ئەم قسەیەی من جۆرە موبالەغەیەکی تیابێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرنجێکی دروست و ڕاستە وئیدی پێوەر و پێناسەی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ پیاوی ناو پیاوان، بۆ پیاوی کار و نموونەیی وابووە.

بەهەرحاڵ، وادیارە زۆر لە باسەکەمان دوورکەوتینەوە، کە مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوە بوو، چەند ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ماڵباتی یەپانچین پێشکەش بکەین.. ئەندامانی خانەوادەی یەپانچین، یان بەگوتەیەکی دی ئەوانەیان کە زیاتر، بیریان دەکردەوە، هەر هەموویان خەسڵەتێکی هاوبەشیان تیابوو کە دروست پێچەوانەی ئەو پێوەر و خەسڵەتانە بوو کە تۆزێ لەمەوپێش باسمان کردن. هەندێجار وایان هەست دەکرد، کە کاروباری ماڵی ئەوان، وەکو کاروباری ماڵی خانەوادەکانی دی بەڕێوە ناچێت، هەڵبەتە بەبێ ئەوەی بەتەواوەتی لە مانای ئەوە بگەین " چونکە دەرککردنی مانای ئەو هەستە زۆر دژوارە ". ئەو ڕێگەیەی کە بۆ

خانەوادەکانی دی تەخت و هەموار بوو، بۆ وان ڕێگەیەکی سەخت و ناهەموار و بەردەڵان و پڕ هەوراز و نشێو بوو. یانی ڕەوشی خەڵکی ئاسایی و لە بەردڵان بوو، بەڵام ڕەوشی ئەوان، یانی ماڵباتی یەپانچین نا ئاسایی و دژوار بوو. خەڵکی گوێڕایەڵی قەراردادەکان بوون و بە ئاسانی ژیانیان لەبەر دەڕۆیی، بەڵام یەپانچینەکان، هەمیشە بە پێچەوانەوە، لە قەراردادەکان دەردەچوون و پابەند نەدەبوون. خەڵکی هەمیشە بەگوێرەی داب و نەریتانی باو ڕەفتاریان دەکرد، یانی دەگەڵ عامیٚ دەچوونە شامیٚ، بەڵام خێڵی یەپانچین وانەبوون، ڕاستە لیزاڤیتا پروکو فیڤنا، هەندێجار لەڕادەبەدەر سڵی دەکردەوە، مدارای داب و نەریتی باوی دەکرد، بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نەبوو کە کۆمەڵگە ڕازی بکات. ئەمە جگە لەوەی کە هەر لیزاڤیتا پروکوفیڤنا خەمی ئەو شتەی بوو، دەنا کیژەکانی هەرچەندە بە تەمەن بچووك بوون، بەڵام لە ئێستاوە، گیانی یاخیگەرێتی و نوێرینێکی ڕەخنەیی تەنزئامێزیان هەبوو، زۆر زیت و زرینگ و بەهۆش و گۆش بوون. جەنەڕاڵیش توانای خوێندنەوەی قوڵایی شتەکانی هەبوو (هەرچەندە بەدرەنگەوە) بەڵام عادەتی وابوو ئەگەر پەشێویەك هاتبا پێشیٚ، لەبن لێوانەوە "ئم"ێکی بۆ دەکرد و هیچی نەدەگوت. شتەکەی بەتەواوەتی بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا بەجیٚ دێڵاو، و خۆی لە هەر بەرپرسیارێتیەك دەبوارد و شتەکەی بەملی لیزا ڤیتادا دەدا. ئەم خانەوادەیە خاوەنی دەست پێشکەری و داهێنانی تەواوەتی و تایبەتی خۆی نەبوو، یان ئاگایانە و بە ئانقەست، ڕێگەی تاکگەرایی و یاخی بوونی نەدەگرتە بەر – چونکە ئەوە دەیکردە بێحورمەتی بە داب و نەریتی باو – بەڵیٚ، شتی وا لەئارادا نەبوو. هەرچەندە مەڵباتی یەپانچین، خەڵکانێکی بەڕێز وحورمەت بوون، بەڵام وێڕایی ئەوەش، پڕ بە پێستی پێناسە باوەکەی خانەوادەی بە حورمەت نەبوون. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لەم دواییانەدا گەیبووە ئەو قەناعەتەی کە گوناهی هەر هەموو ئەو ناتەبایی و ناکۆکییەی ماڵەکەیان لە ئەستۆی ئەو دایە و زادەی تەبیعەت و سروشتی "نەحس" و شوومی ئەو. دیارە ئەم بیر و قەناعەتە هێندەی دی ئەزیەتی دەدا و هەمیشە گلەیی لە خۆی دەکرد کە "سەرشێتێکی خۆسەری گەوج و نالەبارە ". خۆی بە کێشەی خەیاڵی و، گومان و دوودڵی بیٚ بنج و بناوانەوە ئازار دەدا. هەمیشە پەشێوو پەرێشان پەی بە چارەسەری ئاسانترین کێشە نەدەبرد، مێشێکی لەخۆی دەکرد بەگامێشیٚ، ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر دەبوو.

لە سەرەتای چیرۆکەکەمانەوە، باسی ئەوەمان کرد کە ماڵباتی یەپانچین، بە ڕاستی لە نێو خەڵکی دا قەدر و حورمەتی خۆیان هەبوو. جەنەڕاڵ ئیڤان فیدوروفیچ بەخۆی، هەرچەند لە بنەماڵەیەکی گومنا بوو، لە هەموو شوێنیٚ بە ڕێزو حورمەتەوە پێشوازی دەکرا. ئەم ڕێزو حورمەتەش لەوەوە هاتبوو، کە یەکەم ڕێزی خۆی دەگرت و زۆر دەوڵەمەند بوو. دووەم زۆر بە

ئەدەب و ئەرباب بوو، ئەگەرچی نەختێك كەم هۆش بوو. بەڵام وادیارە ئەم كەم هۆشییە ئەگەر بۆ هەركەسێكی ناسراوی ناودار زەروری نەبێ، ئەوا بۆ هەر پیاوێك كە بەجدی لە خەمی پارە پەیداكردنا بێت. زۆر پێویست بێت. جەنەراڵ یەپانچین پیاوێكی خۆشخوو و خدە پەسەند، بێ فیز و خاكی، بوو. دەیزانی كەی بێدەنگ دەبێت و زاری تێكدەنێت، لێ وێڕای ئەوەش ڕێگەی زماندرێژی بەكەس نەدەدا، نەك هەر بەزەبری پلەو پایەكەی، كە جەنەراڵ بوو، بەڵكو بەهۆی ئەوەشەوە كە پیاوێكی سەنگین بوو، ڕێزی خۆی بە ڕادەیەك دەگرت، كە بەرانبەرەكەی ناچاربوو ڕێزی بگرێت. وێڕای هەموو ئەمانەش پشت و پشتیوانی بەهێز و دەستڕۆی هەبوون.

بەڵام لیزاڤیتا پروكوفیڤنا، وەكو پێشتر گوتمان لە بنەماڵەیەكی وەجاخزادە و ڕەسەن بوو. هەرچەندە لە وڵاتی ئێمەدا مەسەلەی خوێن و ئەسڵ و فەسڵ، ئەگەر كۆمەڵێك پەیوەندی زۆر بەهێزی دیكەی لە پشت نەبێت، بایەخێكی ئەوتۆی پێنادرێت، بەڵام لیزاڤیتا پروكوفیڤنا ئەو پەیوەندییانەشی دروست كردبوو، لە نێو لایەنگران و دۆست و بناژۆكانیەوە، زۆر بە حورمەت و خۆشەویت بوو. بە كورتی لەنێو خەڵكیدا جێگەی ڕێز و حورمەت بوو. هەڵبەتە نیگەرانی و خەمە خانەوادەییەكانی، بێبنج و بناوان بوون و زادەی شتی زۆر بچووك و كەمبایەخ بوون و زیاتر بە خەیاڵ لەخۆی گەورە دەكردنەوە. ئیدی پیاو ئەگەر بالوكەیەك بەسەر كەپوی یان تەوێڵیەوە بێت، وا دەزانێ، خەڵكی هیچ ئیش و كاریان نیە تەنیا ئەوە نەبێ سەیری ئەو بالوكەیە بكەن و گاڵتە بە خاوەنەكەی بكەن، ئەگەر ئەو خاوەنەی دۆزەرەوەی ئەمریكاش بێت. هەڵبەتە پێویست بە وتن ناكات كە لیزاڤیتا پروكوفیڤنا لە نێو كۆمەڵگەدا، بەوە ناسرابوو كە تۆزێك "نە ساز و نەبانە". بەڵام ئەمە هەرگیز لە ڕێز و حورمەتی ئەوی كەم نەدەكردەوە، چونكە بە ڕاستی جێگەی ڕێز و حورمەتی خەڵكی بوو. بەڵام لە ئەنجامدا گومانی لەم ڕێزو حورمەتە پەیدا كردبوو، ئیدی ڕەگ و ڕیشەی هەموو گرفت كێشەكانی دەچووەوە سەر ئەم گومان و بەد گومانیە. كە دەیڕوانیە كیژەكانی، خەفەتی بەوە دەخوارد كە تەبیعەتی ئاڵۆز و نەساز و ناشایستەی سەیر و سەمەرەی ئەو، كیژەكانی ئەزیەت دەدات و كاریگەری خراپی لەسەر ئایندەیان دەبێت، كەچی هێشتا ئەو گلەیی لە كیژەكانی و لە ئیڤان فیدروفیچی مێردی دەكرد، كە نە ساز و ئاڵۆزن و ئەوانی بە خەتابار دەزانی، هەمیشە لە شەڕابوو لەگەڵیانا، كەچی وێڕای ئەوەش لە گیانی خۆی خۆشتری دەویستن و ئامادەبوو خۆی بە قوربانیان بكات و شەیدایانە خۆشی دەویستن.

ئەوەی كە زیاتر ئازاری دەدا، ئەو خەیاڵە بوو كە كیژەكانیشی خەریكە وەكو ئەو "نەساز" دەردەچن و لە دنیادا نموونەیان نەبووە و نابێت. بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " كار وابڕوات دەبن بە نەهلیستی." نزیكەی ساڵێك دەبوو كە ئەم خەیاڵە خەمناكە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زەینیا

ڕەگاژۆ دەبوو وپتر دەچەسپی و هەمیشە لەخۆی دەپرسی: " یەکەم: بۆچی شوو ناکەن؟ بۆ ئەوە هاتوونەتە دنیا تا عەزابی دایکیان بدەن– ئامانجی سەرەکی ژیانیان ئەوەیە، ئەمانە هەر هەمووی بەرەنجامی بیرین تازە مۆدە، بە تایبەتی بەرەنجامی ئەو مەسەلە نەگریسەیە، مەسەلەی ژن! ئەدی چۆن، مەگەر ئاگلایا شەش مانگێك لەمەوپێش کەڵکەڵەی ئەوەی نەکەوتبووە سەر کە قژە جوانەکەی ببڕێت ؟ – پەنا بەخوا! من لە تەمەنی ئەودا، قەت ئەو قژە جوانەی ئەوم نەبوو! – ئەیەڕۆ قەیچییەکەم بەدەستیەوە گرت، ناچاربووم لەبەردەمیا چۆك دابدەم و لەبەری بپاڕێمەوە کە ئەو خەیاڵە لە مێشکی خۆی دەربکات و کاری وا نەکات.. گریمان ئاگلایا بە درۆوە وای دەنواند بە تەمایە قژی ببڕێت و ئەم کارە تەنیا بۆ تووڕەکردنی دایکی دەکات، چونکە کیژێکی جینگن و خۆسەر و نازدارە، یەك جار گوتمان شەڕانییە و بڕایەوە، بەڵێ شەڕانییە! ئەدی ئەو ئەلکسندرا بەستەزمانە بۆ ناڵێی، خۆ ئەو بە مەکروناز نیە، کچێکی زۆر ساویلکەیە، ئەو بۆچی دەیویست چاو لە ئاگلایا بکات و قژی ببڕێت. ئاگلایا بردبویە مێشکی ئەو بێ ئەقڵەوە کە بە قژی کورتەوە باشتر خەوی لێدەکەوێت و سەریەشەکەشی لە کۆڵ دەبێتەوە ؟ لەماوەی ئەم پێنج ساڵەی ڕابردوودا، چەندین خوازگاریان هاتبوون، کە کوڕی زۆر قۆز و پیاوی زۆر شایستە و پایە بەرزیان تیابوو! باشە چاوەڕوانی چین؟ بۆچی مێرد ناکەن؟ ئەگەر مەبەستیان ئازاردانی دایکیان نیە؟ هەڵبەتە، گومانی تیانیە، هەر ئەوەیان مەبەستە !".

ئەنجام ، یەکەم تیشکی هەتاو، دڵی دایکانەی ڕوناك کردەوە. بەلای کەمەوە یەکێك لە کیژەکانی، یانی ئادیلایە، هاتووەتە ڕەدا و لێبڕاوە شوو بکات و ماڵ و حاڵ بۆخۆی پێکەوە بنێ. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، هەرکە دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوت کە گوزارشت لەخۆی بکات، بە دەنگی بەرز دەیگوت " تازە ئەم یەکەیانم لە دەست ڕۆیی!" – بەڵام لە ناخی خۆیدا زۆر خۆشحاڵ بوو": شوویەکی زۆر باشە، تا بڵێی گونجاو و لەبارە! تەنانەت لە ناوەندە ئەرستۆکراتەکەشدا بە باشی و بەرێزەوە باسی دەکەن: دەزگیرانەکەی پیاوێکی ناسراوە، لە چینی ئەشرافانە، دەوڵەمەندە، و پیاوێکی ئەربابە . لە هەموو ئەمانە باشتر، ئەوەیە ئەم شووە بە حەزلێکردن بووە و کچە بەدڵیەتی. پیاو لەوەی پتر چی گەرەکە؟ هەڵبەتە لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، هەمیشە سەبارەت بە ئادیلاید و ئایندەی ئادیلاید، لەچاو دوو خوشکەکەی دیکەیدا، کەمتر هەستی بە ترس و نیگەرانی دەکرد. هەرچەندە مەیل و ئارەزووی هونەریی ئەم کیژە ناوەنجیە مایەی پەرێشانی بەردەوامی دڵەی هەمیشە گوماناوی دایکی بوو. بەڵام ئەنجام بەوە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە و نیگەرانی خۆی دەڕەواندەوە: " هەرچییەك بێ، تەبیعەتێکی کراوە و خۆشی هەیە، کیژێکی ئاقڵە و دەتوانێ تەکبیری حاڵی خۆی بکات."

زیاتر خەمی ئاگلایا و ئایندەی ئاگلایای بوو، بەڵام سەبارەت بە ئەلکسندرای کیژە گەورەی، ئەم دایکە داماوە بە خۆیشی نەیدەزانی ئایا پێویست دەکا خەمی بخوات یان نا. هەندێجار بە تەواوەتی نائومێد دەبوو وای خەیاڵ دەکرد ئیدی ئەم کچە " هیچ ئایندەیەکی" نابێت، تەمەنی بیست و پێنج ساڵە و لەوەیە هەر بە قەیرەیی بمێنێتەوە. " چەند جوانیشە !" ئەم دایکە خەم دایدەگرت، شەو تا بەیانی بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە، بۆ ئەلکسندرا دەگریا، ئەلکسندراش بێ خەم و خەیاڵ، هێدی و هێمن تا بەیانی دەخەوت! " ئاخر ئەم کچە چیە؟ لە هەوادارانی نەهلیزمە یان گێل و کەودەنە و هیچی تر ؟".

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، زۆر چاك دەیزانی کە کیژەکەی نە گێلە و نە کەودەن. بەڵکو زۆریش لە هەست و هۆش و بەردەباری ئەلکسندرا ڕازی بوو و، حەزیدەکرد لە کار و بارەکاندا پرس و ڕاو شیرەتی پێبگات. بەڵام گومانی لە "نەرم و نیانی" ئەلکسندرا نەبوو." ئەوەندە هێور و ئارام بوو، بەهیچ شتێك شێلو نەدەبوو. ئاخ!... ئەمانە شێتم دەکەن!". لیزاڤیتا پروکوفیڤنا هەمیشە جۆرە سۆزێکی تایبەتی، سۆزێکی مەند و لە ڕونکردنەوە نەهاتووی دەرهەق بە ئەلکسندرا هەبوو، تەنانەت لە ئاگلایاش کە نازداری خۆی بوو، خۆشتری دەویست. بەڵام کە لە ڕووی سۆزی دایکایەتیەوە تووڕە دەبوو، تەشەری وەکو "نەرمك و دەڵەمە و وڵە"ی لێدەدا، ئەلکسندرا، کەم و زۆر خۆی شێلو نەدەکرد، بەڵکو بە ڕوویەوە پێدەکەنی. لیزاڤینا پروکوفیڤنا هەندێجار، لەسەر شتی زۆر بچووك و بێمانا نەك هەر تووڕە دەبوو، بەڵکو دەهەری دەبوو، وەکو فیشەکە شێتە بەئاسمانا دەچوو. بۆ نموونە ئەلکسندرا، حەزیدەکرد زۆر بنووێت و خەونی زۆری دەبینی، جا خەوی بێتام و منداڵانە بێتامتر لە خەونی سادە و ساکاری منداڵێکی حەوت ساڵان. ئیدی بەم خەونە سادە و ساکارانە قەڵس و تووڕە دەبوو، کەس نەیدەزانی بۆچی. بۆ نموونە جارێك ئەلکسندرا لە خەویا حەوت مریشك دەبینێ، و ئەم خەوە دەبێتە بایسی شەڕێکی گەورە لە نێوان خۆی و دایکیا! لەبەرچی؟ کەس نازانێت بۆ. جارێکی دی، تاقە جارێك، بەڕێکەوت خەونێکی تۆزێ خۆش دەبینێ: لەو خەونەیدا، ڕەبەنێکی خەڵوەتنشین لە ژوورێکی تاریك تاریکدا دەبینێ و، هەرچی دەکات ناوێرێ بچیتە ژوورەوە، کاتێ کە خەونەکەی بۆ هەردوو خوشکەکەی گێڕایەوە، هەردووکیان لە قاقای پێکەنینیان داو خێرا چوون، بەدەم تەوس و توانجەوە خەونی خوشکەکەیان بۆ دایکیان گێڕایەوە، دایکیان تووڕە بوو، بە "گێل و گەوج"ی وەسف کردن. لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەڵێ.. بەڕاستی حەیوانێکە لەو گۆڕە، هەست سڕی وەکو خۆی نەبووەتەوە، بەهیچ شتێك شێلو نابێ، بەڵام هەندێجار خەمین دێتە بەرچاو. هەندێجار نیگای یەکپارچە داخ و کەسەرە. نازانم هۆی ئەم خەمبارییەی چیە ؟" لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، هەندێجار ئەو پرسیارەی لە

ئیڤان فیدوروفیچ دەکرد. هەڵبەتە وەکو خووی هەمیشەیی، بە ڕووگرژی و پەستی، بە هەڕەشەوە پرسیارەکەی دەکرد و وەڵامی یەکسەری دەویست.. ئیڤان فیدروفیچ مینگە مینگێکی دەکرد، چارەی بەیەکا دەدا، شانەکانی هەڵدەتەکاندن و دەستی بڵاودەکردنەوە و بەرسڤی دەدایەوە:

– حەزی لە شووە، پێویستی بە مێردە!

لیزاڤیتا وەکو بۆمبا دەتەقێتەوەو، هاواری دەکرد:

– لەخوا دەپاڕێمەوە، بەلای کەمەوە ئەو مێردە وەکو تۆ نەبێ.. ئومێدەوارم لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیا وەکو تۆ نەبێت ئیڤان فیدروفیچ! هیوادارم وەکو تۆ زبرو دڵڕەق نەبێت، دێهاتیەکی وەکو تۆ نەبێت ئیڤان فیدروفیچ!...

ئیدی جەنەڕاڵ هیچ چاری نەدەما، فیزماڵێکی دەدایە و خۆی دەدزییەوە. پاشان لیزاڤیتا پروکوڤینا، پاش "تەقینەوەکە"ی هێور دەبوەوە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێواریێ، وەك نەبای دی بێ نەباران، بە ڕوویەکی خۆش و ناسکییەکی لە ڕادەبەدەر، ئارام و سەرڕێژ لە ڤیان و ڕێز و حورمەت دەکەوتە مجامەلەی مێردەکەی. ئیڤان فیدروفیچی "زبر و دڵڕەق" نەدەما، دەگۆڕا، دەبوو بە ئیڤان فیدروفیچی ئازیز، میهرەبان، پەرستراو و پشت و پەنا، چونکە بەدرێژایی تەمەنی ئیڤان فیدروفیچی خۆی خۆش ویستبوو، بەدڵ عاشقی بوو بوو، ئیڤان فیدروفیچ زۆر چاك ئەمەی دەزانی، و لە ئەنداز بەدەر ڕێز و حورمەتی لیزاڤیتا پروکوفیڤنای دەگرت.

بەڵام، سەرچاوەی خەم و عەزابی هەمیشەیی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ئاگلایای کیژی بوو. ئەم دایکە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەو کچەتیوە،ڕێك دەقاو دەق کۆپیەکی منە، لە هەموو ڕوویەکەوە، وێنەیەکی کوت و متی منە: بێچوە شەیتانێکی خۆسەری بەدخوو! نەهلیست، وازوازی، نەساز، سەرشێت، ڕکونی و ناجسن، شەڕانی، جنگن، جنگیز! ئاهـ... مەگەر هەر خوا بزانێ لەژیانا چەند بەدبەخت دەبێ!.. چ ئازارێ دەچێژێ!..." بەڵام وەکو پێشتر گوتمان، ڕۆژهەڵهات و، بەلای کەمەوە، بۆ ماوەیەکی کورت، دنیای ڕوناك کردەوە، ئارامی بە ڕەوشەکە بەخشی. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا نزیکەی مانگێکی تەمەنی، بەوپەڕی ئازادی، دوور لەهەر خەم و پەژارەیەك، بردبووە سەر، دەنگ و باسی شووکردنەکەی ئادیلاید لە ناوەندە ئەرستۆکراتەکەدا، کردیە کارێك کە ناوی ئاگلایاش بکەوێتە ناو ناوان، باسبکرێت. ئاگلایاش هەر خۆی ئاگلایا بوو، خۆی جوان بوو، کە خۆشی دەڕازاندەوە، هێندەی دی جوان دەبوو، تابڵێی سەلار و سەنگین، زیت و زرنگ، هۆشن، شادو ڕووخۆش، کەمێك بە ناز وفیز و عینوان بوو کە هەر لەخۆی دەهات ! یەك مانگی ڕەبەق بوو سەبارەت بە دایکی یەجگار مێریڤان و بە نەزاکەت بوو. "ڕاستە

دەبێ ئاگام لەم یەڤگینی پاڤلوڤیچە بێت، پێویستە بەوردی چاودێری بکەم، بەتەواوەتی بیناسم. لەوە ناچێت ئاگلایا مەیلێکی تایبەتی بەرانبەری هەبێت، وەکو هەر کەسێکی دی تەماشای دەکات". ئاگلایا، لە ناکاوا بوو بوو بەو کیژە دڵرفێن و ڕند و خشکۆکە! "چەند ڕەزا سووکە! خوایە، چەند زێبایە! ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر دەبێ !" بەڵام...

بەڵام لەو ساوە کە ئەم میرە چکۆلە بەرەڵڵایە، ئەم گێلە پیاوە لاتە گەڕابووەوە، هەموو شتەکان ئاوەژوو بووبوونەوە، ماڵی یەپانچین بەتەواوەتی شێوا بوو! بۆچی، چی ڕووی دابوو؟

ئەلهەقی هیچ شتێك ڕووی نەدابوو، ئەم ڕەوشە لەهەر ماڵێکی دیکەدا بوایە کەس گوێی نەدەدایە و خۆی شپرزە نەدەکرد. بەڵام لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، وەکو هیچ کەسێکی دی نەبوو، دەهات ، زۆربەی مەسەلەو، ڕووداوە ئاساییەکانی بە جۆرێ لێکدەدایەوە و دەیدانە دەم یەکەوە و لەخۆیی گەورە دەکردنەوە، کە ئەقڵ قەبووڵی نەدەکرد، ئیدی بە خەیاڵ و ترس و دڵە ڕاوکێیەکی ئەوتۆی لەخۆی دێنا کە هەندێجار نەخۆش دەکەوت. جا وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت ، ئەوێك لە هیچی نەبوو، ئەوە حاڵی بوو، ئەوە پەرچەکرداری بوو، ئەگەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە، ڕووداوێك کە بەڕاستی مایەی نیگەرانی و گومان و دوودڵی بوایە، چ پەرچەکردارێکی دەبوو، چۆن سەری دنیای لەخۆی دێنایەوە یەك ؟ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لە کاتێکدا میرزادەی دابووە پێش، بەدرێژایی ڕێگا لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "چۆن زاتیان کرد، چۆن توانیان ئەو نامە قێزەونە بێ ئیمزایە، دەربارەی ئەو "بوونەوەرە"و پەیوەندی وی دەگەڵ ئاگلایادا، بۆ من بنووسن؟..." پاشان کە گەیشتنە ماڵەوە میرزادەی لە پشت مێزێکی خڕەوە دانیشاند، کە هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە دەوری دانیشتبوون، دیسان لە فکران ڕاچوو، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "چۆن زاتیان کردووە تەنانەت بیریش لەم مەسەلەیە بکەنەوە؟ ئەگەر تاقە وشەیەکیم بە ڕاست زانیبا، یان نامەکەم پیشانی ئاگلایا دابا، خۆ لە شەرما دەمردم! چۆن زات دەکەن بەوجۆرە بە ئێمە، بە خانەوادە و ماڵباتی یەپانچین ڕابوێرن! هەمووی دەم چەوتی ئیڤان فیدروفیچە، هەمووی بەهۆی تۆوە ئیڤان فیدروفیچ! ئاخر بۆچی نەچووین بۆ دورگەی یەلاچین و ئەم هاوینە لە ڤێلاکەی ئەوێندەرمان بە سەربەرین*؟ خۆ من گوتم با بۆ ئەوێ بچین! لەوەیە ڤاریا لەمە ترسابێت و ئەم نامەیەی نووسیبێت! یان لەوەیە... ئاه.. هەر هەمووی خەتای ئیڤان فیدروفیچە! هەر هەمووی! ڕەنگە ئەو کچەتیوە دەعەجانیە هاتبێ بە خەیاڵیا ئەم داوەی بۆ بنێتەوە و بە باسکردن و لە قاودانی پەیوەندی ڕابردوویان، بیکات بە گەپجاڕی ئاشنا و بێگانە. ڕێك وەکو ئەو زەمانەی کە ئەم ملەمرواری بە دیاری بۆ دەبرد و ئەویش بە کەپوو ڕایدەکێشا و گاڵتەی پێدەکرد!... بەڵام ئێستا هەموومان تووش بووین، ناوبانگی ئێمەش زڕاوە. بەڵێ ئیڤان فیدروفیچ ناوی کچەکانیشت

کچانی خانەدان وەچاخزادە. کچانی گەنجی پابەوەخت. ئەوانیش لەوێ بوون، گوێیان لە هەموو شتێك بوو، بەچاوی خۆیان دیمەنی گەنگەشە و چەنەچەنی ئەو هەرزەکارانەیان بینی. هەنوکە دڵت داکەوت؟ ئیسراحەتت کرد؟ بەڵێ لەو یندەربوون و بەگوێی خۆیان، گوێیان لە هەموو شتێك بوو. من هەرگیز لەو میرزادە بڵح و بەدفەڕە خۆش نابم، نا قەتا و قەت، ڕۆژێ لە ڕۆژان لێی خۆش نابم! نازانم بۆچی ئاگلایا، بۆ سێ ڕۆژ دەچێ کە زۆر تووڕە و پەستە؟ نازانم بۆچی بیانوو بە خوشکەکانی دەگرێت، شەڕیان پێدەفرۆشێت، تەنانەت بە ئەلکسندرای خوشکە گەورەشی کە ڕێزی دایکێکی دەگرت و دەستی ماچ دەکرد؟ شەڕ بەویش دەفرۆشێت! بۆچی ئەمە سێ ڕۆژە مەتەڵان لە خەڵکی دادێنێ؟ باشە گافریلا ئاردا لیونۆفیچ بۆچی بۆ ئێرە هاتبوو؟ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە چیە؟ بۆچی ئاگلایا دوێنێ و ئەمڕۆ، کەوتە ستایش و هەڵکشانی و پاشان لە هۆڕژنی گریانی دا؟ بۆچی ناوی ئەو "سوارچاکە لاتە" گومناوە، لەو نامە بێ ئیمزایەدا هاتووە، کەچی ئاگلایا نامەکەی میرزادەی تەنانەت بە خوشکەکانیشی نیشان نەدا ؟ ئەدی بۆچی.. من وەکو شێت بە هەشتاو خۆم گەیاندە "میرزادە" و بۆ ئێرەم هێنا؟ خودایا! لەوە دەچێ شێت بووبم. ئەمە چی بوو بەخۆم کرد؟ چۆن دەشێت دەگەڵ گەنجێکدا باسی نهێنی کیژەکانم بکەم — نهێنی یەك کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخودی ئەوەوە هەبێت؟ شوکر بۆخوا کە گێلۆکەیەو... و دۆستی خانەوادەییمانە. بەڵام تۆ بڵێی ئاگلایا مەیل بە یەکێکی وەکو ئەم داهۆڵە بدات؟ خودایا، چەند قسەی قۆڕ دەکەم؟ ئۆف.. ئێمە خەڵکێکی نەشازین... هەق وایە لە قەفەزێکمان بنەن و خەڵکی بێن بە دەکوپیکان تەماشامان بکەن... بە تایبەتی من! ئاخ ئیڤان فیدروفیچ، قەت لێت نابوورم، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، گەردنت ئازاناکەم! نازانم بۆچی ئاگلایا دەری ناکات؟ خۆ قەولی دابوو کە ئەم کارە بکات، کەچی نایکات! تەمەشا، بڕوانە چۆن نیگای بڕیوەتە سەراپای و ورتەی لەخۆبڕیوە، هیچ ناڵێت. لەوێ دانیشتووە و هەڵناسێت بڕوات. لە کاتێکدا بەخۆی ئاگاداری کردەوە کە نەگەڕێتەوە!.. ئەویش لێوبەبارو ڕەنگزەرد لێی دانیشتووە. ئەدی ئەو یەڤگینی پاڤلوڤیچە چەنەبازە بۆ ناڵێی، هەژدەر، هەژدەر، قسە دەکات و ڕێ بە کەس نادات تاقە وشەیەك بڵێ؟ ئەگەر بمتوانیبا ئاڕاستەی گفتوگۆیەکە بگۆڕم دەمتوانی بچمە بنج و بناوانی مەسەلەکە..."

میرزادە ڕەنگ زەرد و لێبوبەبار، لە دەوری مێزە خڕەکە دانیشتبوو، پێدەچوو کەوتبێتە بەینی بەرداشی دوو هەستی هەڤدژەوە: ترسێکی زۆر و، نەشئەیەکی کوت و پڕی لەوەسف نەهاتووی نامەفهووم. لەلایەکەوە دەترسا دزە نیگایەکی ئەو سووچە بکات کە لەوێندەرەوە دوو چاوی ڕەشی ئاشنا بەدیقەت تەماشای ئەویان دەکرد! لە لایەکی دیکەشەوە، زۆر خۆشحاڵ و شادمان بوو بەوەی کە جارێکی دی خۆی لەناو ئەم خانەوادەیەدا دەبینێتەوە و گوێی لەو دەنگە ئاشنایە

دەبێتـەوە، دوای ئـەو نامەیـەی بـۆ ئـەمی نـاردبوو !... "خـوای میهرەبـان دەبـێ ئێسـتا چ بڵـێ!" هێشتا تاقە وشـەیەکی لـە زار نـەهاتبووە دەرێ، بەڵکو بـە ئەسـتەم هەوڵیـدەدا گـوێ بـۆ قسـەکانی یـەڤگینی پـاڤلوڤیچ هـەڵبخات کـە "هـەژدەر، هـەژدەر، قسـانی دەکـرد". و قەریحـەی قسـەکردنی کرابـووەوەو بـە دەگمـەن بـەو ڕووخۆشـی و کـەیف قنجـی بینرابـوو. مـیرزادە، هەرچـەند گـوێی بـۆ هەڵخستبوو، بـەڵام تاماوەیـەك، زۆر بـە زەحمـەت لـە تاقـە وشـەیەکی دەگـەیی. هـەموو ئەنـدامانی خێزانەکە ئامادەبوون جگـە لـە ئیڤان فیـدروفیچ کـە هێشـتا لـە پترسـپۆرگ نەگـەڕابووەوە. مـیرزادە "س.."ش لـەوێ بـوو. دیـاربوو بـە تـەمابوون دوای تـۆزێکی دی لـەکاتی چـا خواردنـەوە. بچـن بـۆ گوێگرتن لە مۆسیقا*.

دیار بوو، قسە و گفتوگۆکان، پێش هاتنی میرزادە دەستی پێکردبوو. زۆری پێنەچوو کولیاش لـە سووچێکەوە پەیدابوو، کـەس نـەیزانی کـارگ ئاسا لـەکوێوە هـەڵتۆقی! میرزادە لـە دڵـی خۆیـدا گوتی: "سەیرە! هێشتا وەکو جاران پێشوازی دەکەن!"

خانووە هاوینەکـەی (ڤێلاکـەی) ماڵبـاتی یەپانچین، یـەجگار گـەورە و جـوان بـوو، لەسـەر شێوەی تـەلارکاری سویسـری دروسـت کرابـوو، ئـەم خـانووە لـە ناوەنـدی باخچـەیەکی چـکۆلەدا دروسـت کرابـوو. بـەڵام هـەر چـواردەوری گـوڵ و گـوڵزار بـوو، تـا بڵـێ جـوان و دڵگـیر بـوو، هـەیوان وبـەر بێڵایـەکی وەکـو بەربێڵاکـەی ماڵەکـەی مـیر مشـکین، بـەڵام کـەمێ گـەورەتر و جـوانتری هـەبوو، جەماعەت هەموو لەوێندەر دانیشتبوون.

لـەوە دەچـوو بابـەتی بـاس و گفتوگۆکـە بـەدڵی هـەموو ئامـادەبووان نـەبێت. وادیـار بـوو بـەرەو ئاقارێکی باشیش نەچێت، بۆیە هەموو حەزیان دەکرد ئەو باسە بگۆڕن. بـەڵام یەڤگینی پاڤلوڤیچ دابوویـە تـانی عینـادی و بێگوێـدان بـە هەسـتی ئـەوانی دی، هـەر دەسـتبەردار نـەدەبوو. دیـاربوو هـاتنی میرزادە، هێنـدەی دی لەسـەر گەنگەشـەی مەسـەلەکە ڕژدی کردبـوو. لیـزا ڤیتـا پروکوفیڤنـا، هەرچـەندە بـە باشـی سـەری لـە بابـەتی گەنگەشـە و گفتوگۆیەکـە دەرنـەدەکرد، نێوچـاوانی دابـوو بەیـەکاو پەسـت بـوو. ئاگلایـا، دوور لـەوانی دی، لـە گۆشـەیەکدا دانیشـتبوو، بـەو پـەڕی بێـدەنگی دانیشتبوو وگوێی دەگرت، بەجۆرێ زاری لێك نابوو، لە تۆ وایە بـەکێردیش نایکاتـەوە. یـەڤگینی پاڤلوڤیچ بەگەرمی لەسەری ڕۆیی:

– بە یارمـەتیتان، مـن هـیچ لارییـەکم لە لیبرالیـزم نیـە. لیبرالیـزم خـراپ نیـە، گونـاح نیـە. لیبرالیـزم پاژە لە گشت، ئەو گشتە بەبێ پاژەکە ناژی، هەڵدەوەشێتەوە. لیبرالیـزمیش وەکو هـەر ڕێبـازێکی تونـدڕەوی محافـەزەکاری، هـەقی ژیـانی هەیـە. بـەڵام گلەییەکـەی مـن، ناڕەزاییەکـەی مـن لـە

لیبرالیزمی ڕووسیە. دووبارەی دەکەمەوە، دووبارەی دەکەمەوە کە من دژی لیبراڵی ڕووسیم، چونکە لە بنەڕەتدا "ڕووسی" نیە، فری بە ڕووسیاوە نیە. تاقە یەك لیبڕاڵی ڕووسیم پیشان بدەن، تا بە بەرچاوی هەمووتانەوە، ئەم لاو لاوی ماچ بکەم. ئەلکسندرا ئیڤانوڤنا، کە خوای نەمابوو گۆناکانی بە شێوەیەکی نائاسایی سوور هەڵگەڕابوون، گوتی:

– بەمەرجێ ئەو ڕازی بێ تۆ ماچی بکەیت!

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا،لە دڵی خۆیدا گوتی: "تۆ سەیری ئەمە ناکەیت، بە حەیاتی گوێی لە هیچ نیە، هەموو خەمێکی هەر خەوتن و خواردنە،ساڵی جارێك دێتە قسان، ئەویش قسەیەك دەکات، کە سەرت سوڕبمێنێ!".

میرزادە، هەستی کرد کە ئەلکسندرا ئیڤانۆفنا، زۆری پێناخۆشە کە یەڤگینی پاڤلوفیچ، بەو زمانە سواو پواوە، بەو گەرمیە شۆخیئامێزەوە، گەنگەشەی بابەتێکی وا جدی دەکات.

یەڤگینی پاڤلوڤیچ لەسەری ڕۆیی:

– میرزادە، پێش ئەوەی تۆ بێی، باسی ئەوەم دەکرد کە لیبراڵانی ئێمە، زیاتر سەر بەدوو چینی گۆمەڵگەن: چینی موڵکدار وفیۆداڵانی جاران و، چینی لاهوت خوازان. ئەم دوو چینەش، لە گیانەللادان، دابڕاو و تەریك لە جەماوەری خەڵك دەژین، نەوە دوای نەوەش، گۆشەگیرتر دەبن و دەوریان نامێنێ، بۆیە هەرچیەکیان کردووە و هەرچییەك دەکەن، لە خزمەتی نەتەوە و گەلدا نەبووە و نیە...

میرزادە "س..." بەرپەرچی دایەوە:

– چۆن؟ ماقوولە هەرچیەکیان کردبێت کەڕەتی سفر بکرێ و بە ناڕووسی و نانەتەوەیی و نانیشتمانی بژمێردرێت؟

– نەخێر هیچ شەقڵێکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێوەنیە. لیبڕاڵانی ئێمە هیچ شتێکی ڕووسیان تیا نابینرێ، محافەزە کارەکانیش وەتر. دڵنیابە کە میللەتی ڕووس نە ئێستا و نە لەئایندەدا، دان بەو کارانەدا نانەن کە کۆنەموڵکدران و لاهوتخوازن کردوویانە...

میرزادە "س..." بەجدی بەرسڤی دایەوە.

– سەیرە! ئەم بۆچوونە غەریب و هەڤدژە چیە؟ من یەك لەباری خۆم، ئەم هێرشە بۆ سەر موڵكدارانی ڕووس قەبووڵ نیە. باشە تۆ خۆت یەكێك نیت لە كۆنە موڵكدارانی ڕووس؟..

میرزادە "س.." ئەو پرسیارەی زۆر بەجدی لێكرد. یەگڤینی پاڤلوفیچ بەرسڤی دایەوە و گوتی:

– مەبەستی من لە موڵكداری ڕووس، ئەوە نیە كە تۆ تێیگەیشتووی. ئەمە چینێكی بەڕێز و حورمەتە، چونكە من بەخۆیشم یەكێكم لە ڕۆڵەكانی ئەوان، بەتایبەتی ئێستا كە نەماون...

ئەلكسندرا ئیڤانۆڤنا، قسەكەی پێبڕی و پرسی:

– باشە، ئێمە لە ئەدەبیاتیشدا هیچ شتێكی نەتەوەییمان نیە ؟

– من شارەزاییەكی زۆرم لە ئەدەبیاتدا نیە، بەڵام پێموایە ئەدەبی ڕووسیش جگە لە لومونوسوڤ، پوشكین و گوگۆل، هیچ مۆركێكی ڕووسی نەتەوەیی پێوەنیە، ناسنامەی ڕووسی نیە.

ئەلكسندرا، بە پێكەنینەوە گوتی:

– زۆر چاكە. ئەمە بەسە. خۆ ئەوانەی ناوت بردن تەنیا یەكێكیان كوڕە هەژارە، خۆ دوانەكەی دی لە چینی موڵكدارانن.

– دروستە، بەڵام جارێ پەلە مەكە، نەشئەی سەركەوتن نەتگرێ. هۆیەكەی ئەوەیە كە تا ئێستا تەنیا ئەو سیانە، توانیویانە شتێكی خۆماڵی بڵێن، لە واقیعی ڕووسیاوە هەڵێنجرا بێت* و لە كەسی ترەوە وەریان نەگرتبێ، بۆیە شەقڵی نەتەوەیی و خۆماڵیان هەیە. هەر ڕووسێك، شتێك بڵێت یان بنووسێت یان بكات كە بەڕاستی شەقڵی ڕووسی پێوە بێت، شتێك كە هەڵقوڵاوی واقیعی خۆماڵی بێت، لاسایی كردنەوە و خوازراو نەبێت، ئەوا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو ڕووسیە، خۆبەخۆ دەبێت بە بابایەكی نەتەوەیی، ئەگەر زمانە ڕووسیەكەشی خراپ بێت. ئەمە بەلای منەوە شتێكی بەڵگە نەویستە. بەڵام باس و گەنگەشەكەی ئێمە دەربارەی ئەدەبیات نەبوو، بەڵكو دەربارەی سۆسیالیستەكان بوو. موناقەشەكەمان بەوان دەست پێكرد. من پێموایە و دڵنیام كە ئێمە، تاقە یەك ڕووسی سۆسیالیستمان نەبووە و نیە. بۆچی؟ چونكە هەموو سۆسیالیستەكانی ئێمە یان لە موڵكدارانی كۆنن یان لە لاهوتخوازانن. هەر هەموو سۆسیالیستەكانی ئێمە، چ ئەوانەی ناو وڵات و چ ئەوانەی هەندەران، لەو لیبراڵانەن كە ڕەگیان دەچێتەوە سەر ڕۆژگار و سەروبەندی فیودالآنی ڕەعیەتدار. بۆچی پێدەكەنی؟ كوا كتێبەكانیان، ڕێنماییەكانیان، پەیام و ڕێبازەكانیانم نیشان بدە، بزانە چۆن، هەرچەندە من ڕەخنەگرێكی

پیشەیی نیم، بزانە چۆن بە ڕەخنەی قەناعەتبەخش ساغی دەکەمەوە کە لاپەڕە بە لاپەڕەی کتێبەکانیان، نامیلکەکانیان، نامە و پەیامەکانیان، هەر هەمووی دەستکرد و زادەی قەڵەمی بابەیەکی کۆنە موڵکداری ڕەعیەتداری ڕووسە. بەدخواییان، توڕەییان، سوعبەت و پێکەنینیان بۆنی موڵکداری جارانی لێدێت " تەنانەت ئەم کۆنە موڵکدارەش نموونەیەکی زۆر کۆنە، وەکو نموونەکەی فاموسوف"*. یانی هەرچیان هەیە و نیە، لە سەرچاوەی چینی موڵکدار و لاهوتخوازانەوە هەڵدەقوڵێت. چیە دیسان پێدەکەنی؟ میرزادە تۆش پێدەکەنیت؟ تۆش هاوڕای من نیت؟

ئەلهەقی هەموو هەر پێدەکەنین، میرزادەش یەکێك بوو لەوان. میرزادە لەپڕ پێکەنینەکەی بڕی، وەکو قوتابییەك لەپڕ تاوانبار کرابێ، گوتی:

– من ناتوانم بەدڵنیاییەوە پێت بڵێم کە هاوڕەئی تۆم یان نا، بەڵام دڵنیات دەکەم. کە قسەکانتم زۆر لە گیان خۆشن بێئەناز لەزەتیان لێدەبینم...

میرزادە بەدەم ئەو قسانەوە خەریك بوو دەخنکا. ئارەقەیەکی سارد، مرواری ئاسا بەنێوچەوانیەوە دەدرەوشایەوە. لەوەتەی کە گەیی بووە ئێرە، ئەمە یەکەمجاری بوو قسان بکات. ویستی سەیرێکی دەوروبەری خۆی بکات، بەڵام نەیوێرا. یەگڤینی پاڤلوڤیچ هەستی پێکرد و بزەیەکی بۆ کرد، بەهەمان جۆش و خرۆش، بە هەمان گەرم و گوڕی، بە هەمان نەفەسی پێکەنین ئەنگێز لەسەری ڕۆیی:

– خانمان و برادەران، گەرەکمە ڕووداوێکتان بۆ بگێڕمەوە، کە پێموایە یەکەم کەس من هەستم پێکردووە و کەشفم کردووە، بە هەرحاڵ تا ئێستا کەس نە باسی کردووە، نە هیچی لەبارەوە نووسیوە. ئەم ڕووداوە ڕێك ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی کرۆك و جەوهەری ئەو لیبرالیزمە ڕووسیەیە کە من ئاماژەم کردێ. با بێمە سەر باسەکە و دەستی پێبکەم. جارێ با بپرسین لیبرالیزم بەشێوەیەکی گشتی دەکاتە چی؟ بریتی نیە لە هێرشکردن بۆ سەر سیستەمی باو و جێگیر؟ "ئیدی هەڵەبێ یان ڕاست، ئەوە مەسەلەیەکی دیە" لیبرالیزم ئەوە نیە ؟ ئەوەی من دەی بینم، لیبرالیزمی ڕووسی دژی سیستەمی باو و جێگیر نیە. دژی ژیانی نەتەوەییە، دژی خودی ژیانە، نەك دژی دام و دەزگاکان، دژی خودی ڕووسیایە نەك سیستەمی ڕووسیا. ئەو لیبراڵەی من بۆتانی باس دەکەم، نکۆڵی لە خودی ڕووسیا دەکات، بە گوتەیەکی دی حاشا لە دایکی خۆی دەکات، لەو دایکەی هێناویەتیە دنیاوەو، پەلاماری دەدا. یانی کە ڕووسیا نەگبەتیەکی بەسەر دێت، یان تووشی نەهامەتی و نشووستیەك دەبێت، ئەو لە کەیفان گەز گەز باڵا دەکات. ڕقی لە

هەموو داب و بەریتێکی میللی خۆماڵیە، قێزی لە مێژووی ڕووسیا و لە هەموو شتێکی وڵات دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەمەی لە نەزانیە، ئەگەر بتەوێ پاکانەیەکی بۆ بێنیتەوە، تەنیا نەزانیەکەیەتی و هیچی دی، وا دەزانێت ئەم ڕق و نەفرەتەی لە ڕووسیا، باشترین لیبرالیزمە. لە نەزانی خۆی، دژایەتی ڕووسیا بە باشترین جۆری لیبرالیزم دەزانێت. ئەم وڵاتە پڕە لەو بەناو لیبراڵانەی کە خەڵکی چەپڵەیان بۆ لێدەدەن، بەڵام لە ڕاستیا، بێئەوەی بە خۆبزانن، ئەوەندە کاڵفام و گەوجن هیچ محافەزەکارێکیان ناگاتێ، لە ناخا لە هەر محافەزەکارێك، محافەزەکارترن! هەندێ لە لیبراڵەکانی ئێمە کە خۆیان لە خەڵکی دی بە نیشتمانپەروەرتر دەزانی، شانازیان بەوە دەکرد، لە خەڵکی دی زیاتر لە خۆشەویستی ڕاستەقینەی نیشتمان دەگەن، وایان دەزانی بوغزاندن و بێزراندنی ڕووسیا، نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەیە. بەڵام هەنووکە ئاشکراتر قسە دەکەن و بەکارهێنانی زاراوەی "خۆشەویستی نیشتمان" بە نەنگ و شوورەیی دەزانن. هەرکەسێك باسی ئەو شتە بکات گاڵتەی پێدەکەن. جا من سوورم لەسەر ڕاوبۆچوونی خۆم و پێویستە ئەم دیاردەیە درەنگ یان زوو، بەوپەڕی ڕوونی و ڕەوانی و ڕاستگۆیی لەقاو بدرێت و حەقیقەت بخرێتە ڕوو. بەڕاستی لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستا لە هیچ سەردەم و لە ناو هیچ میللەتێکدا دیاردەی وانەبووە و ڕووی نەداوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە کە دیاردەیەکی ڕێکەوتەکی و ڕەوتەنیە. پیاو سەری لەوە سوڕدەمێنێ، لەکاتێکا لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا، لیبراڵێك نیە ڕقی لە وڵاتی خۆی بێت، بۆچی دەبێ بابایەکی لیبراڵی ڕووس ڕقی لە وڵاتی خۆی بێت؟ هۆی ئەم دیاردەیە لە وڵاتی ئێمەدا، جگە لەوەی کە من تۆزێ لەمەوپێش باسم کرد هیچی تر نیە، ئەویش ئەوەیە کە لیبراڵی ڕووس، بە هیچ جۆرێ ڕووسی نیە، بەناسنامەی ڕووسیەوە کارناکات. ئەم دیاردەیە لەم لێکدانەوەیە زیاتر هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت.

میرزادە "س" بەرپەچیدایەوە:

– من هەر هەموو ئەو قسانەی تۆ بەسوعبەت دەزانم یەڤگینی بافلوفیچ....

ئەلکسندرا ئیڤانۆڤنا گوتی:

– من هەموو لیبراڵەکانم نەدیتوون، بۆیە ناتوانم هیچ داوەرییەك لەو بارەیەوە بکەم. بەڵام لە قسە و بۆچوونەکانی تۆ پەستم. تۆ حاڵەتێکی تایبەتی فەردیت وەرگرتووە و بەسەر هەمووانـدا تەعمیمی دەکەیت، کە ئەمە دەکاتە تۆمەت و نەهەقی.

یەگڤینی بافلوفیچ، هەڵیدایە و گوتی:

– حاڵـەتی تایبـەتی فـەردی؟.. ئـا... چـاوەڕوانی ئـەو قسـەیەم دەکـرد. ئایـا حاڵـەتێکی تایبـەتی فەردیە یان نا؟

هەنگیٚ ڕووی کردە میرزادە و پرسی:

– تۆ چ دەڵێی میرزادە؟ ئەمە حاڵەتێکی تایبەتە یان نا؟

میرزادە گوتی:

– ئـەوەی ڕاسـتی بـیٚ، مـن شـارەزاییەکی ئـەوتۆم نیـە.. زۆر تێکـەڵی لیبراڵـان نـیم و هەڵسـوکەوتم دەگەڵیاندا نیە. بەڵام پێموایە تا ئەندازەیەك هەق بە تۆیە، ئە لیبرالیزمەی کە تۆ باست کرد، لە ڕاسـتیا هەنـدیٚ مایلـە بـەلای بوغزانـدن و بێزرانـدنی ڕووسـیادا نـەك بـەلای بوغزانـدنی ڕژێـم و سیستەمە باوەکەی ڕووسیادا. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە تـەنیا هەندێك لـە لیبراڵـەکان دەگرێتـەوە نـەك هـەموویان، نـاتوانین بـە هـەمان چـاو سـەیری تێکـڕای لیبراڵـەکان بکـەین، چـونکە ویـژدان شـتی وا قبوولیٚ ناکات...

میرزادە، لـەناکاو، دوو دڵیٚ وەسـتا، قسـەکەی تـەواو نـەکرد. هەرچـەندە پەرێشـان و پەشـێو بـوو، بـەڵام باسـەکەی بـەلاوە زۆر خـۆش بـوو. مـیرزادە بـە تەبیعـەت هەنـدیٚ سـاویلکە و سـادە بـوو، کـە گوێی لە بابەتێکی سەرنجڕاکێش بگرتایە، جۆرە ساویلکەییەکی ئاشکرا دەنیشتە سەر سیمای. کـە لـەو بوارەشـدا پرسـیاری لێکرابـا، بەهـەمان سـادەیی و سـاویلکەیی ئاسـایی خـۆی وەڵـامی دەدایەوە، هەرگیز نە لە سیمایا، نە لە ڕەفتار و هەڵسوکەتیا، نـە لـە ئامـاژەیدا، ئـەوە دەرنـەدەکـەوت کـە گومـانی ئـەوە لـە کەسـێك بکـات کـە پێـی ڕابـوێریٚ یـان گاڵتـەی پێبکـات. هەرچـەندە یـەڤگینی پـاڤلوفیچ لـە مێـژبوو، خـووی بـەوەگرتبوو، کـە بـەدەم بـزەی تەوسـامێز و گاڵتـەوە بیـدوێنیٚ، لـیٚ ئێسـتا کـە گوێی لـەم وەڵامـەی میرزادە بـوو، بـەو پـەڕی سەرسـامی لێـی ڕوانـی، دیـاربوو هـەرگیز چاوەڕوانی ئەو وەڵامەی لێنەدەکرد. هەنگیٚ بەدەم مینگەوە گوتی:

– ئاوها! میرزادە بەجدیتە؟ گاڵتە ناکەیت؟

میرزادە، بەسەرسامی لێی پرسی:

– مەگەر پرسیارەکەی تۆ جدی نەبوو؟

ئامادەبووان، هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا.

ئادیلاید گوتی:

– دڵنیابن، که یەڤگینی پاڤلوفیچ، زۆر حەزی له چاو و ڕاوه، جدیەت له مەزەبیا نیه، له گەنگەشه و موناقەشەدا، شتی نا جدی لەبەرانبەرەکەی دەکات بەشتی زۆر جدی! یانی مێشت لێدەکات به گامێش!

ئەلکسندرا بەتوندی گوتی:

– بەڕای من ئەم باسه زۆر ناخۆشه، نەدەبوو خۆمان لەم باسه بدەین. خۆ ئێمه بەتەما بووین پیاسەیەك بکەین... یەڤگینی پاڤلوفیچ هاواری کرد:

– دەی با بڕۆین! ئێوارەیەکی زۆر جوانه! بەڵام ئەمجارەیان گەنگەشەکەم زۆر بەجدی بوو. بەجدی دەمویست بابەتەکه بسەلمێنم، به تایبەتی بۆ میرزادەی بسەلمێنم. "چونکه میرزاده تۆ زۆرت وروژاندم. باوەڕبکه، ئەوەندەش پوچ و پوچگەرا نیم وەکو بەڕواڵەتمەوه دیاره، هەرچەنده یەکێك لەعەیبەکانم عەبەسیەت و کەللەپووتیه." بۆیه، بەیارمەتی ئێوه، ئامادەبووانی بەڕێز، دەخوازم له ڕووی گونجکاویەوه تەنیا یەك پرسیار له میرزاده بکەم و ئیدی واز لەم بابەته دێنم. ئەم پرسیاره نزیکەی دوو سەعاتێك لەمەوبەر به مێشکمدا هات "میرزاده، من هەندێجار بەجدی بیر لەشتی جدی دەکەمەوه". من بۆخۆم گەییومەته وەڵامی ئەو پرسیاره، بەڵام دەخوازم بزانم میرزاده چ دەڵێت. تۆزێ لەوەپێش له باسەکەماندا زاراوەی "تایبەت و فەردیمان" بەکاربرد. ئەم زاراوەیه باوی پەیداکردووه و، زۆر بەکاردەبرێ و، کەوتووەته سەر زاران. لەو دواییانەدا ڕووداوێکی ترسناکی تیرۆرکردن، بوو به باسی ڕۆژنامەوانی و ڕای گشتی، ئەوه بوو گەنجێك به جارێ شەش کەسی لەیەك خێزان کوشتبوو. خەڵکی سەریان له مورافەعه سەیر و سەمەرەکەی کابرای پارێزەر سووڕمابوو، که گوتبووی ئاساییه بیرۆکەی کوشتنی ئەو شەش کەسه به مێشکی یارۆی بکوژدا بێت، چونکه زۆر نەدار و دەستکوت بووه. هەڵبەته من لێرەدا دەقی وتەکانی یارۆی پارێزەرم لەبەرنین، بەڵام پێموایه بەو نێوەڕۆك و مانایه بوون. من پێموایه کاتێ یارۆی پارێزەر ئەو بۆچوونه نائاسایی و غەریبەی دەربڕیوه، قەناعەتی تەواوی بەوه هەبووه که لیبراڵیترین ، مرۆڤانی ترین و پێشکەوتووترین بۆچوونی باوی سەردەمی ئێمەی دەربڕیوه. تۆ لەمبارەیەوه چ دەڵێی؟ ئایا ئەم کەچڕەوییه ئەقڵی و ویژدانییه، ئەم ڕاو بۆچوونه پووچ و نابەجێیه، حاڵەتێکی فەردی تایبەته یان دیاردەیەکی گشتیه ؟

قاقای پێکەنین له هەموو لایەکەوه بەرز بووەوه.

ئەلکسندرا و ئادیلاید، بەدەم پێکەنینەوە، بە دووقۆڵی گوتیان:

– هەڵبەتە حاڵەتێکی تایبەتیە.

میرزادە "س..." گوتی:

– یەگڤینی پاڤلوفیچ، بەڕاستی شۆخی و سوعبەتەکانت تامیان تیا نەما!

یەگڤینی پاڤلوفیچ، خۆی لەو تەشەرە نەکرد بە خاوەن. کە بینی میرزادە، بەوپەڕی لاپرسەنیّ و گونجکاوی و جدییەوە تەماشای دەکات، لە سەری ڕۆیی:

– تۆ چ دەڵێی میرزادە؟ بەڕای تۆ ئەمە حاڵەتێکی فەردیە یان دیاردەیەکی گشتیە؟ ئەوەش بزانە من ئەم پرسیارەم بەتایبەتی بۆ تۆ داناوە.

میرزادە، لیون نیکولایوفیچ بەکاوەخۆ، بەڵام بەشێوەیەکی بنجڕ گوتی:

– نا، ئەمە حاڵەتێکی فەردی نیە.

میرزادە "س.." بە نیمچە تووڕەییەکەوە هاواری کرد:

– بۆ خاتری خوا لیون نیکولایوفیچ، چما ئاگات لیّ نیە کە دەخوازیّ بتخاتە داوەوە، تەڵەت بۆ بنێتەوە ؟ دیارە ڕادەبوێریّ، گەرکیەتی گاڵتە بە تۆ بکات.

میرزادە، سوروە بوو، گوتی:

– وامدەزانی، یەڤگینی پافلوفیچ بەجدیەتی.

بەدەم ئەو قسەیەوە چاوی داخست.

میرزادە "س.." درێژەی دایە:

– میرزادە گیان، بیرتە سیّ مانگێك لەمەوپێش، باسی ئەوەمان دەکرد، کە دادگا ساواکانی ئێمە، وێڕای ئەوەی تازە دامەزراون، زۆر پارێزەری گەورە و بەتوانا و پڕ بەهرەیان بەرهەم هێناوە، چەندها حوکمی زۆر جوان و شایستە لە دادگا جینایيەکانمانەوە دەرچووە. بیرتە تۆ هەنگیّ چەندت پێخۆش بوو و، من چەند بەخۆشحاڵیەکەی تۆ شاد بووم... بیرتە دەمانگوت، لەو ڕووەوە هەقی خۆمانە شانازی بە دادگاکانمانەوە بکەین... بۆیە ئەو مرافعە گەوجانەیە، ئەو هەنجەتە

سەیرانەی کە یەڤگینی گێڕایەوە، حاڵەتێکی ڕیزپەڕە، تایبەتی و فەردی یە، ڕەوتەنیە، حاڵەتێکە لە هەزار حاڵەتدا.

میرزادە لیون نیکولایوفیچ، بۆ دەمێك لە فکرا ڕاچوو. هەنگێ بەوپەڕی قەناعەتەوە، بە دەنگێکی نەك هەر نزم، بەڵکو شەرمنیشەوە بەرسڤی دایەوە:

– مـن تـەنیا دەمویسـت ئـەوە بڵـێم ئـەو کەچـرەوییە ئـەقڵی و ئایـدولۆژی ویژدانیـەی یـەگڤینی پـاڤلوفیچ باسـی دەکـات، زۆرجـار لێـرە و لـەوێ دەبینـرێ، زیـاتر شـەقڵی دیاردەیـەکی گشـتی وەرگرتووە تا شـەقڵ و مۆرکی دیاردەیەکی تایبەتی و فەردی و ڕیزپەڕ. بۆیـە ئەگەر ئەوەنـدە بـاو نەبوایـە و ئـەو شـەقڵە گشـتیەی وەرنـەگرتبا، لـەگێن بـوو هـەرگیز ئـەم جـۆرە تاوانـە ترسـناکانەمان نەدیبا کە ئەقڵ قەبووڵی ناکات..

– تاوانێن ترسناکی خەیاڵی؟ من دڵنیات دەکەم جارانیش، لە کۆنیشا تـاوانێن لـەوەش درێـوتر و ترسـناکتر ڕوویـان داوە، ئـەم تاوانـە درێوانـە لـە هـەموو سـەردەمێکا، نـەك هـەر لـە وڵـاتی ئێمـەدا، بـەڵکو لـە هـەموو شـوێنێکدا هـەبووە و پێموایـە لـە ئایندەشـدا، تـا ماوەیـەکی زۆر هـەر دەمـێنێ. جیاوازیەکە تـەنیا لەمەدایـە کـە لـەکۆنا، کـەمتر ڕەنگـی داوەتـەوە و خـەڵکێکی کـەم پێیـان زانیـوە، چونکە کەناڵی پەخش و بڵاوکردنـەوەی هـەواڵان بـەم فراوانیـە نـەبووە. بـەڵام ئەمڕۆکـە خـەڵکی زۆر ئازادانە باسی ئەو ڕووداوانـە دەکـەن و لـە ڕۆژنامانـدا بڵـاوی دەکەنـەوە و لەنـاو جـەماوەری بـەرینی خەڵکـدا دەنـگ دەداتـەوە و دەبـێ بـە داسـتانی سـەر زاران، بۆیـە وا وێنـا دەکـەین، کـە ئەمـە دیاردەیـەکی تازەیـە. ئەمـە هەڵەکـەی تۆیـە مـیرزادە گیـان. باوەڕبکـە هەڵـە بێگەردەکـەی تـۆ لـەم خۆشباوەڕیەتدایە.

میرزادە "س.." بەو گوتەیە و بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا.

میرزادە گوتی:

– مـن زۆر چـاك دەزانم کـە لەکۆنیشـا زۆر تـاوانی گـەورە کـراون کـە لەمـەش ترسـناکتر و درێـوتر بوون. من ماوەیـەك لەمـەپێش، سـەردانی چـەند زندانێکم کرد، تـوانیم ژمارەیـەك مـەحکوم بـدینم، تاوانبارانی وایان تیابوو، زۆر ترسناکتر لەمەی کە باسمان کرد. هی وایان تیابوو چەندین تـاوانی ئـەنجام دابـوو، بێئـەوەی زەڕەیـەك هەسـت بـە پەشـیمانی و عـەزابی ویـژدان بکـات کـە دەسـتەیەك خەڵکی کوشتووە. بەڵام ئەوەی لەوێ بۆم دەرکەوت، ئەمە بوو کە دڵڕەقترین تاوانبار، ئەوەی کە زەڕەیەك هەست بە عەزابی ویژدان ناکات، دەزانێت کە تاوانبارە، یانی لە هەست و نیهادی خۆیدا

دەزانێ تاوانی کردووە، یا هەست بە پەشیمانیش نەکات. ئەوە حاڵی هەموو ئەو زیندانیانە بوو. بەڵام ئەو تاوانبارانەی کە یەگڤینی پاڤلوفیچ باسیکردن، نایەوێ خۆیان بە تاوانبار بزانن و وا خەیاڵ دەکەن هەقی خۆیانە دەست بدەنە ئەو جۆرە کارە و گوایە کارێکی باش دەکەن، یانی جۆرە قەناعەتێکی لەو بابەتەیان لا دروست بووە. بەڕایی من ئەمە جیاوازییەکی گەورەیە. تۆ تەماشا بکە، هەموو ئەوانە گەنجن، یانی لە تەمەنێکان، زۆر بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری و باندۆری هزر و بیرێن کەچڕەوانەوە.

میرزادە "س.."، لە پێکەنین کەوتبوو، بەڵکو ئەبڵەق وحەپەساوە، بەدەم گوێگرتنەوە، دەیڕوانیە میرزادە، ئەلکسندرا ئیڤانۆڤا ماوەیەك بوو حەزیدەکرد سەرنجێك دەربڕێت، بەڵام وەکو ئەوەی شتێك، بیروخەیاڵێك ڕێگەی قسەکردنی نەدات، بێدەنگ بوو. لێ یەگڤینی باڤلوفیچ بەوپەڕی سەرسامی دەیڕوانیە میرزادە و ئەمجارەیان ماکی هیچ جۆرە تەوس و توانجێك بەسیمایەوە دیار نەبوو.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، خۆی لە گفتوگۆیەکە هەڵقورتاند و گوتی:

– قوربان، خێرە بەو هەموو سەرسامیەوە تەماشای دەکەیت؟ یانی وا زەن دەبەیت لە تۆ کەودەنترە. وەکو تۆ کۆرفام و گەمشۆیە ؟

– نەخێر خانم، مەسەلە ئەمە نیە، بەڵام میرزادە من سەرم لە یەك شت دەسوڕمێ " ببوورە کە ئەم پرسیارەت لێدەکەم": باشە تۆ کە مەسەلەکان بەم ڕوونیە، بەم ئاشکراییە دەبینی، چۆن بوو (ببوورە).. چۆن بوو... لەو مەسەلە سەیرەدا... ئەوەی ئەو ڕۆژە.. لەمەسەلەی پیاوەکەدا... ئەو پیاوەی وابزانم ناوی بوردوفسکی بوو.. نەتتوانی پەی بەو کەچڕەوی و گەندڵییە ئەقڵی و ئەخلاقیە، ببەیت. خۆ هەردوو مەسەلەکە لە ڕووی پراکتیکیەوە وەکو یەکن؟ من ئەو کاتە وای بۆچووم کە تەقەی سەرت دێ.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بە گەرمی هەڵیدایە:

– قوربان، گوێ بگرە با پێت بڵێم، ئێمە کە هەموومان لێرە ئامادەبووین، هەستمان بەوە کرد و زۆر بەخۆمان دەبەفشین کە لە میرزادە بە هۆش و گۆشترین، کەچی میرزادە ئەمڕۆ نامەیەکی لە یەکێك لە هاوڕێکانی بوردوفسکی یەوە، بۆ هاتووە. لە دیارترین هاوڕێی بوردوفسکی یەوە، لە یارۆ دەموچاو کونجەکەوە، لە بیرت ماوە ئەلکسندرا؟ لەم نامەیەدا، ئەو گەنجە داوای بوردنی لە میرزادە کردووە، هەڵبەتە بەشێوازی خۆی، دەڵێت پەیوەندی دەگەڵ ئەو هاوڕێیەی بڕیوە کە ئەو

ڕۆژە هانی دەدا. لە بیرتە ئەلکسندرا؟ لە نامەکەیدا دەڵێت لە ئێستا بە دواوە جگە لە میرزادە باوەڕ و متمانە بەکەسی دی ناکات. نامەی وا بۆ هیچ یەکێك لە ئێمە نەهاتووە، لە کاتێکا ئێمە خۆمان لە میرزادە بەگەورەتر دەزانین.

کولیا گوتی:

– هیپولیتش هاتووە لە ماڵی ئێمە بژی .

میرزادە، بە پەرێشانیەوە گوتی:

– چۆن؟ هەنوکە لەوێندەرە؟

– بەڵێ، هەرکە تۆ و لیزاڤیتا ڕۆیشتن، ئەویش خۆی بە ماڵێدا کرد، من لەگەڵ خۆما، بەگالیسکە هێنام.

لیزا ڤیتا پروکوڤیتا، هەرکە گوێی لەو قسەیە بوو بە جارێ گڕی گرت، ئەوەی بیرچووەوە کە تۆزێ لەوەپێش لایەنگری لە میرزادە دەکرد، گوتی:

– من گرەو دەکەم کە میرزادە دوێنێ چووە بۆ ئەو کونە جنۆکەیەی ئەو هەتیوە نەگبەتەی تیا دەژی، بۆی هاتووەتە سەر چۆکان، داوای بوردنی لێکردووە، تکای لێکردووە بێت لێرە بژی.. چوویت یان نا؟ ئایا چۆکت بۆ دادا یان نا؟ تۆ خۆت دانت بە مەدا نا.

کولیا، هاواری کرد:

– نا، چۆکی بۆ دانەدا، ڕێك بەپێچەوانەوە، هیپولیت دەستی میرزادەی گرت و دوو جاران ڕایمووسی. من بە چاوی خۆم دیتم. بەو جۆرە گەردنی یەکیان ئازا کرد و گلەییان لە یەکتری نەما. میرزادە گوتی کە تەندروستی هیپولیت لە هاوینەوار چاکتر دەبێت، ئیدی "هیپولیت"ش یەکسەر ڕازی بوو کە هەرکاتێ کەمێك حاڵی باش ببێت، بۆ ئێرە بێت.

میرزادە، کڵاوەکەی هەڵگرت، هەستا لەبن لێوانەوە گوتی:

– کولیا غەدرت کرد. نەدەبوو ئەم قسەیە بکەی، من...

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، ڕای گرت و گوتی:

– میرزادە بۆ کوێ دەڕۆیت ؟

کولیا، بەگەرمی. لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– میرزادە، خۆت ئەزیەت مەدە، مەچۆ بۆلای، ماندووی ڕێگایە، خەوتووە. زۆر خۆشحاڵە کە بۆ ئێرە هاتووە پێموایە ئەگەر ئەمڕۆ یەکدی نەبینن زۆر باشتربێ. باشتر وایە تا سبەینێ وازی لێ بێنی تا حاڵی خراتر نەبێت. ئەم بەیانیە دەیگوت شەش مانگیش دەبێت، وەکو ئێستا هەستی بە باشی نەکردووە. تەنانەت کۆکەکەشی زۆر کەمتر بووە، هاتووەتەسەر سێ یەك.

میرزادە، هەستیکرد کە ئاگلایا لەپڕ لەجێی خۆی هەستا و هاتە لای میزەکەوە. زاتی نەدەکرد تەماشای بکات، بەڵام بە هەموو بوونی خۆیەوە هەستی دەکرد چاوە ڕەشەکانی کیژێ، لەوەو تەماشای ئەو دەکەن. هەڵبەتە ئەو جووتە چاوە پەستییان لێدەباری، هەڕوگیڤیان دەنواند. هەڵبەتە دەموچاوی ئاگلایا سوور هەڵگەڕابوو.

یەگڤینی پاڤلوفیچ گوتی:

– نیکولا ئاردالیونوفیچ، پێموایە خەراپت کردووە کە بۆ ئێرەت هێناوە، ئەگەر ئەو گەنجە سیلاویەکەی ئەو ڕۆژەبێ کە لەپڕ لە هۆڕژنی گریانی داو هەمووانی بۆ تازیەکەی خۆی دەعوەت کرد. زۆر بە ئاو و تاو باسی دیواری ماڵە دراوسێکەی بەرامبەر خۆیانی دەکرد. کە گومانی تیا نیە دوورکەوتنەوەی لەوێندەر، نیگەرانی دەکات.

– باوەڕناکەم. باوەڕ بەم قسەیە ناکەم. ئەگەر ئەمە ببیستێتەوە تورە دەبێت، دەگەڵت بەشەڕ دێت و دڵنیابە دەتۆرێ و دەڕوات.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا بەدەم ئەو قسانەوە، بە پەستیەوە زەمیلەی کەرەستەی چنینکارییەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بیری چوو بوو کە هەموو ئامادەبووان بە نیازی چوونە گەڕان و پیاسە لەجێی خۆ هەستاون.

یەڤگینی باڤلوفیچ، لەسەری ڕۆیی:

– لە بیرمە کە زۆر بەتاسەوە باسی ئەو دیوارەی دەکرد. دەیگوت، بەبێ ئەو دیوارە ناتوانێ بە شکۆوە بمرێت. هەموو ئارەزوو و ئاواتێکی هاتبووە سەر ئەوەی مەرگێکی شکۆداری پێببڕێت.

میرزادە لەبن لێوانەوە گوتی:

– مەبەستت چیە؟ ئەگەر حەزناکەی ببیەخشیت، ئەوا بەبێ بەخشینی تۆ دەمرێت... ئەمجارەیان بۆ دیتنی دار ودرەختەکان هاتووە بۆ ئێرە.

– ها! من بەش بە حاڵی خۆم دەیبەخشم. گەردنی ئازا دەکەم. دەتوانن ئەمەی پێ بڵێن.

میرزادە، بە ئەسپایی، لە کاتێکا چاوی بڕی بووە ئەرزەکە گوتی:

– نا، لەوە دەچێ جوان لەمەسەلەکە حاڵی نەبوو بیت. دەبێ تۆ داوای بوردن لەو بکەیت.

– بۆچی؟ من چ هەڵەیەکم دەرهەق بەو کردووە ؟

– ئەگەر لە مەسەلەکە ناگەیت، زۆری لێناکەم... بەڵام بێگومان تێی دەگەیت. ئەوسا حەزی دەکرد... هەموومان گەردنی ئازا بکەین و ئەویش گەردنمان ئازابکات.. هەر ئەوەندە و بەس.

میرزادە "س.." چاوێکی خێرای بە هەندێ لە ئامادەبوواندا گێڕا، ئەوسا بە هەشتاو گوتی:

– میرزادەی ئازیز، دامەزراندنی بەهەشت لەسەر زەوی کارێکی ئاسان نیە، تۆ دەتەوێ ئەم دنیایە بکەی بە بەهەشت، ئەمە کارێکی دژوارە، لەوە دژوارترە کە دڵە بێگەرد و پاکەکەی تۆ وێنای دەکات. باشتر وایە واز لەم مەسەلەیە بێنین. دەنا دیسان وەزعمان تێك دەچێتەوە و هەنگێ...

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، گوتی:

– دەی با بڕۆین گوێ لە موزیك بگرین.

هەنگێ بەتوڕەیی لەسەر کورسیەکەی هەستا و هەموو ئەوانی دی دوای کەوتن.

پەراوێز:

*– "..بانکی لومبارد.." : یەکێك بوو لەو دەزگا دەوڵەتیانەی کە هەم پارەی لێدادەنراو هەم پارەی لێ قەرز دەکرا، کە بانکێن مۆدرین پەیدا بوون، ئیدی بانکی ناڤبری لەکار وەستا.

*– "..دوڕگەی یەلاچین..":یەکێکە لەو دوڕگانەی کە کەوتووەتە نێوان هەردوو لقی روباری نیڤاوە.یەکێك لە کۆشکە تزارییەکان کەوتووەتە ئەوێندەرەوە. ئەو دوڕگەیە ڤێلای زۆری لێبوو، هی ئەو فەرمانبەرانە بوون کە بە هۆی کارەکانیانەوە نەیان دەتوانی لە پترسبۆرگ دووربکەونەوە..

*– "..گوێگرتن لە مۆسیقا..":لە پاڤلۆفسك هۆڵێكی گەورە بە تەنیشت ویسگاكەوە هەبوو، باخێكی گشتی تیا بوو.هۆڵ و كۆشكەكە سەر بە موڵكەكانی دۆكی گەورە قەستنەتین بوو.بەڵام هۆڵەكەو كۆشكەكە بۆ جەماوەری خەڵك كراوە بوون و هاوینان ئاهەنگ و كەڕنەڤاڵی مۆزیكی سەفۆنیایی گەورەو بە ناوبانگی تیا سازدەكرا..

*– "..لە واقیعی رووسیاوە هەڵێنجرابێت و لە كەسی ترەوە وەریان نەگرتبێ.."دۆستۆیڤسكی لە نامەیەكیا(١٨٧٠/٤/٥) بۆ ن.ن. ستراخۆف، بۆچوونێكی وای لەمەڕ لۆمۆنۆسف و پوشكین نووسیوە، نكۆڵی لە هەقی تۆلستۆی دەكات كە بەوان بەراورد بكرێت.

*– "..فامۆسۆف..": كاراكتەرێكی شانۆنامە كۆمیدییەكەی گاریبویدوفە (ئەقڵی زۆر ، نەگبەتیە)

فەسڵی دووەم

میرزادە، لەپڕ بە تاسەیەکی سەیرەوە لە یەڤگینی پاڤلوفیچ نزیك بووەوە، دەستی گرت و بە پەرۆشەوە گوتی:

– یەڤگینی بالوفیچ، من وێڕای هەموو شتێك، حورمەتت دەگرم، باوەڕبکە بە پیاوێکی زۆر پاك و ئابڕومەندت دەزانم، دڵنیات دەکەم کە..

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بەڕادەیەك سەری لەم هەڵوێستەی میرزادە سوڕما، کە شەقاوێك کشایە دواوە، پێکەنینێکی سەیر گرتبووی، ئەگەر بە تۆبزی جڵەوی خۆی نەگرتبا، لە قاقای پێکەنینی دەدا. بەڵام کە لە میرزادە ورد بووەوە، بۆی دەرکەوت کە میرزادە، وەزعی تەواو نیە، هەنگیٚ گوتی:

– دەتوانم گرێوبکەم کە ئەمەت مەبەست نەبوو، دەتویست شتێکی دیکە بڵێیت، لەوە دەچیٚ ویستبێتت ئەو قسانە بە یەکێکی دی بڵێی نەك بە من!... ئەوە چیە، چیتە ؟ نەخۆشیت ؟

– لەوەیە، دوور نیە. بەڕاستی سەلماندت زیرەکی، زۆر ورد و بەدیقەتی، کاتیٚ گوتت، لەوەیە ویستبم ئەو قسانە بە یەکێکی دی بڵێم نەك بەتۆ.

میرزادە، ئەو قسەیەی بەدەم بزەیەکی تایبەتیەوە، بگرە بەدەم بزەیەکی کۆمیدییەوە کرد. ئەوسا، بە گەرمی لەسەر ڕۆیی و گوتی:

– ڕەفتاری پێرێی خۆمم بیرمەخەوە!. لەوساوە، مەگەر هەر خۆم بزانم چەند شەرمەزار و تەریق و خەجاڵەتم... هەمووی خەتای من بوو، دەزانم هەڵە، هەڵەی من بوو.

– بەڵام... تۆ چیت کردووە، چ خەتاو گوناحێکی گەورە و ترسناکت کردووە؟

– یەگڤینی پاڤلوفیچ، هەستدەکەم تۆ لە هەمووان پتر پەرۆشی منیت. کە قسان دەکەی سوور دەبێتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی دڵسۆزی و دڵپاکیتە، من هەر ئێستا دەڕۆم. باوەڕبکە کە هەر ئێستا دەڕۆم.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، بە پەرۆشەوە لە کولیای پرسی:

– چیەتی؟ بەتەمای چیە؟ کە فێیەکەی بۆ دێت، بەو شێوەیە دەست پێدەکات ؟

– گویٚ مەدەیە لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، خەمت نەبیٚ، فێیەکم بۆ نە هاتووە، دەڕۆم، دوای تۆزێکی دی دەڕۆم. من دەزانم کە... تەبیعەت نامرادی کردووم. من بیست و چوار دانە ساڵە نەخۆشم، لە ڕۆژی لەدیکبوونمەوە تا تەمەنی بیست و چوار ساڵی، هەر نەخۆش بووم، خێرم لەخۆ نەدیووە. ئەم قسانەشم وەکو قسەی نەخۆشێك لێوەبگرن. هەر ئێستا دەڕۆم، دڵنیابە کە هەنووکە دەڕۆم. خۆ نەخۆشی عەیب نیە، پێویست بە تەریق بوونەوە ناکات، وانیە؟ بەڵام من لە نێو کۆمەڵگەدا جێم نیە، زیادەم. ئەم قسەیەم لە غروورەوە نیە. من لە ماوەی ئەم سیٚ ڕۆژەدا، زۆرم بیرکردەوە، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە لەسەرمە، لە یەکەمین دەرفەتدا، ڕاستگۆیانە و ئابڕومەندانە، بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆمت پیٚ ڕابگەیەنم. هەندیٚ بیری تایبەتی، بیری بەرز هەن، پێویست ناکا باسیان بکەم، چونکە دەزانم هەمووتان پێم پێدەکەنن، گاڵتەم پێدەکەن... میرزادە "س.." تۆزیٚ لەمەوپێش، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هیچ ڕەفتارێکم لە بیٚ جایی بەدەر نیە، میانڕەوی نازانم. زمانم کۆڵەوارە، ناتوانیٚ بیرەکانم بگەیەنێت، بۆیە بەو زمانە بایەخی خۆیان لە دەست دەدەن. بۆیە مافی ئەوەم نییە... ئەمە جگە لەوەی کە من کەسێکی زۆر هەستیارم.. زۆر دوو دڵ و بەگومانم. ڕاستە... من دڵنیام کە لەمماڵەدا کەس نایەویٚ ناڕەحەتم بکات و بیٚ ئەندازەیش خۆشەویستم. بەڵام دەزانم "دڵنیام" کە بیست و چوار ساڵ نەخۆشی باندۆرو کاریگەریی خۆی هەیە، بیست و چوار ساڵ گاڵتە نیە. بۆیە مەحاڵە خەڵکی هەندێجار.. گاڵتەم پێنەکەن، پێم ڕانەبوێرن... تۆش پێت وانیە؟

میرزادە، بەدەم ئەو قسەیەوە، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێك یان بڕیارێك بێت، چاوێکی بە ئامادەبووانـدا گێڕا. هەر هەموویان سەریان لەم هەڵچوونە کوت و پڕ و نەخۆشانەیەی میرزادە سوڕما، کەس چاوەڕوانی ئەم هەڵچوونەی لێنەدەکرد و هەر پێویستیش بەو هەڵچوونە نەبوو، کە ڕووداوێکی سەیری لێکەوتەوە ئەویش ئەوە بوو ئاگلایا لەپڕ هاواری کرد. لە میرزادەی پرسی:

– بۆچی ئەم قسانە لێرە دەکەی؟ بۆچی ئەم قسانە بۆ ئەوانە دەکەیت؟ بۆ هەموویان؟

ئاگلایا، یەجگار تووڕە بوو، گڕ لە چاوانی دەبووەوە. میرزادە وەکو لاڵ لەبەردەمیا وەستا و لەپڕ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. ئاگلایا هاواری کرد:

– لێرەدا، کەس شایستەی ئەو قسانەی تۆ نیە! کەسیان ناکەنە پەنجە تووتەی تۆ، نە لە ڕووی فیکرەوە نە لە ڕووی دڵ و دەروونەوە! تۆ لە هەر هەموویان نەجیب تر و ئابڕومەند تری. تۆ لە هەموویان ڕەسەنتر و میهرەبانتر و زیرەکتریت! لێرەدا خەڵکانی وا هەن، شایانی ئەوە نین، ئەو دەستەسڕەت بۆ هەڵگرنەوە کە هەنوکە لە دەست بەربووە خوارەوە... ئیدی بۆچی خۆت

دەشکێنیتەوە و خۆت لەوان بە بچووکتر دەزانی؟ بۆچی غەدر لەخۆت دەکەی؟ ئەم خۆشکێنی یەت لەپای چیە ؟

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، بە توندی دەستی دان بەیەکدا و هاواری کرد:

– خودایا! کێ تەسەوری شتی وای دەکرد؟

کولیا، بە شادییەوە هاواری کرد:

– بژی! سوارچاکی لات!..

ئاگلایا گوتی:

– بێدەنگ بە!

ئەوسا، بەو پەڕی توڕەیی و بەدوور لە هەر نەزاکەت و ئەتەکێتێك، بەتوندی و زبری بە دایکی گوت:

– کێ حەدی هەیە لێرە، لە ماڵی تۆدا سوکایەتیم پێبکات؟ بۆچی هەمووتان، یەك بە یەکتان عەزابی ڕۆحم دەدەن؟ میرزادە بۆچی هەر هەموویان سێ دانە ڕۆژە لە سەر تۆ سەردەکەنە سەرم زوخاوەزگم دەکەن؟ من هەرگیز شوو بەتۆ ناکەم! ئەو خەیاڵە لە مێشکی خۆت دەربکە! لەبیرت نەچێ ها! ئاخر چ کچێك شوو بە گەپجارێکی وەکو تۆ دەکات؟ بڕۆ لە ئاوێنەدا تەماشای خۆت بکە، بزانە چ سەروسیمایەکت هەیە! ئاخر بۆچی بە ناوی شووکردنی من بە تۆ، سەردەکەنە سەرم، زووخاوە زگم دەکەن؟ هەڵبەتە دەبێ تۆ هۆی ئەمە بزانیت! دیارە تۆ هاودەستیانی، لە پیلانەکەیاندا شەریکی!

ئادیلا، بە ترسەوە کەوتە مینگە مینگ:

– کەس، جارێ لە جاران سەری نەکردووەتە سەری!

ئەلکسندرا ئیڤانۆڤناش هەڵدایە:

– کەس، تەنانەت شتی وای بە بیریشا نەهاتووە. کەس تاقە قسەیەکی پێ نەگووتووە!

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا کە لە حیرساندا دەلەرزی، ڕووی کردە ئامادەبووان و گوتی:

– کێ سەری کردۆتە سەری ؟ کەی سەرکراوەتە سەری؟ کێ حەدی هەیە قسەی وای پێ بڵێ؟ چیە، وڕێنە دەکات؟

ئاگلایا، بەدەم کوڵی گریانەوە، گریانێ کە دڵی دێنایە ژان، بەرسڤی دایەوە.

– هەر هەموویان قسەی وایان پێگوتم! هەر هەموویان، دوابە یەکیان، ئەوە سێ دانە ڕۆژە مێشکی سەریان بردووم.

ئەوسا گریا ئەمما گریان، جۆشی گریانی دانەدەمرکایەوە، خۆی بەسەر کورسیەکەدا داو دەستەسڕەکەی بەدەموچاویەوە گرت

– ئاخر، ئەو تا ئێستا خوازبێنی..

میرزادە گوتی:

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، من هەرگیز خوازبێنی تۆم نەکردووە.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، لە ناکاودا بەسەرسامی و توڕەیی گوتی:

– چی ی ی؟ یانی چی؟

باوەڕی بەگوێی خۆی نەدەکرد. میرزادە، بە دوو دڵی کەوتە مینگە مینگ:

– مەبەستم.. مەبەستم... دەیویست... دەمویست بۆ ئاگلایای ڕوونبکەمەوە.. دەمویست بە شنازییەوە بۆی شرۆڤە بکەم کە من نیازم نەبوو... بە خوازبێنی ئەو مشەرەف ببم... تەنانەت لە ئایندەشدا!... بەڕاستی من لەمەدا بێخەتام، هیچ گلەییەکم لەسەر نیە! من هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبووم ڕۆژێ لە ڕۆژان خوازبێنی تۆ بکەم، تەنانەت شتی وام بە خەیاڵ و بە بیریشدا نەهاتووە! لەمە دڵنیابە! دیارە دەبێ کەسێکی بەدخوا، دڵڕەش، ئەم فیتنەییەی لە بەینماندا کرد بێت! هیچ نیگەران مەبە و خەیاڵت ئاسوودەبێ!

بەدەم ئەو قسانەوە لە ئاگلایا نزیک بووەوە. ئاگلایا دەسەسڕەکەی لەسەر چاوی لادا، نیگایەکی سەروسیمای پەرێشانی میرزادەی کرد. سیمای ترسناکی ئەوی خوێندەوە، لە مانای قسەکانی گەیی، بە دەنگی بەرز بە ڕوویا پێکەنی. پێکەنینێکی ئەوەندە بەرز و تەوسئامێز بوو، کە ئادیلایدی خوشکیشی گرتەوە. بە هەشتاو بەرەو لای خوشکەکەی چوو، باوەشی پێدا کرد،

هەردوو دەستی لەقەدی ئاڵاند و گوێ بە گوێی ئەو کەوتە پێکەنین. میرزادە کە بەو حاڵەوە دیتنی، یەکسەر بزەی کەوتە سەر لێوان، ڕووی گەشایەوە، لە ڕووی ئاسودەییەوە گوتی:

– ئۆ... سوپاس بۆ خوا... زۆر شوکر خدایا!..

ئەلکسندراش خۆی پێنەگیرا، ئەویش بە کوڵ و لەناخی دڵەوە کەوتە پێکەنین، ئەم سێ خوشکە بە جۆرێ پێدەکەنین لە تۆ وایە جۆشی پێکەنینیان هەرگیز دانامرکێتەوە.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا کەوتە پرتاندن:

– ئەمانە شێتن، هەرسێکیان شێتن! لەسەرەتاوە بنیادەم شێت دەکەن و پاشان...

پێکەنینەکە سیرایەتی کرد بۆ میرزادە "س.." ش، بۆ "یەڤگینی باڤلوفیچ"ش، تەنانەت بۆ کولیاش کە جڵەوی خۆی بۆ نەدەگیرا، میرزادە کە ئەوانی بەو حاڵەوە بینی، ئەویش گوێ بە گوێی وان کەوتە پێکەنین !

ئادیلاید گوتی:

– وەرن با بچینە گەڕان و پیاسە! دەی با هەمووان بێن، با میرزادەش بێت، میرزادە بۆچی دەتەوی خۆتمان لێ جیابکەیتەوە؟ میرزادە چەند مەحبوبە! وانیە ئاگلایا؟ دایکە بەلای تۆشەوە وانیە؟ من دەبێ ماچی بکەم، لە ئامێزی بگرم... چونکە پیاوانە و بە ڕاشکاوی هەموو شتێکی بۆ ئاگلایا ڕوون کردەوە. پێویستە ماچی بکەم. دایکە، دایکە گیان، ڕێم دەدەی میرزادە ماچ بکەم؟ ئاگلایا بە یارمەتیت، ڕێم بدە با "میرزادەکەت" ماچ بکەم!

ئەو کیژە، عەیارە، دوای ئەو قسانە بە هەشتا و چوو بۆلای میرزادە و قسەکەی خۆی هێنایەدی و تەختی ناوچەوانی ڕامووسی. میرزادە، دەستی گرت، هێندە بە توندی گوشی، لەزگ بوو ئادیلاید لە تاوا بقیژێنێ. میرزادە کە بەوپەڕی شادمانی تەماشای دەکرد، لە ناکاودا، دەستی کیژەی بۆ دەمی بەرز کردەوە و سێ کەڕەتی ماچ کرد.

ئاگلایا گوتی:

– دەی جەماعەت با بڕۆین! میرزادە تۆ دەگەڵ من دەبیت. دایکە ڕێگە بەو خوازگارە دەدەی کە تۆزێ لە مەپێش بە من ڕازی نەبوو، ڕەفزی کردم؟ میرزادە تۆ بۆ هەتا هەتایە منت ڕەفز نەکردووە؟ نا، نا، پیاو ئاوا قۆڵ بە قۆڵی خانمدا ناکات! چما نازانی چۆن دەستی خانمێک

بگریت؟ ئاوها.. ئێستا باشه، دەی با بڕۆین، با بەدوو قۆڵی پێش بکەوین. حەزدەکەی دوو بە دوو پێش ئەوانی دی بکەوین، بۆ خۆمان ڕازو نیاز بکەین؟

ئاگلایا، لە پەستاو بێ بڕانەوە قسانی دەکرد و ناو بە ناویش قاقایەکی لێدەدا.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، کە خۆیشی نەیدەزانی بۆچی دڵی خۆشە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت و دەیگوتەوە: "شوکر بۆ خوا، لە خودا بە زیادبێ!"

میرزادە "س.." لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەڕاستی ئەمانە خەڵکێکی سەیرن" لەوەتای هاتووچۆی ماڵی یەپانچینی دەکرد، ڕەنگە بۆ سەدەمین جار ئەم قسەیەی دووبارە کردبێتەوە، بەڵام.. بەو حاڵەشیانەوە هەر خۆشی دەویستن! بەڵام هێشتا بەتەواوەتی دەگەڵ میرزادەدا نەکرابووەوە. کاتێ کە دەستیان بە پیاسە دەستە جەمیەکە کرد، میرزادە "س.." کەمێك ناڕەحەت و بڕێك خەمبار دەینواند.

یەڤگینی پافلوفیچ، لە هەموویان بەکەیفتر دیار بوو. بەدرێژایی ڕێگا و لە باخەکەشدا هەر قسەی خۆشی بۆ ئەلکسندرا و ئادیلاید دەکرد، نوکتەی بۆ دەوتن، هەوڵی دەدا بێتاقەت نەبن، بەڵام کیژەکان بەجۆرێ بە نوکتە و جەفەنگەکانی پێدەکەنین، کەوتە گومانی ئەوەی کە لەوەیە گوێ لە قسەکانی نەگرن، ئەو بیرە لە ناکاوا، خۆبەخۆ خستیە پێکەنین (ئیدی بە تەبیعەت وابوو). جووتە خوشك، شادو بەکەیف و تەڕدەماخ، دەیانڕوانیە خوشکە چکۆلەکەیان کە دەگەڵ میرزادەدا لە پێشی پێشەوە ڕێیان دەکرد. دیاربوو کە لە ئاگلایا نەدەگەیشتن، لێیان بوو بوو بە مەتەڵۆك و لەگەز، هەرچیان دەکرد بۆیان هەڵنەدەهات و نەدەهات. میرزادە "س.." قسەی بۆ لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا دەکرد، دەیویست بە قسەو باسی بێسەروبەر مژوڵی بکات و بێتاقەت نەبێت. بەڵام بەپێچەوانەوە، زیاتر بێتاقەتی دەکرد، پەشێو و پەرێشان دیاربوو، وەڵامەکانی بێسەروبەر بوون، هەندێجار هەر وەڵامیشی نەدەدایەوە.

بەڵام مەتەڵۆك و لەگەزەکەی ئەو شەوەی ئاگلایا بەوەندە کۆتایی نەهات، بەڵام دوا بەشی ئەم مەتۆڵەکە، بە شی میرزادە بوو، تایبەت بوو بە میرزادە. تازە سەد شەقاوێك لە ڤێلاکە دوورکەوتبوونەوە کە ئاگلایا، بە ئەسپایی بە گوێی هاوڕێ بێدەنگەکەیدا، چپاند و گوتی:

– تەماشای لای ڕاست بکە!

میرزادە تەماشای لای ڕاستی کرد.

– بەوردی تەماشا بکە، ئەو تەختە دەبینی، هۆوەی ناو باخەکە، ئەوەی نزیکی ئەو سێ درەختە گەورەیە: ئەو تەختە کەسکە ؟

میرزادە، بەرسڤی دایەوە کە بەڵێ دەیبینێ، ئاگلایا پرسی:

– ئەو شوێنەت بەدڵە ؟ هەندێجار، بەیانیانی زوو، نزیکی سەعات حەوت، کاتێ کە هەمووان لە غوڕابی خەودان، من بە تەنیا دێم بۆ ئێرە و دەچم لەوێندەر بە تاقی تەنیا دادەنیشم.

میرزادە، لەبن لێوانەوە گوتی کە شوێنێکی جوانە.

ئاگلایا گوتی:

– دەی هەنووکە کەمێك لاکەوە! نامەوێ قۆڵم لە قۆڵی تۆدا بێ، بەڵام نا، دەستم بگریت باشترە، بەڵام یەك قسەی دی نەکەی .دەخوازم دەگەڵ خەیاڵەکانی خۆمدا بژیم.

ئەلهەقی ئەم داوایە، زیادە بوو. چونکە لەگێن بوو شازادە، بەبێ ئەوەی ئەویش بڵێ، بەدرێژایی پیاسەکەیان، تاقە قسەیەکیش نەکات.

کاتێ کە ئاگلایا باسی تەختەکەی دەکرد، دڵی میرزادە بە توندی کەوتە لێدان، وەك بڵێی شتێکی غەریبی بە مێشکا هات. بەڵام دوای ڕامانێکی کەم، بە هەستێکی شەرمنانەوە ئەو شتە غەریبەی لە مێشکی خۆی وەدەرنا.

خەڵکی دەزانن، یان زۆربەی خەڵکی پێیان وایە ئەو جەماوەرەی کە لە ڕۆژانی ناوەڕاستی هەفتەدا ڕوودەکەنە باخ و سەیرانگاکانی پاڤلوفسك "دەستەبژێرترن" لەو خەڵکانەی کە لە ڕۆژانی یەك شەممە و بۆنەو جەژنەکاندا، بەلێشا و لە شارەوە، لەپتر سپۆرگەوە بۆ ئێرە دێن. هەرچەندە ئەو جلانەی لەو ڕۆژانەدا خەڵکەکە لەبەری دەکەن، جلکی ڕۆژانی یەك شەممان نیە، بەڵام جل و بەرگیان، بەتایبەتی هی ئافرەتان، لە هی یەك شەممانیش جوانترە. عادەت وایە خەڵکانی بژاردە بۆ گوێگرتن لە موزیك ڕوویان دەکردە ئێرە. خەڵکی لە دەوری ئۆرکستراکە کۆدەبوونەوە و ئەم ئۆرکسترایەش، کە لە هەموو ئەو ئۆرکسترایانەی دیکە، کە باخە گشتیەکانی لای خۆماندا کۆنسێرتیان پێشکەش دەکرد، باشتر بوو، تازەترین بەرهەمی خۆی پێشکەش دەکرد.

هەرچەندە جەوێکی خانەوادەیی و خۆمانی ساز دەبوو، بەڵام خەڵکەکە، زۆر بە ئەدەبەوە ڕەفتاریان دەکرد، ئەتەکێتی جڤاکیان ڕەچاو دەکرد. زۆربەی خەڵکەکە زیاتر بۆ دیدەنی دۆست و

ئاشنایانی خۆیان ڕوودەکەنە ئەوێندەر. گرووپێکیش بە ڕاستی بۆ لەزەت وەرگرتن لە مۆزیک ڕوو لەوێندەر دەکەن. شەڕ و ئاژاوە زۆر دەگمەنە، هەرچەندە، ناو بە ناو، بە درێژایی هەفتە، تەنانەت لە ڕۆژانی غەیرەز ڕۆژانی یەك شەممەش، شەڕو ڕەفتاری دزێو، دەبینرێت، ئیدی ئەو شتانەش هەر دەبێت.

ئەو ئێوارەیە، ڕۆژەکەی ڕۆژێکی خۆشبوو. هەوایەکی خۆشی هەبوو، سەیرانگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، کورسیەکانی دەوروبەر و نزیکی شوێنی ئۆرکستراکە، هەموو گیرابوون، بۆیە جەماعەتەکەی لەمەڕ خۆمان، تۆزێ دوورتر، لە نزیکی دەرگای چەپی چوونە دەرەوە لە باخەکە، جێگەیان گرت. قەرەباڵغی خەڵکەکە و ئاواز و مۆسیقاکە، کەمێك خەمی لیزا ڤیتا پروکوفیڤنایان ڕەواندەوە، کیژەکانی دڵیان خۆش بوو، کەمێك بە ڕووی خەڵکەکدا کرانەوە، لە دوورەوە، بە نیگای چاو و بە ئامـاژەی سـەر سـڵاویان بـۆ دۆسـت و ئاشـنایان دەنـارد. کیـژەکان، تەمەشـای جـل و بـەرگی خەڵکەکـەیان دەکـرد، سـەرنجی شـتە سـەیر و نەشـازەکانیان دەدا. بـەدەم بـزەی تەوسـامێزەوە باسیان دەکردن. "یەڤگینی پاڤلوفیچ"ش بەدەرزەن سڵاوی بە سەر دۆستەکانیا دەبەخشیەوە و سەری ڕێزی بۆ دادەنەواندن، ئاگلایا و میرزادە کە هێشتا شان بەشانی یەکدی ڕێیان دەکرد، سـەرنجی کۆمـەڵێك خـەڵکیان ڕاکێشـا، بـەرە بـەرە کۆمـەڵێك گـەنجی ئاشـنا، لـە دەوری دایـك و کچەکانی خڕبوونەوە. دوان سیانێکیان هەژدەر، هەژدەر قسانیان دەکرد. ئەمانە هەموو دۆست و بناژۆی یەڤگینی پاڤلوفیچ بوون، یەکێکیان ئەفسەرێکی گەنجی قۆزی خۆش گفت و لفت و پڕ جۆش و چالاك و چەلەنگ بوو. زوو بە زوو دەگەڵ ئاگلایادا کەوتە قسان و دەیویست بە هەر شێوەیەك بووە سەرنجی کیژێ ڕابکێشێت. ئاگلایا زۆر بەکەیف و بە دەماخ بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیە شاد و دڵخۆش، بە ڕووی کوڕەیا پێدەکەنی. یەڤگینی پاڤلوفیچ داوای لە میرزادە کرد کە دەگەڵ ئەو کوڕەدا تەعاروف بکەن. میرزادە، وەکو پێویست لە هۆی ئەم داوایە نەدەگەیی، بەڵام تەعاروفەکە کرا. هەردووکیان سەریان بۆ یەکتری دانەواند و تەوقەیان کرد. برادەرەکەی یەڤگینی پاڤلوفیچ، پرسیارێکی لە میرزادە کرد کە وەڵامی نەدایەوە، یان بە گوتەیەکی دی لە جیاتی وەڵام مینگە مینگێکی نامەفهوومی کرد و هیچی دی. ئەفسەری لاو سەیرێکی میرزادەی کرد و ئەوسا ڕوانیـە یـەڤگینی پـاڤلوفیچ و ئەوسا تێگـەیی کـە بۆچـی برادەرەکـەی بـە مـیرزادەی ناسـاندووە. بزەیەکی کاڵی بۆ کرد و جارێکی دی ڕووی کردەوە بەلای ئاگلایادا. تە نیا یەڤگینی پاڤلوفیچ. هەستی کرد کە ئاگلایا لەودەمەدا، لەپڕ سوور هەڵگەڕاوە.

بەڵام میرزادە، تەنانەت هەستی بەوانەش نەکرد کە قسانیان دەگەڵ ئاگلایادا دەکرد، مەراییان دەکـرد و خۆیـان لێـی نزیـك دەکـردەوە. بگـرە جارجـار، بـۆ چـەند سـاتێك، بەتـەواوەتی لـەبیری

دەچووەوە کە دەگەڵ ئاگلایادایە. هەندێجار، لە کانگای دڵەوە حەزیدەکرد لەوێندەر بڕوات، خۆی بە یەکجارەکی ون بکات. تەنانەت حەزیدەکرد پەنا بەرێتە بەر پەناگەیەکی تاریك تاریك و بەتاقی تەنیا دەگەڵ هزر و خەیاڵەکانی خۆیدا بژی و کەس بە جێگاکەی نەزانێت. یان بەلای کەمەوە خۆزیای دەخواست کە هەنووکە لەماڵەکەی خۆیدا، لە بالکۆنەکەدا بێ، بەمەرجێ کەس، نە لیبدیف و نە منداڵەکانی ئاگایان لێی نەبێت و لەوێ نەبن. خۆزیای دەخواست، لەوێندەر بێت، خۆی بەسەر تەختە خەوەکەیدا بدات، سەری لە سەرینەکەی بچەقینێ، ئەگەر ئەوەی بۆ بڕەخسایە، شەوێك و دوو ڕۆژ بەو دەقەوە دەمایەوە و هەڵنەدەستا. لە هەندێ ساتی دیکەدا، بە باڵی خەیاڵ دەفڕی بۆ سەرچیا و کۆجاران، بە تایبەتی بۆ ئەو شوێنەی کە مەڵبەندی یادگارییە ئازیزەکانی بوو، بۆ سەر چیای ئەلب، کە کاتێ لە سویسرا بوو، بۆ گەڕان و پیاسە دەچووە ئەوێ. پیاو لەوێندەرەوە، لە ترۆپکی چیاوە، لە دووری دوورەوە، لە قوڵایی دۆڵاندا، گوند دەبینێ، قەڵبەزە و وردە تاڤگانی بەفراوی دەبینێ کە لە بڵندایییەوە دادەڕژێن، هەوری سپی دەبینێ، لەوێوە کۆنە قەڵاو کۆشکێکی چۆڵ دەبینێ. چەندی حەزدەکرد، ئا ئێستا لەوێندەر بوایە، تەنیا بیری لە یەك شت بکردایەتەوە، بە درێژایی تەمەنی، ئەگەر هەزار ساڵیش بایە، هەر بیری لەیەك شت بکردایەتەوە! چ‌ش با هەنوو ئەوانەی دەوروبەری فەرامۆشیان بکردایە، بەیەکجارەکی لەبیری خۆیان ببردایەتەوە. بگرە، ئەمە زەروریشە. ئاخر چ دەبوو ئەمانەی هەر نە ناسیبا، هەر هەموو ئەم دیاردە و بەسەرهاتانە جگە لە خەون هیچی دی نەبوایەن! خۆ زۆر باشتر دەبوو! چما خەون و واقیع هەر یەك شت نین ؟

ئەوسا میرزادە، لەپڕ دەیڕوانیە ئاگلایا، نیگای بۆ ماوەی پێنج دەقیقە بە سیمای کیژێوە دەگیرسایەوە. بەڵام نۆڕین و نیگایەکی غەریب، نامۆ: لەتۆ وایە دەڕوانێتە شتێك کە دوو قۆناغێك لەوەوە دوورە، یان وەکو ئەوەی بڕوانێتە وێنەی ئاگلایا نەك، خودی ئاگلایا.

ئاگلایا. لەپڕ قسەو پێکەنینی دەگەڵ ئەوانەی دەوروبەریا بڕی و پرسی:

– میرزادە، بۆچی بەو جۆرە تێم دەڕوانی؟ دەترسم. هەست دەکەم کە گەرەکتە دەست بێنی و قامکان بەڕوومەتمدا بێنی. یەڤگینی پاڤلوفیچ تۆ چ دەڵێی؟ ڕوانینەکەی لەوە ناچێت؟

میرزادە کە گوێی لەو قسانە بوو، پێدەچوو باوەڕ نەکات کە ئەمە ئاگلایایە و ئەو دەدوێنێ. بەهەرحاڵ، لەوە دەچوو بە نیوەچڵی لە مانای قسەکانی گەیی بێت، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو. بەتاقە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە. بەڵام کە بینی ئاگلایا و ئەوانەی دەوروبەری پێدەکەنن، ئەویش گوێ بە گوێی ئەوان دەستی بە پێکەنین کرد. هەنگێ دەنگی پێکەنینی دەسەجەمی بەرز

بووەوە. بەڵام ئەو ئەفسەرەی کە بەتەبیعەت ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، بە قاقا پێدەکەنی. ئاگلایا، لەپڕ، تووڕەبوو، لەبن لێوانەوە گوتی:

– گەمشەگ !

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، کە لەدڵی خۆیدا بەردی بە بادەکرد، لەبن لێوانەوە گوتی:

– خودای میهرەبان! چۆن بەم ڕازی دەبێ کە... چی شێت بووە؟

ئەلکسندرا! بەدڵنیایی و متمانەوە، بە گوێی دایکیا چپاند:

– ئەمە سوعبەتە، گاڵتەیە. ئەمە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو ڕابواردن و شۆخیەی ئەو ڕۆژەیە کە دەربارەی "سوارچاکی لات"دەیکرد. لەوە زیاتر هیچی دی نیە. بە شێوازی خۆی تەشەری لێدەدا. بەڵام ئەمجارەیان زێدەڕۆیی تیاکردووە، پێویستە جڵەوی بگرین. دایکە! بینیت تۆزێ لەمە پێش چ نمایشیکی دەکرد، چۆن کەوتبووە سیما گۆڕکێ، چۆن ئێمەی دەترساند تا بۆخۆی ڕابوێرێ.

قسەکانی ئەلکسندرا، کەمێك ئارامیان بە گیانی لیزاڤیتا بەخشی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– خوا بەوە ڕەحمی کردووە، سەروکاری دەگەڵ گەمژەیەکی وەکو ئەمەدایە.

میرزادە گوێی لێبوو کە پێی دەڵێن گەمژە، سەری سوڕمابوو، نەك لەوەی کە ناویان نابوو گەمژەڵ، چونکە دەست بەجێ ئەو تەوهینەی لە بیرکرد. سەری لەوە سوڕما بوو، کە لە ناو خەڵکەکەدا، لە نزیکی ئەو شوێنەی کە خۆی لێی دانیشتبوو لە لایەکەوە (نەیدەتوانی بە وردی نەشوێنەکە و نەسەمتی لایەکە دیاری بکات) سێبەری تیژ تێپەڕی کەسێکی بینی، کەسێکی ڕەنگزەردی، قژ لوولی، لێو بەخەندەی، نیگا ئاشنای ئاشنای، بینی. ئیدی ئەم کەس و سیمایە بەلەز هات و خێرا تێپەڕی، زۆر لەوە دەچوو ئەمە زادەی خەیاڵی خۆی بووبێت . ئەوەی لەم خەو و خەیاڵەدا لە بیری مابووەوە، بریتی بوو لە بزەیەکی تەوسامێز، دوو چاو، بوینباخێکی کەسکی ئاچووخی پیاوێك کە بیەوێ کەشخە و شیکپۆش بنوێنێ، ئەو پیاوە بەلەز دەرکەوت و خێرا ون بوو. میرزادە تیا مابوو، نەیدەزانی، کە ئەو پیاوە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا ون بوو، یان لە نێو بەباخ و سەیرانگەکەدا دیارنەما. دوای تۆزێك میرزادە، نیگەران و خەمین و خەمبار، لە ناکاوا کەوتە ڕوانینی دەوروبەری خۆی. ئەگەری ئەوە هەبوو کە دەرکەوتنی یەکەمین کەسی تیژ تێپەڕ، زەمینە خۆشکەر بووبێ بۆ دەرکەوتنی کەسیکی دی. ئەمە نەك هەر ئەگەر بوو. بەڵکو گومانیشی

تیا نەبوو. باشە چۆن کاتیٚ کە بەرەو سەیرانگەکە چوون، ئەگەری ڕوودانی ئەم دیدارەی لە بەرچاو نەگرتبوو؟ بەڵام ئەو چونکە لە بارێکی دەروونی نالەبارا بوو، هەنگیٚ نەیدەزانی بۆ کویٚ دەڕوات. خۆ ئەگەر کەمێك ئارامتربوایە، هەستی دەکرد، کە ئاگلایا نزیکەی چارەکە سەعاتێك بوو، ناو بەناو بە نیگەرانی دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی، وەکو ئەوەی چاو لە شتێك یان کەسێك بگێڕێت. تا نیگەرانی و شپرزەییەکەی میرزادە لە زیادی دەدا، ئاگلایاش پتر دەپەشۆکا، هەر جاریٚ میرزادە ئاوڕی پاشەوەی دابـاوە، ئاگلایاش هەمان کاری ئەوی دەکرد. بەڵام زۆری پێنەچوو، کە هۆی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە ڕوون بووەوە. لەپڕێکا، گرووپێك کە ژمارەیان بەلای کەمەوە دوازدە کەس دەبوو، ڕێك لەو دەرگایەوە، کە میرزادە و جەماعەتەکەی یەپانچین، لە نزیکی دانیشتبوون، خۆیان بەژوورا کرد. سیٚ ژن لەپێش ئەم گرووپەوە ڕێیان دەکرد، جوانی دوانیان لە ئەقڵا نەبوو، بە ڕاستی جوانیەکی ئەفسوناوی بوو، بۆیە هیچ سەیر نەبوو، ئەم هەموو دڵدارەیان دوا بکەون. بەڵام ئەو دڵدارانە، وەکو خودی ژنەکان، قەد و قەڵافەت و سەروسیمایەکی تایبەتیان هەبوو، زۆر جیاوازتر بوون لەو ئاپۆڕایەی لە دەوری ئۆرکستراکە کۆبووبونەوە. هەرکە وەژوور کەوتن، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە هەستیان بەو حاڵەیان کرد، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە وایان نواند، کە هەستیان پێنەکردوون، تەنیا ژمارەیەك گەنج نەبێت کە بەدەم بزەو پێکەنینەوە، بە دەنگی نزم، باری سەرنجی خۆیان دەربڕی. بەڵام مەحاڵ بوو پیاو بتوانیٚ سەرنجیان نەدات، چونکە بەخۆیان بەو مەبەستە هاتبوون کە سەرنجی خەڵکی ڕابکێشن، بە دەنگی بەرز قسانیان دەکرد، بە قاقا پێدەکەنین. دیاربوو هەندێکیان سەرمەست بوون. وێڕای ئەوەی زۆربەیان خۆشپۆش و تەڕپۆش و پۆشتە و پەرداخ بوون، بەڵام هی واشیان تیا بوو بە جل و بەرگ و سەروسیما و ڕەفتار و ئەتواری سەیر و سەمەرە، مایەی سەرنجی خەڵکی بوون، دەموچاویان لە دوورەوە سوور دەچووەوە. ئەم گروپە چەند کەسێکی سوپاییانش تێدابوو، هەروەها خەڵکی بە تەمەنیشیان تێدابوو. هەندێکیان جلی زۆر جوانی دوا مۆدیان لە بەربوو، موستیلەی گەورەیان لە قامکان بوو، سەری قۆڵی کراسەکانیان بە دوگمەی نگین ئاسا ڕازابووەوە. کڵاو قژیان لەسەر نابوو، ڕدێن و سمێڵی شەوە ئاسایان بۆ خۆ دروستکرد بوو. هەرچەندە، ڕەفتاریان سەنگین بوو، بەڵام سەروسیمایان ترسناك بوو، لەو خەڵکانە بوون، کە خەڵکی، بەتایبەتی خەڵکی سەر بەچینی ئەرستۆکرات، سڵیان لێدەکردن، وەکو چۆن خەڵکی خۆ لە تاعوون و پەتا دەپارێزن، بەو ئاوایە خۆیان لێدەپاراستن. هەڵبەتە لە باخ و سەیرانگاکانی دەوروبەری شارەکانی وڵاتی ئێمەدا، شوێنی زۆر ئەمین هەبوو، کە لە ڕووی خۆشڕەفتاری و ڕەچاوکردنی دابی چڤاکیەوە، بەناوبانگ بوون. بەڵام وێڕای ئەوەش سڵۆکترین و بە پارێزترین خەڵك، ناتوانیٚ زەمانەتی ئەوە بکات، کە لەپڕ تووشی بەڵایەکی ناگەهان نابێت، بەردێك لە سەربانیماڵەکەی تەنیشتیەوە ناکەوێتە

خواریّ و بەسەر ئەو ناکەویّت. لە زگ بوو ئەم بەڵایە، ئەم بەردە بەسەر ئەو کۆمەڵە بژاردەیەدا بیّت، بکەویّت کە لە دەوری ئۆرکسترایەکە خڕبوو بوونەوە.

باخی سەیرانگەکەی پافلوفسك سی پلە بەرزتر بوو لە سەکۆی ئۆرکسترایەکەوە، بۆ گەیشتن بە سەکۆیەکە دەبوایە سیّ پلە دابەزیت. گروپی ناڤبری بەدوو دڵی لە سەر ئەم پلانە وەستان، تیا مابوون داببەزن یان نا. بەڵام یەکێك لە خانمەکان ملی نا، بێپەروا دابەزی، لەو هەمووە، تەنیا دوو پیاو زاتیان کرد دووی بکەون: یەکێکیان پیاوێکی خاکی، بیّ فیزی، ناڤسالّ بوو، بەڵام ڕەفتاری بیّ سەروبەری ئەوەی دەنواند کە کەسێکی بیّ ئەسلّ و فەسلّ و گومناو بیّ، نە کەس بیناسیّت و نە کەس بناسیّت. دووەمیان زۆر شڕوشەپڕێو و بیّ نموود بوو. جگە لەم دووانە، چ کەسێکی دی شوێن ئەم خانمە ئە توار غەریبە نەکەوت. ئەم خانمە کاتیّ کە بە پلەکاندا هاتەخواریّ، لە خۆی نەگرت هەر ئاوڕی پاشەوەش بداتەوە، دەتگوت: هیچ گوێی لەوەنیە کە کەسی بەدواوە بێت یان نا. بێپەروا پێدەکەنی و بە دەنگی بەرز قسانی دەکرد. جلو بەرگێکی گرانبەها و یەجگار جوانی لە بەردا بوو، نیشانەی زەوق و سەلیقەیەکی یەجگار بەرز بوو، عەیبی گەرە گەورەی جل و بەرگەکەی ئەوە بوو کە یەجگار سەرنج ڕاکێش بوو. ئەم ژنە بە بەردەم سەکۆی ئۆرکستراکە و سازڤانەکاندا تێپەڕی و بەرەو شەقامەکە بە ڕێکەوت، کە گالیسکەیەکی یەجگار کەشخە و گەورە و نایاب لە قەراغ جادەکە وەستا بوو چاوەڕێی ئەوی دەکرد.

میرزادە سیّ دانە مانگی خشت بوو نەی دیتبوو. لەوەتای بۆ پترسپۆرگ گەڕابوەوە، هەر بەنیاز بوو سەری بدات و بچێتە دیدەنی، بەڵام وادیاربوو لە بەر هۆیەکی پەنهان، یان گومان و ترسێکی پەنهان، ئەو سەردانەی هەر نەکردبوو. دەکرێت بڵێین بەلای کەمەوە نەیدەتوانی تەسەوری ئەوە بکات کە دیتنی دووبارەی ئەو ژنە چ هەستێکی لەلا دروست دەکات. هەرچەندە، بەجۆرە ترس و سڵکردنەوەیەکەوە هەوڵی ئەوەی دابوو، بە خەیالّ ئەو دیدارە لای خۆی بەرجەستە بکات. تەنیا یەك شتی لەلا عەیان و ڕوون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەو دیدارە زۆر دژوار و بەسویّ دەبێت. چەند جارێك لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، ئەو هەستەی وەبیر خۆ هێنایەوە کە یەکەم دیتنی، وێنەیەکی ئەو ژنە لە دلّ و دەرونیا دروستی کرد. تا ماوەیەکی زۆر جگە لە وێنەی ئەو دەموچاوە، هیچی تری نەدەبینی، هەستی بە ئازارێکی دەروونی بەترەف دەکرد. ئەو یەك مانگەی کە لەشارۆچکەدا بەسەری برد و هەموو ڕۆژێك ئەو ژنەی دەبینی، دوو دڵی و ترسێکی وەهای خستبووە دڵەوە، کە حەزی نەدەکرد بیر لەو ڕابردووە نزیکەش بکاتەوە. شتێکی لە دەموچاوی ئەو ژنەدا دەبینی کە ڕوحی ئازار دەدا، ئازار ئەمما ئازار. لە گفتوگۆیەکیا دەگەلّ ڕوگوژیندا، ئەم هەستەی خۆی بە "بەزەییەکی بیّ پایان" وەسف کردبوو، ئەمە زۆر ڕاست بوو.

ئەم دەموچاوە، تەنانەت لە وێنەکەشدا، بەزەییەکی ڕاستەقینەی لەناخی دڵیا دەهاروژاند. ئەم هەستی بەزەییە بە ئازارە، دەرهەق بەم گووراوە، هەرگیز لە دڵی میرزادە بە ئێستاشەوە دەرنەچوو و نەچوو، نەك هەر دەرنەچوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادیشە. دڵی بەو وەسف و شرۆڤەیە خۆش نەبوو کە بۆ ڕۆگوژینی کردبوو، ئێستا لەگەڵ دەرکەوتنی لەناکاوی ئەو ژنەدا، پەی بەوە برد کە ئەو وەسفەی بۆ روکوژینی کردبوو، لە شتێکی کەمە، شتێکی نوقسانە. ئەویش مەگەر وشەو زاراوەیەك پڕی بکاتەوە کە سەدی سەد گوزارشت لە دڵەڕاوکێیەکەی، بەڵێ لە دڵە ڕاوکێیەکەی بکات! بەڵێ ئا ئێستا لەم ساتەدا زۆر بە چاکی هەستی بەم دڵە ڕاوکێیە دەکرد. بە بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی، دڵنیا بوو کە ئەم ژنە شێتە. ئەوە بێننە بەرچاوی خۆتان کە ئەگەر پیاوێك لەم دنیایەدا ژنێکی لە هەر شتێکی دیکە خۆشتر بوێت یان وا هەست بکات تووشی ئەشقێکی لەو بابەتە. ببێت و ئەوسا دلبەرەکەی خۆی بەکۆت و زنجیرەوە، لەپشت شیشبەندی زندانەوە بیدنیٚ و تەمەشا بکات پاسەوانێك دەستی داوەتە قامچی و بەربووەتە وێزەی، دەبیٚ ئەو کابرایە هەست بەچی بکات! میرزادە لە هەمان باری نالەباری هاڕوژاوی دەرونیدا بوو.

ئاگلایا، ڕووی کردە میرزادە، چاوی بڕییە چاوانی، دەستی ڕاکێشا و بەچپە پرسی:

– چیتە؟

میرزادە، ئاوڕی لێدایەوە، قەدەرێك لێی وردبووەوە، ئەوسا پرشنگێکی نامەفهومی لە چاوە ڕەشەکانیا بەدی کرد. هەوڵی دا بەدەمیەوە بگرژێتەوە، بەڵام زوو بە زوو فەرامۆشی کردو، دووبارە نیگای بۆلای ڕاست گواستەوە، دیسان خەون و خەیاڵێکی تازە بردییەوە.

لەوساتەدا ناستاسیا فیپلوڤنا، بە نزیکی ڕیزی ئافرەتەکاندا تێپەڕی. یەڤگینی پاڤلوفیچ، خەریك بوو حیکایەتێکی بۆ ئەلکسندرا ئیڤانوڤنا دەگێڕایەوە، دیاربوو حیکایەتێکی خۆش و کۆمیدییە، چونکە زۆر بە ئاو و تاو و گەرم و گوڕی دەیگێڕایەوە. ئەوسا میرزادە بیری کەوتەوە کە ئاگلایا هەنگیٚ بە ئەسپایی گوتویەتی: "ئا... چ توحفەیە..." هەرچەندە زوو زمانی خۆی گرت و قسەکەی تەواونەکرد، بەڵام تازە کار لەکار ترازا بوو. ئەوەی گوتی هەموو شتێك بوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەجۆریٚ ڕێیدەکرد و تێدەپەڕی وەکو ئەوەی کەس نەبینیٚ، لیٚ لە ناکاوا ئاوڕی لای ئەوانی دایەوە، وای نواند کە بە ڕێکەوت یەڤگینی پاڤلوفیچی لەوی دیتبیٚ، چاوەڕوانی شتی وا نە بووبیٚ، لەپڕ وەستا و هاواری کرد:

– بەهـ بەهـ... ئاغا لێرەیە! جاری وایە دەبێ بە ئەستێرەی سیوەیل و بە سەد قاسیدانیش نادۆزرێتەوە، جاری واش هەیە لەشوێنی وادا دەبینرێ کە وێنا ناکرێت.. وام وێنا دەکرد لەوێندەر بیت... لە ماڵی مامت !...

یەڤگینی پاڤلوفیچ سوورهەڵگەڕا، نیگایەکی تووڕەی ناستاسیا فیلیپوفنای کرد و هەنگێ ڕووی وەرگێڕا.

– چیە؟ چما هێشتا نەتزانیوە ؟ سەیرە، هێشتا هەواڵەکەی نەبیستووە! شتی وا دەبێ؟ بەڵێ، مامت خۆی ڕزگارکرد! خۆی کوشت! ئەم بەیانیە گوللەیەکی بەخۆیەوە ناو خۆی کوشت! تۆزێ لەمەپێش بیستم، سەعات دوو. نیوەی خەڵکی شار بە هەواڵەکەیان زانیوە. دەڵێن سێ سەدوپەنجا هەزار ڕۆبڵی لە خەزێنەی دەوڵەت دزیوە. هەندێك دەڵێن پێنج سەد هەزار ڕۆبڵە. وام وێنا دەکرد سەروەت و سامانێکی زۆرت بۆ بەجێ دێڵێت! بەڵام وادیارە ئەو پیرەمێرە هەرزە داوێن پیس و فاسقە گسکی لێداوە! دەی بەدوعا، "هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم." بەڕاست، ناڕۆی بۆ شار؟ پێویستە بڕۆیت. بە ڕاستی زیرەکیت کرد کە لەکاتی خۆیدا ئستیقالەت کرد. بەشی خۆت لێزانی! ئەوە من چ دەڵێم؟ بێگومان تۆ هەموو شتێکت زانیوە، ڕەنگە لەدوێنێوە پێت زانی بێ...

هەڵبەتە، مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی لەپشت پەردەی ئەم شێوازە ڕەق و زبر و گۆساخەوە پەنهان بوو. ناستا سیافیلیوڤنا دەویست، بۆ مەبەستی خۆی، ئەوە بنوێنێ کە گوایە دڵسۆزی و دۆستایەتیەکی نزیك و خۆمانی لە نێوان ئەو و یەڤگینیدا هەیە، ئیدی بەو شێوازە، تیری خۆی هاویشت و نیشانەی ئەنگاوت.. کارێکی وەهای کرد هیچ گومانێك لە سەر ئەو دۆستایەتیە، هەرچەند درۆینە بوو، نەمێنێ. یەڤگینی پاڤلوفیچ، لە هەوەڵەوە وای بۆ دەچوو ئەگەر ئەم تانەوتەشەرە بە هەند نەگرێ، خۆی لێنەکات بە خاوەن و وابنوێنێ، کە باکی بەو ژنە و تەشەرەکانی نیە، دەتوانێ لەو قەیران و تەنگانەیە دەرباز بێت، بەڵام قسەکانی ناستاسیا فیلیپوڤنا، تووشی شۆکیان کرد، کە هەواڵی مەرگی مامی زانی، ڕەنگی بوو بە زەعفەرانی زەرد، ئاوڕی بۆ لای ئەو ژنە گۆساخە دایەوە. لیزا ڤیتا پروکوفیڤناش ڕێك لەو دەمەدا، وەرچەرخا، ئاماژەیەکی بۆ هاوڕێکانی کرد و بەلەزو بە نیمچە ڕاکردن لەو ناوە ڕۆیی. میرزادە هایم و حەیران لەجێی خۆی نەجوڵا. یەڤگینی پاڤلوفیچ، ڕەق ڕاوەستابوو، پەشێوو پەرێشان نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت.ماڵباتی یەپانچین، هێشتا بیست شەقاوێکیان نەبڕی بوو کە فەرتەنەیەکی ترسناك قەوما.

ئەفسەرەکەی، دۆستی دڵسۆزی یەڤگینی باڤلوفیچ، ئەوەی کە ئاگلایای بە قسەوە گرتبوو، زۆر توڕە بوو، خوای نەما، بە دەنگی نیمچە بەرز گوتی:

– ئێمە لێرە پێویستمان بە قامچییەکە، مەگەر قامچی ئەم هەرزە ژنە بێدەنگ بکات. شەرعی مار بە دار.(دیار بوو کە ئاگای لە کەین و بەین و نهێنییەکانی یەڤگینی باڤلوفیچ هەبوو.)

ناستاسیا فیلیپوڤنا کە گوێی لەو قسەیەی کابرای ئەفسەر بوو، چاوی پەڕیە تۆقی سەری، بەپەلە بۆی گەڕایەوە. کوڕێکی گەنج، کە بیٚ خەبەر و ئاگا دوو هەنگاوێك لەولاوە دانیشتبوو کوڵەدار حەیزەرانێکی بەدەستەوە بوو، ناستاسیا فیلیوڤنا، بێئەوەی بیناسێت، بە تەکانیٚ خۆی گەیاندیٚ، دارەکە لە دەستی ڕاپسکاند و تا هێز لە بازوویدا بوو کێشای بەسەر و چاوی یارۆی ئەفسەردا، هەر هەموو ئەم کارانە لەچاو تروکانێکا ڕوویان دا .

یارۆی ئەفسەر، بەخۆی نەوەستا، هێرشی بۆ برد. هیچ یەکێك لە داشدارەکانی ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەو ناوە نەمان. یەکەمیان، کە پیاوە ناڤساڵەکەبوو، کەس نەیزانی کێوە چوو، دووەمیان، کە گەنجێکی سەرمەست بوو، لەپەنایەکەوە وەستابوو و، پڕ بەراز پێدەکەنی، هەڵبەتە گومان لەوەدا نەبوو کە دوای دەقیقەیەك پۆلیس دەگەییە ئەوێندەر، بەڵام ئەگەر لەماوەی ئەو دەقیقەیەدا، لە شوێنێکی چاوەڕوان نەکراوەوە، کەسێك فریای ناستاسیا فیلیپوڤنا نەکەوتبا، بێگومان وەزعی شڕ دەبوو: میرزادە کە دوو هەنگاوێك لەو لاترەوە وەستابوو، بەلەز فریاکەوت و لەپشتەوە هەردوو دەستی یارۆی ئەفسەری گرت. کابرای ئەفسەر خۆی لە چنگی دەرهێنا و یەکێکی ئەوتۆی کێشا بەسەر سینگی میرزادەدا، کە سیٚ شەقاو لەولاترەوە کەوت بەسەر کورسییەکدا. دوو داشداری دیکەی ناستاسیا فیلیپوڤنا هاتبوونە پێشەوە. یەکێکیان کابرای بوکسباز بوو، ئەو وتار نووسەی کە خوێنەران بە خۆیان دەیناسن، کە سەردەمانیٚ ئەندامی هەمیشەیی گروپە شەقاوەگەرییەکەی ڕۆگوژین بوو. لە کابرای ئەفسەر چووە پێشەوە و بە متمانەوە گوتی:

– من ناوم کیللەرە، لیوتنانی خانەنشینم! جەنابی کاپتن ئەگەر شەڕی پیاوانەت دەویٚ و بە نیازی دەست بکەیتەوە، واز لەو ژنە بێنە، من لەجیاتی ئەو، وەکو بەرگریکارێك لە جیندەری ناسك، دەخزمەتودام و لە بواری بۆکسبازی ئینگللیزیدا، زۆر کارامەم. جەنابی کاپتن دەڵەکم مەدە! من زۆرم پێناخۆشە کە ئەو سوکایەتیە ناخۆشەت پێکرا، بەڵام ناتوانم ڕێگەت بدەم بە بەرچاوی خەڵکیەوە، بە بۆکسان بەربیتە ژنێك. جا ئەگەر دەتەویٚ وەکو پیاوێکی پیاوانە، بە ڕێز

و حورمەت، مەسەلەکە بەشێوازێکی دی چارەسەر بکەیت، ئەوا... دیارە لە مەبەستم دەگەیت، جەنابی کاپتن.

کاپتن، کە وەخۆهاتبووەوە، قسەکانی کیللەری بەهەند وەرنەگرت. فەرامۆشی کرد.

ڕێك لەوکاتەدا، رۆکوژین، لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەوە هات، بەپەلە قۆڵی ناستاسیا فیلیوڤنای گرت و وەپێش خۆی دا. "روگوژین"ش شپرزە و پەشێو دیاربوو، ڕەنگی سپی بوو بوو ودەلەرزی. وێڕای ئەوەش، لە کاتێکا کە ناستاسیای وەپێش دابوو، خۆی گەیاندە بەردەم یارۆی ئەفسەر، پڕ بەزار لە قاقای پێکەنینی دا، بە زمانێکی بازاڕی و سەرکەوتووانە گوتی:

– ئۆخەیش! ئەمەت دەویست! دەبخۆ دەی! دەموقەپۆزی خوێناویت لێجوانە! ئۆخەیش!

یارۆی ئەفسەر کە بەتەواوەتی وەخۆهاتبووەوە و زانی سەروکاری دەگەڵ چ کەسانێکە، دەستەسڕەکەی گرت بەدەم و لووتیەوە و ئاوڕی لای میرزادەی دایەوە و زۆر بە ئەدەبەوە گوتی:

– وابزانم جەنابت میرزادە میشکینی؟

میرزادە، لە کاتێکا دەستە لە رزۆکەکانی بۆ درێژ دەکرد، بە دەنگێکی پچڕ پچڕی لەرزۆك گوتی:

– ئەم ژنە شێتە! ئەقڵی تەواونیە! دڵنیات دەکەم شێتە!

یارۆی ئەفسەر گوتی:

– بێگومان جەنابت لە من باشتری دەزانیت، بەڵام حەزمدەکرد جەنابت بناسم و ناوت بزانم.

ئەوسا، سەرێکی بۆ دانەواند و ڕۆیی. پۆلیس دوای پێنج سانیەیەك گە ییەجێ. بەڵام هەموو ئەکتەران و تەمەشاڤانانی شانۆیی و نمایشەکە ڕۆیی بوون. هەموو ڕووداوەکە، لە سیری تا پیازی، لە دوو دەقیقە زیاتری نەخایاند بوو. هەندێ لە جەماوەرەکە هەستابوون و ڕۆیی بوون. ئەوانی دی جێگاکانیان گۆڕی بوو. هەندێك دیمەنەکەیان پێخۆش بوو بوو. هەندێکی دی بەجۆش و خرۆشەوە باسیان دەکرد. بە کورتیەکەی مەسەلەکە، وەکو هەر مەسەلەیەکی تری لەو جۆرە، بەشێوەیەکی ئاسایی کۆتایی پێهات و، ئۆرکستراکە دەستی بە کاری خۆی کردەوە.

میرزادە، کەوتە دوای ماڵباتی یەپانچین. ئەگەر ئەوسای کە یارۆی ئەفسەر کێشای بە سەر سینگیا و بەسەر کورسیەکەدا کەوت، تەماشایەکی لای ڕاستی کردبا، یان بیری بوایە

تەماشـایەکی سـەمتی ڕاسـت بکـات، دەیتـوانی ئاگلایـا بـدینێ کـە چـۆن لـە دووری بیسـت شەقاوێکەوە، وێڕای ئەوەی کە دایك و خوشکەکانی زۆر دوور کەوتبوونەوە و لە دوورەوە گازیان دەکـرد، وەسـتابوو و تەماشـای دیمەنەکـەی دەکـرد. مـیرزادە "س.." بەلـەز خـۆی گەیانـدێ، قەناعـەتی پێکـرد کـە بەپەلـە بـڕوات و لـەو نـاوە نـەمێنێ. ئیـدی خـۆی گەیانـدبووە دایـك و خوشکەکانی. وەکو پاشان دایکی دەیگێڕایەوە ئەوەندە بە توڕەیی و شپرزەیی گەیی بووەوە لای ئەوان کە پێنەدەچوو گوێی لە دەنگیان بێت. بەڵام هەر دوای دوو دەقیقە، کاتێ کە گەییـنەوە ناو باخەکە، وەکو خووە هەمیشەییەکەی، بە خەمساردیەوە گوتی:

–حەزم دەکرد بزانم ئەم نمایشە کۆمیدیە چۆن تەواو دەبێت !

فەسڵی سێیەم

ئـەو قـەوماوەی سـەیرانگەکە، دایـك و کچـەکانی زۆر ترسـاند، تووشـی دڵەڕاوکەیـەکی زۆری کردبوون. لیزاڤیتا پروکوفیڤنـا، بـە دەم نیگـەرانی و دڵەڕاوکـەوە، کچـەکانی لـە سـەیرانگاکەوە تـا مـاڵ بـە نیمچـە ڕاکـردن بردبـووەوە. بـە بۆچـوون و مەزەنـدەی ئـەو ، زۆر شـت لـە میانـەی ئـەو پێشـهاتەوە کەشـف بـوو و، پـەردەی لەسـەر لاچـوو، تەنانـەت، وێـڕای پەرێشـانی و پەشێویشـی، هەندێ وێنـاو گریمانـە و قەناعـەتی ڕۆشـن و دیـاری لـە زەینـدا بەرجەسـتە بـوو. هـەموویان گـەیی بوونە ئەو قەناعەتەی کە قەوماوێکی نا ئاسایی ڕوویدابوو، خۆشبەختانە نهێنییەکی گەورە لە حاڵی کەشـف بوونـدا بـوو. یـەڤگینی پـاڤلوفیچ، وێـڕای ئـەو هـەموو پاکانەیـەی کـە کـاتی خـۆی مـیرزادە "س.." بـۆی کردبـوو، "دەمامکەکـەی لاکـەوت" و "حەقیقـەتی دەرکـەوت" و "پەیوەنـدی دەگەڵ ئەو هەرزە ژنەدا" بەتەواوەتی ئاشکرا بوو. ئەوە قەناعەت و بۆچوونی لیزاڤیتا و دوو کیژە گەورەکەشـی بـوو. بـەڵام ئـەم ئەنجامگیرییـە، نـەك هـیچ گرێیـەکی نـەکردەوە، بـەڵکو هێنـدەی دی مەسەلەکانی ئاڵۆسکاند. ئەگەرچی جووتە کیژ، لە ناخی خۆیاندا، لە شپرزەبوون و هەڵاتنە بە پەلەکەی دایکیان پەست و بێزار بوون، بەڵام نەیاندەویست لە گەرمەی شپرزە بوونەکەیدا و هـەر لـە هەوەڵـەوە، هێنـدەی دی بیترسـێنن و ئەزیـەتی بـدەن. هەسـتیان دەکـرد، لەوەیـە خوشـکە چـکۆلەکەیان، ئاگلایـا ئیڤانۆڤنـا، لـەوانیش و لـە دایکیـانیش زیـاتر ئاگـای لـەم مەسـەلەیە بێـت، ئەوەی ئەو لەمبارەیەوە دەیزانێ، ئەوان، شتاڤیان نەیزانن.

مـیرزادە "س.." کـە ڕەش داگـەڕا بـوو، چـووبووە ژێـری و زۆر خـەمین دیـاربوو. لیزاڤیتـا پروکوفیڤنـا، لـە ڕێگـەی گەڕانـەوەدا، بـە درێـژایی ڕێگاکـە تاقـە قسـەیەکی دەگـەڵ نـەکردبوو و، ئەویش بە هیچ جۆرێ هەستی بەو بێدەنگیەی لیزاڤیتا نەکردبوو.

ئادیلاید، بە مەبەستی قسە لێدەرهێنان بەدەم ڕێوە، چەند جارێك لێی پرسـی: "ئەم مامەت کێ بوو؟ لە پتر سپۆرگ چی ڕوویداوە؟" ئەویش بە پەستی و خەمینی بە وەڵامێکی نامەفهوم لە کۆڵ خۆی کردبووەوە. گوایە شتێك هەیە دەبێ تاقیبی بکات و، هەمووی درۆ و دەلەسە و دەنگۆی بێ بنج و بناوانـە. ئیـدی "ئادیلایـد"ش لەسـەری نـەڕۆیی بـوو، گوتبـووی: "وایـە بێگومـان". ئاگلایـا یەجگار ئارام بوو. بەدرێژایی ڕێگا ئەوەندەی گوتبوو کە زۆر خێرا ڕێدەکەن. جارێکیش ئاوڕی پاشـەوەی دابـووەوە، مـیرزادەی بـینی بـوو کـە بـە هانکـە هـانگ دوایـان کـەوتووە و گەرەکیـەتی بیانگاتێ. بزەیەکی تەوسامێزی بۆ کردبوو هیچ ئاوڕێکی دیکەی لێنەدابووەوە. ئەنجام لە نزیکی

ماڵەوە، تووشی ئیڤان فیدروفیچ بوون، کە تازە لە پترسپۆرگ هاتبووەوە و بەرەو پیری ئەوان دەچوو. پێش هەموو شتێك لە یەڤگینی پاڤلوڤیچی پرسی. بەڵام هاوسەرەکەی بێئەوەی وەڵامی بداتەوە یان تەماشاشی بکات، پەشێو و پەرێشان، بەلایا ڕەتبوو، یەکسەر، بەسیمای کیژەکانی و میرزادە "س"دا بۆی دەرکەوت کە فەرتەنەیەك ڕوویداوە. بەڵام سیمای خۆیشی، تەنانەت بەرلەوەی ئەوەش بزانێت، نیگەرانیەکی زۆر زەق و نا ئاسایی پێوە دیاربوو. جەنەڕاڵ، لە پڕ قۆڵی میرزادە "س.."ی گرت، لە بەردەم ڤێلاکەدا ڕایگرت و چەند سرتەسرتێکی بە گوێدا چپاند. کاتێ کە بۆ بالکۆنەکە(بانیژە، هەیوان، بەربێلایی) سەرکەوتن تا لەوێندەرەوە بچن بۆ ژوورەکەی لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، بە سیمایاندا دیاربوو، کە هەواڵیکی یەجگار ناخۆشیان پێیە.

بەرە بەرە هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە نهۆمەکەی لیزا ڤیتا پروکوفیڤنادا کۆبوونەوە، تەنیا میرزادە بەتاقی تەنیا لە بالکۆنەدا مابووەوە، لە سوچێکا وەکو ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بێ، دانیشتبوو. بەڵام بە خۆیشی نەیدەزانی لەوێ چاوەڕوانی چیە، وێڕای ئەو هەموو پەشێویەی ئەو ماڵەی گرتبووەوە، هەرگیز ئەوەی بە بیرا نەهات هەستێت و بڕوات. لەوە دەچوو هەموو دنیا گەردوونی لەبیرچووبێت و، ئامادە بێت دوو ساڵی تەواو لە هەر شوێنێکی دابنەن، دانیشێت و کەم و زۆر جوڵەی بۆنەکات. ناو بە ناو، لە قاتی سەرەوە، دەنگی گەنگەشە و مشت و مڕێکی نائاسایی دەهاتە گوێ. میرزادە نەیدەزانی لەکەیەوە لەو سووچەدا دانیشتووە. بەڵام ئێوارە داهات، دنیا بەرە بەرە تاریك دەبوو، بەڵام ئاگلایا لە ناکاوا هاتە باڵکۆنەکە. هەرچەندە ئارام دیار بوو، بەڵام ڕەنگی کەمێك تێکچوو بوو. کاتێ کە میرزادەی بینی لە وێ لە سوچێکا دانیشتووە، کە هەڵبەتە وێنای شتی وای نەدەکرد، بزەیەکی سەرسامی کەوتە سەر لێوانی. لێی نزیك بووەوە و پرسی:

– ئەوە چدەکەی لێرە ؟

میرزادە، شپرزە و سەرگەردان، مینگە مینگێکی بۆ کرد و لەسەر کورسیەکەی هەستا. بەڵام کاتێ کە ئاگلایا لە نزیکییەوە دانیشت، ئەویش لەجێگەکەی خۆی دانیشتەوە. ئاگلایا، بەپەلە، بەڵام بەوردی ڕوانیە سەروچاوی میرزادە، ئەوسا چاوی لەو گواستەوە. لە پەنجەرەکەوە بەبێ ئەوەی بڕوانێتە خاڵێکی تایبەتی، نیگای هەڵفڕاند، دووبارە کەوتەوە تەماشا کردنی میرزادە. میرزادە لە دڵی خۆیدا گوتی: "لەوەدەچێ بیەوێ لە قاقا بدات؟ نا، ئەگەر نیازی وای هەبا، پێدەکەنی و ئەولاتریش!

ئاگلایا، دوای بێدەنگیەکی کەم گوتی:

– حەز لە چای دەکەی؟ ئەگەر دەتەوێ با بڵێم بۆت بێنن.

– نا،... نازانم...

– چۆن نازانی، یانی نازانی چای دەخۆی یان نا؟ ئا.. باش بوو بیرم کەوتەوە: ئەگەر کەسێك داوای مەیدانداریت، یانی دوئێلت لێبکات، چی دەکەی؟ دەمێ بوو دەمویست ئەم پرسیارەت لێبکەم.

– کێ بە تەمای شتی وایە... کەس داوای دوئێل لە من ناکات !

– بەڵی، بەڵام گریمان کەسێك داوای شتی وای لێکردیت، ئایا زۆر دەترسیت؟

– پێموایە دەترسم... زۆریش دەترسم.

– بەڕاست؟ کەواتە بێزاتی؟

میرزادە، دوای بیرکردنەوەیەکی کەم، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– نا.. نا، ڕەنگە بێزات "جبان" نەبم. بێزات کەسێکە کە لە ترسا ڕابکات، بەڵام کەسێك بترسێت و ڕانەکات بێزات نیە.

ئاگلایا پرسی:

– یانی تۆ ڕاناکەیت؟

میرزادە، کە بەو پرسیارانە کەوتە پێکەنین، گوتی:

– لە گینە ڕا نەکەم.

ئاگلایا، بە نیمچە توڕەییەکەوە گوتی:

– من، هەرچەندە ئافرەتم، بەڵام ڕاناکەم. پێدەچێ پێم ڕابوێرێ، گاڵتەم پێبکەیت،خۆت گران دەگریت، تا بایەخ و سەرنجی بەرانبەر بۆ خۆت ڕاکێشیت. باشە پێم بڵێ: مەرجە لە دوئێلدا، هەر لە دووری دوانزە شەقاوی و، هەندێجار لە دووری دە شەقاوییەوە، تیرەندازی بکرێت؟ خۆ ئەگەر ئەمە وابێت، بێگومان کوشتن و بریندار بوونی لێدەکەوێتەوە!

– پێموایە لە دوئێلدا، بە دەگمەن حەریفەکەت دەنگێوی.

– بەدەگمەن؟ خۆ پوشکین نەك هەر ئەنگێوار، بەڵکو کوژراش.

– ڕەنگە ڕێکەوت بووبێ.

– نا، ئەم دوئێلە شەڕی مان و نەمان بوو ئەویش کوژرا!

– بێگومـان، ئـەو فیشـەکە شـوێنکی نـزمتر لـەو شـوێنەی گرتـووە کـە دانتـیس نیشـانەی لێگرتووەتەوە، کە نیشانەی لە سینگ یان سەری گرتووەتەوە. دەنا کەس گوللە بەشوێنی کاری و کوشندەوە نانێت. بۆیە کوژرانەکەی پوشکین یان ڕێکەوت بووە یان هەڵەیەك لە نیشانە گرتنەوەکەدا ڕووی داوە. من ئەم قسەیەم لە خەڵکانی شارەزا بیستووە*.

– من جارێك ئەمەم لە سەربازێك پرسی، دەیگوت بە گوێرەی یاسای تیرەندازی، دەبێ نیشانە لە ناو قەد بگیرێتەوە و دەقی دەستورەکەش دەڵێت: نیشانە لە "ناو قەدی" بگرەوە، تەقە بکە! یانی نابێت نیشانە لە سینگ و لەسەر بگیرێتەوە. بەڵکو دەبێ لە ناو قەد بگیرێتەوە. پاشان لەو بارەیەوە قسەم دەگەڵ ئەفسەرێکدا کرد کە ئەویش هەمان شتی دووپات کردەوە.

– دروستە، ئەم یاسایە، بۆ دوورە تەقەیە.

– باشە تۆ تیرەندازی بەڵەدی ؟

– بەعەمرام تاقە فیشەکێکم نە تەقاندووە.

– یانی نازانی دەمانچە چۆن پڕ دەکرێت؟

– نـازانم، شـێوازەکەی دەزانم، بـەڵام قـەت هـەوڵم نـەداوە بـۆ خـۆم، تاقیبکەمـەوە، بیجـەڕبێنم. دەمانچەیەك پڕ بکەم.

– مانای وایە نایزانیت، چونکە ئەمە مەشق و ڕاهێنانی گەرەکە! دەیسا گوێ بگرە و هەرچیت پێ دەڵێم لەبەری بکە! یەکەم دەبێ باروت بکڕیت، باروتی تایبەتی دەمانچە. نابێ باروتەکە نمدار بێت، بەڵکو دەبێ زۆر وشك بێ، نەرم و وردبێ. تاقیبی ئەمجۆرە باروتە بکە، نەکەی باروتی تۆپ و مەترەلۆز بکڕیت. سەبارەت بە فیشەك لەوە دەچێ دەبێ پیاو خۆی دروستی بکات، یانی دای بگرێتەوە. باشە تۆ دەمانچەت هەیە؟

میرزادە، بەدەم پێکەنینێکی کوت وپڕەوە گوتی:

– نەخێر، پێویستم پێی نییە!

- ئاهـ... دەتەماشـا! لـە بـیرت نەچـێ دەمانچـەیەکی باشـیش بکـڕە! دانەیـەکی ئینگلیـزی یـان فەڕەنسـی بکڕە، گوایـە دەمانچەی فەرەنسـی و ئینگلیـزی باشـترین دەمانچـەن. دوای ئـەوە کـەمێك بـارووت، پـڕ بـە موسـتیلەیەکی درومـان یـان دوو موسـتیلان بکـڕە. ئەوسـا باروتەکـە بڕێـژە نـاو لوولەی دەمانچەکەوە، ئەگەر بارووتەکە زۆر بێ باشترە، یا زۆربێ نەك کەم. ئەوسا لوولەکە لباد ئـاخن بکـە (وادیـارە ئـەم لبـادە زۆر پێویسـتە، نـازانم بۆچـی). چـی زۆرە لبـاد زۆرە، لـە هـەموو شوێنێ دەست دەکەوێ، بۆ نموونـە دەتـوانی لـە دۆشـەکەڵەیەکی دەربێنی، یـان لـەو تیلماسکانەی کـە لـە درزی دەرگـا دەدرێـن تـا سـەرما نەیەتـە ژوورەوە. دوای ئـەوەی حەشـوەکەی تێدەپەسـتیت ئەوجا فیشەکەکە دادەنەیت، تێگەیشتی؟ بیرت نەچێت یەکەمجار باروتەکە یان فیشەکەکە، دەنا فیشەکەکە ناتەقێنێ.. بەچی پێدەکەنی؟ دەمەوێ ڕۆژی چەند جارێك مەشقی تیراندازی بکەیت و فێر بێت چۆن نیشان بانگێوی. بە قسەم دەکەی؟

میرزادە هێشتا هەر پێدەکەنی. ئاگلایا لە ڕقا پێی بە عاردیدا دەکوتا. میرزادە سـەری لـەم هـەموو مکوڕی و پێداگری و جدیەتـەی ئاگلایـا سـووڕما بـوو. هەسـتێکی گۆنگ، هـانی دەدا، کـە هەنـدێ پرسیاری دەربارەی شتانێکی جدیتر، لـە دەمانچـە و دەمانچـە پڕکردنـی، لێبکـات. بـەڵام لـە بیری چووەوە. تەنیا ئەوەی لە هزر و بیرا بـوو کـە ئاگلایا بـە تـاقی تـەنیا لـە هەنبـەری دانیشـتووە و ئـەو تەماشای دەکرد، نوقمی تەماشاکردنی بوو. لەودەمەدا بەلایەوە گرینگ نەبوو کە ئاگلایا باسـی چ شتێك دەکات. ئەنجام ئیڤان فیدروفیچ لە قاتی سەرەوە هاتە خوارێ و خـۆی بـە بالکۆنەکـەدا کـرد. خـەریکی دەرچـوون بـوو. ڕەش داگـەڕا بـوو، گـرژ و مـۆن و سـەرقاڵ دیـاربوو. هەرچـەندە مـیرزادە نیازی نەبوو بۆ هیچ کوێیەك بڕوات، جەنەڕاڵ کە ئەوی بینی لێی پرسی:

- ئاهـ... ئەمـە تـۆی لیـون نیکولایـوفیچ؟ بـە تـەمای بۆکوێ بڕۆیت؟ کـوا لەگـەڵ مـن وەرە دەمـەوێ قسەیەکت لەگەڵ بکەم...

ئاگلایا، تەوقەی لەگەڵ میرزادەدا کرد و گوتی:

- بە ئومێدی دیدار میرزادە!

بالکۆنەکە، بـە ڕادەیـەك تاریـك بـوو بـوو کـە میرزادە نـەیتوانی لەوکاتـەدا بـە باشـی سەروسـیمای کیژێ بدینێ، دوای دەقیقەیەك، کە مـیرزادە و جەنـەڕاڵ، لـە ڤێلاکـە وەدەرکـەتن، مـیرزادە لـە ناکـاودا سوور بووەوە، بە توندی دەستی ڕاستی خۆی گرمۆڵە کرد و بەتوندی گوشی.

بەڕێکەوت جەنەڕاڵ، بە هەمان ڕێگەی میرزادەدا دەڕۆیی، واتە ڕێگەیان یەك بوو. هەرچەندە کات درەنگ بوو، بەڵام ئیڤان فیدروفیچ، پەلەی بوو بە مەبەستی ئەنجامدانی قەواڵەی کارێك دەچوو بۆلای کەسێك، بەڵام بەدەم ڕێوە، بەپەلە پەل و بە شپرزەیی قسەی بۆ میرزادە دەکرد. زوو زوو ناوی لیزا ڤیتا پروکوفیڤنای دەبرد. ئەگەر لەوکاتەدا میرزادە، هەندێ زیاتر هۆشی بەخۆبوایە، هەستی دەکرد کە ئیڤان فیدروفیچ گەرەکیەتی دای بپشکنێ و قسەو زانیاری لێ دەربێنێ، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێ ئەسڵی مەبەستەکەی بخاتە ڕوو. میرزادە، لەشەرماندا بە ڕادەیە پەشۆکا بوو کە گوێی لە هەوەڵی قسەکانی جەنەڕاڵ هەر نەبوو، بۆیە کاتێ جەنەڕاڵ، لەبەردەمیا ڕەق ڕاوەستا و پرسیارێکی گۆنگی لێکرد، ناچاربوو دان بەوەدا بنێت کە هیچ شتێك حاڵی نەبووە.

جەنەڕاڵ، شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی:

– بە ڕاستی ئێوە سەیرن، هەمووتان خەڵکی عەجیبن، لە هەموو ڕوویەکەوە سەیرن. من پێت دەڵێم سەر لەم هەموو خوتە و بۆڵە و نیگەرانیانەی لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا دەرناکەم، دەڵێی پیرەژنی دۆڕژاوە، هەمیشە توڕەیە، نیگەرانە، دەگری، فرمێسك دەڕێژێ، دەڵێت، حەیامان چووە، ئابڕوومان تکاوە، ناومان زڕاوە، ئاخر کێ ئەمەی بەسەر هێناوین؟ چۆن و بۆچی و کەی ئەمەمان بەسەر هاتووە ؟ من دان بەوەدا دەنەم کە کەموکوڕیم هەیە، هەڵەم زۆرە، بەڵام خۆ پیاو دەتوانێ لە ڕێگەی پۆلیسەوە ئازار و ئەزیەتی ئەو ژنە بێ ئەقڵ و بەرەڵڵایە (کە هەموو کارەکانی هەرزەکارانە و ناپەسەندە) ڕزگار ببێت. پۆلیس دەتوانێت سنوورێکی بۆ دابنێت. من بە تەمام لەمڕۆوە بچم بۆلای کەسێك و لەمبارەیەوە کارێك بکەم. دەشێت لەڕێگەی هەندێ پەیوەندییانەوە ،دەشێت هەموو شتێك بە هێمنی و، تەنانەت مدارا و میهرەبانی، بێهیچ هەراو هەنگامە و قیل و قاڵێك چارەسەر بکرێت. من دان بەوەشدا دەنێم کە ئاینده هەڵگری زۆر ڕووداوە، زۆر شت هەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، دەبێ ڕوون ببێتەوە. گریمان پیلانێك لە ئارادایە. بەڵام من لە تۆ دەپرسم، ئەگەر لێرە کەس هیچی لەبارەوە نەبیستبێ، لەوێ کەس هیچی لە بارەوە نەزانێ، ئەگەر من نەمبیستبێ، ئەگەر تۆ هیچت نەبیستبێ، نەکەسی سێیەم، نە چوارەم و نە پێنجەمیش شتاڤیان هیچیان نەبیستبێ، من لە تۆ دەپرسم: دەبێ کێ پێی بزانێ، کێ بیستبێتی؟ تۆ ئەمە بەچی دەزانی و چۆنی لیکدەدەیتەوە، جگە لەوەی خەیاڵێکی ڕووت بێ، خەیاڵێك کە فری بەواقیعەوە نییە، هیچ بوونێکی دەرەکی نیە، شتێکە وەکو هەیڤە شە و یان شەبەنگی تاپۆ یان؟

میرزاده، لەپڕ هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی وەبیرهاتنەوە، بەدەم داخ و کەسەرێکی پڕ سوێوە، لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئەو ژنە شێتە!

– ئەگەر مەبەستت ئەو ژنەیە، منیش هەمان بیرکردنەوەی تۆم دەربارەی هەبووەو، بە پێویستم نەزانیوە، بیری خۆمانی پێوە مژول بکەین و بۆ تاقە شەوێکیش خەو لەخۆ حەرام بکەین. بەڵام هەنووکە هەستدەکەم بیرکردنەوەی ئەوان دروست ترە، لە ڕاستیەوە نزیکترە و پێموانیە شێت بێت. ڕاستە ئەم ژنە پەتیارە و پەتەڕییە، بەڵام زۆر بە فێڵ و دەهۆیە، شێت نیە. ڕەفتارە ناشرینەکەی ئەمڕۆی دەگەڵ کاپتون ئەلکسیفیچدا بەڵگەیەکی ئاشکرایە. وەکو پەتیارەیەکی خوێڕی ڕەفتاری کرد. ئەگەر زۆر خاتری بگرین دەکرێ بڵێین ڕەفتاری بابایەکی یەسوعی فێڵباز بوو بۆ ئەوەی بگات بە مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی.

– کام (کاپیتون ئەلکسیفیچ)ـە؟

– ئاهـ.. لێون نیکولایوفیچ! چما گوێت لێنەدەگرتم! من لەسەرەتاوە قسەکەم بە کاپیتون ئەلکسیفیچ دەستی پێکرد. ئەو مەسەلەیە بەجۆرێ کاری تێکردووم کە ئێستاش دەست و لاقم دەلەرزن. هەر لەبەر ئەو مەسەلەیە، ئەوەندە درەنگ لە شار گەڕامەوە. کاپیتون ئەلکسیفیچ ڕادومسکی، مامی یەڤگینی پاڤلوفیچ... میرزادە بەسەرسامی گوتی:

– ئیٚ؟

– ئەمڕۆ بەیانی زوو، سەعات حەوت، فیشەکێکی ناوە بەسەری خۆیەوە و خۆی کوشتووە. پیرەمێردێکی بەڕێزی هەفتا ساڵەی ئەبیکۆری بوو. وەکو ئەو ژنە دەیگوت: پارەیەکی مۆڵی دەوڵەتی دزی بوو!

– باشە ئەوەی لە کوێ...

– لە کوێ زانیوە؟ ها ها ها... هەرکە سەرو کەللەی لەم شارە پەیدا بوو، گرووپێکی تەواوی ئاشقان لە دەوری خڕبوونەوە. دەزانی چ خەڵکانێك هاتوچۆی دەکەن، خەڵکانێك هەن ملی خۆیان بۆ مەرحەبایەکی ئەو دەشکێنن! ڕەنگە یەکێك لەوانەی کە لە پترسپۆرگەوە بۆلای هاتوون، ئەو هەواڵەیان پێگەیاندبێ، چونکە هەواڵەکە لە سەرانسەری پترسبۆرگدا بڵاوبووەتەوە، نیوەی خەڵکی "پاڤلوفسك"ش زانیویانە. بەڵام وەکو بۆیان گێڕامەوە، زۆر شەیتانانە باسی

ئیستقالەکەی یەڤگینی پاڤلوفیچی کردبوو، یانی باسی ئەوەی کردبوو کە کاتێکی زۆر گونجاو و لە باری بۆ ئیستیقالەکەی هەڵبژاردووە! ئەم قسەیە ئاماژەیەکی ئەهریمەنانەیە بۆ تۆ! نا، نا، ئەم کارانە لە ڕووی شێتییەوە نیە. هەڵبەتە من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە یەڤگینی پاڤلوفیچ، پێشوەختە پێشبینی ئەم کارەساتەی کردبێت، یانی زانیبێتی فلان ڕۆژ و فیسار سەعات ئەم کارەساتی ڕوو دەدات. بەڵام دوورنیە، دوورا و دوور بۆنێکی کردبێت. ئێستاش لە بیرمە کە میرزادە "س.."و من و هەمووومان قەناعەتی تەواومان بەوە کردبوو کە مامی میرات و کەلەپووریکی زۆری بۆ بەجێدێڵێ و حیسابێکی زۆرم لەسەر ئەوە کردبوو. ها! بە ڕاستی کارەساتە، کارەسات ئەمما کارەسات! بە هەرحاڵ حەزدەکەم لە قسەکەم بگەی: من یەڤگینی پاڤلوفیچ بە هیچ شتێك تۆمەتبار ناکەم، تۆ شایەتی ئەم قسەیەی من بە. بەڵام مەسەلەکە سووکە گومانێکی تیایە. ئاشکرایە کە میرزادە"س.." زۆر شپرزەیە، مەسەلەکە زۆر گرنگ و ئاڵۆزە، لەڕادەبەدەر غەریبە!..

– بەڵام چ گومانێك لە ڕەفتاری یەڤگینی پاڤلوفیچدا هەیە؟

– هیچ، هیچ گومانێك نیە! زۆر پیاوانە ڕەفتاری کردووە. تاقە گەردێك بە ڕەفتاریەوە بەدی ناکرێت. من هیچ شتێکم لەو بارەیەوە نەگوتووە. من سەروەت و سامانەکەی خۆی بە ڕەوا و حەڵاڵ دەزانم. بەڵام ئەمە بەگوێی لیزاڤیتا پروکوفیتڤنادا ناچێت. هەر نایەوێ گوێی لە ناویشی بێت... ئێستا ڤیروسیا لە هەموو ئەمانە. کێشەکەمان، ئەم ئاژاوەیەی ماڵەوەیە، یانی ئەم کێشە خێزانیەی خۆمانە.. یانی... نازانم ناوی بنێم چی!.. جا لێون نیکولایوفیچ، تۆ کە بە ڕاستی دۆستی ڕاستەقینەی خانەوادەی ئێمەیت، بۆیە من بە مەحرەمت دەزانم و دڵی خۆمت بۆ دەکەمەوە: ماوەیەکی کەمە بیستوومانە (هەرچەندە شتەکە هێشتا ئەسەح نیە) گوایە یەڤگینی پاڤلوفیچ مانگێك لەمەپێش خوازبێنی لە ئاگلایا کردووە و وادیارە ئاگلایا جوابی کردووە!

میرزادە، هاواری کرد:

– مەحاڵە! باوەڕ ناکەم!

جەنەڕاڵ، هایم وحەیران، لەجێی خۆی چەقی و گوتی:

– باشە تۆ هیچ شتێك لەمبارەیەوە دەزانی؟ دۆستی ئازیز بمبورە، ڕەنگە من نابەجاێیم کردبێت کە ئەم باسەم کردەوە، بەڵام بۆیە ئەمەم کرد چونکە تۆ... چونکە تۆ کەسێکی من باوەڕم بە پاکی

و بێگەردیت هەیە.. وتم لەوەیە سووسەی شتێکی کرد بێت، بە پاکی خۆی شتێکی زانی بیٚ.. تۆ هیچ شتێك لەمبارەیەوە دەزانی؟

میرزادە، بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:

– من هیچ شتێك دەربارەی یەڤگینی پاڤلوفیچ نازانم.

– منیش! منیش هیچ شتێك نازانم... بەڵام دۆستی ئازیز، وادیارە هەر هەموویان، قسەیان کردووەتە یەك و دەیانەویٚ من لەبن بێنن، زندە بەچاڵم بکەن. هیچ ئاگایان لە حاڵی من نیە، نازانن، پیاو تەحەمولی ئەمە ناکات. هەر بەیینی خۆمان بیٚ گیرۆدە و گرفتاری وەزعێکی زۆر خراپ بووم! ئەوە بزانە کە من وەکو کوڕێکی خۆم ئەم قسانەت دەگەڵ دەکەم. لە هەمووشت خراتر ئەوەیە ئاگلایا گاڵتە بە دایکی دەکات، قەشمەری پێدەکات، بەڵام مەسەلەی جوابکردنەکەی یەڤگینی پاڤلوفیچ لەلایەن ئەوەوە، یان ئەو خوازگاریەی کە ڕەنگە لە بە ینیاندا بووبیٚ، هەمووی گومان و مەزەندەی خوشکەکەیەتی، کە ڕەنگە مەزەندەی دروست بن.. بەڵام ئاگلایا مرۆڤێکی ئەوەندە خۆسەر و کەللە ڕەقە، هێندە ئەتوار غەریب و هەڵەشەیە کە وێنا ناکرێت، ڕاستە هەموو جۆرە خەسڵەتێکی باشی تیایە، خانەدانی پێوە دیارە، زۆر بە سۆز و دڵپاك و بیرچاکە، ئەمە ڕاستە. بەڵام بەچی دەچیٚ! گاڵتەی بە هەموو شتێك دیٚ. تابڵێی واز وازی و دەم دەمی مجێزە، هەر دەمەی لەسەر خەیاڵێکە، تۆزیٚ لەمەپێش مەگەر هەر من بزانم چۆن بە ڕووی دایکیا هەڵشاخی، چۆن بە ئاشکرا کەوتە گاڵتەپێکردنی، کەسی نەبوارد، نە خوشکەکانی، نە میرزادە "س..". سەبارەت بە من هەر مەپرسە. من بەدەگمەن لە تەوس و توانجی ئەو دەخەلسم. کەچی من، بەخۆت دەزانی، وێڕای ئەوەش هەر خۆشمدەویٚ. پێموایە ئەم شەیتانە هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆر ڕمووەدە ی منە، زۆری خۆش دەوێم، مەبەستم ئەوەیە لەوانی دی خۆشتر دەوێم. من دڵنیام ئەمرۆکە، فرسەتی هێناوە و بە تۆشی ڕابواردووە. چونکە تۆزیٚ لەمەپێش بینیمن کە دوای ئەو فەرتەنەیەی قاتی سەرەوە، پێکەوە سەرگەرمی قسان بوون و بەجۆریٚ لەلای تۆوە ڕۆنیشتبوو، وەکو ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت.

میرزادە، سوور هەڵگەڕا، مشتی خۆی توند گوشی، بەڵام ورتەی لێوە نەهات.

جەنەڕاڵ، لەپڕ، بەجۆش و خرۆشەوە گوتی:

– گیانەکەم، لیون نیکولایوفیچی ئازیز!.. من و، تەنانەت لیزا ڤیتا پروکوڤیفناش (هەرچەندە لێت کەوتووەتە تەقە و لە عەلەییت دەڕوات و لە سۆنگەی تۆوە، هەمان ڕەفتار دەگەڵ منیشدا

دەکات، نازانم بۆ!) هەردووکمان، خۆشمان دەویی، ئێمە سەیری ڕواڵەت ناکەین، بەدڵ خۆشمان دەویی، ڕێزی تایبەتیت هەیە. بەڵام دۆستی ئازیز باوەڕبکە، هەڵبەتە باوەڕدەکەی، سەرمان سووڕما کاتێ کە ئەم کچۆڵە شەیتانە بەکاوەخۆ، بەوپەڕی خوێنساردی، بەشێوەیەکی تەوسامێز هەڵیدایەو گوتی (کە لەوێندەر، لەبەردەم دایکیا ڕەق ڕاوەستابوو، پەست و بێزار، گاڵتەی بە هەموو پرسیارەکانمان دەهات، بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی کە من لێم دەکرد.. چونکە من بە ناخێرم گەوج گەوج، بەو خەیاڵەی کە سەرگەڤاری ماڵم و دەبێ زمانێکی توند و جدی بەکاربەرم! بەڵێ بەو ئاوایە قسەم کرد! ئیدی بۆخۆم ئەو گەوجیەتیەم کرد). بەڵێ هەڵیدایە وشتیکی گوت بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات، بەوپەڕی خوێنساردی، بەشێوەیەکی تەوسامێز گوتی: "ئەو ژنە شێتە".. (دەقا و دەق ئەو وشەیەی بەکار برد، سەرم سووڕما کە تۆش هەمان ڕستە و وشەکەی ئەوت بەکاربرد)... – باشە چۆن تا ئێستا هەستتان نەکردووە؟ – ئەو "ژنە شێتە" داویە لەکەللەی کە بەهەر نرخێ بووە کارێکی وابکات من و میرزادە ببین بە هاوسەر، بۆیە گەرەکیەتی پێی یەڤگینی پاڤلوفیچ لەماڵی ئێمە ببڕێت." تەنیا ئەوەندەی گوت. هەنگێ بێئەوەی هیچی دی بڵێت، لە قاقای پێکەنینی دا، لە کاتێکا ئێمە حایر مابووین، ڕۆیی و شریق دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە دا بەیەکا. دوایی بۆیان گێڕاینەوە کە عەسری ئەمڕۆ، بەینی تۆ و ئەو کەمێك تێکچووە، و... و... گوێ بگرە دۆستی ئازیزم، تۆ کەسێکی دڵناسك و تۆرینۆك نیت، ئەوەندی من بتناسم پیاوێکی بەسەربر و حەوسەڵە و بەردەباریت، بەڵام زویر مەبە ئەگەر من بەدەمی خۆم پێت بڵێم کە دەسی دەسیت پێدەکات، پێت ڕادەبوێرێت. باوەڕبکە پێت ڕادەبوێرێ! ئەم ئاکارەی زۆر منداڵانەیە، ئیدی هەق نیە لێی زویر بیت، یان گلەیی لێبکەیت، یان لێیبگریت و ڕقی لێ هەڵبگریت. ئیدی ئەوەیە کە هەیە. خەیاڵت بۆ هیچ شتێکی خراپ نەچێت. هەر بۆ خۆشی و بۆ کات بەسەربردن، وەکو چۆن بە ئێمە ڕادەبوێرێ بەو ئاوایە بە تۆش ڕادەبوێرێ. دەیسا خواحافیز! بەخۆت هەست و سۆزی ئێمە بەرانبەر بەخۆت دەزانیت. ئەم هەستانە ڕەگ و ڕیشەیان لە قوڵی دایە، جێگیرن، هیچ شتێك نایان گۆڕێت... من دەبێ لەم ڕێگایەوە. بڕۆم.. لەژیانما بە دەگمەن وەکو ئەمڕۆ پەست بووم. ئەمەش خێر و بێری ژیانی هاوینەوار!

میرزادە، بە تاقی تەنیا لەچوار ڕیانەکەدا مایەوە، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، بەلەز لە شەقامێك پەڕییەوە، خۆی گەیاندە بەرپەنجەرەی ڕوناکی ڤێلایەك، ئەو پارچە کاغەزەی، کە بە درێژایی ماوەی گفتوگۆیەکەیان دەگەڵ ئیڤان فیدروفیچدا، لە مشتی ڕاستیا گۆشی بووی، کردەوە و ئەم پەیامەی تیا خوێندەوە: "سبەی بەیانی، سەعات حەوت لە باخەکەدا، لای کورسیە کەسکەکە چاوەڕوانت دەکەم. لێبڕاوم، سەبارەت بەمەسەلەیەکی گرینگ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی

بەتۆوە هەیە، قسان بکەم". "تێبینی: هیوادارم ئەم نامەیە پیشانی کەس نەدەیت. بە ڕاستی کاتێ ئەم تێبینییەم نووسی کە ئەم نامەیە پیشانی کەس نەدەیت هەستم بەجۆرە عەزابیکی ویژدان دەکرد، بەڵام ئەگەر هەندێ ورد بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، دەبینین تۆ مستەهەقی ئەوەیت. کە ئەم تێبینییەم زیاد کرد و تەبعی پووچ و کۆمیدی تۆم بیرکەوتەوە، لە شەرمەزاریدا سوور بوومەوە. تێبینی دووەم: مەبەستم لە هەمان کورسیە کە ئەمڕۆ نیشانم دایت. بەشەرمەزاریەوە ناچاربووم ئەم تێبینییەش زیاد بکەم".

وادیاربوو، ئەم نامەیە، پێش هاتنی ئاگلایا بۆ بالکۆنەکە، بە پەلە نووسرابوو و بەبێ موبالاتی قەد و نوشت کرابوو.

میرزادە، بە نیگەرانی و هەڵچوونێکی ترسامێزەوە، جارێکی دی نامەکەی لە نێو دەستیا گرمۆڵە کرد، وەکو دزێك، کەسێك غافڵگیری کردبێت، هەراسان لە بەر پەنجەرە ڕوناکەکە دوورکەوتەوە، بەڵام لە ناکاوا خۆی لەبەردەم ئەو پیاوەدا بینییەوە کە دوای کەوتبوو. ئەو پیاوە گوتی:

– میرزادە، ئەوە من بووم لە دووت دەهاتم.

میرزادە، بە سەرسامی گوتی:

– ئەمە تۆی کیللەر ؟

– لێت دەگەڕام. لە دەوروبەری ڤێلاکەیماڵی یەپانچین وەستابووم و چاوەڕوانم دەکردیت. بە خۆت دەزانی نەمدەتوانی بێمە ژوورەوە. کە لەگەڵ جەنەڕاڵدا وەدەرکەوتیت و کەوتنەڕێ، هەنگاو بە هەنگاو، دوورا و دوور لە دواتانەوە دەهاتم. میرزادە هەر ئەمرێکت هەیە، من دەخزمە تودام. ئامادەی هەر فیداکارییەکم، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات ئامادەم لە پێناوی تۆدا خۆم بەکوشت بدەم.

– بەڵام... بۆچی؟

– چونکە گومان لەوەدا نیە کە دوئێلێکت لە پێشە! ئەو یارۆیە، لیوتنان مۆلوفستۆڤ، من دەیناسم... هەڵبەتە ناسینی شەخسی نا... سووکایەتی پێ قەبووڵ ناکرێت، هەڵبەتە خەڵکی وەکو من و ڕوکوژین هەر بە بە شەریش نازانێ، بە چەکل و چەورەمان دەزانێ، ڕەنگە نە هەقیشی نەبێت، کەواتە تۆ تاقە کەسیت کە بتوانێ داخی دڵی خۆیت پێ بڕێژیت. میرزادە بیستوومە

تاقیبی کردوویت. بۆیە دڵنیام کە سبەینێ یەکێك لە هاورێکانی دێتە دیدەنیت، ئەگەر حاڵی حازر لە ماڵەکەی خۆتا چاوەڕێت نەبێت ! جا ئەگەر شەرەڤ ئەوە بە من ببەخشیت کە بمکەی بە شایەتی خۆت، ئامادەم لە پێناوی تۆدا بکەومە زیندان. بۆیە دوات کەوتبووم تا ئەمەت پێبڵێم.
میرزادە لەناکاودا، لە قاقای پێکەنینی دا، کیللەر حەپەسا، میرزادە بەدەم قاقاوە گوتی:

– یانی تۆش هاتویت باسی دوئیلم لەگەڵ بکەی؟

پێکەنینەکەی میرزادە گەییە ئاستێك ناچاربوو دەست بە سینگ و ورگیەوە بگرێت. لێ کیللەر کە بەو هەموو تاسەو پەرۆشیەوە، هاتبوو بە میرزادە بڵێ بیکات بە شایەتی خۆی، هەستی دەکرد، ئەم هەموو پێکەنینەی میرزادە، جۆرە سووکایەتیەکە بۆ ئەو.

– ئاخر میرزادە، لە بیرت نەچێ تۆ ئەو ئێوارەیە دەسیت گرت؟ هیچ پیاوێکی ڕەند و مەرد ئەم سووکایەتیە قەبووڵ ناکات، نەخازما بە بەرچاوی خەڵکییەوە بێت.

میرزادە کە هێشتا هەر پێدەکەنی، گوتی:

– خۆ ئەویش تا هێزی تیا بوو بۆکسێکی بە سینگما کێشا. هیچ پێویست بە دوئیل و شەڕ ناکات، داوای لێبووردنی لێدەکەم، تەوازۆی بۆ دێنمەوە وهەموو شتێك دەبڕێتەوە و تەواو. خۆ ئەگەر دوئێل پێویست بێت، ئەوسا دەیکەین! با پەنا بەرێتە بەر چەك، من لە خوام دەوێ. ها ها! من ئێستا دەزانم چۆن دەمانچە پڕبکەم وفیشەك دابگرمەوە. تۆزی لەمەپێش فێربووم چۆن دەمانچە دابگرمەوە، پڕبکەم. تۆ شتی وا دەزانیت کیللەر؟ یەکەمجار باروت دەکڕیت، باروتی دەمانچە، کە نمدار نەبێت، زبر نەبێت وەکو ئەوەی لە داگرتنەوەی تۆپدا بەکاردێت. ئەوسا لوولەی دەمانچەکە پڕ دەکەیت لە باروت، بە لباد دەیئاخنی، دەتوانی لباد لە هەر ڕایەخێك یان ئەڵقەڕێزی هەر دەرگایەك دەربێنی. ئەوجا فیشەکەکەی تێدەخەیت. ئاگات لێبێ پێش باروتەکە، فیشەکەکەی تێنەخەیت. چونکە لەو حاڵەدا فیشەکەکە ناتەقێ ها! تێگەیشتی کیللەر؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا سۆنگەیەکی جوان نیە کیللەر گیان؟ ئاهـ کیللەر دەزانی ئامادەم هەر ئێستا باوەشت بکەم و ماچت بکەم؟ ها، ها، ها! چۆن بەو کوت و پڕە خۆت گەیاندێ و ڕێك لە بەردەمیا قوت بوویتەوە؟ هەرکاتێ دەرفەتت بوو، وەرە لای من شامپانیا بخۆرەوە! دەزانی یەك دەرزەن شامپانیام لەژێر خانەکەی لیبدیفدا هەیە؟ لیبدیف بە ڕێکەوت دەستی کەوتبوو و پێری بۆی باسکردم و هەموویم لێکڕی. دەمەوێ هەموو دۆستانم دەعوەت بکەم و شەڤڕۆنکێکی گەرم ساز بکەم! بڵێ بزانم بە تەمای ئەمشەو بخەوی؟

– هەڵبەتە وەکو هەر شەوێکی دی میرزادە.

– کەوتە هیوای خەونێن خۆشت بۆ دەخوازم! ها، ها!...

میرزادە، لە جادەکە پەڕییەوە، خۆی بە باخ و سەیرانگەکەدا کرد و لەچاو ون بوو. کیللەری بەسەرسامی و پەرێشانی و نائومێدی بەجێهێشت. کیللەر، پێشتر هەرگیز میرزادەی بەو بارە دەرونیە سەیرەوە نەبینی بوو و، بە هیچ جۆرێ وێنای نەدەکرد بەو حاڵەوە ببینێ!

کیللەر لە دڵی خۆیدا گوتی: "ڕەنگە تەواو نەبێت، پێدەچێ تای لێهاتبێ، وڕێنە بکات، چونکە بە خۆی پیاوێکی توڕەیە و ئەم ڕووداوانەش کاریان تێکردووە. بەڵام بە هیچ جۆرێك ناترسێت! خودایا! خەڵکانی وەکو ئەو ترسیان لە مەزەبا نیە. کیللەر لە فکران ڕاچوو: "ئم... شامپانیا! پێشنیازێکی خۆشە! دوانزە قاپ ، دەرزەنێکی تەواو! ئازووقەیەکی زۆر باشە. مەرج دەکەم کە لیبدیف ئەمەی لە یەکێك لەو کەسانەوە وەرگرتووە کە بە ڕەهن پارەیان لێقەرزکردووە. ئم.. ئەلهەقی ئەم میرزادەیە بنیادەمێکی باشە. من ئەم جۆرە بەشەرانەم بەدڵن، بە ڕاستی ڕاستی خۆشم دەوێن. بە هەرحاڵ، ئێستا وەختێ بیرکردنەوە و کات بە فیڕۆدان نیە... شامپانیا، وەخت و ناوەختی بۆ نیە، دەرفەتە و هەڵکەوتووە، دەبێ بقۆزرێتەوە..."

هەڵبەتە میرزادە، بە ڕاستی بێ حاڵ بوو، تای لێهاتبوو. ماوەیەکی زۆر بە سەیرانگا تاریکەکەدا سوڕایەوە، کە شنگ و تاقەتی لەبەر بڕا، خۆی لە ڕاڕەوێکی نێوان تەختەکە و دارێکی گەورەی بە تەمەندا دیتەوە، ماوەی نێوان تەختەکە و دارەکە هەر سەد شەقاوێك دەبوو، هەستی کرد کە سی چل جار بەو ڕاڕەوەدا هاتبوو و چوو بوو. بەڵام، ئەگەر خۆشی کوشتبا، بیری نەدەکەوتەوە لەماوەیەدا کە بەلای کەمەوە سەعاتێکی خایاندبوو، بیری لەچی کردووەتەوە. بەڵام لەپڕ بیرێکی بە مێشکا هات کە هێنایە پێکەنین، هەرچەندە بیرەکە مایەی پێکەنین نەبوو، کەچی نەیدەتوانی جڵەوی خۆی بگرێت. هەموو شتێك دەیهێنایە پێکەنین. ئەو بیرەی بە مێشکا هات کە لەگینە کیللەر تاقە کەس نەبێ کە خەیاڵی دوێڵی بە مێشکا هاتبێ. بەم پێوەدانگە دەشێت ئەو دەرس و دەورەی لە بارەی دەمانچە و پڕکردن و داگرتنەوەی دەمانچەوە پێی گوترا، زادەی ڕێکەوت نەبوو بێت. بەدەم ئەو خەیاڵ و ئەندێشانەوە، بیرێکی دیکەی بە مێشکا هات، لەپڕ وەستا و لە دڵی خۆیدا گوتی: "سەیرە! کاتێ من لە بالکۆنەکە ڕۆیشتبووم و، ئەو لە قاتی سەرێ ڕا هاتە خوارێ و منی لە بالکۆنەکەدا بینی، زۆری پێ سەیر بوو. پێکەنی... باسی چای لەگەڵا کردم. بەڵام نامەکەی بەدەستەوە بوو. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی بێ چەند و چوونی ئەوەبوو کە سوور دەیزانی من لەوێم، لە بالکۆنەکەم. ئیدی ئەو سەرسامیەی لەپای چی بوو؟ ها، ها، ها!..."

نامەکەی لە بەرگی دەرهێنا و ماچی کرد، لێ خێرا وەستاو دووبارە لە فکران ڕاچوو، دوای دەقیقەیەك بە خەمبارییەکی پڕ سوێوە لە دڵی خۆیدا گوتی: "شتێکی سەیرە، بە ڕاستی زۆر سەیرە!" میرزادە، هەمیشە لە گەرمەی شادمانیدا، بێئەوەی بەخۆیشی بزانێ بۆ، هەستی بە دڵتەنگی دەکرد!

بەدیقەت ڕوانیە دەورورووبەری خۆی، حایر مابوو بۆچی هاتوەتە ئەم شوێنە. هەستی بە ماندویەتیەکی زۆر کرد، بەرەو لای تەختەکە ڕۆیی و لە سەری ڕۆنیشت. بێدەنگیەکی مەند باڵی بەسەر دەڤەرەکەدا کێشا بوو. کوڕی مۆزیك تەوا بوو بوو، باخەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، لەوە نەدەچوو کەسی تیامابێت. بەو پێیە دەبوایە سەعات بەلای کەمەوە یازدە و نیو بێت. شەوێکی ئارام، نمداری روناك بوو. لە شەوە تایبەتیەکانی هەوەڵی هەیڤی حوزەیرانی پترسبۆرگ بوو. بەڵام ئەو ڕاڕەوەی ئەوی تیابوو، بە هۆی چڕی درەختەکانی ناو باخەکەوە، تاریکی تاریك بوو. ئەگەر لەو دەمەدا کەسێك پێی گوتبا ئاشق بووە، ئاشقێکی شێت و شەیدا، هەڵبەتە، خۆی لە گێلی دەدا، نەك هەر نکۆڵی لێدەکرد، بەڵکو تووڕەش دەبوو. خۆ ئەگەر زیاتر لە سەری ڕۆیشتبا و بیگوتبا ئەو نامە چکۆلەیەی ئاگلایا بۆی نووسیوە، نامەی دڵداریە، نامەی داوای دیداری ئەڤینداریە، سوور دەبووەوە و لێی دەڕەنجا و دوور نەبوو داوای دوئێلی لێبکات. دیارە لەم خەیاڵەیدا زۆر ڕاستگۆ بوو، چونکە هەرگیز، ڕۆژێ لە ڕۆژان، بۆ تاقە جارێکیش ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتووە کە ئەم کیژە حەزی لێبکات، یان ئەم حەز لەو بکات. تەنانەت ئەگەر بەخەیاڵیش شتی وای بەمێشکا هاتبا لە خۆی تەریق دەبووەوە، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد: پێی وابوو ئەگەری ئەوەی کە کیژۆڵەیەك "حەز لە پیاوێکی وەکو ئەو بکات." حاڵەتێکی غەریبە، شتێکی نەشازە. ئەوپەڕەکەی دەکرێ ناوی هەوەسی ڕەوتەنی کیژێکی لێ بنێی کە میرزادە ئەمەی بە کارێکی زۆر ئاسایی دەزانی، قەناعەتی وابوو نابێ بە شتی وا بهاڕووژێت و خۆی لێبکات بە خاوەن. میرزادە بە خەمی شتی واوە نەبوو. خەم و خەیاڵی ئەو شتێکی دیکە بوو، زۆر لەمە جیاواز بوو. میرزادە، قەناعەتی تەواوی بەو قسەیەی جەنەڕاڵ بوو، کە بە دەم هەڵچوونەوە و بە پەلە و بەدەم ڕێوە، پێی گوتبوو کە ئاگلایا بە هەمووان، بە تایبەتی بە میرزادە، ڕادەبوێرێ. هەڵبەتە ئەو قسەیەی نە لەدڵ گرت و نە پێشی زویر بوو، نە ئەزیەتی پێ خوارد، بەپێچەوانەوە بە لایەوە ئاسایی بوو. شتی سەرەکی بەلای میرزادەوە ئەوە بوو کە سبەی بەیانی، سەعات حەوت، ئاگلایا. لەسەر ئەم تەختە کەسکە، لە تەنیشت خۆیەوە دەبینێ، بەدەم تەماشاکردنیەوە، گوێی لێدەگرێ کە چۆن باسی داگرتنەوە و پڕکردنی دەمانچەی بۆ دەکات. لە وەی زیاتر هیچی تری نەدەویست. یەك دووجار لە دڵی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کە ئاخۆ ئاگلایا نیازی وایە

باسی چی له گه‌ڵدا بکات، ده‌بێ ئه‌و مه‌سه‌له گرینگه‌ی که ئاگلایا گوتی په‌یوه‌ندی ڕاسته‌وخۆی به ژیانی ئه‌مه‌وه هه‌یه چ بێ؟. هه‌رچه‌نده هیچ گومانی له حه‌قیقه‌تی ئه‌و "مه‌سه‌له گرنگه" نه‌بوو، که له پێناویا ئه‌م ژوان و ژوانگه‌یه‌ی بۆ دانرابوو. به‌ڵام هه‌نووکه که‌متر بیری لێده‌کرده‌وه، ڕاستت ده‌وێ حه‌زی نه‌ده‌کرد به ئاسته‌میش بیری لێبکاته‌وه. مێشکی خۆی پێوه مژول بکات.

له‌پڕ ده‌نگی خشه خشی پێیان به‌سه‌ر زیخی ڕاڕه‌وی نێوان دره‌خته‌کانه‌وه، میرزاده‌ی وه‌ئاگا هێنا و کردیه کارێك كه سه‌ر هه‌ڵبڕێ. پیاوێك، كه ده‌موچاوی له تاریکییه‌که‌دا به جوانی نه‌ده‌بینرا، به‌ره به‌ره هاته به‌ره‌وه و له لای ئه‌وه‌وه و له‌سه‌ر ته‌خته‌که ڕۆنیشت. میرزاده خۆی لێ برده پێشه‌وه، ته‌واو لێی وردبووه‌وه، ده‌موچاوی زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕاوی ڕوگوژینی ناسییه‌وه.

ڕوگوژین، له بن لێوانه‌وه. به‌ده‌م دانه چیڕێوه گوتی:

– ده‌مزانی له‌م ناوه ده‌سوڕێیته‌وه، باش بوو زوو دۆزیمیته‌وه.

ئه‌مه یه‌که‌م دیداری ئه‌و جووته بوو له پاش دوا دیداریان له ڕاڕه‌وی ئوتێله‌که‌دا. ئه‌م ده‌رکه‌وتنه کوتوپڕه‌ی ڕۆگوژین که نه له‌خه‌یاڵا بوو و نه له بیرا، میرزاده‌ی به‌جۆرێ حه‌په‌ساند، که تا ماوه‌یه‌ك به‌نج بوو، هه‌ستێکی هه‌ڤدژ چنگی نایه دڵ و ده‌روونی، ڕوگوژین هه‌ستی کرد که چوونه‌که‌ی چ کارێکی له میرزاده کرد. ئه‌گه‌ر چی له‌سه‌ره‌تاوه هه‌ندی شپرزه دیاربوو وبه جۆره خۆنوێنییه‌کی عه‌مدیه‌وه قسه‌ی ده‌کرد، به‌ڵام میرزاده زوو په‌ی به‌وه برد که نه شپرزه‌یی له‌ئارادایه و نه هیچ، ئه‌گه‌ر ڕه‌فتار و گوفتاری هه‌ندی نا هه‌نجار وناقۆڵا ده‌نوێنێ، ئه‌مه ته‌نیا ڕواڵه‌ته، ده‌نا هیچ گۆڕانێك له جه‌وهه‌ر و ناخی ئه‌م پیاوه‌دا ڕووی نه دابوو.

میرزاده، هه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی قسه‌یه‌ك بکات، له ڕوگوژینی پرسی:

– چۆنت دۆزیمه‌وه... چۆن زانیت لێره‌م ؟

– کیللەر پێی گوتم: "چووه بۆ باخه‌که". "چوو بووم بۆ ماڵه‌که‌ت"، له دڵی خۆدا گوتم: باشتر. به مه‌رامی خۆم گه‌یشتم.

میرزاده، به نیگه‌رانیه‌وه پرسی:

– مه‌به‌ستت چیه که ده‌ڵێی: "به مه‌رامی خۆم گه‌یشتم."

ڕوگوژین، تیزخه‌نێکی بۆ کرد، به‌ڵام خۆی له وه‌ڵامی پرسیاره‌که دزییه‌وه و گوتی:

– لیـون نیگولایـوفیچ، کاغەزەکـەم پێگـەیی. پێشـنیازەکەت بێسـوودە، پێویسـت ناکـات خـۆت ئەزیـەت بدەی. وازبهێنـە بـا مەسـەلەکە بـەو دەقـەوە بمـێنێ. مـن قاسـیدی ئـەوم، لـە لایـەن ئـەوەوە هـاتووم بـۆ لات. دەیـەوێ بتبـینێ. شـتێکی بـە لـەز هەیـە حـەزدەکات پـێتی بڵێـت. حـاڵی حـازر، ئەمشەو چاوەڕوانت دەکات.

– سبەی دەچم بۆلای. ئێستا یەکسەر بۆ ماڵ دەگەڕێمەوە. تۆ... دێی لەگەڵما؟

– بۆچی لە گەڵتابێم؟ من هەموو شتێکم پێگوتی. خواحافیز.

میرزادە، بە نەرمی پرسی:

– نایەی؟

– تۆ پیاوێکی سەیری لیون نیکولایوفیچ. پیاو سەری لێت سوڕدەمینێ.

روگوژین، بەدەم ئەو قسەیەوە، تیزخەنێکی بۆ کرد.

میرزادە، بە گەرمی، بەڵام گەرمییەکی خەمین گوتی:

– بۆچی، ئەم قسەیە چیە ؟ ئەم دوژمنایەتیەی تۆ بەرانبەر بەمن چیە؟ بۆچی ئەم هـەموو ڕقـەت لـێ هـەڵگرتووم ؟ خـۆ بـۆت دەرکـەوت هەرچـی گومـان و مەزەنـدەت هەیـە بێبـنچ و بنـاوان بـوون. مـن دڵنیابووم کە تۆ دڵت لە من پاك نەبووەتەوە، دەزانـی بـۆ؟ چونکە تـۆ دەسـتت لێکردمـەوە، ویسـتت بمکوژێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە دڵت پاك نەبووەتـەوە، بـەڵام سەبارەت بـە مـن، باوەڕبکـە تـەنیا یـەك روگـوژین دەناسـم ئـەویش ئـەو بـارفیون روگوژینەیـە کـە ڕۆژەکـە خاچـەکەم دەگـەڵی گۆڕییـەوە و پـەیمانی برایـەتیمان بەست. ئـەو نامەیـەی دوێـنێ بـۆم ناردیت، بۆ ئـەوە بـوو هـەموو ئـەو خەیاڵاتـە لـە سـەری خـۆت دەربکـەیت و جارێکی دی باسـی نەکـەیت. بۆچـی خـۆتم لـێ دوور دەگریـت ؟ بۆچـی دەسـت دەشـاریتەوە؟ بـاوەڕ بکـە، مـن هـەر هـەموو ئـەو شـتەی کـە جـاری پێشوو لە بەینماندا رووی دا، بە جۆرە شێتی و بزرکاندنێك دەزانم. من ئاگـام لـەوە هەیـە کـە ئـەو ڕۆژە لـە چ حاڵێکا بوویت. ڕێك وەکو ئـەوەی ئـەو حاڵـە بـە سـەر خـۆم هـاتبێ بـەو ئاوایـە ئاگـام لـە حـاڵی ئـەو ڕۆژەی تـۆ هەیـە. ئـەو خەیاڵاتـەی کـە ئـەو ڕۆژە دابـووی لەسـەرت، ئەسـڵ و ئەساسـی نەبوو. ئیدی لەسەر چی ئەم دوژمنایەتیە بکەین؟

روگوژین، بەدەم تیزخەنێکەوە، لە وەڵامی گوتە گەرم و گوڕ و ڕاستەکانی میرزادەدا گوتی:

– باشه دڵی تۆ جێی دژمنایەتی تیا دەبێتەوە ؟

بە ڕاستی روگوژین، لە میرزادە دوورکەوتەوە، چەند شەقاوێك لە دووری ئەو وەستا. بە ڕاستی هەردوو دەستی لە پشتیەوە شاردبووەوە. هەنگێ بە کورتی لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– لیون نیکولایوفیچ، زۆر زەحمەتە لە ئێستا بە دواوە هاتوو چۆت بکەم، مەحاڵە بتوانم بێمە ماڵەکەت.

– یانی تا ئەم ڕادەیە ڕقت لێمە ؟

– خۆشم ناوێی لیون نیکولایوفیچ، ئیدی بۆچی بێمە ماڵەکەت؟ تۆ وەکو منداڵ وایت. کە وڕکت لە گەمەیەك گرت دەبێ یەکسەر بەدەستی بێنی. قسە ناچێ بە مێشکتدا. ئەوەی ئێستا دەیڵێیت، تەنیا دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە کە لەنامەکەی دوێنێدا نووسیووتن، تۆ پێت وایە باوەڕت پێناکەم؟ با، باوەڕ بە هەموو وشەیەکت دەکەم. من دەزانم کە تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان فریوت نەداوم و فریویشم نادەیت. وێڕای ئەمەش خۆشم ناوێی. تۆ بۆت نووسیوم هەموو ڕابردووم لە مێشکی خۆیدا سڕیوەتەوە، تەنیا ئەو روگوژینە دەناسیت کە خاچەکەت دەگەڵی گۆڕیوەتەوە نەك ئەو روگژینەی کە چەقۆی لێدەرهێنایت. بەڵام تۆ چوزانی من چیم لە دڵ و لە ناخدایە؟ (بەدەم ئەو قسەیەوە دووبارە کەوتەوە تەوسکەن). ڕەنگە من لەو ڕۆژەوە تا نهوو زەڕەیەك لەو کارەی خۆم پەشیمان نەبووبم، کەچی تۆ برایانە گەردنی منت ئازا کردووە، گەردن ئازادی خۆت بۆ من ناردووە. ڕەنگە من ئێوارەی ئەو ڕۆژە، بیروخەیاڵێکی دیکەم هەبووبێ،...

– ئەو بیرەت فەرامۆش کرد.

میرزادە بەو قسەیە ڕستەکەی بۆ تەواوکرد و هەڵیدایە:

– دەزانم! بەڵام دەتوانم گرێوت دەگەڵ بکەم کە یەکسەر چوویت سواری قیتاری پاڤلوفسك بوویت و بۆ ئێرە هاتیت، تا بە بیانووی گوێگرتن لە موزیك و کۆنسێرت، لە ناو خەڵکەکەوە بکەوێتە تاقیب و چاودێری، ڕێك وەکو ئەم کارەی کە ئەمڕۆ کردووتە. پێتوایە من ئەمەم پێ سەیرە؟! خۆ ئەگەر هەموو فیکر و، خەیاڵ و نیاز و مەبەستێکت تەنیا ئەمە نەبوایە، لە گێن بوو، زۆر لە گێن بوو کە چەقۆ لە من دەرنەیەنی.... ئەو ڕۆژە، هەر لە بەیانیەوە کە تەماشام دەکردیت دەترسام، دەمزانی کەتنێك هەردەکەی، دەزانی لە چ حاڵ و بارێکابوویت ؟ یانی ئەو ڕۆژەی کە خاچەکانمان گۆڕییەوە، لە ناخی خۆما جۆرە گومانێکم لێکردیت، بۆچی دوای گۆڕینەوەی خاچەکان، بۆچی یەکسەر بۆلای دایکە پیرەکەت بردم؟ وات خەیاڵ دەکرد، ئەم کارە دەستت

دەبەستێتەوە؟ نا، مەحاڵە خەیاڵی وات کردبێت، شتی وات بە مێشکا هاتبیٚ. تۆش هەمان حاڵی منت هەبووە، هەردووکمان هەمان هەستمان هەبووە. هەردووکمان گومانمان لە یەکدی هەبووە. ئەگەر تۆ قەستی گیانت نەکردبام، (باش بوو خوا بەخێری گێڕا) ئێستا بە چ چاوێك سەیری منت دەکرد؟ بە هەرحاڵ من لە تۆ بەگومان بووم، یانی گوناحمان بەشەریکی (ڕووت گرژ مەکە، بۆچی پێدەکەنی؟ گاڵتەت پێم نەیەت). دەڵێی پەشیمان نەبوویتەوە! باشە. هەڵبەتە ئەگەر بشتویسبا ژێوان ببیتەوە، نە تدەتوانی ژێوان ببیتەوە، چونکە لە ناخی دڵتەوە ڕقت لەمنە. تە نانەت ئەگەر لە ئاستی تۆدا وەکو فریشتەش پاك و بیٚ گوناهبام، هەر چاوت پێمدا هەڵنەدەهات، تا ئەو کاتەی وا خەیاڵ بکەیت کە منی خۆشدەویٚ نەك تۆ، هەر خۆشت لێم نایەت، ئەمە غیرەیە، نیشانەی حەسوودیە. پارفیون، دەزانی ئەم هەفتەیە گەییمە چ قەناعتێك؟ حەزدەکەم پێتی بڵێم: دەزانی، حاڵی حازر تۆی لە هەرکەسێکی دیکە خۆشتر دەویٚ. خۆشەویستییەکی ئەوتۆیە تا زیاتر ئەزیەتت بدات زیاتر خۆشی دەویی، ڕمموودەت دەبێت. هەڵبەتە هەرگیز نایەت بەرەو ڕوو ئەمەت پیٚ بڵیٚ، بەدەمی خۆی ئەمەت پیٚ ناڵیٚ، بەڵام پیاو دەبیٚ بە خۆی پەی بەمە بەرێت. بۆچی سەرباری هەموو شتێك قەبووڵی کردووە شوو بە تۆ بکات؟ ڕۆژیٚ دیٚ بەخۆی ئەمەت پیٚ دەڵیٚ. هەندیٚ ژن هەن، حەزدەکەن پیاو بەو جۆرە خۆشی بوێن، یانی پیاوەکە مەجبوور بکەن، ئەویش یەکێکە لەو ژنانە. دەزانی ژن کە دەکەوێتە عەزابدانی پیاو، سووك و چروکی دەکات، دەیکات بە قەشمەر و گەپجاڕ، دەیکات و هەر بە خەیاڵیشیا نایەت، ویژدانی چی و عەزابی ویژدانی چی؟ کە دەتبینیٚ، لە دڵی خۆیدا دەڵێت. " ئێستا گیانی دەگەیەنمە کونە کەپووی، عەزابێکی وای دەدەم، سەد خۆزگەی بەمردن، بەڵام پاشان، تۆڵەی بۆ دەکەمەوە، بە ئەشقی خۆم زندووی دەکەمەوە..."

روگوژین، تا کۆتایی گوێی لەو قسانەی میرزادە گرت، ئەوجا کەوتە پێکەنین و پرسی:

– باشە میرزادە تۆ بەخۆت تووشی ژنی وابوویت؟ هەندی شتی وام لەبارەتەوە بیستووە، ئایا ڕاستە؟

میرزادە، لەپڕ ڕوانیە ڕۆگوژین، پەشێو و پەرێشان گوتی:

– چی؟ چیت لەبارەمەوە بیستووە ؟

روگوژین، هەر پێدەکەنی. ئەو قسانەی میرزادە، نەك هەر وروژاندی، بەڵکو لەزەتیشی پێبەخشی. ئەو گەرم و گوڕی و ڕووخۆشی و خۆش مجێزیەی میرزادە نەك هەر زۆری کارتێکرد بەڵکو جۆرە سوکنایيەکیشی پێبەخشی.

روگوژین گوتی:

– نەك هەر بیستوومە، بەڵكو بەم قسانەی ئێستاتدا گەییوومەتە ئەو قەناعەتەی كە ڕاستی ڕاستە، ئاخر تۆ كەی جاریێ لە جاران بەم ڕاشكاوی و ڕوونیەی ئێستا قسەت كردووە؟ دەڵێی پیاوێكی دی چووەتە كڵێشەتەوە و بە زمانی تۆوە قسان دەكات. ئەگەر شتێكی وام لەبارەتەوە نە بیستایە، بەم نیوەشەوە نەدەهاتم بۆ ئێرە، بۆ ئەم باخە.

– پارفیون سیمیونۆفیچ، لە مەبەستت ناگەم.

– ئەوەی ڕاستی بێ دەمێكە بۆی باسكردووم، ئەمڕۆكە كاتێ بەچاوی خۆم دیتم، كە لە تەنیشت ئەو كیژە گەنجەوە دانیشتوویت و گوێ لە موزیك دەگریت، ئیدی لە قسەكانی ئەو دڵنیابووم و هیچ گومانێكم لە دروستی قسەكانی نەما. دوێنێ و ئەمڕۆ سوێندی بۆ خواردم كە تۆ ئاشق و دێوانەی ئاگلایا یەپانچین بوویت. ئەمە نە بەلای منەوە گرینگە و نە هیچ پەیوەندییەكی بە منەوە هەیە. بەڵام ئەوەی گرینگە ئەمەیە كە ئەگەر تۆش ناستاسیا فیلیپوڤنات خۆش نەوێ، ئەو هێشتا هەر دڵبەستەی تۆیە. دەزانی لێبڕاوە بە هەر نرخێ بووە ئەو كیژەت بۆ بخوازێت؟ سوێندی خواردووە كە ئەم كارە بكات! ها، ها! پێی گوتم: " تا ئەم كارە سەر نەگرێت، شووت پێناكەم. هەركاتێ ئەوان چوون بۆ كلێسا ئێمەش دەچین ". بە ڕاستی نازانم نیازی چیە و مەبەستی لەم قسانە چیە: یان بێ ئەندازە خۆشی دەوێی یان... بەڵام ئەگەر خۆشی بوێی، چۆن قەبووڵ دەكات كەسێكی دی بخوازێت، نەخاسما بەخۆیشی هەوڵت بۆ بدات ؟... ئەوەش دەڵێت: "من خۆشیی ئەوم دەوێ، حەزدەكەم بەخۆشی ببیدینم ". بەم پێیە پێموایە مانای وایە كە خۆشی دەوێی.

میرزادە، كە بە خەمێنی گوێی بۆ قسەكانی ڕوگوژین شل كرد بوو، بە كەسەرەوە گوتی:

– من چ بە قسەو چ بە نووسین، پێمگوتوویت كە ئەو ئافرەتە، ئاقڵ نیە، ئەقڵی پڕ نیە..

– بەندەناس هەر خوایە، لەوەیە هەڵە بیت!... ئەمڕۆ كاتێ كە لە ئاهەنگی موزیك، لە باخەكە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، ڕۆژی مارەبڕینەكەی دیاری كرد. گوتی: "سێ هەفتەی دی ڕەنگە زووتریش زەماوەند دەكەین". لە بەردەم ئیكۆنەكەی حەزرەتی عیسادا سوێندی بۆ خواردم و ئیكۆنەكەی ماچ كرد. بۆیە هەنوكە هەموو شتێك وەستاوەتە سەر تۆ میرزادە. ها، ها!...

– ئەمە هەمووی یاوەگۆییە (وڕاوە، وڕێنە)! ئەوەی تۆ بۆ من پێشبینی دەكەیت هەرگیز نایە تەدی! سبەی دێم و دەتبینم...

ڕوگوژین، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– به چیا دەڵێی شێتە، ئەقڵی تەواو نیە؟ بۆچی بەلای هەموو کەسێکەوە ئاقڵە، تەنیا بەلای تۆوە تەواو نیە؟ ئەگەر شێت بوایە چۆن دەیتوانی نامە بۆ ئەوێندەر بنێرێت؟ ئەگەر شێت بوایە بە نامەکانیا دەیانزانی، لە نامەکانیا ڕەنگی دەدایەوە و دەردەکەوت.

میرزادە، بە شپرزەیی پرسی:

– کام نامانەت مەبەستە ؟

– نامە بۆ "ئەو" دەنێرێت، ئەویش نامەکانی دەخوێنێتەوە. مەگەر نازانی؟ کەواتە دوایی دەزانی. بێگومان پێتی نیشان دەدات.

میرزادە هاواری کرد:

– مەحاڵە، شتی وا مەحاڵە!

– تاهو تاهو! لیون نیگولایوفیچ، ئەوەندەی من بزانم و تێبگەم هێشتا زۆرت ماوە، تازە لە هەوەڵی ڕێگادایت. کەمێك چاوەڕوان بکە: هەنگێ هەستی جاسووسی و تاقیب و تاقیبکاریت لا دروست دەبێت و شەو وڕۆژ گوێ هەڵدەخەیت هەر هەنگاوێك بنرێت دەیزانیت، ئەگەر...

میرزادە هاواری کرد:

– بەسە! بیبڕەوە، چیتریش باسی ئەمە بۆ من مەکە، گوێ بگرە پارفیون: ڕێك بەر لەوەی تۆ بێیت، لێرە پیاسەم دەکرد، لەخوت و خۆڕایی، بێئەوەی بزانم بۆچی! لەپڕ دەستم بە پێکەنین کرد. بیرم کەوتەوە کە سبەینێ ڕێکەوتیساڵیادی لەدایکبوونمە. ئێستاش نزیکی نیوەشەوە. پیاوی باش بە، لە گەڵما وەرە با پێکەوە ئەمشە و ڕۆژ بکەینەوە. لەماڵەوە کەمێك شەراب شك دەبەم، بۆ خۆ دەمێکیش تەڕدەکەین و تۆ ئارەزووی ئەو شتانەم بۆ بکە کە خۆم ناتوانم لەم ساتەدا ئارەزووی بکەم. حەزدەکەم تەنیا تۆ ئەو دوعا و ئارەزووەم بۆ بکەیت نەك کەسێکی دی. منیش ئارەزووی ئەوپەڕی بەختەوەریت بۆدەکەم. ئەگەر بە تەمانیت لەگەڵما بێی، بێنە خاچەکەم بدەوە! کوا بۆم بگێڕەوە. ئاخر تۆ ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە بۆت نە ناردمەوە. هێشتاش لە ملتە؟
روگوژین بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ.

– کەواتە لەگەڵم وەرە! نامەوێ بە تەنیا، بە بێ تۆ ساڵ تازە بکەمەوە. چونکە سەبارەت بەمن ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات! پارفیون، چما نازانی ژیانی تازەی من لەمڕۆوە دەستی پێکردووە؟

– ئێستا بۆم دەرکەوت و دەزانم کە دەستی پێکردووە. بەویش(ناستاسیا) دەڵێم. لیون نیکولایوفیچ، تۆ ئەمڕۆ خۆت نیت، نیکولایوفیچەکەی جاران نیت.

پەراوێز:

*** – ".. ئەم قسەیەم لە خەڵکانی شارەزا بیستووە.." پوشکین لە دوئێلەکەیدا، دەگەڵ دانیتس، لە ٢٧/ك٢/١٨٣٧دا بریندار بوو، ڕۆژی ٢٩/ك٢/١٨٣٧، سەعات دووی دوانیوەڕۆ کۆچی دوایی کرد، گوللەی ڕەقیبەکەی هەناوی دیوادەرکرد.**

فەسڵی چوارەم

کاتێ میرزادە، هاوڕێ دەگەڵ ڕوگوژینـدا، لـەماڵەکـەی خـۆی نزیـك بـووەوە، سـەیری کـرد بالکۆنەکەی لە خەڵکیدا جمەی دەهات، بالکۆنی چی، چراخانێك بوو دەتگوت ڕۆژی نیوەڕۆیە. ئیدی هەراو هوریا و کەیف و شادی، قاقای پێکەنین و، گەنگەشە و قسان بە دەنگی بەرز، سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. لە دوورەوە دیاربوو کە ئەو حەشاماتە مژولی شەوبێری و ئاهەنگێڕانن. کاتێ میرزادە بۆ بالکۆنەکە سەرکەوت، تەمەشای کرد مەزەندەکەی ڕاست دەرچوو، بینی هەموو میوانەکان شامپانیا دەخۆنەوە و دیاربوو، دەمێ بوو دەستیان بە خواردنەوە کرد بوو. چونکە زۆربەی زۆریان شاد و بەکەیف و سەرمەست بوون و لەحاڵی نەشەدا بوون. میوانەکان، گشتیان ئاشنا و ناسیاوی میرزادە بوون. بەڵام سەیر ئەوەبوو هەموویان لە یەك کاتدا، وەکو ئەوەی بە فەرمی دەعوەت کرابن، کۆبووبوونەوە، لەکاتێکا میرزادە هیچ کەسێکی دەعوەت نەکردبوو، بەخۆیشی بە ڕێکەوت و، تۆزێ لەوەپێش، بیری کەوتبووەوە کە ئەمشەو ساڵیادی لەدایك بوونیەتی.

ڕوگوژین، لەکاتێکا، دوابەدوای میرزادە، بۆ بالکۆنەکە سەردەکەوت، لەبن لێوانەوە گوتی:

– هەبێ و نەبێ، دەبێ لای یەکێك گوتبت دەعوەتی شامپانیا دەکەیت، بۆیە ئەم هەموو خەڵکە بە مجۆرە هێرشیان بۆ ئێرە هێناوە.

ئەوسا، وەك بڵێی دوا ئەزموونی خۆی وەبیرهاتبێتەوە، بەجۆرە بەدخواییەکەوە گوتی:

– ئێمە ئەمانە دەناسین! هەر ئەوەندە فیکەیەکت بۆ لێدان ئیدی...

حەشاماتەکە، بە دەم هاواری شادی و خۆشیەوە لە دەوری میرزادە خڕبوونەوە، هەرایەك بوو کەس بەکەس نەبوو، هەندێ لە میوانەکان کردبوویان بە ڕۆژی حەشر، دەنگە دەنگ و هەراو زەنایان دەگەییە بنی دنیا، هەندێکی دیکەیان زۆر هێورتر بوون. لێ هەرکە زانیان ئەو ڕۆژە ساڵیادی لە دایکبوونی ئەوە، هەموو بە جارێ لێی نزیك بوونەوە و یەك بە یەك، زۆر بە گەرمی پیرۆزباییان لێکرد. میرزادە سەری لە هاتن و ئامادەبوونی هەندێ کەس سووڕمابوو، بۆ نموونە یەکێك لەوانە بورودوفسکی بوو. بەڵام ئەوەی کە یەجگار سەرسامی کردبوو، بوونی یەڤگینی پاڤلوفیچ بوو لە ناو ئەو حەشاماتەدا. ئەوەندەی بەلاوە سەیر بوو خەریك بوو باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد، بە دیتنی ئەو بەجارێ سەراسیمە بوو.

لەم کاتەدا، لیبدیف کە دەموچاوی سوور سوور بوو بووەوە و نیمچە مەست بوو، بەخۆ و هەگبەیەك وەڵامی ئامادەوە بەلەز هات، تا مەسەلەکە ڕون بکاتەوە. بە قسە بێسەرو بەرەکانیا ئەوە دەرکەوت کە ئەو خەڵکە، بێهیچ نەخشەیەکی پێشوەختە، بە شێوەیەکی ئاسایی و، بگرە بە ڕێکەوت لەویّ خڕ بوو بونەوە. یەکەم کەس کە چوو بوو هیپولیت بوو بوو. حاڵی زۆر باشتر بوو بوو، بڕیاری دابوو تا میرزادە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی لە بالکۆنەکەدا، لەسەر تەختێك پاڵبکەویّ. دوای ئەو لیبدیف هاتبوو، هەرکە خۆی کرد بوو بە بالکۆنەکەی میرزادەدا، ئیدی هەموو خێزانەکەی، واتە کیژەکانی و جەنەڕاڵ ئیڤولگین، دوای کەوتبوون. بوردوفسکی، هیپولیتی هێنابوو، بە خۆیشی لەویّ مابووەوە. گانیا و پتیتسن کە بەڕێکەوت بەویّدا ڕەت دەبن خۆیان بەژوورا کردبوو. دوای ئەوان کیللەر هاتبوو وڕایگەیاند بوو کە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی میرزادەیە و داوای شامپانیای کرد بوو. یەڤگینی پاڤلوفیچ نزیکەی نیو سەعاتێك لەوەپێش گەیی بوو. کولیا، پێی داگرتبوو کە پێویستە بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی میرزادەوە شامپانیا پێشکەش بکریّ و ئاهەنگ و شەوبێری بێتە گێڕان. ئیدی لیبدیف کە خوا خوای شتێکی وای بوو بوو، بەلەز چوو بوو مەی و شەرابی هێنابوو.

لیبدیف، خێرا خێرا بە میرزادەی دەگوت:

– ئەمە شەراب و مەی خۆمە، لەسەر حیسابی منە، لە کیسەی منە ها، لەسەرم بوو بەبۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونتەوە ئاهەنگ بگێڕم و پیرۆزبایت لێبکەم. هەڵبەتە شێوێکی هەژارانەش پێشکەش دەکەین، شێوێکی سووك. کیژەکەم خەریکە شێو ئامادە دەکات. ئا... میرزادە... خۆزیا دەتزانی موناقەشەی چیمان دەکرد ئەم پرسیارەی (هاملێت)ت لەبیرە: " یا هەموو شتێك یان هیچ شتێك "؟ ئەمە بابەتێکی مۆدێرنە، زۆر مۆدێرنە، بابەتی ڕۆژە! پرسیار و وەڵام... بۆ ئاگاداری جەنابت ئاغای (تیرنتییف) لە کەماڵی ئیسراحەتدایە، کەیفی قنجە، ژیانی لێدەچۆڕیّ.. نایەویّ بخەویّ! ئەگەر بڵێی تەنیا یەك جورعە شامپانیای خواردووەتەوە و ئەزیەتی نادات... میرزادە، وەرە پێشەوە و ئەم گەنگەشەیەمان بۆ یەك لایی بکەوە! هەموو ئامادەبووان چاوەڕوانی تۆن، هەموو چاوەڕوانی دەمی موبارەکی تۆن کە بە بەردەباری و دووربینی خۆت، ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەیتەوە...

میرزادە، هەستی بە نیگای ناسك و شیرین و پڕ میهر و مەحەبەتی ڤیرا لیبدیف کرد، کە بەلەز دڕی بەخەڵکەکە دەدا و بەرەو لای ئەم دەهات. ئەم کیژە یەکەم کەس بوو کە میرزادە تەوقەی دەگەڵ کرد، کیژی تاین لە شەرماندا سوور بوو بووەوە، پیرۆزبایی لێکرد و ئارەزووی ژیانێکی

خۆشی " لەمڕۆ بەدواوە " بۆ کرد. ئەوسا بە هەشتا و بۆ موبەقەکە گەڕایەوە، کە خەریك بوو ژەمە خۆراکێکی سووکی ئامادە دەکرد. بەڵام تەنانەت پێش هاتنەوەی میرزادەش، جار جار کە بۆ ساتێ دەستی لە کاری موبەق بەتاڵ دەبوو، دەرفەتی دێناو دەهاتە بالکۆنەکە، تا گوێ لەو باس و گەنگەشە گەرم و گوڕ و دوورو درێژانەی نێوان ئامادەبووان، بەتایبەتی کە خواردنەوە سەری گەرم کردبوون، بگرێت. ئەو گەنگەشانەی کە زیاتر دەربارەی بابەتی تەجریدی وشك و قورسی ئەوتۆ بوون کە ئەو سەری لێدەر نەدەکردن. خوشکە چکۆلەکەی لە ژوورەکەی تەنیشتەوە، بەزاری بە شەوە، لەسەر سندوقێك، بە دانیشتنەوە خەوی لێکەوتبوو. بەڵام توریژگەکەی، کوڕی لیبدیف، لە نزیکی کولیا و هیپولیتەوە، جێی خۆی کردبووەوە و بە سیمایا دیاربوو کە ئامادەیە دە دانە سەعاتان، بەبێ جوڵە لەوێندەر دانیشێت و گوێ لەو گەنگەشە و قسانەی بگرێت.

میرزادە، پاش ئەوەی تەوقەی دەگەڵ ڤیردا کرد، بەرەو پیری هیپولیت چوو تا تەوقە دەگەڵ ئەویش دا بکات. هیپولیت، بە میرزادەی گوت:

– بە تاسەوە چاوەڕوانم دەکردیت، زۆر خۆشحاڵم کە ئەوەندە بە کەیف و خۆشحاڵی.

– لەکوێ دەزانی کە من " بەکەیف و خۆشحاڵم "؟

– بە دەموچاوتا دیارە. بڕۆ بەخێرهاتنی ئەوانە بکە و خێرا وەرەوە لەلای ئێمە دابنیشە.

هیپولیت، تاسەمەندی خۆی بۆ دووپات کردەوە و گوتی:

– بەتاسەوە چاوەڕوانم دەکردیت، بیرم دەکردیت!

کە میرزادە لێی پرسی، ئایا ئەم شەونخونی و مانەوەیە تا ئەم درەنگانە، بۆ نەخۆشیەکەی خراپ نیە، بەرسڤی دایەوە کە خۆیشی سەری لەمە سوڕماوە، هەست دەکات قەت وەکو ئەمشەو تەندروستی خۆش نەبووە. سێ ڕۆژ لەمەپێش لە ڕەخی مردنێ بوو، کەچی ئێستا سیحەتی زۆر باشە.

بورودوفسکی لەپڕ هەستایە سەرپێیان و بە پرتە پرت گوتی: "هەروا هاتووە و لەگەڵ "هیپولیتدا هاتووە". بەدیتنی میرزادە خۆشحاڵە و ئەوجا لەسەری ڕۆیی کە لەنامەکەیدا: "بێهودە گۆیی و هەرزە گۆیی" کردووە، بەڵام بە ڕاستی خۆشحاڵە کە ئێستا.. لێ قسەکەی تەواو نەکرد، بەگەرمی دەستی میرزادەی گوشی. ئەوجا لەجێی خۆی دانیشتەوە.

میرزاده کە لە بەخێرهاتنی هەموان بووەوە، بەرە و لای یەڤگینی باڤلوفیچ چوو. یەڤگینی خێرا باسکی میرزادەی گرت و بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاند:

– دەمویست، سەبارەت بە مەسەلەیەکی گرینگ دوو قسەت دەگەڵ بکەم... تەنیا دوو قسە، بە یارمەتیت با دەقیقەیەك بچینە لاوە.

دەنگێکی دیکە، بەگوێیەکەی تری میرزادەیدا چپاند: "بە یارمەتیت دەقیقەیەك"، دەستێکی دیکە بازووەکەی تری گرت، میرزادە کە ئاوڕی دایەوەو، پیاوێکی قژ بژی، دەموچاو سورەی، نێوچەوان پانی، خەنۆلی بینی، بە جاریێ سەری سوڕما. بەڵام خێرا ناسییەوە: فردیش چینکۆ بوو، کە هەر خوا دەیزانی لە کوێوە سەری هەڵدا بوو.

فردیش چینکۆ لە میرزادەی پرسی:

– فردیش چینگۆت لەبیر ماوە ؟

کیللەر، بە هەشتاو چوو بۆلایان و گوتی:

– تۆبەی کردووە. پەشیمانە. لە سوچێکا خۆی مات دابوو چونکە ڕووی نەدەهات تۆ بدینێ. پەشیمانە. هەست بە گوناح دەکات.

– بۆچی؟ مەگەر چی کردووە ؟

– میرزادە، من کە ئێستا بینیم، یەکسەر هێنام بۆ ئێرە. لە برادەرە هەرە باشەکانمە. بەڵام تۆبەی کردووە.

میرزادە، بۆ ئەوەی زوو ڕزگاری بێ لێیان، تەوقەی دەگەڵ هەردووکیاندا کرد و گوتی:

– بەخێرهاتن، بە دیدارتان خۆشحاڵم! فەرموون بچن لەنێو خەڵکەکەدا جێگا بۆ خۆ بگرن.

میرزادە، پەلەی بوو کە بە تەنیا قسان دەگەڵ یەڤگینی پاڤیلوفیچدا بکات.

یەڤگینی پاڤلوفیچ گوتی:

–ماڵەکەت زۆر خۆشە، پیاو لێرەدا دڵی دەکرێتەوە. نیو سەعاتێك چاوەڕوانم کردیت، خۆشم لێگوزەرا. جا برادەری ئازیز با بێمە سەر مەسەلەکە. هەموو شتێکم دەگەڵ گورمیشیفدا تەرتیپ کردووە، بۆیە هاتووم تا لەو ڕووەوە دڵنیات بکەم و خەیاڵت ڕەحەت بێ. هیچ نیگەران مەبە. زۆر

ئاقڵانه ڕەفتاری کرد، ڕێك بەو شێوەیەی چاوەڕوانی لێدەکرا، چونکه ئەوەندەی من بزانم، خەتاکه لەو بوو، ئەو هەڵه بوو.

– ئەم کورمیشیفه دەکاته کێ؟

– عەجایەب... ئەو پیاوەی که له باخەکەدا، لەپشتەوە هەردوو دەستیت گرت. ئەوەنده توڕە بوو، به تەما بوو بۆ سبەینێ شایەدەکانیت بۆلا بنێرێ تا داوای دوئێلت لێبکەن.

– بەڕاست.. که کارێکی گەوجانەیه !...

– به ڕاستی گەوجانەیه... هەڵبەته ئاقیبەتێکی خراپی دەبوو... ئیدی دەڵێی چی، له وڵاتی ئێمەدا ئەمجۆره خەڵکەش...

– یەڤگینی پاڤلوفیچ، هەر بۆ ئەمه هاتووی یان ئیش و مەبەستێکی دیکەشت هەیه ؟

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بەدەم پێکەنینەوە، وەڵامی دایەوە:

– هەڵبەته ئیشێکی دیکەشم هەیه. میرزادەی ئازیز، سبەی بەیانی زوو، دەڕۆم بۆ پترسبۆرگ، تا لەڕێوڕەسمی کفن و دفنی ئەو داماوەدا، مەبەستم مامه، بەشداری بکەم. دەزانی هەموو قسه و باسەکان ڕاست دەرچوون، هەموو خەڵکی پێیان زانی بوو تەنیا من نەبێت. تەسەور بکه، هه واڵەکه به جۆرێ گێژی کردم، بەڕادەیەك سەرقاڵی کردم، نەمپەرژا بچمه دیدەنی ئەوانیش(ماڵباتی یەپانچین) هەڵبەته سبەینێش دەستم ناگا بچمه دیدەنیان، چونکه دەبێ له پترسبۆرگ بمێنمەوە. تێدەگەی؟ ڕەنگه تا سێ ڕۆژی دی له پترسبۆرگ نەگەڕێمەوە. به کورتیەکەی وەزع و حاڵم شەپرێوە. نامەوێ شتەکه گەورە بکەمەوە.. بەڵام وێڕای ئەوەش حەزم کرد بەرلەوەی سەفەر بکەم، بەو پەڕی ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە، بێئەوەی کات بەفیڕۆ بدەم چەند قسەیەکی تایبەتیت لەگەڵدا بکەم. ئەگەر ڕێم بدەیت، تا کۆتایی ئاهەنگەکه لێرە دەمێنمەوە. ئەمه جگه لەوەی هیچ شوێنێکی دی شك نابەم که بۆی بڕۆم، ئەوەندەش پەرێشان و نیگەرانم که مەحاڵه بتوانم ئەمشه و بخەوم. هەرچەنده ئەم داوایەی من له تۆ جوان نییەو زۆر قورسه، بەڵام به ڕاشکاوی دەیڵێم که من به ئومێدی دۆستایەتی تۆ هاتووم میرزاده گیان. تۆ پیاوێکی بێ وێنەی، یانی له هیچ هەلوێستێکدا درۆ ناکەیت، و ڕەنگه به عەمراتت درۆ نەکەیت. من سەبارەت به مەسەلەیەکی تایبەتی پێویستم به دۆستێکی ڕاستگۆ، گیانی به گیانی و ئامۆژگارێکی ئەمین هەیه، چونکه حاڵی حازر لەو پەڕی تەنگانه و بەدبەختی دام...

دیسان دەستی بە پێکەنین کردەوە.

میرزادە، بۆ دەمێك لە فکران ڕاچوو و، گوتی:

– کێشە ئەوەیە، تۆ دەتەوێ تا میوانەکان دەڕۆن، هەر چاوەڕوان بکەیت، بەڵام مەگەر هەر خوا بزانێ ئەوانە کەی دەڕۆن! باشە ئەگەر ئێستا بەدوو قۆڵی بڕۆین بۆ باخی گشتی باشتر نیە؟ با ئەوان چاوەڕوان بکەن، قەیدی نیە پاشان من تەوازۆیان لێدەخوازم.

– نا، نا، حەزناکەم، هەست بکەن کە دەمەوێ دەربارەی شتێکی تایبەتی قسانت دەگەڵ بکەم. چونکە خەڵکانێکیان تیایە، زۆریان مەبەستە بە پەیوەندیەکانی نێوانمان بزانن، بەوەت نەزانیوە میرزادە؟ باشتر وایە کە پەیوەندی ئێمە لە هەموو کاتێکا، لە شێنەیی و لە تەنگانەدا کە زۆر دۆستانەیە و هیچ ڕەمز و ڕازێك لە گۆڕێ نیە، هەر وابمێنێ، حاڵی بوویت؟ دوو سەعاتێکی دی هەموویان دەڕۆن. هەنگێ بیست دەقیقەیەك، ئەوپەڕی نیوسەعاتێك لەوەختت دەگرم...

– ببورە، ببورە! من دەخزمەتودام، بە تۆ خۆشحاڵم. پێویست بەو ڕوونکردنەوەیە ناکات. سوپاسی هەستی برایانەت سەبارەت بە دۆستایەتی نێوانمان، دەکەم. ببورە کە ئەمڕۆکە حەواسم زۆر پەرتە، دەزانی حاڵی حازر ناتوانم تەرکیز لەسەر هیچ شتێك بکەم؟

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بەدەم سووکە بزەیەکەوە، بە ئەسپایی گوتی:

– ئاگام لێیە! پێتەوە دیارە!

یەڤگینی پاڤلوفیچ، ئەو شەوە زۆر ئاسودە و خۆشمجێز دیاربوو.

میرزادە، بە شپرزەیی پرسی:

– ئاگات لەچیە؟

یەڤگینی پاڤیلوفیچ، کە خۆی لە وەڵامی ڕاستەوخۆی ئەو پرسیارە دەدزییەوەو هێشتا هەر بزەی لەسەر لێوان بوو، لە سەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:

– میرزادە گیان، ئایا گومانی ئەوەم لێناکەیت کە ئەم هاتنەی من تەنیا بۆ ئەوە بێت فریوت بدەم و هەندێ زانیاری و قسانت لێ دەربهێنم، ها؟

میرزادە، دوای سووکە هەڵوەستەیەك، دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی:

– گومانم لەوە نیە کە هاتوویت تا قسەم لێدەربێنی، ڕەنگە لە دڵی خۆیشتدا گرێوت لەسەر ساویلکەیی من بێت. بەڵام ڕاستت گەرەکە لێت ناترسم. باوەڕدەکەیت لەم کات و ساتەدا ئەم شتەم بەلاوە گرینگ نییە ؟ ئەوجاش... چونکە پێش هەموو شتێك قەناعەتم وایە کە تۆ پیاوێکی زۆر باشیت، هەر چۆنێ بێ، لە ئەنجامدا دەگەین بە یەك و دەبین بە دۆست و برادەر! یەڤگینی پاڤیلوفیچ من تۆم زۆر چووەتە دڵەوە. چونکە تۆ... بە ڕای من... پیاوێکی زۆر بەڕێز و سەنگینی!...

یەڤگینی پاڤلوفیچ گوتی:

– من تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە بە ناسینی تۆ زۆر خۆشحاڵم. فەرموو بە سەلامەتی تۆ پێکێ دەخۆمەوە. بەڕاستی بەم دیدارەت زۆر شادم...

لێرەدا قسەکەی خۆی بڕی و لە پڕ و بێهیچ پێشەکیەك گوتی:

– ئەم برادەرە... هیپولیت هاتووە لای تۆ بژی ؟

– بەڵێ.

– باوەڕ ناکەم بەم زووانە بمرێت، وانیە ؟

– بۆ ئەمە دەپرسیت ؟

– هەروا، بۆ هیچ! نیوسەعاتێکم دەگەڵدا بەسەر برد...

هیپولیت، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ئەو دووە سەرگەرمی گفتوگۆ بوون، چاوەڕێی میرزادەی دەکرد، نە چاوی لە میرزادە دەگواستەوە نە لە یەڤگینی پاڤیلوفیچ. کە بەرەو مێزەکە گەڕانەوە، ئۆخژنێکی گەرم لە دڵ و دەروونی گەڕا. نیگەران بوو، تەواو هەڵچوو بوو. تنۆکە ئارەقەی سەر هەنیەی، وەکو مرواری دەدرەوشایەوە. چاوە درەوشاوەکانی جۆرە ترسێکی کۆنگی لە پەستا و بێ بڕانەوەیان پێوە دیار بوو، نیگای جۆرە بێقەرارییەکی نامەفهوومی دەنواند، لێکدا لێکدا لە شتێکەوە بۆ شتێکی دی، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگواستەوە. لە سەر هیچ شوێنێك نەدەگیرسایەوە. هەرچەند تا ئەوکاتە بەشدارییەکی جدی لە گفتوگۆ و گەنگەشە گەرمەکانی دەوروبەری خۆی کردبوو، بەڵام ئەم گەرم و گوڕیە، زیاتر وڕاوەگۆیی بوو، قسەکانی هەڤدژ و بێ سەرو بەر بوون. بیرکردنەوە و هزرینی پچڕ پچڕ بوو، تەوس و بێ موبالاتی و خەمساردی بە زمانییەوە دیاربوو. ڕستەکانی تەواو نەدەکرد، جاری وا هەبوو لە گەرمەی ئەو گفتوگۆ و

گەنگەشەیەدا کە خۆی دەقیقەیەك لەوەپێش کردبویەوە و وڕوژاندبووی دەوەستا، بە نیوەچڵی وازی لێدێنا و نەدەگەڕایەوە سەری. میرزادە کە زانی، ئەو شەوە ڕێگەی (هیپولیت)یان داوە دوو پێکی گەورەی شامپانیا بخواتەوە، زۆری پێناخۆش بوو. ئەو پێکەی کە لەسەر مێزەکە، لەبەردەمیا دانرابوو وتۆزێکی لێخوارد بووەوە، پێکی سێیەم بوو. بەڵام میرزادە دوایی بە مەی زانی بوو، لەوساتەدا هەستی پێنەکرد بوو.

هیپولیت هاواری کرد:

– دەزانی زۆر خۆشحاڵم کە ساڵیادی لەدایکبوونت کەوتووەتە ئەم ڕۆژە تایبەتیەوە؟

– بۆچی؟

– ئێستا دەیزانی بۆچی. تۆ جارێ خێرا وەرە لێرە لەسەر مێزەکە دابنیشە، چونکە ئەم هەموو خەڵکە – ئەم دۆستانە لەبەر خاتری تۆ لێرە خڕ بوونەوتەوە... پێشبینیم دەکرد خەڵکێکی زۆر بێن، ئەمە یەکەمجارە لە ژیانما پێشبینیم ڕاست دەرچووبێ! حەیفێ، خۆزیا پێشتر دەمزانی کە ئەمڕۆ ساڵڕۆژی لەدایکبوونی تۆیە، تا بەلای کەمەوە دیارییەکم بۆ هێنابای.. ها، ها! کێ ناڵێ نەمهێناوە و ئێستا لە گیرفانما نیە؟ ئەرێ زۆری ماوە بۆ بەیانی؟

پتیشن، تەماشایەکی سەعاتەکەی خۆی کرد و گوتی:

– نزیکەی دوو سەعاتێکی ماوە بەیان بدات.

یەکێك لەو بەینەدا هەڵیدایە:

– چمان داوە لە بەیان. لەکاتێکا کە بشێت بە بێ بەیان بخوێنین، بۆچی چاوەڕوانی بەیان بین؟*

– بۆچی؟ چونکە من گەرەکمە هەتاو بدینم. میرزادە بۆم هەیە بە سەلامەتی خۆر، بەخۆشی خۆر پێکێ بخۆمەوە؟ تۆ چ دەڵێی؟

هیپولیت. بێ مدارا قسانی دەکرد، ڕووی دەمی لە هەموان بوو، لەتۆ وایە فەرماندەیەکە و فەرمان دەردەکات، هەرچەند لەوە نەدەچوو بەخۆی بەوە بزانێ و هەستی پێبکات.

– بە کەیفی خۆت! با بخۆینەوە! بەڵام هیپولیت تۆ دەبێ کەمێك بێدەنگ بی، پێویستت بە ئیسراحەتە، وانیە؟

– میرزاده تۆ هەمیشە ئامۆژگاریم دەکەیت کە دەبێ بڕۆم بنووم، لەلەیەك چۆن مامەڵە لەتەك منداڵدا دەکات، بەو ئاوایە مامەڵەم لەتەکدا دەکەیت. هەرکە هەتاو هەڵهات و ئاسمانی پرشنگ باران کرد(ئەریێ ئەم بەیتە شیعرە هی کێیە کە دەڵێت: "هەتاو ئاسمانی نقومی پرشنگان کرد."؟* بە یتێکی بێ مانایە، بەڵام جوانە) هەنگێ من دەچمە جێوە و دەنووم. لیبدیف ئایا هەتاو سەرچاوەی ژیانە؟ ئەم دوو وشەیە: "سەرچاوەی ژیان"، لە مکاشەفاتەکەی قەدیس یوحەنادا چ مانایەك دەگەنن؟ میرزادە تۆ هیچت دەربارەی (هەسارەی ئەفسنتین)* بیستووە؟

– ئەوەی من بیستوومە گوایە بەپێی ڕاڤەی لیبدیڤ ئەم هەسارەی ئەفسنتینە دەکاتە تۆڕی هێڵی ئاسنی ئەورووپا.

لیبدیف، لەجێی خۆی ڕاپەڕی، وەکو ئەوەی بیەوێ، خەڵکەکە، کە دەستیان بە پێکەنین کرد بوو، لە پێکەنین ڕابگرێت، بە هەردوو دەست کەوتە ئاماژە و هاواری کرد:

– نا.. نا... وانیە... تکایە یارمەتیم بدەن با!..

ئەوسا، لەپڕ ئاوڕی لە میرزادە دایەوە و گوتی:

– ئەم برادەرانە... ئەمانە هەموویان... کاتێ هەندێ مەسەلە دێتە پێشێ... هیچیان لەم باشتر نین...

بەدەم ئەو قسەیەوە دووجار تەقەی لە مێزەکە هەستان، ئەم کارە نەك هەر بێدەنگی نەکردن، بەڵکو زیاتر هێنانیە پێکەنین. لیبدیف، ئەگەرچی، ئەمشەویش وەکو هەموو شەوانی دیکە بوو، بەڵام ئەمشە و بەهۆی ئەو گەنگەشە دورودرێژە زانستیەوە کە کردی ، لە جاران بەجۆش و خرۆشتر بوو. لەم حاڵەتانەدا، زۆر ڕەق و بێپەردە ڕەفتاری دەگەڵ حەریفانی خۆیدا دەکرد.

– بەڕێزینە ئەمە جوان نیە! هەمووی نیو سەعاتێ لەمەپێش، ڕێکەوتین هەر یەکێکمان دەستی بەقسان کرد، نابێ کەس قسەکەی پێببڕێت یان پێی پێبکەنێ، ڕێگە بە هەر کەسێك بدەین بە کەماڵی ئازادی بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت. دوای ئەوە خوا نەناسانیش، بۆیان هەیە بەوپەڕی ئازادی ئیرادی خۆیان بگرن. جەنەڕاڵیشمان بە سەرۆك و بەڕێوەبەری گفتوگۆیەکان هەڵبژارد. ئیدی ئەمە چیە دەستتان داوەتێ؟ بەم کارەتان، دەتوانن شیرازەی بیری هەر کەسێك، چەند بیرو بۆچوونەکەشی بەرز و قووڵ بێت بپچڕن و، بپەشۆکێت!...

هەموو بەیەك دەنگ هاواریان کرد:

– قسه بکه، قسه بکه! کەس قسەت پێنابڕێت!

– قسه بکه، بەڵام درێژدادڕی و هەرزەبێژی مەکە !

یەکێك هەڵیدایه و پرسی:

– ئەم هەسارەی ئەفسنتینه چییە؟

جەنەڕاڵ ئیڤۆلگین، وەکو سەرۆك و بەڕێوەبری کۆڕەکان، بەو پەڕی هەیبەت و سامەوه چوو لەسەر کورسیەکەی پێشووی دانیشت و گوتی:

– هیچ شتێك لەمبارەیەوه نازانم!

ئەوسا کیللەر، لەجێی خۆیەوه، لەسەر کورسییەکەی کەوتە جم و جۆڵ، و بەشادییەوه، لەبن لێوانەوه گوتی:

– میرزاده، من یەجگار حەزم لەم گەنگەشه و مشت و مڕانەیه، به مەرجێ زانستیانه بن!

ئەوجا، لەپڕ، به شێوەیەکی چاوەڕوان نەکرا و، ئاوڕێکی له یەڤگینی پاڤلوفیچ، که لەنزیکیەوه دانیشتبوو، دایەوەو گوتی:

– بابەتی، زانستی سیاسی. ئەو شتانەم زۆر پێخۆشن که له ڕۆژنامانـدا دەربارەی گەنگەشه و مشت و مڕەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانی، بڵاودەکرێنەوه. هەڵبەته مەبەستم کرۆك و جەوهەری گەنگەشه و مشت و مڕەکان نییه(چونکه بەخۆت دەزانی من بابایەکی سیاسەتوان نیم). بەڵکو مەبەستم ڕەفتار و شێوازی گەنگەشەکەیانه وەکو خەڵکانی سیاسەتوان، بۆ نموونه که یەکێکیان دەڵێت: "ئەو ڤیکۆنتەی بەرانبەرم.."، "ئەو ئیرلەی هاوڕای منه.."، یان "ئەو موخالیفه بەڕێزەی من، که به پێشنیازەکەی، ئەورووپای سەرسام کرد.." هەڵبەته هەموو ئەم دەستەواژه و قسانه، جوانن. ئەم گیانی پەڕلەمێنتەریەی له لای گەلێکی ئازاد هەیه، دڵم خۆش دەکات، بەڕاستی ئەفسوونم دەکات! زۆری لەزەت لێدەبینم میرزاده! من لەناخی خۆدا، خۆڕسك هەموو کاتێ هەر هونەرمەند بووم، باوەڕبکه یەڤگینی پاڤلوفیچ!

گانیا، لەشوێنی خۆیەوه، به زمانێکی هێرشامێزەوه هاواری کرد:

– یانی به قسەکانی تۆ تۆڕی هێڵی ئاسن، بەڵایەکی گەورەیه، مایەی فەوت و فەنای تیرەی بەشەره. زەهرێکه و بەسەر زەویدا باریوه. "سەرچاوەکانی" ژیان دەلەوتێنێ؟

گاڤریلا ئاردا لیونوفیچ، ئەو شەوە، زۆر شەنگۆڵ بوو، لە بەرچاوی میرزادە فرە تەڕدەماخ و خۆش مجێز بوو، هەستی بەجۆرە سەرکەوتنێك دەکرد. پرسیارەکەشی لە ڕووی سوعبەت و شۆخیەوە بوو، هەر بۆ توڕەکردن و هاڕوژاندنی لیبدیف بوو، کەچی زۆری نەبرد خۆی گەرم بوو.

لیبدیف، بەتوڕەییەکی ئاوێتە بە جۆش و خرۆش، بەرسڤی دایەوە:

– نا، نا، خەتا لە هێڵی ئاسن نیە، ئەو هێڵانە خۆ بەخۆ سەرچاوەکانی ژیانیان پیێ نالەوتێ، پیێ پیس نابێ. بەڵکو بەڵا گەورەکە، ئەم گیانی ئەکادیمیە پراکتیکییە یە کە لەم سێ سەدەیەی دوایدا، زۆر زاڵ بووە و هەڵکشاوە!

یەڤگینی پاڤلوفیچ پرسی:

– باشە ئەم بەڵایە مسۆگەرە یان هەر ئەگەرە؟ خۆ دەبێ مەبەستەکە بە وردی بزانین.

لیبدیف، بەجددی بەرسڤی دایەوە:

– حەتمیە!مسۆگەرە!

پتیتسن بە زەردەخەوە گوتی:

– لیبدیف، زیادمەڕۆ، تۆ بە ڕۆژەوە، بەیانیان گەش بینتر و خێرخوازتریت .

لیبدیف، ڕووی تێکرد و گوتی:

– دروستە، بەڵام شەوان ڕاشکاوترم، دڵسۆزترم، ڕاستگۆترم، سادەتر و بێ ڕیاتر و شەریفترم. هەر بۆیەش لە ئیراد و ڕەخنەکانتان بێ منەتم، لە دەحکە و گەنگەشەتان بێپەروام. دەرەقەتی ئێوەی خوانەناس دێم: ئاخر ئێوە چۆن دەتوانن دنیا ڕزگاربکەن؟ ئاخر ئێوە، ئەهلی زانست، تەکنەلۆژیا، لایەنگرانی سیستەمی هاوبەشی، ئەنجوومەن و سەندیکای کرێکاران و ئەو شتانە، چۆن دەتوانن بیخەنە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست؟ ئاخر بەچی جیهان ڕزگاردەکەن؟ بە سلفە و وامان ؟ وام چیە؟ وام و قەرز و قۆڵە بەرە و کوێتان دەبات؟

یەڤگینی پاڤلوفیچ گوتی:

– وادیارە تۆ زۆر بە خەمی ئەم مەسەلانەوەی!

– بەڕای من، هەرکەسێك خەمی ئەم مەسەلانەی نەبێ و بایەخیان نەداتێ، کەسێکی خوێڕیلەی بێ قیمەتە! بەڵێت ئەزبەنی!

پتیتسن گوتی:

– وام و سلفە بەلای کەمەوە، دەبێتە هۆی هەڤبەستەگی جیهانی و هاوسەنگی بەرژەوەندیان.

– تەنیا ئەوەو بەس! بناغەی بنەڕەتی ئەخلاقی ئەم بۆچوونەی تۆ لەسەر بنەمای ڕازیکردنی خۆپەرستی فەردی و پاراوکردنی پێویستییە مەتریالیەکانە. یانی ئاشتی جیهانی و شادمانی دەستە جەمی لەسەر بنەما و پرەنسیپێن پێویستی. قوربان ئەوەندەی من لەم قسانەی تۆ تێگەییم، مەبەستت هەر ئەوەیە، وانیە؟

گانیا کە وردە وردە گەرم دەبوو، بە لیبدیفی گوت:

– پێموایە لە سەدەکانی داهاتوودا، پێویستیە هاوبەشەکانی تیرەی بەشەر بە ژیان، خواردن و، خواردنەوە و باوەڕ هێنانی تەواو و زانستیانە بەوەی کە ئەم پێداویستیانە، بە بێ هاوکاری گشتی و ڕەچاوکردنی هەڤبەستەکی بەرژەوەندی گشتی پاراو نابێت، دەبێت بە پشتیوانە و "سەرچاوەی ژیان"ی هەموو تیرەی بەشەر.

– زەرورەت و پێویستی خواردن و خواردنەوە، بە مانایەکی دی تەنیا دەکاتە غەریزەی مانەوە...

– چما ئەم غەریزەیە کەمە؟ ئەم غەریزەیە هەر چۆنێ بێ، یەکێکە لە یاسا مرۆڤانیە سروشتیەکان.

یەڤگینی پاڤلوفیچ لە ناکاو بەسەرسامی هەڵیدایە:

– بە قسەی کێ وایە؟ ڕاستە یاسایە، بەڵام یاسایەکە هەر بە ئەندازەی یاسای وێران کردن (تدمیر) و (خود وێرانی) سروشتییە. چما یاسای مانەوە، تاقە یاسای ئاسایی و سروشتییە کە مرۆڤ بەڕێوەبەرێت؟

هیپولیت، بەتوندی ئاوڕی لای یەڤگینی پاڤلوفیچی دایەوە و، بە کونجکاوی و گۆساخانە لێی ڕوانی و هاواری کرد:

– هێی! هێی!

بەڵام کە بینی پێدەکەنێ، خۆشی کەوتە پێکەنین و سیخورمەیەکی بە کۆلیاوە، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، ژەند و لێی پرسی کە سەعات چەندە، تەنانەت بەبێ سەبری سەعاتە زیوەکەی لە دەستی کوڕە ڕاکێشا و بە پەرۆشەوە ڕوانیە میلەکانی. ئەوسا بێگوێدان بە هیچ شتێك، خەمسارد و بێموبالات یەك تەختە لەسەر تەختەکە لێی ڕاکشا و هەردوو دەستی نانە ژێر سەری و چاوی بڕینە میچ و ساپیتەکە. هەر دوای نیو دەقیقەیەك، هەستایەوە و قیت لەجێی خۆی دانیشتەوە و گوێی بۆ هەرزە گۆییەکانی لیبدیف، کە گەیی بووە هەڕەتی جۆش و خرۆش، هەڵخست.

لیبدیف، کە زۆر بە توندی بەرپەرچی ڕایە وەهەم ئامێزەکەی یەڤگینی پاڤلوڤیچی دەدایەوە، گوتی:

– ئەم ڕاو بۆچوونەی تۆ، هەرچەندە تەوسامێز و چەواشەکارانەیە، تۆ زیاتر مەبەستت ئەوە بوو، کە ئاوڕی گەنگەشە کە خۆشتر بکەیت، بەڵام بۆچوونێکی ڕاست و دروستە. جا پیاوێکی بە گومانی وەکو تۆ، ڕۆڵەی چینی ئەرستوکرات، بابایەکی ئەفسەری هێزی سوارە(بەهەرحاڵ بەهرەمەند) بە خۆیشی نازانێت، ئەم بۆچوونە چەند قووڵ و دروستە! بەڵێ قوربان! یاسای (خود وێرانی) و (خود پارێزی) لە بوونی مرۆڤدا بە هەمان ئەندازە هەن، کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ یەکسانە. شەیتان هەردووکیان بەکار دێنێ تا لەو ڕێگەیەوە حوکمی بەشەریەت بکات. پێدەکەنن؟ باوەڕتان بە هەبوونی شەیتان نیە؟ بێباوەڕی بە هەبوونی شەیتان، فکرێکی فەرەنسیە، فیکرێکی گەوجانەی بێمانایە، دەزانن شەیتان کێیە؟ ناوی دەزانن؟ ئێوە، تەنانەت بێ ئەوەی ناویشی بزانن، بە چاولێکەری ڤولیتر، بە سم و کلك و شاخەکانی، کە هەر هەمووی خەلقی خەیاڵی خۆتانە، پێدەکەنن، گاڵتەی پێدەکەن. لەکاتێکدا گیانی ئەهریمەنی، ڕوحی شەیتانی، گیانێکی زۆر بەهێزی ترسناکە، نە ئەو شاخ و باڵەو، نە ئەو سم و دومەی هەیە کە ئێوە وێنای دەکەن. بەڵام ئێستا باسەکەمان، باسی گیانی ئەهریمەنی و شەڕانی نیە...

هیپولیت، لەپڕ گرژ بوو، دایە قاقای پێکەنین و هاواری کرد:

– بە چ مەحکوم، گیانی شەیتانی باسی ئێستامان نیە؟

لیبدیف دووپاتی کردەوە:

– پرسیارێکی بەچێیە! بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە کە باسی ئێستامان نییە. مەسەلە ئەمەیە کە بزانین ئایا پەرەسەندن "سەرچاوەکانی ژیانی" لاواز نەکردووە؟

کولیا، هەڵیدایە و پرسی:

– مەبەستت تۆڕی هێڵی ئاسنە؟

– کوڕی باش، تۆ گەنجی، گەنج. من تەنیا هێڵی ئاسنم مەبەست نییە، بەڵکو ئەو ڕەوت و ڕێڕەو و ڕێبازە گشتیەم مەبەستە، کە دەشێت هێڵی ئاسن بە نموونەیەك یان بە بەرجەستەکردنێکی هونەری ئەو ڕێبازە بژمێرین. حاڵی حازر خەڵکی زۆر مژولن، دێن، دەچن. دەڕۆن، هاواردەکەن، قەرەباڵغی دەکەن، پیێ هەڵدەگرن، بەو ناوەوە کە کار بۆ خۆشی و خۆشگوزەرانی تیرەی بەشەر دەکەن! سەیر دەکەی هزرڤانێکی گۆشەگیر و تەریك لەولاوە قوت دەبێتەوە، شین بۆ بەشەر دەگێڕێت و دەڵێت: "بەشەری ئەمڕۆ یەجگار سەرقاڵ و جەنجاڵە، لە تەکنەلۆژیا و سنعەتدا نقوم بووە، شێت و شەیدای پارە پەیداکردن بووە، بەڵام هەر هەمووی لەسەر حیسابی هێوری دەروونی و ئاسودەیی ڕۆحییە".

کاتێ دەزانی لەو لاوە هزرڤانێکی دیکە لێی دێتە دەست و بە کەش و فشێکەوە بە هزرڤانی یەکەم دەڵێت: "لە گینە وابێ" بەڵام تەق و تریقی ئەو قیتارانەی کە نان و ئازووقە بۆ جەماوەری ڕەش و ڕوت و برسیانی خەڵك دەگوازنەوە، ڕەنگە زۆر لە هێوری دەروون و ئاسوودەیی ڕۆح باشتر و پێویست تر بێت!" بەڵام من، لیبدیفی ناچیز، باوەڕم بەو قیتارانە نیە کە گوایە نان بۆ برسییان دەگوازنەوە! چونکە ئەگەر فکرێکی ئەخلاقی – ڕۆحی بەڕێوەیان نەبات لەوەیە، وەکو پێشتریش ئەمەمان دیتوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە نان خواردن بێبەش بکەن...

یەکێك لەنێو خەڵکەکەوە هەڵیدایە!

– ئاخر قیتار چۆن دەتوانێ، خەڵکی لە نان بێبەش بکات؟..

لیبدیف، بێئەوەی خۆی لەو پرسیارە بکات بە خاوەن، قسەکەی خۆی دووبارە کردووە:

– ئەمە پێشتریش بینراوە. بۆ نمونە مالتوسی بەشەر دۆست بێنە بەرچاو. هەرکەسێك چەندیش بەشەر دۆست بێ، ئەگەر ئەو بناغە ئەخلاقیەی لەسەری ڕاوەستاوە، سست و فشەڵ بێت و کەسێکی خۆپەسەند و لەخۆ ڕازی بێت، هەر بەشەر خۆرە. ئەگەر غروور و کبریای هەر یەکێك لەو بەشەر دۆستە زۆر و زەبەندانە بریندار بکەی، ئامادەیە لە قیناو لە تۆڵەی خۆیدا هەر چوار نکالی دنیا بسووتێنێ!... ئەگەر ڕاستت دەوێ و بۆ ئەوەی هەق پێشیل نەکەم، هەر یەکێك لە ئێمە بگری، خۆم لەپێشی پێشەوە، هەمان کار دەکات. من کە لەهیچەوە دیار نیم هەمان کار دەکەم،

ڕەنگە من یەکەم کەس بم کە چیلکە و دار بەرم بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکرێتەوە، پاشان هەڵێت... بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە مەسەلەکەی ئێمە ئەمە نیە!

– ئەدی کامەیە؟

– تۆش هەر زمانی نائومێدی و ڕەشبینی دەزانی!

– مەسەلەکان، وەکو ئەم حیکایەتە کۆنەیە کە ناچارم بیگێڕمەوە. لەم سەردەمەدا و لەم وڵاتەی ئێمەدا، کە هیوادارم ئێوەش بەئەندازەی من و وەکو من خۆشتان بوێ..، من یەك لەباری خۆم، بەرێزان ئامادەم دوا دڵۆپی خوێنی خۆمی لەپێناودا بەخت بکەم...

– زۆر درێژەی مەدەیە، بڵێ بزانین چیتر؟

– بەڵێ... لەم وڵاتەی ئێمەدا، ڕێك وەکو هەموو ئەوروپا، هەرچارەکە سەدەیەك جارێ ئەگەر لێم نەبێ بە درۆ، خەڵکی تووشی قات و قڕی و برسێتی و گرانی دەبێت... من زۆر پێ لەسەر دروستی و نادروستی ژمارەکە داناگرم. بەڵام ئەم جۆرە قات و قڕیانە تا ڕادەیەك کەمە.

– تا ڕادەیەك؟ لەچاو چیدا؟

– لەچاو سەدەی دوازدە و هەردوو سەدەی پێش و پاش سەدەی دوازدەدا. چونکە بە گوتەی مێژوونووسان، ئەو سەردەمانە، گرانی گەورە و ئیقلیمگیر، هەر دوو ساڵ یان سێ ساڵ جارێك، بەرۆکی تیرەی بەشەری دەگرت. وەکو دەگێڕدرێتەوە، بەشەر، لەو وەزع و حاڵانەدا، گۆشتی بەشەریشی خواردووە، بەڵام بە دزییەوە. یەکێك لە مشە خۆرانی ئەو سەردەمە، کە گەییوەتە تەمەنی پیری، بە خواستی خۆی، بێئەوەی کەمترین گوشاری بخرێتە سەر، گێڕاویەتەوە، کە لە ژیانی درێژی کلۆڵی و داماویی خۆیدا، بەدزییەوە شەست ڕەبەن و شەش منداڵی کوشتووە و خواردوونی، دیارە ژمارەی منداڵەکان لەچاو ژمارەی ئەو ڕەبەنانەی کە خواردوونی، زۆر کەم بوون، وادیارە، جگە لە ڕەبەنان، ئەو کارەی دەگەڵ هیچ کەسێکی گەورەی دیدا نەکردووە.

بەڕێوەبەری کۆڕ، جەنەڕاڵ بەخۆی، بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

– مەحاڵە، شتی وانیە! بە ڕێزینە من زۆرجار دەگەڵ ئەم پیاوەدا باسی ئەمجۆرە بابەتە دەکەم. بەڵام زۆربەی کات درۆی وا شاخدار دەکات پیاو لەرزی لێدێ. شتی وا دەڵێت، زەڕەیەك ڕاستی تێدا نیە!

– جەنەڕاڵ، ئابلوقەکەی قارس* بێنەوە یاد! ئێوەش بە ڕێزینە، دڵنیابن کە حیکایەتەکەم، حیکایەتێکی واقیعی و ڕاستەقینەیە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، من باوەڕم بەوە هەیە کە واقیع باملکەچی یاساێن جێگر و نەگۆڕیش بێت، هەمیشە وا دێتە بەرچاو کە لە حەقیقەت و ڕاستی دوورە. هەندێجار ڕووداوێك چەند واقیعی تر بێت، ئەوەندە نا حەقیقی تر دەنوێنێ.

ئامادەبووان، بەدەم پێکەنینەوە پرسیان:

– ئاخر چۆن دەشێت کەسێك بەو ئاسانیە شەست ڕەبەن بخوات.

– هەڵبەتە، ئاشکرایە کە هەموویانی بە کەڕەتێك و لە یەك جێدا نەخواردووە. ڕەنگە بە درێژایی پازدە – بیست ساڵێك ئەوجا خواردبنی. دیارە لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرا و ئاساییە...

– سروشتیشە؟

لیبدیف، بە عینادی بابەیەکی خۆ بە زانازان بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ سروشتیشە!

ئەوسا لەسەر ڕۆیی و گوتی:

– ئەمە جگە لەوەی کە ڕەبەنی کاتۆلیك بە تەبیعەت، کەسێکی سوێرە قسە و فزوڵییە، بۆیە زۆر بە ئاسانی فریو دەدرێ، کە بۆ جەنگەڵێك یان هەر شوێنێکی دیکەی دوور و تەریك ببرێت و بەو دەرد و مەرەدە ببرێت کە باسم کرد. هەڵبەتە من نکۆڵی لەوە ناکەم کە ژمارەی ڕەبەنە خوراوەکان، ئەگەر یارۆی پیاوخۆر، چەند نەوسن و پڕ خۆریش بووبێ، هەر یەجگار زۆرە.

میرزادە، لەناکاو هەڵیدایە:

– بەڕێزینە، لەوەیە ئەمە ڕاست بێت.

میرزادە تا ئەو کاتە، ورتەی لێوە نە هاتبوو، بە بێدەنگی، بێئەوەی خۆ لە گفتوگۆ و گەنگەشە و مشت و مڕەکان هەڵقورتێنێ، گوێی لە قسە و باسەکان گرتبوو، زۆرجار گوێ بەگوێی ئامادەبووان، لە کانگای دڵەوە پێکەنیی بوو. دیاربوو کە بەو هەموو بەزم و ڕەزم و شادی و هەراو زەنا و تەنانەت بادەنۆشی لەڕادە بەدەری میوانەکان زۆر خۆشحاڵە، دەشیا بە درێژایی

شەوبێرییەکە زار هەڵنەیەنێ، بەڵام لەناکاوا لێبڕا قسەیەك بکات، ئەوەندە بەجدی و سەنگینی دەستی بە قسان کرد کە هەموو میوانەکان بە کونجکاوی و سەرسامی کەوتنە تەمەشاکردنی!

– بەڕێزینە من گەرەکمە ئەوەتان عەرزبکەم، کە لەو زەمان و ڕۆژگارانەدا گرانی و قات و قڕی و برسێتی زۆر دووبارە بووەتەوە. منیش هەرچەندە شارەزای مێژوو نیم، بەڵام شتم لەمەڕ ئەو قاتوقڕییانە بیستووەو، پێدەچێ شتەکە ڕاست بێ و وابووبێ. کاتی خۆی کە چوو بوومە کۆجاڕەکانی سویسرا، سەرم لە شوێنەواری کۆشك و قەڵا کۆنە فیوداڵیەکانی ئەو وڵاتە سوڕما، هەر کۆشك و قەڵا بوو بەقەد پاڵ و بەرزایی چیاکانەوە گیرسابووەوە، هی وایان هەبوو بە بەرزی پتر لە نیو فەرسەقەوە بوو (یانی ئەگەر بە ماڵاتە ڕێدا بۆی سەرکەوتبای چەندین فەرسەخ دەبوو). هەمووتان دەزانن کۆشك و قەڵا دەکاتە چی و چیە: یانی قەسرێکی بەردینی یەجگار گەورە. دروستکردنی ئەم قەڵایە کاری دەوێ نە گاڵتە، کارێك کە ناچێتە ئەقڵەوە. هەڵبەتە هەر هەمووی بەرەنجی شان و ئارەقەی نێوچەوانی ئەو هەژار و نەدارانە کرابوو کە ڕەعیەت و مسکێن بوو بوون. ئەو داماوانە وێڕای ئەو کارە قورسەش، دەبوایە جۆرەها باج و سەرانە بدەن و خەرجی پیاوانی کڵێساش بکێشن. ئیدی چۆن توانیویانە و لە کوێ کاتیان هەبووە، نان و قووتی ڕۆژانەیان پەیدا بکەن و زەوی بکێڵێن و داچێنن؟ دیارە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا ژمارەیان لەوە کەمتر بووە، لە عۆیەی ئەو هەموو کارو ئەرکە بێن، زۆربەیان لەبرسا دەمرن، چونکە هیچیان نەبووە بیخۆن. تەنانەت هەندێجار لەخۆم دەپرسی، باشە چۆنە هەر هەموویان نەمردوون، تاقوبڕ نەبوون، چۆن بەرگەیان گرتووە و توانیویانە بەو شێوەیە هەڵکەن و بمێنن؟ جا کە لیبدیف باسی ئەوە دەکات کە لەو زەمانەدا جاری وا هەبووە هەندێ خەڵکی گۆشتی بەشەریان خواردووە، ڕاست دەکات. لێی بە درۆ مەگرن. بەڵام من نازانم بۆچی ئەو ڕەبەنانەی تێهەڵکێشی ئەم مەسەلەیە کرد و چ مەبەستێکی هەیە.

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ گوتی:

– لە گینە مەبەستی ئەوەبێ بڵێت کە لەسەدەی دوازدەدا، تەنیا ڕەبەنان گۆشتیان خوراوە، چونکە هەر ئەوان ناسك و دابەستە ئاسا قوت و قەڵەو بوون.

لیبدیف هاواری کرد و گوتی:

– ئەمە سەرنجێکی زۆر زۆر دروستە! چونکە یارۆی پیاوخۆر، جگە لە پیاوانی ئاینی دەستی بۆ تاقە یەك کەسی ئاسایی نەبردووە! بەڵام شەست دانە ڕەبەنی دێرنشینی خوارد بوو. ئەم قەوماوە یەجگار درێو و کرێتە، دەلالەتی مێژوویی و بایەخی ئاماری خۆی هەیە. ئەمە قەوماوێکە، کە

پیاوی زیرەك دەتوانێ لە میانەیەوە، وێنایەکی دروستی ڕابردوو بکات، زۆر بە وردی، ئەوە دەسەلمێنێ کە پیاوانی کلێسا لە وزەمان و ڕۆژگارەدا، لایەنی کەم شەست هێندەی خەڵکی دیکە تێر و خۆش گوزەران بوون و ڕەنگە شەست هێندەی خەڵکەکانی دی قوت و قەڵە و بووبن.

گوێگران، بەدەم قاقای پێکەنینەوە هاواریان کرد:

– زۆرە لیبدیف، زۆرە!

میرزادە، لە سەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:

– ڕاستە ئەمە دەلالەتی مێژوویی خۆی هەیە. بەڵام تۆ دەتەوێ چ ئەنجامگیرییەك بکەیت؟

میرزادە زۆر بەجدی، بە زمانێکی خاڵی لە هەر تانەو تەشەرێك لە لیبدیف، قسەی دەکرد، ئەو لیبدیفەی کە هەموو ئامادەبووان پێیان ڕادەبوارد، جیاوازی قسەکانی میرزادە دەگەڵ ئەوانی دیکەدا، خۆبەخۆ هاماجێکی کۆمیدی و پێکەنیناوی ئەوتۆی دروست کردبوو، کە ئەگەر میرزادە پتر لەسەری ڕۆیشتبا بەخۆیشی دەبوو بە گەپجاڕی ئامادەبووان، بەڵام میرزادە بەخۆی هەستی بەمە نەدەکرد. یەڤگینی پاڤلوفیچ، لەپشت میرزادەوە سەری هێناو بەگوێی میرزادەیدا چپاند:

– ئەرێ هەست ناکەی ئەم پیاوە تێکچووە؟ تۆزێ لەمەپێش یەکێك لەمانەی ئێرە پێی گوتم کە ئەم پیاوە نیازی وایە بچێتە تاقیکردنەوەی پارێزەرییەوە و بەتەمایە ببێت بە پارێزەر، بۆیە لاسایی کردنەوەی گەنگەشە و موافەعەی دانیشتن و کۆڕی دادڤانی، مێشکی تێکداوە. من چاوەڕوانی نمایشێکی کۆمیدی، ئەو جۆرە گەنگەشانەی لێدەکەم!

لیبدیف، بە دەنگێکی ڕەسا لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:

– دەمەوێ بگەمە ئەنجامیگرییەکی گرینگ. بەڵام با پێش هەر شتێك ڕەوش و حاڵەتی سایکۆلوژی و دادڤانی ئەم تاوانبارە شی بکەینەوە. وادیارە ئەم تاوانبارە یان(ئەگەر حەزدەکەن با ناوی بنەین موەکیلی من) هەرچەند هیچ خواردن و سەرچاوەیەکی دیکەی خواردنی شك نەبردووە، بە درێژایی ماوەی ئەو ژیانە غەریبەی، چەندین جار پەشیمانی خۆی دەربڕیوە، ئارەزوی تۆبەی کردووە کە چیتر گۆشتی پیاوانی کلێسا نەخوات. ئەم خاڵە بە ئاشکرا لە پێچ و پەنای ڕوداوەکانەوە دیارە. وەك دەگوترێ ئەم پیاوە تەنیا پێنج شەش منداڵی خواردووە. ڕاستە ئەم ژمارەیە لەچاو خۆیا یەجگار کەم و ناچیزە. بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە دەلالەتێکی گەورەی لە خۆگرتووە. بێگومان ئەم موەکیلەی من تووشی چەندین نۆرە عەزابی ویژدان بووە(چونکە

پیاوێکی بەدینی، بە ویـژدان بووە، کە دەتـوانم ئەمە بە بەڵگە بسـەلمێنم). جا بۆ ئـەوەی بـەپێی توانا گوناحی سەر شانی خۆی سووك بكات، شەش دانە جار هەوڵی داوە، هەر بۆ تاقیکردنەوە، لەجیاتی گۆشتی ڕەبەنێن دێرنشین، گۆشتی خەڵکی ئاسایی بخوات. نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە ئـەم کـارەی هـەر هـەوڵ و ئـەزموونێك بـووە، خـۆ ئەگـەر ئەمـەی هـەر بـۆ ئـەوە بـووبێ، جـۆری خواردنەکەی بگۆڕێت، ئەوا شەش نەفەر ژمارەیەکی ناچیزە، زۆر نیە! بۆچی تـەنیا شـەش منداڵی خـواردووە، نـەیکردووە بـە سـی؟ (نیوەیـان لـە پیـاوانی ئـاین بـن و نیوەکـەی تریـان لـە خـەڵکی ئاسایی بن؟) بەڵام ئەگەر مەسەلەکە هەر هەوڵ یان ئەزموون بووبێ، تـەنیا لـە ترسـی سووکایەتی بە ئاین و کڵێسا بووبێ، جۆرە پەشیمانی و گەڕانەوە و تۆبەیەك بووبێ، ئەوا خواردنی ئەو شـەش نەفەرە جۆرە ماقوولیەتێکی تیایە، بگرە زۆریش ماقووڵ و پەسەندە. چونکە ئەو شـەش هەوڵـە بۆ ڕزگـاربوون لـە عـەزابی ویـژدان، ڕوو بە ڕووی شکسـت بووبـووەوە. یەکـەم بە بـاوەڕی مـن چـونکە منـــداڵ زۆر بچـــووکە – برســـێتی پیـــاو ناشـــکێنێ – ئەگـــەر موەکیلەکـــەی مـــن لـــە مـــاوەی بەشـەرخۆرییەکەیدا، هـەر منـداڵی خواردبـا، ڕەبـەنانی نـەخواردبا، ئـەوا دەبووایـە سـێ ئەوەنـدە و بگـرە پێـنج ئەوەنـدەی ژمـارەی ڕەبەنـەکان منـداڵی خواردبـا. بـەم پێودانگـە، تاوانەکـەی لـە ڕووی چـلۆنایەتیەوە سـووك دەبـوو، بـەڵام لـە ڕووی چـەندایەتیەوە قـورس دەبـوو. جـا بەڕێزێینـە ئێـوە سەرنج بدەن بزانن مـن کـە بـەمجۆرە بێـز لە مەسـەلەکە دەکەمـەوە و بـەو جـۆرە تـاوتوێی دەکـەم، تـا ئەو بارە دەروونـی و سـایکولوژییە بدۆزمـەوە کـە تاوانبـارێکی سـەدەی دوازدەی تیـا ژیـاوە. بـەڵام مــن، کــە خــەڵکی ســەدەی نــۆزدەم، ڕەنگــە بــەجۆرێکی دی بــیر لــە مەســەلەکە بکەمــەوە، ئەمــە بیرکردنـەوەی مـن نـەبێت. بۆیـە ئەمـەتان عـەرز دەکـەم بەڕێزینـە، تـا گاڵتـەم پێنەکـەن و نەمکـەن بـە گـەپجاڕی خۆتـان. بـەڵام جەنـەڕاڵ، تـۆ یەکـەم لـە تامـت دەرکـردووە. دوەم (بـەڕای شەخسـی مـن) گۆشتی منداڵ، ئەو بەها خۆراکیەی تیانیە کە تێرت بکات، ڕەنگە زۆریش نەرمە لیقە و ناخۆش بێت، یانی نەك هەر برسێتی ناشکێنێ، بەڵکو تووشی عەزابی ویژدانیشت دەکات.

"جا بەڕێزینـە، هەنووکە دێینەسـەر ئـەنجام و ئـەنجامگیری ئـەم ڕووداوە، کـە چارەسـەری یـەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی ئەو زەمان و ڕۆژگارە و ئێستای ئێمەشـی لـە خۆگرتـووە. ئـەم تاوانبـارە، لـە ئەنجامـدا خـۆی لـەلای ڕەبـەنان و ئـەهلی کڵێسـا و ئـاین خەبـەری لـەخۆی دا خـۆی ڕادەسـتی حکومـەت و دەسـەڵات کـرد. جـا لێـرەدا پرسیار ئەمەیە ئـاخۆ دەبـێ لـەو زەمانـەدا چ ئەشـکەنجە و عەزابێکی لە بەردەم بووبێ: ڕاکێشان بە گالیسکە، فڕێدانە ئاگرەوە! باشە بۆچی خۆی خەبەری لەخۆی داوە، دانی بە تاوانەکەیدا ناوە؟ باشە دوای ئەوەی شەست کەسی خوارد، بۆچی ئیدی تا مـردن ئـەم ڕازو نهێنییـەی نەپارسـت ؟ باشـە بۆچـی تۆبـەی نـەکرد و بـیری لـەوە نـەکردەوە وەکـو

خواناسێك دنیای تەرك نەكرد و كونجی خەڵوەتی نەگرت ؟ بۆچی وەكو ڕەبەنێك لە دێرێكدا سەری خۆی كز نەكرد ؟ كلیلی ڕازەكە لە مەدایە! هەڵبەتە دەبێ هێزێكی باڵاتر، بەهێزتر لە هێزی ئەشكەنجەن و ئاگر، بە هێزتر لەو عادەتەی بەدرێژایی بیست دانە ساڵ خووی پێگرتبوو، لە ئارادا بووبێ!. كەواتە بیر و هێزێك هەبووە باڵاتر و بەهێزتر، لە هەر كارەسات و قاتوقڕی و برسێتی و ئەشكەنجە و وشكە ساڵی و تاعون و گەڕی وگولییەك و ئەم هەموو دۆزەخە، بیر و هێزێك كە دڵانی ئاوەدان و ئاڕاستە كردووە، كە سەرچاوەكانی ژیانی پیتاندووە و دەوڵەمەند كردووە! دەیسا نموونەیەك، تاقە نموونەیەكم لەو جۆرە بیر و هێزە، لەم سەردەمەی خۆماندا، لە سەردەمی وێرانی و هێڵی ئاسندا... كە هەق بوو بڵێم: "سەردەمی كەشتیانی هەڵمی وهێڵی ئاسندا*... نیشانبدەن. ڕاستە من مەستم، بەڵام ڕاستی دەڵێم. دەیسا لەم سەردەمەی خۆماندا، تاقە بیرێكم نیشان بدەن، كە بەقەد نیوەی ئەو فكرەی لەو زەمانەدا كاری لە بەشەر كردووە، كار لە خەڵكی ئەم سەردەمەی ئێمە بكات ! ئەوسا هەقی خۆتانە بڵێن كە لەم "هەسارەیەدا" لە سایەی خێر و بەرەكەتی ئەم تۆڕەدا كە لە دەس و پێی بەشەر ئاڵاوە، سەرچاوەكانی ژیان نەیانداوەتە كزی، وشك نەبوون! تكایە دەوڵەمەندی، خۆشگوزەرانی، كەمبوونەوەی قاتوقڕی و برسێتی، خێرایی قیتار و ئەم شتانەم بۆ مەكەن بە نموونە! ڕاستە سەروەت و سامان زۆر بووە، بەڵام بیر و هێز كەمتر بووە! حاڵی حازر هیچ بیرو هێزێك نیە تیرەی بەشەر یەكبخات، پەیوەندیە بەشەریەكان پتەو بكات! بەڵێ، ئێمە هەموومان، یەك بە یەكمان لە وێرانی و گەندەڵیدا نقوم بووین، تا بیناقاقامان لە گەندەڵی ڕۆچووە!... بەڵام وابزانم ئیدی بەسە! كاتی ئەوە هاتووە، سكێ تێر بكەین، كاتی ئەوە هاتووە ئەو سیڤەی بۆ میوانەكانمان ئامادە كردووە بێنین، وانیە میرزادەی بەڕێز؟

لیبدیف، خەریك بوو بەو هەموو درێژدادڕی و هەرزەگۆییەی خۆی، هەندێك لە میوانەكانی بێزار دەكرد(دەبێ ئەوەش بگوترێ كە ئامادەبووان بەدرێژایی ئەو ماوەیە، لێكدا لێكدا قاپی مەشروبیان هەڵدەپچڕی) بەڵام كە بەو شێوە كوت وپڕ و چاوەڕوان نەكراوە كۆتایی بە قسەكانی هێناو، باسی شێوی هێنایە گۆڕی، هەموویانی هێور و كەوی كردنەوە. بەخۆی ئەم كۆتاییەی بە "فێڵێكی جوانی، پارێزەرێكی زیرەك بۆ گۆڕینی سەمتی بابەتێك" وەسف كرد. هەموو بە جارێ لە قاقای شادیان دا، گشت میوانەكان گەشانەوە و چالاكی و چەڵەنگییەكی زیاتریان تێكەوت. هەموو لەسەر مێزەكە هەستان، بە بالكۆنەكەدا كەوتنە هاتووچۆ تا بای باڵێك بدەن و سڕی پێیان دەربكەن و مەستی بەریان بدات . تەنیا كیللەر نەبێت كە لە قسەكانی لیبیدف زۆر پەست و بێزار

بوو. لەشوێنی خۆیەوە و بە دانیشتنەوە میوانەکانی یەك بەیەك ڕادەگرت و بە دەنگی بەرز پێی دەگوتن:

– ئەم کابرایە زۆر کۆنەپەرستە، هێرش دەکاتە سەر سەردەمی شارستانیەت و پێشکەوتن، ستایشی سەدەی دوازدەیەم دەکات، ئەمە هەر هەمووی خۆنواندنە، درۆ و دەلەسەیە، دەنا ئەم لیبدیفە زەڕەیەك دڵپاکی و دەستپاکی لەمەزەبدا نیە. من دەپرسم ئەم خانووەی بەچی و چۆن پێکەوە ناوە؟

جەنەڕاڵ، کە لەو بەرەوە، لە بەردەم گرووپێکی دیکەی ئامادەبووانداوەستا بوو، ڕووی کردە پتیتسن کە بە ڕێکەوت لەناو ئەو گرووپەدا وەستا بوو، بەدەم داخستنی دوگمەی چاکەتەکەیەوە گوتی:

– من تەنیا یەك ڕاڤەکاری ڕاستەقینەی خەون و مکاشەفاتەکانی قەدیس یوحەنام دەناسی، ئەویش گریگور سیمیونوفیچ بور – مستروڤی ڕەحمەتی بوو. قسەکانی هێندە ئاگرین و پڕ جۆش و خرۆش بوو، دەتگوت ئاگرن و لەدڵی بنیادەم بەردەبن. لەپێشا داوای بوردنی لە ئامادەبووان دەکرد. ئەوجا چاویلکەکەی لەچاو دەکرد، کتێبێکی کۆنی ئەستوری، بەرگ ڕەشی دەکردەوە. ڕدێنێکی درێژی ماش و برنجی بەردابووەوە، پیاوێکی زۆر خێرومەند و دروستکار بوو، لەبری ئەم خێرەومەندییە دوو میداڵی وەرگرتبوو، لە بەرۆکی دابوون، هێندەی دی بەسام و هەیبەت بوو بوو. تا حەزبکەی دەماوەر و زارو زبان جدی بوو. جەنەڕاڵان، سەری ڕێزیان بۆ دادەنواند، ئافرەتان کە گوێیان لە دەمو دووی دەبوو، دەبورانەوە. کەچی ئەم برادەرە بەوە کۆتایی بە قسەکانی دێنیٚ کە مژدەی شێوێکی سارد و سڕ بە میوانەکان بدات! ئەو لە کویٚ و ئەم لەکویٚ!

پتیتسن کە بەدەم بزەوە گوێی بۆ قسەکانی جەنەڕاڵ هەڵخستبوو، لەوە دەچوو بۆ کڵاوەکەی بگەڕێت تا هەڵیگرێت و بڕوات، بەڵام نەیدەتوانی بڕیاری یەکجارەکی بدات. گانیاش، لە ناکاودا و، تەنانەت پێش ئەوەی ئەوانی دیکە لەسەر مێزەکە هەستن، دەستی لە خواردنەوە هەڵگرت و پەرداخەکەی دوور خستەوە و، تەمێکی خەمناکی نیشتە سەر سیمای. کە هەموو میوانەکان لەسەر مێزەکە هەستان، ئەو چوو بۆلای ڕوگوژین و لە تەنیشت ئەوەوە دانیشت. ئەگەر یەکێك بەو حاڵەوە دیتبانی، وای وێنا دەکرد هێندە ڕێکن موو بە بەینیانەوە ناچێت. ڕوگوژین، کە لەسەرەتاوە چەند جارێك هەستابوو کە بە هێمنی فیزماڵکی بداتیٚ و بڕوات. هەنووکە کڕوکپ لێی دانیشتبوو، سەری داخستبوو و لە فکران ڕاچوو بوو، لە تۆ وایە بیریچووەتەوە کە بڕوات.

به درێژایی ئەو شەوە، دڵۆپێ مەی نەخواردەوە، بە تەواوەتی لە دەریای بیرکردنەوەدا نقوم بوو بوو، ناو بە ناو سەرێکی هەڵدەبڕی، بە وردی دیقەتی یەك بە یەکی ئامادەبووانی دەدا. لەوە دەچوو چاوەڕوانی شتێکی زۆر گرینگ بێ، هەڵبەتە گرینگ بۆ خۆی، بۆیە لێبڕابوو جارێ بە موەقەت ڕۆیشتنەکەی دوابخات. میرزادە، تەنیا دوو سێ پێکی خوارد بووەوە، کەمێك مەست و هەندێك کەیفی قنج بوو. کە لەسەر مێزەکە هەستا، نیگای لە نیگای یەڤگینی پاڤلوفیچ هەڵنەگوت، یەکسەر بیری کەوتەوە کە گفتوگۆیەکیان لە بە ینابوو دەبوایە تەواوی بکەن، بزەیەکی دۆستانەی بە ڕوویدا دا. یەڤگینی پاڤلوفیچ، سەرێکی بۆ لەقاند و بە ئاماژەی سەر هیپولیتی پێ نیشان دا کە لەسەر تەختەکە لێی ڕاکشابوو و، لە غوڕابی خەودا بوو. یەڤگینی پاڤلوفیچ کە لەودەمەدا. بە ڕق و بەدخواییەکی ئاشکراوە دیقەتی دەدا، گوتی:

– میرزادە، بڵێ بۆچی ئەم هەتیوەت دالْدەداوە و خۆی کردووە بە بار بەسەر تۆوە؟

میرزادە، واقی لەم پرسیارە وڕما.

یەڤگینی پاڤلوفیچ. لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– گرێو دەکەم کە پیلانێکی لە ژێر سەردایە!

میرزادە گوتی:

– یەڤگینی پاڤلوفیچ، ئەوەندەی من دیقەتم داوە یان بەلای کەمەوە هەستم پێکردووە، ئەمڕۆکە زیاد لە پێویست بەوەوە گرتووتە، وایە؟

– بەخۆت دەزانی، من لەم ڕەوشە تایبەتیەی خۆما، بەبێ ئەویش، کێشە و دەردەسەری دنیام هەیە، سەرم لەوە سوڕماوە لە جیاتی بیر لە دەردەسەریەکانی خۆم بکەمەوە، نەمتوانیوە لە هەوەڵی شەوێوە تا ئێستا چاوم لە چارەی دزێوی ئەو بگوازمەوە و بیرێك لە خۆم بکەمەوە.

– چارەی زۆر جوانەو...

یەڤگینی پاڤلوفیچ، قۆڵی میرزادەی ڕاکێشا و هاواری کرد:

– سەیری کە، تەماشا، بڕوانە ئەوێندەر!

میرزادە، دووبارە، بە سەرسامی ڕوانیە یەڤگینی پاڤلوفیچ.

پەراوێز:

*- "..چمان داوه له بەيان..": ئەم ديمەنه له ماوەى " شەوه سپييەكاندا" له پترسبۆرگ روو دەدات.

*- ".. هەتاو ئاسمانى نقومى..": يادى بىيته شيعرێكه له فاوستەكەى گۆتەدا هاتووه.

*- "..ئابلوقەى قارس...": ئابلوقەى قارس له كاتى شەڕى ١٨٤٥-١٨٥٥دا، بەوه تەواوبوو، كه قەڵاكه ڕادەستى جەنەراڵ مورافييڤ بوو له ٦/ت٢/ ١٨٥٥دا، چونكه گەمارۆ دراوان، ئازووقەو تەقەمەنيان هيچ نوما.

*- ".. سەردەمى كەشتيانى هەڵمى و هێڵى ئاسن..": ڕەنگه ئەم جۆكه پەيوەندييەكى فۆنەتيكى به وشەى رووسى بوروك و (ماناى چروكى وقەڵبيه) و وشەى بوروكهود(ماناى كەشتى هەڵمييه) هەبىٚ، كه تەرجەمه ناكرێن.

فەسڵی پێنجەم

هیپولیت، کە لە ئاخروئۆخری وتارەکەی لیبدیفدا یەکسەر خەوی لێکەوتبوو، هەنووکە لەپڕ، وەکو ئەوەی یەکێك دەرزییەکی پێدا کردبێت، لەخەو ڕاپەڕی، ڕاجفری، دانیشت و، خۆی دا بەسەر ئانیشکێکیدا، بەجۆرە نیگەرانیەکەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. کە ئەوانەی دەوروبەری خۆی بینی، جۆرە خەمێك دایگرت، بەڵام کە بەتەواوەتی وەخۆهاتەوە و بەهۆش هاتەوە، ئەو خەمە گۆڕا بۆ جۆرە ترسێك، دەستی میرزادەی گرت و بە خەمینی گوتی:

– چدیە؟ دەڕۆن؟ تەواو؟ هەموو شتیك بڕایەوە؟ هەتاو هەڵهات؟ توخوا سەعات چەندە! خەوم پێیا کەوت. زۆر خەوتم ؟

ئەم ڕستەیەی دوایی، بەجۆرە نائومێدییەکی ئەوتۆوە گوت، لە تۆ وایە دەرفەتێکی ئەوتۆی لەدەست چووە، کە سەراپای ژیان و چارەنووسی پێوە بەندبووە.

یەڤگینی پافلوڤیچ وەڵامی دایەوە:

– حەوت هەشت دەقیقەیەك بوو نووستبووی.

هیپولیت، بە تامەزرۆییەوە تەماشای کرد، بۆ چەند ساتێك لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی:

– ئا... بەس!... کەواتە من.

هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشا، وەکو ئەوەی بارێکی قورس لە سەرشانی لاچووبێت. بۆی دەرکەوت کە "هەموو شتێك تەواو نەبووە". هێشتا بەیانی نەداوە، هەتاو هەڵنەهاتووە. میوانەکان نەڕۆیشتوون، بەڵکو بۆ شێو خواردن هەستاون، ئەوەی تەواو بووەو بڕواتەوە، چەنەبازییەکەی لیبدیفە و بەس. بزەیەکی بۆ کرد، دوو پەڵەی سوور وەکو نیشانەی نەخۆشی سیل کەوتنە سەر کوڵمەکانی. هەنگێ بە تەوسەوە گوتی:

– یەڤگینی پافلوڤیچ، وادیارە تۆ دەقیقە بە دەقیقە ژماردووتە کە من چەند خەوتووم! بە درێژایی ئەمشەو، ئەوەندەی ئاگام لێبوو، چاوت لە من نەگواستەوە..

ئەوسا، چارەی دا بە یەکا. برۆکانی وێکهێنانەوە، بە جوڵەی سەر، ئاماژەی بۆ ئەو شوێنە کرد کە پارفیون سیمیونوفیچ لەسەر خوانەکە دانیشتبوو، بەچپە گوتی:

– ئاهـ، ئەوە روگوژینە! ئێستا خەوم پێوەی دەبینی...

ئەوسا، وازی لەم بابەتە هێنا، چووە سەر بابەتێکی دیکە و لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– ئا... بەڵێ، ئەریٰ خەتیبەکەمان کێوە چوو؟ کوا لیبدیف؟ لە خوتبەکەی بووەوە؟ باسی چی دەکرد؟ میرزادە ڕاستە کە تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان گوتووتە لەوەیە "جوانی" دنیا ڕزگاربکات؟

ئەوسا هەموو ئامادەبوانی بە شایەد گرت و گوتی: "جەماعەت ئێوە بەشایەد بن کە میرزادە دەڵێت جوانی دنیا ڕزگاردەکات! بەڵام من دەڵێم ئەگەر میرزادە بووبێ بە خاوەنی ئەم هەموو گەشبینییە، ئەم هزرو بیرە جوانە، ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە ئاشق بووە! بە ڕێزینە میرزادە ئاشقە. هەرکە هاتە ژوورەوە هەستم پێکرد! میرزادە شەرم مەکە، با بەزەییم پێتا نەیەتەوە!. چ جوانییەك دنیا ڕزگاردەکات؟ کولیا ئەم شتانەی بۆ گێڕامەوە.. ئایا تۆ فەڵەیەکی ئیمانداریت ؟ کولیا دەڵێت کە خۆت بە فەڵەیەکی ئیماندار دەزانیت.

میرزادە، قەدەرێ لێی ورد بووەوە و هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە. هیپولیت، لەناکاودا، بە زمانێکی زبر، وەکو ئەم سەرنجەی بیرچووبێت، گوتی:

– وەڵامم نادەیتەوە؟ لاتوایە زۆرم خۆش دەوێی؟

– نا، لام وا نیە. دەزانم کە خۆشت ناوێم.

– چۆن؟ تەنانەت دوای ڕووداوەکەی دوێنێش؟ خۆ دوێنێ دڵسۆزانە ڕەفتارم دەگەڵ کردیت.

– دوێنێش دەمزانی کە خۆشت ناوێم.

– مەبەستت ئەوەیە کە گوایە حەسوودیت پێدەبەم، بەغیلیت پێدەم؟ تۆ هەمیشە گومانی ئەوەت لێکردوم، هەنوکەش هەمان گومانم لێدەکەیت، بەڵام... باشە من بۆچی باسی ئەمەت دەگەڵ دەکەم؟ حەزم لە شامپانیایە. کیللەر، تۆزێ شامپانیام بۆ تێبکە! بۆم تێدەکەی؟

میرزادە، پەرداخەکەی لەبەردەمی لابرد وگوتی:

– هیپولیت بەسە، زۆرت خواردووەتەوە. نایەڵم لەوەی پتر بخۆیتەوە...

هیپولیت، ملی دا، بەدەم حەواس پەرتیەوە گوتی:

– هەق بە تۆیە، ڕاست دەکەی... ئەگەر زیاتر بخۆمەوە لەوەیە دوایی بڵێن من... بەڵام گوێم لەوە نیە چ دەڵێن، بە قەد نووکی دەرزییەك بەلامەوە گرینگ نیە چ دەڵێن!... وانیە؟ بۆ خۆ چ دەڵێن با بیڵێن، بە کەیفی دڵی خۆیان، وانیە میرزادە؟ چ زەرەرێك لەوە دەکەین کە خەڵکی "پاشان" چ دەڵێن؟... کێ لە ئێمە لە بیری ئەوەدایە کە دوایی، سبەی چ ڕوو دەدات؟... بە هەرحاڵ من تازە لەخەو بێدار بوومەتەوە. چ خەونێکی سەیرم دەبینی! ئێستا دیسان بیرم کەوتەوە. میرزادە، هیوادارم تۆ خەونی وا نەبینیت. هەرچەندە لەوەشە بەڕاستی خۆشم نەوێی. بە هەرحاڵ، ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆش نەویست، مەرج نیە زەرەری ئەو کەسەی بوێ، وانیە؟ بەڵام ئەم هەموو پرسیارەم لەپای چیە؟ کوا دەستتم بدەیە با بەگەرمی بیگوشم. بەڵێ، ئە ئاوها... ئەوەتا تۆ وێڕای هەموو شتێك دەستت هێناوە، کەواتە ئەرخایەنیت کە دڵسۆزانە، ڕاستگۆیانە دەیگوشم... زۆرباشە، لەوەی پتر ناخۆمەوە سەعات چەندە؟ بەڵام پێویست ناکات پێم بڵێن سەعات چەندە. بەخۆم دەیزانم! کاتی هاتووە. ئەوە چیە؟ دەڵێی لەو گۆشەیەدا شێو دادەنەن؟ کەواتە ئەم مێزە چۆڵە؟ زۆرباشە... بەڕێزینە من... بەڵام هیچ کەسێك لەو خەڵکە گوێ ناگرێت... میرزادە من گەرەکمە وتارێك بخوێنمەوە. ڕاستە شێوەکە گرینگترە، بەڵام...

هیپولیت، بەدەم ئەو قسەیەوە، کوت و پڕ، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، زەرفێکی ئیداری کە مۆرێکی گەورەی سووری پێوە بوو، لە بەرکی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە، لەبەردەم خۆی دانا.

ئەم ڕەفتارە کوتوپڕە، کارێکی زۆری لە میوانەکان کرد کە خۆیان "ئامادە دەکرد" بۆ... نەك بۆ خوێندنەوە. یەڤگینی پاڤلوفیچ، ڕاپەڕی و لەسەر کورسیەکەی خۆی هەستا: گانیا بەلەز لە مێزەکە نزیك بووەوە. "روگوژین"ش بەرەو مێزەکە چوو، بەڵام بە توڕەیی و بێزارییەکی ئاشکراوە وەك بڵێی دەیزانی چ ڕودەدات. لیبدیف کە لە مێزەکەوە نزیك بوو، بە نیگایەکی پرسیار ئامێزەوە نزیکتر بووەوە بەجۆرێ چاوی بڕییە زەرفەکە، وەك بڵێی بیەوێ مەزەندە لە زەرفەکە بدات و بزانێ چی تیایە. میرزادە، بە دڵتەنگی پرسی:

– ئەمە چیە؟

هیپولیت گوتی:

– هەر کە خۆر هەڵهات، دەگەڵ یەکەم گزنگی خۆردا، میرزادە وەکو قەولم داوە دەنووم. بەچاوی خۆشت دەیبینی، ئەگەر وانەبوو، گلەییم لێبکە!

ئەوجا بە پەستی چاوێکی بە هەموو ئامادەبوواندا گێڕا و وەکو ئەوەی گشتیان بدوێنێ گوتی:

– بەڵام... بەڵام... یانی ئێوە لاتان وایە ناتوانم ئەم زەرفە بکەمەوە؟

میرزادە. هەستی کرد، هیپولیت سەراپا دەلەرزێت. بە ناوی هەمووانەوە گوتی:

– هیچ کەسێك لە ئێمە بیری لەشتی وا نەکردووەتەوە.. بۆچی وابیردەکەیەوە؟ ئەدی ئەم خەیاڵە سەیرە چیە کە دەتەوێ وتارمان بۆ بخوێنیتەوە؟ چ خێرتە هیپۆلیت؟

ئەوانەی دەوروبەریشی کەوتنە پرسیار:

– خێرە؟ چیەتی؟

هەموو لە دەوری هیپولیت خڕبوونەوە، هەندێکیان هێشتا پاروەکانیان لە زارادا بوو. زەرفەکە و مۆرە سوورەکەی سەری، وەکو موگناتیس، میوانەکانی ڕاکێشا بوو.

هیپولیت ڕووی کردە میرزادە و گوتی:

– میرزادە، من دوێنێ بە خۆم ئەمەم نووسی، یەکسەر دوای ئەوەی لێبڕام کە بێم و لێرە بژیم، دەستم بە نووسینی کرد. یەك شەو و ڕۆژی تەواو خەریکی نووسینی بووم، ئەم بەیانیە تەواوم کرد. دەمە و بەیانی خەوێکم بینی...

میرزادە، بەشەرمێکەوە قسەکەی پێبڕی:

– ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە بخەیتە سبەینێ باشتر نیە؟

هیپولیت، بەدەم پێکەنینێکی گرژ و تەوسامێزەوە بەرسڤی دایەوە:

– سبەینێ "کات بەسەر دەچێ، زەمان ئاخر دەبێ". بە هەرحاڵ خەمت نەبێ، مەترسە خوێندنەوەی ئەم وتارە هەر چل دەقیقەیەك، ئەوپەڕەکەی سەعاتێك دەبات. تەماشا بزانە میوانەکان چۆن خڕبوونەتەوە و چەندیان بەلاوە مەبەستە. تەماشا چۆن هەموو، یەك ، بە یەك خڕبوونەتەوە و چاویان بڕیوەتە مۆری سەر زەرفەکە. ئەگەر وتارەکەم بەو جۆرە لە زەرفێکی مۆرکراو دانەنابا، بەو شێوەیە سەرنجی ڕانەدەکێشان، گیانی فزولیەت و لاپرەسەنی بێدار نەدەکردنەوە. ها ها! ئەوەیە ئەفسوونی ڕاز و نهێنیان!... ئەوسا بەدەم پێکەنینە تایبەتیەکەی خۆیەوە، چاوە پرشنگدارەکانی بە ئامادەبوواندا گێڕا و گوتی:

– بەڕێزینە زەرفەکە بکەمەوە یان نا؟ ڕازێك! نهێنی یەك! میرزادە لەبیرت ماوە کێ گوتی کە "ئیدی کات بەسەر دەچێ، دەبێ بە ئاخر زەمان"؟ ئەو فریشتە گەورە بە هێزەی کە خەون و مکاشەفاتەکەی یوحەنا باسی دەکات.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە نیگەرانی و ڕووگرژیەکی ئەوتۆوە کە یەکسەر سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا، گوتی:

– باشتر وایە نەیخوێنیتەوە!

میرزادەش، دەستی خستە سە زەرفەکە و گوتی:

– مەیخوێنەوە !

یەکێك لەولاوە هەڵیدایە:

– چی؟ ئێستا دەیخوێنیتەوە؟ وەختی خوێندنەوە نیە! گەرەکمانە شێو بخۆین.

یەکێکی دی پرسی:

– وتارە؟ بۆ گۆڤارە؟

کەسی سێیەم گوتی:

– ڕەنگە بابەتێکی ناخۆشیش بێ.

ئەوانی دی پرسیان:

– جارێ مەسەلەکە چیەو، بابەتەکە دەربارەی چیە؟ پێدەچوو، ڕەفتارە ترسامێزەکەی میرزادە، (هیپولیت)شی نیگەران کردبێت! بۆیە بەدەم بزەیەکی کاڵەوە کە نیشتبووە سەر لێوە شینەکانی، بە جۆرە ترسێکەوە، بە ئەسپایی بە میرزادەی گوت:

– یانی نەیخوێنمەوە؟..

ئەوسا نیگایەکی هەر هەموویانی کرد و بەدیقەت ڕوانیە سەرو چاویان. هەستی دەکرد، پێویستی بەوەیە گرێی دڵی خۆی بکاتەوە. بە ئەسپایی دووبارەی کردەوە:

– یانی، ئێستا نەیخوێنمەوە؟

دووباره ئاوڕی له میرزاده دایەوه و پرسی:

– چیه... دەترسیت؟

میرزاده، بەدەم ڕەنگ بزڕکانەوه بەرشقی دایەوه:

– لەچی دەترسم؟

هیپولیت، لەپڕ، وەکو ئەوەی کارەبا لێی دابێت، لەجێی خۆیەوه ڕاپەڕی و هاواری کرد:

– کێ دراوێکی بیست کوپێکی پێیه ؟ ئەگەر هەر دراوێکی دیکەش بێ، قەیدی نیه، دەبێت.

لیبدیف بەلەز پارچه دراوێکی دەرهێنا و گوتی:

– فەرموو!

لیبدیف، وای بەخەیاڵدا هات که ڕەنگه یارۆ شێت بووبێ. هیپولیت، یەکسەر هاواری کرد:

– ڤیرا لوکیانوڤنا! وەره ئەم دراوه بگره، له سەر مێزەکه هەڵیده، ئەوسا بڕوانه ئاخۆ بەشێرا کەوتووەتەوه یان بەخەتا. ئەگەر شێر بێت دەیخوێنمەوه!

ڤیرا، به ترس و دوودڵیەوه، ڕوانیه پارچه دراوەکه، ئەوجا ڕوانیه هیپولیت و پاشان تەماشای بابی کرد، ئەوجا سەری برده دواوەو، گوایه نابێ دراوەکه بدینێ، خوا بەختەکی دراوەکەی هەڵدایه سەر مێزەکه و خوا و ڕاسان به شێرا کەوتەوه .

هیپولیت، وەکو ئەوەی ئەم تیر وپشکه، به جارێ ڕوخاندبێتی، لەبن لێوانەوه گوتی:

– دەبێ بیخوێنمەوه.

ئەگەر فرمانی خنکاندنی خۆیشی بیستبا هەر ئەوەنده، ڕەنگی دەبزڕکا و دەپەشۆکا.

دوای ساتێك بێدەنگی، بەدەم هەڵ لەرزینەوه گوتی:

– ئاخر یانی چی؟

هیپولیت، که به هەمان ئارەزووەوه که گرێی دڵی بکاتەوه، تەمەشای ئامادەبوانی دەکرد و به زمان حاڵی نیگا لێیان دەپاڕایەوه گوێی لێبگرن، پرسی:

– ئایا بەڕاستی، تیروپشکی مەرگی خۆمم ڕاکێشاوە؟ ماقوولە؟ ئەوسا لە ناکاودا، بە حیرەتێکی ڕاستگۆیانەوە. ڕووی کردە میرزادە و هاواری کرد:

– ئەمە یەکێکە لە حاڵەتە دەرونیە سەیرەکان میرزادە!

لەکاتێکا کە زیاتر وەخۆ دەهاتەوە و پتر دەبوژایەوە، دووبارە گوتیەوە:

– میرزادە، ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە. لە بیرت نەچێ، لای خۆت تۆماری بکە، مادامێکی، وەکو بیستوومە، خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامانی لەسەر حوکمی ئیعدام... وایان بۆ گێڕاومەتەوە، هاها!... هەموو شتێك پووچە!

بەدەم ئەو قسانەوە، لەسەر تەختەکە دانیشت، هەردوو ئانیشکی دادایە سەر مێزەکە، سەری لە نێو هەردوو دەستی نا. پاش کەمێك لە ناکاوا سەری هەڵبڕی و لەسەری ڕۆیی:

– نەك هەر پووچە، بگرە مایەی شەرمەزاریشە! جا من هەقم چیە، چ زەرەرێکم کردووە، مایەی شەرمەزارییە یان نا، بەجار بەجەهەنەم!..

ئەوسا، وەکو یەکێك ملی بۆ قەرارێکی کوت و پڕ دابێت، گوتی:

– بەڕێزینە، بەڕێزینە... من زەرفەکەم دەکەمەوە،و... و... کەسیش ناچار ناکەم کە گوێ بگرێت!

لە شپرزەییدا، هەردوو دەستی دەلەرزین، بە دەستانی لەرزۆك زەرفەکەی هەڵپچڕی، چەند پەڕە کاغەزێکی نامەنووسینی، نووسراو بە خەتێکی سفت و وردی دەرهێنا، لەسەر مێزەکە، لەبەردەم خۆیدا داینان و ڕێکی خستن. هەندێ لە ئامادەبوان، بە ڕووگرژی کەوتنە پرتاندن:

– ئەمانە چیە؟ دەیەوەێ چیمان بۆ بخوێنێتەوە؟

ئەوانی دی بێدەنگ بوون، بەڵام هەموو لەجێی خۆ دانیشتن و بە چاوانی کونجکاوەوە تەمەشای ئەویان دەکرد. لەوەدەچوو بە تەمابن گوێیان لە شتێکی نائاسایی ببێت. ڤیرا لەپشت کورسیەکەی باوکیەوە وەستا بوو، بە ڕادەیەك دەترسا کە بەری فرمێسکی خۆی بۆ نەدەگیرا. شپرزەیی کولیاش چیوای لەو کەمتر نەبوو. بەڵام لیبدیف کە تازە دانیشتبوو لەناکاوا هەستا، چەند مۆمێکی داگیرساوی لە هیپولیت نزیك کردەوە، تا بتوانێ وتارەکەی بە باشی بخوێنێتەوە.

هیپولیت گوتی:

– بەڕێزینە، ئەمە.. هەنووکە بەخۆتان دەزانن کە مەسەلەکە چیە..

ئەوسا یەکسەر، بێهیچ پێشەکیەك دەستی بە خوێندنەوە کرد:

"ڕوونکردنەوەیەکی پێویست". دەستپێك: "دوای من خوای دەکرد، تۆفان هەڵدەسا"*. بەڵام زوو بە زوو وەکو یەکێك لەپڕ چزەی لێهەستێ بە خۆی گوت: ئۆف... چۆن ئەم دروشمە گەوجانەیەم کردووە بە دەستپێکی وتارەکەم ؟.

ئەوسا ڕوی کردە ئامادەبووان و گوتی:

- بەڕێزینە گوێ بگرن!.. دڵنیاتان دەکەم کە لەگینە هەر هەموو ئەم بابەتە، لەدوا حیسابدا، پووچ و بێبایەخ بێت، لە کۆمەڵە توڕەهاتێك زێدەتر هیچی دی نەبێت!... تەنیا چەند بیرەوەرییەکەو بە خەیاڵما هاتووە و بە پەیڤ و قەڵەمم سپاردوە... ئەگەر بە تەمای ئەوەن کە شتێکی نهێنی یان... یاساغ و قەدەغەی تیابێ، یانی...

گانیا، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- باشتر وایە بێ پێشەکیی و مێشەکی بیخوێنێتەوە...

یەکێکی دی گوتی:

- خەریکە پێچە بەدەورمان دەگەڵ دەکات.

روگوژین کە تا ئەوکاتە متەقی لەخۆ بڕی بوو، هەڵیدایە:

- ئەمە ئەوپەڕی هەرزەگۆیی و چەنەبازیە!

هیپولیت، لەناکاوا تەمەشایەکی کرد، هەرکە نیگایان لێکدی هەڵەنگوت. ڕۆژگوژین، ژارخەنێکی تاڵی بە ڕوویا داو، بە ئەسپایی ئەم گوتە سەیر و سەمەرانەی پێگوت:

- کوڕۆ، واهی بەرخورد دەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا ناکرێت..

هەڵبەتە هیچ کەسێك لە مانای ئەو قسانەی روگوژین نەگەیی، بەڵام وێڕای ئەوەش کارێکی ئەوەندە سەیری کردە سەر ئامادەبووان، لە تۆ وایە بیرێکی هاوشێوەی لە مێشکی هەموویاندا هاڕوژاند. بەڵام ئەو ڕستەیە کارێکی ترسناکی کردە سەر هیپولیت، کارێکی ئەوتۆ کە یەکسەر کەوتە لەرزین، لەرزینێکی هێندە بە هێز کە میزادە باوەشی بۆ گرتەوە، تا بیگرێتەوە و نەیەڵێ بکەوێت، ئەگەر نەحەپەسابا و دەنگی لە ئەوکیا نەگیرابا، بێگومان هاواری دەکرد. یەك دەقیقەی

تەواو زاری چووە کلیلە و نەیتوانی تاقە وشەیەك بدرکێنێ. چاوی لە روگوژین نەدەگواستەوە و زۆر بە زەحمەت هەناسەی دەدا. سەرەنجام، بە هانکە هانك و بەزەحمەتێکی زۆر گوتی:

– کەواتە تۆ... بوویت... تۆ بوویت کە...

روگوژین، بەسەرسامی پرسی:

– من بووم کە چی؟ چیم دەکرد و لەکوێ بووم؟

بەڵام هیپۆلیت، سووری سوور بوو بووەوە، بە ڕقێکی شێتانە و کوتوپڕەوە، وەکو هۆڤیەکی دڕندە هاواری کرد:

– کەواتە "تۆ" بوویت کە هەفتەی ڕابردوو، دوای سەعات یەکی شەو، دوای ئەو ڕۆژەی کە سەرم دایت، هاتبوویتە ماڵەکەم. ئەوە "تۆ" بوویت! ئیعتراف بکە: تۆ بوویت یان نا؟

– هەفتەی ڕابردوو ؟ شەوێ ؟ ئەوە تێکچوویت کوڕۆ ؟

"کوڕۆ" دیسان، نزیکەی دەقیقەیەك بێدەنگ بوو، ئەوجا کەڵەموستی نایە سەر تەوێڵی و بە ئاشکرا دیاربوو کە دەیوسیت شتێك وەبیر خۆی بێنێتەوە. بەڵام لەپڕ بزەیەکی کاڵ، نیشتە سەر لێوی، جۆرە دوو دڵییەك ئاوێتە بە فێڵ و سەرکەوتن، لەودیو ئەو بزەیەوە سەرەتاتکێ ی بوو. ئەنجام بە ئەسپایی، بەڵام بە باوەڕو قەناعەتی تەواوەوە، گوتی:

– تۆ! "تۆ" هاتیت بۆ ژوورەکەم، یەك سەعاتی تەواو بگرە زیاتر لە سەعاتێك، لەسەر کورسیەکی نزیکی پەنجەرەکە، بێئەوەی متەقت لێوەبێت، دانیشتیت: لە نێوان سەعات دوازدە و دووی پاش نیوەشەو بوو. پاشان هەستایت و پێش سەعات سێ ڕۆیشتی... بەڵێ، خۆتی خۆت بوویت! بۆچی دەتوویست بمترسێنی؟ بۆچی بۆ عەزابدانی من هاتبوویت؟ من هۆی ئەمە نازانم... بەڵام تۆ بوویت!

لە ناکاوا، گڕی ڕقێکی بێپایان، لەچاوانیەوە پرشنگی دا، بەڵام هێشتا ترسەکەی نەڕەوی بووەوە و دەلەرزی، گوتی:

– بەڕێزینە، هەر ئێستا هەموو شتێکتان بۆ دەردەکەوێ... من... من... گوێ بگرن...

ئەوسا بەلەز کەوتە ڕێکخستنەوەی کاغەزەکانی بەردەمی، کە لە شوێنی خۆیان جوڵا بوون. کاغەزەکان بە دەستە لە رزۆکەکەیەوە، دەلەرزین، ماوەیەکی پێچوو تا ڕێکی خستنەوە.

روگوژین، بەدەم ورتە ورتێکی گۆنگەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەمە یان شێت بووە یان وڕاوە دەکات...

ئـەنجام خوێندنـەوە دەسـتی پێکـرد. نووسـەری وتارەکـە، کـە لـە بـیری کەسـدا نـەبوو وتـار بنووسێت، لە پێنج دەقیقەی یەکەما، زۆر شپرزە بوو، قسەکانی پچڕ پچڕ و بیَ سەروبەر بوون، لەبەر هانکە هانك بەجوانی بۆی نەدەخوێنرایەوە. بەڵام بەرە بەرە دەنگی باش بوو، هێور بووەوە، توانی مانـاو مەبەستی ئـەو بابەتە بگەیـەنێت کـە دەی خوێنـدەوە. تـەنیا جـار جارێك کۆکەیـەکی توند دەیگرت و خوێندنەوەکەی پێدەبڕی. کە گەییە نیوەی وتارەکە دەنگی تـەواو کـەرخ بـوو. سات بە ساتیش پتر جۆشی دەسەند و گەرم تر دەبوو، گویَ بە گوێی ئەوەش، هەستی هاوخـەمی گوێگرەکانی بەرزتر دەبووەوە.

ئەمەش دەقی تەواوی وتارەکەیە

"ڕوونکردنەوەیەکی پێویست"

"کە من مردم، خوای دەکرد لافاو هەڵدەستا"

"دوێنیَ بـەیانی میرزادە هات بۆ لام پێشنیازی بۆ کردم کە بێم و، لـەلای ئـەو و، لـە ڤێلاکـەی ئـەودا بـژیم. دەمزانـی کـە بەڕاستێتی و سـوورە لەسـەر ئەمـە. دڵنیـا بـووم کـە بێپـەردە پـێم دەڵێـت "ئەگەر لێرە، لە ناو خەڵکی و دارودرەختاندا بمرم باشترە ". بەڵام ئـەمڕۆ وشـەی "بمرم"ی بەکار نەهێنا، بەڵکو "بژیم"ی بەکارهێنا، بە هەرحالْ بۆ یەکێکی وەکو من هـەردوو حاڵەتەکە هـەر یەکە. لێم پرسـی مەبەسـتی لـە وشـەی "دارو درەختـان" چیە کە ئەوەنـدە دووپـاتی دەکاتـەوە و سـەرمی پیَ دەیەشێنیَ. زۆرم پیَ سەیر بوو کە وەڵامی دامەوە گوایە خۆم ئەو ئێوارەیە گوتبووم بۆیە بۆ پاڤلوفسك هاتووم تا بۆ دواجار دارو درەختـان بـدینم. بـەڵام کـاتیَ پـێم گـوت، بـۆ مـن هـیچ فـەرقێك ناکـات چ لــەژێر درەختانــدا بمــرم چ بــەدەم تەماشــاکردنی ئــەو دیــوارە خشــتەی بەرانبــەر پەنجەرەکەمەوە بمرم، ئەوپەڕەکەی وا دوو هەفتەی دی ژیام، کە دوو هەفتە ئەم هـەموو شەڕەشەق و زەحمەتە ناهێنیَ یەکسەر هاتە سەر بۆچوونەکەی من و باوەڕی بە قسەکەم هێنا. بە هـەرحالْ، ئەو قەناعەت و باوەڕی وابوو کە سەوزایی و هـەوای پاك، بۆ سەلامەتی بەدەنی من زۆر باشـە، بەڕادەیـەك باشـە لـە گینـە خەونـە ئـاجرو باجرەکـانم، ئالۆزییـە دەروونییـەکانم کـەمتر و سـووکتر بکاتـەوە و لەوەیـە ئارامیـەکم پـیَ ببەخشـن. هەمـدیس بەرپەرچـم دایـەوەو بـەدەم پێکەنینـەوە پـێم گـوت کـە وەکـو بابایـەکی مەتریالیسـت قسـان دەکـات. ئـەویش بـەدەم بـزە بـاوە هەمیشـەییەکەی

خۆیەوە وەڵامی دامەوە کە هەمیشە کەسێکی مەتریالیست مەزەب بووە. هەڵبتە بە حوکمی ئەوەی پیاوێك بوو درۆی لە مەزەبا نەبوو، لە ملت دابا درۆی نەدەکرد، ئەو قسەیەی مانای خۆی هەبوو، هەر وا بە هەوەنتە ئەو قسەیەی بەبادا نەدابوو. بزەیەکی زۆر جوان و دڵگیری هەبوو. زۆر بەوردی تەمەشام کرد. نازانم ئێستا خۆشم دەویٚ یان ڕقم لێیەتی. هەنووکە دەرفەتی ئەوەم نیە سەری خۆم بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە بیەشێنم. بەڵام ئەوەندە دەزانم گێچی ئەو ڕقەی کە لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا، بەرانبەر بەو هەمبوو بە ئاشکرا لەم مانگەی دواییدا، هاتبووە خوارەوە کیٚ دەزانیٚ، لەوەیە من هەر بۆ دیتنی ئەو بۆپاڤلوفسك هاتبم؟ بەڵام بۆچی ژوورەکەی خۆم بەجێهێشتووە؟ کەسێك کە بە مەرگ مەحکوم بیٚ، نابیٚ شوێنی خۆی بەجیٚ بێڵیٚ. جا ئەگەر من بڕیاری خۆم نەدابا، ئەگەر (بەپێچەوانەوە) ملم بۆ ئەو بیرۆکەیە دابا کە چاوەڕوانی دوا نەفەسی خۆم بکەم، چاوەڕوانی مەرگی خۆم بکەم، بێگومان هەنگیٚ، بە هیچ نرخیٚ لە ژوورەکەی خۆم وەدەر نەدەکەوتم و بەوە قایل نەدەبووم لەسەر قسەی وی بێم لێرە، لەلای ئەو، لە پاڤلوفسك "بمرم".

"من دەبیٚ پەلە بکەم، تا ئەم "ڕوونکردنەوەیە" بەر لە ئەنگوتنی بەیان تەواو بکەم. چونکە وانەبیٚ، کاتی دووبارە خوێندنەوە و ڕاستکردنەوە و بژار کردنیم نابێت. سبەینیٚ کاتیٚ کە بۆ میرزادە و دوو سیٚ شایەدی دیکەم، خوێندەوە کە هیوادارم لە دەڤ وی پەیدایان بکەم، هەنگیٚ پێیدا دەچمەوە. جا بەو پێودانگەی کە تاقە وشەیەکی درۆ نانووسم، تەنیا حەقیقەتی خاڵیسە و باڵا و ڕەها دەنووسم، زۆرم بەلاوە گرینگە، کاتیٚ کە بۆیان دەخوێنمەوە بزانم چ هەستێکم لا دروست دەبیٚ، هەست بەچی دەکەم. من هەڵە بووم، نەدەبوو ئەم وشانە: "حەقیقەتی باڵا و ڕەها" بنووسم. چونکە بەبیٚ ئەو وشانەش، ژیانێکی دوو هەفتەیی ئەوە نایەنیٚ درۆی لە پێناودا بکرێت. چونکە دوو هەفتە زننەگی هیچ مانایەك ناگەیەنیٚ. باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی کە من جگە لە حەقیقەت هیچی دی نانووسم ئەوەیە: "پەراوێز – هەڵبەتە نابیٚ ئەوە لە بیربکەم: کیٚ دەڵێت من لەم دەمەدا شێت نیم، یان لە هەندیٚ دەماندا شێت نیم؟ وەکو بیستوومە، ئەوانەی نەخۆشی سیلیان هەیە، کە دەگەنە دوا قۆناغی نەخۆشیەکەیان، لە هەندیٚ ساتدا تێکدەچن، تووشی شێتبوونی کاتی دەبن. پێویستە سبەینیٚ کاتیٚ کە ئەم وتارە دەخوێنمەوە، لە سیمای گوێگرەکاندا بۆ وەڵامی ئەم پرسیار و مەسەلەیە بگەڕێم. ئەمە مەسەلەیەکە دەبیٚ بەوپەڕی وردی و دروستی وەڵام بدرێتەوە چونکە بەبیٚ ئەمە پیاو هیچی بۆ ناکرێت."

"پێموایە شتێکی زۆر تورەهاتم نووسیوە، بەڵام وەکو گوتم ماوەم نیە ڕاستی بکەمەوە، پێیدابچمەوە. ئەمە جگە لەوەی بەڵێنم بەخۆم دابوو کە تاقە یەك وشەی ئەم نووسینە نەگۆڕم و

دەستکاری نەکەم، ئەگەر هەست بکەم هەر پێنج دێڕ و جارێك خۆم بەدرۆ خستووەتەوە، دژی خۆم وەستاومەتەوە. دەمەوێ سبەینێ، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم وتارەدا، لە لۆژیکی هزرینی خۆم دڵنیاببم کە ئاخۆ درست بوون یان نا. تێبگەم کە ئەو بیرانەی لە زەرق ئەم شەس مانگەدا و لەم ژوورەدا پێیانەوە خەریك بووم حەقیقەتی ڕەها بووە یان وڕاوەی بێ بنج و بناوان.

"ئەگەر دوو مانگ لەمەپێش ناچاربام وەکو هەنووکە ژورەکەم بەجێ بێڵم، ماڵاوایی لە دیوارەکەی ماڵی مایر بکەم، دڵنیام کە خەفەتم دەخوارد، بەڵام حاڵی حازر، وێڕای ئەوەی دەبێ ئەم ژووره و ئەم دیوارە بۆ "هەتا هەتایە!" بەجێ بێڵم، هەست بە هیچ ناکەم. ئەمە مانای وایە، بە هەموو بوونمەوە ئەو قەناعەتەم لا چێبووە کە ژیانی دوو هەفتە ئەوە نایەنی پیاو خەفەتی بۆ بخوات و پێویست بەوە ناکات لەو ماوەیەدا خۆی بە هیچ هەست و سۆزێك بسپێرێت و دڵی خۆی پێخۆش بکات. لەوە دەچێت حاڵی حازر ئەو قەناعەتە تێکڕای هەستەکانمی کۆنترۆڵ کردبێت. بەڵام ئاخۆ ئەمە دروستە ؟ ئەمە ڕاستە کە سروشتی من بە تەواوەتی ڕام بووە؟ ئەگەر لەم ساتەدا بیانخستبامە بەر ئەشکەنجە بێگومان هاوارم دەکرد، نەمدەگوت پێویست ناکات هاوار بکەم و هەست بە ئازار بکەم چونکە تەنیا دوو هەفتەم لە ژیاندا ماوە.

"بەڵام ئاخۆ ڕاستە من تەنیا دوو هەفتەم لە ژیاندا ماوە؟ ئەوەی کە ئەوسا لە پاڤلوفسك گێڕامەوە درۆ بوو: "ب.. ن"* نە هیچی بە من گوتبوو، نە دیتبوومی، بەڵام نزیکەی دوو هەفتەیەك لەمەپێش، خوێندکارێکی کۆلیجی پزیشکییان هێنایە سەرم، نێوی کیسلورودوف بوو. ئەمە گەنجێکی مەتریالیستی مەزەبی، خوا نەناسی، نەهلیستیە، هەر لەبەر ئەوەش بوو ناردم بەشوێنیدا . من پێویستم بە کەسێك بوو ڕاستیم وەکو خۆی، بە ڕاشکاوی، بێهیچ مدارا و پێچ و دەورانێ، بێهیچ خاترانەیەك، ڕاستە و ڕاست پێ بڵێ، ئەو ئەم کارەی دەگەڵ کردم. نەك هەر بە ڕاشکاوی و بێهیچ پێچ و پەنایەك، بەڵکو بە کەماڵی ئارەزوو و لەزەتەوە، "لەزەتێك کە بەڕای من لە سنوری خۆی دەرچوو بوو) پێی گوتم. بێباك و بێ پەروا پێی گوتم کە تەنیا یەك مانگی دی دەژیم، ڕەنگە ئەگەر زروف لەبارم بۆ بڕەخسێت تۆزێ زیاتر لە مانگێکی دی بژیم، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە زۆر زووتر لە مانگێکی دی بمرم. بە بۆچوونی ئەو دەشێت کت وپڕ، بە مەرگی مجافات، بۆ نمونە سبەینێ بمرم. ئەم جۆرە پێشهاتانە زۆرن. بۆ نموونە پێری ئافرەتێکی گەنج کە نەخۆشی سیلی دەبێت، کە لە گەڕەکی کولومنا دا، ژیانێکی وەکو ژیانی من دەباتە سەر، خۆی ئامادە دەکات کە بچێ بۆ بازاڕ تای ئازووقە و خواردەمەنی بۆ خۆی بکڕێت، لە ناکاوا هەست بە ماندووبوون دەکات، لەسەر تەختێك ڕادەکشێت، تا پشوو بدات، دووجار دەم دەدا بە یەکاو دەستبەجێ دەمرێت، جا ئەم کیسلوردوفە هەر هەموو ئەوەی بەوپەڕی بێباکی و بێ هیچ

مدارایەك بۆ دەگێڕامەوە، وەكو ئەوەی شانازیم پێوە بكات كە منیش وەكو ئەو پیاوێكی خوا نەناسم و زۆر لە خەمی ژیاندا نیم و مەرگ بە هیچ نازانم. بە هەرحاڵ، ئەوەی ساغ بوو بووەوە و گومانی تیا نەمابوو. ئەمە بوو كە تەنیا یەك مانگم لە ژیانا مابوو! هەڵبەتە قەناعەتی تەواوم بەوە هەبوو كە بە هەڵەدا نەچوو بوو. "ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، میرزادە چۆنی زانی بوو كە من "خەونی ناخۆش" دەبینم، لە گەرمەی خەوا مۆتەكان سواری سەرم دەبن. بە ئاشكرا پێی گوتم كە لە پاڤلوفسكدا "خەوە ناخۆشەكانم" دەگۆڕێن. باشە بۆچی باسی خەونی كرد؟ بەڵێ، ئەم پیاوەیان پزیشكە، یان بە ڕاستی كەسێكی زۆر بە هۆش و بلیمەتە و دەتوانێ پێشبینی زۆر شتان بكات. (بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش گومان لەوەدا نیە كە بابایەكی گێلۆكەیە). ئەلهەقی من بەماوەیەكی زۆر كەم، پێش ئەوەی ئەو بێت، خەوێكی كورتی سەیرم بینی بوو (یەكێك بوو لەو جۆرە خەونانەی كە ئێستا سەدانیان لێدەبینم!) نزیكەی سەعاتێك بەر لە هاتنی ئەو خەوتبووم، خەونم دەبینی، لەو خەوەدا لە ژوورێك بووم، ژوورەكەی خۆم نەبوو. لە ژوورەكەی خۆم بەرینتر و بەرزتر بوو، پۆشتە و پەرداخ تر بوو، ڕوناكتریش بوو، كەل و پەلەكەی ناوی بریتی بوو لە: دۆڵابێكی جل و بەرگان، كۆمەدییەكی چەكمەجەدار، كورسییەك، تەختە خەوێكی پان و بەرز، كە سەرجێیەكی ئاوریشمی كەسكی بەسەرا درابوو. لەم ژوورەدا بووم. لەپڕ چاوم بە زیندەوەرێكی ترسناك كەوت بە عەمراتم شتی وام نەبینی بوو. زیندەوەرێكی ئاسایی نەبوو. لە دووپشك دەچوو، دووپشكیش نەبوو. لە دووپشك ناشرینتر و ترسناكتر بوو، پیاو دڵی لێی تێكەڵدەهات. جا چونكە ئەم جۆرە زیندەوەرە لە واقیعدا نەبوو و ئەم یەكە "بەتایبەتی" لەلای من پەیدابوو بوو، گومانی ئەوەم كرد كە دەبێ ئەمە ڕازێكی تیا بێت! لەم زیندەوەر ورد بوومەوە، جۆرە خشۆكێكی بۆڕەقنە بوو، لە قاوغێكی ڕەقی وەكو قاوغی كیسەڵدا بوو. درێژییەكەی نزیكەی بیست سانتیمەترێك بوو، ئەستووری سەری بە قەد دوو قامكان دەبوو، بەڵام بەدەنی تا بۆ لای كلكییەوە دەهات باریك و باریكتر دەبوو، ئەستووری كلكی هەر نیو سانتیمەتر دەبوو. بە پێنج سانتیمەترێك لە خوار سەریەوە لە هەر لایەكی بەدەنیەوە قاچێك ڕوا بوو كە درێژی هەر یەكێكیان دە سانتیمەتر دەبوو و، بە گۆشەیەكی چل و پێنج نمرەیی دەكرانەوە. كە لەسەرێ ڕا تەمەشات دەكرد لە لقێكی سێ چوكڵە دەچوو. سەریم بە جوانی نەدەبینی، لێ دوو شاخی زۆر چكۆلەم بەسەرییەوە بینی كە لەدوو دەرزی كورتی ئەستوور دەچوون، ئەوانیش بۆڕەقنە بوون. لە كۆتایی كلكی و كۆتایی هەر لاقێكیشیا دوو شاخی هاوشێوەی ئەوانەی سەری هەبوون. یانی كۆی شاخەكان دەیكردە هەشت دانە. ئەم زیندەوەرە لەسەر هەردوو لاق و بە یارمەتی كلكی بە خێرایی بەژوورەكەدا دەسوڕایەوە و غاری دەدا، وێڕای ئەوەی لە قاوغێكی ڕەق و ئەستووردا بوو، ئازای بەدەنی و بەتایبەتی كلكی وەكو مار دەجوڵایەوە. دیمەنێكی ترسناك بوو. زۆر

دەترسام ئەم زیندەوەرە پێمەوە بدات، بیستبووم کە گوایە ژەهراوییە. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر ئازاری دەدام، ئەوە بوو کە بزانم کێ و بە چ نیاز و مەبەستێك بۆ ژوورەکەی منی ناردووە و چ ڕازو نهێنییەکی تیایە، ئەم زیندەوەرە، دەچوو لە ژێر کۆمەدیە چەکمەجەدارەکە و دۆڵابی جلەکانەوە خۆی ون دەکرد. دەخزییە کون و کەلەبەری ژوورەکەوە. لەسەر کورسییەك، لاقم لەژێر خۆدا قانگڵە کردو لێی دانیشتم. زیندەوەرەکە بە غار وەناو ژوورەکە کەوت، لە شوێنێکی نزیکی کورسیەکەی ژێر مندا، خۆی شاردەوە. بە ترسەوە ڕوانیمە دەوروبەر، من کە لە سەر هەردوو ئەژنۆیانم دانیشتبووم، خوا خوام بوو بە کورسیەکەدا هەڵنەگەڕێت. من لەو ترسەدا بووم کە لەناکاوا، لە پشتەوە، لە نزیکی سەرمەوە، گوێم لە خشە خشێك بوو. ئاوڕی پشتەوەم دایەوە، سەیرم کرد زیندەوەرە خشۆکەکە خەریکە بە دیوارەکەدا هەڵدەگەڕێت. گەیی بووە ئاستی سەرم، کلکی لە قژم دەخشی و بەخێراییەکی باوەڕنەکردەنی کلکی دەجوڵاند. خێرا بازم دایە خوارێ و ڕەق ڕاوەستام، زیندەوەرەکە ون بوو، لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەما. نەدەوێرام پاڵ بکەوم، نەبادا بە خشکەیی خۆی بە ژێر سەرینەکەمدا بکات. ئەوسا دایکم و ژنێکی دەستە خوشکی خۆی کە من نەمدەناسی خۆیان بە ژووردا کرد. کەوتنە هەوڵی ئەوەی زیندەوەرەکە بگرن یان دەری بکەن. زۆر لە من هێورتر بوون، هیچ ترسێکیان پێوە دیار نەبوو، بەڵام هیچ شتێك لە مەسەلەکە حاڵی نەبوون. زیندەوەرە، نەگریسەکە پەیدابووەوە. ئەمجارەیان زۆر بە خاوی دەجوڵا، پێدەچوو ئۆینێکی لەژێر سەردا بێت. کە بە ئەسپایی بە دەوری ژوورەکەدا، بەرەو سەمتی دەرگاکە دەجوڵا، لە جاران ناشیرینتر و قێزەونتر بوو. وەکو جاری یەکەم سەرانسەری ژوورەکەی بەرە و لای دەرگاکە بڕی. ڕێك لەوکاتەدا دایکم دەرگاکەی کردەوە، دێڵە سەگێکمان هەبوو بە نێوی نورما، دێڵە سەگەکەی بانگ کرد. نورما دێڵە سەگێکی زەلامی ڕەشی تیسکنی تووك لوول بوو، لە ڕەگەزی نیوفاوندلاند بوو، کە پێنج ساڵێك دەبوو تۆپی بوو. سەگەکە خۆی وەژووریدا کرد، لە بەردەم خشۆکەکەدا ڕەق ڕاوەستا، دەتگوت لە ترسانا قەڵەمی دەست و پێی شکاوە. خشۆکەکەش لەجێی خۆی وەستا، بەڵام هەردوو لاق و کلکی بە عاردیدا دەدا. لێم بە درۆ نەبێت، حەیوانات هیچ جۆرە ترسێکی غەیبیان لەلا نیەو هەستی پێناکەن. بەڵام بە نۆڕینی من لەو ساتەدا، ترسەکەی نۆرما شتێکی زۆر غەریبی تیا بوو، لەوە دەچوو سەگەکەش وەکو من، هەستی بەوە دەکرد کە دەرکەوتنی ئەو زیندەوەرە، بە دومە(شووم)و ڕەنگە کارەساتێکی لێبکەوێتەوە. سەگەکە، بە ئەسپایی کەوتە پاشەکشە، خشۆکەکە، بە پارێزەوە بەرەو سەگەکە دەچوو، لەوە دەچوو بیەوێ فرسەتی لێبینێ و، پەلاماری بدات و، پێوەی بدات و وەزەنی خۆی بکات، بەڵام نۆرما، وێڕای ئەوەی سەراپای لە ترسا دەلەرزی، زۆر بەرقەوە تەماشای خشۆکەکەی دەکرد. بەرەبەرە دەمی کردەوە، دانە تیژە و کەڵبە ترسناکەکانی

دەرکـەوتن، چـنگە سـوورە گـەورەکانی کـردەوە، خـۆی دانووسـاند، زاتـی وەبـەرخۆی نـا، لـەپڕ پەلاماری خشۆکەکەی دا، بە دوو کەڕەت خستیە بەینی دانەکانیەوە. خشۆکەکە، هەوڵێکی زۆری دا خۆی دەرباز بکات، بەڵام قاوغە ڕەق و سەختەکەی لەژێر دانی نۆرمادا، لەت و پەت بوو، کلکی و لاقەکانی، بە دەم نۆرماوە ئاوێزان بوون و بەلەز و بەشێوەیەکی ترسناک دەجوڵان. لەپڕ نۆرما قروسکەیەکی دڵتەزێنی بۆ کرد. خشۆکەکە، بە زمانیەوە دابوو. نۆرما بەدەم قورسکاندنەوە و لە تاو ئازاری زمانی، زاری کردەوە، خشۆکەکە بە نیمچە مردووی هێشتا لە دەمی سەگەکەدا هەر لە قەفرتێی بوو، لینجاوێکی سپی خەستی وەکو هی قاڵۆچەیەکی پێشێل کراوی لێ دەتکێتە سەر زاری سەگەکە... ڕێك لەو دەمەدا بێدار بوومەوە و میرزادە وەژوور کەوت."

هیپولیت، لێرەدا، بە نیمچە خەجاڵەتیەکەوە، خوێندنەوەکەی بڕی و گوتی:

– بەڕێزینە، من کاتم نەبوو بە وتارەکەمدا بچمەوە، پێموایە هەندێ شتم تێهەڵکیش کردووە، کە هەم زیادەن و هەم هیچ سوودێکیان نیە، بەخۆم هەست بەمە دەکەم!... ئەم خەونە...

گانیا، بەلەز هەڵیدایە:

– ڕاست دەکەیت، وایە.

– من دان بەوەدا دەنەم، کە زۆربەی، شتی زۆر خودی و شەخسین.. مەبەستم ئەمەیە کە: کۆمەڵە هەست و سۆزێکن تەنیا پەیوەندیان بە شەخسی منەوە هەیە...

هیپولیـت، بـەدەم ئـەو قسـانەوە، شـەکەت و مانـدوو، بەدەسـە سـڕەکەی ئارەقـەی سـەر هەنیـەی دەسڕی.

لیبدیف، بە دەنگێکی زیقن گوتی:

– بەڵێ، بەڕێز! تۆ لە ڕادەبەدەر خۆتت خۆشدەوێ! لە باسکردنی خۆت تێر نابیت!

– بەڕێزینـە، دووبارەی دەکەمـەوە کە کـەس ناچارناکەم گوێم لێبگرێت، ئەوانەی تاقەتیان چووە دەتوانن بڕۆن...

روگوژین، بە دەنگێکی نزمی ئەوتۆ کە بە ئاستەم دەبیسترا و نەدەبیسترا، پرتە پرتێکی کرد:

– خەریکە، خەڵکی لە ماڵی کەسێکی دی، دەردەکات!

فردیش چینکۆ، کە تا ئەوکاتە ورتەی لێوە نە هاتبوو، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکرا و هەڵیدایەو گوتی:

– دەڵێی چی هەموو هەستین و بە کۆمەڵ بڕۆین ؟

هیپولیت، یەکسەر چاوی داخست و دەستی دایە نووسراوەکەی. لێ خێرا، دیسان سەری هەڵبڕی و چاوە پرشنگدارەکانی بڕییە فردیش چینکۆ، گۆناکانی سور هەڵگەڕابوون، گوتی:

– تۆ، هیچ منت خۆش ناوێ.

هەندێك لە قاقای پێکەنینیان دا، بەڵام زۆربە نەبوون. هیپولیت سووری سوور بووەوە.

میرزادە گوتی:

– هیپولیت، کاغەزەکانت کۆبکەوە و بیدە من. بڕۆ بۆ خۆت بنوو، لێرە، لە ژوورەکەی من بنووە. پێش ئەوەی بنووین، تێر پێکەوە قسان دەکەین، پاشان سبەینێ دەست بە قسان دەکەینەوە، بە مەرجێ نەگەڕێیتەوە سەر ئەم کاغەزانە، باشە، ڕازیت؟

هیپولیت، بە سەرسامی تەمەشایەکی کرد و پرسی:

– شتی وا دەبێت ؟

بەدەم نۆبە تێیەکی دیکەوە، لەسەری ڕۆیی و هاواری کرد:

– بەڕێزینە، ئەوەی بۆم خوێندنەوە، بەشێکی بێ بایەخی لامسەریی چیرۆکەکەم بوو، بەشێك کە نەمتوانی وەکو پێویست بیگێڕمەوە. چیتر قسەکەی خۆم نابڕم، ئەوەی دەیەوێ با گوێ بگرێت و ئەوەی نایەوێ، کەیفی خۆیەتی...

بەدەم ئەو قسەیەوە، بەپەلە قومێ ئاوی لە سوارحیەك خواردەوە، هەردوو ئانیشکی دادانە سەرمێزکە تا دەموچاوی خۆی لە بینەران وەشێرێت، بە مکووڕی دەست بە خوێندنەوە بکاتەوە. زوو بە زوو شەرمەکەی ڕەوییەوە و درێژەی بە خوێندنەوە دا:

" ئەم بیرەی کە ژیانی چەند هەفتەیەك ئەوە نایەنێ پیاو خۆی بۆ ماندوو بکات، نزیکەی مانگێکە مێشکی مژول کردووم، یانی لەوساوە کە زانیم هەر چوار هەفتەیەکم لە دنیادا ماوە. بەڵام تەنیا سێ ڕۆژە بەتەواوەتی بەسەرما زاڵ بووە، یانی لەو ئێوارەیەوە کە لە پاڤلوفسك گەڕامەوە.

"ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو ڕۆژەی کە لە باڵکۆنەکەی میرزادەدا بووم، ئەم بیرەم بە مێشکدا هات و هەر ئەوکاتە لێبڕام بۆ دواجار ژیان تاقیبکەمەوە. هەستم دەکرد، دەمەوێ خەڵکی و دارو درەختان بدینم (دان بەوەدا دەنەم کە ئەم قسەیەم کرد) زۆر بەگەرمی کەوتمە داکۆکی لە بوردوفسکی "دۆستم"، بە خەیاڵی خاوی خۆم وامدەزانی هەموو ئامادەبووان، باوەشم بۆ دەگرنەوە، دەست لە ملم دەکەن، داوای بوردنم لێدەکەن و منیش داوای بوردن لەوان دەکەم، بە کورتیەکەی لە ئەنجاما بوو بە گەپجاڕ و داستانی سەر زاران. ئەوە بوو لەماوەی ئەو چەند سەعاتەدا ئەو "قەناعەتە تەواوەم" لە دەروونی خۆمدا بۆ کەشف بوو. جا ئێستا لەخۆم دەپرسم چۆن توانیم شەش دانە مانگی ڕەبەق بەبێ ئەو "قەناعەتە!" بژیم! سوور دەمزانی دەردە باریکەمە، دەردەکەم، دەردێکی بێ دەرمانە، بە ئومێدی ئەوە نەبووم چاك ببمەوە، خۆم هەڵنەدخەڵەتاند و بە حاڵی بێ حاڵی خۆمم دەزانی، کەچی تا زیاتر بە حاڵی شەپڕێوی خۆمم دەزانی، پتر تامەزرۆی ژیان دەبووم. زیاتر باوەشم بە ژیاندا دەکرد، دەمویست بە هەر نرخێ بووە نەمرم و درێژە بە ژیان بدەم. هەڵبەتە نکوڵی لەوە ناکەم کە لە گینە ئەوساکە گلەیی زۆرم لە قەدەری ستەمکار و نابینا هەبوو بێت، کە بەبێ هۆ، نازانم بۆچی قەراری دابوو، وەکو مشکێك بم پلیشێنێتەوە. بەڵام بۆچی هەر بە گلەیی و توڕەییەکەوە نەوەستاوم؟ بۆچی وێڕای ئەوەی دەمزانی تازە درەنگە، هەر کارێك بۆ من بێهودەیە، دەستم بە ژیان کرد؟ بۆچی ملم بەو هەوڵەوە نا، لەکاتێکا دەمزانی، هیچ بەروبوومێك نادات؟ بۆچی بڕیاری ئەو تاقیکردنەوە تازەیەم دا، لەکاتێکا دەمزانی هیچ شتێك بۆ تاقیکردنەوە نەماوە؟ ئیدی وام لێهات نەمدەتوانی کتێبێکیش بخوێنمەوە، ناچار دەستبەرداری خوێندنەوەش بووم. خوێندنەوە و فێربوون، بۆ کەسێك تەنیا شەش مانگی لەژیاندا مابێ، بەکەڵکی چی دێ، بۆچی باشە؟ زۆرجار ئەو بیرو بۆچوونە وای لێدەکردم، ئەو کتێبەی کە دەستم بە خوێندنەوەی کردبوو، تووڕ بدەم.

"بەڵێ، دیوارەکەی ماڵی مایر، زۆر چیرۆکی منی لایە، دەتوانێ بە دوورودرێژی هەموو ئەو شتانە بگێڕێتەوە، زۆر شتم لە سەری تۆمار کردووە. تاقە خاڵێك لەسەر ئەم دیوارە پیسە نیە، کە ئەزبەرم نەکردبێت، لە خەیاڵدان و یادگەمدا، بەرجەستە نەبووبێ. ئەو دیوارە نەگریسە! کەچی وێڕای ئەوەش، هێشتا لە هەموو دارو درەختانی پاڤلوفسك بەلامەوە دڵگیرترە، یان ئەگەر بەمجۆرە هەموو شتەکانم لەبەرچاو نەکەوتبا، دەبوا دڵگیرتر بێت!

"ئێستا، بیرم دەکەوێتەوە، چەند بە تامەزرۆیی و بە چ کونجکاوییەکەوە پەیگیری ژیانی "ئەوان"م دەکرد. پێشتر قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەستم بەو جۆرە فزولیەتە نەکردبوو. هەندێجار، کاتێ کە نەخۆشیەکەم کەسیرەی کردبووم، نەم دەتوانی بچمە دەرەوە، زۆر بێتاقی و بگرە توڕەیی

گەڕانەوەی کولیام دەکرد. وام لێهاتبوو تووشی گومان بوو بووم، شتەکانم لە ڕادە بە دەر ورد دەکردەوە، دوای هەر قسەو قسەڵۆکێکی هیچ دەکوتم، تا لە بنج و بناوانم نەکردبایە، سوکناییم نەدەهات. ڕێك وەکو ئەوانەم لێهاتبوو کە بانگەشە و قسە و قسەڵۆك و درۆ و دەلەسە و بوختانان بڵاودەکەنەوە. بۆ نموونە لەوە نەدەگەیشتم بۆچی ئەو خەڵکە ساغ و سەلامەتەی کە ژیانیان لێدەچۆڕێت، بە هەموو چالاکی و چەلەنگیەکی حەیاتی خۆیانەوە ناتوانن دەوڵەمەند بن (ئەلهەقی تا ئێستاش سەر لەمە دەرناکەم). پیاوێکی دەسکورتی بەلەنگازم دەناسی، وەکو بیستم پاشان لە برسان مرد. لە بیرمە کە ئەم هەواڵە نەك هەر زۆر تووڕەی کردم، بەڵکو دەهەری کردم، لەدین دەرمی کرد. وام لێهاتبوو، ئەگەر ئەم نەگبەتە زندوو ببوایەتەوە، ڕەنگە بە دەستی خۆم بمکوشتایە.

"هەندێجار، حاڵم باشتر دەبوو و، دەمتوانی بچمە دەرەوە، وەکو هەر کەسێك بۆ خۆم لە کوچەو کۆڵان، جادەو بانان بگەڕێم. بەڵام دەرەوە و جادە و بانم بەجۆرێ لەبەرچاو کەوتبوون، بە کەماڵی ویستی خۆم بە ڕۆژەوە کونجی ماڵەوەم دەگرت و نەدەچوومە دەرەوە، هەرچەندە وەکو هەر کەسێکی ساغ و سەلامەت دەمتوانی بچمە دەرێ. نەمدەتوانی ئەو خەڵکە جەنجاڵ و، شلۆق و، ڕەنگ و ڕووسیسەڵە و چرچەڵە و، سیما خەماوی و سست و نا ئومێدە بدینم، کە وەکو خێزەرەی مێرولە، نیگەران و پەرێشان، لە پەستا و بێ بڕانەوە، بەسەر شۆستەکاندا، بە لاما دەهاتن و دەچوون، نازانم بۆچی ئەوەندە خەمبار و گرژ و مۆن، ئەوەندە نیگەران و پەرێشان، هێندە ڕکونی و چارەگران و خوێنتاڵ بوون (چونکە ڕق و کینەیان بە شیرەوە مژتبوو؟) باشە ئەمانە کە هەر یەکێکیان نزیکەی شەست دانە ساڵ تەمەنیان لە پێشە، کێ لەم کلۆڵی و داماوییەیان بەرپرسە، خەتای کێیە کە عەزرەتیان تاوێ ژیانی ئاسوودە و خۆشە ؟ نازانن بۆ خۆبژین؟ ئەدی زارنتسین، کە لە کاتێکا دەیتوانی شەست دانە ساڵ بژی، بۆچی قایل بوو بەو ئاسانیە لە برسانا بمرێت؟ لە هەر کەسێك دەپرسیت، جلە شڕو شەپڕێوەکانی، دەستە زبر و شەقارەکانیت نیشان دەدات، تووڕە دەبێت و گلەیی دەکات: " فەرموو ئێمە وەکو کەر کاردەکەین، ڕەنج دەدەین، ئارەق دەڕێژین، بار دەبەین، وەکو سەگی پێ سووتاو دێین و دەچین، کەچی نانمان بە دۆمان ناگات، کلۆڵی و داماوی خۆمان داوە بەکۆڵا و بە سکی تێر و بە دە برسین! خەڵکانێکیش هەن، نە ماندوو دەبن، نە کار دەکەن، و نە خۆ دەڕەنجێنن و دەوڵەمەند و پارە داریشن!(قەوانە هەمیشەییەکەیە !) یەکێك لەو هەرزە بێژە لاتانە، کە لە "بنەماڵەیەکی ڕەسەنیشە" ئیڤان فومیچ سوریکوفە، کە هەر لەو بینایەی لای خۆمان، لە قاتی سەرەوەی ئێمە دادەنیشێت، جلەکانی هەمیشە لە ئانیشکەوە دڕاون و کون بوون، جل و بەرگەکەی تاقە دوگمەیەکی پێوە نیە، ئەمە لەبەیانیەوە تا ئێوارێ، کار بۆ خەڵکی

دەکات، دێت، دەڕوات، هەزار و یەك ئیش دەکات، ئاو بوەستێ ئەو ناوەستێ، هەر کارێکی پێ بسپێرن دەیکات، جا وەرن دەمی تاقیبکەنەوە، یەکسەر دەڵێت: "هەژارە، دەستکورت و نەبووە کڵۆڵ و بەلەنگازە، ژنەکەی لە دەست داو مرد، چونکە پارەی نەبوو دەواو دەرمانی بۆ بکڕێت، کیژە چکۆڵەکەی ئەم زستانە لە سەرما ڕەق بووەوەو مرد، کچە گەورەکەی لە برسا بووە بە "قاپاتمەی پیاوێك".. هەمیشە هەر دەکوڕوزێتەوە و دەناڵێ و دەگری و گلەیی دەکات. من نە ئەوسا و نە ئێستا هەرگیز بەزەییم بەو جۆرە کەر پیاوانەدا نە هاتووەتەوە... بە شانازی و سەربەرزیەوە ئەو قسەیە دەکەم! باشە ئەم کابرایە بۆچی نەبووە بە ڕوچیڵدێك ؟ خەتای کێیە کە وەکو روچیڵد نەبووە بە ملیونێر، یان خاوەنی چیایەك لە دنیاری ئیمراتوری* نیە. یان خاوەنی چیایەك لە لیرەی زێڕی ناپیلونی نیە، چیایەك بە رزتر لەو چیایە بەفرینانەی کە ڕووسەکان لە کەڕەنڤاڵی ئاخر و ئۆخریساڵدا دروستی دەکەن؟ خۆ ژیان دەکاتە پارە، مادامێکی دەژی و تاقەتی هەیە، دەبێ پارەی هەبێت، ئاخر کە خۆی لەمە نەگات، خەتای خەڵکی چیە؟

"ئاخ... ئێستا هەموو شتەکان لەبەر چاوم وەکو یەکە، هەموو شتێکم بەلاوە پەشمە، نامپەرژێتە سەر توڕەبوون، کاتی تووڕەبوونم نیە. بەڵام ئەوسا، وەکو پێشتریش گوتومە، لە داخا، گازم لە بالیفەکەم دەگرت، توڕە دەبووم، لە ڕقا لێفەکەم دەدڕی، ئاهـ... ئەوسا چ خەون و خەیاڵێکم هەبوو، چ ئاوات و ئارەزوویەکم هەبوو! پڕ بەدڵ حەزم دەکرد، مەمنوون بووم بەو تەمەنەوە، بە تەمەنی هەژدەساڵیەوە، تڕۆ بکرێم، وێڵی کوچە و کۆڵان، سەرجادە و بانان بم، ڕووت و ڕەجاڵ، برسی، بێ کەسوکار، بێ دۆست و ئاشنا، بێ کاروکاسبی، بێ ماڵ و ئەنوا، بێ تاقە دۆستێك لە شارێکی گەورەدا، برسی وەدەرکراو، تێهەڵدرا و ڕاونرا و (هەر هەموو ئەمە قەیدی نەدەکرد!..) بە مەرجی ساغ و سەلامەت بام، نەخۆش نەبام... هەنگێ پێم نیشان دەدان.. باشە لەو حاڵەدا دەمتوانی چیان نیشان بدەم؟

"ئۆف... ئێوە بەڕاستی وا تەسەوردەکەن، کە من نازانم بەم ئیعترافە، بەم "ڕوونکردنەوەیەی" کە بۆ ئێوەی دەخوێنمەوە، چەند خۆم شکاندووەتەوە ؟ کێ هەیە لەم حاڵەدا من بە گەنجێکی خەشیمی ساویلکە، بێ ئاگا لە ژین و ژیان نەزانێ وگاڵتەی پێم نەیەت! بەڵام ئەوانە غافڵن لە وەی تەمەنی من هەژدە ساڵی ئاسایی نیە، ئەو ڕەنج و ئازارەی من لەم شەش مانگەدا کێشاومە بارتەقای پەنجا ساڵ دەرد و ڕەنج بووە، هی ئەوە بووە پیاو سەری پاك سپی ببێت! لێگەڕێ با ڕابوێرن، گاڵتەم پێبکەن، با هەر هەموو ئەم شتانە بە حیکایەتی خەیاڵی بزانن! لە ڕاستیشدا هەر هەمووی حیکایەت بوون و بۆ خۆمم گێڕا ونەتەوە و شەوانم پێ بەسەر بردوون و هەنووکە هەموویانم لەبیرە..

"بەڵام ئاخۆ پێویست دەکات، ئێستا کە سەردەمی حیکایەت و خەیاڵات، کە تەنانەت بۆ منیش بە سەرچووە، دووبارە بیانگێڕمەوە؟ ئەم خەیاڵاتە کاتێ بوون بەمایەی دڵخۆشی و لەزەتی من کە بۆم دەرکەوت، تەنانەت خوێندنەوە و فێربوونی ڕێزمانی زمانی یونانیش کە بوو بوو بە خولیام، بۆ من ناکاتە هیچ و بێ مانا و بێهودەیە، لە دڵی خۆدا دەمگوت، ناگەمە قۆناغی شیکردنەوەی ڕستە، دەمرم، کە گەییمە ئەو قەناعەتە، یەکسەر لە لاپەڕەی یەکەمەوە وازم هێنا و کتێبەکەم فڕی دایە ژێر مێزەکە. ئێستاش کتێبەکە هەر لەوێ کەوتووە، چونکە بە ماتریونای کارەکەرمانم گوتبوو کە هەڵی نەگرێتەوە و هەقی بەسەرەوە نەبێت. "ئەوانەی کە ئەم وتارە "ڕونکردنەوەیە"ی منیان دەکەوێتە بەردەست و سەبر و حەوسەڵەی ئەوەیان دەبێت تا کۆتایی بیخوێننەوە، لەوەیە بە شێتم لە قەڵەم بدەن، یان بە قوتابییەکی قۆناغی ناوەندیم بزانن، یان وا تەسەوربکەن کە پیاوێك بم مەحکوم بە خەنەقاندن و بە ڕاستی پێی وابێ هەر ئەو قەدری ژیان دەزانێت و هەرچی بەشەری دی هەن، گوێ بە ژیان نادەن و بە خوت و خۆڕایی و، شێتانە ژیان و تەمەنی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن و شتاقیان شایستەی ژیان نین! جا من لێرەدا ڕای دەگەیەنم ئەو خوێنەرەی وا تەسەور بکات و بۆچوونی وابێ، زۆر هەڵەیە و سەرچیخ چووە، چونکە بۆچوونەکانم هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نیە کە مەحکومم بە مەرگ! بچن لەوانە بپرسن، لە هەموویان بپرسن، شتاقیان مەپەڕێنن، لە سەرپاکیان بپرسن. تەنیا ئەوەیان لێ بپرسن، چۆن لە شادی دەگەن، چ وێنایەکیان لە هەنبەر شادی و شادمانی هەیە؟ ئاهـ.. باوەڕبکەن کە کریستۆفەر کۆڵۆمبس، هەستی بە شادمانی دەکرد، بەڵام نەك دوای دۆزینەوەی ئەمریکا، بەڵکو ئەو کاتانەی کە لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەمریکادا بوو، ئەوکاتەی کە لە دۆزینەوەی نزیك بوو بووەوە. دڵنیابن، کە لوتکەی شادمانی ئەو سێ ڕۆژ، پێش دۆزینەوەی دنیای نوێ بوو. یانی ئەوکاتانە بوو کە هاوڕێکانی، دەریاوانەکانی هاوڕێی تووشی نا ئومێدی بوون و لێی یاخی بوون و دەیانویست ڕێ و ڕی بۆ ئەوروپا بگەڕێنەوە. مەبەست و ئامانجە سەرەکیەکە دنیای تازە نەبوو، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ نەبوو، خۆ کاتێ کۆڵۆمبس مرد، ئەمریکای بە تەواوی نەدیتبوو، و ئەوەی ڕاستی بێ نەیزانی بوو چ کەشفێکی کردووە. مەسەلەی هەرە گرینگ ژیانە، هەر ژیانە و بەس... گرینگ گەڕانی بەردەوام و هەمیشەییە لە ژیان، هەوڵی هەمیشەییە بۆ ژیان، نەك کەشف و دۆزینەوەی ژیان! بەڵام ئەم بێ سەروبەرانە. بەچ دەچن؟ دەترسم ئەم شتانەی کە دەیڵێم هێندە جەڵەبی و بازاڕی بن، کە خوێنەر وابزانێ هی قوتابییەکی ناوەندی تەمەڵە، کە داوای لێکراوە داڕشتنێ دەربارەی "هەڵهاتنی هەتاو" بنووسێت. یان بڵێن کە ویستوومە گوزارشت لە شتێك بکەم، بەڵام بە هەموو توانا و ئارەزوویەکمەوە نەمتوانیوە، ئەوەی لە دڵمدایە "شرۆڤە" بکەم. بە هەرحاڵ وێڕای ئەوەش بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە هەر بیرێکی مرۆڤانی ڕەسەن و بلیمەتانە، هەر ڕایەکی تازە و هەر ڕایەکی جدی کە

له مێشکی مرۆڤدا چەکەرە دەکات. هەر شتێکی لەو بابەتە، هەمیشە بایی ئەوەی تیا دەمێنێتەوە کە بۆ کەسانی دی نەگوێزرێتەوە، ئەگەر پیاو چەندین کتێب بۆ شەرح و شرۆڤەشی تەرخان بکات سی و پێنج دانە ساڵ خەریکی مانا لێکدانەوەی بێت. هەمیشە شتێك هەر دەمێنێتەوە کە نایەوێ بە هیچ جۆرێك لە مێشکت بێتە دەرەوە و بۆ هەتا هەتایە هەر لەگەڵ تۆدا دەمێنێتەوە. دەمریت و ناتوانی بۆ کەسێکی دیکەی بگێڕیتەوە یان بگوازیتەوە، لەوەشە ئەو شتەی کە لە دەربڕین نایەت، کرۆك و جەوهەری بیرەکەت بێت. جا منیش ئەگەر نەمتوانی بێ ئەو هەستەتان لا دروست بکەم کە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا، چ ئازارێکم چەشتووە، بەلای کەمەوە لەوە دەگەن کە بە چ بەهایەك گەییوومەتە ئەم "قەناعەتە یەکجارەکیە"ی کە ئێستا پێی گەییووم. ئیدی لەبەر هۆیەکی تایبەت کە خۆم دەیزانم چیە، دەبوایە ئەو خاڵەتان لەم "ڕونکردنەوەیە"دا بۆ شرۆڤە بکەم. بە هەرحاڵ، وا دێمەوە سەر چیرۆکەکەم.

پەراوێز:

* -"... دوای من خوای دەکرد، تۆفان هەڵدەستا.."! ئەمە لە دەقە ئەسڵەکەدا بە فەرەنسییە.

*- ".. ب... ن"! بە مەزەندە، دەبێ مەبەست لە دکتۆر "پوتکین"ی دکتۆری تایبەتی ئەلکسندری دووەم بێت.

*- "... دنیاری ئیمپراتۆری..." دراوێکی زێڕە کە بەهای هەر دانەیەکی دە ڕۆبڵە.

فەسڵی شەشەم

نامــەویٚ درۆ بکــەم. لــە زەرفی ئــەم شــەش مانگــەدا ژیــان و واریقاتــە کــانی ژیــان ، بــەجۆریٚ کەمەندکێش و مژولیان کردم و بەگەڵ خۆیان خستم کە مەرگم لە بیرچووەوە، یان وای لێکردم بیر لـە مـردن نەکەمـەوە و تەنانـەت دەسـت بـە هەنـدیٚ کـاران بکـەم. جا هەنوکـە، لـەم بۆنەیـەدا، چەند وشـەیەك لەمـەڕ ژیـانی ئەوسـام دەڵـێم: مـن هەشـت مانگێـك لەمـەپێش کـە زۆر نـەخۆش بـووم، هاتووچۆم دەگەڵ هەموو دۆست و برادەرەکانی جارانم بڕی، چونکە هەمیشە کرژ و مۆن، پەست و خەمین و بێتاقەت و حەواس بووم، هاوڕێکانم بە ئاسانی و زوو فەرامۆشیان کردم. بە هەرحاڵ ئەگـەر ئـەو گـرژی و مۆنەیەشـم نەبوایـە هـەر لـەگین بـوو فەرامۆشـم بکـەن، بـەڵام وەزع و حـاڵم لـە ماڵـەوە، لـە نێـو کەسوکاریشـدا هـەر خـراپ بـوو، هەمیشـە تـەریك و گۆشـە گیربـووم. نزیکـەی پێـنج دانـە مـانگ دەرگـام لەسـەرخۆم داخسـت و، هاتوچـۆی ژوورەکـانی دیکـەم نـەدەکرد. بـیٚ چـەند و چوون، هـەر داوایـەکم جێبـەجیٚ دەکـرا، کـەس ڕێـی بـەخۆی نـەدەدا بێتـە ژوورەکـەم، جگـە لـە کـاتی گسـکدان و خـاوێن کردنـەوەی ژوورەکـەم یـان هێنـانی نـان و خـواردن. دایکـم بـەترس و لـەرزەوە داواکـانی جێبـەجیٚ دەکـردم، هەنـدێجار کـە ڕێـم دابا بێتـە ژوورەکـەم زاتـی نـەدەکرد نـە بگـری نـە فرمێسك بڕێژیٚ، هەناسەی لەبەرخۆی دەبڕی. هەمیشە لە منداڵەکانی دەدا، تا هـەراو زەنا نەکـەن و بێـزار و بێتاقـەتم نەکـەن. وێـڕای ئـەوەش زۆرجـار گلـەییم دەکـرد کـە بـە هـەراو زەنایـان بێـزارم دەکـەن. هەڵبەتـە مـن دەزانم هەنووکـە لـە دڵـی خۆیانـدا چـەندیان خـۆش دەوێـم! پێموایـە زۆریـش ئەزیـەتی هـاوڕێم "کولیـای ئەمەکـدار"م داوە (ئـاخر ئـەو نـاوەم لێنـاوە). ئـەویش لـەم دواییانـەدا تۆڵـەی خـۆی کردەوە و ئەزیـەتی دام: هەڵبەتـە ئـەوەش لـە دیـاردە ئاسـایی و سروشـتیەکانە: مرۆڤ بـۆ عەزابـدانی یەکـدی دروسـت بـوون. لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئـەنجام هەسـتم کـرد زۆرم مـدارا دەکـات، چاوپۆشـی لـە بێـزاری و بێمجێـزی مـن دەکـات، وەکـو یـەکێك لـەخۆی گـرتبیٚ، لـە ڕووی بەزەییـەوە خزمـەتی نەخۆشـێك بکـات. هەڵبەتـە ئەمـەم لـە بـەرگران بـوو. هەسـتم دەکـرد بڕیـاری داوە لـە ڕووی (تەوازوعی مەسیحیانەوە) کە میرزادە باوەڕی پێی بوو، لاسایی میرزادە بکاتەوە. هەڵبەتـە ئەمـەم بـەلاوە هەنـدیٚ سـەخیف و کۆمیـدی بـوو. دیـارە گـەنجێکی خـوێن گـەرمی وا ئاسـاییە چـاو لـە خـەڵکانی دی بکـات و لاسـاییان بکاتـەوە، هەنـدێجار دەهاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە کـاتی ئـەوە هـاتووە، مێشـکی خـۆی بخاتـە کـار و کەسـێتی سـەربەخۆی خـۆی بدۆزێتـەوە و هـەبێت. ئەلهـەقی زۆرم خۆشدەویٚ.(سوریکوف)شم، ئەو پیاوەی لە قاتی سەرەوەی ئێمەدا دەژیا و لە بە یانیەوە تا ئێـواری وەکـو سـەگی پـیٚ سـووتاو لـە دووی کـاری ئـەم و ئـەو بـوو، بـەڵیٚ (سـوریکوف)شـم ئەزیـەت

داوە. هەمیشە دەمویست تێی بگەیەنم کە بێنەوایی و کڵۆڵی ئەو هەمووی خەتای خۆیەتی، ئەوەندەم سەرکردە سەری تا ئاقیبەت ڕەوییەوە و ڕەڤی و جارێکی دی دەرگای لێنەکردمەوە. کەسێکی زۆر بێ نەفسە، تا بڵێی خۆشکێنە (سەرنج: دەڵێن تەوازع و خۆشکێنی هێزێکی یەجگار گەورەیە، دەبێ ئەمە لە میرزادە بپرسم، چونکە ئەوە قسەی ئەوە.) کاتێ لە مانگی ئازاردا سەرکەوتمە سەرێ بۆ لایان تا بزانم کوڕە چکۆلەکەیان چۆن لەسەرما "ڕەق بوو بووەوە" کە چاوم بە جەندەکی کورەکە کەوت، بێ ویستی خۆم بزەیەکم هاتێ و ، کەوتمە سەرکۆنەی سوریکوف بەلەنگاز کە مەرگی منداڵەکە لە ئەستۆی ئەوە، خەتای ئەوە "ئەو تاوانبارە." کابرای بەلەنگاز، لێوی کەوتنە لەرزین و تەتەڵە، بە دەستێك شانی گرتم و بە دەستەکەی تری دەرگای چوونە دەرەوەی نیشاندام، زۆر بە نەرمی و هێمنی، بە ئەسپایی و نیمچە چپەوە گوتی: " قوربان فەرموو بۆ دەرەوە !". ڕۆیشتم. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆر دڵخۆش بووم، لەوکاتەدا بە کارەکەی خۆم دڵخۆش بووم. تەنانەت دوای ئەوەی دەریشی کردم، هەر دڵخۆش بووم. بەڵام پاشان، بۆ ماوەیەکی زۆر هەرکاتێ قسەکانی ئەوم بیردەکەوتنەوە، هەستێکی زۆر ناخۆش، بە سوێ دایدەگرتم، لە هەستی بەزەییەکی ناپەسەند دەرهەق بە ئەو دەچوو. بە ڕاستی حەزم نەدەکرد ئەو هەستەم لادروست ببێت. ئەم پیاوە توڕەبوونی لە مەزەبدا نەبوو، نە یدەزانی توڕە بێت، تەنانەت سووکایەتیشی پێ کرابا، هەر خۆی شلوێ نەدەکرد(من هەستم دەکرد بەو کارەم، سووکایەتیم پێکرد، هەرچەندە هیچ نیاز و مەبەستێکی سووکایەتی کردنم نەبوو). تەنانەت لەو هەڵوێستەشدا ئەم کابرایە هەر تووڕە نەبوو. لەرزین و تەتەڵەی لێوەکانی لە توڕەییدا نەبوو، دەتوانم سوێند بخۆم کە لە توڕەییدا نەبوو!... باسکی گرتم و زۆر پیاوانە، بێ هیچ توڕەبوونێك، بەوپەڕی ویقارەوە گوتی: " قوربان فەرموو بۆ دەرەوە !" ئەو ڕستەیەی هێندە بە ویقار و سەنگینییەوە وت کە دەگەڵ سەروسیمای شڕو شەپرێوی ئەودا تێکی نەدەکردەوە (ئەلهەقی ئەمە مایەی پێکەنین بوو.) بەڵام هیچ ڕق و کینەیەکی پێوە دیار نەبوو. ڕەنگە لە دڵی خۆیدا تۆزێك لێم بێزار بووبێ و هیچی تر. دوای ئەوە دوو سێ جار لەسەر قاڵدرمەکان تووشی بووم، خێرا سەری بۆ دادەنەواندم و سڵاوی لێدەکردم، کە جاران قەت ئەم کارەی نەدەکرد، بەڵام وەکو جاران لەگەڵما نەدەوەستا، بەڵکو بەلەزو، نیگەران، و شەرمەزار بەلاما تێدەپەڕی. جا ئەگەر هەندێك لێشم پەست بووبێت، بەشێوازی خۆی لێم پەست بوو، جۆرە پەستی و بێزارییەکی "ملکەچانە"! لەوە دەچوو لەبەر ئەوە کڵاوەکەیم بۆ دابگرێت و سەرم بۆ دابنەوێنێ، چونکە کوڕی ئەو ژنە بووم کە قەرزی دەدایێ: دایمەی خوا قەرزاری دایکم بوو، قەتیش قەرزەکەی بۆ نەدەدرایەوە. پێدەچوو لەبەر ئەمە مەرحەبام بکات. بە هەرحاڵ لێبڕام باسی ئەوەی دەگەڵ بکەم،

دڵنیا بووم هەر باسی ئەوەی دەگەڵدا بکەمەوە، دە دەقیقە نابات، دێت بۆلام و عوزورخواییم لێدەکات، بەڵام دوایی بیرم لێکردەوە و گەیمە ئەو قەناعەتەی وازی لێبێنم زۆر باشترە.

"لەو ماوەیەدا، یانی لە دەوروبەری نیوەی هەیڤی ئازاردا، کە منداڵەکەی سوریکوف لەسەرما ڕەق هەڵاتبوو، مردبوو، کوت و پڕ حاڵم زۆر باشتر بوو، ئەم باشبوونە دوو هەفتەیەکی خایاند. زۆرجار دەوروبەری ڕۆژئاوا، لە ماڵ دەچوومە دەریٚ. من زۆر حەزم لە ئێواران و شەوانی مانگی ئازارە، کە کزە سەرما دەست پێدەکات وچرای شەقامەکان دادەگیرسێن. هەندێجار بە پیاسە دوور دوور دەکەوتمەوە. جارێکیان کە بە شەقامی شستی لوڤوچنی دا پیاسەم دەکرد، دنیا تاریك بوو تارمایی زەلامێك بەلاما تێپەڕی، پێدەچوو کەسێکی شایستە بێت، بەڵام نەمدەتوانی بە ڕوونی سەروسیمای بدینم. پریاسکەیەکی بەدەستەوە بوو کە لە کاغەزێکەوە پێچرابوو، شڕە پاڵتۆیەکی کۆنی لەبەر بوو کە جگە لە شڕییەکەی، بۆ ئەو وەرزە ساردەی ساڵیش یەجگار تەنك بوو. کە گەییە نزیکی یەکێك لە چراغازییەکانی شەقامەکە، دیتم شتێك لە گیرفانی کەوت. خێرا ڕامکرد و هەڵمگرتەوە، باش بوو زوو فریاکەوتم و هەڵمگرتەوە، چونکە کابرایەکی دیکە کە پاڵتۆیەکی درێژی لەبەربوو، بە هەشتاو خۆی تاو دەدا بیگاتیٚ و هەڵیگرێتەوە. بەڵام کە شتەکەی بە دەستی منەوە بینی هیچی نەگوت، سەیرێکی دەستی کردم و بە کڕی بەڕێی خۆیدا ڕۆیی. ئەم شتە جانتایەکی دەستی مۆدێل کۆنی، چەرمی عەرەبی بوو. پڕ بوو لە کاغەز و ماغەز، ئەوەندە پڕ بوو، هەڵئاوسا بوو، هەرکە تەمەشام کرد، یەکسەر مەزەندەم بۆ ئەوە چوو کە جگە لە پارە هەموو شتێکی دیکەی تیایە، خۆیشم نازانم بۆچی و چۆن ئەو مەزەندەیەم لا دروست بوو. ئەو کابرایەی کە جانتاکەی لێکەوتبوو، چل شەقاوێك کەوتبووە پێش منەوە. زوو بە زوو لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا لێم ون بوو. بە ڕاکردن و بە بانگە بانگ دووی کەوتم. بەڵام چونکە هەر ئەوەندەم پێدەکرا هاوار بکەم و بڵێم "ئەهای!" هەر ئاوڕیشی نەدایەوە. لە ناکاوا، بەدەستی چەپا پێچی کردەوە و، خۆی بە ئەپارتمانێکی نیشتەمەنیدا کرد. کە بە غاردان بەرەو ئەوێندەر پەل بوومەوە ئەوەندە تاریك بوو چاو چای نەدەبینی، هیچم بەدی نەکرد. ئەپارتمانەکە یەکێك بوو لەو بینا هەرە گەورانەی کە پارەدارو و خاوەن مەسڵەحەتان بۆ کریٚ دروستی دەکەن و دەیکەن بە شووقەی بچووك بچووك. ئەپارتمانی وایان تیایە کە هەریەکەیان سەد ماڵ دەگرێت. کاتیٚ کە لە دەروازەی ساختمانەکە وەژوورکەوتم، وام هاتە بەرچاو کە کەسێك لە سیلەی ئەوپەڕی سەمتی دەستەڕاستی حەوشەی ساختمانەکەوە ، دیارە کە دوور دەکەوێتەوە، هەرچەندە لە تاریکیەکەدا باش بۆم جیانەدەکرایەوە. بە غاردان خۆم گەیاندە ئەو گۆشەیە، سەیرم کرد دەرگایەکی چکۆلەی لێیە کە بە سەر قاڵدرمەیەکی باریکی پیس و تاریکدا دەکرێتەوە. گوێم لە دەنگی پێی کەسێك

بوو كە بە هەشتاو سەردەكەوت . بەلەز بەو ئومێدەی تا دەگاتە بەر دەرگاو دەرگای لێدەكەنەوە بیگەمێ، دوای كەوتم. هەر واش دەرچوو. پلەكانی قاڵدرمەكە نزم بوون، بەڵام هێندە زۆر بوون لە كۆتایی نەدەهاتن. بۆیە بە تەواوەتی هانكە هانكم پێكەوت. لەوكاتەدا گوێم لە دەنگی كرانەوە و داخرانی دەرگایەك بوو لە قاتی پێنجەم. كە گوێم لەو دەنگە بوو هێشتا لە سەرەتای قاڵدرمەكەی قاتی خوارترەوە بووم. دوای چەند دەقیقەیەك گەییمە قاتی پێنجەم، لەبەر دەرگا نەفەسێكم تازە كردەوە و لە زەنگی دەرگام دا، ژنێكی ئاسایی دەرگای كردەوە كە لە موبەقێكی زۆر چكۆلەدا مژوڵی داگیرساندنی سەماوەر بوو، بە بێدەنگی گوێی لە پرسیار و قسەكانم گرت، كە هەڵبەتە یەك وشەم لێ حاڵی نەبوو، هەر بەو بێدەنگییە دەرگای ژوورێكی تەنیشتەوەی بۆ كردمەوە و وەژووری خستم. ژووری چی قنگە جنۆكەیەك بوو لەو گۆڕە، ژوورێك بوو زۆر بچووك و تا بڵێی نزم، كەلوپەلێكی یەجگار كەمی تیا بوو، جگە لە شتی زۆر پێویست، هیچی دیكەی تیا نەبوو.

"تەختە خەوێكی گەورەیان لەپشت پەردەكەوە دانابوو، پیاوێكی لەسەر پاڵكەوتبوو كە ژنەكە بە "تەرنتیچ" بانگی كرد، بەمەزەندەی من مەست بوو. پاشماوەی مۆمێك، كە بەدەم توانەوەوە دەتگوت فرمێسكان دەڕێژێ، لە مۆمدانێكی ئاسندا و لە نزیكی قاپێكی بەتاڵی قۆدگاوە لەسەر مێزێك دانرابوو. پیاوە بۆڵە بۆڵێكی لێوە هات و بێئەوەی هەستێ بە دەست ئاماژەی بۆ ژوورێكی تەنیشت كرد. ژنە ڕۆیی. هیچ چارێكم نەما جگە لەوەی دەرگا بكەمەوە. وام كرد و چوومە ناو ژوورەكەوە.

"ئەم ژوورە، لە ژوورەكەی دیكەش بچووكتر بوو، بەڵام ئەوەندە شلۆق و قەرەباڵغ بوو، جێی جوڵانی نەبوو. تەنانەت نەمدەزانی چۆن بجوڵێمەوە. تەختە خەوێكی باریكی یەك نەفەری لە سووچێكیا دانرابوو، تەقریبەن هەموو ژوورەكەی گرتبووەوە. شتەكانی دیكەی ناو ژوورەكەی بریتی بوون لە سێ دانە كورسی سادە، كە نشیمەنگاكانیان لە كۆنیدا سوا بوون، شڕەو پڕەی دنیایان لەسەر كەڵەكرابوون. مێزێكی قەبەی موبەقان لەبەردەم تەختێكی كۆندا كە بەمشەمایەك داپۆشرابوو، دانرا بوو. هەموو ئەم شتانە ئەوەندە لە یەكترەوە نزیك بوون، تەقریبەن نووسابوون بەیەكەوە. پیاو نەیدەزانی چۆن بە بەینیاندا ڕەت ببێت. مۆمێكی تواوە، لە شەمدانێكی ئاسنی وەكو ئەوەی ژووری یەكەم، لەسەر مێزەكە دەسووتا. ساوایەكی لاواز، كە بە دەنگیا لەوەدەچوو تەمەنی لە سێ هەفتە پتر نەبێ، لەسەر تەختەخەوەكە دانرابوو هەر واقە واقی بوو، ژنێكی نەخۆشی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، كە گەنج دیار بوو، بەلایەوە بوو و، خەریك بوو قوماتی دەكرد. ئەم ژنە جلێكی زۆر سادە و هەرزان بەهای لەبەرابوو، لەوە دەچوو تازە لە زەیستانی هەستابێتەوە، بەڵام منداڵەكە بەدەم واقە واقەوە چاوەڕوانی مەمكی دایكە لە ڕوو

لاوازەکەی بوو. منداڵێکی دیکە، کچێك بوو نزیکەی سێ ساڵان ، لەسەر تەختەکە و لەژێر شڕە پاڵتۆیەکی، پێموایە پاڵتۆیەکی پیاوانە بوو، نووستبوو. لە نزیکی مێزەکەوە پیاوێك، کە چاکەت و پانتۆڵێکی شڕی تاڵکێشی لەبەرابوو وەستابوو.(کابرا پاڵتۆکەی داکەند بوو ولەسەر تەختە خەوەکە دایِنابوو) خەریك بوو ئەو پریاسکەیەی دەکردەوە کە لە کاغەزێکی شینەوە پێچرابوو. دەستەوارەیەك نانی جۆو دوو پارچە سوسیسی تێدا بوو. قۆریەك چای پڕ بەسەر مێزەکەوە بوو لەگەڵ چەند گوێچکە نانێکی جۆدا. جانتایەکی کراوە و دوو بوخچەی پڕ لە جل وبەرگیش خزێنرابوونە ژێر تەختە خەوەکەوە.

"خۆڵاسە، هەڕاجە بازاڕێك بوو لەو گۆڕە! هەر لە یەکەم نیگاوە هەستم کرد ئەم ژن و پیاوە خەڵکانی بەڕێز و بە حورمەتن، بەڵام هەژاری و دەستکورتی ڕۆژی گەیاندوون بەم ڕۆژە و بە ناچاری لەم هەڕاجە بازاڕەدا هەڵبکەون و لەگەڵیا ڕابێن و نەك هەر گوێی نەدەنێ و خۆی لێنەکەن بە خاوەن، بەڵکو جۆرە لەزەتێکی تۆڵە ئامێزیش لە زیادبوونی ڕۆژانەی ئەو پەشێوی و جەنجاڵیە ببینن، کە نازانم چۆنی لێك بدەمەوە!

کاتێ چوومە ژوورەوە، دیاربوو کابرا تۆزێ پێش من گەیی بووە ماڵەوە، خەریك بوو ئەو خۆراکەی کە لە بازاڕ کڕی بووی، لە کاغەزەکە دەردێنا، بە هەڵچوون و شپرزەیی و پەلە پەل قسەی بۆ ژنەکەی دەکرد. ژنەش هێشتا لە قوماتکردنی ساواکەی نەبوو بووە. ژنە بەدەم نەرمە گریانەوە فرمێسکی هەڵدەڕشت. پێدەچوو پیاوەکەی خەبەر و هەواڵی ناخۆشی هێنابێتەوە پیاوەکە لە کەسێکی باش و بە حورمەت دەچوو. تەمەنی لە دەوروبەری بیست و هەشت ساڵیدا بوو، گەنم ڕەنگێکی، ڕەقەڵە بوو، ڕدێنێکی ڕەش بەملاو بەولای لاجانگەکانیا هاتبووە خوارێ، بەڵام چەناگەی پاك تاشی بوو. نیگای خەمناك و سیمای گرژ و مۆن بوو، جۆرە غرورێکی نەخۆشانە، بە ڕوویەوە دیاربوو، کە پێدەچوو لەو کەسانە بێ کە زوو هەڵدەچن و تووڕە دەبن. چوونەکەی من وەزع و حاڵێکی غەریبی دروست کرد.

"خەڵکانێك هەن لەزەت لە تووڕە بوونی خۆیان وەردەگرن، بەتایبەتی کە هەڵچوون تووڕەبوونەکەیان دەگاتە لوتکە و لەچاو تروکانێکدا دەیان گرێت، پێموایە لەم جۆرە ساتانەدا ئازار و سووکایەتیان پێخۆشترە لە ڕێز و حورمەت. بەڵام ئەو خەڵکە توندە تەبیعەتانە، کە لە کاتی تووڕەییدا دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکەن، هەر ئەوەندەیان زەحمەتە کە بەخۆبێنەوە، ئیدی هەست بە ئازاری پەشیمانی دەکەن، هەڵبەتە ئەگەر خەڵکانێکی ئاقڵ و هۆشیاری ئەوتۆ بن، پەی

بەوە بەرن کە هەڵچوون و تووڕەبوونەکەیان دە هێندەی تورەبوونی ئاسایی بووە، لەوە زۆر زیاتر بووە کە ئەقڵ قەبووڵی بکات.

"کابرا بۆ ساتێك بەسەرسامی چاوی تیێ بڕیم، سیمای ژنەکەی ترسێکی زەوقی پێوە دیاربوو، لەوە دەچوو، چوونی مرۆڤێك بۆ ژوورەکەیان بویەرێکی ترسناك و باوەڕنەکردەنی بێت ! بەڵام بەرلەوەی فریابکەوم دوو قسان بکەم، بە جۆرە هیستریایەکی ڕق ئامێزەوە شاڵاوی بۆ هێنام. لەوە دەچوو زۆری لەبەر گران بێت کە پیاوێکی پۆشتە و پەرداخ بەو جۆرە، لە خۆڕا و بێهیچ پرسیارێك خۆی بە ماڵە پەرپوتەکەیدا بکات و بە کەیفی دڵی خۆی چاو بە هەموو سووچ و کەلەبەرێکیا بگێڕێت، کە ئەو خۆی شەرمی لەم حاڵ و گوزەران و ماوایەی خۆی دەکرد. بێگومان ئەم درەفەتە، کە زەمینەی بۆ خۆشکردبوو داخی دڵی خۆی بەسەر کەسێکی دیدا بڕێژێ، بۆ ئەوێك کە خۆی لەخۆیدا لە بیانوو بوو، دەرفەتێکی زێڕینی لە زەتبەخش بوو، گەییمە ئەو قەناعەتەی لە گینە هەر ساتێ ئەقڵی بیبڕێ بکەوێتە لێدانم. وەکو ژنێك کە تووشی هیستریا بووبێت بەو ئاوایە ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، ژنەکەی کە بەو حاڵەوە دیتی زۆر ترسا.

"کابرا کە لە تووڕەییدا دەلەرزی و دەمەڵاڵکێی پێکەوتبوو، هاواری کرد:

– بە چ هەقێ بەو جۆرە هاتوویتە ژوورەوە! بۆ دەرەوە دەی!

بەڵام لەپڕ چاوی بە جانتاکەی خۆی کەوت کە بەدەست منەوە بوو.

بەو پەڕی ئارامی و هێوری گوتم (بەهەرحاڵ لەکاتی وادا پیاو پێویستە هەندێك هێورو لەسەر خۆ بێ):

"– پێموایە ئەم جانتایە لە تۆ کەوت.

" کابرا ماوەیەك بە واقی وڕەوە لەبەردەممدا وەستا، گێژ وکاس سەری لەمەسەلەکە دەرنەدەکرد. ئەوجا بەلەز دەستی بە گیرفانیا کرد، دەمی داچەقاند، کێشای بە تەوێڵی خۆیدا و گوتی:

"– دۆزیتەوە؟ لە کوێ دۆزیتەوە؟

" بەچەند وشەیەکی کورت و جدی بۆم باسکرد کە چۆن جانتاکەی لێکەوتووە و خێرا هەڵمگرتووەتەوە، بە غاردان دووی کەوتووم و بێهودە بانگم کردووە و، چۆن تا بەر قاڵدرمەکان هاتووم و ئیدی لەوێندەرەوە لەو تاریکیەدا بە کوێرە کوێر و بە مەزەندە بە دوایدا هاتووم.

" ڕوو لە ژنەکەی هاواری کرد:

– خودایـا، ئەمــە هــەموو شــتیکی منــە، هــەموو کاغــەز و بەڵگەکانمــە، دار و نــەداری مــن لــەم جانتایەدایە!

لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– بـرادەری ئـازیز!... دەزانـی چ چـاکەیەکت دەگـەڵم کـردووە؟ ئەگـەر شـیر حـەڵاڵێکی وەکـو تـۆ نەبوایە، تۆ ئەم کاغەزانەمت نەدۆزیبایەوە، تیا دەچووم !...

" لەوکاتـەدا دەسـکی دەرگاکـەم گرتبـوو، تـا بـەبێ هـیچ وەڵامێك وەدەرکـەوم و بـڕۆم بـەڵام هەسـتم کرد هەناسەم بە تـەواوی سـوار بـووە، کۆکەیـەکی کـوت و پـڕی ئەوتـۆ گرتمـی کـە بەزەحمـەت خـۆم بـەپێوە دەگـرت! سـەیرم کـرد کـابرا خـۆی شـپرزە کـردووە و بـە هـەر چـوارنکالی ژوورەکـەدا چـاو دەگێڕێـت تـا کورسـیەکی بـەتاڵ بـۆ مـن پەیـدا بکـات. ئـەنجام شڕوشـیتاڵی سـەر یـەکێك لـە کورسیەکانی هەڵڕشـتە ناوەنـدی ژوورەکـە. کورسـیەکەی بـۆ مـن هێنـا، کۆمـەکی کـردم تـا لەسـەر کورسیەکە دابنیشم. کۆکەکەم نزیکـەی سـێ دەقیقـەی دی درێـژەی کێشا. کە کۆکەکە بەری دام و وەخۆهاتمـەوە سـەیرم کـرد کـابرا لەسـەر کورسیەکی دیکـە، لـە تەنیشـت منـەوە دانیشـتووە و زەق زەق تەمەشـام دەکـات، دیـاربوو کورسـیەکەی خۆیشـی بـە هـەمان شـێوەی کورسـیەکەی مـن چـۆڵ کردبوو، یانی شڕو پڕەکەی سەری هەڵڕشتبووە ناوەندی ژوورەکە. بە زمانێکی حەکیمانە گوتی:

– پێدەچێ تۆ... نەخۆش بیت! من... من حەکیمم.(وشەی پزیشکی بەکار نەبرد).

بـەدەم ئـەو قسـانەوە دەسـتی بـۆ ژوورەکـە ڕاکێشـا، وەکـو ئـەوەی نـاڕەزایی لـەو وەزع و حاڵـە نالەبارەی خۆی دەربڕێت، بڵێت ڕووی نەبوونی ڕەش بێت. لە سەری ڕۆیی:

– دەبینم کە تۆ...

بەکورتی و بەدەم هەستانەوە گوتم:

– من نەخۆشی سیلمە...

"ئەویش بەلەز لەجێی خۆی هەستا. گوتی:

– ڕەنگە موبالەغە بکەیت... ئەگەر فریای خۆت بکەوی و نەخۆشیەکەت چارەسەر بکەیت...

"هێشتا زۆر شپرزە و نیگەران بوو، هەرچی دەکرد وەخۆ نەدەهاتەوە. جانتاکەش بەدەستی چەپیەوە بوو.

"دیسان قسەکەم پێبڕی. دەسکی دەرگاکەم بادا و گوتم:

– خەمی منت نەبێ... هەفتەی پێشوو دکتۆر "ب... ین" معایەنەی کردم. چارەنووسی من ڕوونە، (دیسان ناچار ناوی "ب... ین"م برد) تازە کارم کراوە. ببورە!

ویستم دەرگا بکەمەوە و وەدەربکەوم و دکتۆری سوپاسگوزار و خەجاڵەت و شەرمەزار بەجێ بێڵم، کە ئەو کۆکە نەگریسە دیسان زۆری بۆ هێنام. کابرای دکتۆر دیسان زۆری لێکردم کە دانیشم و پشوو بدەم. هەنگێ ئاوڕێکی لە ژنەکەی دایەوە. داوای لێکرد کە سوپاسم بکات، ئەلهەقی ئەویش بێئەوەی لەجێی خۆی بجووڵێ، سوپاسێکی گەرم و گوڕی کردم. بەڵام بەدەم سوپاسکردنەوە، گۆنا سیسەڵەکانی هێندەی دی زەرد هەڵگەڕان. ناچار دانیشتم، بەڵام سیمام هاواری دەکرد کە خەمی ئەوەمە ببمە بارگرانی بەسەریانەوە (کە کارێکی دروست بوو). هەستم کرد پەشیمانی، دکتۆر ئازار دەدات. کەوتە قسان، قسەی پچڕ پچڕ، هەر ساتەو قسەیەکی دەکرد:

"– ئەگەر من... ماڵت ئاوا بێت، مەمنوونی تۆم، لە چاکەت دەرناچم... شەرمەزاری تۆم... بێ مرۆتیم کرد دەربارەت... من... بەخۆت دەبینی(بە ئاماژەی دەست ژوورەکەی نیشان دام)... بەچاوی خۆت دەبینی کە من چ وەزع و حاڵێکم هەیە...

" گوتم:

"– هەمو شتێك دیارە. وادیارە تۆ کارەکەت لەدەست داوە و هاتوویت بۆ پایتەخت تا سکاڵای حاڵی خۆت بکەیت و کارو فەرمانێکی دیکە وەربگریت، وانیە؟

"– بەسەرسامی پرسی:

"– چۆن... لە کوێ دەزانی؟

"بەدەم پێکەنینەوە گوتم:

"– بەسەروسیماتا دیارە. خەڵکانێکی زۆر بەو ئومێدانەوە دێن بۆ ئێرە، لە شارا دەسوڕێنەوە و ئیدی بەو جۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان بەڕێ دەکەن...

لەناكاوا بە گەرمی کەوتە قسان، کاتێ کە سەربهووردی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد. ئەلهەقی گلەیی و سکاڵاکانی زۆریان کارتێکردم. نزیکەی سەعاتێك لە تەکیا مامەوە.. بەسەرهاتەکەی ئاسایی بوو. لە شارۆچکەیەکدا دکتۆری فەرمی دەوڵەت بوو بوو، بەڵام بە هۆی پیلانێکەوە کە ناوی ژنەکەشیان تێوە گلاندبوو، لێکەوتبوو. ئیدی ئەویش بەخۆیدا شکابووەوەو، غیرەتی قەبووڵی نەکردبوو و سەبری سوابوو وتووڕەبوو بوو. ئیدی گۆڕانکاریەك لە دەستەی کارگێڕی کارمەندان و فەرمانبەرانی شارۆچکەکە بە قازانجی نەیارەکانی کرابوو. پێگەی لاواز بوو بوو ونەیارەکانی لێی کەوتبوونە تەقەو پیلان و داویان بۆ نابووەوە و سکاڵایان لەسەر تۆمار کرد بوو. لە کارەکەی دەرکرابوو، دوا پولی خۆی خەرج کردبوو وهاتبوو بۆ پترسبۆرگ تا سکاڵای حاڵی خۆی بکات و بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ و بە مەسەلەکەیدا بچنەوە. ئیدی ماوەیەکی زۆر بەدەم چاوەڕوانی دادگای کارگێڕیەوە لە پترسبۆرگ مابووەوە. کە دادگا پێکهێنرا بوو، داواکەی ڕەفز کرابوو، ئەوسا کۆمەڵێك وەعد و بەڵێنی درۆیان پێدابوو، دەستی دەستیان پێکردبوو. دوای ئەوە داوایان لێکردبوو، کە سکاڵا نامەیەك بنووسێت و سکاڵانامەکەشیان ڕەفز کردبوو، ئەوجا گوتبوویان، پاڕانەوە نامەیەك بنووسێت... هتد. خۆڵاسە، چوار پێنج مانگان ئەو سەرەگێژکە بێهوودەیەیان پێکردبوو، هەرچی پاشەکەوت کردبوو. خەرجی کرد بوو تەنانەت جل و بەرگی ژنەکەشی خستبووە بارمتەوە. ئیدی لەو ماوەیەدا کوڕێکیان بوو بوو! و... و... گوتی: "ئەمڕۆکە پاڕانەوە نامەکەشمیان بە یەکجارەکی ڕەفز کرد. هیچم بەدەستەوە نەماوە، نان لە ماڵەکەماندا نیە.. ژنەکەشم تازە لە زەیستانی هەستاوەتەوە و منداڵانی شیرە خۆری بە بەرەوەیە. من... من...

"لەناکاو هەستایە سەر پێیان، ڕووی وەرگێڕا. ژنەکەی لە سووچێکدا دەگریا و منداڵەکەش دووبارە دەستی بە واقە قاق کرد. دەفتەرچەی بیرەوەریەکانم لە بەرکم دەرهێناو چەند وشەیەکم تیا تۆمار کرد. کە نوسینەکەم تەواوکرد و هەستام، سەیرم کرد لە بەردەمما چەقیوەو بەکونجکاوی و نیگەرانی، تەمەشام دەکات. پێم گوت:

"ناو و بەسەرهاتەکەتم نووسیوە: ئەو شوێنەی کارت تیا دەکرد، ناوی فەرمانداری شارۆچکەکە، بەروار و ڕۆژ و مانگ. برادەرێکم هەیە بەناوی باخموتوف، هاودەورەی قوتابخانە بووین، ئەمە مامێکی هەیە بە ناوی پتروس ماتفیوفیچ باخموتوف کە ڕاوێژکاری دەوڵەتە و بەرێوەبەری بەشە...

"کابرای دکتۆر، بەدەم نیمچە لەرزینێکەوە هاواری کرد:

"– پتروس ماتفیوفیچ باخموتوف؟ ... هەموو کارەکەم لەدەستی ئەودایە!..

"ئەلهەقی، هەموو سەربهووردی ئەم دکتۆرە و کۆتاییە خۆشەکەی کە من بە ڕێکەوتێکی خەیاڵ ئاسا ڕۆڵم تیای هەبوو، لە چیرۆکێك دەچێت کە بە گوێرەی نەخشەیەکی دیاریکراو داڕێژرابێت. "داوام لەو دوو بەلەنگازە کرد کە هیچ هیوایەکیان بە قسەکانی من نەبێت، چونکە منیش بەخۆم خوێنکارێکی داماوی ئامادەییم(بە ئانقەست خۆم وەکو خوێندکارێکی ئامادەیی بێچارە نیشان دا، دەنا لەمێژ بوو خوێندنم تەواوکردبوو و هەنووکە خوێنکار نەبووم). لە سەری ڕۆیشتم و گوتم پێویست ناکات ناوی خۆمتان پێ بڵێم، ئەمەیان گرینگ نیە، بەڵام من بە زووترین کات دەڕۆم بۆ گەڕەکی ڤاسیلیڤۆسکی ئوستروف تا باخموتوڤ برادەرم بدینم. من دڵنیام کە مامی، واتا ڕاوێژکارە دەوڵەتیەکە، کە پیاوێکی پیرە و ژنی نە هێناوە و منداڵی نیە، برازایەکەی خۆی یەجگار خۆشدەوێ. چونکە بەدوا بەرەی بنەماڵەکەیانی دەزانێ. بەو پێودانگە ڕەنگە ئەو برادەری من، لە بەرخارتی من لەلای مامی شەفاعەتێکیان بۆ بکات و لە ڕێگەی ئەوەوە شتێکتان بۆ بکات.

"دکتۆر، وەکو یەکێك تایەکی گەرمی لێهاتبێت، بە چاوانی ئەبڵەق و لێوە لەرزێوە هاواری کرد:

"خۆزگە دەمتوانی ڕوو بە ڕوو جەنابیان بدینم و وەزع و حاڵی خۆمی بۆ بگێڕمەوە! یانی تەنیا ئەو شەرەفەی پێدەبەخشیم و منەتباری دەکردم!

"بەڵێ دەقاو دەق وای گوت: "تەنیا ئەو شەرەفەی پێدەبەخشیم و منەتباری دەکردم..." ئەوسا جارێکی دی دووبارەم کردەوە کە مەرج نیە ئەم هەوڵە سەربگرێت، ڕەنگە هەموو هەوڵەکانمان بە فیڕۆ بڕوات. ئەوجا پێم ڕاگەیاندن کە ئەگەر سبەی بەیانی نەهاتمەوە بۆ لایان، مانای وایە هەوڵەکانم سەری نەگرتووە و نابێ بە تەمای من بن. تا ماوم ئەوەم لەبیر ناچێت، کە بەچ خاکەساری و منەتبارییەکەوە بەڕێیان کردم. ئیدی یەکسەر سواری گالیسکە بووم و بڕۆ بۆ فاسیلیڤوسکی ئوستروف.

"ئەوەی ڕاستی بێ بەدرێژایی ساڵانی قوتابخانە من و باخموتوف دوژمن بووین، هەموو ڕقمان لێی بوو بە ئورستۆکراتیمان دەزانی، یان بەلای کەمەوە من بە بەچکە ئورستوکراتم دەزانی. هەمیشە پۆشتە و پەرداخ و شیکپۆش بوو، بە گالیسکەی تایبەتی خۆیان بۆ قوتابخانە دەهات لووتبەرز و لەخۆبایی نەبوو، بەڵکو برادەرێکی دڵسۆز، ڕووخۆش و نوکتەباز و حازر وەڵام بوو. هەرچەند زیرەکێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام هەمیشە لە یەکەمەکانی پۆل بوو. من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان لە هیچ وانەیەکدا یەکەم دەرنەچووم. هەموو هاوڕێکانی خۆشیان دەویست تەنیا من

نەبێت. لەماوەی ساڵانی قوتابخانەماندا، زۆرجار هەوڵی دەدا خۆیم لێ بێنێتە پێشێ، بەڵام من هەموو جارێ بەگرژییەوە ڕووم لێی وەردەگێڕا و ڕووم نەدەدایە.

"نزیکەی ساڵێك بوو نەم دیتبوو. ئێستا لە زانستگە بوو. کە من دوای سەعات هەشتی شەوێ چوومە ماڵەکەی(هەڵبەتە یەکسەری و بێ پرس خۆم بە ماڵەکەیدا نەکرد، بەڵکو دەرگاوان و خزمەتکاران چوونی منیان پێ ڕاگەیاند) لە سەرەتاوە بەسەرسامی و هەندێك بە ساردی پێشوازی کردم، بەڵام زۆری نەبرد ڕووی گەشایەوە و بەدەم تەمەشاکردنی منەوە، زۆر خۆمانە لە قاقای پێکەنینی دا:

"-خێرە، وا منت بیرکەوتووەتەوە و هاتوویت بۆلام؟

"وەکو هەمیشە، بە زبازێکی بێ پەروا، بەڵام دوور لە هەر سووکایەتی و تەشەرێك قسانی دەکرد. ئەوە یەکێك بوو لەو خەسڵەتانەی کە من هەم زۆرم بەدڵ بوو، هەم بە هۆیەوە ڕقم لێی بوو. بەشپرزەیی پرسی:

- خێرە، چیتە ؟ نەخۆش دیاریت!

" کۆکە، تەرزەکوتی دایگرتمەوە. بەسەر کورسیەکدا کەوتم و بە هەزار حاڵ هەناسەم وەبەرهاتەوە.

"گوتم:

"- هیچ نیە. نەخۆشی سیلمە. هاتووم ئیشێکم تێت کەوتووە.

"بەسەرسامی لەجێی خۆی دانیشت، منیش سەربهووردی یارۆی پزیشکم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە. پێمگوت کە ڕەنگە لەڕێگەی مامیەوە، کە زۆری خۆش دەویست، بتوانێ کارێك بۆ ئەم پیاوە بکات، گوتی:

- بۆی دەکەم، دڵنیابە بۆی دەکەم! لە سبەینێ زووتر نیە لە لای مامم بۆی تێدەکەوم. تەنانەت بەخۆشیشەوە هەوڵی بۆ دەدەم. ئەلهەقی تۆش بە شێوازێکی شیرین و خۆش گێڕاتەوە. بەڵام چی منی بیرخستیتەوە و لێبڕایت کە بێی ڕوو لە من بنەی تیرنتییف گیان؟

"– هەموو شتێك وەستاوەتە سەر مامت، باخموتوف خۆت چاك بیرتە ئەوسا من و تۆ دوژمن بووین، بەڵام من چونکە دەمارت دەناسم، دەزانم کەسێکی مەردو ڕەند، ئەسڵزادە و ڕەسەنیت ، بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە، کە مەحاڵە دەست بە ڕووی تەنانەت دوژمنیشەوە بنەیت.

"ئەو ڕستەیەم بە جۆرە تەشەرێکەوە گوت. بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

" – ناپلیونش هەمان قسەی بە ئینگلیزەکان گوت!"و کە بینی من زۆر بەجدی و بە سەنگینی خەریکە لە سەر کورسیەکە هەڵدەستم، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

"هەرچیم لەدەست بێ دریغی ناکەم! پەیگیری دەکەم. ئەگەر بکرێت، هەر ئیستا دەڕۆم بۆلای مامم!

" هەڵبەتە مەسەلەکە بە شێوەیەکی ئەوەندە باش چارەسەر بوو کە لە تەسەوری کەسدا نەبوو. لە زەرق مانگ و نیوێکدا دکتۆرەکەمان، لە شارۆچکەیەکی دیکە دامەزرا، تەنانەت کرێی گوێزانەوە و کۆمەکی دارایشی درایێ. پێموایە باخموتوف، بە زۆر دکتۆری هێنابووە ڕەدا کە سلفەیەکی بە قەرز لێوەربگرێت. زوو زوو سەری دکتۆری دەدا(بەڵام من بە ئانقەست پێم لێ بڕی. تەنانەت ئەگەر دکتۆریش بە ڕێکەوت سەری دابام زۆر بەسارد و سڕی پێشوازیم دەکرد). بەدرێژایی ئەو شەش هەفتەیە تەنیا دووجار(باخموتوف)م بینی، جاری سێیەم وەختێ بینیمەوە، کە بەبۆنەی سەفەری دکتۆرەوە ئاهەنگێکی شێو وشامپانیای ساز کردبوو. ژنەکەی دکتۆر، بەشداری شیڤەکەی کرد، بەڵام زۆر زوو بەجێی هێشتین، تا بچێ بەلای منداڵەکەیەوە. ئەم ئاهەنگە لە سەرەتاکانی مانگی پێنجدا بوو. ئێوارەیەکی زۆر جوان و دڵگیر بوو، گۆی هەتاو خەریك بوو لە کەنداو ئاوا دەبوو. باخموتوف لەگەڕانەوەدا تا ماڵەوەی گەیاندمەوە. بە پیاسە بەسەر پردی نیکولایوفیچدا تێپەڕین، هەردووکمان بڕێك مەست و سەرخۆش بووین. باسی ئەوەی بۆ کردم، کە زۆر بە ئەنجامی کارەکەی دکتۆر خۆشحاڵ بووە. سوپاسی منی کرد و باسی ئەوەی کرد کە چەند خۆشحاڵ بووە بەوەی کە ئەو کاری خێرەی کردووە و گوتی هەمووی لە چاوی من دەزانێت و، دڵنیای کردم کە هەموو ئەم کارەی لە بەرخاتری من کردووە. ئەوجا لەسەری ڕۆیی و گوتی ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێیان وایە کاری خێری فەردی هیچ فایدەیەکی نیە، هەڵەن و سەرچیخ چوون. منیش قەریحەی قسەکردنم کرابووەوە ئەمما کرانەوە، دەمویست بیروبۆچوونی خۆم دەربڕم. دەستم بە قسان کرد و گوتم:

" هەر کەسێك خۆی بۆ چاکە کاری و، خێری فەردی تەرخان بکات، دژی تەبیعەتی مرۆڤ دەوەستێتەوە و کەرامەتی شەخسی ئەو کەسە دەڕوشێنێ کە چاکەکەی دەگەڵدا دەکات، بەڵام

"چاكە كاری كۆمەڵایەتی"و مەسەلەی ئازادی فەردی، دوو شتی سەربەخۆن، هیچیان ئەویتریان ناسڕنەوە، یانی هەڤدژ نین. كاری خێرو چاكەكاری فەردی هەر دەمێنێ، چونكە ئەمە پێویستیەكی بەشەری زیندووە، پراكتیزە كردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی كەسێكە بەسەر كەسێكی ترەوە. كاتی خۆی پیرە جەنەڕاڵێك (= كارمەندی پایەبەرز) لە مۆسكۆ هەبوو، مەبەستم "ڕاوێژكاری دەوڵەتە" شۆرەت و لەقەبێكی ئەڵمانی هەبوو. ئەم پیاوە كرد بووی بە عادەتی هەمیشەیی خۆی كە سەردانی زندان و زیندانیان بكات. وای لێهاتبوو، هەر دەستە زندانیەكی مەحكوم كە ئامادە دەكران، هەواڵەی سیبریا بكرێن، پێشوەختە دەیانزانی ئەم پیرەمێردە چاكە كارە لە " گردی كێشان "* سەریان دەدات. ئەم پیاوە، ئەو كاری خێرەی بەو پەڕی جدی و خێرخوازی ئەنجام دەدا. دەهات و بەڕیز بە سەری دەكردنەوە، لە بەردەم یەك بە یەكیاندا دەوێستا، لێی دەپرسین، لە پێویستییەكانیانی دەپرسی، نە وەعزی ئەخلاقی بۆ دەدان و نە ئامۆژگاری دەكردن، بە یەك چاوی تەماشای دەكردن، هەر هەموویانی بە "برادەرانی من" گاز دەكرد. عادەتی وابوو پارەیان بەسەردا ببەخشێتەوە و كەل و پەلی پێویستیان بۆ بنێرێت: گۆرەوی، جل و بەرگ و ئەم جۆرەشتانە، هەندێجار نامیلكەی بچووك بچووكی ئاینیشی بۆ دەهێنان، دەیدان بەوانەی خوێنەواریان هەبوو. چونكە دڵنیابوو كە لە ڕێگای سیبریادا دەیخوێننەوە و ناوەڕۆكەكەی بۆ ئەوانەی دی كە نەخوێندەوار بوون، دەگێڕنەوە... بەدەگمەن پرسیاری تاوانەكانیانی دەكرد. بەڵام ئەگەر زندانیەك بەخواستی خۆی بیوستایە تاوان و خەتایەكەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، بەدڵ و گیان گوێی لێدەگرت. جیاوازی لە نێوان زندانیەكاندا نەدەكرد، بە یەك چاو سەیری دەكردن و بە یەكسانی ڕەفتاری دەگەڵ هەموویان دەكرد. بە شێوەیەك دەیدواندن لە تۆ وایە برای خۆین. ئەنجام زندانیەكان بەچاوی بابی خۆیان تەمەشایان دەكرد. ئەگەر زندانیەكی ژنی دیتبا كە منداڵێكی بە باوەشەوە با، خێرا دەچوو بەلایەوە. منداڵەكەی دەلاواند و چەقەنەی بۆ لێدەدا تا بیهێنێتە پێكەنین. ساڵەهای ساڵ، لەسەر ئەم كاری خێرە بەردەوام بوو تامرد. وای لێهات لە هەموو ڕووسیا و لەسەرانسەری سیبریادا، بە تایبەتی لە نێو زندانەكاندا، ناو و شۆرەتی پەیدا كرد. پیاوێك، كە مدەتێك لە سیبریا بوو بوو، بۆی گێرامەوە كە چۆن دڵڕەقترین تاوانبار یادی بە خێری ئەم جەنەڕاڵەیان دەكردەوە، هەرچەندە بە دەگمەن پتر لە بیست كوپێكی بە هەر زندانییەك دەدا. ڕاستە ئەو زندانیانە نە زۆر بەڕێز و منەتباری و گەرم و گوڕییەوە و نە بە جدی باسی جەنەڕاڵیان نەدەكرد. دوای بیست دانە ساڵ یەكێك لەم "نەگبەتانەی" كە دوازدە كەس و شەش منداڵی تەنیا بۆ كەیفی دڵی خۆی بە كێردان كوشتبوو(دەڵێن گوایە ئەو جۆرە كەسانەش هەن) ناو بەناو هەناسەیەكی هەڵدەكێشا و دەیگوت: " تۆ بڵێی ئەو جەنەڕاڵە خێر خوازە، ئەو پیاوە باشە چی لێهاتبێ؟ بڵێی مابێ یان

مردبێت؟!..." کابرای زیندانی، بێهیچ هۆ یان بۆنەیەکی دیاری کراو، ئەو یادەوەرییەی بە مێشکا دەهات. ڕەنگە بە درێژایی بیست دانە ساڵ تاقە جارێك ئەوەی بە بیردا هاتبووبێ، لەوەشە دوا بە دوای ئەوە بزەیەکی تیژ تێپەڕیشی بۆ کردبێت، هەر ئەوەندە و بەس! بەڵام کێ دەیزانی کە ئەو"پیرەمێرە چاکە کارە" تۆوێکی وای لە دەرونی ئەو کابرایەدا داچاندووە کە بۆ هەتا هەتایە بمینێ و، کابرای زندانی بۆ ماوەی بیست دانە ساڵ لەیادگەو خەیاڵدانی خۆیدا بیپارێزێت و هەڵی بگرێت؟ باشە باخموتوف، تۆ دەزانی ئەم هەڤبەندیە لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی تردا، چ باندۆرو کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤی دووەم، واتە خێرپێکراوەکە، دەبێت؟ لەم مەسەلەیەدا، عومرێك لەئارادایە، دنیایەك ڕازو نهێنی لە ئارادان، کە لە مەودای دیدو بینینی ئێمە بەدەرن، نایان بینین. باشترین و بە تواناترین شەترەنجباز، دووربین ترین شەترەنجباز، ئەوپەڕەکەی پێشبینی چەند حەرەکەتێکی دواتری، هەڤڕکەکەی دەکات. دەگێڕنەوە گوایە شەترەنجبازێکی فەرەنسی هەبووە دەیتوانی پێشوەختە نەخشەی دە جوڵە بکێشێت، ئیدی ئەمە بووە بە داستانی سەر زاران و وەکو پەڕجوویەك هاتووەتە گێڕانەوە. جا لەم مەسەلەیەدا کە ئێمە باسی دەکەین، یەك دنیا جوڵە هەن، یەك دنیا نەخشەو کارو کاردانەوە هەن کە ئێمە نەدەیان بینین و نەدەیانزانین! جا تۆ کە تۆوێك دادەچێنی، کە "خێرو چاکەیەك" دەکەیت، بە هەر مەبەست و شێوەیەك بێت، بە شێك لە کەسێتی خۆت دەبەخشیت و بەشێك لە کەسێتی بەرامبەرەکەت بۆ خۆت ڕادەکێشیت و وەردەگریت. ئیدی هەڤبەندییەك دەکەوێتە نێوانتانەوە. یەك تۆز لەمە ورد ببیتەوە، کەمێك بەدیقەت تەمەشای بکەیت و زەینی بدەیتێ، شتێکت بۆ کەشف دەبێت و دەردەکەوێت کە قەت بەبیرتا نە هاتبێت. دیارە لە ئەنجامدا وات لێدێت، کە ئەم خێرەوەمەندی و ئاکامی ئەم خێرەومەندی و چاکە کاریەی خۆت، بە زانست بزانیت، زانستێك کە بە سەر سەراپای ژیانتا زاڵ بێت و هەموو ژیانت بگرێتەوە، هەنگێ هەموو بیرەکانت، گشت ئەو تۆوانەی دات چاندووە و لە گینە هەر بیریشت نەمابێ، ڕەگ و ڕیشە دەهاوێت، چەکەرە و شکۆفە دەکات و تەرز دەهاوێ. ئەوەی لە تۆی وەرگرتووە، بۆ خەڵکانی دیکەی دەگوازێتەوە. هەنگێ چوزانی چ دەوڕێکت لە دیاریکردنی چارەنووسی ئایندەی تیرەی بەشەردا دەبێت ؟ جا ئەگەر توانیت بە زەبری زانیاری خۆت و بە هۆی تەرخانکردنی تەمەنێك بۆ ئەو جۆرە چاکەکاری و خێرەومەندیە، بگەیتە ئاستێکی بالای ئەوتۆ کە بتوانی تۆوێکی بەبڕشت داچێنی و بیر و ئەندێشەیەکی کاراو بەهێز لەدنیادا بڵاوبکەیتەوە، هەنگێ... هتد، بەو جۆرە، ئەو ڕۆژە زۆرم قسان کرد.

"باخموتوف، وەکو یەکێك گلەییەکی زۆر لە کەسی سێیەم بکات، هاواری کرد:

"- دوای ئەوە وادەزانی ژیانت لێ قەدەغەیە !

"لەو کاتەدا، ئانیشکمان دادابووە سەر محەجەرەی پردەکە. تەمەشای ڕوباری نیڤامان دەکرد، زیاتر خۆم بەسەر محەجەرەکەدا دانەواندەوەو گوتم:

"– دەزانی چ بیرێکم بە مێشکا هات؟

" باخموتوف، بە نیمچە ترسێکەوە هاواری کرد:

"– خۆت هەڵبدەیتە ئاوەکەوە؟

"پێدەچوو، ئەم خەیاڵەی لە سیمامدا خوێندبێتەوە.

"گوتم:

"– نا، من حاڵی حازر بەمجۆرە بیردەکەمەوە. من هەنووکە دوو سێ، ئەو پەڕی چوار مانگم لەژیانا ماوە. بەڵام کاتێ بۆ نموونە تەنیا دوو مانگم لە دنیادا بمێنێ و بە کەماڵی ئارەزوو حەز بکەم کارێکی خێربکەم کە پێویستی بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بێت، وا بخوازێت سەر بەم کون و بەو کوندا بکەم، بێم و بچم، زەحمەتێکی زۆر بکێشم، وەکو ئەوەی بۆ مەسەلەکەی دکتۆرەکەی لەمەڕ خۆمانم کێشا. هەنگێ ناچارم لەبەر کەمی دەرفەت، دەستبەرداری ئەم کارەخێرە ببم و بیر لە کارێکی خێری دیکە بکەمەوە، کارێکی بچووك کە باری بەرم و لە توانای خۆمدا بێت.(ئەمە حاڵێکا ئەگەر کەڵکەڵەی کاری چاك زۆرم بۆ بێنێ و بەرۆکم بەرنەدات!) بیرۆکەیەکی خۆشە، وانیە؟" باخموتوڤ بەلەنگاز، زۆر نیگەرانی من بوو. گەیاندمیەوە بەر دەرگای ماڵەوە. ئەوەندەی هۆش بەخۆوە بوو کە بە پێویستی نەزانی دڵخۆشیم بداتەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە ورتەی لێوە نەهات. لەکاتی خواحافیزیدا تەوقەیەکی گەرم و گوڕی دەگەڵ کردم و داوای لێکردم کە ڕێی بدەم سەرم بدات. وەڵامم دایەوە کە ئەگەر بۆ "دڵدانەوە و دڵنەوایی" من دێت (هەڵبەتە، هاتنەکەی، با بە خۆیشی نەیڵێت، زیاتر بۆ دڵدانەوە و دڵنەوایی من بوو) ئەوا هەموو جارێك مەرگی نزیکی خۆمم بیردەخاتەوە. شانەکانی هەڵتەکاند، بەڵام دروستی قسەکانی سەلماندم. هێندە بەخۆشی و گەرم و گوڕی لێکدی جیابووینەوە، کە قەت وێنام نەدەکرد.

"لە ماوەی ئەو ئێوارە و شەوەدا، تۆوی " دوا باوەڕو قەناعەتی" خۆم داچاند. بە تاسەمەندی و تامەزرۆیی کەوتمە تاوتوێکردنی ئەم بیرە تازەیە، زۆر بە گەرمی کەوتمە ڕاڤە و شیکردنەوەی، لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتمە هەڵسەنگاندنی (ئەو شەوە تا بە یانی نەخەوتم). تا زیاتر لێی قووڵ دەبوومەوە، تا قووڵتر لێی ڕادەمام و هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکرد پتر ترسم لێدەنیشت. ئاقیبەت ترسێکی گەورە سەراپای گرتم، تا چەندین ڕۆژ. بە ڕۆکی زەینی بەر نەدام. هەندێجار کە ئەو

ترسەم بیر دەکەوتەوە ، ترسێکی تازەتر بەنجی دەکردم، لەجێی خۆ وشکی دەکردم. لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم ترسەوە بگەمە ئەو ئەنجامگیرییەی کە "دوا باوەڕو قەناعەتەکەم" بەجۆرێ لە دڵ و دەروونمدا ڕیشاژۆ بووە، ڕەگی داکوتاوە کە هەر دەبێ بمگەیەنێتە ئەنجامێك، بەڵام هەرچیم دەکرد و دەکۆشا، زاتی ئەوەم نەبوو قەرار لەسەر ئەو ئەنجامە بدەم و پراکتیزەی بکەم. دوای سێ هەفتە، ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی و نیگەرانیە ڕەوییەوە، زاتم وەبەرهاتەوە، بەڵام ئەوە دوای ڕەوشێکی زۆر سەیر و غەریب ڕووی دا.

"من لێرەدا، لەم شرۆڤە و ڕونکردنەوەیەدا ئاماژەم بە هەموو کەسەکان و بە ڕوارەکان داوە، ڕەنگە دواتر پێویستم پێیان نەبێ، بەڵام بۆ "ئێستا" (ڕەنگە تەنیا بۆ ئەم ساتە بە پێویستی بزانم) چونکە حەزدەکەم هەموو ئەو کەسانەی گەرەکیانە داوەری دەربارەی کارەکەم بکەن، زنجیرەی لۆژێکی ئەو ڕووداو و بویەرانە بزانن و ببینن کە ئەم "دوا باوەڕو قەناعەتەی" منیان خوڵقاندووە و لێکەوتووەتەوە.

" گوتم زاتی ئەوەم پەیدا کردوە تا ئەو "دوا قەناعەتەی"خۆم پراکتیزە بکەم، پێموایە نەك لە ڕێگەی لێکدانەوەیەکی لۆژیکیەوە، بەڵکو بە هۆی شۆکێکی چاوەڕوان نەکراوەوە، ئەو زاتەم پەیداکردەوە، بە هۆی ڕووداوێکی نائاساییەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێڕەوی مەسەلەکەوە نەبوو.

"دە ڕۆژێك لەمەپێش، روگوژین بۆ کارێکی تایبەتی خۆی، سەری دام کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نیە. من پێشتر هەرگیز روگوژینم نەبینی بوو، بەڵام زۆر شتم دەربارەی بیستوو. هەر هەموو ئەو زانیاریانەم دایە کە پێویستی بوون، ئیدی زۆر نەمایەوە و ڕۆیشت. تەنیا بۆ ئەو مەبەستە هاتبوو، دەکرا پەیوەندی نێوانمان لەم سنوورەدا بوەستێ و ببڕێتەوە. بەڵام کابرا بە ڕاستی زۆر سەرنجی ڕاکێشابووم، بە درێژایی ئەو ڕۆژە کۆمەڵێك هزرو بیری غەریب لە خەیاڵ و لە بیرم ئاڵان، هزر و بیرێکی ئەوتۆ کە هەراسانیان کردم، بۆیە لێبڕام بۆ سبەینێ سەرێکی بدەم. هەڵبەتە. روگوژین نەك هەر بەدیتنم خۆشحاڵ نەبوو، بەڵکو بە نەزاکەتەوە تێی گەیاندم کە حەز ناکات دۆستایەتیمان بەردەوام بێت. وێڕای ئەوەش سەعاتێکم لەکن وی بردە سەر کە پێموایە هەم لەو وهەم لە منیش خۆشگوزەرا. هەڤدژی نێوانمان کاریگەریی خۆی هەبوو، هەم ئەو هەستی پێدەکرد و هەم منیش. ڕۆژانی تەمەنی من دابوویانە کەمی و لە ئاخروئۆخردا بوون، ئەو ژیان و سەلامەتی لێ هەڵدەقوڵا، بۆ هەواو هەوەسی ئەو ساتە دەژیا کە تیای بوو، "دوا قەناعەت و ئەنجامگیری" ، یان ژمارەو ئەو شتانەی بەلاوە گرینگ نەبوو و هەر گوێی نەدەدایە.. هەر شتێك

پەیوەندی بە... بە... کەیف و ڕابواردن و شێتاتی خۆیەوە نەبوایە گوێی نەدەدایە.. هیوادارم ئاغای ڕوگوژین بمبورێت لە بەکارهێنانی ئەو وشانە، کە خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە من نووسەرێکی بێ توانام و نەمتوانیوە بە جوانی گوزارشت لە بیرو بۆچوونی خۆم بکەم. من کە "ڕوگوژین"م بینی، هەرچەندە هیچ لوتفێکی نەنواند، بەڵام هەستم کرد پیاوێکی زیرەکە، دەتوانێ لە زۆر شتان بگات، هەرچەندە گوێی بەو شاتانە نەدەدا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەوەوە نەبوو. هەڵبەتە سەبارەت بە"دوا قەناعەتی" خۆم هیچم لەگەڵیا باس نەکرد، بەڵام هەستم کرد بە خۆی لە میانەی قسەکانمەوە پەی پێبردووە. ئەم پیاوە زۆر بێدەنگ بوو، تا حەزبکەی بێدەنگ و کەمدوو. لەدڵی خۆدا گوتم پێدەچێ وێڕای ناکۆکی و هەڤدژی و دوریمان لە یەکدی، زۆر لە "دوا قەناعەتی" منەوە دوور نەبێت، وەکو فەرەنسیەکان دەڵێن کۆتاییە دوورەکان یەك دەگرنەوە.(ئەو دەستەواژە فەرەنسیەم بۆ کرد بە ڕووسی). زۆر بە قێز و بێزەوە وەڵامی دایەوە. ئەوجا هەستا چوو بەخۆی کڵاوەکەمی بۆ هێنام، بە درۆوە وای نواند کە پێی وایە من خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکەم. ئیدی بەو بیانووەی کە لە ڕووی ئەدەب و نەزاکەتەوە بەڕێم دەکات، لە ماڵە شوومەکەی وەدەری نام. سەرم لەم ماڵەی ئەم سووڕما بوو: دەتوگوت گۆڕە. بەڵام پێدەچوو، خۆی زۆری بە دڵ بێت، هۆیەکەشی زەق و دیار بوو: ژیانی ڕوگوژین، هێندە جەنجاڵ و شلۆق و بە ئاژاوە بوو، کە فریای ئەوە نەدەکەوت بیر لە ماڵێکی خۆشتر و دڵگیرتر بکاتەوە.

"ئەو دیدارەی ڕوگوژین زۆری ماندوو کردم. ئەلهەقی هەر لە بەیانی زووەوە بێتاقەت و لەش بەبار بووم. کە شەو داهات زۆر شەکەت و ماندوو وبێتاقەت بووم، لەسەر جێگاکەم ڕاکشام. هەندێجار تایەکی توندم لێدەهات و دەکەوتمە وڕێنە. کولیا تا سەعات یازدە لەلام مایەوە. بە هەرحاڵ هەموو ئەم قسانەم لە بیرن کە کردنی، ئەو بابەتانەشم لە بیرن کە قسەمان لێکردن، بەڵام هەرکە پێڵوەکانم قورس دەبوون و بە ئاستەم چاوم دەچووە خەو، یەکسەر وێنەی (ئیڤان فومیچ سوریکوف)م دەهاتە خەو، لە خەوەکەمدا بوو بوو بە ملیونێر، بەدەست پارەو پوولەوە خەریك مابوو، نەیدەزانی چی لێبکات، بیری لەوە دەکردەوە چۆن و لەکوێی دابنێ تا دەستی دزانی نەگاتێ. ئەنجام بڕیاری دەدا کە لەچاڵیان بنێت، بەڵام من ئامۆژگاریم دەکرد کە بە خۆڕایی ئەو هەموو زێڕە لە چاڵ نەنێت، بەڵکو بیان توێنێتەوە و تابوتێکی زێڕی چکۆلەی بۆ منداڵەکەی، ئەو منداڵەی لەسەرما ڕەق بووەوەو مرد، لێدروست بکات. ئەوسا قەبری منداڵەکە هەڵبداتەوە و جەندەکەکەی لە تابووتە زێڕەکە بنێت. سۆریکوف، زۆر بە مەمنوونی و بەدەم فرمێسکی منەتباری و پێزانیەوە، ئەو قەشمەربازیەی منی قبووڵ کرد و کەوتە جێبەجێکردنی، منیش بە نەفرەت و بێزارییەوە، بە تەشەرەوە، کە فایدەی نیە ئەم پیاوە نابێ بە بەشەر، تفێکم ڕۆکردە سەر

زەوی و ڕۆیشتم. کاتێ کە بە تەواوەتی وەخۆهاتمەوە، کۆلیا بۆی گێڕامەوە کە من هەرگیز نەخەوتبووم و بە درێژایی ئەو ماوەیە باسی "سوریکوف"م بۆ کردبوو. چەند جارێك نیگەرانی یەکی زۆر تووش دایگرتم، بۆیە کولیا بەو پەڕی پەشێوی و پەرێشانی بە جێی هێشتم. کاتێ کە لە دوای ڕۆیشتنی ئەو هەستام تا دەرگاکە بە کلیل دابخەم ڕێك لەوکاتەدا و کوت و پڕ، ئەو تابلۆیەم بیر کەوتەوە کە ئەو ڕۆژە لە ماڵی روگوژین، بە سەرووی دەرگای یەکێك لە ژوورە هەرە تاریك و ناخۆشەکانی ماڵەکەیەوە، دیتبووم. کاتێ کە بەلای ئەم تابلۆیەدا ڕەتوبووین، بەخۆی نیشانی دام، لێم بە درۆ نەبێ نزیکەی پێنج دەقیقەیەك لە بەردەم تابلۆکەدا وەستام، لە باری هونەرییەوە هیچی تیا نەبوو، بەڵام خستیمە گێژاوی نیگەرانییەکی توندەوە.

"تابلۆکە، ڕەنگدانەوەی ئەو ساتە بوو کە تازە مەسیحیان لە خاچەکە هێنابووە خوارەوە، لێم بە درۆنەبێ، شێوەکار و نیگار کێشەکان، خوویان بەوە گرتووە، کاتێ کە وێنەی مەسیح دەکێشن، چ بەسەر خاچەکەوە بێ و چ لە خاچەکە هێنرابێتە خوارەوە، دەموچاوی لە ڕادەبەدەر گەش و ڕوناکی ڕوناك دەکێشن، تەنانەت لە ترسناکترین ساتی عەزابدا، هەر ئەو جوانیە بەرجەستە دەکەن و دەیپارێزن. بەڵام ئەو تابلۆیەی کە لای روگوژین دیتم، ئەو جوانیەی تیا نەبوو. وێنەی پیاوێکە، کە گوزارشت لە هەر هەموو ئەو ئازار و عەزابە ترسناك و بێپایانانە دەکات کە مەسیح تەنانەت پێش لە خاچدانەکەشی چەشتوونی، لە تابلۆکەدا شوێنەواری زامەکانی، شوێنەواری ئەشکەنجەدانی لە لایەن پاسەوانەکانییەوە، شوێنەواری تێهەڵدانی لەلایەن خەڵکەوە لەوکاتانەدا کە لەژێر باری قورسی خاچەکەیدا دوولۆ کۆمابووەوە و بەدەم لەتردانەوە دەکەوت، شوێنەواری عەزابی لە خاچدانەکەی (کە بە حسابی من بەلای کەمەوە دەبێ شەش سەعاتی خایاندبێ) هەر هەمووی پێوە دیار بوو. بە ڕاستی دەموچاوی پیاوێك بوو کە "تازە" لە خاچەکە هێنرابووە خوارەوە، هێشتا هاڵاوی ژیانی لێهەڵدەستا. هیشتا غوباری مەرگی لێ نە نیشتبوو. سیمای مردووەکە. لەوە دەچوو هێشتا هەر عەزاب بکێشێت.(بەڕاستی هونەمەندەکە هونەرمەندانە مامەڵەی لەتەك ئەو خاڵەدا کردبوو). بە هەرحاڵ، تابلۆکە گوزارشتێکی بێ چەندو چوون بوو، لە دەموچاوی هەرکەسێك کە عەزابێکی وەکو ئەو عەزابەی کێشا بێت. من دەزانم کە کڵێسای مەسیحیەت، لە سەدەکانی سەرەتاوە، باوەڕی وابوو کە مەسیح ڕەنجی کێشاوە. عەزابی چەشتووە، ڕەنج و عەزابی مەسیح، شتێکی ڕەمزی نەبووە، بەڵکو شتێکی واقیعی بووە، بۆیە لە خاچدانەکەی و کاتێ بەسەر خاچەکەوە بووە، هەر هەمووی بێ چەندو چوون سروشتی بووە، جا لەم تابلۆیەدا، دەموچاوەکە، تەواو شێوابوو، بەهۆی لێدان و جەزرەبەوە، تەواو ئاوسا بوو، یەکپارچە ڕوشان و برین و زامی تەڕو ترسناك بوو، چاوەکانی ئەبڵەق، کرابوونەوە. سپێنەی

چاوەکانی وەکو شووشە دەبریسکانەوە و مەرگیان دەنواند، بەڵام سەیر ئەوەیە کە دیمەنی ئەم پیاوە عەزابدیدەیە، ئەم پرسیارە سەیرە دەوروژێنێ: باشە ئەگەر هەموو موریدەکانی، هەموو یارانی و، گشت ئەو ژنانەی باوەڕیان پێهێنابوو وهەنووکە لەپای خاچەکەیدا وەستابوون، ئەگەر ئەوانەی باوەڕیان پێهێنابوو ودەیانپەرست، ئەگەر هەر هەموو ئەوانە بەچاوی خۆیان ئەو جەنازەیەیان بەو شێوەیە دیتبوو (هەڵبتە دەبێ جەنازەکە بەو شێوەیە بووبێ کە وەسفمان کرد). کە ئەم دیمەنەیان بەچاوی خۆ دیتبوو، چۆن توانی بوویان باوەڕبکەن کە ئەم شەهیدە دەتوانێت دووبارە زندوو ببێتەوە و هەستێتەوە ؟ ئەمە دەکاتە کارێك، پیاو بیەوێ و نە یەوێ، لە دڵی خۆیدا بڵێت: باشە ئەگەر مەرگ بەم ڕادەیە ترسناك بێ، ئەگەر یاسا و ڕێسای تەبیعەت ئەوەندە بەهێز و نەگۆڕ بێت، چۆن دەکرێ بە سەریا زاڵ بی، سەربکەوی؟ تەبیعەتێك کە "ئەو" دەرەقەتی نەهات و پێی نەوەستا، ئەوێك کە تا لە ژیانا بوو، سروشتی ڕام کرد، خستیە ژێر فرمانی خۆیەوە و کە هاواری کرد: " تولەیتا ڕابە"* کچۆڵەی تاین یەکسەر هەستایەوە. کە گوتی: "ئەی ئەلیعازر وەرە دەرێ"* مردووە کە دەستبەجێ لە گۆڕەکەی هاتە دەرەوە. لە کاتێکا پیاو کە لەم تابلۆیە ڕادەمێنێ، ورد دەبێتەوە، وای دێتە بەرچاو کە تەبیعەت دڕندەیەکی هۆڤی، زەبەلاحی، دڵڕەشی، کینە لەدڵی کەڕو کاسە. یان بە گوتەیەکی دی، دەشێت تەبیعەت بە ئامێرێکی نۆباوی مۆدرێنی دیۆ ئاسا بشوبهێنرێ، با ئەم شوبهاندنە نائاساییش بێت، ئامێرێکی دێو ئاسای زەبەلاح، کەڕی بێ هەست، کەودەنی نەفام، کە" بوونەوەرێکی" گەورەو هێژای هاوڕێ بێ و قووتی دابێت، "بوونەوەرێك" کە بە تاقی تەنیا هەموو تەبیعەت و یاساکانی تەبیعەت بێنێ و دوور نەبێ هەموو گەردوون و دنیا تەنیا لەبەر خاتری ئەو بوونەوەرە دروست کرابێت!

" بە نۆڕینی من، ئەو تابلۆیە زیاتر ئەو هێزە گۆنگ و ستەمکارە هەمیشەییەی بەرجەستە دەکرد، کە هەر هەموو شتەکان فەرمانبەرداری ئەون. ئەوانەی کە لە دەوری جەنازەکە بوون(کە شتاقیان لە تابلۆکەدا دەرنەکەوتبوون) بێگومان کە لەناکاوا، هەرچی خۆزیا و ئاوات و ئامانجێکیان هەبووە، هەرەسی هێناوە، تەنانەت باوەڕو ئیمانیشیان لەزگ بووە هەرەس بێنێ، هەستیان بە کول وکۆڤانێکی بێ پایان کردووە، تووشی شۆکێکی ترسناك بوون. دیارە بە ترسێکی سەراپا گیرەوە بڵاوەیان لێکردووە، هەرچەندە هەر یەکەیان، لە ناخی خۆیدا بیرۆکەیەکی گەورەی هەژێنەری ئەوتۆی هەڵگرتووە، کە قەتاو قەت، لە دەرونی نەسڕدرێتەوە. بەشەر کە تەمەشای ئەم تابلۆیە دەکات، یەکسەر و خۆ بە خۆ ئەم پرسیارەی بە مێشکا دێت: باشە ئەگەر ئەو (کوڕی خوایە" بیتوانیبا بەر لە خاچدانەکەی، وێنەی خۆی بدینێ ئایا بەو شێوەیە بە خاچەکەدا سەر دەکەوت، ئایا بەو شێوەیەی کە مرد، گیانی دەسپارد؟

دوای ڕۆیشتنی کولیا، هەر هەموو ئەو بیر و خەیاڵاتە، بۆ ماوەی سەعاتێك سەعات و نیوێك، لە مێشك و زەینم ئاڵان، بە پچڕ پچڕی و هەندێجار لە شێوەی خەیاڵات و وڕاوە و وێنەێن تەڵخ و تاریکدا، لە مێشکمدا شەپۆلیان دەدا. بگرە هەندێجار بەرجەستە دەبوون، شێوەیان پەیدا دەکرد. باشە ئەگەر شتێك بوونێکی واقیعی نەبیٚ، شێوەیەکی دیاری نەبێت، خەیاڵ دەتوانیٚ شێوەیەکی دیاریکراوی پیٚ ببەخشێت؟ وێڕای ئەوەش لە هەندی ساتی ئاگاییدا، وام خەیاڵ دەکرد کە ئەو هێزە بیٚ کۆتاییە، ئەو بوونەوەرە ڵاڵ و کەڕ و بێباکە، لە بەرچاوما، مەتریاڵیانە و بەشێوەیەکی سەیری لە وەسف نە هاتوو، بەرجەستە دەبێت. بیرم دێت کەسێك کە مۆمێکی بەدەستەوە بوو، دەستی گرتم و جاڵجاڵۆکەیەکی زەلامی قێزەونی نیشاندام و لێکدا لێکدا بۆی دووپات دەکردمەوە کە ئەم جاڵجاڵۆکە زەلامە، هەمان ئەو بوونەوەرو هێزە تاریك و کۆنگ و کەڕو ڵاڵەیە کە توانا بە هەموو شتەو، گاڵتەی بە تووڕەبوونەکەی من دەهات.

"شەوان، هەمیشە لە ژوورەکەمدا چرایەك لە ژێر ئیکۆنەکەدا دەسووتیٚ، هەرچەندە ڕوناکییەکی کەم و لەرزۆکی هەیە، بەڵام شتی لەبەر دەبینرێت، یانی زۆر لێی بچێتە پێشەوە دەتوانیٚ شتیشی لە بەر بخوێنیتەوە. لێم نەبیٚ بە درۆ، کات کەمێك لە نیوەشەو بووری بوو. بۆ چرکەیەکیش نەخەوتبووم، بە چاوانی کراوەوە ڕاکشابووم. من لەو حاڵەدا بووم کە لەپڕ دەرگای ژوورەکەم خرایە سەر گازی پشت و ڕوگۆژین وەژوورکەوت. " هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی داخستەوە، بە بێدەنگی سەیری کردم و بە ماتەمات خۆی گەیاندە ئەو کورسیەی سوچی ژوورەکە کە لای چرای ژێر ئیکۆنەکە دانرابوو. سەرم سووڕمابوو، چاوەڕوانم دەکرد تا بزانم چیدەکات. ئانیشکی دادایە سەر مێزێکی چکۆلە، بە بێدەنگی چاوانی بڕینە من. دوو سیٚ چرکە بەو شێوەیە تێپەڕی. لە بیرمە کە بەکڕی و کپییەکەی قەڵس و تووڕە بووم. بۆچی قسەی نەدەکرد؟ هەڵبەتە هاتنەکەیم بەو درەنگە شەوە، پیٚ سەیر بوو، بەڵام زۆریشم بەلاوە سەیر نەبوو. چونکە دەمزانی: هەرچەندە ئەو بەیانیە بە تەواوەتی وبە ڕوونی باسی فکرەکەی خۆمم بۆ نەکردبوو. بەڵام دیاربوو بۆی چووبوو و پەی پیٚ بردبوو. بۆیە، ئەو بیرە ئەوەی دێنا، کە بێت قسەو گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکات، با کات درەنگیش بێت. ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ڕەنگە بۆ ئەو مەبەستە هاتبێت. بەیانی ئەو ڕۆژە بە ناتەبایی لێکدی جیابوو بووینەوە، تەنانەت ئەوەشم لەبیرە کە یەك دووجار بە تەوسەوە تەمەشای کردبووم. ئێستا هەمان تەوس و توانجم لە نیگایدا دەبینی و ئەمەم زۆر لە بەرگران بوو. هەڵبەتە لە هەوەڵەوە زەڕەیەك گومانم لەوە نەبوو کە ئەمە خودی ڕوگۆژینە، نە بەخەیاڵە، نە خەونە و نە واهیمە. شتی وام هەرگیز بە بیردا نەهات.

"لـەم حاڵـەدا بـوو، کـە روگـوژین بـە هـەمان ژارخەنـەوە دانیشـتبوو. بـە تـوورەیی لەسـەر جێگاکـەم گیـنگڵم دا، ئانیشـکم لەسـەر سـەرینەکەم دادا، بڕیـارم دا منـیش وەکـو ئـەو بم، ئەگـەر تـا بـەیانیش دانیشێت، بێدەنگ ببم. نـازانم بۆچـی دەمویست ئـەو، سـەری قسـان دابمـەزرێنێ. وابزانم نزیکـەی بیست دەقیقەیەك بەو شێوەیە تێپـەڕی. لـە پڕ تروسکەیەك، بروسکە ئاسا بـە مێشکمدا هـات: تۆ بڵێی ئەمە روگوژین نەبێت، هەر تارمایی و شەبەنگێك بێ و هیچی تر؟

"من بە عەمراتم نـە لـەکاتی نەخۆشیەکەمدا و نـە لـە پێشتر شـەبەنگ و تارماییـانم نـەدیتبوو، بەڵام هەمیشـە، لـە منداڵیمـەوە تـاکو هەنووکـە، یـانی تـا ئـەم دواییانـە، هەرچـەندە قـەت بـاوەڕم بـە ڕۆح و شەبەنگان نەبوو، پێموابوو، ئەگەر هەرکاتێ، بۆ تاقە جارێکیش، شەبەنگێك یان تارماییەك ببینم، ئەوا دەستبەجێ دەمرم. بەڵام کـاتێ کـە ئـەم بیرەم بـە مێشـکا هـات کـە ڕەنگـە ئـەم کەسـە روگـوژین نەبێت و تەنیا تارماییەك بێت و بەس، هێندەی لە یادم بێت هەستم بە هیچ ترسێك نـەکرد، بـەڵکو تـووڕە بـووم. سـەیرە، هـەرگیز وەڵـامی ئـەم پرسـیارەم بـەلاوە گـرینگ نـەبوو کـە: ئایـا ئەمـەی لـە بـەردەمما دەیبیـنم خـودی روگوژینـە یـان تـاپۆو تارماییـە ؟ نـەك هـەر نیگـەران نـەبووم، بـەڵکو بەلامەوە ئاسایی بوو. پێموایە ئەو ساتە بیرم لـە شتێکی دی دەکردەوە، بۆ نموونـە زیاتر حـەزم دەکـرد بـزانم بۆچـی روگـوژین، پـاڵتۆ و قـاتی سـپی لـە بـەرکردووە و بۆینبـاخی سـپی بەسـتووە. کەچی بەیانی کاتێ کە لەماڵی خۆیدا دیتم بە ڕۆب و بیجامەو نەعلەوە بوو. لەدڵی خۆدا گـوتم: باشە ئەگەر ئەمە تارماییە و من لێی ناترسم، بۆچی هەڵنەستم و نەچم بەلایـەوە تـاقی بکەمـەوە و لێی دڵنیا ببم ؟ تۆ بڵێی بترسم و زات و غیرەتی ئەوەم نەبێت؟ بەڵام هەرکە هەستم کرد دەترسم، هەستم کرد سەراپام بەنج بوو، تەزوویەك بە مۆرەغەی پشتما داچۆڕا، زرانیـەکانم کەوتنـە لـەرزین. وەکو بڵێی روگوژین پەی بە ترسەکەم برد، ڕێك لە هەمان ساتدا، ئانیشـکی لەسـەر مێـزە چکۆلەکە هـەڵگرت و هەسـتایە سـەرپێ، زاری وەکـو یـەکێك بیـەوێ پێبکـەنێت، کرایـەوە. چـاوانی لـە دوڕ چـاوانم بـڕی. ئـەم حاڵەتـە بـەجۆرێ قـەڵس و تـوڕەی کـردم، دەمویسـت هەسـتم و پـەلاماری بـدەم. بەڵام چونکە بەڵێنم بەخۆدا بوو کە من دەست پێشکەر نەبم و ئەم بێدەنگیـە نەشـکێنم، لـەجێی خۆم نەجوڵام، زیاتریش لەبەر ئەوە لە جێی خۆ نـەجوڵام، چونکە هێشـتا دڵنیـا نـەبووم کـە ئەمـە روگوژینە و تاپۆو تارمایی نیە.

"ئەلهـەقی نـازانم ئـەم دیمەنـە چـەندی خایـاند. ئەوەشـم وەبیرنایەتـەوە کـە ئـاخۆ نـاو بـە نـاو چـاوم چووەتە خەو یان نا. ئەنجام روگـوژین هەسـتاو ڕێك وەکـو ئەوکاتـەی هاتـە ژوورێ، زۆر بـە وریـایی و هـێمنی کەوتـە ڕوانیـنم، بـەڵام ئـەمجارەیان ڕوانینەکـەی بـێ ژارخەنەکـەی پێشـووی بـوو. بـە ئەسـپایی، لەسـەر نـووکی پێیـان، بـەرەو دەرگاکـە چـوو، دەرگاکـەی کـردەوە، وە دەرکـەوت و

دەرگاکەی لە داوی خۆیەوە داخست. من لە جێگاکەم نەهاتمە دەرێ، نازانم تاکەی بەو حاڵەوە مامەوە، بە چاوانی ئەبڵەق، لە گێژاوی بیر و خەیاڵاتی گۆنگ بێ بندا مامەوە، بیر و خەیاڵاتەکەم چ بوو؟ مەگەر هەر خوا بزانێ بیرم لە چی کردووەتەوە! بیریشم نایەت چۆن خەوم لێکەوتووە.

"بەیانی، دوای سەعات نۆ، کاتێ گویم لە لێدانی دەرگا بوو، لە خەو ڕابووم. لە ماڵی ئێمەدا عادەتە کە ئەگەر دوای سەعات نۆ بە خۆم هەڵنەستم و نان و بەرچایی داوانەکەم، ماتریونای کارەکەرمان بێت و لەدەرگا بدات و هەڵم بستێنێ. کاتێ کە دەرگام لە ماتریونا کردەوە، یەکسەر ئەمەم بە بیرا هات کە: باشە خۆ ئەم دەرگایە داخرابوو، ئەدی روگوژین چۆن توانیویەتی بێتە ژوورەوە؟ کە زیاتر بیرم کردەوە ، دڵنیابووم کە مەحاڵە روگوژین توانیبێتی بێتە ژوورەکەی منەوە، چونکە ئێمە هەموو دەرگاکانمان بە شەوان لە ناوەوە بە کلیل دادەخەین.

"تێکڕای ئەم ڕووداوەی کە بەو وردی و دووروودرێژییەی بۆم باسکردن، کردیە کارێك کە من "بڕیاری" یەکجارەکی خۆم بدەم. یانی بەم پێودانگە "دواقەرار و قەناعەتی" من زادەی لۆژیك یان قەناعەتی لۆژیکی نەبوو، بەڵکو زادەی هەست و سۆزی بێزاری بوو. من ناتوانم درێژە بەم ژیانە سەیر و غەریب و سەخت و دژوار و بێ وەفایە بدەم. ئەم تاپۆیە سووکایەتی پێکردووم. من ناتوانم ملکەچ و گوێڕایەڵی هێزێکی گۆنگ و بەتەم ومژ بم کە لەشێوەی جاڵجاڵۆکەیەکی زەلامدا خۆی بنوێنێ. من تەنیا ئەوکاتە. لەو تاریکە شەوەدا، کە هەستم کرد گەییوومەتە دوا قەرار و دوا قەناعەتی بنجڕ ، کەمێك هەستم بە ئاسودەیی کرد. بەڵام ئەم قۆناغە تەنیا قۆناغی یەکەم بوو، دەبوایە لە قۆناغی دووەمدا بچم بۆ پاڤلوڤسك، قۆناغی دووەم لەوێندەر بەرمە سەر، بەڵام پێشتر ئەمەم بە تێروتەسەلی باسکردووە.".

پەراوێز:

*– ".. گردی کێشکان..": گردێکی بچووکە کە کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەرەوەی مۆسکۆ. ناپلیۆن و گەورە ئەفسەرەکانی، ڕۆژی ١١/٩//١٨١٢ ، لەوێندەرەوە سەیری ناو شاریان کرد. بێگارە زندانییان، بەر لەوەی ڕەوانەی سیبریا بکرێن، لەوێندەر کۆدەکرانەوە. ئەم گردە حاڵی حازر سەیرانگە و مەیدانی وەرزشە، و پێی یەژن "گردی لینین".

*– ".. تولەیتا ڕابە.." ئینجلی مورقوس، سورەتی پێنجەم، ٤١

*– ".. ئەی ئەلیعازر وەرە دەرێ": ئینجلی یوحەنا، سورەتی یازدە، ٤٣.

فەسڵی حەوتەم

"دەمانچەیەکی چکۆڵەی گیرفانم هەبوو، هەر بە منداڵی ئەم دەمانچەیەم دەست کەوتبوو، یانی لەو تەمەنە سەیرەدا کە منداڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی حیکایەتێن قارەمانبازی و ڕێگری و دوئێل و دوئێلبازی و دەمانچە سوارکردن لە یەکتری و ،حەزدەکات لاسایی ئەو شتانە بکاتەوە. بە منداڵی خەوم بەوەوە دەبینی کە یەکێك داوای دوئێلم لێبکات و بێباك و نە ترس و ورە بەرز لە هەنبەر خەنیمەکەمدا بوەستم. نزیکەی مانگێك دەبێ کە ئەو دەمانچەیەم تاقیکردەوە و هەر لەجانتاو کیفەکەی خۆیدا دوو قەوان و قوتوویەکی چکۆڵەی پڕ لە باڕووتم دۆزییەوە کە بەشی داگرتنەوەی دوو سێ فیشەکی دەکرد. دەمانچەیەکی زۆر خراپە، تەقە دەکاو ناکات، زۆر کەم بوردە، ئەوپەڕی پازدە شەقاوێك دەڕوات و ناڕوات. بەڵام، ئەگەر ڕاستەوخۆ بنرێت بە کەللەی سەرەوە، مێشکی بەرانبەرەکەت دەپژێنێ و کاسەی سەری داغان دەکات.

"بڕیارم دا، کە سپێدە، لە پاڤلوڤسك، بۆ ئەوەی کەس لە ڤێلاکە بێزار نەبێ، بەخشکەیی خۆم بگەیەنمە ناو باخ و سەیرانگاکە و خۆم بگوژم. هەڵبەتە لە و نامەو ڕوونکردنەوەیەی کە لە دوای مردنی خۆم بەجێی دێڵم، هەموو شتێك بە ڕادەی پێویست و زیاتریش بۆ پۆلیس ڕوون دەکەمەوە، تا لە لێکۆڵینەوەی خۆیاندا تووشی سەرەگێژێکی نەبن. دیارە هەوادارانی دەروونناسی و هەر کەسێکی دی کە ئەو مەسەلەیەی بەلاوە مەبەست دەبێ، دەتوانن لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو ڕوونکردنەوە و نامەیەوە بگەنە ئەنجامگیری دڵخوازی خۆیان، بەڵام حەزناکەم نووسراوەکەم بە هیچ جۆرێ بێتە بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامە و بڵاڤۆکاندا. تکا لە میرزادە دەکەم کە نوسخەیەك لەو نامەیە لای خۆی هەڵگرێت و بپارێزێت و نوسخەکەی دیکەشی بگەیەنێتە دەست ئاگلایا ئیڤانوڤنا یەپانچینا. ئەمە حەزو ئارەزووی منە، وەسێتیشم ئەمەیە کە ئێسکە پەیکەرەکەم بدرێ بە ئەکادیمیای پزیشکی تا بۆ ئەزموونی زانستی سوودی لێوەربگرن.

"کەس بۆی نیە داوەریم دەرهەق بکات و دەزانم هەنوکە کە لە دەرێی دەسەڵاتی هەر دادگاییەکم. تۆزێ لەمە پێش بیرۆکەیەکی سەیرم بە مێشکدا هات. لە دڵی خۆدا کە دەمگوت: چۆنە لەپڕ بێ بە سەرما و کەسێك بکوژم یان چەند کەس لە یەك شوێندا سەر ببڕم، یان هەر تاوانێکی زۆر ترسناك و دزێو بکەم کە ببێ بە داستانی سەرزاران و وەکو ترسناکترین تاوانی دنیا بگێڕدرێتەوە. دەبێ دادگا چەند شپرزە بکەم، لە کاتێکا من تەنیا دوو هەفتە یان سێ هەفتەم لە دنیادا ماوە، کە نە پرس وجۆ و نە ئەشکەنجەی بەدەنی داد بدەن؟ ئەگەر ئەمە بکەم بۆ خۆم بێ

خەم و خەیاڵ، سەر ڕەحەت و دڵ ئاسوودە، لە نەخۆشخانەکانی ئەواندا، لە ژێر چاودێری دکتۆراندا، گەرم و گوڕتر و ئارامترم لە ماڵەکەی خۆم دەمرم. نازانم ئەو کەسانەی کە هەمان حاڵەتی منیان هەیە، بۆچی ئەگەر بۆ فشە و سوعبەتیش بووە، ئەو جۆرە بیرو خەیاڵاتەیان بە مێشکدا نایەت. دوورنیە بە مێشکیانیشدا هاتبێ، خۆ لە خەڵکی قۆشمە و شۆخیبازمان کەم نیە.

"هەرچەندە من ئەو مافە بە کەس نادەم کە داوەریم دەرهەق بکات، بەڵام وێڕای ئەمەش، زۆر چاك دەزانم، کاتێ کە بووم بە جەستەیەکی کروکپ، سارد وسڕیش، خەڵکی هەر داوەری خۆیان دەکەن. بۆیە نامەوێ، بە بێ وەڵام، وەڵامێکی ئازاد، دوور لە هەر گوشار و ناچارییەك بڕۆم، نەك بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم، نا، نا! من پێویستم بەوە نیە داوای بوردن لە هیچ کەسێك بکەم، بەڵکو تەنیا لەبەرخۆم و حەزی خۆم، وەڵام دەدەمەوە، چونکە لە زەت لەمە دەبینم.

"فەرموون ئێوەو ئەم بیرۆکە غەریبە: کێ و بەچ هەقێ دەتوانێت و بۆی هەیە، لە ماوەی ئەم دوو یان سێ هەفتەیەدا ئازادی ڕەفتارم لێقەدەغە بکات؟ پرس و جۆم دەگەڵ بکات؟ ئەمە کاری چ دادگایەکە؟ چ دادگایەك ئەو مافەی هەیە؟ ئاخر سوودی ئەمە چیە کە من نەك هەر حوکمی خنکاندن و مەرگ بدرێم، بەڵکو ناچار بکرێم ئەو ماوە کەمەی پێش جێبەجێکردنی ئیعدامەکەش، بەوپەڕی ئاقڵی و ملکەچی و گوێڕایەڵی بەرمە سەر؟ ئایا کەس سوود لەمە وەردەگرێت؟ ئایا ئەمە هیچ خزمەتێکی مەسەلە ئەخلاقیەکان دەکات؟ وەختێ ئەم قسەیەم قەبووڵ بوو کە ئەگەر نەخۆش نەبام، ساغ و سەلامەت بام و چاوەڕوانی ئەوەبام ڕۆژێك بێت " کە خێرو بێرێکم بۆ برای مرۆڤم ببێت"... هەنگێ دەکرا، بە گوێرەی پێوەرە ئەخلاقیە باوەکان، لەبەر ئەوەی بەبێ پرس و ڕاوێژ ژیانی خۆم بە فیڕۆ داوە، یان لەسەر هەر خەتاو تاوانێکی دیکەی لەو بابەتە سەرکۆنە بکرامایە یان لێپێچینەوەم دەگەڵ بکرایە!... بەڵام ئێستا، کە حوکمی ئیعدامەکەم ڕاگەیەنراوە و هەموو شتێك بڕاوەتەوە، دەکرێت بەچی تۆمەتبار بکرێم؟ یان چ گلەییەکم لێدێتە کردن؟ ئاخر ئەمە چ ئەخلاقێکە کە تۆ نەك ژیانت، بەڵکو دوا هەناسەکانت وان لە غەرغەرەی مەرگا و لە ئان و ساتدایە دوا زەڕەی ڕوحت دەربچێت، گوێت لێبێ میرزادە بە بەڵگە و بۆچوونە مەسیحیانەکانی خۆی بەوە دڵخۆشیت بداتەوە کە مردنت لە ژیان باشترە؟ (ئەو مەسیحیانەی وەکو ئەون، هەمیشە دەگەنە ئەو قەناعەتە و دڵیانش پێی خۆشە!). یانی کە باسی "دارو درەختانی بافلوفسك" دەکەن، دەیانەوێ بڵێن چی، ئایا دەیانەوێ دوا سەعاتەکانی ژیانم ئارامتر بگوزەرێن ؟ باشە ئەمانە لەوە ناگەن کە من تا زیاتر خۆم فەرامۆش بکەم و دڵ بەم دوا فریوەی ژیان و خۆشەویستییە خۆش بکەم و خۆمی پێوە هەڵواسم، کە دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە دیوارەکەی ماڵی مایر و هەموو ئەو شتانەی کە بەو هەموو ڕاشکاوی و سادەییەوە لە سەری تۆمار کراوە، لەبەر چاوم ون بکەن،

نازانن من بەوە هێندەی دی دەردم زیاد دەکات؟ باشە سروشتی جوان و باخی گشتی پافلوفسك بەمن چی، هەڵاتن و ئاوابوونی ڕۆژ، ئاسمانی شین و دەموچاوی پاراوتان بەمن چی، کە من تاقە کەس بم کە لەم ئاهەنگ و زیافەتەدا زیاد بم؟ ئاخر ئەم هەموو ژنە و ئەم جوانیانە بەمن چی، لەکاتێکا من ناچاربم هەموو ساتێك هەست بەوە بکەم کە تەنانەت ئەو مێشە چکۆلەیەی کە لەبەر تیشکی هەتاوا، بە دەوری منا گیزە گیزیەتی، هەقی هەیە لەم ئاهەنگ و زیافەتەدا بەشداری بکات، شوێنەکەی خۆی دەزانێ، دڵی بەشوێنەکەی خۆشە و پێی شادە، بەڵام هەر من بە تاقی تەنیا ناشاد و بێزراوم. تەنیا من وەکو سپڵی لا ورگ زیادم و بەس –کە تا هەنوکە تەنیا ترسنۆکی خۆم، وای کردبوو کە پەی بەم حەقیقەتە نەبەم!

"من دەزانم میرزادە و هەموو ئەوانەی دی دەیانەوێ من دەستبەرداری ئەم دەربڕین و دەستەواژە "پڕ ڕقانە" ببم، دەزانم حەزدەکەن گوێیان لێم بێ، بە ناوی سەرکەوتنی ئەخلاقەوە، ئەم کۆپلە شیعرە کلاسیکیەی میلوڤی بخوێنم:

خۆزیا،دۆستانێکی زۆر

لەوانەی گوێیان لە ئاستی مالأوایی

من دەخەواند

جوانی پیرۆزی تۆیان دەبینی

تەمەن درێژبن، بریا کە

دەمردن، فرمێسکیان بۆ دەهاتە ڕشتن

خۆزیا دەستانی دۆست

چاوی لێکدەنان

"بەڵام ئەی سادە و ساکارینە باوەڕ بکەن، باوەڕ بکەن کە ئەم کۆپلە شیعرە دڵخۆشکەرەیە، ئەم هەموو دوعای خێرەی لەم شیعرە فەرەنسیەدا دەی بینن، ژێرا و ژێر هێندە ژەهراویە، هێندەی بۆغزو کینەی ئەفسووناوی لەخۆ گرتووە، بوغزوکینەیەکی ئەوتۆ کە لەزەت لە ڕکونی خۆی دەبینێ. بوغز و کینەیەك کە شاعیر بەخۆیشی گومڕا بووە و سەری لێ تێکچووە و ڕق و کینەکەی لێ بووە بە فرمێسکی مێریڤانی و ڕوندکی سۆزداری. هەڵبەتە شاعیرەکە بەو خەیاڵ و

قەناعەتەوە مردووە. ڕەحمەتی خوای لێبێ! ئەوە بزانن کە وەختێ مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە هیچ نیە، کە دەسەوەستان و بێتوانایە، ئەمە، خەم و پەژارەو قارو خەفەت و نەگبەتی و شەرمەزارییەکی زۆری لە دڵ و دەروونـدا چێدەکات، بەڵام ئەمە سنووری خۆی هەیە، کە مرۆڤ دایە تانی بێعاری و ئەو سنوورەی بەزاند، هەنگێ لەزەت لەو شەرمەزاریە دەبینێ.

"دروستە زەلیلی و ملکەچی بەم چەمك و مانایە هێزێکی گەورەیە. من دان بەمەدا دەنەم، بەڵام نەك بەو چەمك و مانایەی کە ئاین و مەزەب قەبووڵیەتی .

"ئاه... ئاین! من ئەگەری ژیانی ئەبەدیم قەبووڵە، ڕەنگە هەمیشەش هەر قەبووڵم بووبێ. گریمان هەست و ویژدانی بەشەری مەشخەڵێکە، ویستی هێزێکی باڵا هەڵیگیرساندووە و ئەم هێزە لە ڕێگەی سەرانسەری بوونەوەرانەوە خۆی دەنوێنێت و دەڵێت: "من هەم" حەزدەکەم باوەڕش بەوە بێنم کە ئەم هێزە باڵایە هەر خۆی لەناکاوا فەرمانی ئەم هەست و ویژدانە دەدات کە دەم و دەست بکوژێتەوە، هەڵبەتە لەبەر هۆیەکی گۆنگ و نادیار، هۆیەك لەسەرووی شرۆڤە و ڕاڤەوە . با وابێ، من دان بەمەدا دەنەم، بەڵام ئەم پرسیارە ئەبەدی و هەمیشەییە هەر دەمێنێ: ئەم کارانە چ پێویستییەکیان بە کەساسی و ملکەچی و گوێڕایەڵی من هەیە ؟ هەر ئەوە بەس نیە بخورێم، بێ ئەوەی ناچار بکرێم ستایشی (بخۆرەکەم) بکەم، بە شان و باڵیا هەڵبدەم؟ باشە ئەگەر من نەمەوێ دوو هەفتەی دی چاوەڕوانی مەرگی خۆم بکەم، سەبر نەکەم، کەسێك هەیە لەو دنیا باڵایەدا کە بەم کارەی من زەرەر بکات یان ئازارێکی پێبگات ؟ نەخێر، باوەڕناکەم! گریمان(هەڵبەتە ئەم گریمانەیە لە ڕاستیەوە نزیکترە) لەناوچوون و زەواڵی ژیان و گیانی ناچیزی من، کە ژیان و گیانی گەردیلەیەکە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی گەردوون و بوونەوەران، بۆ کەمکردن یان زیادکردنی شتێکی دیاریکراو، بۆ دروست کردنی هەڤدژی و جۆرە ناتەباییەك پێویستە، وەکو چۆن پێویستە ژیان و گیانی ملیۆنان بوونەوەر ڕۆژانە بکرێتە قوربانی بۆ ئەوەی دنیا بمێنێ و بەردەوام بێ (هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە، لە خودی خۆیدا، لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی بوردن ئامێز نیە). با واز لەمە بێنین. گریمان ئەگەر بەشەر یەکتریان نەخواردبا، ئەم دنیایە بینا نەدەکرا، هەرچەندە من هیچ شتێك لەم بینایە نازانم. بەڵام ئەوەی من دەیزانم ئەمەیە: ئەگەر من بۆ ئەوە هاتبمە دنیاوە تا بزانم کە "هەم" خەتای منە کە ئەم دنیایە، ئەم گەردوونە بە لنگەوقووچی دروست کراوە، و هەر دەبێ بەم شێوە و ڕەوشەش بێت و مەحاڵە بشێت بەشێوەیەکی دی بێ؟ ئاخر کێ لەمەدا خەتای من دەگرێت و بە چ بەڵگەیەك دەتوانێ خەتام بگرێت؟ دەیسا بە خۆتان بیر لەمە بکەنەوە، تا دەتوانن بیری لێبکەنەوە، هەر هەمووو ئەمە لە تەسەورکردن نایەت، هەر هەمووی یەکپارچە زوڵم و بێدادیە.

"من، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، نەمتوانیوە وێنای ئەوە بکەم، هەرچەند لە دڵی خۆمدا ئارەزووم کردووە، کە ئەو دنیا و پەسەلان و مەشیەتی خوایی و خودا نەبن. من زیاتر دەگەڵ ئەوەدام کە هەموو ئەوانە هەن، بەڵام هیچ شتێك نە لەمەڕ ژیانی ئەو دنیا دەزانین و نە دەربارەی ئەو یاسایانەی ئەو دنیا بەڕێوە دەبەن. باشە ئەگەر دەرککردنی ئەم شتە ئەوەندە سەخت و دژوار بێت و بگرە مەحاڵ بێت، ئایا من گوناح و خەتام چیە لە شتێك نەگەم کە لە تەسەور نەیەت؟ ڕاستە هەموو هەر دەڵێن – بە میرزادەشەوە – ئێمە تەنیا ملکەچی و گوێڕایەڵی و ئیتاعەتی بێ چەند و چوونمان لەسەرە و بێگومان لەو دونیا پاداشتی گوێڕایەڵی خۆم وەردەگرم. دیارە ئەوەش دەڵێن کە ئێمە لەبەر ئەوەی لە مەشیەت و ویستی خوایی تێناگەین، بۆیە لە ڕووی بێ توانایی و نا ئومێدی خۆمانەوە بە کەمی دەگرین. بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر ئەم ویست و مەشیەتە، لە دەرککردن نەیەت، قابیلی تێگەیشتن و وێناکردن نەبێت، بە چ هەقێ گلەیی لە کەسێك بکرێت کە تێی ناگات، کە توانای تێگەیشتنی ئەو ویست و مەشیەتەی نیە، لە کاتێکا ئەو تێ نەگەیشتنەی بەسەرا سەپێنرابێت، لێی کرابێ بە یاسایەکی لە گۆڕان نەهاتوو؟ ئەگەر مەسەلەکە وابێ، چۆن دەشێت من بە تاوانی ئەوەی توانای تێگەیشتنی ویست و یاساکانی مەشیەتی خواییم نیە مەحکوم بکرێم ؟ نا، هەر وازی لێبێنە، بەردێکی بخە سەر و تەواو، باشتر وایە کارم بە کاری ئاین و مەزەبەوە نەبێت.

"بەسە، بە هەرحاڵ ! تا من ئەم چەند دێڕە تەواو دەکەم، هەتاویش هەڵدێت، دەکەوێتە تەشقی ئاسمانان و هێزی بێ سنوور و، بێ شوماری خۆی بەسەر سەراپای دنیادا بڵاودەکاتەوە! با ئەمە ویستی خوابێ! من لەو کاتەدا کە دەڕوانمە ئەم سەرچاوەی هێز و ژیانە، سەرچاوەی ئەم ژیانەی کە هیچ ئومێدێکم پێی نەماوە و چیتر نامەوێ، دەمرم! ئەگەر لەدایکبوونم بەدەست خۆم بایە، بە ویستی خۆم بایە، هەرگیز قەبووڵم نەدەکرد بێمە ناو ئەم گاڵتە بازاڕە بێ تامەوە. بەڵام خۆ، هێشتا توانای مردنم هەیە، هەرچەندە ئەم توانایەش ڕوو لە کەمیەو هەرچەند ڕۆژێکی کەمی ژیانم بەدەستەوە ماوە. ئەمە توانایەکی گەورەی دەوێ نەك یاخی بوونێکی گەورە.

"دوا سەرنج: هەڵبەتە لەبەر ئەوە نامرم کە توانای ئەوەم نەبووە بەرگەی ئەم سێ هەفتە ژیانە بگرم. با توانام هەبووە و ئەولاتریش، خۆ ئەگەر بمویستبا دەمتوانی هەر بەوە دڵنەوایی خۆم بکەم کە هەستم بەو سووکایەتیە کردبوو کە پێم کرابوو. بەڵام خۆ من یارۆی شاعیری فەرەنسی نیم و بەو جۆرە دڵنەواییەش قایل نیم، شتێکی دیکەش هەیە: کە تەبیعەت و سروشت، تەنیا دەرفەتی سێ هەفتە ژیانی لە بەردەمما هێشتووەتەوە، بە جۆرێ مەیدان و ماوەکەی لێتەنگ و سنووردار کردووم، ڕەنگە تاقە کارێك کە بتوانم لەو ماوە کەمەدا بە کەماڵی ئازادی و ویستی

خـۆم دەسـتی پێبکـەم و بـە ئـەنجام بگەیـەنم هـەر خۆکـوژی بـێ. باشـە بۆچـی ئـەم دوا دەرفەتـە نەقۆزمەوە و "کارێك"نەکەم؟ ڕەنگە هەندێجار، ناڕەزایی کارێکی بچووك نەبێت و بایـەخی خـۆی هەبێت.

هیپولیت، ئەنجام لە خوێندنەوەی (ڕونکردنەوەکە)ی خۆی بوووە و وەستا.

کاتێ کەسێکی تووندە تەبیعەت، لە توڕەییدا دەهـری دەبێ وئاگای لـەخۆی نامێنێ، دەداتـە تـانی ڕاشـکاوی و بێباکیـەکی ئـەوتۆ کـە گاڵتـەی بـە هـەموو دووڵـی و ترسـێك دێـت و کـەمترین حیسـاب بـۆ ئـەو شـتانە ناکـات و نـەك هـەر ئامـادەی هـەر شـەڕو فەرتەنەیـەك دەبێـت، بـەڵکو شـەڕ بـەدارو بـەرد دەفرۆشـێت و لـەزەت و خۆشیشـی لێـدەبینێ. پـەلاماری خـەڵکی دەدات و جـۆرە ئامادەییـەکی گـۆنگ و لـە هـەمان کاتـدا بنجبڕیشـی لەلایـە، هـەر دوای ئـەوە بـە یـەك دەقیقـە، لـە بـەرزترین بورجـەوە خـۆی هەڵبداتـە خـوارەوە و بەمـە خـۆی لـە هـەر کێشـە و دەرهاویشـتەیەکی ئیحتیمالی ئەو ڕەفتارەی بدزێتەوە و بیەڕێنێتەوە. دیارە ئەم حاڵەتە بە زۆری جۆرە داهێزران و بیتاقەتی و لاوازی و سستیەکی بەدەنی پێش دەکەوێ. ئەو بارگرژییـەی کـە هیپـۆلیتی تیابوو، حاڵی حازر گـەیی بووە ئەو قۆناغە. جەستەی ئەم هـەرزەکارە تەمەن هـەژدە ساڵە، کە نەخۆشـی چروسـاندبوویەوە و کەسـیرەی کـرد بـوو، وەکـو گەڵایـەك لـەدار بەربووبێتـەوە، لاواز و لـەرزۆك دەینواند. بەڵام هەرکە تەمەشای گوێگرەکانی کرد(هەڵبەتە بۆ یەکەمجار لەماوەی یەك سەعاتی ڕابردوودا) یەکسەر نیگاو زەردەخەنەکەی تەژی نەفرەت، لەخۆبایی بوون و بێزاریەکی تەوسامێز بوون. پەلەی بوو کە نەفرەت و بێزاری خۆی لە هەر هەموویان بگەیەنێت. بەڵام گوێگرەکانیش لـەلای خۆیانـەوە زۆر قـەڵس و تـووڕە بـوون. بـەدەم خوتـە و بۆڵـەی توڕەییـەوە لەسـەر مێزەکـە هەسـتان. ماندوویـەتی و مەسـتی و پەسـتی ودەمـارگرژی هێنـدەی دی ڕەوشـەکەی شـلۆق کـرد و زیافەت و ئاهەنگەکەی شێواند.

هیپولیت، بەجۆرێ لەسەر کورسیەکەی ڕاپەڕی و هەستا، وەکو ئەوەی یەکێك بە تۆبزی هەڵی ستاندبێ. کە ترۆپکی هەتاوگرتووی درەختەکانی بینی، وەکو ئەوەی پەرجوویەك ڕوویدا بێت، پیشانی میرزادەی داو هاواری کرد:

– هەتاو هەڵهات! هەتاو دەرکەوت!

فردیش چینکو گوتی:

– چیە، واتدەزانی هەڵنایەت ؟

گانیا، پەست و بێ موبالات، کڵاوەکەی هەڵگرت و کێشمانێکی خۆی داو بەدەم باوێشکدانەوە گوتی:

– ڕۆژێکی گەرمی ناخۆشی دیکەمان لە ڕێیە، جا وەرە یەك مانگی تەواو، لەم گەرمایەدا هەڵکە! پتیتسن چ دەڵێی بڕۆین یا بمێنین؟

هیپۆلیت، سەرسام و، وڕو کاس گوێی بۆ ئەو قسانە گرتبوو. لە ناکاوا ڕەنگی بە تەواوەتی زەرد هەڵگەڕا، ڕەنگی مردووی لێنیشت، سەراپای کەوتە لەرزین، بە دەم تەمەشاکردنی گانیاوە گوتی:

– تۆ بۆیە ئەم بێ موبالاتیە دەنوێنی تا سووکایەتی بە من بکەیت! بە ڕاستی پیاوێکی سووکی!

فردیش چینکو گوتی:

– ئەم زیادەڕۆییە چیە، بۆچی وا زمانت لێ بەرەڵاکردووە؟ نە شەرمێ، نە سڵکردنەوەیەك!

گانیا گوتی:

– بە ڕاستی گەنجێکی گەوجە !

هیپولیت کەمێك وەخۆهاتەوە، جڵەوی خۆی گرت، بەدەم لەرزینەوە کەوتە قسان، قسەکانی پچڕ پچڕ بوون:

– بەڕێزینە، ڕەنگە بێزارم کردبن، هەقی خۆتانە لێم توورەبن، بەداخەوەم کە بە خوێندنەوەی ئەم وڕێنەیە بێزارم کردن (بەدەم ئەو قسەیەوە دەستنووسەکەیان نیشان دەدات). بەڵام لەلایەکی ترەوە بەداخەوەم کە وەکو پێویست بێزارم نەکردن و سەرم نە یەشاندن. (بەدەم بزەیەکی گێلانەوە ئەو قسەیەی کرد). لەپڕ ڕوو دەکاتە یەڤگینی پاڤلوفیچ و دەڵێت: یەڤگینی تۆ بڵێ، ناڕەحەتم کردن یان نا؟

یەڤگینی پاڤلوفیچ بەرسڤی دایەوە:

– وتارەکەت بڕێك درێژ بوو، بەڵام... بە هەرحاڵ...

هیپولیت، کە هێشتا دەلەرزی گوتی:

– ڕەئی خۆت بە تەواوی بڵێ، درۆ مەکە! بەلای کەمەوە بۆ تاقە جارێك لە ژیانتا درۆ مەکە...

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە قێز و بێزەوە ڕووی لێوەرگێڕا و گوتی:

– بەلای منەوە و بۆ من هیچ گرینگ نیە... تکات لێدەکەم وازم لێبێنە.

پتیتسن چوو بۆلای میرزادە و گوتی:

– شەو بەخێر میرزادە.

ڤیرا بەلەزو هەراسان بەرەو هیپولیت ڕۆیی و تەنانەت دەستێکیشی گرت و هاواری کرد:

– ئەوە ئێوە چ دەکەن؟ دەتانەوێ خۆی بکوژێت! ئێوە تەمەشای بکەن! بیرتان چوو کە گوتی دەگەڵ هەڵاتنی خۆردا خۆی دەکوژێت؟ دەتانەوێ چ بکەن ؟

چەند دەنگێك بەرزبووەوە، یەکێك لەوانە دەنگی گانیا بوو:

– نا، خۆی ناکوژێت!

کولیاش کە دەستی هیپولیتی گرتبوو، هاواری کرد:

– بەڕێزینە، بەڕێزینە، ئاخر تەمەشای بکەن! میرزادە، میرزادە، بۆ وا بێخەم وەستاوی؟

ڤیرا و کولیا و کیللەر و بوردوفسکی، دەوری هیپولیتیان دابوو، بە هەر چواریان، دەستیان گرتبوو.

بوردوفسکی، کە پێدەچوو مەستی مەست بێ و ئاگای لە خۆی نەبێ، بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:

– هەقی خۆیەتی، هەرچیەك بکات نەهەقی نیە!...

لیبدیف، لە میرزادە نزیك بووەوەو گوتی:

– بمبوورە میرزادە، تۆ ئەمرت بەچیە، بەنیازی چیت؟

لیبدیف، مەست و تا ڕادەی کۆساخی تووڕە بوو.

میرزادە لێی پرسی:

– چ ئەمرێکت مەبەستە؟

- قوربان، به یارمەتیت! من خاوەنی ئەمماڵەم. تکایە ئەم قسەیەم لێمەگرە و حەزناکەم لە ڕووی جەنابتا بێ ئەدەبی بکەم!... هەڵبەتە دەزانم ئەم ماڵە هی تۆشە... بەڵام حەزناکەم ئەمجۆرە کێشانە لە ماڵی مندا ڕووبدا... نەخێر... نامەوێ!...

جەنەڕاڵ ئیڤولگین، لەناکاوا، بە متمانەوە و بەجۆرە تووڕەیی و بێزارییەك گوتی:

- خەمتان نەبێ خۆی ناکوژێت، چ نیە کەرێتی گرتوویەتی!

فردیش چینکو، هەڵیدایە و گوتی:

- ئافەرین، دەمخۆش جەنەڕاڵ !

لیبدیف گوتی:

- منیش دەزانم خۆی ناکوژێت جەنەڕاڵ... جەنەڕاڵی بەڕێزی من... بەڵام وێڕای ئەوەش... بەخۆت دەزانی من خاوەنی ئەم ماڵەم.

پتیتسن، پاش ئەوەی دوعاخوازی لە میرزادە کرد، دەستی بەرەو لای هیپولیت درێژ کرد و لەپڕ گوتی:

- ئەرێ ئاغای تیرنتییف، تۆ لە وتارەکەتا وابزانم باسی ئێسکە پەیکەری خۆت کرد و گوتت وەسێتت ئەوەیە پێشکەش بکرێت بە ئەکادیمیای پزیشکی، وانەبوو؟ مەبەستت لە ئێسکە پەیکەری خۆتە؟ یانی ئێسقانەکانت؟

- بەڵێ، ئێسقانەکانم...

- ڕاستە. بۆیە پرسیارم کرد، گوتم نەبا بەدحاڵی بوونێك ڕووبدات و وەسێتەکەت بە هەڵە ڕاڤە بکرێت، چونکە وەکو بیستوومە، پێشتر شتی وا ڕوویداوە.

میرزادە، یەکسەر هەڵیدایە و گوتی:

- بۆچی تووڕەی دەکەی؟

فردیش چینکۆ گوتی:

- هێناتە گریان!

هەڵبەتە هیپۆلیت بە هیچ جۆرێ نەدەگریا. ویستی خۆی ڕاپسکێنێ، بەڵام ئەو چوار کەسەی دەوریان دابوو، یەکسەر دەستیان گرت. ئیدی سەدای پێکەنین بەرزبووەوە.

روگوژین گوتی:

– مەبەستی ئەوە بوو دەستی بگرن. هەربۆیەش وتارەکەی خوێندەوە. خواحافیز میرزادە. دەمێکە دانیشتووین، ئێسقانەکانمان هاتوونەتە ژان.

یەڤگینی پاڤلوفیچ بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– تیرنتیف، ئەگەر من لەجێی تۆبام و بە ڕاستی نیازی خۆکوژیم هەبا، دوای ئەم هەموو تەشەر و ڕیشخەنە خوت و خۆڕاییە، ئەگەر هەر بۆ لووت شکاندنی ئەوانیش بووە، لەو کارەم ژێوان دەبوومەوە!

هیپولیت، لە قسەکەی وی زۆر تووڕە بوو، لەزگ بوو پەلاماری بدات، بە توڕەیی گوتی:

– زۆریان پێخۆشە خۆم بکوژم!

یەڤگینی پاڤلوفیچ گوتی:

– بۆیە پەستن چونکە لە دیتنی ئەم سیناریۆیە مەحرووم بوون!

– یانی تۆش لەو باوەڕەدایت، کە بەچاوی خۆیان نای بینن؟

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە زمانێکی هێدی و نەرم، وەکو ئەوەی داکۆکی لەو بکات، گوتی:

– من هەرگیز نامەوێ هانت بدەم. بە پێچەوانەوە، من باوەڕم وایە کە دەتوانیت و زۆریش نزیکە خۆت بکوژیت، بەڵام ئومێدم وایە بە خۆت بوەستی و هەڵنەچیت...

هیپولیت، کە تەمەشای یەڤگینی باڤلوفیچی دەکرد، لەپڕ بە زمانێکی پڕ لە متمانەی کوت و پڕ، وەکو ئەوەی شیرەت و ڕاوێژ بە دۆستێکی نزیك بکات، گوتی:

– ئێستا تێدەگەم، چ هەڵەیەکم کرد کە ئەو وتارەم بۆ خوێندنەوە!

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بەرسڤی دایەوە:

– وەزع و ڕەوشێکی سەیرت هەیە!... بە ڕاستی نازانم چ ئامۆژگاریەکت بکەم و چ ڕێیەکت پێ نیشان بدەم! هیپولیت، کڕوکپ، چاوانی لاسار و پڕ ترسی لە دوڕ چاوانی وی بڕی. لەوە دەچوو، ناو بە ناو هۆشی بەخۆی نەمێنێ و نەزانێ لە دەوروبەری چ باسە.

لیبدیف گوتی:

– نا... بە یارمەتی ئێوە بەڕێزینە، بە یارمەتیتان! سەرنج بدەن بزانن چ دەڵێت: "ئەگەر حەز دەکەن، بۆ ئەوەی کەس ناڕەحەت نەکەم، دەچم لە باخەکەدا خۆم دەکوژم." وا دەزانێ ئەگەر چەند هەنگاوێك لێرە دورکەوتەوە و چوو لە باخەکەدا، کە دوو سێ شەقاوێك لێرەوە دوورە، خۆی کوشت، کێشە و سەریەشە بۆ کەس دروست ناکات؟

میرزادە. هەڵدایەو گوتی:

– بەڕێزینە...

لێ لیبدیف، بە توڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– نا، نا، بە یارمەتی خۆت میرزادەی گرانقەدر! تۆ بە خۆت دەزانی، ئەمە گاڵتە نیە، بەلای کەمەوە نیوەی میوانەکانت لەو باوەڕەدان، دوای ئەوەی گوێیان لەو قسانەی بوو، ئەگەر لەبەر پاراستنی ئابڕووی خۆیشی بووە، خۆی دەکوژێت، جا من بەو حوکمەی کە خاوەنی ئەم ماڵەم، بە شایەدی ئەم میوانانە داوای یارمەتیت لێدەکەم، تکایە فریام بکەوە!

– چ بکەین لیبدیف؟ من ئامادەم یارمەتیت بدەم.

– دەیسا با پێت بڵێم دەبێ چ بکەین: (دەبێ ئەو دەمانچەیەمان، کە بە بەرچاوی هەموومانەوە، پێوەی دەفشێ، بە فیشەکەکانیەوە، بداتێ. ئەگەر ئەم کارە بکات، قایل دەبم، لەبەر ئەوەی نەخۆشە، لە ژێر چاودێری خۆمدا، ئەمشەو لێرە ڕۆژ بکاتەوە، بەو مەرجەی سبەینێ بۆ کوێ دەڕوات، بڕوات. بمبوورە میرزادە کە ئەم قسەیە دەکەم! ئەگەر چەکەکەی ڕادەستی ئێمە نەکات، هەنگی من باڵێکی و جەنەڕاڵ باڵەکەی تری، دەگرین و خەبەری پۆلیسی لێدەدەین، تا پۆلیس بەخۆیان چاری ئەم مەسەلەیە بکەن، هەڵبەتە جەنابی فردیش چینکۆ، وەکو دۆستێك، دەچێت خەبەری پۆلیس دەدات.

دوا بە دوای ئەو قسانە، ژاوە ژاوێك بەرپابوو. لیبدیف کە بەتەواوەتی تینی بۆ هاتبوو، تەواو شوڵی لێهەڵکێشا و هەموو شەرم و شکۆیەکی وەلانا. فردیش چینکۆ، خۆی ئامادە دەکرد کە

بۆلای پۆلیس بڕوات، گانیا، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هیپولیت خۆی ناکوژێت. لیَ یەڤگینی پاڤلوفیچ، بێدەنگ بوو.

هیپولیت، بە ئەسپایی لە میرزادەی پرسی:

– میرزادە، قەت ڕێکەوتووە، لە سەر بورجی زەنگی کلێساوە خۆت هەڵدابێتە خوارەوە؟

میرزادە، ساکارانە بەرسڤی دایەوە:

– ن... نا !

هیپولیت، کە چاوەکانی دەبریسکانەوە، بەجۆریَ میرزادەی دەدواند وەك بڵێی چاوەنۆڕی، وەڵام بێت، بۆیە دیسان بەگوێیدا چپاند:

"دەزانی، من چاوەڕوانی ئەم هەموو نەفرەت و بێزاریە نەبووم؟ ئەوجا، لەپڕ، ڕووی کردە ئامادەبوان و هاواری کرد:

– بەسە! من هەڵەم... لە هەر کەسێکی دی هەڵەترم! لیبدیف فەرموو ئەمە کلیلەکەیە (بەدەم ئەو قسەیەوە، ئەڵقەیەکی پۆڵاییینی لە جزدانەکەی دەرهێنا کە سیَ چوار کلیلی بچووکی پێوە کرابوو) . مەبەستم ئەم کلیلەیە.. یانی کلیلی پێش ئەخیر.. کولیا پێتی نیشان دەدات... کولیا! کوا کولیا(بەدەم ئەو بانگەوە، زەق زەق دەیڕوانیە کولیا و نەی دەبینی). ئا.. بەڵیَ... ئەو نیشانتی دەدات. ئەو تۆزیَ لەمەپێش لە پێچانەوەی چانتاکەمدا یارمەتی دام. کولیا لەگەڵیا بڕۆ.

جانتاکەم لە ژوورەکەی میرزادە، لە ژێر مێزەکەدایە...

جانتاکە بکەوە، لە بنی جانتاکەدا، سەندوقێکی چکۆلە هەیە، کە دەمانچەکە و قوتووە باروتەکەی تیایە. کولیا بە خۆی تۆزیَ لەمەپێش جانتاکەی بۆ پێچامەوە. جەنابی لیبدیف، کولیا هەموو شتێکت نیشان دەدات. بەڵام بەومەرجەی کە سبەی بە یانی هەستام و بەرەو پترسبۆرگ وەڕێکەوتم، دەمانچەکەم بدەیتەوە، گوێت لێیە؟ من ئەم کارە لەبەر خاتری میرزادە دەکەم، نەك لەبەر خاتری تۆ لیبدیف. لیبیدیف، بەدەم وەرگرتنی کلیلەکانەوە گوتی:

– وا باشە! باشتر!

بەدەم ژارخەنێکەوە، کلیل بە دەست، بە هەشتاو بۆ ژوورەکەی تەنیشت تاوی دا. کولیا وەکو ئەوەی بیەوێ ناڕەزایی دەربڕێت، لەجێی خۆی وەستا، لێ لیبدیف، لە باسکی نەوی و بە ڕاکێشان بەگەڵ خۆی خست.

هیپولیت دەیڕوانیە میوانەکان کە پێدەکەنین. میرزادە هەستی کرد هیپولیت، خەریکە دانەچۆقەی پێدەکەوێ، وەکو ئەوەی تایەکی توندی لێهاتبێ.

هیپولیت دووبارە و بەوپەڕی تووڕەیی بە گوێی میرزادەیا چپاند:

– کە ئەمانە، خەڵکێکی تووڕەهات و خوێڕین!

هەر جارێ کە قسەی دەگەڵ میرزادەدا دەکرد، بەلای ئەودا دادەنەوییەوە و، بەدەنگی نزم بەگوێیدا دەچپاند.

میرزادە پێی گوت:

– وازیان لێبێنە! کارت پێیانەوە نەبێت! تۆ زۆر لاوازی..

– هەر ئێستا، یەکسەر، دەڕۆم...

هیپۆلیت، دوای ئەو قسەیە، لەپڕ دەستی لە ملی میرزادە کرد و ماچی کرد، تەمەشایەکی کردو بەدەم پێکەنینێکی غەریبەوە لێی پرسی:

– ڕەنگە وابزنی شێتم، وانیە ؟

– نا، بەڵام تۆ..

– یەك تۆز، تەنیا یەك تۆز بێدەنگ بە. هیچ مەڵێ، چاوەڕوان بکە، دەمەوێ تەمەشای چاوەکانت بکەم . بەو ئاوایە بوەستە، با بتوانم تەمەشات بکەم. دەمەوێ خواحافیزی لە پیاوێك بکەم.

بۆ دە سانیەیەك بێدەنگ بوو، چاوی برینە میرزادە. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، ئارەقە بەسەر لاجانگەکانیەوە دەبریقایەوە، بە دەستێکی توند میرزادەی گرتبوو، لە تۆ وایە دەترسێت میرزادەی لە دەست بەربێ.

میرزادە هاواری کرد:

– هیپولیت! هیپۆلیت! چیتە؟

– هەر ئێستا، یەکسەر.. دەڕۆم دەنووم... دەمەوێ پێکێك، بە سەلامەتی هەتاو بخۆمەوە. هەر ئەوەم دەوێ... تەنیا ئەوەندەم دەوێ.. ڕێم بدە با ئەمە بکەم!

سوراحییەکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، لە میرزادە دوورکەوتەوە، بە هەشتاو خۆی گەیاندە قاڵدرمەکانی بالکۆنەکە. میرزادە ویستی بەغار دووی بکەوێت. بەڵام ڕێکەوت وای هانی ڕێك لەوکاتەدا یەڤگینی پاڤلوفیچ دەستی هێنا تا تەوقە دەگەڵ میرزادەدا بکات و خاترخوازی لێبکات. دوای چرکەیەك، لەپڕ هات و هاوار لە بالکۆنەکەوە بەرزبووەوە، هەموو بەجارێ پەشۆکان.. ڕووداوەکە بریتی بوو لەمە:

کە هیپولیت گەییە سەر بالکۆنەکە، ڕەق ڕاوەستا، سوراحییەکەی بە دەستی چەپی گرتبوو، دەستی ڕاستی لە گیرفانی پاڵتۆکەیدا بوو، پاشان کیللەر گێڕایەوە کە هیپولیت لەوکاتەشدا کە قسەی دەگەڵ میرزادەدا دەکرد و بە دەستی چەپ شان و یەخەی گرتبوو، ئەو دەستەی هەر لە گیرفانی پاڵتۆکەیدا بوو بوو و، ئەم دیمەنە گومانی لای ئەو دروست کردبوو. بە هەرحاڵ ئەو گومانە، جۆرە ترسێکی لای کیللەر دروست کردبوو، دوای هیپولیت کەوتبوو، بەڵام لە کاتی خۆیدا فریای نەکەوتبوو. تەنیا شتێکی بریقەداری بە دەستی ڕاستیەوە بینی بوو، پاشان لوولەی دەمانچەیەکی چکۆلەی بەسەر لاجانگییەوە بینی بوو. بەلەز غاری دابوو کە دەستی بگرێت، بەڵام هیپولیت، دەستی بە ماشەی (پەلەپیتکە) دەمانچەکەوە نا، چرکەیەکی وشك و تیژی لێ هەستا، بەڵام پیرە فیشەك کوێرەکی کرد و نەتەقی . کیللەر پەلاماری هیپولیتی دا، باوەشی پێدا کرد، هیپولیت وەك بڵێی بورابێتەوە، لە بەر دەستیا کەوت، ڕەنگە بە ڕاستی وای زانیبێ کە خۆی کوشتووە. دەمانچەکە بە دەستی کیللەرەوە بوو. (هیپولیت)یان لەسەر کورسیەك دانیشاند و هەموو ئامادەبووان بە غەڵبە غەڵب و بەدەم گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامەوە لێی خڕبوونەوە. هەموو گوێیان لە چرکەی ماشەکە بوو بوو، کەچی هیپولیت، ساغ و سەلامەت، زرك و زندوو، تەنانەت هیچ شوێنێکیشی نە ڕوشابوو. هیپولیت، بێئەوەی بزانێ چ باسە، وڕوکاس، دانیشتبوو و مات و حایر دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. ڕێك لەوکاتەدا کولیا و لیبدیف. بە هەشتاو گەڕانەوە.

ئامادەبوان لێرەو لەوێ دەیان پرسی:

– چروکی کرد؟ نەتەقی؟

هەندێکی دی بە گومان بوون:

– ڕەنگە، فیشەکی لەبەر نەبووبیٚ!

کیللەر، کە دەمانچەکەی تاقی دەکردەوە، گوتی:

– فیشەکی لەبەرەو ئەولاتریش، بەڵام...

– ئەی چۆن کویٚرەکی کرد و نەتەقی؟

کیللەر گوتی:

– تەرەقەی لەسەر نیە.

زۆر زەحمەتە پیاو بتوانیٚ، دیمەنە خەمناکەکەی دوای ئەمە وەسف بکات. ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەی لە هەوەڵەوە بەسەر هەمووواندا زاڵ بوو، زۆری نەبرد کە گۆڕاو بوو بە شادی و پیٚکەنین. ژمارەیەك لەخۆشیاندا کردیان بە هەراو هەنگامەیەك ئەو پەڕی دیار نەبیٚت، دیار بوو زۆریان کەیف بەم وەزعە دەهات و بە دەرفەتیان دەزانی بۆ ڕابواردن و تانەو تەشەران. هیپولیت، بەدەم هەنسك هەڵدانەوە دەگریا، دەست و بازووەکانی تێکدەئاڵاند، دەستەکانی هەڵدەگلۆفتن. دەتگوت تووشی جۆرە شێتایەتیك بووە. دەگەییە هەر کەسێك تەنانەت (فردیش چیکۆ)ش، باوەشی پێدا دەکرد و سوێندی بۆ دەخوارد کە "بیری چووە تەرەقەکەی بۆ دابنیٚت، بە ڕێکەوت بیری چووە" دەنا هەموو تەرەقەکان، کە شەش دانەن ئەوەتان لە گیرفانی ئێلەکەکەیدان. (بەدەم ئەو قسانەوە بە یەك بە یەکیانی نیشان دەدات) لە ترسی ئەوەی، ئەگەر لە دەمانچەکەدا بیٚ، نەبا بە ڕێکەوت لە گیرفانیا بتەقێت، لە جێیەکی تری داناوە، بەو حیسابەی هەر کاتیٚ بیەویٚ تەرقەکە دابنیٚ، بە ئاسانی ئەو کارەی پێدەکرێت، ئیدی بە ڕێکەوت بیری چوو بوو! هیپولیت جاریٚ پەنای بۆ میرزادە و جاریٚ بۆ یەڤگینی پاڤلوفیچ دەبرد، لە کیللەر دەپاڕایەوە کە دەمانچەکەی بدەنەوە تا بتوانیٚ "ئابرووی خۆی بکرێتەوە"... چونکە ئیدی "بۆ هەتا هەتایە ئابرووی چووە!"

ئەوسا لە هۆش خۆی چوو و کەوتە سەر ئەرزەکە. یەکسەر بۆ ژووری کارەکەی میرزادەیان گوستەوە. لیبدیف کە وەخۆ هاتبووەوە و مەستی بە تەواوەتی بەری دابوو، یەکسەر ناردی بە شوێن پزیشکدا، خۆی و کچەکەی و کوڕەکەی و بۆردوفسکی و جەنەڕاڵ، بەدیار نەخۆشەکەوە مانەوە.

کاتیٚ کە هیپولیت بەبیٚ هۆشی، بۆ ژوورەکەی میرزادە برا، کیللەر لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستا، ڕوو لە هەمووان، بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان، بێپیٚچ و پەنا و ڕاستەوخۆ گوتی:

– بەڕێزینە، هەر کەسێك، جارێکی دی، لە حوزوری مندا باسی ئەوە بکات کە هیپولیت، بە ئانقەست تەرەقەکەی دا نەناوە، هەر کەسێك بڵێ کە ئەم گەنجە بەدبەختە، تەنیا ویستویەتی سیناریۆیەکی کۆمیدی پێشکەش بکات، عاجزی دەکەم ها!...

کەس وەڵامی نەدایەوە. ئیدی میوانەکان بەلەز و بەرە بەرە بڵاوەیان لێکرد. پتیتسن و گانیا و روگوژین، پێکەوە ڕۆیشتن.

قەرار بوو یەڤگینی پاڤلوفیچ، دوای ئەوەی ئاهەنگەکە چۆڵ بوو و خەڵکەکە ڕۆیشتن، بە دوو قۆڵی دەگەڵ میرزادەدا قسە بکات، کەچی خەریك بوو بەبێ ئەو گفتوگۆیە دەڕۆیی. میرزادە ئەوەی پێ سەیر بوو، بۆیە پرسی:

– باشە قەرار نەبوو دوای ڕۆیشتنی خەڵکەکە قسەم دەگەڵ بکەی؟

یەڤگینی پاڤلوفیچ، لەپڕ دانیشت و میرزادەشی لە تەنیشت خۆیەوە دانیشاند و گوتی:

– با، بەڵام ئێستا ڕام گۆڕیوە، چونکە کەمێك ناڕەحەتم، دەزانم تۆش ناڕەحەتی. بیر وحەواسم پەرتە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو مەسەلەیەی کە دەمەوێ دەگەڵتا باسی بکەم، هەم بۆ من و هەم بۆ تۆش زۆر هەستیار و گرینگە. میرزادە من دەمویست و دەمەوێ، لە ژیانما، لە هەموو ژیانما، بۆ تاقە جارێك، کارێکی ئابڕوومەندانە بکەم، کارێکی خاڵی لە هەر مەبەستێکی شاراوە و پەنامەیەکی، دوور لە هەر شێلە و بێلەیەك (فێڵ و تەڵەکە)! هەستدەکەم، ئێستا، لەم ساتەدا، ئەو کارەم پێناکرێت، ڕەنگە تۆش هەمان حاڵەتی منت هەبێ... جا با... با... ئەو مەسەلەیە بخەینە کاتێکی دی. لە گینە ئەگەر بیخەنە دوو سێ ڕۆژی دی، کە من بە نیازم ئەو دوو سێ ڕۆژە لە پترسبۆرگ بەرمە سەر، مەسەلەکان بۆ هەردووکمان زیاتر ڕوون ببێتەوە.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، دوای ئەو قسانە، دووبارە لە سەر کورسیەکەی هەستا، هیچ مەعلووم نەبوو بۆچی پێشتر دانیشت بوو. میرزادە هەستی کرد کە یەڤگینی گرژ و پەست و توڕەیە، نیگای ڕێك بە پێچەوانەی سەعاتێ لەمەپێش، دژمنانەیە. لەپڕ لە میرزادەی پرسی:

– دەتەوێ بچی بۆلای نەخۆشەکە؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ... بۆی پەرۆشم!

– خەمت نەبێ، هیچ مەترسە! لە گینە تا شەش هەفتەی دیکەش بژی، دوور نیە لێرە، چاکیش ببێتەوە. بەڵام باشترین شت بۆ تۆ ئەمەیە کە سبەینێ جانتاکەی بدەیتەوە دەستی وبە ڕێی بکەی.

– ڕەنگە منیش، بە بێدەنگی خۆم، بیئەوەی پێ بحەسم هانم دابێت... ڕەنگە وای هەست کردبێت، کە منیش گومانم لەوە بووبێ کە بە ڕاستی نیازی خۆکوژی هەبووبێت. تۆ چ دەڵێی یەڤگینی پاڤلوفیچ ؟

– نا، هەرگیز ! تۆ لە پیاوەتی و دڵپاکی خۆتە کە ئەوەندە بە خەمییەوەیت! من پێشتر بیستبووم، بەڵام هەرگیز بە چاوی خۆم نەم دیتبوو، کە هەندێ جار ئینسان تەنیا بۆ ئەوە خۆی دەکوژێت کە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشێت و ستایشی بکەن، یان لە داخی ئەوە خۆی دەکوژێت کە کەس گوێی ناداتێ و ستایشی ناکات . هەروەها قەت باوەڕم نەدەکرد کەسێك هەبێت، بەو زەقیە دان بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی خۆیدا بنێت ؟ بە هەرحاڵ باشترین شت بۆتۆ ئەوەیە کە لە سبەینێ زووتر نیە، بەڕێی بکەویت و خۆت لە شەڕی ڕزگار بکەیت!

– پێتوایە، جارێکی دیکەش هەوڵی خۆکوژی بدات ؟

– نا، جارێ نا... بەڵام دەبێ ئاگات لەم "لاسینیرە" ڕووسیە بێت! چونکە ئەمجۆرە کەسە ناچیز و پەرپووت و بێ سەبر و بەغیل و حەسوودانە، کە هیچ مەفەڕێکیان نەما پەنا دەبەنە بەر هەر تاوانێك، تاوان و ئاو خواردنەوەیان لەلا وەکو یەکە!

– یانی، لە بابەتی لاسینیرە؟

– لەجەوهەرا بەڵێ، هەرچەند ڕەنگە بەپێی زروف جیابێ. بۆیە من هیچ بە دووری نازانم. ئەم کوڕە، دە دوازدە کەس بەجارێ " هەر بۆ خۆشی و فشە بە هەمان شێواز بکوژێت کە لە "وتارەکەیدا" باسی کرد. بە ڕاستی لەو قسانەی دەترسم و ناچارم شەوێ نەخەوم.

– لەوەدەچێ شتەکە زیاد لە پێویست گەورە بکەیتەوە.

– میرزادە تۆ سەیری ها! یانی باوەڕ ناکەیت، ئەم کوڕە لە دەستی بێ دەکەس بەجارێ بکوژێت؟

– دەترسم، وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە. پرسیارێکی زۆر غەریبە، بەڵام، بەڵام...

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە توڕەیی گوتی:

– زۆرباشە، بەکەیفی دڵی خۆت بکە! بەڕاستی تۆ پیاوێکی بەجەرگی! بەڵام ئاگات لە خۆبێ، نەبیت بە یەکێك لە قوربانیەکانی! میرزادە، بە حەواسپەرتی ڕوانیە یەڤگینی پاڤلوفیچ و گوتی:

– نا، پێموانیە هیچ کەسێك بکوژێت.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە دەم ژارخەنێکەوە گوتی:

– دەی بە هیوای دیدار، کاتی ڕۆیشتنە. ئاگات لێبوو وەسێتی کرد کە نوسخەیەك لە(وتارەکەی بدەی بە ئاگلایا ئیڤانۆفڤا ؟

– بەڵێ، ئاگام لێبوو... و... ئەمە خستمیە بیرکردنەوەوە.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، دووبارە بە ڕیشخەنەوە گوتی:

– من دەبێ بیر لەو دە دوازدە قوربانیە بکەمەوە.

ئەو قسەیەی کرد و ئەوسا ڕۆیی.

دوای سەعاتێك، لە نێوان سەعات سێ و چواری بەیانیدا، میرزادە چوو بۆ باخەکە. بێهودە هەوڵی دابوو لەماڵەکەی خۆیدا بخەوێ، بەڵام لەبەر دڵەکوتێی توند خەوی لێنەکەوتبوو. لە ماڵەوە، هەموو شتێك هاتبووەوە تایمی خۆی . یارۆی نەخۆش خەوی لێکەوتبوو، ئەو دکتۆرەی هاتبووە معایەنەی گوتی هیچ مەترسیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر نیە. لیبدیف و کولیا و بوردوفسکی لە لای ئەو نوستبوون و بە نۆرە ئێشکیان دەگرت. یانی هیچ مەترسیەك لە ئارادا نەبوو. بەڵام میرزادە، وێڕای ئەوەش، سات بە سات نیگەرانتر دەبوو. وێڵ و سەرگەردان بە ناو باخ و سەیرانگاکەدا دەسوڕایەوە و نیگای وێڵ و خەو زڕاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا، کە گەییە دەوروبەری سەکۆو شانۆی تیپی مۆزیکەکە و ، کورسیە چۆڵ و هۆڵەکان و دەفتەری نۆتەی ئۆرکستراکەی بەسەر ستاندەکانەوە بینی، بە سەرسامی ڕاوەستا، بەخۆیشی نەیزانی بۆ دیمەنی ئەم شوێنەی، زۆر دزێوو ناشرین و قێزەون هاتە بەرچاو! بە ڕێی خۆیدا گەڕایەوە. هەمان ڕێگای گرتەبەر کە دوێنێ دەگەڵ ماڵباتی یەپانچیندا، لێوەی هاتبوون بۆ ئاهەنگ و سەیرانگاکە. کە گەییە ئاستی تەختە کەسکەکە، ئەو تەختە کەسکەی کە وەکو ژوانگە دیاری کرابوو، لەسەر تەختەکە دانیشت و لەپڕ لە قاقای پێکەنینی دا، دوا بە دوای ئەوە نیگەرانیەکی توند دایگرت و کەوتە گلەیی لە خۆی. دڵی تەنگ بوو، حەزیدەکرد، سەری خۆی هەڵبگرێ و بڕوات، بەڵام نە یدەزانی بۆ کوێ بڕوات، لەپڕ مەلێکی چکۆلە لەسەر درەختەکەی دیار سەرییەوە، هەڵیکردە

خوێندن، نیگای بە دوای مەلەکەدا، بەرەلاّی نێو لق و پۆپی درەختە کرد. مەلەکە لەپڕ لە شەقەی باڵی داو فڕی. میرزادە یەکسەر ئەو "مێشە چکۆلەیەی بیرکەوتەوە کە لەبەر هەتاوە گەرمەکەدا بە گیزە گیز دەسوڕایەوە " کە هیپولیت لە وتارەکەیدا باسی کردبوو گوایە "شوێنی خۆی لە ناو جۆقەی سروشتدا هەیە و یەکێکە لە بەشدارانی جۆقەکە) و ئەوەی بێگانە و غەوارەبێ و لەو جۆقەیەدا جێی نەبێ و جێی نەبێتەوە، هەر ئەوە، واتا هیپولیتە. ئەم ڕستەیە کە ئەوساش سەرنجی ڕاکێشابوو، هەنووکە لە یادگەیدا زندوو دەبووەوە، ئەمە یادەوەرییەکی کۆنی فەرامۆش بووی، لە ناخیا بێدارکردوە و ڕوون و ئاشکرا لە بەر چاویا بەرجەستە بووەوە.

ئەم یادەوەرییە هی سویسرا بوو، هی یەکەم ساڵ، تۆ بڵێ هی هەوەڵین مانگەکانی ساڵی یەکەمی چارەسەرەکەی بوو لەوێ . هی ئەوکاتانە بوو، کە هێشتا گێل و گەمژەیەکی وەهابوو، کە نەیدەتوانی، بە دروستی و جوانی گوزارشت لەو شتە بکات کە دەیویست، بگرە هەندێجار تێنەدەگەیی کە چیان لێدەویست یان چییان لێدەپرسی. بە یانیەك کە دنیا سامال و نقومی هەتاو بوو، ڕووی کردە چیاو کۆجاڕان، ماوەیەکی زۆر بێهودە سوڕایەوە. مێشکی بە ئەندێشەیەکی گۆنگ و ناپایەدارەوە مژول بوو، هەرچی دەکرد ئەو ئەندێشە و خەیاڵەی بۆ نەدەخرایە چوارچێوەیەکی دیاری کراوەوە. کە دەیڕوانییە سەرێ، تا چاو هەتەر دەکات ئاسمانی شین و مەنگ بوو. کە دەیڕوانیە ژێر پێی تا خەیاڵ بڕ دەکات دەریاچەیەکی ئەفسووناوی بوو، کە دەیڕوانیە ئاسۆ، یەکپارچە ڕوناکی بوو، ڕوناکییەکی بێ سنوور و بێ کۆتایی، ماوەیەکی زۆر بە دڵی خەمناك و پەرێشانەوە، چاوی بڕیە ئەو دیمەنە. ئێستا بیری دەکەوتەوە کە چۆن دەستی بۆ ئەو ئۆقیانووسە ڕوناکییە شین باوو ئارامە بردووە و هۆن هۆن گریاوە و فرمێسکی دنیای ڕشتووە. کە چۆن خۆی بە نامۆو بێگانە زانیوە و چ ئازارێکی دەروونی چەشتووە، کە نەیتوانیوە، لەم ئاهەنگ و جەژنە بێ پایانەدا، کە لە منداڵییەوە، بە عەزرەتیەوە بووە، تامەزرۆی بووە، بە شداری تیا بکات ؟ هەموو ڕۆژێ هەتاوی بەشکۆ، هەڵدەهات، هەموو بەیانیەك پەلکەزێڕینە بە ئاسمانی تاڤگەکانەوە دەردەکەوت. هەموو شەوێ، لوتکەێن بەرزی بەفرگر، لە دووری دوورەوە، لە کۆتایی ئاسمانەوە، بە ڕەنگێکی ئەرخەوانی بە سەر تێکڕای ئەم دیمەنانەدا دەدرەوشایەوە. هەر "مێشێکی چکۆلە، کە بەگیزە گیز لە ژێر تیشکی خۆرەتاوی گەرما، بە دەوری ئەودا دەسوڕایەوە، بەشداری لەم پانۆرامایەی تەبیعەتەدا دەکرد: دەیزانی کامە شوێنی ئەوە، شوێنی خۆی خۆشدەویست، دڵی بە شوێنەکەی خۆی خۆش بوو " هەر گیایەکت دەگرت گەشەی دەکرد، نەشونمای دەکرد و بەختەوەر بوو! هەر بوونەوەر و شتێك ڕێگەی خۆی دەزانی، بەدەم گۆرانی و سۆزەوە دەهات و دەچوو! تەنیا ئەو

هیچی نەدەزانی، لە هیچ حاڵی نەدەبوو، نە لەبەشەر، نە لە نەغمە و دەنگەکانی تەبیعەت، چونکە بێگانە و غەوارە بوو، لە هەموو شوێنێ هەر غەریب و غەوارە بوو، لە هەموو شوێنێ هەر بێ شوێن و بێزراو بوو. ڕاستە کە ئەو سەردەمە نەیدەتوانی بەم وشانە، بەم ڕوونییە گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی بکات و، نەیدەتوانی پرسیارەکەی بەم شێوەیەی ئێستا دابڕێژێت، ئازارێکی کەڕولاڵ سەری ژەنی بووە دڵی. بەڵام ئێستا وای خەیاڵ دەکرد کە هەر هەموو ئەوانەی لەو کاتانەدا، لەو سەردەمەدا، بە هەمان وشەو بە هەمان شێواز گوتبوو. وای وێنا دەکرد کە قسەکانی هیپولیت لە مەڕ "مێشە چکۆلەکە" لە قسەو فرمێسکە خوێنینەکانی ئەوسای ئەمەوە، وەرگیراون. نازانێ بۆ قەناعەتی تەواوی بەمە هەیە! کە بیر لەمە دەکاتەوە، لە خۆڕا دڵی دەکەوێتە پەلە پەل و توندتر لێدەدات.

لەسەر تەختەکە خەوی لێکەوت، بەڵام نیگەرانی و شپرزەییەکەی لەخەوتنیشدا هەر دەستبەرداری نەبوو. ڕێك بەر لەوەی بە تەواوەتی خەوی لێبکەوێت، قسەکەی یەڤگینی پاڤلوڤیچی بیرکەوتەوە کە دوورنیە هیپولیت، دە دوازدە کەس بە کەڕەتێ بکوژێت، گاڵتەی بەو بیرە پوچ و مەحاڵە هات. بێدەنگییەکی پاك و بە شکۆ و مەنگ دەوری دابوو، کە ناو بە ناو خشە خشی گەڵای درەختەکان بە ئاستەم دەیشڵەقاند، کە خۆی لە خۆیدا بێدەنگییەکەی دووپات دەکردەوە. میرزادە خەو لە دوای خەوی دەبینی، هەموو خەوەکانیشی ناخۆش و خەماوی بوون، هێندە ترسناك بوون، تە زووی نا ئارامیان بە گیانی دەبەخشی. ئەنجام ژنێکی هاتە خەو، ئەم ژنەی دەناسی، تا سەر مۆخ دەیناسی، بە ناو ناوی دەزانی، دەیتوانی بانگی بکات، بەڵام ئەوەی سەیر بوو، چارەو ڕوخساری ئەم ژنە، هەمان چارە و ڕوخسار نەبوو کە ئەو پێی ڕاهاتبوو. کە بەو شێوە و ڕوخسارە تازەیەوە بینی، زۆری پێناخۆش بوو. ئەم دەموچاوە تازەیە، پەشیمانی و ترسێکی ئەوتۆی پێوە دیاربوو، کە پیاو وای هەست دەکرد ڕەنگە ئەم ژنە تاوانبارێکی یەجگار ترسناك بێت، و تازە لە تاوانێکی دزێو بووبێتەوە.

دڵۆپە فرمێسکێکی درشت بەسەر گۆنای زەردی ژنەکەوە دەلەرزی. ژنە بە ئاماژەی دەست گازی کرد، قامکی خستە سەر لێوانی، وەك بڵێی هەڕەشەی لێبکات کە بە بێدەنگی و بێ چەند و چوون دوای بکەوێ. دڵی داخورپا، هیچ بەڵگە و بیانوویەکی بەدەستەوە نەبوو کە ئەم ژنە بە تاوانبار بزانێت، کەچی وێڕای ئەوەش هەستی دەکرد، شتێکی ترسناك، قەوماوێکی ناخۆش بەڕێوەیەو، شتێك کە ڕێڕەوی سەرانسەری ژیانی دەگۆڕێت. لەوە دەچوو ئەم ژنە بیەوێ، لەو نزیکانە، لە ناو سەیرانگاکەدا شتێکی پێ نیشان بدات. میرزادە هەستا تا دووی بکەوێت، بەڵام سەدای پێکەنینێکی خۆش و پاراو لە نزیکیەوە بەرزبووەوە. لەپڕ هەستی بە دەستێك لە نێو

دەستی خۆیدا کرد. دەستەکەی توند گرت، لە خەو ڕاپەڕی. ئاگلایا لەبەردەمیا وەستابوو، شادو بەکەیف قاقا پێدەکەنی.

پەراوێز:

*- ".. لاسینیر،پییر-فرانسوا(١٨٠٠-١٨٣٦) لە ناوەڕاستی دەیەی سییەکانی سەدەی نۆزدەدا، بە تۆمەتی زنجیرە تاوانێکی دزێو ودڕندانە، ڕاکێشرایە دادگا.

فەسڵی هەشتەم

پێدەکەنی، لێ لە هەمان کاتدا پەست و زویریش بوو. بە سەرسامیەکی پڕ لە توڕەیی هاواری کرد:

– نوسستووە! ئەوە نوستبوویت؟

میرزادە کە هێشتا بە تەواوەتی بێدار نەبوو بووەوە، نیگایەکی کرد، ناسیەوە، بە سەرسامی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئەمە تۆیت؟ ها... بەڵێ... قەرار بوو لێرە یەکدی بدینین... خەوم لێکەوت!

– دەزانم، بەخۆم بینمیت!

– تۆ خەبەرت کردمەوە؟ جگە لە تۆ کەسی دی بۆ ئێرە نەهات؟ وامزانی ژنێکی دی بۆ ئێرە هاتووە.

– ژنێکی دی؟

میرزادە، ئاقیبەت بە تەواوەتی بێدار بووەوە. بە حەواس پەرتیەوە گوتی:

– دیارە خەون بووە، بەڵام ئەو خەونە سەیرەو لەم کاتەدا! دانیشە.

دەستی ئاگلایای گرت و لەسەر تەختەکە دای نیشاند و بەخۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشت و لە فکران ڕاچوو. ئاگلایا بێدەنگیەکەی نەشکاند، بەڵام بەوردی تەمەشای ئەوی دەکرد. ئەویش تەمەشای ئاگلایای دەکرد. هەندێجار بەشێوەیەك سەیری دەکرد، لە تۆ وایە نەیدەبینی. دەموچاوی ئاگلایا سوور بووەوە.

میرزادە، بەدەم لەرزینەوە گوتی:

– هیپولیت، دەمانچەیەکی نا بە لاجانگی خۆیەوە.

ئاگلایا، بێئەوەی سەرسامیەکی زۆری پێوە دیاربێت پرسی:

– کەی؟ لەلای تۆ؟ وابزانم تا دوێشەویش هەر زندوو بوو وانیە؟

ئەوجا بە هەڵچوونەوە لەسەری ڕۆیی:

– باشە، دوای ئەو ڕووداوە، چۆن توانیت بێی لێرە بخەوی؟

میرزادە گوتی:

– خۆ نەمردووە. دەمانچەکە چروکی کرد.

میرزادە، لەسەر داوای ئاگلایا، ناچاربوو، ڕووداوەکەی دوێشەو، بە دوور و درێژی بگێڕێتەوە. ئاگلایا زوو زوو پەلەی لێدەکرد، بەردەوام بێت لەسەر گێڕانەوەکەی، ناوبە ناویش، بە هەندێ پرسیاری بێ سەروبەر قسەکەی پێدەبڕی. هەڵبەتە زۆر بە وردی گوێی لەو قسەیە گرت کە یەڤگینی پاڤلوفیچ گوتبووی، تەنانەت چەند جارێك بە میرزادەی دووبارە کردبووەوە. دوای ئەوەی گوێی لە هەموو بەسەرهاتەکە بوو، گوتی:

– ئەوەندە بەسە! دەبێ پەلە بکەین! تەنیا یەك سەعاتمان بە دەستەوەیە، دەبێ سەعات هەشتی تەواو لەماڵەوەبم، تا پەی بەوە نەبەن کە من لێرە لە گەڵ تۆدا بووم. من بە مەبەستێکی تایبەتی بۆ ئێرە هاتووم. چونکە زۆر شت هەن دەبێ پێت بڵێم. بەڵام حیکایەتەکەی تۆ بە ڕاستی هەموو شتێکی بیر بردمەوە. سەبارەت بە هیپولیت، پێموایە ئاساییە کە دەبوایە دەمانچەکەی نە تەقێت، دەبوایە چروکی کردبا، بە خۆی وای دانا‌وە کە نەتەقێ، چونکە ئەو کوڕە شتی وای لێدەوەشێتەوە. باشە تۆ دڵنیایت کە نیازی خۆکوژی هەبووە و فێڵ و دەهۆیەك لەو کارەدا نەبووە؟ ئەمە سیناریۆ نەبووە ؟

– نا، هیچ سیناریۆیەك لە ئارادا نەبوو!

– ئەمەیان زیاتر ڕێی تێدەچێ. باشە ئەو بە نووسین داوای لێنەکردوویت کە ئیعترافنامەکەی (وتارەکەی) بۆ من بێنی؟ بۆچی بۆت نە هێناوم؟

– پێمنەگوتیت نەمردووە؟ پرس بە خۆی دەکەم

– نەپرسی پێ بکەو نە هیچ، بیهێنە و بڕایەوە. من دەزانم پێی خۆش دەبێت. ڕەنگە هەر لە بەرئەوە خۆکوژی کردبێت، تا پاشان من ئیعترافنامەکەی بخوێنمەوە. تکایە لیون نیکولایوفیچ، گاڵتەت بەم قسەیەم نەیەت: ڕەنگە ئەم ڕاڤەیەی من زۆر دروست بێ.

– نەخێر، گاڵتەم پێنایەت، چونکە منیش پێموایە ڕەنگە ئەم ڕاڤەیە دروست بێ.

ئاگلایا، بەوپەڕی سەرسامی گوتی:

– بە ڕاست، تۆش؟ بە ڕاستی هەمان شتت بە بیردا هاتووە؟

زۆر بە پەلە پەل پرسیای دەکرد و هەندێجار دەپەشۆکاو بیری دەڕۆیی و زۆرجار بێئەوەی قسەکەی تەواو بکات بێدەنگ دەبوو، جارجار وا دەهاتە بەرچاو کە دەیەوێ میرزادە لە شتێك ئاگادار بکاتەوە. بە گشتی زۆر پەشێوو پەرێشان بوو، هەرچەندە جۆرە متمانە و بێ پەروایییەك بە نیگایەوە دیار بوو، لێ پێدەچوو لە ناخا هەندێك بترسێت.

لەوسەری تەختەکە دانیشتوبوو، جلێکی سادە و ئاسایی لەبەر بوو، بەڵام تا بڵێی جوان بوو لێی دەهات. زۆرجار تە زووی پێدا دەهات و سوور هەڵدەگەڕا. زۆری پێ سەیر بوو کە میرزادەش پێی وابوو، هیپولیت بۆیە ویستوویەتی خۆی بکوژێت تا ئەو (ئاگلایا) ئیعترافنامەکەی بخوێنێتەوە.

میرزادە بەدەم شرۆڤەوە گوتی:

– هەڵبەتە، سەرباری تۆ، حەزی دەکرد هەر هەموو ئێمەش ستایشی بکەین.

– ستایش؟ چۆن؟

– مەبەستم.... نازانم چۆنت تێبگەیەنم ؟ هەڵبەتە گوزارشت کردن لەم حاڵەتە یەجگار قورسە. بێگومان حەزی دەکرد، هەموو خەڵکی لە دەوری خڕببنەوە، ڕێز و خۆشەویستی و قەدرزانی خۆیانی بۆ دەرببڕن، تکای لێبکەن، بکەونە خاك وپای کە خۆی نەکوژێت. زۆر لە گینە تۆی لە هەموو کەسێك پتر لە هزر و زەینا بووبێ، چونکە لەو ساتە هەستیارەدا بە ناو، ناوی تۆی برد... هەرچەندە لەوەشە بە خۆیشی نەیزانی بێ کە تۆ لە زەین و هزریدا هەیت، نەی زانیبێ کە بیر لەتۆ دەکاتەوە...

– من لەمە تێناگەم یانی چی بیر لە من دەکاتەوە، بێئەوەی بە خۆیشی زانیبێتی بیر لە من دەکاتەوە؟! با، با، تێگەیشتم! پێموایە تێگەیشتم! دەزانی من کاتێ کە کچۆڵەیەکی سێزدە ساڵان بووم، سێ جار کەوتمە بیری ئەوەی ژەهر بخۆم و هەموو شتێك لە نامەیەکدا بنووسم و بۆ داك و بابمی بەجێ بێڵم؟ ئیدی خۆمم دێنایە بەرچاو کە چۆن لە تابوتێکا ڕاکشاوم و چۆن هەموو کەس و کار دەوریان داوم و بە دیارمەوە دەگرین و گلەیی و گازندە لە خۆ دەکەن کە ئەوەندە دەرهەق بە من کەمتەرخەم و بێ موبالات بوون..

ئەوسا برۆکانی وێکهێنانەوە و بە گرژی و پەستی لە سەری ڕۆیی.

– بۆچی دیسان پێدەکەنی؟ باشە تۆ کاتێ کە بە تەنیا دەبیت و بە ناو خەون و خەیاڵان دەکەوی چۆن بیر لە خۆت دەکەیەوە؟ قابیلە خۆت بە مارشاڵێك بێتە بەرچاو کە بە گژ ناپلیۆندا دەچێتەوە؟

میرزادە بەدەم پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

– باوەڕ دەکەی خۆم لێدەبێ بە مارشاڵ، بە تایبەتی کە لە خەوابم و خەون ببینم، بەڵام ناچمە شەڕی ناپلیۆن، بەڵکو دەچمە شەڕی نەمساویەکان.

– من گاڵتەت دەگەڵ ناکەم جەنابی لیون نیکولایوفیچ. گەرەکمە بە خۆم هیپولیت ببینم، تکایە ئەوەی پێ بڵێ. سەبارەت بە تۆش، پێموایە تۆ تەواو هەڵەیت، چونکە بیرو بۆچوونت دەربارەی هیپولیت، زۆر نا دروست و ناپەسەندە. تۆ هیچ لێبوردەیی و سۆز و دلۆڤانیەکت تیا نیە. جگە لە حەقیقەت هیچ شتێکی دیکە نابینی، یانی زاڵمیت.

میرزادە، تاوێك لە فکران ڕاچوو و پاشان گوتی:

– پێموایە تۆ لەم داوەریەتدا دەرهەق بە من زاڵمیت، بێ لوتفی و بێ مروەتی دەکەی، چونکە من هیچ شتێکی خراپ لە جۆری بیرکردنەوەکەی ویدا نابینم، بەلامەوە ئاساییە ئەگەر ئەو بیرەی بەمێشکا هاتبێ. چونکە هەموو کەسێك ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی لەلا هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە لە گینە بەهیچ جۆرێ بیری وای نەکردبێتەوە. بەڵکو تەنیا خەیاڵێکی ڕەوتەنی بووبێ، بە مێشکیا هاتبێت! ویستبێتی، بۆ دواجار لە خەڵکی نزیك ببێتەوە، ڕێز و حورمەتیان بۆ خۆی ڕاکێشێت. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەست و سۆزێکی زۆر باشە. بەڵام ئەمە بۆ ئەو نەلوا. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشیەکەی و بۆ.. نازانم چیتر!... ئیدی دنیا بە دڵی هەموو کەس نابێت، بۆ هەندێ کەس دەلوێت و بە هەموو ئاواتێك دەگەن و بۆ هەندێکی تریش نایەتە بار و گومڕا دەبن و هەرچی دەکەن و دەکۆشن، هیچ بە هیچ ناکەن...

ئاگلایا گوتی:

– پێموایە تۆ لە دەستەی دووەمیانیت و ئەو قسەیە دەقاو دەق خۆت دەگرێتەوە!

میرزادە، بێئەوەی هیچ گومانێك لە نیازی پرسیارەکەی ئاگلایا بکات، بەرسڤی دایەوە:

- بەڵێ.

- بە هەرحاڵ من لەجیاتی تۆبام نەدەنوستم. بەڵام وادیارە تۆ گوێی نادەیتێ و لە هەر شوێنێ خەوت بۆ هات دەنووی. هەق نیە شتی وا لە تۆ بوەشێتەوە.

- ئاخر شەوێ کەم و زۆر نە خەوتم. دوای پیاسە و گەڕانێکی زۆر ئەوجا چووم بۆ شوێنی مۆسیقاکە...

- مۆسیقای چی؟

- ئەو شوێنەی کە دوێنێ شەو مۆسیقایان تیا لێدەدا، دوای ئەوە هاتم بۆ ئێرە، دانیشتم، ماوەیەکی زۆر بیرم کردەوە، ئەوسا خەو بردمیەوە.

- بە ڕاست؟ ئەم بیانووە بە قازانجی تۆیە نەك بە زیان... بەڵام بۆچی چوویت بۆ شوێنێ مۆسیقاکە؟

- نازانم... ئیدی وا ڕێکەوت...

- گرینگ نیە، پاشان باسی دەکەین. تۆ هەمیشە قسەم پێدەبڕیت. من هەقم چیە بۆ شوێنی مۆسیقاکە ڕۆیشتوی یان نا؟ بڵێ بزانم ئەو ژنەی لە خەوەکەتدا بینیت کێ بوو؟

- ئەوە بوو... ئەوە بوو... تۆ خۆت دیتووتە...

- تێگەیشتم... دەزانم، دەزانم کێ دەڵێی... تۆ زۆر... بەڵام چ خەوێکت پێوە دیت؟ بە چ شێوەیەك هاتە خەوت؟

لەپڕ بە جۆرە توڕەییەك لە سەری ڕۆیی:

- بە هەرحاڵ، نامەوێ هیچ لەمبارەیەوە بزانم. تۆ بەردەوام قسەم پێدەبڕیت، قسەکەم پێ مەبڕە...

ئاگلایا بۆ ساتێك لە قسان وەستا، وەك بڵێی بیەوێ نەفەس تازە بکاتەوە، یان توڕەییەکەی بخواتەوە و کۆنترۆڵی بکات. ئەوسا بە نیمچە توڕەییەکەوە گوتی:

- بە کورتی، من داوام لێکردیت کە بێی بۆ ئێرە و یەکتر ببینین تا داوات لێبکەم کە ببیت بە دۆست و برادەرم... چیە، بۆچی بەو جۆرە تەمەشام دەکەی؟

بە ڕاستی میرزادە، لەو دەمەدا زۆر بەدیقەت و سەرنجەوە تەمەشای دەکرد، چونکە دەیبینی سات بە سات پتر هەڵدەچێت و سوور دەبێتەوە. لەمجۆرە حاڵەتانەدا. زیاتر سور دەبوەوە، بە چاوە گڕاوییەکانیا دەردەکەوت کە، پتر لە خۆی تورە دەبێت. ئیدی عادەتی وابوو، دوای یەك دوو دەقیقە، قارو غەزەبی خۆی بەسەر بەرانبەرەکەیدا، چ تاوانبار بوایەو چ بێتاوان، هەڵدەڕشت. پەلپ و بیانووی بە بەرانبەرەکەی دەگرت، شەڕی پێدەفرۆشت. جا چونکە خۆی دەناسی و بە تەبیعەت کەمێك دوورە پەرێز و بڕێك شەرمنۆك بوو، بەدەگمەن خۆی لە قسە و باسان هەڵدەقورتاند، لە خوشکەکانی دیکەی کەمدووتر بوو. بگرە یەکێك لە عەیبەکانی ئەوە بوو کە زۆر بێدەنگ بوو. جا هەرکاتێ، لە هەلو مەرجێکی هەستیاری وەکو ئێستایدا، ناچار بوایە قسان بکات، بە فڕناخی و لووتبەرزییەکی ئاشکراو بەجۆرە بێ مابالاتیەکی بێباکانەوە قسەی دەکرد. بە خۆی پێشوەختە، هەستی دەکرد کەی سوور دەبێتەوە. چاوانی لە دوڕ چاوانی میرزادە بڕی و بە لەخۆبایی بوونەوە پرسی:

– چیە، ناشێ نەتەوێ پێشنیازەکەم قەبووڵ بکەیت ؟

میرزادە، نیگەران و سەراسیمە، بە شەرمەوە گوتی:

– بەپێچەوانەوە، دەمەوێ، بەڵام... بەڵام بێفایدەیە، هیچ سوودێکی نیە... هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ئەم پێشنیازە بکەیت، یان پێویست بەم پێشنیازە هەبێت.

– ئەدی بەتەمای چ بوویت؟ بۆچی داوام لێکردیت بۆ ئێرە بێی؟ چ بیرێکت لە مێشکایە؟ یان تۆش کەمێك بە گەوجم دەزانی، وەکو چۆن لە ماڵەوە هەمووان بە گەوجم دەزانن؟

– هەرگیز بەمەم نەزانیوە کە لەماڵەوە بە گەوجت دەزانن. من... من، بە گەوجت نازانم، بەو چاوە سەیرت ناکەم.

– بەوچاوە سەیرم ناکەیت؟ بەش بەحاڵی خۆت زیرەکی، تۆش لە پەناوەو زیرەکانە هەمان قسەی ئەوان دەکەیتەوە!

میرزادە لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– بە نۆڕینی من، تۆ هەندێجار زۆریش هۆشن و زیرەکی، بۆ نموونە تۆزێ لەمەپێش، قسەیەکی زۆر پڕ مانات کرد: " تۆ جگە لە هەقیقەت هیچ شتێکی دی نابینی، کەواتە زاڵمیت." من ئەم سەرنجە لای خۆم تۆمار دەکەم و لێی ورد دەبمەوە.

ئاگلایا، لەپڕ لە خۆشیاندا سوور بووەوە، زۆر بە ئاسانی، بێ ڕیاو ڕاستگۆیانە ئەم جۆرە گۆڕانە کوتوپڕانەی بە سەردا دەهات. میرزادەش خۆشحاڵ بوو بوو، بەدەم تەمەشاکردنی ئاگلایاوە، بە دڵ و بە کوڵ پێدەکەنی. ئاگلایا، هاتەوە قسان و گوتی:

– گوی بگرە. من دەمێکە چاوەڕوانم کە هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە، لە هەمو شتێکت ئاگادار بکەم. لەو کاتەوە کە لەوێندەرەوە نامەکەت بۆ ناردبووم چاوەڕوانم، بگرە لەپێشتریشەوە... دوێ شەو تەنیا نیوەی ئەو شتانەم بۆ گێڕایتەوە کە حەزم دەکرد پێتی بڵێم و لێی ئاگادار بیت. جا من تۆ بە شەریف ترین و ڕاستگۆترین مرۆڤ دەزانم. زۆر شەریفتر و ڕاستگۆتر لە هەر کەسێکی دی. جا ئەوانەی کە دەڵێن مێشکت... یانی هەندێجار لە ڕووی دەروونیەوە... گوایە مێشکت تەواونیە، نەخۆشە، نابەجایی دەکەن، بێ مروەتیە. من قەناعەتی تەواوم بەم قسەیەی خۆم هەیە و گەنگەشەم لە گەڵ هەمووان‌دا کردووە. جا ئەگەر هەندێجار جۆرە نەخۆشیەکیش لە ئەقڵ و مێشکی تۆدا سەرهەڵبدا (ببورە کە وا دەڵێم، من هیچ مەبەستێکی خراپم نیە) ئەوا زەین و زیرەکی بنەڕەتی تۆ، لە هی یەك بە یەکی ئەوانە زیاتر و باشترە، زەین و زیرەکی تۆ زیرەکیەکە کە ئەوان بە خەونیش شتی وا بەخۆوە نابینن. چونکە دوو جۆرە زەین و زیرەکی هەیە! زیرەکیەکی بنەڕەتی و زیرەکیەکی لاوەکی... وانیە؟

میرزادە، بە دەنگێکی نزم، کە بە ئاستەم دەبیسترا، بە شەرمێکەوە گوتی:

– ڕەنگە وابێ، ڕەنگە قسەی تۆبێ.

دڵی بە شێوەیەکی سەیر کەوتە لێدان و پەلە پەل.

ئاگلایا، لەسەر قسەکەی ڕۆیی و بە زمانێکی پڕشکۆ گوتی:

– دەمزانی کە لێم دەگەیت. میرزادە (س...)و یەڤگینی پاڤلوفیچ، هیچ شتێك لەمەڕ ئەم دوو زیرەکیە نازانن، ئەلکسندراش تێی ناگات. دەزانی دایکە لەمە دەگات ؟

میرزادە گوتی:

– تۆ زۆر لە لیزاڤیتا پرۆکۆفیڤنا دەچیت.

ئاگلایا بەسەرسامی پرسی:

– چۆن؟ بە ڕاست؟

– بەڵێ بە ڕاستی لەو دەچیت.

ئاگلایا، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو و گوتی:

– سوپاست دەکەم، زۆرم پێخۆشە کە لە"دایکە" دەچم.

ئاگلایا ئەوسا، بێئەوەی بزانێت کە پرسیارەکەی چەند ساویلکانەیە پرسی:

– پێموایە تۆ زۆر ڕێزی دەگریت، وانیە؟

– بێگومان. زۆر خۆشحاڵم کە یەکسەر پەیت بەم ڕاستیە برد.

– منیش خۆشحاڵم، چونکە دەبینم هەندێجار... گاڵتەی پێدەکەن، بەڵام گوێ بگرە، من دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەوسا تۆم هەڵبژاردووە. نامەوێ لەماڵەوە گاڵتەم پێبکەن یان وەکو کیژۆڵەیەکی سەرشێت مامەڵەم لە تەکدا بکەن. نامەوێ سەربکەنە سەرم و تورەم بکەن... من لەپڕ لە هەموو ئەم شتانە حاڵی بووم، و (یەڤگینی پاڤلوفیچ)م ڕەفزکرد، چونکە نامەوێ هەموو خەمێکیان بێتە سەر بەشوودانی من! دەمەوێ... دەمەوێ... بەڵێ... دەمەوێ سەری خۆم هەڵگرم و لەماڵ هەڵبێم! تۆم بۆ ئەوە هەڵبژاردووە کە لەم کارەمدا یارمەتیم بدەیت.

میرزادە، بە سەرسامی پرسی:

– لە ماڵ هەڵدێی ؟

ئاگلایا، لە تورەییدا گڕی گرت و گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ هەڵاتن لە ماڵەوە... نامەوێ لەمەدوا، نامەوێ لەمەدوا، کە هەمیشە لە شەرما سور ببمەوە. نە لەبەردەم ئەواندا و نە لەبەردەم میرزادە "س.."دا و نە لە بەردەم یەڤگینی پاڤلوفیچ داو نە لە بەردەم هیچ کەسێکدا سوور ببمەوە. بۆ ئەمە پەنام وەبەر تۆ هێناوە. من دەتوانم لەگەڵ تۆدا بە کەماڵی ئارەزوو، باسی هەموو شتێك، هەموو شتێك بکەم، تە نانەت باسی شتی نهێنیش بکەم، بەڵام تۆش نابێت، لای خۆتەوە، جاریێ لە جاران هیچ شتێکم لێبشاریتەوە. دەومەوێ کەسێك هەبێت، کە بتوانم بەلای کەمەوە باسی هەموو شتێکی دەگەڵدا بکەم، ڕێك وەکو ئەوەی قسە دەگەڵ خۆما بکەم. ئەمانە لە خۆڕا و کوتوپڕ کەوتوونەتە مقۆ مقۆی ئەوەی کە من چاوەڕوان و ئاشقی تۆم. ئەم مەسەلەیە پێش هاتنی تۆ بۆ ئێرە دەستی پێکردووە، ئەگەرچی نامەکەی تۆشم نیشان نەداون و ئێستا هەر هەموویان ئەم ئاوازە لێدەدەن. جا من دەمەوێ بوێر و

ئازا، له هیچ شتێك نه ترسم. نامەوێ دەگەڵیاندا بچم بۆ ئاهەنگێن سەما و هەڵپەڕکێ. دەمەوێ کەسێکی بە سوود بم. زۆر لە مێژە کەڵکەڵەی هەڵاتنم لە سەردایە. بیست دانە ساڵە حەپسیان کردووم و ئێستاش هەموو هۆش و بیرێکیان هاتووەتە سەر ئەوەی بە شووم بدەن. هێشتا منداڵ بووم، تەمەنم چواردە ساڵان بوو کە خەونم بە هەڵاتنەوە دەبینی. یانی هێشتا کچۆڵەیەکی نەفام بووم. ئێستاش هەموو شتێکم ئامادە کردووە و چاوەڕوانی تۆ بووم کە باسی ژیانی هەندەرانم بۆ بکەیت. من لە ژیانما کڵێسایەکی گوتیکم نەبینیوە. دەمەوێ بڕۆم بۆ ڕۆما، سەردانی هەموو بنکە و دامودەزگا زانستیەکان بکەم. گەرەکمە لە پاریس بخوێنم. لە پارەوە کار بۆ ئەمە دەکەم و حازر و ئامادەم. ژمارەیەك کتێبی زۆرم خوێندووەتەوە، لەوانە هەموو کتێبە قەدەغەکان. ئەلکسندراو ئادیلاید، بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان هەر کتێبێك بخوێننەوە، بەڵام من بۆم نیە، هەمیشە، دوور و نزیك چاودێریم دەکەن. نامەوێ دەگەڵ خوشکەکانمدا بە شەڕ بێم. بەڵام لە مێژە بەداك و بابم گوتووە نیازم وایە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆم لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕم. لێبڕاوم کاری مامۆستایەتی و دەرس گوتنەوە بکەم، بۆ ئەمەش چاوم لە پشتیوانی تۆیە، چونکە تۆ ڕۆژێ پێت گوتم کە منداڵت خۆشدەوێ. پێتوایە ئێمە بتوانین بە دووقۆڵی، ئەگەر ئێستاش نەبێ، لە ئایندەدا کاری پەروەردەیی بکەین؟ ئێمە دەتوانین پێکەوە، بە دوو قۆڵی کارێکی بە سوود بکەین. من نامەوێ، بۆ هەمیشە تەنیا کچە جەنەڕاڵێك بم و تەواو... باشە بڵێ بزانم ئایا تۆ پیاوێکی زانیار و ڕۆشنبیریت؟

– نەخێر، هەرگیز...

– حەیفێ، چونکە وامدەزانی... بەڵام بۆچی وام مەزەندە دەبرد؟ بە هەرحاڵ گرینگ نیە، تۆ هەر نەبێ ڕێنوێنیم دەکەیت، چونکە من تۆم هەڵبژاردووە.

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، شتی وا مەحاڵە، ئەم بیرانە پووچن.

ئاگلایا، تووڕە بوو، گڕ لە چاوانی دەبووەوە، هاواری کرد:

– دەمەوێ، دەمەوێ لە ماڵ هەڵێم! ئەگەر تۆ ڕازی نەبێت، شوو بە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ دەکەم. من نامەوێ کەسوکارەکەم بەو چاوە سەیرم بکەن کە کچێکی بەد سروشت و شەڕەنگێز و نازانم چی و چیم؟

میرزادە، نیوە ئاخێزێکی بۆ کرد و هاواری کرد:

– تۆ ئەقڵت لە جێیە؟ ئاخر تۆ چیت پێگوتراوە و کێ پێی گوتوویت؟

– هەموو کەسوکارەکەم: دایکم، خوشکەکانم، باوکم، میرزادە"س..." تەنانەت کولیا قێزەونەکەی لەمەڕ تۆش! ئەگەر ڕوو بە ڕووش پێم نەڵێن، لە ناخی خۆیاندا وا بیردەکەنەوە. ئەمەم بە هەموویان گوتووە، ڕوو بە ڕوو پێمگوتوون. دایکم لە حەژمەتاندا، نەخۆش کەوت، یەك ڕۆژی تەواو نەخۆش بوو. ڕۆژی دوایی ئەلکسندرا و باوکم، بە دوو قۆڵی سەرزەنشتیان کردم، گوتیان بە خۆمیش نازانم چ دەڵێم، و نازانم مانای ئەم قسە قۆڕانەم چیە. زۆر بە توندی وەڵامم دانەوە کە ئێستا هەموو شتێك دەزانم و مانای گشت وشەیەکیش دەزانم، گوتم خۆ منداڵ نیم، من دوو ساڵ لەمەپێش دوو ڕۆمانی (پول دی کوك)م خوێندەوەتەوە. بە ئانقەست خوێندمنەوە تا پەی بە هەموو شتێك ببەم و ، هەموو شتێك بزانم. کە دایکم گوێی لەو قسەیە بوو، لەزگ بوو ببورێتەوە.

بیرێکی سەیر بە مێشکی میرزادەدا هات. بە وردی ڕوانیە ئاگلایا و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە هەمان ئەو کیژە لەخۆباییە بێت، کە کاتی خۆی بەو هەموو کەش و فشەوە نامەکەی " گاڤیلا ئاردا لیونوفیچ"ی بۆ خوێندبووەوە. هەرچی سەری دێنا و سەری دەبرد، تێنەدەگەیی چۆن کیژێکی خشیکی، جوانی، وا بەرزەفڕی، لووتبەرز، دەتوانێ وا منداڵانە بیر بکاتەوە، کیژێك کە ڕەنگە تا ئێستاش مانای ئەو وشانە نە زانێت کە بەکاریان دەبات.

میرزادە لێی پرسی:

– ئاگلا ئیڤانوڤنا، تۆ هەموو ژیانت هەر لە ماڵەوە بردۆتە سەر؟... یانی نەچوویتەتە قوتابخانە، لە بەشی ناوخۆیی نە ژیاویت؟

– نا، بە عەمراتم بۆ هیچ کوێ نەچووم. هەمیشە لەچوار دیواری ماڵەوە بووم، یانی لە قەفەزا بووم و چاوەڕوانم یەکسەر لە قەفەزی ماڵەوە بۆ پەردەی بووکێنی بگوازرێمەوە. بۆچی پێدەکەنی، ئەم ڕیشخەنەت لە پای چیە ؟ هەست دەکەم تۆش گاڵتەت پێم دێت و تای ئەوان دەگریت...

ئاگلایا بە دەم ئەو قسانەوە، برۆی وێکهێنایەوە و بە نیمچە هەڕەشەیەکەوە لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– توڕەم مەکە. من بە خۆیشم نازانم چ شتێك لە ناخما دەگوزەرێ.

ئەوجا بە توڕەیی لەسەری ڕۆیی:

– من دڵنیام تۆ بەو قەناعەتەوە بۆ ئێرە هاتوویت کە گوایە من حەزم لێکردوویت و ئەم ژوانگەیەم بۆ دیاری کردوویت.

میرزادە، زۆر ساویلکانەو، بەوپەڕی هەڵچوونەوە گوتی:

– ئەلهەقی دوێنێ لەمە دەترسام.. بەڵام ئەمڕۆ دڵنیام کە تۆ...

ئاگلایا کە لەپڕ لێوی کەوتبووە تەتەڵە، هاواری کرد:

–چی ؟ لەوە دەترسایت کە من.. حەدت چیە وا خەیاڵ بکەی کە من... پەنا بەخوا! ڕەنگە گومانی ئەوەت کردبێت کە من بۆیە بۆ ئێرەم بانگ کردبیت تا بتخەمە داوەوەو بێن بە سەراو غافڵگیرمان بکەن و تۆ ناچاریت بمخوازیت...

– ئاگلایا ئیڤانۆڤنا! شەرمە بۆ تۆ، عەیب ناکەی قسەی وا دەکەی! ئاخر چۆن دەشێت ئەم جۆرە بیرە ناپاکە، بە دڵی پاك و بێگەردی تۆدا بێت؟ ئامادەم مەرج و گرێو بکەم کە تۆ باوەڕت بە تاقە وشەیەکی ئەو قسانەی خۆت نیە... باوەڕبکە تۆ بە خۆتیش نازانی چ دەڵێیت و مانای ئەو قسانە چیە!...

ئاگلایا، گرژ و پەست، مات و بێدەنگ، چاوی داخستبوو و دەتگوت، شەرمەزار و خەجاڵەتی ئەو قسەیەیە کە ئێستا کردبووی. ئەوجا لە بن لێوانەوە گوتی:

– نا، نەخێر شەرم ناکەم! شەرم لە چی بکەم! باشە تۆ چوزانی دڵی من پاك و بێگەردە؟ کەوایە بە چ جورئەتێکەوە، نامەی دڵداریت بۆ ناردووم؟

– نامەی دڵداری؟ نامەکەم، نامەکەی من، نامەی دڵداری بوو؟ بە پێچەوانەوە، نامەیەکی پڕ لە ڕێز و حورمەت بوو، هەڵقووڵاوی ناخی دڵم بوو، زادەی بە سوێترین ساتی ژیانم بوو. من لەو کاتەدا، وەکو پرشنگی ڕوناکی و نورێك تەمەشای تۆم دەکرد... من...

ئاگلایا، لەپڕ قسەکەی پێبڕی، ئەمجارەیان بە زمانێکی جیاوازتر لە زمانی پێشووی، بە زمانێك کە بۆنی پەشیمانی و بگرە ترسی لێدەهات گوتی:

– باشە... باشە... بەسە!...

بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ تەمەشای میرزادە بکات، تەنانەت بەلای ئەوا دانەویەوە وەکو ئەوەی بیەوێ دەست بخاتە سەر شانی و بەجوانترین شێواز داوای لێبکات کە لێی زویر نەبێت، بەوپەڕی شەرمەزاری و نیگەرانیەوە گوتی:

– باشە... باشە، من دەزانم کە قسەکەم زۆر گەوجانە بوو. من ئەمەم تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی تۆ کرد، بەردێکی بخە سەرو وای دابنێ گوێت لە هیچ نەبووە. بمبورە کە دڵم یەشاندیت. تکایە مەڕوانە دەموچاوم. تەمەشای دووربکە. بەخۆت تۆزێ لەمەپێش گوتت بیرێکی ناپاکە: من بە ئانقەست ئەوەم گوت تا بتتەزێنم، بتجوڵێنم. هەندێجار لە قسەی دڵی خۆم دەترسم. نامەوێ بیکەم، کەچی کاتێك دەزانی خۆ بە خۆ لە دەمم دەردەچێت. تۆ ئێستا گوتت ئەو نامەیە زادەی بە سوێترین ساتی ژیانت بووە.

دووبارە چاوانی داخستنەوە و بە دەنگێکی نزم گوتی

– من دەزانم مەبەستت چ ساتێکە !

– خۆزی هەموو شتێکت دەزانی!

ئاگلایا، دووبارە هەڵچووەوە و لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– هەموو شتێك دەزانم، لەو کاتانەدا ئەو ژنە ناوزڕاوە بەدکارەی کە دەگەڵیا هەڵهاتی، یەك مانگی تەواو بوو، دەگەڵ تۆداو لە ماڵەکەی تۆدا دەژیا...

کاتێ ئاگلایا، ئەو قسانەی کرد، لەجیاتی سوور ببێتەوە، ئەمجارەیان ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. بە دەم ئەو قسانەوە وەك بڵێی ئاگای لەخۆی نەبێت، بەلەز هەستایە سەرپێیان، بەڵام زوو بەخۆی هاتەوە و دانیشتەوە. تا ماوەیەکی زۆر لێوی کەوتە تەتەڵە، دەقیقەیەك بە بێدەنگی بوری. میرزادە سەری لەم هەڵچوونە کوت و پڕە سوڕما، نە چاوەڕوانی شتی وای دەکرد و نە دەیزانی هۆیەکەی چیە.

ئاگلایا، لەپڕ و بێپەروا گوتی:

– من، بە هیچ جۆرێ تۆم خۆش ناوێ! بە قەد نووکە دەرزیەکیش خۆشم ناوێی!

میرزادە وەڵامی نەدایەوە. دەقیقەیەکی دیکەش بە بێدەنگی تێپەڕی.

ئاگلایا، کە سەری داخستبوو، بە پەلە، بەڵام بە دەنگێکی زۆر نزم گوتی:

– من (گاڤریلا ئاردالیونوفیچ)م خۆشدەوێ.

میرزادە، لە بن لێوانەوە و بە ئەسپایی بەرسڤی دایەوە:

– ڕاست ناکەیت. وانیە.

– یانی من درۆ دەکەم؟ ڕاستە و ئەولاتریش، وایە و زیاتریش. پێرێ، لەسەر ئەم تەختە بەڵێنم دایە.

میرزادە، ڕاچڵەکی، بۆ ساتێك خەیاڵی ڕۆیی. ئەوجا بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– وانیە. ئەمە بوختانەو بەخۆتیا دەکەیت.

– وەی کە بە ئەدەب و تەربێتی! حەزدەکەم ئەوە بزانیت کا گاڤریلا ئاردالیونوفیچ زۆر گۆڕاوە، زۆر باش بووە. منی لە گیانی خۆی خۆشتر دەوێ. بە بەرچاوی منەوە دەستی خۆی لەسەر ئاگرەکە ڕاگرت و سووتا، تەنیا بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆیم بۆ بسەلمێنێ.

– دەستی خۆی سوتاند؟ لە سەر ئاگرەکە؟

– بەڵێ، دەستی لەسەر ئاگرەکە ڕاگرت! باوەڕ دەکەی یان نا کەیفی خۆتە، بەلامەوە گرینگ نیە!

میرزادە بێدەنگ بوو. ئاگلایا لەوە نەدەچوو گاڵتە بکات. زۆر تووڕە بوو.

– سەیرە! ئەگەر لێرە بووبێ، دەبێ مۆمێکی دەگەڵ خۆی هێنابێ، من لەوە زیاتر بیرم بۆ هیچی تر ناچێت..ئاگر لێرە چی دەکات...

– بەڵێ، مۆمێکی هێنابوو. سەیرەکەی لە چیدایە؟ یانی ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە، نا ماقووڵە ؟

– مۆمێکی تەواو یان نیوە مۆمێکی ناو مۆمدانێك؟

– بەڵێ... نا... نیوە مۆم، قونە مۆم.. مۆمی تەواو، چ فەرقێك دەکات. دەکرێت وازم لێبێنی! ئەگەر پێت خۆشە، با ئەوەشت پێبڵێم کە شقارتەشی دەگەڵ خۆیدا هێنابوو. مۆمەکەی هەڵکرد و نیودانە سەعات قامکی لەسەر گڕەکەی ڕاگرت. یانی ئەمە مەحاڵە ناچێتە ئەقڵەوە؟

– ئاخر دوێنێ دیتم، شوێنەواری سووتان بە قامکەکانیەوە دیار نەبوو.

ئاگلایا، وەکو منداڵێك لە قاقای پێکەنینی دا. ئەوجا بەخێرایی ئاوڕی لە میرزادە دایەوە، سیمای متمانەیەکی چوون متمانەی منداڵی پێوە دیاربوو. هێشتاش بزەیەك بە سەر لێویەوە سەمای دەکرد. گوتی:

– دەزانی بۆچی ئەم درۆیەم هەڵبەست؟ چونکە ئەوەندەی من سەرنجم داوە، ئەگەر کەسێك بیەوێ، ماقووڵیەت بە درۆیەکی خۆی ببەخشێت و ، خەڵکی باوەڕی پێبکەن باشترین ڕێگە ئەوەیە کە وەستایانە و بە شێوەیەکی داهێنەرانە، شاخ و باڵێکی ناباو، نائاسایی، دەگمەن و نەبیستراو لە درۆیەکەی بنێت، هەنگێ ڕاستتر و باوەڕکردەنی تر دێتە بەرچاو لێ فێڵەکەی من سەری نەگرت، چونکە نەمزانی چۆن ترش و خوێی بکەم...

ئاگلایا، لەپڕ نێوچەوانی گرژبوو، وەکو ئەوەی بیرەوەرییەکی وەبیرهاتبێتەوە. هەنگی بە ویقار و بگرە بە خەمینییەوە چاوی بڕییە میرزادە و لەسەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

– بیرتە ڕۆژێك قەسیدەی "سوارچاکی لات"م بۆ خوێندنەوە، مەبەستم ئەوە بوو هەم ستایشت بکەم و هەم ڕەفتارەکانت لە قاو بدەم و ئەزیەتت بدەم و هەم پێتی نیشان بدەم کە ئاگام لە هەموو شتێکە....

– ئاگلایا گیان تۆ زۆرم غەدر لێدەکەیت.. هەروەها غەدر لەو ئافرەتە بەلەنگاز و کەساس و بەدبەختە دەکەیت، کە تۆزێ لەمەپێش بەو وشە کرێت و دزێوانە وەسفت کرد...

– بۆیە بەو ڕاشکاویە، بەو وشانە گوزارشتم لە بۆچوونی خۆم کرد، چونکە هەموو شتێك دەزانم، ئاگام لە هەموو شتێکە، هەموو شتێك! دەزانم تۆ شەش مانگ لەمەپێش، بە شایەتی چەندین کەس و بە ئاشکرا داوات لێکرد شووت پێبکات. قسەکەم پێ مەبڕە. وەکو بەخۆت دەبینی من تەنیا ڕووداوان دەگێڕمەوە، هیچ بۆچوونێکی خۆم دەرنابڕم. پاشان ڕەدووی ڕوگوژین کەوت و ڕۆیی . دوای ئەمە ماوەیەك لە گوندێك یان شاروچکەیەکدا دەگەڵ تۆدا ژیا. پاشان تۆشی فرۆشت و بەگەڵ پیاوێکی دیکە کەوت. (لێرەدا ڕوخساری ئاگلایا سووری سوور بووەوە). پاشان گەڕایەوە بۆلای ڕوگوژین کە نەك هەر خۆشی دەوێ، بەڵکو شێت و شەیدایەتی، لە گیانی خۆیی خۆشتر دەوێ! ئێستاش تۆ کە بەش بەحاڵی خۆت زیرەك و لێزانی، لە وەتای زانیوتە بۆ پترسبۆرگ گەڕاوەتەوە، بە غاردان بۆ ئێرە دووی کەوتوویت و مۆزە مۆزتە بە دەوریا. دوێشەو بە هانایەوە چوویت و بەرگریت لێکرد و ئێستاش خەوت پێوە دەبینی... ئێستا بۆت دەرکەوت کە من هەموو شتێك دەزانم، ئاگام لە گشت شتێکە؟ تۆ لە بەرخاتری ئەو، بەڵێ لەبەرخاتری ئەو بۆ ئێرە هاتوویتەوە، وانیە؟

میرزاده كە خەمین و خەمبار، چاوی بڕی بووە عاردی و لە فكران ڕاچوو بوو، بێئەوەی ئاگای لە نیگای ئاگرینی ئاگلایا بێ كە بڕی بوویە ئەو، بە ئە سپایی گوتی:

– بەڵێ لەبەر خاتری ئەوە، لە پێناوی ئەوە، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی بزانم كە... من باوەڕناكەم بتوانێت دەگەڵ روگوژیندا بەختەوەر ببێت، هەرچەندە.. من نازانم دەتوانم چ كۆمەكێكی بكەم، بەڵام وا هاتووم و ئامادەم...

تەزوویەكی پێدا هات و تەمەشایەكی ئاگلایای كرد. ئاگلایا گوێی لێدەگرێت و جۆرە نەفرەت و بێزارییەك نیشتبووە سەر سیمای، ئاقیبەت هاتە قسان و گوتی:

– ئەگەر، بێئەوەی بزانی بۆچی هاتوویت، هاتبیت، مانای وایە دەبێ زۆرت خۆش بوێت.

میرزادە بەرسڤی دایەوە و گوتی:

– نا، نا، خۆشم ناوێ! خۆزگە دەتزانی كاتێ ئەو ڕۆژانەم بیردەكەنەوە كە دەگەڵ ئەودا گوزەراندم، تووشی چ ترس و نیگەرانیەك دەبم! مەگەر هەر خوا بزانێ چیم بەسەر هات!

بەدەم ئەو قسانەوە، تەزوویەكی ناخۆش بەسەراپایدا هات.

ئاگلایا گوتی:

– هەموو شتێكم بۆ بگێڕەوە.

– ئەو بەسەرهاتە هیچ شتێكی تیا نیە كە نەكرێت بۆتی بگێڕمەوە. خۆیشم بە تەواوەتی نازانم بۆچی دەمویست بۆ تۆی بگێڕمەوە، تەنیا بۆ تۆ. ڕەنگە هۆیەكەی ئەمە بێ كە بە ڕاستی و لە كانگای دڵەوە خۆشم دەوێی. ئەم ژنە نەگبەتە، قەناعەتی تەواوی بەوەیە كە سووكترین و گەندەڵترین بوونەوەری سەر ڕووی زەوییە. تكایە لۆمەی مەكە، تانەو تەشەری لێمەدە، بەرد بارانی مەكە! ئەو هەر دەرەقەتی خۆی دێت، بە خۆی، خۆی بە كەسێكی ناوزڕا و دەزانێت و مەگەر هەر خوا بزانێ، چ عەزابێك دەكیشێت! ئاخر خودایا دەبێ ئەم بەسە زمانە گوناحی چی بێ ؟ هەندێجار كە دێت بە سەریا هاوار دەكات و دەڵێت هیچ تاوان و گوناحێكی نیە، بەڵكو قوربانی دەستی خەڵكی دییە، قوربانی دەستی پیاوێكی نامەرد، خوێڕی و شەڕواڵ پیسە، بەڵام ئەوەش بزانە، هەرچەندە ئەو شتانەش دەڵێت، بەڵام خۆی یەكەم كەسە كە باوەڕ بە قسەكانی ناكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە، لە ناخی خۆیدا، تەنیا خۆی بە خەتابار دەزانێ... گلەیی لە كەسی دی ناكات. كاتێ كە من دەمویست ئەم تاریكی و ڕەشبینیەی لەلا بڕەوێنمەوە، دووچاری دەرد و

ئـازار و ناڕەحەتیـەکی ئـەوتۆ بـوو، کـە هـەرگیز بـیرم ناچـێتەوە، کـە ئـەو ڕۆژە ترسـناکانەم بـیر دەکەوێتــەوە، دڵــم خــوێن دەدەڵــێنێ. باوەڕناکــەم جــارێکی دی، هــەرگیز ئــەو زامــەی دڵــم سارێژببێتەوە. لای من نەحەوایەوە، هەڵهات، دەزانی بۆ هەڵهات؟ تەنیا لەبەر ئەوە هەڵهات، تا بۆ منی بسەلمێنێ، تەنیا بۆ من، کە ژنێکی سووك و هەڵە و هەرزەیە. جا ناخۆشترین شت ئەوە بوو کە بە خۆیشی نەیدەزانی، ئەم کارە لەبەر ئەوە دەکات کە بۆ منی، تەنیا بۆ منی بسەلمێنێ، بۆیە وای دەزانی لەژێر گوشارێکی دەروونی هەوسارپچڕیودایە و دەبێ کارێکی دزێوی، ناپەسەندی، حەیابەرەی ئەوتۆ بکات، کە بتوانێ بەگڕ خۆیدا بچێت و بە خۆی بڵێت: " ئەمەش کارێکی دیکەی حەیابەرە ، کە واتە تۆ مرۆڤێکی هەڵە و هەرزەو سووك و بێ ئابڕوویت!" ئۆف، ئاگلایا ئیڤانوڤنا، ڕەنگە تۆ لەمە نەگەیت! ڕەنگە شەرمەزاری هەمیشەیی ویـژدان، سەرچاوەیەکی ترسناك و نائاسایی لەزەت بێت . لەزەتی جۆرە تۆڵە سەندنەوەیەك، تۆڵە سەندنەوە لە کەسێکی دی. ئەو ژنە ئاوایە! هەندێجار دەمتوانی وای لێبکەم کە لەو تاریکستانەی دەرور و بەریدا، تروسکەی ڕۆناکیش ببینێ، بەڵام هەر زوو تووڕە دەبوو، یاخی دەبوو، دەگەییە ڕادەیەك کە بەوە تاوانباری دەکردم کە خۆم لەو بە زیاتر دەزانم (کە هەڵبەتە شتی وا هەرگیز لە مێشك و ویژدانی مندا نەبووە). ئەنجام کە داوام لێکرد شووم پێبکات، لە وەڵامدا، بێهیچ پێچ و پەنایەك، ڕاستەو ڕاست گوتی کە سوالّی میهرەبانی، بەزەیی، و کۆمەك و یارمەتی لە کەس ناکات و ناشیەوێ کەس "هەڵی بگرێتەوە" و بیخاتە ژێر باڵی خۆی. خۆ تۆ دوێنێ بە چاوی خۆت بینیت. پێتوایە دەگەڵ ئەو جۆرە خەڵکەدا خۆشحاڵە، پێتوایە ئەو فەزیحەت و ڕیسواییەی پێخۆشە.. ئەم ژینگە و ناوەندەی بەدڵە ؟ خۆزگە دەتزانی چەند خوێنەوارە؟ چەند پڕ ئەقڵ و ئاوەزە! زۆرجار سەرم لێی سوڕدەما!

– تۆ کە لەوێنـدەر بـوو، وەکـو چـۆن ئێسـتا وەعـزی مـن دادەدەی، بـەو ئاوایـە وەعـزت دەدا؟ ئامۆژگاریت دەکرد؟

میرزادە، بێئەوەی هەست بە ماناو بە شێوازی پرسیارەکەی ئەو بکات، لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی:

– نا، زیاتر بێدەنگ دەبووم، هیچی نەدەگوت. زۆرجار دەمویست قسەی دەگەڵ بکەم، بەڵام هیچم پێ نەبوو، پێی بڵێم. دەزانی هەندێجار باشترین هەڵوێست بێدەنگیە ؟ ئا... بەڵێ... من خۆشم دەویست.. زۆرم خۆش دەویست... بە دڵ و بەگیان خۆشم دەویست... بەڵام پاشان... پاشان هەستی بە هەموو شتێك کرد.

– هەستی بەچی کرد؟

– هەستی بەوەکرد کە من بەزەییم پێیدا دێتەوە. دڵم بە حاڵی دەسووتیٚ.. خۆشمناویٚ!

– تۆ چوزانی؟ ڕەنگە حەزی لەو یارۆیە... لەو موڵکدارە کردبێت کە ڕەدووی کەوت؟

– نا، من هەموو شتێك دەزانم. حەزی لێنەکرد بوو، تەنیا پێی ڕادەبوارد.

– باشە، قەت بە تۆی ڕابواردووە ؟

– نا! پێی ڕانەبواردووم. مەگەر هەندێجار، لە کاتی توڕەییدا. کە توڕە دەبوو، زۆر لێم بێزار دەبوو، دەی بوغزاندم، پێی ڕادەبواردم! لەوکاتانەدا، یانی لە توڕەییدا بە گلەیی و گازندەی سەرزەنشتامێز دایدەگرتمەوە. تەرزەکوتی دەکردم، بە ڕاستی ماندوی دەکردم، ئازاری دەدام، هەڵبەتە بەخۆیشی زۆری ئازار دەچەشت! بەڵام دواتر... هەر باسی مەکە... ئەو شتانەم بیر مەخەوە!

میرزادە، بە دەم ئەو قسانەوە، دەموچاوی لە نێو هەردوو لەپی نا.

ئاگلایا پرسی:

– دەزانی زۆربەی ڕۆژان نامە بۆ من دەنووسێت؟

میرزادە. پەشێوو پەرێشان هاواری کرد:

– کەواتە ڕاستە ؟ بیستبووم نامەت بۆ دەنێرێت، بەڵام باوەڕم نە دەکرد.

ئاگلایا، بەجۆرە ترسێکەوە پرسی:

– لە کێت بیستووە؟

– دوێنیٚ روگوژین گوتی، بەڵام ڕاستەوخۆ نا.

– دوێنیٚ؟ دوێنیٚ دانی بە یانی؟ سەعات چەند؟ پێش دەستپێکی کۆنسێرتەکە یان دوای؟

– دوای کۆنسیرتەکە بوو، دوای سەعات یازدەی شەو.

– ئا، ئەگەر روگوژین باسی کردبێت، قەیدیٚ ناکات.. دەزانی لەو نامانەدا باسی چم بۆ دەکات؟

– تەسەوری هەموو شتێك دەکەم، پێم سەیر نیە باسی هەر شتێك بکات. شێتە!

– هەندێ لـە نامـەکانیم پێیـە (ئاگلایـا، سـێ نامـەی پێچـراوەی لـە بـەرکی دەرهێنـا و فڕێـی دایـە بەردەم میرزادە). یەك هەفتەی تەواوە، تکام لێدەکا، لێم دەپارێتەوە، هانمدەدات کە شوو بە تۆ بکـەم. بـەڵێ... زیرەکـە، ئەگـەر شـێتیش بـێ هـەر زیرەکـە. تـۆ نـە هـەقت نیـە کـە دەڵێـی زۆر لـە مـن زیرەکترە. لـە نامـەکانیا دەڵێت کە مـنی زۆر بەدڵـە، هـەموو ڕۆژێ هەوڵـدەدا، ئەگـەر لـە دووریشـەوە بووە بمدینێ. لە نامەکانیا دەڵێت کە منت خۆشدەوێ و ئەو لەمە دڵنیایە و زۆر لەمێژە پەی بەمە بردووە و، گوایە کاتێ کە بە دوو قۆڵی لەولابوون، باسی منت بۆ کردووە و ئێستاش بەختەوەری تـۆی دەوێ، حـەزدەکات بـە شـادی و بەختـەوەری بتبـینێ و بـاوەڕی وایـە تـەنیا مـن دەتـوانم بەختـەوەرت بکـەم!... نامـەکانی زۆر گـەرم و گـوڕ و پڕجۆشـن، ئینشـایەکی سـەیری هەیـە... زۆر سەیر. تا ئێستا نامەکانیم بە کەس نیشان نەداوە. چاوەڕوانی تۆ بووم. تۆ دەزانی ئەم قسانەی ئەو چ دەگەیەنن؟ مانای قسەکانی چیە؟

میرزادە، بە دەم لێوە لەرزێوە گوتی:

– مانای شێتاتیە. نیشانەی ئەوەیە کە ئەقڵی پارسەنگی دەوێ.

ئاگلایا پرسی:

– ناشێ بۆی بگریت ؟

میرزادە، تەمەشای ئاگلایای کرد و گوتی:

– نا، ئاگلایا، ناگریم !

– بـە ڕای تـۆ مـن تـەگبیرم چیە، چـی بکـەم ؟ چ ئامۆژگاریـەکم دەکـەی؟ مـن نـاتوانم لـەوەی پـتر ئەمجۆرە نامانە وەربگرم.

میرزادە گوتی:

– وازی لێ بێنە، تکات لێدەکەم! تۆ لەم تاریکستانەدا چت پێدەکرێت ؟ ئەم نامە نەعلەتیانە بە چ کەڵکێکی تـۆ دێـن؟ مـن هـەموو هـەوڵێکی خـۆم دەخەمـە کـار کـە لـە ئێسـتا بـە دواوە نامـەت بـۆ نـە نووسێت!

ئاگلایا، هاواری کرد:

– ئەگەر بتوانیت کاری وا بکەی، مانای وایە پیاوێکی نەك دڵڕەق بەڵکو بێدڵیت. چما نازانی کە ئەو منی خۆش ناویٚ، بەڵکو ئاشق و شەیدای تۆیە و بەس؟ تۆ خۆشت دەویٚ! چۆن توانیوتە پەی بە هەموو ڕاز و نهێنییەکی ببەیت، بەڵام هەست بەمە نەکەیت؟ دەزانی ئەم نامانە نیشانەی چین؟ نیشانەی بە غیلی و غیرەن، نا، نیشانەی شتێکی گەورەتر، خراتر لە غیرە و بەغیلی ڕووتن!... یانی، تۆ پێتوایە، وەکو لە نامەکانیا دیارە، بە ڕاستی شوو بە روگوژین دەکات؟ نا، ئەگەر ئێمە زەماوەند بکەین، بۆ ڕۆژی دوایی خۆی دەکوژێت!

میرزادە، دڵی داخورپا و تەزوویەکی بە سەراپادا هات. بە سەرسامی ڕوانیە ئاگلایا. کە بینی ئەم کچۆڵەیە، ماوەیەکە بووە بە سەرەژنێکی تەواو، هەستی بە سەرسامیەکی لە ڕادەبەدەر کرد. گوتی:

– ئاگلایا، خودا شایەدە، ئامادەم گیانی خۆم لە پێناوی ئاسوودەیی دەروونی و بەختەوەری ئەودا بەختبکەم، بەڵام ناتوانم لەمڕۆ بەدواوە خۆشم بویٚ، بەخۆیشی ئەمە دەزانێت.

– دەی زۆر باشە... دەیسا خۆت فیدای ئەو بکە مادامێکی ئامادەگی ئەو کارەت تیایە! تۆ خێرەومەند و مرۆڤدۆستێکی گەورەیت. بە "ئاگلایا"ش بانگم مەکە، (چەند جارێك ئەمەت دووبارە کردەوە، "ئاگلایا"ی ڕووت!)... تۆ لەسەرتە ژیانی بۆ بگێڕیتەوە، بیهێنیتەوە ناو ژیان. تۆ ناچاریت ئەمە بکەیت. لە سەرەتە جارێکی دی دەگەڵ ئەودا بڕۆیت، بە گەڵی بکەویت تا ئارامی و ئاسوودەیی بە دڵ و دەروونی ببەخشیت. هەرچییەك بیٚ، تۆ خۆشت دەویٚ!

– من ناتوانم بەم شێوەیە خۆم بەخت بکەم، هەرچەندە ئەو نیازەم لە بیر و لە خەیاڵا بوو، ڕەنگە هێشتاش لە دڵی خۆما، ئامادەی ئەم کارەبم!.. بەڵام وەکو ڕۆژی ڕوناك لەلام عەیانە کە دەگەڵ مندا هەڵناکات و ئەگەر دەگەڵ مندا بمێنێتەوە دەفەوتیٚ و تیا دەچێت!... هەر لەبەر ئەوەشە دەمەویٚ لێی دوور بکەومەوە. قەرار بوو ئەمڕۆ سەعات حەوت بیدینم، بەڵام ڕەنگە نەچم بۆلای. غرور و غیرەی ئەو ڕۆژیٚ لە ڕۆژان لەسەر ئەم خۆشەویستیە، نام بەخشێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە مایەی ماڵوێرانی و خێر لەخۆ نەدیتنی هەردووکمان ئەگەر پێکەوە بمێنین! دیارە ئەمە سروشتی نیە، هەرچەندە هەموو شتێکی ئێرە پێچەوانەی سروشتە. تۆ دەڵێیت کە ئەو منی خوشدەویٚ، بەڵام خۆشەویستی وایە؟ دوای ئەو هەموو کێشە و سەریەشەیە دەکریٚ ئەمە بە خۆشەویستی دابنریٚ ؟ نا، ئەمە خۆشەویستی نیە، بەڵکو شتێکی دیکەیە!

ئاگلایا، بە ترسێکی کوت و پڕەوە گوتی:

– بۆ وا ڕەنگت زەرد بوو!

– هیچ نیە.. تێر خەو نەبووم. هەست بە سستی و لاوازی دەکەم. دروستە. ئاگلایا ئێمە ئەوسا باسمان کردوویت...

– کەواتە ڕاستە؟ یانی بە ڕاستی "دەربارەی من" قسەت دەگەڵی کردووە؟ باشە تۆ کە لە ژیانتا یەك جار منت دیتووە، چۆن توانیت بەو یەك جارە حەزم لێبکەی ؟

–نازانم. ڕەنگە بە هۆی ئەو بۆشایی و تاریکییەوە بووبێ کە ئەوسا تێم ئاڵابوو، لەو تاریکییەوە هەستم بە ئەفسوونی هەڵهاتنی سپێدەیەکی تازە کرد، نیمچە خەونێکم بینی. ئیدی نازانم بۆچی مەلی تەرەی بیرم، یەکسەر لەسەر تۆ گیرسایەوە. من درۆم لە گەڵتا نەکردووە کە لە نامەکەما بۆم نوسیوویت، نازانم چۆن ئەمە ڕووی دا. چونکە ئەوە تەنیا خەونێك بوو، لە گەرمەی ئەو دڵەڕاوکێ و ترسە کە ئەو کاتانە تێم ئاڵابوو، پەنام بۆی هێنا... پاشان کەوتمە لێکدانەوەی... نیازم وابوو تا سێ دانە ساڵی دی بۆ ئێرە نەیەمەوە...

– کەواتە لەبەر خاتری ئەوە بۆ ئێرە هاتیتەوە؟

دەنگی ئاگلایا، بە دەم ئەو قسانەوە دەلەرزی.

– بەڵێ، لەبەرخاتری ئەو.

بێدەنگییەکی دوو دەقیقەیی خەمناك باڵی بەسەر هەردووکیاندا کێشا، هەنگێ ئاگلایا لەجێی خۆی هەستا. بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– تۆ کە خۆت دەڵێیت، ئەگەر ڕاست دەکەیت و باوەڕت وایە کە... کە ئەم ژنە، ئەم دۆستەی تۆ ئەقڵی پارسەنگی دەوێ، تەواو نیە، دەبێ ئەوە بزانێت کە ڕەفتاری شێتانەی وی کەم و زۆر پەیوەندی بە منەوە نیە. لیون نیکولایوفیچ تکادەکەم ئەم سێ نامەیە لە من وەربگرە و لە جیاتی من بیدەوە بە سەروچاویا!

ئەوسا ئاگلایا هاواری کرد:

– پێی بڵێ نەخەڵەتابێ جارێکی دی نامە بۆ من بنووسێت، ئەگەر تاقە دێڕێکیشم بۆ بنووسێت، ئەوا بە باوکم دەڵێم و بەخۆی دەزانێت کە چۆنی لە شێتخانە دەپەستێت...

مـیرزاده، ڕاچـڵەکی، بـە شـپرزەیی ڕوانیـە ئـەم هەڵچـوونە کـوت و پـڕ و چـاوەڕوان نـەکراوەی ئاگلایا. لە یەکێك دەچوو لەپڕ تەنکە تەمێك بەرچاوی گرتبێت، ئەوسا بە ئەسپایی گوتی:

– نا، نا، شتی وا لە تۆ ناوەشێتەوە، دڵ و دەروونی تۆ و شتی وایان نەگووتوە.. نا.. باوەڕناکەم بە ڕاستت نیە !

ئاگلایا کە بە تەواوەتی جڵەوی خۆی لە دەست دابوو گوتی:

– با، ڕاستە، بە ڕاستمە و ئەولاتریش.

دەنگێکی سڵ و شپرزە لە نزیکەوە، بەرزبووەوە:

– چی ڕاستە ؟ باسی چ ڕاستیەك دەکەیت؟

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لە بەردەمیاندا ڕاوەستابوو. ئاگلایا، ڕووی کردە دایکی و گوتی:

– باسی ئەو ڕاستیە دەکەم کە من لێبڕاوم شوو بە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بکەم، من خۆشم دەوێ و سبەینێ، ماڵ بەجێدێڵم و ڕەدووی دەکەوم. گوێت لێبوو؟ ئێستا دڵت داکەوت؟ ئەوەندەت بەسە؟

بە غار بەرەو ماڵ پەل بووەوە.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا میرزادەی ڕاگرت و گوتی:

– نا، دۆستی ئازیز، نابێ جارێ بڕۆیت، بە ئەرك نەبێ، هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە. ئاهـ... خودایا ئەم عەزابە چیە! باوەڕبکە شەوێ تا بەیانی بۆ ساتێك چاوم نە چووەتە خەو.

میرزادە، دوای کەوت.

فەسڵی نۆیەم

لیـزا ڤیتـا پروکوفیڤنـا، کـە گەییـەوە مـاڵێ، لـە یـەکم ژووردا وەسـتا. نـە یـدەتوانی تاقـە یـەك هەنگاوی دی بنێ، هیلاك و ماندوو، خۆی بەسەر (کەرەویتەیەك)دا دا، هێندە پەرێشان بوو کە بیری چوو، خوڵکی میرزادە بکات دانیشێت. ئەم ژوورە، هۆڵی میوان بوو، هۆڵێکی گەورە و بەرین بـوو، مێزێکـی بازنـەیی لـە ناوەڕاسـتیا بـوو، موغەیرییـەکی تیـا بـوو. گـوڵێکی زۆر لـە قـەراخ پەنجـەرەکانیا بـوو. لـە کۆتـایی هۆڵەکـەدا، دەرگایـەکی چـکۆلەی شووشـەدار هـەبوو، کـە بـە سـەر باخچەکەدا دەکرایەوە. ئادیلاید و ئەلکسندرا، دوای تۆزێك پەیدا بوون، هەردووکیان، بە سەر و سیمای پرسا و حیرەت ئامێزەوە دەیان ڕوانیە میرزادە و دایکیان.

ئەم کچانە، کە دەهاتنە هاوینەوار، دەوروبەری سەعات نۆ لەخەو ڕادەبوون، بەڵام ئاگلایا، دوو سێ ڕۆژ بـوو زووتـر لـە خـەو ڕادەبـوو و دەچوو لـە باخچـەکەدا پیاسـەی دەکـرد، هەڵبەتـە نـەك لـە سەعات حەوتا، بەڵکو لە سەعات هەشت و بگرە درەنگ تریش.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا کە لەبەر ناڕەحەتی و دڵتەنگی خۆی شەوێ تا بەیانی بۆ ساتێکیش خەو نەچووە بووە چاوی، سەعات هەشت بەو حیسابەی کە ئاگلایا هەستاوە، هەستا تا بڕوات بۆ باخەکە بەو خەیاڵەی ئاگلایا لەوێندەر بدینێ. بەڵام ئاگلایای نە لە باخەکەدا و نە لە ژووری نوستنەکەیدا نەبینی. بە تەواوەتی شپرزە بوو، هەردوو کچەکەی تری هەستاندن. دوای سۆراخ و تاقیب، لە خزمەتکارەکەیان زانی کە ئاگلایا دوای سەعات شەش لە خەو هەستاوە و چووە بۆ باخەکە.

کچـەکان، بـەم هـەواو هەوەسـە تازەیـەی خوشـکەکەیان پێکـەنین. دایکیـان ئاگـادارکردەوە کـە نەچێت بە دوای ئاگلایادا، چونکە لەوەیە ئێستا بەخۆی و کتێبێکەوە لەسەر ئەو تەختە کەسکە دانیشتبێ، کە سێ ڕۆژ لەمەپێش باسی کرد و خەریك بوو بە گژ میرزادە "س.."دا بچێت لەسەر ئەوەی گوتبووی کە هیچ جوانیەکی تایبەتی لەو شوێنەدا کە تەختە کەسکەکەی لێیە نابینێ.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، کە چوو بوو بەسەرا و کچەکەی و میرزادەی پێکەوە بینی بوو وگوێی لە قسـە غـەریب و عەجیبـەکانی ئاگلایـا بـوو بـوو، هەسـتی بـە نیگـەرانی و ترسـێکی زۆر کردبـوو، هەڵبەتە نە هەقیشی نەبوو. دوایی میرزادەی دەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵەوە هێنابووەوە، تا ڕادەیەك لە کارەکەی خۆی و ئەنجامی کارەکەی خۆی ترسابوو: " ئاخر بۆچی نابێت ئاگلایا لە باخەکەدا

میرزاده بدینێ و قسەی دەگەڵدا بکات، با ئەم دیدارە بە گوێرەی مەوعیدی پێشوەختەش بووبیت؟".

ئەنجام زاتی وەبەرخۆی ناو گوتی:

– میرزادە گیان، دڵ لە دڵ نەدەی وابزانی بۆیە بۆ ئێرەم هێناویت تا پرس و جۆت دەگەڵ بکەم، لێپێچینەوەت دەگەڵ بکەم... حەزم دەکرد، دوای ئەو ڕووداوەی دوێشەو، تا ماوەیەکی زۆر نە تبینم.

لێرەدا، بۆ ساتێك لە قسان وەستا. میرزادە، خێرا، بەوپەڕی متمانەوە، گوتی:

– بەڵام پێموایە، حەزت دەکرد بزانی کە چۆن ئەمڕۆکە من و ئاگلایا ئیڤانوڤنا یەکمان گرتبوو؟..

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بە جۆرە هەڵچوونێکەوە بەرشڤی دایەوە:

– هەڵبەتە حەزدەکەم بزانم. من لە ڕاستی ناترسم. نە ئیهانەی کەس دەکەم و نەکاری واشم کردووە...

– هەڵبەتە... ئارەزووی زانینی ئەو شتە هیچ ئیهانەیەکی تیا نیە. تۆ هەقی خۆتە وەکو دایکێك ئەوە بزانیت. من و ئاگلایا ئیڤانوڤنا، ئەمڕۆکە سەعات حەوتی تەواو لای تەختە کەسکەکە یەکمان بینی، هەڵبەتە لەسەر داوای ئاگلایا خۆی. دوێنێ شەو نامەیەکی دابومێ، لە نامەکەدا گوتبووی کە حەزدەکات بمدێنێ و دەربارەی مەسەلەیەکی گرینگ قسەم دەگەڵ بکات. ئەوەبوو یەکمان بینی و یەك دانە سەعاتی خشت پێکەوە باسی کۆمەڵێك شتمان کرد کە پەیوەندیان تەنیا بە خودی خۆیەوە هەبوو. ئەمە هەموو شتەکە بوو.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، بە ویقاری تەواوەوە گوتی:

– ڕاست دەکەی هەموو شتەکە بوو، زەرەیەك گومانم لەوە نیە کە ئەمە هەموو شتەکە بووە.

ئاگلایا لەناکاوا خۆی بە ژوورا کرد و گوتی:

– دەمخۆش میرزادە، لە ناخی دڵەوە سوپاست دەکەم کە دەزانیت من ئەهلی درۆ و بوختانان نیم. دایکە ئێستا دڵت ئیسراحەتی کرد، خەیاڵت ئاسوودە بوو یان هێشتا پرس و جۆیەکەت تەواو نەبووە؟

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، بە هەڵچوونەوە گوتی:

– تۆ بەخۆت دەزانی، تا ئێستا ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوم لێ سوور نەکردویتەوە... قەت لەسەر هیچ شتێك تەریقم نەکردویتەوە... هەرچەندە ڕەنگ بوو لەزەت لە کاری وا ببینی..

ئەوجا ئاوڕی لە میرزادە دایەوە و گوتی:

– خوا حافیزت بێ میرزادە! ببورە کە ئەزیەتم دایت. هیوادارم ئەرخایەن بیت، کە من بە هیچ جۆرێ بەرانبەر بە تۆ نەگۆڕاوم، ڕێز و حورمەتم بۆ تۆ نەگۆڕە، هەر میرزادەکەی جارانیت.

میرزادە، بەلەز بە ڕاست و چەپدا سەری ڕێزی بۆ دایکی کیژێ دانەواند و بێئەوەی تاقە وشەیەکی لەزار بێتەدەرێ ڕۆیی. ئالکسندرا و ئادیلایدا، بەدەم زەردەخەنەوە، کەوتنە چپەدوو.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، خێسەیەکی توڕەی لێکردن.

ئادیلاید بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– دایکە، هۆی پێکەنینەکەی ئێمە تەنیا ئەمە بوو، کە میرزادە بەو هەموو وێڵ و ماریفەتەوە سەری ڕێزی بۆ دانەواندیت! هەندێجار ئەوەندە وشکە لە بەشەر ناچێت، کەچی ئێستا ئەوەندە ڕووخۆش و بەوێڵ و نەزاکەت بوو، یەڤگینی پاڤلوڤیچی بە شاگرد ڕانەدەگرت.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، بە کورتی گوتی:

– وێڵ و نەزاکەت و، هەست ناسکی، سەنگینی و بەڕێزی، دڵ بە مرۆڤ دەبەخشێت نەك مامۆستایانی ڕەقس و سەما.

بێئەوەی، نیو نیگایەکی ئاگلایا بکات، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوە.

کاتێ میرزادە، لە دەوروبەری سەعات نۆدا گەییەوە ماڵەکەی خۆی، ڤیرا لوکیانوڤاو کارەکەرەکەی لە بالکۆنەکەدا بینی کە دوای میوانی و ئاهەنگە جەنجاڵ و شلۆقەکەی دوێشەو، بالکۆنەکەیان پاك کردبووەوە و جوان گسکیان دابوو. ڤیرا، بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

– شوکر بۆ خوا! پێش هاتنەوەی تۆ لەکار بووینەوە.

– بەیانی باش، سەرم دێشێت، تێر خەو نەبووم. حەزدەکەم چاوێ گەرم بکەم.

– دەتەوێ، لێرە، لە بالکۆنەکە، وەکو دوێنێ، بخەوی؟ زۆر باشە، نایەڵم کەس خەبەرت بکاتەوە. باوکەش چووەتە دەرەوە.

کارەکەرەکە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ڤیراش دەیویست دوا بە دوای ئەو بڕوات، بەڵام لە نیوەی ڕێ گەڕایەوە، بە خەمینی لە میرزادە نزیك بووەوە گوتی:

– میرزادە، بە زەییەکت بەمەدا... بەم کلۆڵەدا بێتەوە. ئەمڕۆ دەری مەکە.

میرزادە گوتی:

– نە نیازی دەرکردنیم هەبووە و نە دەری دەکەم. تا ئێستا چی کردووە، با هەر ئەو ئیشە بکات.

– حاڵی حازر هیچ کارێك ناکات... دەگەڵیا سەختگیر مەبە!

– نا گیانە نا، کاری وا چۆن دەکەم؟

– جگە لەوە.. گاڵتەشی پێمەکە... گرینگ ئەمەیە.

– هیچ خەمت نەبێ، شتی وا ناکەم.

ڤیرا کە دەمووچاوی سوور بوو بووەوە گوتی:

– خەجاڵەتم کە ئەم قسانە بە پیاوێکی وەکو تۆ دەڵێم.

بەدەم پێکەنینەوە، نیوە پێچێکی بۆلای دەرگاکەوە کردەوە و لە سەری ڕۆیی:

– هەرچەندە شەکەت و ماندوویت، بەڵام لەم ساتەدا چاوەکانت میهر و مەحەبەتیان لێدەبارێ، چەند شادن...

میرزادە، بە گەرمی پرسی:

– بە ڕاست، وایە؟

بە دەم ئەو قسەیەوە، بە کوڵ پێکەنی.

لێ ڤیرا، کە لە سادەیی و ساکاری و ڕاشکاویدا لە منداڵ دەچوو. لەپڕ شەرمێکی ئەوتۆ دایگرت، دەموچاوی سوور سوور هەڵگەڕا و، بەدەم پێکەنینەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

میرزادە، لەبەرخۆیەوە گوتی: "چەند کچێکی ڕەزا شیرینە..." ئەوسا، هەر زوو فەرامۆشی کرد. خۆی گەیاندە سووچێکی بالکۆنەکە کە تەختە خەوێك و مێزێکی چکۆلەی لێبوو. لە بەردەم مێزە

چکۆلەکەدا ڕۆنیشت و دەموچاوی لە نێو هەردوو دەستی نا، نزیکەی دە دەقیقەیەك بەو حاڵەوە مایەوە.

ئەوجا، شپرزە و نیگەران، دەستی بە گیرفانیا کرد، سێ نامەی دەرهێنا.

لێ دیسان دەرگا کرایەوە، کولیا پەیدا بوو. میرزادە بە هاتنی وی، خۆشحاڵ بوو، چونکە دەرفەتی بۆ ڕەخسا، نامەکان بخاتەوە گیرفانی و جارێ نەیان خوێنێتەوە. کولیا، لە سەر تەختە خەوەکە دانیشت و وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی، یەکسەر چووە ناو باسەکەیەوە:

– چ وەزعێك بوو! ئێستا ڕات بەرانبەر هیپولیت چیە؟ بەچ چاوێ سەیری دەکەیت؟ پۆتی شکاندیت ؟

– پۆتی من؟ بۆچی پۆتی من دەشکێت ؟... بەڵام کولیا من زۆر ماندووم، حەزیش ناکەم بچینەوە سەر ئەو باسە ناخۆشە. ئێستا حاڵی چۆنە؟

– خەوتووە. باوەڕناکەم تا دوو سەعاتی دیکەش خەبەری ببێتەوە؟ من دەزانم تۆ شەوێ لە ماڵەوە نەخەوتیت، بە پیاسە چووی بۆ باخەکە، لەوێندەر پیاسەت دەکرد. نە هەقت نەبوو، چونکە دیاربوو زۆر نیگەران و پەرێشانی.. دیارە ئەمە ئاساییە، زۆریش ئاساییە!

– چۆنت زانی چووم بۆ باخەکە و لەماڵەوە نەخەوتووم؟

– ئێستا ڤیرا پێی گوتم. دەیویست نەیەڵێ بێمە ژوورەوە تا بخەویت، بەڵام خۆم پێنەگیرا، ویستم ئەگەر بۆ دەقیقەیەکیش بووە بتبینم! من ئا ئێستا دوو سەعات ئێشکەکەی خۆم بەدیار نەخۆشەکەوە تەواو کرد. ئێستا نۆرەی کۆستیا لیبدیفە. بەڵام بوردوفسکی ڕۆیی، بە هەرحاڵ بنوو میرزادە، بە هیوای شەوێکی... نا ڕۆژێکی خۆش! بەڵام... دەزانی میرزادە من سەرم سوڕماوە؟!

– ئاساییە، بە تایبەتی دوای ئەو هەموو...

– نا میرزادە، نا. من سەرم لە ئیعترافنامەکە (وتارەکە) سوڕماوە. بە تایبەتی ئەو بەشەی کە باسی ویستی خوایی و ژیانی ئاخیرەت دەکات. بە ڕاستی بیرۆکەیەکی سەیر و گەورەی لەخۆگرتووە!...

میرزاده، بە میهر و سۆزەوە ڕوانیە کولیا. دیاربوو کولیا تەنیا بۆ ئەوە هاتبوو تا دەگەڵ میرزادەدا باسی ئەو بیرۆکە سەیر و گەورەیە بکات.

کولیا گوتی:

– بەڵام جەوهەری شتەکە، کرۆکی شتەکە لە خودی فکرەکەدا نیە، بەڵکو لە کۆی مەسەلەکەدایە، بەڵکو لەو هەلومەرجەدایە کە ئەم بیرە لە سایەیدا چەکەرەی کردووە. خۆ ئەگەر (ڤۆلیتر) یان روسو یان پرودون ئەمەیان نووسیبا. دەمخوێندەوە و بەم ڕادەیەش پێم سەیر نەدەبوو، بەڵام ئەم قسەیە بۆ کەسێك کە دڵنیا بێت، تەنیا دە دەقیقە ژیانی لە سەر ئەم دنیایە مابێت، بە ڕاستی نیشانەی ئەوپەڕی گەورەیی، ورە بەرزی و سەرفرازیە! نیشانەی ئەوپەڕی سەربەخۆیی و کەرامەتی فەردیە! ئەوپەڕی بوێری و جوامێریە... نیشانەی توانایەکی هەرە مەزنی ڕوحی و دەرونیە! بۆیە ئەوانەی کە دەڵێن بە ئانقەست تەرەقەکەی دانە نابوو لە بچووکی و بێ مانایی و سەخیفیانە! بەڵام دەزانی دوێنێ هیپولیت هەموومانی فریودا، کڵاوی کردینە سەر. بەشی خۆی فێڵبازە. من جانتاکەم بۆ نەپێچابووەوە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان دەمانچەکەیم نەبینی بوو. بە خۆی هەموو شتێکی پێچابووەوە. بۆیە پێم سەیر بوو کە ئەو قسەیەی کرد. ڤیرا دەڵێت گوایە تۆ لێبڕاوی لێرە، لە لای خۆت جێی بکەیتەوە. من دڵنیات دەکەم کە ئەم کارە هیچ مەترسیەکی تێدا نیە، بە تایبەتی کە ئێمە بەردەوام چاودێری دەکەین و بە نیونەخت غافڵی ناکەین.

– شەوێ کێ بە دیارییەوە مایەوە؟

– کوستیا لبیدیف و بورودوفسکی و من. کیللەر تۆزێ مایەوە و دوایی چوو بۆ ماڵی لیبدیف تا کەمێك بخەوێ، چونکە لە لای ئێمە شوێن نەبوو تا لێی بخەوێ. فردیش چینکوش هەر لەوێ، لە ماڵی لیبدیف خەوت، بەڵام سەعات حەوت ڕۆیی. جەنەڕاڵیش، کە هەمیشە لە ماڵی لیبدیفە، ئەویش ئێستا ڕۆیی... وابزانم لیبدیف بە تەمایە دوای کەمێکی دی بێت بۆلات. لە دووی تۆ دەگەڕا (نازانم بۆ!) دووجار لێی پرسیت. دەتەوێ بخەوی؟ باشە ئەگەر هات ڕێی بدەین بێتە ژوورەوە یان بڵێین چاوەڕوان بکات؟ منیش دەمەوێ برۆم بنووم. ئا... بیرم کەوتەوە... دەمویست شتێکت بۆ بگێڕمەوە، تۆزێ لەمەبەر شتێکی سەیرم لە جەنەڕاڵ بینی. بوردوفسکی، تۆزێك پێش سەعات شەش، نا سەعات شەشی ڕێك، بێداری کردمەوە، تا نۆرە ئێشکی خۆم بەدیار هیپولیتەوە بگرم. کات کەمێك لە شەش لای دابوو. بۆ دەقیقەیەك چوومە دەرەوە. لەپڕ تووشم بوو بە تووشی جەنەڕاڵەوە، بە ڕادەیەك مەست و سەرخۆش بوو کە نەیناسیمەوە، لە بەردەممدا وەکو سنگ چەقی. کە تۆزێك وەخۆهاتەوە، پرسی: " ها! نەخۆشەکە چۆنە؟ هاتووم هەواڵی

بپرسم!". هەرچیم دەزانی پێمگوت. ئیدی بە دەم قسانەوە گوتی: " ئەمانە هەمووی بەجێی خۆی! ئەلهەقی من بۆیە لە خەو هەستاوم و هاتووم بۆ ئێرە تا ئاگاداری بکەمەوە کە فردیش چینکو جێی باوەڕنیە و هی ئەوە نیە هەموو قسەیەکی لا بکرێت، بەڵگەم هەیە. بۆیە دەبێ سڵی لێبکەیتەوە." گوێت لێیە میرزادە؟

– تۆ بڵێی وابێ؟ بە هەرحاڵ... بۆ ئێمە هیچ فەرقێك ناکات. نە پەیوەندی بە ئێمەوەیە و نە کێشەی ئێمەیە.

– دروستە! خۆ ئێمە نە کۆمەڵەیەکی نهێنین و نە لە "ماسۆنیانی ئازادین"! تە نانەت پێم سەیرە کە جەنەڕاڵ بەو شەوە هاتبوو، تا ئەو قسەیەم پێ بڵێت.

– گوتت فردیش چینکۆ ڕۆیشتووە؟

– سەعات حەوت، لێرە ڕۆیی. پێش ئەوەی بڕوات، کاتێ کە من بە دیار نەخۆشەکەوە بووم، هات بۆ لام و گوتی شەوێ لەلای ڤلگین دەمێنێتەوە (ئەم ڤلگینە بابایەکی مەی ئالوودەی هەمیشە مەستی بە ناوبانگە). دەی! من دەڕۆم! ئەوەش لوکیان تیموفیچە... لوکیان، میرزادە دەیەوێ بخەوێ، ڕێك بگەڕێوە!

لیبدیف کە تازە هاتبووە ژوورەوە، بەوپەڕی ویقارەوە سڵاوی کرد و گوتی:

– تەنیا یەك دەقیقە میرزادەی بەڕێز. بە ڕای من مەسەلەکە، مەسەلەیەکی گرینگە.

لیبدیف، بە ئەسپایی ئەو قسانەی کرد، لەوەدەچوو هاتبێ بۆ باسی مەسەلەیەکی ترسناك. تازە بۆ ماڵ گەڕابووەوە، هێشتا نەچووبوو بۆ ژوورەکەی خۆی، شەپقەکەی هێشتا بەدەستەوە بوو. جۆرە خەم و پەژارەیەك بە سیمایەوە دیاربوو. میرزادە خوڵکی کرد کە دانیشێت.

– بیستم دووجار سۆراخت کردووم، لەوە دەچێت هێشتا نیگەرانی فەرتەنە و قەوماوەکەی دوێ شەویت ؟

– مەبەستت ئەو گەنجەی دوێشەوە میرزادە ؟ نا، نا، دوێنێ تا ڕادەیەك حەواسم پەرت بوو. بەڵام ئەمڕۆ وانیم، بە هیچ جۆرێ نامەوێ عینادی و سەرسەختیت دەگەڵدا بکەم...

– عینا... چیت گوت ؟

– گوتم: عینادی. ئەمەش وشەیەکی فەرەنسیە کە وەکو زۆر وشەی دیکەی فەرەنسی کە هاتووەتە ناو زمانی ڕوسیەوە و بوون بە بە شێك لە زمانەکەمان، بەڵام من زۆر گوێی نادەمێ.

میرزادە بەدەم نەرمە بزەیەکەوە گوتی:

– لیبدیف خێرە، وا ئەمڕۆ بەم هەموو ویقار وهەیبەت و جدیەتە قسان دەکەیت؟ قسەکانت دەگێڕی، دەبێژی، ئەوجا دەیوێژی!

لیبدیف، ڕووی کردە کولیا و بە زمانێکی پڕ میهر و سۆز، بە دەنگێکی هەستیاری لەرزۆك گوتی:

– نیکولای ئاردالیونوفیچ! دەمەوێ شتێکی تایبەتی بە میرزادە بڵێم...

– زۆر چاکە... تێگەیشتم!... شتەکە پەیوەندی بە منەوە نیە! خوداحافیز میرزادە.

کولیا بە دەم ئەو قسەیەوە یەکسەر ڕۆیی.

لیبدیف، بەدەم نیگاکردنی کۆلیاوە کە دوور دەکەوتەوە گوتی:

– ئەم کوڕیژگەیەم خۆشدەوێ، بە ڕاستی زیرەکە، زوو لەشت دەگات، زیتەڵ و وریایە، هەرچەند هەندێ منجڕو سەرسەختە. جەنابی میرزادەی مەزن، من تووشی نەگبەتی ونسیبەتێکی گەورە بووم، ئەمشە و بوو یان ئەم بەرە بەیانە.. زۆر لە کاتەکەی دڵنیا نیم.

– خێرە، چ ڕووی داوە ؟

لیبدیف، بە دەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

– میرزادەی مەزن، چوارسەد دانە ڕۆبڵ لە گیرفانی ناوەوەی پاڵتۆکەمدا نەماوە. ڕووتیان کردوومەتەوە!

– چوارسەد ڕۆبڵت گوم کردووە؟ حەیفێ...

– بە تایبەتی بۆ پیاوێکی بێنەوای هەژار کە ئابڕومەندانە بە ڕەنجی شانی خۆی بژی.

– بەڵێ، بەڵێ. باشە ئەمە چۆن ڕووی دا؟

– ئەوەش خێر و بێری مەینۆشی. جا میرزادە من لە دوای خوا تۆ شك دەبەم، پەنام هەوەڵ بۆ خوا و دواتر بۆ تۆ هێناوە. دوێنێ سەعات پێنجی ئێواری، کابرایەکی قەرزار ئەو چوارسەد ڕۆبڵەی بۆ هێنابوومەوە و بە قیتار بۆ ئێرە گەڕامەوە. کیفی ئەوراقەکانم لە گیرفانما بوو. کە جلکە فەرمیەکانم داکەند و چاکەت و پانتۆڵم لەبەرکرد، پارەکەم نایە گیرفانم تا پێم بێ، قەرار بوو شەوێ، بیدەم بە کابرایەکی بزنسمان کە داوای لێکردبووم. چاوەڕوانی هاتنی ئەو پیاوە بووم...

– لیبدیف، کەواتە ڕاستە تۆ لە ڕۆژنامەاندا بڵاوت کردۆتەوە کە قەرز بە ڕەهنی شتی زێڕ یان زیو دەدەیت؟

– قوربان ئەوە لە ڕێگای بابایەکی بزنسمانەوە کراوە، بە ناو و ئەدرەسی منەوە بڵاو نەکراوەتەوە. بە خۆت دەزانی من سەرمایەیەکی ناچیزم هەیە، ڕەشە خێزانێکم بە ملەوەیە، پێموایە تۆش بەوە قایلی کە (سووتێکی) کەم و پیاوانە....

– بە لێ، بەڵێ! من تەنیا بۆ دڵنیایی خۆم ئەو پرسیارەم کرد!... ببورە کە قسەکەم پێبڕیت.

–..ئیدی ئەو بزنسمانەی کە چاوەڕێم دەکرد نەهات. ئەوەبوو ئەو کوڕیژگە داماوەیان بۆ ئێرە هێنا. من لەدوای شێو وەزعم زۆر باش بوو، بە کەیف و بە دەماخ. ئیدی میوانەکانمان هاتن. تۆزی چایمان خواردەوە... ئیدی لە خۆشیا لە پێستی خۆم نەدەهێوریم. ئەوسا، کیللەر درەنگانێ هات و پێی گوتین کە ئەمڕۆساڵیادی لەدایکبوونی جەنابتە و ئەمرت فەرمووە، بەو بۆنەیەوە میوانەکان دەعوەتی شامپانیا بکرێن . جا من میرزادەی ئازیز و بەڕیز دڵێکم هەیە ئەگەر نەڵێم زۆر بە سۆز و میهرەبانە، دەتوانم بە شانازیەوە بڵێم ئەمەکدار و بەوەفا و نمەکناسە (پێموایە جەنابت هەستت بەوە کردووە و شایستەی ئەوە هەم هەستی پێبکەی) جا لەو پێودانگەوە، هەستم کرد لەسەرمە، لەم بۆنە گرینگ و بەنرخەدا و، بۆ ئەوەی عەرزی تەبریك و تەهنیەت بە جەنابت بکەم، جلە ئاساییە شڕەکانم دابکەنم و جلە فەرمی و ڕەسمیەکانم، کە دوای گەیشتنەوەم بۆ ماڵەوە، دامکەند بوو، لەبەر بکەم و لە جەژن و ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوونی جەنابتا خۆمی پێوە ڕابێنم. ئەو کارەم کرد میرزادە. جا ئەگەر ملاحەزەت فەرمووبێ، بە درێژایی ئاهەنگەکە جلکی فەرمیم (یونیفۆرم) لەبەر بوو. بەڵام کە جلەکانم گۆڕی، کیفەکەم لە گیرفانی چاکەتەکەمدا لە بیرچوو. ڕاستیان گوتووە کە خوا بیەوێ کەسێك نابووت بکات، لە پێشا ئەقڵی لێدەسەنێتەوە. کە ئەم بەیانیە، سەعات حەوت و نیو، لە خەو ڕابووم، یەکسەر شێت ئاسا، بەرە و چاکەتەکەم غارم دا. سەیرم کرد گیرفان بە تاڵ و حەتاڵ، نە کیفەکەی تیا ماوە و نە پارە.

– ئاهـ.. کە ئیزعاجە!

لیبدیف، بەجۆرە ڕوپامابییەکەوە گوتی:

– ڕێك وایە، وشەی ئیزعاج پڕ بە پێستییەتی... تۆ بە سەلیقەی جوانی خۆت، ڕێك بەو وشەیە، نیشانەت ئەنگاوت.

میرزادە، کەمێك لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی:

– بە هەرحاڵ، باشە لەمبارەیەوە چ بکرێ؟ مەسەلەکە مەسەلەیەکی جدیە!

– ڕاست دەفەرمووی، جدیە، میرازدە ئەمجارەش ڕێك لە ناوەندی نیشانەت دا. گونجاوترین وشەت بۆ پەیداکرد...

– ئاه، بەسە لوکیان تیموفیوفیچ! نیشانەی چی و ئەنگاوتنی چی! چمان داوە لە وشە و وشەی گونجاو! کێشەکە، کێشەی وشە و زاراوە نیە. کەی ئەوە شتە!. باشە تۆ پێت وانیە کیفەکە لە گیرفانت کەوتبێ و لەبەر سەرخۆشی ئاگات لێ نە بووبێ؟

– لە گینە. سەرخۆشی وەکو جەنابت دەفەرمووی، هەموو شتێکی لێدەوەشێتەوە. بەڵام تۆ خۆت داوەربە! ئەگەر لە کاتی گۆڕینی جلەکانم، لێم کەوتبا، دەبوا لە هەمان شوێن، لە ژوورەکەدا بوایە... ئەدی ئەو کیفە کێوە چوو؟

– تۆ بڵێی نەتخستبێتە چەکمەجەی مێزێکەوە؟

– هەرچەند زۆر چاك لەبیرمە کە نە خستمە هیچ شوێنێکەوە و نە هیچ چەکمەجەیەکیشم کردەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەموو شوێنێکی بۆ گەڕام ، نیە و نیە.

– گەنجینە چکۆلەکەش گەڕایت؟

– یەکەم کار کە کردم ئەوە بوو، ئەم بەیانیە لەجیاتی جارێ چەند جارێ گەڕام... جەنابی میرزادەی پایە بەرز ئاخر بە چ ئەقڵێ من کیف لەوێ دادەنێم؟

– لیبدیف، باوەڕبکە زۆرم پێناخۆشە. یانی تۆ بڵێی یەکێك لە ژوورەوە دۆزیبێتیەوە و هەڵی گرتبێ؟

– یان لە گیرفانمی دەرهێنابێ! ئەم دوو مەزندەیە زیاتر هیچی تر هەڵناگرێت.

– بە ڕاستی زۆر ناخۆشە! باشە تۆ بڵێی کێ ئەم کارەی کردبێت ؟ پرسیارەکە ئەوەیە!

– بێگومان. بە ڕاستی جەنابت، میرزادەی مەزن و پایە بەرز، وشە و بیرۆکەی وا دەدۆزیتەوە ڕێك پڕ بە پێستی واقیعەکەیە،... بە ڕاستی شتی وا هەر لە خۆت دێ..

– ئاه... لوکیان تیموفیوفیچ... بەس پێم ڕابوێرە! ئەم هەموو تانەو تەشەرە بەسە !

لیبدیف، دەستی بەرزکردنەوە و گوتی:

– ڕابواردن، تانەو تەشەر؟

– دەی... دەی.. گوێ مەدەیە.. زویر نابم... من بیر لە شتی تر دەکەمەوە.. من دەترسم گومان لە خەڵکانێك بکرێت. تۆ گومانت لە کێیە؟

– ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە!... دژوارە! ناتوانم گومان لە کارەکەرەکەمان بکەم، بە درێژایی ئەو ماوەیە هەر لە موبەقەکە بوو. خۆ ناشکرێ گومان لە منداڵەکانی خۆیشم بکەم...

– بێگومان .

– کەواتە بەم پێودانگە دەبێ یەکێك لە میوانەکان ئەم کارەی کردبێت.

– باشە شتی وا دەبێت ؟

– من دەزانم شتی وا نابێت و لە مەحاڵ مەحاڵترە! بەڵام مەزەندەش هەر بۆ ئەوە دەچێت. بەڵام وێڕای ئەوەش، قەناعەتی تەواوم وایە ئەگەر مەسەلەی دزی لە ئارادابێ، ئەو دزیە لە گەرمەی ئاهەنگ و شەوبێرییەکەدا، یانی لەو کاتانەدا کە هەموو میوانەکان کۆبوون، ڕووی نەداوە، بەڵکو لە درەنگی شەودا، یان لە بەرە بەیاندا ڕووی داوە، ئەوەی ئەو کارەی کردووە، یەکێك بووە لەوانەی کە لێرە ماونەتەوە.

– ئاه... پەنا بەخوا!...

– هەڵبەتە بوردوفسکی و نیکولای ئاردولیانوفیچ لەم گومانە دەبوێرم، چونکە ئەوان هیچیان نەهاتوونەتە ژوورەکەی من.

– بێگومان، منیش هەمان ڕەئیم هەیە، تە نانەت ئەگەر هاتبنە ژوورەکەشت! کێی دیکە شەوێ لەلای تۆ مایەوە؟

– به منەوە چوار کەس بووین، لە دوو ژووری یەك لە ناو یەکا خەوتین: جەنەڕاڵ، کیللەر، ئاغای فردیش چینکۆ و خۆم. دیارە دەبێ ئەمە کاری یەکێك لەو چوار کەسە بووبێ!

– مەبەستت ئەوەیە کە یەکێك لەو سێ کەسە بووبێ. بەڵام کامیان ؟

– من بۆیە خۆم دەگەڵ ئەواندا حیساب کرد، تا ئینساف و عەدالەتێك لە مەسەلەکەدا ڕەچاو بکەم. هەڵبەتە میرزادە گیان جەنابت باوەڕ دەفەرموویت کە مەحاڵە من دزی لە خۆم بکەم، هەرچەندە لەم دنیایەدا شتی وا بووەو بیستراویشە...

میرزادە، تاقەتی چوو، سەبری سوا، هاواری کرد:

– ئاهـ.. لیبدیف، ئەم هەموو چەنەبازی و درێژدادڕییە چیە ؟ وەرە سەر ئەسڵی مەبەست و بڕایەوە، ئەم هەموو پێچە بە دەورەیە بۆ ؟

– زۆر باشە دەمێنێتەوە سێ نەفەر. با یەکەمجار لە ئاغای کیللەرەوە دەست پێبکەین، ئەم پیاوە جێی متمانە نیە، مەینۆشێکی ئالودەیە، هەندێجار بە لیبڕاڵ حیساب دەکرێت، یانی شەریکی گیرفانی خەڵکیە. وەکو تەبیعەت زیاتر لە سوارچاکی سەردەمانی کۆن دەچێت تا لە لیبڕاڵێکی مۆدێرنی هاوچەرخ بچێت. نیوەی یەکەمی شەوەکەی دەگەڵ ئێمەدا لە ژووری نەخۆشەکە و بە دیار ئەوەوە بەسەر برد، پاشان درەنگانێك بە بیانووی ئەوەی ناتوانێ لەسەر عاردی بنووێت، ڕۆیی.

– ئایا گومانت لەوە؟

– گومانم لێی بوو. کاتێ دوای سەعات حەوت وەکو شێت لە ناو جێگاکەم ڕاپەریم و کێشام بەسەری خۆمدا، یەکسەر چووم جەنەڕاڵم، کە لە غوڕابی خەودا بوو، بێدار کردەوە. کە سەیرمان کرد فردیش چینکۆ، کە خۆی لە خۆیدا جێی گومان بوو، لە جێگاکەیدا نەماوە و ڕۆییوە، زۆرمان پێ سەیر بوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا کردیە کارێك لێی بکەوینە گومانەوە. بە دوو قۆڵی لێبڕاین کیللەر کە وەکو جەنازە لێی کەوتبوو بیشکنین. هەموو گیرفانەکانی گەڕاین، تاقە قرۆشکێکی پێ نەبوو، تەنانەت هەر هەموو گیرفانەکانیشی کون بوون. تاقە گیرفانێکی ساغی نەبوو. لە یەکێك لە گیرفانەکانیا، دەستەسڕێکی کەتانی شینی خانە خانەمان دۆزییەوە، کە پیاو بێزی نەدەهات بە مەقاشیش هەڵیگرێت. نامەیەکی دلداریشمان دۆزییەوە کە کارەکەرێك بۆی ناردبوو وبە هەڕەشەوە داوای پارەی لێدەکرد. هەروەها چەند لاپەڕەیەکیشمان لەو وتارەی کە خوێندیەوە و بەخۆت گوێت لێ بوو، لەلای دۆزییەوە. ئیدی جەنەڕاڵ دڵنیا بوو کە کیللەر بێتاوانە و ئاگای لە

مەحموودی بێ زەواد نیە. بۆ ئەوەی بە تەواوەتی خەیاڵمان ڕەحەت بێ و ئەرخایەن بین، ئەو داماوەمان لە خەو هەستاند، هەڵبەتە بە زەحمەتێکی زۆر توانیمان خەبەری بکەینەوە. کە مەسەلەکەمان بۆ باسکرد، تەقەی سەری دەهات، بە تەواوەتی نە یدەزانی باسی چیدەکەین: لە بەردەمماندا دەمی داچەقاند بوو، هێشتا مەست بوو، سەروسیمای نەك هەر بێگەردی و پاکی، بەڵکو گەوجاتی لێدەباری. کەواتە ئەو نیە!

میرزادە، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و گوتی:

– ئۆخەی... کە خۆشحاڵم! زۆر لەو دەترسام! خەمی ئەوم بوو!

لیبدیف. چاوی بڕییە میرزادە و بە ئەسپایی گوتی:

– خەمی ئەوت بوو؟ بۆچی لەو دەترسایت ؟

میرزادە، بەلەز گوتی:

– نا، نا... هەروا، بێ بیرکردنەوە هات بەدەمما و گوتم ترسم لەوە. تکایە لیبدیف، ئەم قسەیەم بۆ کەس نەگێڕیتەوە.

– میرزادە، میرزادە! دڵنیابە قسەکانت لە دڵما دەمێنن – لە کانگای دڵما نێژراون! لەگەڵ خۆما دەیانبەمە گڵەوە.

لیبدیف، بە دەم ئەو قسانەوە، لێکدا لێکدا کڵاوەکەی دەنایە سەر سینگی خۆی.

میرزادە لێی پرسی:

– زۆر باشە! کەواتە دەبێ فردیش چینکۆ بووبێ، ها؟

لیبدیف، چاوی بڕییە میرزادە و بە دەنگی نزم گوتی:

– ئەدی جگە لەو گومان لە کێی دی بکەم؟

– بەڵێ... بەڵێ... لە کێی دی؟ بەڵام بەڵگەت چیە؟

– بەڵگەم هەیە. یەکەم ڕۆیشتنی وی لە سەعات حەوت یان پێش سەعات حەوتی بەیانی.

– دەزانم: کولیا پێی گوتم کە گوایە فردیش چینکو چووەتە لای کولیا و پێی گوتووە، دەڕوات بۆ لای... .برادەری، ناوەکەیم بیرچووەتەوە و، باقی شەوەکە لەوێندەر، لای ئەو دۆستەی دەباتە سەر.

– لە ماڵی ڤیلگین. کەواتە نیکولای ئاردالیونوفیچ ئەوەی بۆ گێڕاویتەوە؟.

– بە هیچ جۆرێ ناوی دزی نەهێنا.

– نایزانێ، چونکە جارێ شتەکەم شاردووەتەوە. کەواتە چووە بۆ ماڵی ڤیلگین: ئاساییە مەینۆش و ئالوودان پەنا بەرنە لای یەکدی، وەك دەڵێن تەیری گول ئاشق بە داری زەقنەبووتە ئیدی بەلایانەوە گرینگ نیە ئەم کارە لە وەخت و ناوەختا بکەن وانیە ؟ بەڵام لێرەدا سەرەداوێك پەیدا دەبێت کە دەشێت پەیگیری بکرێ. فردیش چینکۆ کە ڕۆیشتووە، ناونیشانێکی بەدەستەوە داوە. جا میرزادە ئێستا گوێ بگرە و بزانە من چی دەڵێم. فردیش چینکۆ بۆچی وای کردووە؟ بۆچی بە تایبەتی چووە بۆ لای نیکولای ئاردالیونوفیچ، هەرچەندە لەسەر ڕێگای نەبووە، تا پێی بڵێ "شەو لەلای فیلگین بە سەردەبات "؟ کێ هەقی بە سەرەوە هەبووە، کێ ویستویەتی بزانێ کە بۆ کوێ دەڕوات، بۆلای ڤیلگین یان بۆ شوینێکی دی؟ بۆ ئەم جارەی لەخۆی داو؟ نا، نا، ئەم ماستە موویەکی تیایە. فێڵێك لەم مەسەلەیەدا هەیە! ئەمە فێڵی بابایەکی دزە! یانی ویستوویەتی بڵێ: " من ئەوەتام، ڕێ گومکێ لە کەس ناکەم، ئیدی چۆن دەشێت گومانی دزیم لێبکرێت ؟ دز بە کەس دەڵێت کێوە دەچێ؟ شوێن و مەکانی خۆی بە کەس دەڵێت؟" ئەمە ئەوپەڕی زیرەکیە، بۆ ئەوەیە هەموو گومانێك لە سەر خۆی لابەرێ. ئەمە ناشتنی جێ پێیە لە لمەڵانا... حاڵی عەرزم هەی میرزادەی پایە بەرز؟

– بەڵێ، بەڵێ گوێم لێتە، حاڵی هەم، بەڵام ئەمە بەڵگەیەکی زۆر لاوازە.

– دەی فەرموو بەڵگەیەکی دی. ئەو ناونیشانەی فردیش چینکۆ بەجێی هێشتووە درۆیە. هەر دوای سەعاتێك، یانی سەری سەعات هەشت، خۆم گەیاندە بەر ماڵی ڤیلگین و لە دەرگام دا. کابرا لەم نزیکانە لە "شەقامی پێنج"دا دەژی. بە ڕێکەوت دەیناسیم. فردیش چینکۆم لەوێندەر نەبینی. بەڵام توانیم بەهەر زەحمەتێ بووە هەندێ شتم لە کارەکەری ماڵەکە کە گوێی گرانە دەست بکەوێ، گوایە سەعاتێ لەوەپێش کابرایەك چووە، هێندە بە توندی لە زەنگی داوە، زەنگەکە شکاوە، بەڵام کارەکەرەکە دەرگای لێنەکردووەتەوە، ئیدی یان لەبەر ئەوە بووە نەیویستووە ڤیلگین لە خەو هەستێنێ، یان حەزی نەکردووە خۆی بڕەنجێنێ و لە جێگا بێتە دەرەوە. ئەمە شتێکی ئاشکرایە و چەند و چوون هەڵناگرێت.

– ئەمە هەموو بەڵگەکانتە ؟ ئەمە کەمە، بەس نیە.

لیبدیف، بە دەم زەردەخەنەیەکی فێڵاوی و، بە دەنگێکی گریان ئامێز و، بەجۆرە نائومێدیەکەوە گوتی:

– ئاخر میرزادە گیان پێم ناڵێی گومان لەکێ بکەم؟

میرزادە، قەدەرێك لە فکران ڕاچوو، ئەوجا بە نیگەرانی و خەمینی گوتی:

– پێویستە جارێکی دی بە وردی ژوورەکان و چەکمەجەکانت بگەڕێی.

لیبدیف، بەوپەڕی خەمباری و بێ دەسەڵاتی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

– گەڕام!

میرزادە، بە تووڕەیی دەستی بە مێزەکەدا کێشاو گوتی:

– ئۆهـ ! ئاخر بۆ جلەکانت گۆڕی ؟

لیبدیف گوتی:

– ئەم پرسیارە، لە کۆمیدیایەکی کۆنەوە وەرگیراوە. بەڵام میرزادەی دلۆڤان، هەستدەکەم زۆر بۆ من پەرۆشی، دڵت بە حاڵم دەسووتێ! من شایستەی ئەوە نیم، مەبەستم ئەوەیە دەبینم هەر بۆ من بەخەمەوە نیت، بەڵکو بە خەمی یارۆی تاوانباریشەوەیت... پەرۆشی ئەو فردیش چینکۆ خویڕییەشی، وانیە ؟ میرزادە، بە حەواسپەرتی و بێزارییەوە قسەکەی پێبڕی:

– بەڵێ... بە ڕاستی... پەستت کردم. باشە تۆ کە ئەوەندە دڵنیایت کە فردیش چینکۆ دزیەکەی لێکردویت، بە تەمای چیبکەیت؟

لیبدیف، بە دەم لالانەوە و پاڕانەوەوە، خۆی بادەدا و گوتی:

– ئاخر میرزادەی بەڕێز، من نایڵێم تۆ بیڵێ، دەبێ لەو زیاتر گومان لە کێ بکەم؟ مەحاڵە بیرم بۆ هیچ کەسێکی دی بچێ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گومانەکە لە فردیش چینکۆ زیاتر دەکات، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە، کە هەبێ و نەبێ کاری ئەوە! ئاخر جگە لەو دەبێ کاری کێ بێ؟ خۆ ناکرێ گومان لە بۆردوفسکی بکەم، هەر خۆت قەبووڵ ناکەیت، ها، ها ؟!

– واز لەم قسە قۆڕانە بێنە!

– یان له جەنەڕاڵ، ها، ها؟

میرزادە، بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە، لەسەر جێگاکەی ،خۆی وەرگێڕا و بە بێتاقەتی گوتی:

– ئەمەشیان بێ مانایە!

– هەڵبەتە بێ مانایە! ها. ها. ها! ئەم جەنەڕاڵە پیاوێکی سەیرە! شتێکی زۆر سەیرم لێبینی، زۆرم بە زەیی پێداهاتەوە. بە دووقۆڵی، هەردوو پەست و خەمبار، چووین بۆ ماڵی ڤیلگین.. تا سۆراخی فردیش چینکۆ بکەین... حەزدەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کاتێ کە بە دزیەکەم زانی یەکسەر چووم جەنەڕاڵم خەبەرکردەوە، زۆر لە من پتر پێی ناخۆش بوو، سیمای گۆڕا، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، زەرد هەڵگەڕا. ئەوجا بە ڕادەیەك پەست و تووڕە بوو کە هەرگیز وێنام نەدەکرد. بە ڕاستی پیاوێکی دڵپاکە، ڕاستە هەندێك درۆزنە، سەری لە درۆیان دەخورێت، بەڵام تا بڵێی بە سۆز و پاك و بێ غەل و غەشە، هێندە ساویلکە و بێگەردە پیاو ناچارە ئەوپەڕی متمانەی پێ بکات، بڕۆ سەری پێ بسپێرە. میرزادە پێموایە پێشتریش پێمگوتوویت کە نەك هەر بەدڵمە، بەڵکو لە کانگای دڵەوە خۆشم دەوێ. لەپڕ لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستا، دوگمەی چاکەتەکەی کردەوە، سینگی بۆ واڵاکردم و گوتی: "وەرە بمپشکنە! تۆ کیللەرت پشکنی، ئەدی بۆ منیش ناپشکنی، خۆ من لەو زیاتر نیم؟ هەق وایە هەمان کار دەگەڵ منیشدا بکەی، با ئەویش دڵی لە خۆی دانەمێنێ !" بە دەم ئەو قسانەوە هەر چوار پەلی دەلەرزین، تەنانەت ڕەنگی بە جۆری زەرد هەڵگەڕابوو، پیاو لێی دەترسا. بە پێکەنینەوە پێم گوت: " گوێ بگرە جەنەڕاڵ، ئەگەر کەسێکی دی قسەی وای دەربارەی تۆ بکردایە، من بە دەستی خۆم سەری خۆم دەبڕی و دەمخستە سەر سینیەکی گەورە و دەمبردە بەردەم ئەو کەسانەی کە گومانیان لە تۆ هەبووە و پێمدەگوتن: ئەم سەرە دەبینن؟ ئامادەم گرێو لەسەر ئەم سەرە بکەم کە جەنەڕاڵ، پیاوی درۆ نیە و لە ملی بدەی درۆ ناکات. من ئامادەم لە پێناوی ئەوا خۆم بخەمە ئاگرەوە. من ئامادەم تا ئەم ڕادەیە و بەم شێوەیە پاکانە بۆ تۆ بکەم !".

ئیدی لەو سەر جادەیە، بە بەرچاوی خەڵکەوە باوەشی پێدا کردم و ما بە سەرما بگری و فرمێسك بڕێژێ، هێندە بە توندی بە خۆوەی گوشیم کۆکە کۆکم پێکەوت و خەریك بوو دەخنکام. گوتی: " تۆ تاقە برادەری تەنگانەی ئەم ڕۆژگارە ڕەشەی کە تێی کەوتووم" بە ڕاستی پیاوێکی هەستیار و بەسۆزە! ئیدی دەرفەتی هێناو بە دەم ڕێوە بە سەرهاتێکی بۆ گێڕامەوە کە لە گەنجیدا بە سەر خۆی هاتبوو، گوتی لە گەنجیدا، گومانی ئەوەی لێکرابوو کە پێنج سەد هەزار ڕۆبڵی دزیوە. بۆ ڕۆژی دوایی سەیری کرد بوو خانوویەك گڕی گرتووە و خەریکە نێڵە نێڵ دەسووتێ،

ڕێك خۆی بە ئاگرەکەدا دابوو و ئەو کۆنتەی، کە بە دزی پێنج سەد هەزار ڕۆبڵەکە تاوانباری کرد بوو، لە ئاگرەکە دەرباز دەکات، هەروەها نینا ئەلکسندروفناشی، کە ئەو سەردەمە هێشتا کیژ بوو و شووی نەکردبوو، دەرباز کردبوو. ئیدی کۆنت، باوەشی پێدا کردبوو و ئەملا و ئەولای ماچ کردبوو، ئیدی جەنەڕاڵ دوای ئەو ڕووداوە دەگەڵ نینا ئەلکسندروفنادا زەماوەند دەکات. ئەو قاسەیەش کە پارەکەی تیا دەبێ، لە نێو دار و پەردووی ماڵە سووتاوەکەدا دەدۆزرێتەوە. ئەم قاسەیە، پۆڵا بوو، دەستکردی ئینگلیز بوو، کۆدی نهێنی خۆی هەبوو، بە ڕێکەوت کەوتبووە ژێر ئەرزی ژورەکەوە (کەس نەیدەزانی چۆن!) ئەگەر ئەو ئاگرە نەبوایە هەرگیز نە دەدۆزرایەوە. دیارە هەر هەموو ئەو حیکایەتە درۆ بوو، بەڵام کە ناوی ئەلکسندروڤنای برد ڕوندك زاییە چاوانی. نینا ئەلکسندروفنا بە ڕاستی ئافرەتێکی سەلار و سەنگین و بەڕێز و بەحورمەتە، هەرچەندە حەز لە چارەی من ناکات.

– یەکتر نا ناسن؟

– زۆر کەم. بەڵام پڕ بەدڵ حەزدەکەم بیناسم، تا بەلای کەمەوە پاکانەی خۆمی لەلا بکەم. نینا ئەلکسندروفنا، بۆیە ڕقی لە منە، چونکە پێی وایە من مێردەکەی بۆ بادەنۆشی هاندەدەم. لە کاتێکا من نەك هانی نادەم، بەڵکو لە هاوڕێی خراپیش دەی پارێزم. ئەمە جگە لەوەی هاوڕێمە، هەر بەینی خۆمانیش بێ، بە تەما نیم قەت دەستبەرداری ببم، بۆ کوێ بڕوات، دەگەڵی دەڕۆم، چونکە ئەو پیاوە تەنیا بە خۆشەویستی کۆنترۆڵ دەکرێت، گرینگ ئەوەیە هەست و سۆزی کۆنترۆڵ بکەی. حاڵی حازر وازی لە ماشقەکەی، لە بێوەژنەکەی کاپتن هێناوە، هەرچەندە ژێرا و ژێر خەریکە بۆی شێت دەبێت و سویێی دەبێتەوە. بگرە هەندێجار کە بیری لێدەکاتەوە، داخی وای بۆ هەڵدەکێشێت کە بۆکڕوزی دەگاتە ئاسمان، بە تایبەتی کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستێ و پێڵاوەکانی لەپێ دەکات. نازانم بۆچی ڕێك لەوکاتەدا بەوجۆرە هەراسان دەبێت و دەهاڕوژێ. کێشەکەی ئەوەیە تاقە قروشێك شك نابات و ناشتوانێ بەبێ پارە بۆلای ئەو ژنە بڕوات، سەگی پێوە دەنێت. میرزادە، تا نها داوای پارەی لە تۆ نەکردووە ؟

– نەخێر، داوای هیچی لێنەکردووم.

– شەرم دەکات. بە تەمایە داوای پارەت لێبکات. لە لای من گوتی بە نیازە ڕووت لێبنێ و داوای پارەت لێبکات. بەڵام زات ناکات، چونکە زۆر نیە قەرزت داوەتێ. بۆیە پێی وایە چیتر قەرزی نادەیتێ. ئەم نهێنییەی لەلای من وەکو دۆستێك درکاندووە.

– ئەی تۆ. پارەی نادەیتێ ؟

– میرزاده، میرزادەی بەڕێز! من نەك پارەو پوول، ئامادەم سەریشم لە پێناوی ئەم پیاوەدا بدەم... هەڵبەتە سەرم نا، چونکە موبالەغەیە. بەڵام ئامادەم ئەگەر پێویست بکا، لە جیاتی ئەو دەرد، کۆکە ڕەشە، پەسیو بگرم، چونکە من بە پیاوێکی ڕەسەن و ئەسڵزادەی دەزانم کە لێکەوتووە. ئەمە بۆچوونی منە دەربارەی ئەو. جا مەسەلەکەی ئەو هەر پارە نیە...

– کەواتە پارەی دەدەیتێ !

– نەخێر، یەك پولیشی نادەمێ، بە خۆیشی دەزانێت کە پارەی نادەمێ. بۆیەش پارەی نادەمێ تا بێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و دروست. لەوەی پتر نەخزێ. حاڵی حازر بەوەوە گرتوویەتی کە دەگەڵما بێت بۆ پترسبۆرگ، بە تەمام بۆ تاقیبکردنی فردیش چینکۆ بڕۆم بۆ پترسبۆرگ، چونکە باوەڕم وایە کە ئێستا لەوێیە. جا جەنەڕاڵ، دەڵێی لەسەر ئاو و ئاگرە، خوا خوایەتی ساتێ زووتر بەڕێ بکەوین، بەڵام من قەناعەتم وایە هەرکە گەیشتە پترسبۆرگ پولێکم پێوە دەنێت و دەچێت بۆ لای ماشقەکەی، بێوەژنەکەی کاپتن. هەر بەینی خۆمان بێ، بە ئانقەست ڕێگەی دەدەم کە بڕوات، چونکە بڕیارمان داوە هەرکە گەیشتینە پایتەخت لێکدی جودا ببینەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتێکی زیاتری دۆزینەوەی (فردیش چینکۆ)مان بۆ بڕەخسێت. بۆیە ڕێی دەدەم بۆ خۆی بڕوات، پاشان لە ناکاوا، وەکو ئەجەلی مۆلەق، لە ماڵی بێوەژنەکەی کاپتندا، دەدەم بە سەریاو لە قافا دەیگرم، بۆیەش ئەمە دەکەم تا لە خۆی تەریق ببێتەوە و بیری بخەمەوە کە خاوەن ماڵ و منداڵە، لە سەرێتی چ وەکو سەرگەڤار و چ وەکو مرۆڤ شەرمی بە خۆی بێت و ڕێز و حورمەتی خۆی بگرێت.

میرزادە، بە دەنگێکی نزم و پڕ لە پەرێشانی و نیگەرانی گوتی:

– لیبدیف، تو ئەو خوایە دابنیشە، فەرتەنەو هەراو هەنگامە مە نێوە!...

– نا، نا، تەنیا دەمەوێ کەمێك لە خۆی تەریق بێتەوە و بزانم دەموچاوی چۆن دەگۆڕێت، چونکە بە سیما و سەرو چاودا زۆرشت دەردەکەوێ، بە تایبەتی بۆ کەسێکی وەکو ئەو! میرزادەی بەڕێز، هەرچەندە من بە خۆم خەمم کەم نیە و بەد بەختی و نسیبەتەکەم بچووك نیە، ناتوانم بیر لەو و لە چاککردنی ئەخلاقی ئەو نەکەمەوە. من تکایەکم لە خزمەتی جەنەبتا هەیە جەنابی میرزادەی ڕێزدار، لێتی ناشارمەوە هەر بۆ ئەوەش هاتوومەتە خزمەتی جەنابت. تۆ ئاشنایەتیت دەگەڵ ماڵباتی جەنەڕاڵدا هەیە و تەنانەت لە ماڵی واندا ژیاوی، خۆزگە میرزادەی مەزن. لەم کارەمدا ئاسانکاریت بۆ دەکردم، تەنیا لە بەرخاتری جەنەڕاڵ و لە پێناوی چاکەی ئەودا..

لیبدیف، بەدەم ئەو قسانەوە، وەکو یەکێك بپاڕێتەوە هەردو دەستی بەپاڵ یەکەوە پان کردەوە.

میرزادە گوتی:

– مەسەلە چیە؟ یانی یارمەتی چیت بدەم؟ لیبدیف، خۆزگە لە نیاز و مەبەستت دەگەیشم و دەمزانی چیت لە خەیاڵایا و بە تەمای چیت... باوەڕبکە، دڵنیابە بە تەواوەتی لە مەبەستت حاڵی نابم.

– تەنیا ئەم باوەڕە هانیدام کە پەنا بێنمە بەر جەنابت کە ڕەنگە بتوانین لە ڕێگای ئەلکسندروڤناوە کارێك بکەین کە جەنابی جەنەڕاڵ بگەڕێنینەوە باوەشی خێزانەکەی و لە ماڵەکەی خۆیدا چاودێرییەکی مکوم و باشی بکەین. مخابن کە من ئاشنایەتیم دەگەڵیاندا نیە... ئەمە جگە لەوەی کە (نیکولای ئاردالیونوفیچ)ش کە تۆی زۆر خۆشدەوێ و هەرماوە بتپەرستێت، بە هەموو جۆش و خرۆشێکی گەنجایەتی خۆیەوە تۆو خاتری تۆی دەوێت، لە گینە بتوانێ یارمەتیمان بدات...

– نا، نا!... بە تەمای نینا ئەلکسندروڤنا لەم کارەوە بگلێنین؟ پەنا بەخوا! تە نانەت کولیاش لەم کارەوە ناگلێنین... بەڵام... لیبدیف، لەوە دەچێ هێشتا پەیم بە نیاز و مەبەستەکەت نەبردبێت. لە مەبەستت حاڵی نەبووبم.

لیبدیف، لەسەر کورسیەکەی هەستاو هاواری کرد:

– حاڵی بوونی ناوێ!... ئەوەی ئەم پیاوە پێویستیەتی تەنیا میهرەبانی و لێکحاڵی بوونە! ئەوە دەواو دەرمانی ئەم نەخۆشەمانە. میرزادە ڕێگەم دەدەی بە نەخۆشی حەساو بکەم؟

– ئەمە دڵپاکی و، زیرەکی و هوشیاری تۆ دەگەیەنێت.

– جا من دەمەوێ بۆچوونەکەی خۆم لەبەر ڕۆشنایی نموونەیەك ڕوون بکەمەوە کە لە ئەزموونی پراکتیکییەوە وەرم گرتووە. تۆ بە خۆت دەزانیت کە ئەم پیاوەی تۆ چ بە شەرێکە. خاڵی هەرە لاوازی وی ئەوەیە کە زۆر ڕموودەی بێوەژنەکەی کاپتنە، کە ئەویش بەبێ پارە، ڕێ بە جەنەڕاڵ نادات و بۆی نایەتە ڕەدا. جا من گەرەکمە ئەمڕۆ بچم بەسەرا و بە تاوانەکەوە و لە قافا بیگرم، هەڵبەتە تەنیا لە بەر قازانجی خۆی ئەمە دەکەم، چونکە بە ڕاستی خێری ئەوم دەوێ. تە نانەت ئەگەر وای دابنەین کە تەنیا مەسەلەی ئەم بێوەژنەی بە دواوە نیە، بەڵکو تاوانی دیکەشی بەدواوە بێ و کاری بێ ئابڕوانە و نەنگینشی کرد بێت (هەرچەندە بە هیچ جۆرێ کاری وای

پێناکرێت و لێ ناوەشێتەوە) من دەڵێم، تە نانەت لە حاڵی واشدا، دەتوانین لە ڕێگای دلۆڤانی و میهرەبانییەوە چاکی بکەین، بیهێنینەوە سەر ڕێگا، چونکە زۆر هەست ناسکە و میهرەبان و دڵپاکە! قسەی دەم و دڵی یەکە! باوەڕبکە ناتوانێ هیچ نهێنییەك لە پێنج ڕۆژ پتر لە دڵی خۆیدا هەڵگرێت، دوای پێنج ڕۆژ بە خۆی دێت، بە دەم فرمێسك ڕشتنەوە گرێی دڵی خۆیت بۆ دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر بە دلۆڤانی و میهرەبانی و ڕووخۆشی بیدوێنین و بەرخودی دەگەڵ بکەین. بە تایبەتی ئەگەر ئێوە، تۆو ئەندامانی خێزانەکەی بتوانن، بە بەردەوامی چاودێری کارو ڕەفتارەکانی بکەن میرزادەی دڵپاك!

ئەوسا، لیبدیف، وەکو ئەوەی لەپڕ سروشی بۆ هاتبێ، لە سەر کورسیەکەی ڕاپەڕی و گوتی:

– هەڵبەتە من سوور نیم لە سەر ئەوەی کە ئەم کارە هەر دەبێ بکرێت... من ئێستاش ئامادەم لە پێناوی ئەودا خۆم بەخت بکەم... هەڵبەتە تۆ لە من باشتر دەزانی ئەم فسق و فجور و مەینۆشی و بێوەژ نبازیەی ئەو دەستی داوەتێ، لەوەیە شتی زۆر خراتری لێبکەوێتەوە..

میرزادە بەدەم هەستانەوە گوتی:

– بێگومان، من حەزدەکەم لەم ڕووەوە یارمەتیت بدەم. بەڵام لیبدیف لێتی ناشارمەوە کە ترسێکی گەورەم لە دڵدایە، هەست بە نیگەرانی دەکەم. حەزدەکەم ڕێك و ڕەوان پێم بڵێی، بزانم وەکو خۆت گوتت، ئایا هێشتا هەر گومانت لە ئاغای فردیش چینکۆیە؟

لیبدیف، دیسان، بە دەم بزەیەکی شیرینەوە، دەستەکانی لێکدی هەڵسوون و گوتی:

– ئەگەر گومانم لەو نەبێ، گومانم لە کێ بێ میرزادەی دڵسۆز و ڕاستگۆ؟ کێی تر هەیە کە گومانی لێبکرێ؟

میرزادە، برۆکانی وێکهێنانەوە و لەجێی خۆی هەستا. ئەوسا گوتی:

– لوکیان تیموفیوفیچ، گومانی هەڵە لەم جۆرە مەسەلانەدا یەجگار قەباحەتە. ئەم فردیش چینکۆیە... نامەوێ لە عەلەیی ئەو بدوێم... بەڵام ئەم فردیش چینکۆیە... کێ دەزانێ؟ کێ دەتوانێ بڵێ: لەوەیە ئیشی ئەو بێت!... مەبەستم ئەمەیە کە ڕەنگە ئەم کارە پتر لەو بوەشێتەوە تا لە هەر کەسێکی دی.

لیبدیف، سەراپای بووبوو بە چاو و گوێ. میرزادە، کە بە نیگەرانی و پەستی بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، هەوڵی دەدا خۆی لە تەمەشاکردنی لیبدیف بپارێزێ، گوتی:

– ئەوەندەی من بیستوومە، ئەم ئاغای فردیش چینکۆیە، سەرباری هەموو شتێکی، یەکێکە لەو پیاوانەی کە دەبێ سڵی لێبکرێ و نابێ هەموو قسەیەکی لەلا بکرێت. تێگەیشتی؟ من بۆیە ئەمەت بۆ دەگێڕمەوە کە ڕەنگە ئەو کارە زیاتر لەو بوەشێتەوە تا لە کەسێکی دی. کە ئەمەشت بۆ دەگێڕمەوە بۆ ئەوەیە کە بە هەڵەدا نەچی، تێگەیشتی؟

لیبدیف، زۆر بە پەرۆشەوە پرسی:

– کی ئەمەی دەربارەی ئاغای فردیش چینکۆ بۆ گێڕاویتەوە؟ لە کێت بیستووە؟

– یەکێك لە لاوە دای بە گوێما، هەرچەندە من باوەڕناکەم... (زۆرم پێناخۆشە کە ناچار بووم ئەو قسەیەت بۆ بگێڕمەوە، من دڵنیات دەکەم کە بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەو قسەیە نیە) یەکێکە لە قسەڵۆکە بێبنج و بناوانەکان.... پەح... کە کەرێتیم کرد ئەو قسەیەم گێڕایەوە!...

لیبدیف، بە دەم هەڵچوونەوە گوتی:

– میرزادە، ئەمە هەواڵێکی زۆر گرینگە، بە تایبەتی لەم کاتەدا و بۆ ئەم کاتە. نەك لە بارەی ئاغای فردیش چینکۆوە، بەڵکو لە ڕووی سەرچاوەکەیەوە..

لیبدیف، بە دەم ئەو قسەیەوە، بە ناو ژوورەکەدا کەوتە شانبەشانی میرزادە و دەیویست هەنگاو بە هەنگاو دەگەڵیا بڕوات... گوتی:

– تەمەشا میرزادە، هەنوکە نۆرەی منە شتێك بە تۆ بڵێم: ئەم بەیانیە، کاتێ ئێمە بە دوو قۆڵی، مـن و جەنـەراڵ، دەچـووین بـۆ مـاڵی ڤـیلگین، جەنـەڕاڵ دوای گێڕانـەوەی حیکایـەتی ئاگرکەوتنەوەکە، بە دەم جۆش و خرۆشی توڕەییەوە، لەپڕ کەوتە باسی ئاغای فردیش چینکۆ، هەمان ئەم شتەی گێڕایەوە، بەڵام ئەوەندە بە بێ سەروبەری و ئاڵۆزی و ناشیانە گێڕایەوە، ناچاربووم چەند پرسیارێکی لێبکەم. لە وەڵامەکانیا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تێکڕای مەسەلەکان وەهمن و زادەی خەیاڵ و خەیاڵدانی بەپیتی خۆین. بۆیەش درۆ دەکات، چونکە ناتوانێ نهێنی دڵی خۆی بپارێزێت و ئەوەی لە دڵیدایە دەری نە بڕێت. جا لێرەدا من ئەم پرسیارە لە جەنابت دەکەم و خۆت دەکەم بە داوەر: باشە ئەگەر جەنەڕاڵ درۆی کردبێت کە من دڵنیام لەمە، ئەدی چۆن هەمان درۆی ئەو بەر گوێی تۆش کەوتووە؟ میرزادە تۆ بە خۆت دەزانی، درۆ بۆ جەنەڕاڵ وەکو ئاوخواردنەوە وایە. درۆکەی ئەو زادەی ئەو ساتە بوو، سروش و ئیلهامی ئەو ساتە بوو، کێ ئەم درۆیەی گەیاندە تۆ؟ ئەمە خاڵێکی گرینگە... و دەشێت بگوترێ...

– کولیا ئەو قسەیەی بۆ من گێڕایەوە، قسەکەشی لە بابی بیستبوو، لە بەینی سەعات شەش و حەوتا کە کەس نازانێ بۆ لەو کاتەدا لە مەدەخەلەکە هاتبووە دەرەوە.

میرزادە، حاڵ و حیکایەتەکەی، لە سیر تا پیازی، بۆ لیبدیف گێڕایەوە.

لیبدیف، کە لە خۆشیان، دەستەکانی هەڵدەگلۆفی و لە دڵی خۆیدا و بە بێدەنگی، گوتی:

– ئۆیف،.. ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە دەشێت پێی بگوترێ سەرەداو... من بۆ شتێکی وا دەگەڕام!... مانای وایە جەنابی با سەعادەتیان نزیکەی سەعات شەش خەوی ئارامی خۆی زڕاندووە تا بڕوات کوڕە ئازیزەکەی بێدار بکاتەوە و پێی بڵێ کە دۆستایەتی و هاوڕێتی فردیش چینکۆ باش نیە و پیاو تووشی گێچەڵ و گۆبەنان دەکات! پەح لە ترسناکی فردیش چینکۆ و لە دڵسۆزی باوکایەتی جەنابی با سەعادەتیان! ها، ها، ها!...

میرزادە، بە ناڕەحەتییەکی لە ڕادە بەدەرەوە گوتی:

– گوێ بگرە لیبدیف، گوێ بگرە: پێویستە زۆر بە ئاقڵی کار بکەین. فەرتەنەو هەراو هەنگامە مەنەوە ! لیبدیف تکات لێدەکەم... پیاوی چاك بە... ئەگەر ئاقڵانە کار بکەیت، بەڵێنت دەدەمێ کە یارمەتیت دەدەم، بەڵام بە مەرجێ کەس هیچ شتێك نەزانێ!

لیبدیف، بە هەڵچوونێکی ڕاستەقینەوە گوتی:

– خەمت نەبێ میرزادەی دڵپاك و دڵسۆز و مەردو ڕەند، لەم ڕووەوە ئەرخایەن بە، خەیاڵت ئاسوودە بێت کە مەگەر گڵ ئەم قسانەم لە زار ببیستێ! بە دوو قۆڵی، بە بێدەنگی، بێ خشپە کار دەکەین. میرزادەی پایەبەرز من ئامادەم خوێنی خۆم بدەم. ڕەنگە من لە ڕووی دەروونی و لە ناخا بچووك بم. بەڵام لە هەر کەسێك بپرسیت، تە نانەت لە کەسێکی بودەڵە و بێ شەرەفیش، چ جای لە کەسێکی بچووك بپرسیت، حەزدەکات دەگەڵ کێدا کار بکات ؟ دەگەڵ بێ ئابڕوو وخوێڕی و بێبارێکی وەکو خۆیدا یان دەگەڵ کەسێکی نەفس بەرزی، دڵپاکی، دڵسۆزی وەکو تۆدا ؟ هەڵبەتە لە وەڵاما دەڵێت دەگەڵ کەسێتی دووەمدا ! جا سەرکەوتنی چاکە و گەورەیی لەمەدایە! بە خوات دەسپێرم میرزادەی بە ڕێزو حورمەت، پێکەوە و بە شێنەیی کاردەکەین.. بەکاوەخۆ و بە بێدەنگی!

فەسڵی دەیەم

میرزادە ئاقیبەت لەوە حاڵی بوو کە بۆچی هەر جارێ دەستی بۆ ئەو سێ نامەیە دەبرد، ئازای دەتەزی، بۆچی حەزی دەکرد، خوێندنەوەیان بۆ شەوێ دوابخات. بەیانی بێئەوەی خۆی یەکلایی بکاتەوە و بوێرێ هیچ یەکێك لەو سێ نامەیە بکاتەوە، لە سەر تەختەکەی پاڵکەوت، خەوێکی قورس و ناخۆشی لێکەوت، خەونێکی ناخۆشی دیکەی بینی، لەو خەونەیدا هەمان (ئافرەتی تاوانبار)ی بینییەوە. بە دیاریەوە وەستا، بە دەم تەمەشاکردنیەوە فرمێسك بەسەر برژانگە درێژەکانیەوە دەدرەوشایەوە. دیسان داوای لێدەکرد کە دوای بکەوێت. وەکو دوێنێ شەو بە یادی سیمای خەمینی ئەو ژنەوە لە خەو ڕابوو بوو، ویستبووی دوای بکەوێ، بەڵام نەی توانی بوو، پێی ڕێی دانەگرتبوو، ئەنجام بە نیمچە نائومێدییەکەوە نامەکان دەکاتەوە و دەکەوێتە خوێندنەوەیان. نامەکانیش لە جۆرە خەونێك دەچوون. پیاو هەندێجار خەونی سەیر و نا ئاسایی دەبینێ، خەونی باوەڕنەکردەنی. کە خەبەری دەبێتەوە بە ڕوونی خەونەکەی دێتەوە یاد و سەری سوڕدەمێنێ. بیرت دەکەوێتەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن کۆمەڵێك پیاوکوژو شەقاوەوە دەورە درابووی، کە بەوپەڕی لێزانی و فێڵبازییەوە، نیازی خۆیان لێدەشاردیتەوە و دۆستانە ڕەفتاریان دەگەڵ دەکردیت، لە کاتێکا چەکەکانیان لەسەر پێ بوو و تەنیا چاوەڕوانی ئاماژەیەك بوون، کە پڕت بدەنێ و لە نێوت بەرن، بەڵام لە بیرتە کە بە درێژایی خەونەکە بۆ تاقە ساتێکیش لە خۆت بیئاگا نەبوویت، هەوڵت دەدا بەوپەڕی وریایی هەڵیان بخەڵەتێنی، خۆتیان لێبدزیتەوە، بەر چاویان نەکەوی، بەڵام دوایی بۆت دەردەکەوت کە بە فێڵەکەتیان زانیوە، بە ئانقەست وا دەنوێنن کە بە پەناگاکەت نازانن، نەهگێ پەنات دەبردە بەر فێڵێکی دی، تا گومڕایان بکەیت. هەر هەموو ئەمانەت بە ڕوونی لە بیرن و دێنەوە بیرت. بەڵام چۆن ئەقڵت، لەو ماوەیەدا ئەو هەموو وەهم و خەیاڵە توڕەهاتانەی ئەو خەونەی قەبووڵ دەکرد؟ یەکێك لە بکوژەکان، بە بەرچاوتەوە دەبێ بە ژن، پاشان هەر ئەم ژنە بە بەرچاوی خۆتەوە دەبێ بە کورتیلەیەکی قەمووری ڕەزا گرانی قێزەون، کەچی تۆ، یەکسەر هەر هەموو ئەمە، بە شێوەیەکی ئاسایی، بێ چەندوچوون، بێهیچ سەرسامیەك، لە کاتێکا وەکو واقیع قەبووڵ دەکەی، کە هۆش و زەین و ئەقڵت، لە ترۆپکی کارکردنی خۆیدایە ولە هەموو شتێك دەگات، زنجیرەی ڕووداوەکان و لۆژیکی کارو بارەکان تێدەگات و درك دەکات؟

یان بۆچی کاتیَ که لەخەو بێدار دەبیتەوە و دەگەڕێیتەوە ناو ژیانی واقیعی، زۆربەی کات و هەندێجار زۆر بە جدی وا هەست دەکەیت لەگەزو مەتەڵۆکێکی ئاسیَ و لە حەل نەهاتووت لە خەوەکەدا لیَ بەجێماوە ؟ هەڵبەتە پێکەنینت بە بیَ مانایی و مەحاڵی خەوەکەت دێت، کەچی لە هەمان کاتدا وا هەست دەکەیت بیرێکی واقیعی تەواو... بیرێك کە بە شێکە لە ژیانی ڕاستەقینەت، بیرێك کە بە ڕاستی بوونی هەیە و هەمیشە لە دلَ و نیهادتدا هەبووە، ئاوێتەی ئەم وەهم و خەیاڵات و خەونە ئاجڕ و باجڕەیە. ئیدی وەکو ئەوەی خەونەکەت بووبیَ بەسەرچاوەیەکی سروش و ئیلهام شتێکی تازەی بۆ کەشف کردبیت کە چاوەڕوانی بوویت! کاریگەریی ئەمەت چ بە باری خۆشیا و چ بەباری ناخۆشیدا بە زەقی پێوە دیارە، کەچی ناتوانی لێی تێبگەیت، یان بزانی سڕی ئەمە چیە ! میرزادە، پاش خوێندنەوەی نامەکان لە حاڵەتێکی فیکری لەو جۆرەدا بوو. بەڵام تە نانەت پێش کردنەوەی نامەکانیش، هەستی دەکرد ئەم نامانە بارێکی قورسن بە سەر شانیەوە، لە خەوێکی قورس و مۆتەکەیەکی بە ئازار دەچن. ئەو شەوە، کە لەو دەوروبەرە، سەرگەردان و تەنیا دەسوڕایەوە (هەندێجار نەیدەزانی کێوە دەچێت) لە خۆی پرسی باشە ئەم "ژنە" چۆن توانیوویەتی لەخۆیەوە نامە بۆ ئەم "کیژە" بنووسێت، چۆن توانیویەتی سەبارەت "بەم مەوزوعە" شتی بۆ بنووسێت، چۆن ئەم بیرە شێتانەیەی بە مێشکدا هاتبوو؟ ئیدی ئەم بیر و خەیاڵە جۆرە واقیعیەتێکی پەیدا کردبوو، ئەوەی میرزادەی لە هەموو شتێك پتر سەرسام دەکرد، ئەوە بوو کە بە دەم خوێندنەوەی نامەکانەوە، جۆرە قەناعەتێکی لا دروست بوو بوو کە ئەم خەونە لە گینە، ئاساییە. بەڵیَ ڕاستە کە ئەمە خەونە. مۆتەکەو کابووسە، شێتایەتیە، بەڵام بۆ نەگبەتی جۆرە واقیعیەتێکی بە ژان و سویَ و باوەڕنەکردەنی تێدا بوو، کە هەر هەموو ئەو خەون و مۆتەکەو شێتایەتییەی دەسڕییەوە و جۆرە ڕەوایەتییەکی پێدەبەخشی.

میرزادە، دوای خوێندنەوەی نامەکان، چەندین سەعات هایم و حەیران، بیری لە ناوەڕۆکیان دەکردەوە. هەرجارەی بەشێکی ئەو نامانەی وەبیر خۆ دێنایەوە، لە زەینی خۆیدا دەوری دەکردنەوە، وردی دەکردنەوە، وەردی دەدانەوە، لێیان ڕادەما. هەندێجار دەگەییە حاڵەتێك کە لە دلی خۆیدا بلیَ پێشتر ئاگای لە هەموو ئەم شتانە هەبووە، پێشبینی کردوون. هەندێجار وای وێنا دەکرد، کاتی خۆی، لە ڕابردوویەکی دوورا ئەم نامانەی خوێندووەتەوە، ئیدی لەوساوە،هەر داخ و کەسەرێکی چەشتووە، هەر پەشێوی و پەرێشانیەك بەرۆکی گرتووە، هەر ترس و ناخۆشیەکی بەسەر هاتووە. هەر هەمووی لەم نامانەدا، کە گوایە زۆر لە مێژ بوو خوێندبوونیەوە، تۆمار کراون.

یەکەمین نامە بەمجۆرە دەستی پێدەکرد:

" کاتێ ئەم نامەیە دەکەیتەوە، یەکەمجار تەمەشای ئیمزای پاینی نامەکە بکە. ئەم ئیمزایە هەموو شتێکت پێ دەڵێت و گشت شتێکت، بۆ ڕوون دەکاتەوە و تێت دەگەیەنێت، بۆیە پێویست ناکات ناوی خۆمت پێ بڵێم یان هیچ شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە یان شەرم لەم کارەی خۆم بکەم. ئەگەر من بە ئاستەمێکیش لە ئاست و پایەی تۆدابام، هەقی خۆت بوو ئەم پڕکێشی و گوساخی و ڕوو قایمیەی من بە تەوهین بزانی، بەڵام من لە کوێ و تۆ لە کوێ؟ ئێمە دوو خاڵی ڕێک پێچەوانەی یەکترین، من لەچاو تۆدا هێندە بچووکم، کە ئەگەر بشمەوێ، لە کەرامەتت بدەم و سووکایەتیت پێبکەم، هەر ناتوانم".

لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێت:

"ئەم قسانەم بە زادەی جۆش و خرۆشی مێشکێکی نەخۆش نەزانیت. ئاخر چبکەم من تۆ بە نموونە و خودی کەماڵ دەزانم ! تۆم دیتووە و هەموو ڕۆژ دەتبینم، من حەددی وەسف کردنی تۆم نیە. وەکو گوتم تۆ بە کەماڵی ڕووت وخاڵیسە دەزانم، ئەم قەناعەتەم زادەی ئەقڵ و بیرکردنەوە نیە، بەڵکو زادەی باوەڕێکی سادەیە. بەڵام گوناحێکم دەربارەت کردووە: ئەم گوناحەش ئەوەیە کە خۆشم دەوێی. کەماڵ، بابەتی ئەشق نیە، ناشێت ببێ بە بابەتی ئەشق و خۆشەویستی، ئەوەندە بەسە بزانیت ئەمە کەماڵە و تەواو. تۆش پێت وانیە ؟ کەچی وێڕای ئەوەش خۆشم دەوێی، هەرچەندە ئەشق خەڵکی یەکسان دەکات. بەڵام نیگەران مەبە، دڵ لە دڵ مەدە: من تەنانەت لە ناخی ناخیشما، لە نهێنی ترین هزرینی خۆمیشا، ڕێ بە خۆ نادەم خۆم بە هاوتای تۆ بژمێرم، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆم دەگەڵتا بەراورد نەکردووە. گوتم "نیگەران مەبە، دڵ لە دڵ مەدە" تۆ بڵێی دڵم بێت نیگەرانت بکەم؟ ئەگەر شتی وا ڕوو بدات، ئامادەم ئەو خاکە ماچ بکەم کە پێی پێدا دەنەیت. من قەتاو قەت خۆم بە هاوتای تۆ نازانم. بڕوانە ئیمزایەکەی پاینی نامەکە، کچی باش لەزێکە بڕوانە ئیمزایەکە !"

ئەم ژنە لە نامەکەی دیدا نووسی بووی:

"بە هەرحاڵ، هەستدەکەم من خەریکم ئێوە، هەردووکتان یەکدەخم بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە تۆ بپرسم: کچی باش ئایا تۆ ئەو پیاوەت خۆشدەوێ؟ ئەو، کە لە ژیانیا تۆی نەدیتبوو، لە گەڵ یەکەم دیدارا ئاشقت بوو. بوویت بە " نوور و ڕوناکی" و خەیاڵدانیت کرد بە چراخان. ئەمە دەقی قسەکانی خۆیەتی، ئەمەم لە زاری خۆیەوە بیست. بەڵام بەبێ ئەو قسانەش دەمزانی کە تۆ

ڕوناكی ژیانی ئەویت. من یەك مانگی تەواو دەگەڵیا ژیاوم، لەو ماوەیەدا بۆم دەركەوت كە تۆش خۆشت دەوێ. بە بۆچوونی من، ئێوە، تۆ و ئەو یەكێكن نەك دووان".

لە درێژەی نامەكەدا دەڵێت:

"یانی چی؟ دوێنێ كە بە لاتاندا ڕەت بووم هەستم كرد سوور بوویتەوە، بۆچی؟ نا، مەحاڵە، شتی وا نابێ، دەبێ من بە هەڵە وام وێنا كردبێ. تۆ ئەگەر بۆ قێزەونترین جندەخانەش بەرن، سووكترین ڕیسواییت نیشان بدەن، نابێ سوور ببیتەوە: نابێ گوێ بە هیچ ئیهانەیەك بدەیت. ڕەنگە هەموو خەڵكێكی سووك و ڕیسوا ببوغزێنی، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی خۆت ڕقت لێیانە، یانی لە ڕوانگەی ڕقی شەخسیەوە نایان بوغزێنی، بەڵكو لە ڕووی بەزەییەوە بە خەڵكی، بەو خەڵكەی ئەوانە سووكایەتیان پێدەكەن. چونكە تۆ، كەس ڕایەی نیە كەرامەتت ، هەستت بڕوشێنێ و بریندار بكات. دەزانی من هەست دەكەم تۆ دەبێ خۆشت بوێم ؟ تۆ لە دید و نۆڕینی منەوە نەك لە نۆڕینی ئەوەوە: گیانێكی لە ڕوناكی. دیارە فریشتە ناتوانێ بوغزن بێ، ڕقی لە كەس بێت، بەڵكو مەحكومە بە خۆشەویستی و بەس. زۆرجار لە خۆم پرسیوە ئایا كەس هەیە بتوانێ هەر هەموو هاوڕەگەزانی بەشەری خۆی ، بێئەوەی كەس ببوێرێ، خۆش بوێ؟ هەڵبەتە: نەو. شتی وا لە ئارادا نیە! و شتی وا نە ئاساییە و نە سروشتیە. بەشەردۆستی و خۆشەویستی مرۆڤایەتی، قسەیەكی ڕووتە، مرۆڤ لە میانەیەوە تەنیا خۆی خۆش دەوێ. جا ئەگەر ئەم جۆرە خۆشەویستیە بۆ ئێمەمانان مەحاڵ بێت، ئەوا بۆ تۆ شتێكی دییە، هیچ مەحاڵ نیە. ئاخر چۆن دەبێ هەموو تیرەی بە شەرت خۆش نەوێت، مادامێكی لە سەرووی بەشەرەوەیت، كەس نەگاتە ئاستی تۆ و لە هەر ئیهانەیەك باڵاتر بیت! تەنیا تۆ دەتوانی بە دوور لە هەر خۆپەرستیەك خەڵكت خۆش بوێت. تەنیا تۆ دەتوانی خۆشەویستی بكەیت، نەك لە پێناوی خۆتا بەڵكو لەپێناوی ئەو كەسەدا كە خۆشت دەوێ. ئاهـ... چەندم لە دڵ گران دەبێت، ئەگەر هەست بكەم یان بزانم بە هۆی منەوە هەست بە شەرمەزاری یان تووڕەیی بكەیت! ئەگەر شتی وەها ڕوویدات، دەكاتە تیاچوونی تۆ، چونكە لەو حاڵەتەدا دێیتە خوارەوە بۆ ئاستی من!...

"دوێنێ دوای ئەوەی بینیمیت، چوومەوە بۆ ماڵێ و وێنەیەكی تایبەتیم لەبەرچاوی خۆما بەرجەستە كرد. نیگاركێشان، تێكڕا، هەمیشە مەسیح بە گوێرەی حیكایەتەكانی ئینجیل، وێنە دەكێشن. بەڵام ئەگەر من لە جیاتی ئەوان بام، یان قەرار بوایە من وێنەی مەسیح بكێشم بە جۆرێكی دی دەمكێشا: بە تەنیا دەمكێشا و (ئاخر مورید و یاوەرەكانی هەندێجار بە تەنیا بەجێیان دەهێشت) تەنیا یەك منداڵی چكۆلەم لەلایەوە دادەنا. كە لەنزیكیەوە یاری بكات و وا

بنوێنیٚ کە بە زمانی منداڵانەی خۆی شتێکی بۆ گێڕاوەتەوەو مەسیح بە دڵ گوێی لێگرتووە و هەنووکە لەگڕ فکران ڕاچووە و هێشتا دەستی بەسەر قژی زەرد و ڕوناکی منداڵەکەوەیە و لە بیری چووە دەستی لابدات. نیگای بڕیوەتە دوور، ئاسۆ. بیرێکی بێ پایان، بە ئەندازەی بێ پایانی گەردوون، لە چاوانیا ڕەنگی داوەتەوە و سیمای نوقمی خەمە. منداڵەکە کڕوکپ، ئانیشکی داداوەتە سەر زرانی مەسیح، لا ڕوومەتی خستوەتە سەر لەپە چکۆلەکەی خۆی و سەری بەرزکردوەتەوە و، بە هەمان شێوەی کە هەندێجار منداڵنی چکۆلە تەمەشا دەکەن، بەو ئاوایە دەڕوانێتە مەسیح. هەتا و بەرەو کەل دەڕوات... ئەمە ئەو وێنەیەیە کە دەشیا من بیکێشم! تۆ کەسێکی بێگەردی و، کەماڵی تۆ لە پاکی و بێگەردیتایە. ئاه... تەنیا ئەمەت لە بیر بێت! ئاخر ئەشقی من، سۆز و ئەڤینی من بۆ تۆ چ بایەخێکی هەیە؟ تۆ ئیدی لەمڕۆ بەدواوە هی منی، هەتا ماوم لە نزیکی تۆ دەبم — من بەم زووانە دەمرم".

ئەو ژنە لە دوا نامەدا نووسیبووی:

"توبی توخودا، گومانی خراپم لێمەکە! وا نەزانی کە من بە مەبەستی خۆشکێنی نامەت بۆ دەنووسم یان یەکێکم لەوانەی کە لەزەت لە خۆشکێنی دەبینن و خۆیانی پێوە ڕادەنەن. نا. من جۆرە ئارامیەکی پێ پەیدا دەکەم، هەرچەندە زۆر زەحمەتە بتوانم ئەو ئارامیەت بۆ شرۆڤە بکەم، شرۆڤە کردنی تە نانەت بۆ خودی خۆیشم هەر زەحمەتە، هەرچەندە ئەمەش بۆ خۆی و لە خۆیدا بۆ من کێشەیەکە و سەرچاوەی عەزابە. بەڵام ئەوەندە دەزانم، من تە نانەت لە حاڵی غرووری شێتانەشدا ! ناتوانم خۆشکێنی بکەم. یانی خۆشکێنی لە مەزەبی مندا نیە. تەنانەت لە عوٚدەی ئەو خۆشکێنییەش نایەم کە لە دڵپاکی و بێگەردییەوە هەڵدەقوڵێت. بە کورتیەکەی نە بەم شێوەیە و نە بەو شێوەیە خۆشکێنی ناکەم.

"بۆچی لێبڕاوم ئێوە بگەیەنمە یەکدی ؟ لەبەر ئێوەیە یان لەبەر خۆمە ؟ بێگومان لەبەر خۆمە. چونکە لە مێژە بەخۆمم گوتووە کە کلیلی کردنەوەی دەرگا و چارەسەری گشت کێشەکانم لەمەدایە. زانیومە کە ئادیلایدی خوشکت جارێکیان کە وێنەیەکی منی دیتووە، گوتوویەتی، ئینسان دەتوانیٚ بەم جوانیەوە دنیا بهەژێنیٚ، شۆڕشێك بەرپا بکات. بەڵام من وازم لە دنیا هێناوە، چاوم لە دنیا پۆشیوە. ڕەنگە گاڵتەت پێم بێ کە ئەم قسەیەت بۆ دەنووسم، چونکە بەجلی ئاڵا و واڵا و سەراپا خشڵەوە دەگەڵ بەرەڵڵا و مەست و سەرخۆشاندا دەمبینی. وانیە؟ تکا دەکەم ئەم شتانە بەهەند مەگرە. چونکە من دەزانم لێبومەتەوە و ژیانم بەرەو نەمانە، من ئەمە چاك دەزانم و لێی بێئاگا نیم. مەگەر هەر خوا بزانیٚ کێ لە جێی من لە جێی منی ڕاستەقینە، لە

دەروونما ئاكنجی بووە. من هەموو ڕۆژێ قەدەر و چارەنووسی خۆم لەو چاوە ترسناكانەدا دەخوێنمەوە كە بەردەوام بڕاونەتە من، تە نانەت ئەو كات و دەمانەش كە لێمەوە دیارنین و لەبەردەممدا نین. ئەم چاوانە بێدەنگن (هەمیشە بێدەنگن) بەڵام من لە ڕازیان بە ئاگام. ماڵەكەی یەكپارچە بێزاری و دڵتەنگیە. ئەم ماڵە ڕازو نهێنییەكی لە خۆدا حەشارداوە. من دڵنیام كە لە یەكێك لە جەكمەجەكانی خۆیدا كێردێكی حەشارداوە، لە حەریرێكی پێچاوە، ڕێك وەكو ئەو بكوژە مۆسكۆییەی كە ئەویش لە ماڵێكی وەهادا دەگەڵ دایكیا دەژیا و كێردێكی هەبوو لە ئاوریشمیەوە پێچا بوو و ئامادە بوو بۆ بڕینی هەر گەرویەك، تینووی خوێن بوو. بە درێژایی هەموو ئەو ماوەیەی لە ماڵی ئەواندا بەسەرم برد، هەمیشە بیرم لای ئەوە بوو كە لەوەیە لە شوێنێكی ماڵەكەیاندا، لە ژێر عاردیدا، جەنازەیەك شاردرابێتەوە، باوكی لەو شوێنەدا، وەكو ئەو جەنازەیەی كە لە مۆسكۆدا دۆزرایەوە،لە مشەمایەكیەوە پێچابێ و شاردبێتیەوە و وەكو جیدانۆف چواردەوری بە شووشە دەرمانی دژەبۆگەنی گرتبێت. تە نانەت دەتوانم ئەو شوێنەشت نیشان بدەم كە ڕەنگە جەنازەكەی تیا شاردرابێتەوە. ئەو هەمیشە بێدەنگ و خامۆشە، بەڵام دەزانم ئەوەندەی خۆش دەوێم كە مەحاڵە ئەم خۆشەویستیە نەگۆڕێت و نەبێت بە ڕق و كینە. ئیدی زەماوەندەكەی ئێوە و زەماوەندەكەی ئێمە لە یەك ڕۆژدا دەبێت. لەسەر ئەمە ڕێكەوتووین. من هیچ شتێك لەو ناشارمەوە. ئەوەندەی لێدەترسم لەوەیە لە ترساندا بیكوژم.... بەڵام پێش ئەوەی من بڕیاری تەواو بدەم، ئەو من دەكوژێت... ئا ئێستا كە بینی ئەم شتە دەنووسم، لە قاقای پێكەنینی دا، ئەو پێی وایە من شێت بووم. دەزانیێ كە نامە بۆ تۆ دەنووسم."

نامەكان، زۆر بیری شێتانەی تری لەم بابەتە بیرانەیان تێدا بوو. یەكێك لە نامەكان، یانی نامەی دووەم كە بەخەتی ورد نووسرا بوو، چوار لاپەڕەی گەورەی خورشیدی گرتبووەوە.

ئەنجام میرزادە لە جەرگەی تاریكی پارك و باخەكە، كە وەكو دوینێ ماوەیەكی زۆر پیاسەی تیا كردبوو، هاتە دەرێ. شەوەكە، لە شەوانی دیكە ڕوناكتر و سافتر دەینواند. لە دڵی خۆیدا گوتی: "تۆ بڵێی هێشتا زووبێ؟" (میرزادە سەعاتەكەی لە بیرچوو بوو). بە خەیاڵی خۆی لە دوورەوە دەنگی مۆزیك دەهات. دووبارە لە دڵی خۆیدا گوتی: "ڕەنگە لە سەیرانگاكەوە بێ. بێگومان، ئەوان ئەمشەو بۆ ئەوێندەر نەچوون." بە دەم ئەو قسەیەوە كاتێ وەخۆهاتەوە سەیری كرد لەبەر ماڵی یەپانچین وەستاوە. بە خۆی هەستی بەوە كردبوو كە دوور نیە ئەم پیاسەیە بیگەیەنێتە ئەوێ. بە دەم دڵە تەپێوە بە پلەكانی بالكۆنەدا هەڵگەڕا. بالكۆنەكە چۆڵ بوو. كەس نەهاتە پێشوازی. هەڵوەستەیەكی كرد و كەمێك چاوەڕوانی كرد. ئەوجا ئەو دەرگایەی كردەوە كە دەچوو بۆ هۆڵی پێشوازی. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم دەرگایە قەت داناخەن". هۆڵەكەش

چۆڵ و نیمچە تاریك بوو. میرزادە بە دوو دڵی لە ناوەندی هۆڵەکەدا بە سەرسامی و حەپەساوی وەستا. لە ناکاوا دەرگا کرایەوە. ئەلکسندرا ئیڤانۆڤنا، بە خۆی و مۆمێکەوە پەیدا بوو. کیژێ کە چاوی بە میرزادە کەوت بە حەپەساوی وەستا، وەکو ئەوەی بپرسێت کە خێرە لە وێ وەستاوە!.. هەڵبەتە ئەلکسندرا بە ڕێکەوت لە ژوورێکەوە بۆ ژووریکی دی دەڕۆیی. هەرگیز وێنای نەدەکرد، هیچ کەسێك بدینێ.

ئەنجام ئەلکسندرا پرسی:

– خێرە هاتووی بۆ ئێرە ؟

– هەروا بە ڕێکەوت ڕێم کەوتە ئێرەو...

– دایکە ماندووە و حاڵی باش نیە، هەروەها ئاگلایاش. ئادیلاید چووە بخەوێ، منیش بە تەمام بڕۆم بخەوم. شەوێ هەر ماڵەوە بووین، نەچووین بۆ ئاهەنگ. باوکە و میرزادە (س...) چوون بۆ پتر سبورگ.

– هاتووم... هاتووم... ئێستا...

– دەزانی ئێستا سەعات چەندە ؟

– نا... نازانم.

– دوازدە و نیوە، شەو لە نیوە تێپەڕیوە. ئێمە هەمیشە سەعات یەك دەنووین.

– وامدەزانی سەعات نۆ و نیوە.

ئەلکسندرا بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– باشە، قەیدی نیە! باشە بۆ زووتر نە هاتیت؟ چاوەڕوانت بووین.

میرزادە لە کاتێکا بەرەو دەرگا دەچوو تا بڕوات، لە بن لێوانە گوتی:

– وام دەزانی... وام... دەزانی...

– شەو بەخێر! سبەینێ هەموو بەم مەسەلەیە پێدەکەنن.

میرزاده، بە ڕێگای دەوری باخەکەدا، بەرەو ماڵی خۆی پەل بووەوە. دڵی خێرا خێرا لێی دەدا، بیری پەرت و پەرێشان بوو. هەموو شتێك لەبەر چاویا لە خەون دەچوو. لەپڕ دەقاو دەق وەکو یەك دووجاری پێشوو کە لە هەمان خاڵدا لە خەونەکانی خەبەری بوو بووەوە، ئێستاش هەمان تاپۆ و شەبەنگ لە بەرانبەریا وەستا بوو. هەمان ژن لە سەیرانگەکە هاتە دەرێ و لە بەرانبەریا ڕەق ڕاوەستا، وەکو ئەوەی لەو شوێنەدا چاوەڕوانی ئەو بووبێ. میرزادە، ڕاجفری و لە جێی خۆی وەستا. ژنەکە دەستی گرت و توند توند گوشی: " نا، ئەمە خەون نیە! تاپۆ نیە !"

بۆ یەکەمجار، دوای ئەوەی لێکدی دابڕان، ئەم ژنە لە بەردەمیا، ڕوو بە ڕووی ئەو وەستا بوو. ژنە قسەی بۆ دەکرد و میرزادەش زەق زەق و بە بێدەنگی تەمەشای دەکرد. دڵی، خەریك بوو لە داخا شەقی دەبرد. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیدەتوانی ئەو دیدارە فەرامۆش بکات و هەر جارێ بیری بکەوێتەوە هەمان خەم و پەژارەی لێ تازە دەبێتەوە. ژنە، وەکو شێت لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا، خۆی لەبەر پێیانی هاویشت. میرزادە بە شپرزەیی چووە دواوە. کەچی ژنە ڕێك وەکو دوا خەونی میرزادە، دەیویست دەستی بگرێت و ماچی بکات، فرمێسکی درشت، بە سەر برژانگە درێژەکانیەوە دەدرەوشایەوە. میرزادە، بە ترسەوە ولە بن لێوانەوە گوتی:

– ڕابە، ڕابە، خێرا هەستە!

ناستاسیا لێی پرسی:

– ئایا بەختەوەریت ؟ خۆشیت ؟ کەیفت قنجە؟ بە یەك وشە پێم بڵێ: تۆ ئێستا، ئەمڕۆ، حاڵی حازر بەختەوەری ؟ چوویت بۆلای ؟ چی پێگوتیت ؟

نە لە عاردی هەڵدەستا و نە بە گوێی میرزادەی دەکرد. بە دەم ڕاجفرینەوە لێکدا لێکدا پرسیاری دەکرد، بە لەز قسانی دەکرد، وەکو ئەوەی ڕاونرابێ.. لە سەری ڕۆیی:

– سبەینێ، لەسەر قسەکەی تۆ، (نەك بەخواستی خۆم) دەڕۆم. سەفەر دەکەم. جارێکی دی هەرگیز دەرناکەومەوە. ئەمە دواجارە کە تۆ دەبینم، بەڵێ دواجار! بە ڕاستی ئەمە دواجارە!

میرزادە، بەوپەڕی خەمینییەوە گوتی:

– ئارامت بێ، ڕابە! هەستە!

ژنە، کە دەستی ئەوی گرتبوو بەو پەڕی تامەزرۆیی و تاسەوە تەمەشای دەکرد، ئەنجام هاتە قسان و گوتی:

– بەدوعا!

بە دەم ئەو قسەیەوە هەستا، بەلەز و، بە نیمچە ڕاکردنەوە دوورکەوتەوە.

میرزادە، روگوژینی بینی کە لەپڕ پەیدابوو، دەستی ناستاسیای گرت و بەدوو قۆڵی ڕۆیشتن. روگوژین ڕوو لە میرزادە هاواری کرد و گوتی:

– میرزادە چاوەڕوانم بکە، دوای پێنج دەقیقەی دی دەگەڕێمەوە. بە ڕاستی، دوای پێنج دەقیقە گەڕایەوە. میرزادە لە هەمان شوێن چاوەڕوانی بوو.

روگوژین گوتی:

– سواری گالیسکەکەم کرد، گالیسکەکە لە سەعات دەوە، لەوێ، لە سوچێکا چاوەڕوانی دەکرد. قەناعەتی وابوو کە لە هەوەڵی شەوێوە دەگەڵ ئەو کیژەدا بوویت. ئەم قسەیەم پێگوت کە بۆت نوسیبووم، وەکو خۆی و زۆر بە وردی داواکەی تۆم پێڕاگەیاند. لەمڕۆ بە دواوە ئیدی نامەی بۆ نانووسێت – بەڵێنی داوە و لەسەر داوای تۆ سبەینێ پافلوفسك بە جێدێڵێت و سەفەر دەکات. حەزی دەکرد بۆ دواجار بتبینێ، هەرچەندە دەیزانی تۆ حەز ناکەیت، ئیدی لێرە، لە سەر ئەو تەختە دانیشتین و، چاوەڕوانمان کردیت، چونکە دەمانزانی هەر دەبێ لێرەوە بۆ ماڵ بگەڕێیتەوە.

میرزادە لێی پرسی:

–خۆی داوای لێکردبوویت کە لەگەڵیا بێی؟

روگوژین، بە دەم ژار خەنێکەوە گوتی:

– ئەدی بۆ نا، ئەوەی لێرەدا دیتم شتێکی تازە نەبوو. باشە تۆ نامەکانیت نە خوێندووەتەوە؟

میرزادە. لە فکران ڕاچوو، دوای تۆزێك لێێ پرسی:

– ئەدی تۆ، نامەکانت خوێندونەتەوە؟

– بە خۆی یەك بە یەك نیشانی داومن.... ئەو بەشەت لە بیرە کە باسی کێردەکە دەکات؟ ها، ها ها!..

میرزادە، بە داخ و کەسەرەوە دەستەکانی تێك هاڵاندن و گوتی:

- شێتە!

ڕوگوژین، بە دەنگێکی نزم، وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ گوتی.

- کێ دەزانێ؟ لە گینە شێتیش نە بێت.

میرزادە، هیچی نەگوت.

ڕوگوژین گوتی:

- دەیسا خواحافیز! منیش سبەینێ دەچمە سەفەر. گلەیی بەجێ بێڵە!

ئەوسا لەپڕ ئاوڕی دایەوە و گوتی:

- گوێ بگرە برای ئازیز، بۆچی وەڵامی پرسیارەکەیت نەدایەوە: ئایا تۆ بەختەوەری یان نا؟

میرزادە، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە گوتی:

- نەخێر، نەخێر، نەخێر بەختەوەر نیم!

ڕوگوژین، بە دەم تەوسخەنێکەوە گوتی:

- چوزانم! هەر لەوەمان کەمە بڵێی "بەڵێ"!

بێهیچ ئاوڕدانەوەیەك، ملی ڕێی گرت و ڕۆیی.

بەشی چوارەم

فەسڵی یەکەم

نزیکـەی هەفتەیـەك بەسـەر ئـەو دیـدارەی جووتـە قارەمـانی چـیرۆکەکەمان، لـە سـەر تەختـە کەسکەکە، تێپەڕی بوو.

بەیانی ڕۆژێکی هـەتاوی خـۆش، ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا پتیتسینا لـە مـاڵ وەدەرکـەوتبوو و چـوو بووە دیدەنی هەندێ لە دۆست و ئاشناکانی، پاشان لە دەوروبەری سـەعات دەو نیودا، بە خـەمینی و دڵتەنگی بۆ ماڵ گەڕابووەوە.

کەسانێك هـەن، پیـاو نـاتوانێ بە ئاسـانی و بەکورتـی وەسـفێکی ئـەوتۆیان بکـات، کـە دیـارترین خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیان بنـوێنی و بـە دەسـتەوە بـدات. ئـەو خەڵکانـە، بـە خـەڵکێن "عـەوام و ئاسایی" ناودەبرێن، کە لە ڕاستیا زۆربـەی جـەماوەری خـەڵك پێکدەهێنن، یانی زۆربـەی کۆمـەڵن. ئـەدیبان، هەوڵـدەدەن لـە ڕۆمـان و چیرۆکەکانیاندا، نموونـەی کۆمەڵایـەتی هەڵبـژێرن و بـە زمـانی وێنە و هونەر، ئەو نموونانە بە کامڵترین و جوانترین شێوە بەرجەسـتە بکـەن. بـەڵام بـە دەگمـەن لـە ژیانی واقیعیدا تووشی ئەو جۆرە نموونانە دەبین. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەو کاراکتەرانـەی کـە بـەو شـێوەیە وێنـا دەکـرێن و دێنـە وێنـەگرتن، لـە خـودی واقیـع واقیعـی تـر نـین. بـۆ نموونـە کەسێتی بۆدکۆلیوسین،* ڕەنگە لە ڕووی تیپیکییەوە، هەندێ موبالـەغـە ئامێز بێـت، بـەڵام بـە هـیچ جـۆرێ کاراکتـەرێکی خـەیاڵی و نـاواقیعی نیـە، گـەلێك لـەو خەڵکـە هوشـیار و زیرەکانـەی کـە (بودکۆلیوسـین)ی شـا قارەمـانی شـانۆنامەکەی "گوگـول"یـان بینیـوە، پاشـان، لێکچـوونێکی بـێ ئەندازەیان لە نێوان ئەو قارەمانە و دەیان و سەدان هاوڕێ و دۆسـتانی خۆیانـدا بینیـووە! هەڵبـەتە ئەو خەڵکە زیرەك و بە سـەرنجانە، تـە نانـەت پـێش ئـەوەی "گوگـول"ش بخوێننـەوە، زانیویانـە کـە هاوڕێکانیـان لـە بودکولیوسـین چـوون، بـەڵام نـەیان زانیـوە کـە ئـەو نـاوە پـڕ بـە پێسـتی ئەوانـە، هەڵبـەتـە لـە ژیـانی واقیعیـدا بـە دەگمـەن ڕێکدەکـەوێ، کـە زاوایـەك پـێش ئـەوەی بـووکی بـۆ بکەنـە پـەردەوە، لـە پەنجـەرەوە هـەڵێت. ئەمـە زۆر نـاواقیعی یـە. چـونکە ئـەم کـارە، بـە هـەر مەبەسـتێك بکرێـت، کـاریکی ناپەسـەندەو لـە هـەموو کەسـێك ناوەشـێتەوە. بـەڵام وێـڕای ئـەوەش زۆر زاوای بـەڕێز و بەحورمـەت، بـە ئـاوەزو ویقـار هـەن کـە لـە ڕۆژی زەماوەندەکەیانـدا، لـە نـاخی خۆیانـدا هەستیان بە هەمان حاڵەتی دەروونی "بودکولیوسین" کردووە. هەڵبەتە هەر مێردیکیش نایـەت لـە هەر بۆنەیەکدا هاوار بکات و بڵێت:

"خۆت بە خۆتت کرد، دەبخۆ دەردەت بێ جۆرج داندان"* بەڵام وێڕای ئەوەش ملیۆنان و ملیاردان کەڕەت ئەم ئاهۆ ناڵەیە، دوای مانگی هەنگوین یان پێش گواستنەوەی ژنان بە چەند ڕۆژێ، لە کانگا دڵی مێردانی دنیاوە هەستاوە !

هەڵبەتە پێویست بەوە ناکات زۆر بە تانی ئەم مەسەلەیەدا بچین، ئەوەندە بەسە بڵێین کە هەرچەند لە ژیانی واقیعیدا تیپیکبوونی ئەم کاراکتەرانە بەو زەقیە نیەو کەمتر دیارە، بەڵام هەر هەموو ئەم "جورج داندان و بۆدکۆلیوسین"انە لە واقیعدا هەن: هەموو ڕۆژ دەیان بینین، بە بەرچاومانەوە دێن و دەچن، بەڵام بەو تۆخییە نا، بەڵکو بە شێوەیەکی کاڵتر. جا بۆ ئەوەی لە کورتی بیبڕینەوە و کۆتایی بەم بابەتە بێنین تا لێمان نەبووە بە وتارێکی ئەدەبی، دەڵێین ئەو نموونە تەواو عەیارەی (جورج داندان)ی ئافەریدەی مولیرش، لە ژیانی واقیعی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام بەدەگمەن.

بەڵام هێشتاش، ئەم پرسیارە هەمیشە بە ڕۆکمان دەگرێت: چیرۆکنووس دەبێ چی بکات و چۆن مامەڵە دەگەڵ ڕەمەکیاندا (خەڵکی عەوام و ئاسایی)دا بکات تا بکەونە بەر سەرنج و دیدی خوێنەران و بێنە ناسین؟ هەڵبەتە مەحاڵە چیرۆکنووس بتوانێ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووت و ئاساییە لە چیرۆك و ڕۆمانەکانیا وەدەربنێ، چونکە ئەو ڕەمەکیانە هەموو کاتێك و لە زۆربەی حاڵاندا دەکەنە تان و پۆی ژیان و بەشێکی حاشا هەڵنەگری لە زنجیرەی ڕووداوەکانی ژیان و بویەرەکانی ڕۆژگار، ئەگەر پەراوێزمان خستن و لە ڕۆمانەکەمان وەدەرنان، ئیدی ڕۆمانەکە واقیعییەتی خۆی لە دەست دەدات و دەگەڵ حەقیقەتدا تێکناکاتەوە. هەڵبەتە پڕکردنی ڕۆمان لە نموونە و کاراکتەرانی سەیر و سەمەرە و سوپەر واقیعی و نائاسایی، تەنیا بە مەبەستی سەرنجڕاکێشان، نەك هەر سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێت، بەڵکو باوەڕ و قەناعەتیشی بە ڕۆمانەکە لەق دەبێت. بە بۆچوونی ئێمە، نووسەر لە سەرێتی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە کەشف بکات و بدۆزێتەوە کە مایەی سەرنجن و دەبنە سەرچاوەی ئیلهام تەنانەت لە لای خەڵکی ئاسایی و ڕەمەکیش بۆ نموونە کاتێ کە خەڵکانی ئاسایی و ڕەمەکی، هەرچی دەکەن و دەکۆشن کە لە واقیعی ڕەمەکایەتی دەرچن، هەر بێفایدەیە و دەگەڕێنەوە سەر باری ڕەمەکایەتیەکەی خۆیان، جا ئەم عەوامانە، بەو حاڵە سیفەتی تیپیکی وەردەگرن و دەشێت بکرێن بە نموونەی ئەو خەڵکە عەوام و ڕەشوو ڕووتەی کە نایەوێ هەر بەو دەقەوە بمێنێ، بەڵکو دەبێ بە هەر نرخێ بووە خۆیبوون و کەسێتی خۆی پەیدابکات و بەدەست بێنێ، با هیچ ئەوزارێکیشی نەبێت بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئامانجە .

جا هەندێ لە قارەمانان و کاراکتەرانی ئەم چیرۆکەمان، سەر بەو خەڵکە "ڕەمەکی"یان "عەوام و ئاسایی"یانەن، کە هەڵبەتە دان بەوەدا دەنەم کە وەکو پێویست بە خوێنەران نە ناسێنراون. لەوانە: ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا پتیتسیناو، پتیتسینی مێردی و، گاڤریلا ئاردالیونوفیچی برای.

لەوە ناخۆشتر نیە کەسێك بۆ نمونە دەوڵەمەند، خانەدان، ئەسڵزادە، قۆز، خوێنەوار، زیرەك و تەنانەت دڵاواش بێ، بەڵام هیچ بەهرە، توانا، تایبەتمەندی و سیفەتێکی دیاری نەبێت، بیرکردنەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆی نەبێت، و وەکو "هەر خەڵکێکی دی" بێت: دەوڵەمەندە بەڵام وەکو روچیلد نیە، ناوێکی بەڕێزە بەڵام بە هیچ شتێك بە ناوبانگ نیە. قۆز و جوانە، بەڵام مایەی سەرنج نیە، کار لەبەرانبەرەکەی ناکات، خوێنەوارێکی باشە، بەڵام ئەم خوێنەواریە دادی هیچی نادات و نازانێ چۆنی بەکاربێنێ، زیرەکە بەڵام ئامانجی تایبەتی نیە، هزرینی خۆی نیە، کەسێکی دڵپاك و دڵاوایە، بەڵام بە شەخسیەت و نەفس بەرز نیە، ئیدی بەو جۆرە لە هەموو ڕوویەکەوە.

لە دنیادا، خەڵکانی زۆر لەو بابەتە خەڵکە هەن، زۆرتر لەوەی وێنای دەکەین. ئەمانەش وەکو هەموو بەشەر، دوو جۆریان هەیە، دوو دەستەی سەرەکین: دەستەی یەکەمیان کە زۆربەن، ئەوانەن کە هۆش و گۆشێکی دیاریکراو و سنووردارییان هەیە، دەستەی دووەم لە زۆربەکە "زیرەکتر و بەهۆش و گۆشترن". دەستەی یەکەم لە دەستەی دووەم شادو بەختەوەرترن. خەڵکی "ڕەمەکی" ئەقڵیەت سنووردار، زۆر ئاساییە خۆی بە گەورە و ناوازە و ڕەسەن و بێ هاوتا بزانێت و زۆریش لەم بۆچوونەی خۆی دڵنیایە، بۆیە هەمیشە کەیفی بە خۆی دێت و دڵی خۆشە. بۆ نموونە هەندێ لە خانمانی گەنجی ئێمە، هەرکە قژیان بڕی و چاویلکەیەکی شینی تۆخیان لەچاو کرد خۆیان لێدەبێ بە نەهلیستی تەواوعەیار و دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەو عەینەکەوە بوون بە خاوەنی "بۆچوونی" شەخسی و "باوەڕێن" تایبەتی خۆیان. یان هەندێك پیاو هەرکە زەڕەیەك هەستی مرۆڤانیان لە دڵ و دەروونی خۆدا شك برد، ئیدی خێرا خۆیان لێدەگۆڕێ و دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە هیچ کەسێکی دی ئەو هەست و سۆزەی ئەوانی نیەو هەر ئەوان کوڕی مەیدان و پێشەنگی کاروانی ڕۆشنگەری و پێش قەرەوڵی پێشکەوتنی مرۆڤایەتین. یان هەندێکی دی هەرکە بە ڕێکەوت لە کەسێکەوە گوێی لە بیرۆکەیەك بوو، یان بە ڕێکەوت لە لاپەڕەی کتێبێکدا بیرۆکەیەکی نیوەچڵی خوێندەوە، ئیدی ئەو "بیرۆکە"یەی لێدەبێ بە هی خۆی و بە هەموو قەناعەتێکەوە وادەزانێ هەڵقووڵاو و زادەی هزر و مێشکی خۆیەتی. ئەمە حاڵەتێکی سەیرە، دەشێت بە زادەی ساویلکەیی و ڕووقایمی ئەو کەسانە دابنرێت. زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەدا تووشی ئەم حاڵەتانە دەبین. گۆگۆڵ، ئەم حاڵەتەی، حاڵەتی کەسێکی گەوجی ساویلکە،

که به خوتو خۆڕایی خۆی لێبووه به ئەرستۆ و، ڕوودار و ڕوو قایم، زەڕەیەك گومانی له خۆی و گوایه له به هرەی خۆی نیه، کردووه به نموونه و به شێوەیەکی یەجگار جوان و هونەرمەندانه، له کەسێتی بەرچاوی "لیوتینان پروگوڤ"*دا بەرجەستەی کردووه. ئەم پیرۆگۆڤە زەڕەیەك گومانی له بلیمەتی خۆی نیه، نەك هەر خۆی به بلیمەت دەزانێ، بەڵکو خۆی له بلیمەتیش پێ زیاتره و خۆی به هیچ بلیمەتێك ناگۆڕێتەوه. ئەوەنده له خۆی دڵنیایه، ئەوەنده لەخۆی ڕازیه، که هەرگیز ڕێ به خۆی نادات، که سووکه گومانێکیش له بلیمەتی خۆی بکات. سەرەنجام گۆگۆڵ، نووسەری مەزن، ناچار دەبێ وەکو سزایەك وەژێر شەلاقانی بخات تا هەستی ئەخلاقی بریندار بووی خوێنەر ساڕێژ بکاتەوه. بەڵام که دەبینێ ئەم سزایه کارێکی ئەوتۆ له قارەمانەکەی ناکات و، خێرا هەڵدەستێتەوه و خۆی دەتەکێنێ و دەست به خواردنی پارچەیەك شیرینی دەکات تا هێزی وەبەر بێتەوه، ئیدی نووسەری گەورەش هیچی بۆ نامێنێتەوه تەنیا ئەوه نەبێ که له سەرسامیدا شانەکانی هەڵتەکێنێ و بەو جۆره ببێ به شەریك شعوری خوێنەرەکانی. من هەمیشه خەفەتی ئەوەم خواردووه که گۆگۆڵ، ئەو پلەو پایه بچووکەی به پیروگوڤ داوه، چونکه پیرۆگۆڤ، به ڕادەیەك لەخۆی ڕازیه، زۆر پێی ئاساییه – به خەیاڵی تەرفیعی بەرەبەره و زیادبوونی نیشانەکانی سەرشانی، به گوێرەی ساڵانی خزمەت– به خەیاڵ، خۆی به فەرماندەیەکی سوپایی زۆر مەزن بزانێت. ئەوه چیم گوت؟ به خەیاڵی چی؟ بەڵکو وەکو حەقیقەتێکی ڕاستەقینه باوەڕی پێی هەبوو: ئەوێك که گەییوەته پلەی جەنەڕاڵی، لەچی کەمه، تا نەبێ به فەرماندەیەکی مەزن؟ چما ژمارەی ئەو پیرۆگۆڤانەی که لەو دواییانەدا له مەیدانی جەنگدا، شکستیان هێناوه و به زیوون کەمه؟ چما لەو بابەته پیرۆگوڤانه له ناو ئەدیبان و زانایان و میدیاکارانی ئێمەدا کەم هەبوون؟ نەك هەر کەم نەبوون، بەڵکو ئێستاش هەن!...

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ ئیڤولگین، که یەکێکه له قارەمانانی ئەم ڕۆمانەمان، سەر بەدەستەی دووەمه "ئەوانەی که له زۆربەکه زیرەکتر و بەهۆش و گۆشترن" بۆیه تینو و تامەزرۆی ئەوه بوو، جۆره دەنگ و ڕەنگ و پێگەیەکی دیار وبەرچاوی خۆی هەبێت. وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ ئەم دەستەیه، له دەستەی یەکەم ناشادترن. هۆیەکەشی ئەمەیه که ئەو مرۆڤه "ڕەمەکیە"یەی جۆره "زیرەکیەکی" تیایه ئەگەر له هەندێ هەلومەرجا "یان به درێژایی تەمەن" له دڵی خۆدا، خۆ به بلیمەت و گەورەش بزانێ، ئەوا کرمی گومانێك سەری ژەندووەته ناخی و له ناوەوه کرمێی دەکات و بەرەو زەلکاوی نائومێدی تەواو هەڵی دەدێرێ. وەختێ دان بەوەدا دەنێت، که هەستی غرووری پەنگاوه، غرووری چەپێنرا و له ناوەوه ژاراوی کردووه. دیاره ئەمه دەرهەق به خەڵکه توندڕەوەکانی ئەم دەستەیه وایه. ئەگینا چارەنووسی زۆربەی خەڵکانی سەر بەم دەستەیه، بەو

شێوە کارەساتاویە کۆتایی نایەت. بەڵام ئەوەندە هەیە کە لەگێنە لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیاندا تووشی نەخۆشی بەد هەرسی و جگەر بن، هەموو عەزابەکەیان دێتە سەر ئەوە. ئەوانە، وێڕای ئەمەش، بەرلەوەی کوڵ بدەن و دابمرکێنەوە، لە تەمەنی گەنجیەوە تا تەمەنی خەملێن و پوختە بوون، کەرێتی لە دوای کەرێتی دەکەن و هاندەری سەرەکیشیان بۆ ئەم کەرێتی و گەوجێتییە، هەوڵی بە دەستهێنانی ڕەسەنایەتی و ئارەزووی دەرکەوتن و خود سەلماندنە و، لە پێناوی ئەمەدا زۆر کارو کردەوەی سەیرو سەمەرە دەبینین. ڕەنگە پیاوێکی پیاوانە، بە حەیاو حورمەت و ئابڕومەند، هەندێجار بە ناوی ئەسالەتخوازیەوە لە پێناوی شۆرەت و پێگەی کۆمەڵایەتیدا پەنا وەبەر کارێن زۆر سووک و قێزەون بەرێت. هەروەها ڕەنگە ڕێبکەوێ کە هەندێ لەم نەگبەت و بێ بەختانە (نەك هەر ئابڕوومەند، بەڵکو زۆر دڵاواش بن، سەرپەرشتی کەسوکاری خۆ بکەن، دەستیان پێیانەوە بێ، بە ڕەنجی شان بەخێویان بکەن، نەك هەر چاویان لە کەسوکاری خۆیانەوە بێ، بەڵکو بێگانەش بە خێو بکەن.) تا دوا هەناسە ئارامی ڕوحی و دەروونی بە خۆوە نەبینن! ئەوانە بەم کارەی خۆیان، کە بەو ڕێك و پێکییە ئەنجامی دەدەن، نە ئارامی دڵ و نە ئاسودەیی ویژدان بەدەست ناهێنن. بەپێچەوانەوە، کە بیر لەم وەزیفە ناسیەی خۆ دەکەنەوە، پشم و غەزەب دایان دەگرێت. ئەو جۆرە پیاوە لە دڵی خۆدا دەڵێت: "ژیانی خۆم لەسەر ئەوە دانا! ئەوە بوو کە دەست و پێی بەستمەوە، نەیهێشت من باroot... دابهێنم یان ئەمریکا کەشف بکەم. ئەگەر ئەو ئەرك و ئیلتزاماتە نەبوایە دوور نەبوو باروت دابهێنم یان ئەمریکا کەشف بکەم. نازانم دەمتوانی چی کەشف بکەم، بەڵام گومانی تیا نیە شتێکم هەر کەشف دەکرد!"

ئەوانە بە خۆشیان بە درێژایی تەمەنیان، نازانن چ بە هرەیەکی کەشفکاریان تێدایە و دەبێ چی کەشف بکەن، بەڵام هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەن سبەینێ شتێك کەشف بکەن! باروت بێ یان ئەمریکا! بەڵام تاسەو ڕەنجی وان بۆ وەدی هێنانی ئەم کەشفە، هیچی لە هی کەسێکی وەکو کولومب یان گالیلێ کەم نیە.

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، ڕێبواری هەمان ڕێگا بوو لە ڕاستیدا لە سەرەتای ڕێگادا بوو و ساڵانێکی زۆری لەپێش بوو تا خەیاڵ بەو هیواو ئومێدە هەڤدژانەوە لێبدات. هەر لە منداڵی و مێرد منداڵیەوە، زۆری لە دڵ گران بوو کە کەسێکی ڕەمەکی و ئاساییە، هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو کە قەناعەت بە خۆی بێنێ گوایە کەسێکی بە شەخسیەت و سەربەخۆ و بە هرەمەندە. گەنجێك بوو بەغیل، پڕ ئارەزوو، تینوو وتامەزرۆی ناو و ناوبانگ. زۆرجار بە هەڵە ئەم تاسەمەندی و ئارەزووە توندەی لێدەبوو بە هێز و توانامەندی و بە هرەداری و ئامادە بوو لە پێناوی ناو و ناوبانگدا، تەنانەت پەنا وەبەر کاری شێتانەش بەرێت. بەڵام کە وەختی کار دەهات

و سەردەهاتە سەر ڕاستی، هەمیشە ئەقڵ و زیرەکی ڕێگەی پێدەگرت و نە یدەهێشت بڕیار بدات. ئەمە دووچاری نائومێدییەکی کوشندەی دەکرد. خۆ ئەگەر دەرفەتی بۆ لوابا لەوە بوو لە پێناوی وەدیهێنانی ئەم خەون یان ئەو خەونیا، پەنا وەبەر سوکترین کردەوە بەرێت، بەڵام کە سەر دەهاتە سەر ڕاستی و وەختی بڕیاردان، هەستی ئابڕومەندی لە ناخیا دەوروژا و بە سەریا زاڵ دەبوو و، بەکردەوە دەیسەلماند کە لەوە پیاوتر و ئابڕوومەندترە، پەناوەبەر هەر کارێکی سووك و بچووك بەرێت (لە لایەکی ترەوە، لە ڕاستیدا هەمەیشە ئامادەبوو مل بۆ هەر وردە خوێڕاتیەك بدات). بە چاوی نەفرەت و بێزارییەوە دەیڕوانیە هەژاری و بێنەوایی و داڕوخانی خانەوادەکەیان. خۆی لەوان بە گەورەتر دەزانی. تەنانەت بە لووتبەرزیەوە مامەڵەی لە تەك دایکیشیا دەکرد. هەرچەندە زۆرچاك دەیزانی کە بە هۆی خۆشناوی و سەلاری و سەنگینی دایکییەوە ئەم ژیان و کارەی ئێستای بۆ ڕەخساوە. هەرکە بوو بە کارگەری خانەوادەی یەپانچین، یەکسەر لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر هیچ چارێك نەبێ و، پیاو بیەوێ و نەیەوێ، دەبێ کاری سووك بکات، پێویستە بە تەواوەتی ملی پێوە بنەم، بە مەرجێ سوودێکی منی تیا بێ !" هەڵبەتە هەرگیز بە تەواوەتی ملی بە کاری سووکەوە نەدەدنا. بەڵام بۆچی پێشوەختە ئەوەی خستبووە مێشکی خۆیەوە کە دەبێ کاری سووك و نزم بکات ؟ هەڵبەتە ئاگلایا کە ڕەفزی کردبوو، ترسێکی خستبووە دڵیەوە. بەڵام گانیا هێشتا هەر چاوی لە کیژێ بوو و، بە تەواوەتی دەستی لێنەشۆرد بوو. هەر بەتەما بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان، بە ڕێکەوت بەخت ڕووی تێبکات. هەرچەندە قەت لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئاگلایا، دڵی نەرم بێ و جوابێکی بە خێری بداتەوە یان ڕوویەکی خۆشی بداتێ.

پاشان، لەو ماوەیەدا کە بە تەمای ناستاسیا فیلیپوڤنا بوو، لەپڕ گەیی بووە ئەو قەناعەتەی کە پارە هەمووشتێکە، بەپارە دەگەیە "هەموو شتێك". لەو سەرو بە ندەدا ڕۆژ نەبوو، بە غروورێکی نیگەرانی ئامێزەوە لە خۆی نەپرسێت: "ئەگەر قەرار بێ کاری سووك بکەم، با بەتەواوەتی بیکەم. گۆم تا قووڵ بێ مەلەی خۆشە !" هەمیشە بەوە خۆی هاندەدا کە: "خەڵکی ئاسایی لەم حاڵانەدا، دەترسن، سڵ دەکەنەوە، بەڵام من کۆ لە هیچ ناکەمەوە!" بەڵام کاتێ کە لە ئاگلایا نائومێد بوو، و بە ڕادەیەك ورەی ڕوخا و ئومێد بڕبوو، ئەو پارەیەی، کە ژنێکی شێت و شور دابوویەوە بە سەرو چاویاو بە خۆی لە پیاوێکی لەو شێت تری وەرگرتبوو، هەڵگرت و هێنای بۆ میرزادە. بەڵام دوای ئەوە هەزار و یەك جنێوی سەر بە کوڵکەو مزری بە خۆی داوە کە بۆ ئەو پارەیەی گەڕاندووەتەوە. هەرچەندە لە ناخی خۆیدا ستایشی ئەو هەڵوێستەی خۆی دەکرد. ئەم کوڕە بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژەی کە میرزادە لە پترسبۆرگ بوو، لە یەکبینە گریاوە. بەڵام لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا لە

میرزادەش بێزار بوو، ڕقی لێهەڵگرت، چونکە میرزادە کە دیتبووی " ئەو پارە مۆڵەی گێڕایەوە" بە چاوی بەزەییەوە تەمەشای کردبوو، " لەکاتێکا کەم کەس کاری وای لە دەست دێ".

بەڵام لە دڵی خۆیدا دانی بەوەدا دەنا کە هۆی سەرەکی ئەو هەموو پەژارەو نیگەرانیەی، برینداربوونی بەردەوامی غیرەت و کەرامەتیەتی، کە ئەم هەستە زۆری ئازار دەدا. دوای ماوەیەکی زۆر ئەوسا پەی بەوە برد و بۆی دەرکەوت کە دڵبەندی وی بە مرۆڤێکی سەیر و پاك و بێگەرد و بێ ڕیای وەکو ئاگلایا چ ئاقیبەتێکی ترسناکی بۆ ئەو دەبێت. هەنگێ پەشیمانی وەکو مۆرانە دایە دڵ و دەروونی، وازی لە کارەکەی هێنا و لە خەم و پەژارەیەکی قووڵا نقووم بوو.

دەگەڵ دایك و باوکیا، لە ماڵی پتیتسن و بە خەرجی ئەو دەژیا. وێڕای ئەوەش بێزاری و ڕقی خۆی لە پتیتسینی زاوایان نە دەشاردەوە، بەڵام بە قسەشی دەکرد، ئەوەندەی ئەقڵ هەبوو، هەمیشە پرس و ڕاوێژی پێبکات. ئەوەی لە هەموو شتێك پتر، لە پتیتسنی پەست و توورە دەکرد، ئەوە بوو کە پتیتسن تەماحی ئەوەی نەبوو، ببێ بە کەسێکی وەکو روچیلد، یانی ئەو بەرزەفڕییەی نەبوو ببێ بە روچیلدێکی دی. " ئەگەر قەرار بێ سووتخۆری بکەی، تا سەر ئێسقان سووتخۆربە، مشتەریەکانت بگوشە، شیلەی روحیان بگرە، خوێنیان بمژە، دایان بدۆشە، وەکو پاشایانی جولەکە بە!"

پتیتسن، پیاوێکی خاکی، بێوەی و لاشەڕ بوو، کە گوێی لەو قسانە دەبوو، تەنیا بزەیەکی بۆ دەکرد و هیچی دی نەدەگوت، بەڵام جارێکیان هەستی کرد زۆر زەروریە بە ڕاشکاوی قسە دەگەڵ گانیادا بکات و گەنگەشە و گفتوگۆیەکی جدی دەگەڵ بکات، زۆر بە هێمنی و نەرم و نیانی و نەزاکەتەوە ئەو کارەی کرد. بۆ گانیای ڕونکردەوە و سەلماندی کە خۆی لە هیچ کارێکی نامەردانە و ناشەریف نادات و ، پێویست ناکات گانیا، ئەو "واتا پتیتسن" بە پاشای جولەکە بشوبهێنێ. بەرزی فایدەو سووی پارەش لە ئەستۆی ئەو نیە. هیچ غەل و غەشێك لە مامەڵەی ئەودا نیە و ئەو تەنیا دەوری وەسیت دەبینێ لەم مامەڵەیەدا. ئیدی بە هۆی ئەوەوە کە بابایەکی خۆش مامەڵەو سەر ڕاست و بەوەعدە، لە ناو خەڵکی بەڕێز و ناسراودا بە شۆرەت و ناوبانگێکی باش و فرەی پەیدا کردووە و کارەکەی ڕەواجی پەیدا کردووە و برەوی سەندووە. بەدەم زەردەخەنەوە دەیگوت: "نەدەبم بە ڕۆچیلد و نە پێویستم بەوەیە ببم بە ڕۆچلید. بەڵام ڕەنگە لە شەقامی لیتانیادا ببم بە خاوەنی خانوویەك یان دوان و ئەوەندەم بەسە !" و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "کێ چوزانێ؟ لەوەیە ببم بە خاوەنی سێ خانووش" بەڵام قەت باسی ئەوەی نەدەکرد و وەکو نهێنییەك لە دڵی خۆیدا پاراستبووی. تەبیعەت ئەم جۆرە، خەڵکانەی بە دڵە و یارمەتیان

دەدات، بێگومـان یارمـەتی پتیتسـن دەدات، بـە بـەختی ئـەو دەگـەڕێت. نـەك سـێ خـانوو بگـرە چواریشی پـێ دەدات، چونکە هـەر لە مندالیەوە لەوە دڵنیا بووە کە هەرگیز نابێت بە ڕۆچیلد. بەڵام تەبیعەتیش لـەوە زیـاتری نـاداتێ، هـەر چوار خـانووی دەداتـێ و تـەواو، هـەموو سـەروەت و ساماناکەی لە چوار خانوو تێناپەڕێت.

خوشکەکەی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، تەبیعەتێکی جیاوازتری هەبوو، ڕاستە ئەویش ئارەزووی گـەورە و بـەرزەفڕی خـۆی هـەبوو، ئارەزووەکـانی ئـەو سـتراتیژی بـوون نـەك هەنووکـەیی و سەرکێشـانە و هەوسارپچڕیوو. ڤارڤـارا ئـاردالیونوفیچ، کەسـێکی وریـاو بـە ئـاوەز بـوو لـە بـە ڕێوەبردنی کاروبارانـدا، کـە دەستی بدایەتە کارێك، بە نیوەچڵی بەجێی نەدەهێشت. تا تـەواوی نـەکردبا وازی لێنـەدەهێنا. ئەلهـەقی ئـەویش یـەکێك بـوو لـەو خەڵکـە ڕەمـەکی و عەوامانـەی کـە خەوی بە شۆرەت و دەرکەوتن و خۆنوێنییەوە دەبینی، بەڵام هـەر زوو هەستی بەوەکرد کە هیچ بەهرەیەکی داهێنانی تیا نیە، هەڵبەتە زۆریش بەمە خەمبار نە بوو، بە ڕادەیەك کە خـەم لـە خـۆی باربکـات و دنیـای لـێ ببـێ بە چـەرمی چۆلەکە. کـێ دەڵـێ ئـەوەش خـۆی لـە خۆیـدا زادەی جـۆرە غروور خۆ بەزلزانیەك نەبووە؟ بە عـەزمی جەزمـەوە یەکەم هـەنگاوی عەمـەلی خـۆی نـاو شـووی بـە پتیتسن کرد، بەڵام لەو بۆنەیەدا بە خـۆی نـەگوت: " کە کـاری سـووك زەروری بـێ، بـۆ نەیکـەم، بـە مـەرجێ بمگـەیـەنێ بـە مـەرامی خـۆم" وەکـو گـاڤریلا ئاردالیونوفیچی بـرای کـە ئەگـەر بکەوتایەتـە حاڵـەت و هەڵوێسـتێکی واوە بێگومـان ئـەوەی دەگـوت. "وەکـو چـۆن لـە ڕاسـتیدا کـاتێ وەکـو بـرا گەورە، ڕەزامەندی لە سـەر شووکردنی خوشکەکەی بە پتیتسـن دا، شتێکی لـەو بابەتـەی گـوت". ئەمـە جگـە لـەوەی ڤارڤارا ئاردالیونوڤنـا، وەخـتێ بڕیـاری شـووکردنی داو شـووی کـرد، کـە دڵنیـا بوو، مێردی ئایندەی پیاوێکە خـاکی، خۆشـتەبیعەت و سازگار، نیمچە ڕۆشـنبیر و هـەرگیز کـاری ناشـەریف و سـووکی گـەورەی لێناوەشـێتەوە. بـەڵام سـەبارەت بـە کارێن قـۆڕ و تـوڕەهـاتی بچـووك، گرینگ نیە ، لە هـەموو شـوێنێ هەیـە و کـێ دەتـوانێ لێـی دەربـاز بـێ ؟ مـەرج نیـە پیـاو بگاتـە بەهـا باڵا ئایدیالەکان ! ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، سـەرباری ئـەوەش دەیزانـی کـە شووکردنەکەی پەناگایـەك بۆ دایکـی، بـاوك و براکـانی فەراهـەم دەکـات. کـە لێقـەوماوی و بـەد بـەختی براکـەی بینـی، وێـڕای ناکۆکی و ناتـەبایی پێشـووتری خانەوادەییان، لێبڕا یارمـەتی بـدات. هەنـدێجار پتیتسـن، هەڵبەتـە بـە شـێوەیەکی دۆسـتانە، گانیـای هانـدەدا کـە کـارو وەزیفەیـەکی حکومـەتی فـەرمی بدۆزێتـەوە. هەنـدێجار بەسـوعبەتەوە پێـی دەگـوت: "ڕاسـتە تـۆ حـەز لـە جەنـەڕاڵ و پاپـەی جەنـەڕاڵی ناکـەی، بەڵام تۆ دیقەت بدە، هـەر هـەموویان لـە ئەنجاما دەگەنە پلـەو پایـەی جەنـەڕاڵی. کەسـێ نـەمرێ بـە

چاوی خۆت دەیبینی!" گانیا لە دڵی خۆیداو بە تەوسەوە دەیپرسی: "باشە ئەمانە لە خۆیانەوە چوزانن من لە جەنەڕاڵان و ئەو جۆرە کەسانە بێزارم و ڕقم لێیانە؟".

ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، لێرەدا ، بۆ ئەوەی کۆمەکی برایەکەی بکات، سنووری چالاکی و کاریگەرییەکانی خۆی فراوانتر بکات. بە هەنجەت و بیانووی بیرەوەری سەردەمی منداڵییەوە کەوتە هاتوچۆی ماڵی یەپانچین. چونکە ڤارڤارا و براکەی، هەردووکیان، بە منداڵی هاوبازی کیژەکانی یەپانچین بوون. هەڵبەتە پێویستە لێرەدا ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ئەگەر مەبەست و ئامانجی هاتوچۆی ڤارڤارا بۆ ماڵی یەپانجین، خەون و خەیاڵێکی نا ئاسایی بوایە، ناچار دەبوو یەکسەر خۆی لەو دارو دەستەیە جیا بکاتەوە کە خۆی بە یەکێك لەوان دەزانی و تێکەڵاویان بوو بوو. بەڵام ڤارڤارا دووی خەون و خەیاڵ نە کەوتبوو. بەڵکو هاتوچۆیەکەی بۆ ماڵی یەپانچین بەگوێرەی حیساب و لێکدانەوەیەکی زیرەکانە بوو، بۆ ئەوە بوو تەبیعەت و چۆنیەتی ژیانی ئەم خێزانە بزانێت. ڤارڤارا، زۆر بە وردی زەینی تەبع و تەبیعەت و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئاگلایای دا، ئەوجا کەوتە هەوڵی ئەوەی ئەو جووتە، برایەکەی و ئاگلایا لە یەکدی نزیك بکاتەوە. پێدەچوو لەم بارەیەوە جۆرە سەرکەوتنێکی بە دەست هێنابێ. لەوەش دەچوو هەڵسەنگاندنی بۆ براکەی هەڵەبێ، چونکە گانیا هەرگیز و بە هیچ شێوەیەك توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەی نەبوو، کە ڤارڤارا لێی چاوەڕوان دەکرد.

بە هەرحاڵ، ڤارڤارا لە ماڵی یەپانچیندا، لێزانانە دەوری خۆی دەبینی: چەندین هەفتەی بەسەر برد بێئەوەی، کەم و زۆر لە بەردەم ئەواندا ناوی براکەی بێنێ، هەمیشە سەلار و سەنگین، ڕێزی خۆی دەگرت، ڕەفتاری سادە و ئاسایی و خۆیی بوو. ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، ترسی ئەوەی نەبوو، بە ویژدانی خۆیدا بچێتەوە، چینەی لێبکات و هەڵی بداتەوە، چونکە هیچ شتێکی خراپی تیا نەبوو کە مایەی لۆمەکردن و سەرزەنشتی خۆی بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا، هێزێکی مەعنەوی گەورە بوو بۆ وی، تاقە گلەیی لە خۆی ئەوە بوو کە هەندێجار ڕوکونی و بوغزن بووە. ئەویش غرورو کبریایەکی بریندارو پێشێل کراوی هەبوو، هەندێجار، بە تایبەتی ئەو کاتانەی لە ماڵی یەپانچین وەدەردەکەوت، ئەو حاڵەتەی بە زەقی لە خۆیدا دەبینی.

وا ئەمجارەش، وەکو گوتمان، خەمبار و پەشێو، بێحەواس و دڵتەنگ، لە ماڵی یەپانچین دەگەڕایەوە و ماکی تەوسێکی تاڵ و ناخۆش، نیشتبووە سەر سیمای.

پتیتسن لە پاڤلوڤسکدا، لە خانوویەکی تەختەی ناشیرین، بەڵام گەورەدا دەژیا کە کەوتبووە سەر خیابانێکی خاکی، بە تەپوتۆزو، بەو زوانە دەبوو بە موڵکی خۆی، و لە ئێستاوە ئامادەبوو

بیفرۆشێت. ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، کە بە قاڵدرمەکانی بەردەرگادا سەردەکەوت. گوێی لێبوو لە قاتی سەرەوە دەنگی غەڵبە غەڵب و هەراو هەنگامەی گەنگەشە و موناقەشەیەکی توند دەهات. یەکسەر دەنگی هەراو زەنای برا گەورەکەی و باوکی خۆی ناسییەوە. کە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، سەیری کرد گانیا بە ناو هۆڵەکەدا دێ و دەچێت، لە تورەییدا ڕەنگی بووە بە جاوی سپی، چیوای نەماوە بکەوێتە ڕنینەوەی قژی خۆی، کە ئەم دیمەنەی بینی، ڕووی گرژ بوو، شەکەت و ماندوو، سەراپا داهێزراو، بێئەوەی کڵاوەکەی دابکەنێ، بە سەر تەختێکدا داڕوخا. دەیزانی ئەگەر یەك دوو دەقیقەی دی بەو بێدەنگیەی بمێنێ و لێی نەپرسێت ئەم بەزم و ڕەزمە چیەو بۆچی بەو شێوەیە بە هۆڵەکەدا دێ و دەچێت، بێگومان براکەی لەوێش تورە دەبێت . بۆیە بەلەز پرسی:

– هەمان تاس و حەمامەکەی جارانە ؟

گانیا هاواری کرد:

– هەمان تاس و حەمام ؟ نەخێر... هەمان تاس و حەمام نیە. ئەمەیان بەزمێکی دیکەیە! پیرەمێرد هار بووە، بە تەواوەتی شێت بووە، دایکە لە یەکبینە دەگری، ئەوەندە گریاوە خەریکە چاوی دێنە دەرەوە. ڤاریا، تۆ کەیفی خۆتە، چی دەڵێی بڵێ، بەڵام من لەم ماڵە دەری دەکەم، فڕێی دەدەمە دەرەوە...

وەکو بڵێی لەپڕ بیری کەوتەوە کە ئەم ماڵە ماڵی خۆی نیەو بۆی نیە کەس لە ماڵێك بکاتە دەرێ کە ماڵی خۆی نیە، لە سەری ڕۆیی:

– یان من دەڕۆم.

ڤاریا لە بن لێوانەوە گوتی:

– پێویستە سەبر و حەوسەڵەت هەبێ.

گانیا گڕی گرت:

– سەبر و حەوسەڵەی چی؟ سەبرو حەوسەڵە لە گەڵ کێدا؟ سەبر و حەوسەڵە بەرانبەر قۆڕیاتەکانیم ؟ نا، نا تۆ چی دەڵێی بیڵێ... لە تامی دەرکرد، مەحاڵە، مەحاڵە، شتی وا مەحاڵە!.. تۆ تەمەشا، هەرچی کارو کردەوەی هەیە هەر هەمووی هەڵەیە، خەتا خەتای ئەوە و هێشتا ئەو

هاوار دەکات: "من لە دەرگاوە نایەمە ژووریّ... دیوارەکە بڕوخێنن!". بەڵام ڤاریا چیتە ؟ زۆر گرژ و پەست دیاری!

ڤاریا بە توڕەیی بەرسڤی دایەوە:

– گرژ و پەست نیم، وەکو هەمیشەم.

گانیا بە دیقەتێکی زیاتر لێی ڕاماو لە پڕ پرسی:

– لەویّ بوویت ؟

– بەڵیّ .

– دەقیقەیە سەبرکە! دیسان دادو بێداد بەرزبووەتەوە . چ شەرمەزارییەکە! لەم کاتەشا !

– لەم کاتەشا ؟ ئەم کاتە جیاواز نیە لە هیچ کاتێکی دی.

گانیا، بە دیقەتێکی پترەوە، لە خوشکەکەی ورد بووەوە و پرسی:

– هیچیت زانی؟

– هیچ شتێکی چاوەڕوان نەکراوم نە زانی. ئەوەم زانی کە هەموو قسەو باسەکان دروستن. قسەی مێردەکەم لە قسەی هەردووکتان دروست تر بوو. مەسەلەکە ڕێك بە هەمان شێوە دەرچوو کە ئەو لەسەرەتاوە پێشبینی کردبوو هەنووکە خۆی لە کوێیە ؟

– چووەتە دەریّ.

– باشە چی ڕوویداوە ؟

– میرزادە، بە فەرمی داخوازی کردووە. شتەکە بڕاوەتەوە. خوشکە گەورەکانی پێیان گوتم. ئاگلایا ڕازی بووە. شتەکە لە کەس ناشارنەوە (پێشتر هەموو شتێك نهێنی بوو) زەماوەندەکەی ئادیلایدش دواخراوە، تا هەردوو زەماوەندەکە لە یەك ڕۆژدا ئەنجام بدرێن. چەند شاعیرانەیە! بە ڕاستی ئەمە شیعرە! من پێم باشە، لەجیاتی ئەوەی خۆت شپرزە بکەیت و بە خۆڕایی بە هۆڵەکەدا بێیت و بچیت، شیعرێکی پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەم زەماوەندەوە بهۆنیتەوە. ئەم ئێوارەیە "دۆتمیر بیلوکوفسکایا"ش دەگاتە جیّ. خەڵکی دەعوەت دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن و میرزادە بە دۆتمیر بیلوکوفسکایا دەناسێنن، ئەگەر چی ئاشنایەتیشیان هەیە. پێموایە لەم

بۆنەیەدا، هەواڵی خوازبێنییەکە ڕادەگەیەنن. بەڵام ترسی ئەوەیان هەیە کاتێ کە میرزادە وەژوور دەکەوێ و چاوی بەو قەرەباڵغی و هەموو میوانە دەکەوێ، شتێك برێژێ یان بشکێنێ یان خۆی درێژا و درێژ بکەوێتە سەر عاردی و لە هۆڵەکەدا تەخت بێت: شتی وا لەو دوورنیە. گانیا، زۆر بە وردی گوێی بۆ ڕادێرا، بەڵام خوشکەکەی زۆری پێ سەیر بوو، ئەم هەواڵە ناخۆشە کە دەبوا تووشی شۆکی بکات، بە ڕواڵەت هیچ کارێکی تێنەکرد.

گانیا، دوای سووکە ڕامانێك گوتی:

– بەڵێ... شتەکە دیاربوو...

ئەوسا لە کاتێکا بە گۆشەی چاو دەیڕوانیە خوشکەکەی، بەدەم بزەیەکی غەریبەوە، بە شێوەیەکی ئارامتر کەوتەوە هاتوچۆ بە هۆڵەکەدا و گوتی:

– ئاوها ! کەواتە تەواو، هەموو شتێك بڕایەوە !

ڤاریا گوتی:

– زۆرم پێخۆشە کە مەسەلەکە بە مجۆرە فەیلەسوفانە وەردەگریت. بە ڕاستی ئەمەم پێخۆشە.

– بەڵێ، لەم مەسەلەیە ڕزگار بووین، بەلای کەمەوە تۆ...

– پێموایە من بەو پەڕی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی خزمەتم کردیت، بێئەوەی موناقەشەم کردبیت یان بێزارم کردبیت، هەرگیز لێم نەپرسیت، بە تەمای چ خۆشبەختیەکی دەگەڵ ئاگلایادا.

– پێت وایە من.. بە تەمای ئەوە بووم دەگەڵ ئاگلایادا بەختەوەر ببم؟

– بەسە، تکایە لەسەری مەڕۆ. نە دەوری فەیلەسوف ببینەو نە فەلسەفەڕێسی بکە! ئاشکرایە کە بە تەمابووی. تازە ڕۆیی. خەڵەتاین. لێتی ناشارمەوە کە من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم مەسەلەیەم بە جدی نەزانیوە. زیاتر لەبەر خاتری تۆو پشت بە تەبعی سەیرو غەریبی ئاگلایا، وەکو "جەڕباندنی بەخت" بە مەسەلەکەوە چووم. دەنا، دەمزانی ڕێژەی سەرنەگرتن و ناکامی ئەم مەسەلەیە بەلای کەمەوە لەسەدی نەوەدە. هەڵبەتە بە ئێستاشەوە حاڵی نەبووم کە تۆ بە تەمای چی بوویت؟

– ئێستا تۆو مێردەکەت هانم دەدەن کە کارێك، وەزیفەیەك بدۆزمەوە، دەتانەوێ وەزیفەیەکی حکومەتی بدۆزمەوە، ئامۆژگاریم دەکەن کە کۆڵنەدان و سەبر، ویست و ئیرادە زۆر باشە، مرۆڤ

دەبێ بەشتی کەمیش ڕازی بێ، لە شتی بچووکەوە دەست پێبکات و، زۆر ئامۆژگاری تری لەم بابەتە... ئەوەندەتان گوتووەتەوە، هەر هەموویم ئەزبەر کردووە!...

گانیا بە دەم ئەو قسانەوە لە قاقای پێکەنینی دا.

ڤاریا لە دڵی خۆیدا گوتی: "وادیارە نەخشەیەکی تازەی لە مێشکایە!

گانیا لەپڕ لێی پرسی:

– ئەدی داك و بابی چۆن تەمەشای مەسەلەکەیان دەکرد؟ خۆشحاڵ بوون؟

– نا، لەوە نەدەچوو زۆر خۆشحاڵ بن. بە هەرحاڵ بە خۆت دەتوانی حوکم لەسەر ئەو شتە بدەیت. ئیڤان فیودوروفیچ ڕازیە، بەڵام دایکی دوو دڵە، دەترسێت. هەموو دەزانن کە جاران گاڵتەی بەوە دەهات کە میرزادە خوازگاری کیژەکەی بکات و ببێ بە زاوایان.

– مەستم ئەمە نەبوو. ئاشکرایە میرزادە خوازگارێکی گونجاو نیە، خوازگارێکە ئەقڵ نایبڕێ کە ئەمە خوازگار بێت. من مەبەستم وەزع و حاڵی ئێستایە: گەییونەتە کوێ ؟ ئایا کیژێ بە فەرمی گفتی داوە؟

– تا ئێستا نەیگوتووە "نا". هەر ئەوەندە و بەس. بە هەرحاڵ لەوەی پتر چاوەڕوانی هیچی دی لەم کیژە ناکرێت . بە خۆت نازانی چەند شەرمن و کەم ڕووە! بە هۆی شەرمنی خۆیەوە چەند کاری سەیر و غەریبی دەکرد! بە منداڵی دوو سێ سەعات خۆی لە وچخانەکەیاندا دەشاردەوە، تەنیا بۆ ئەوەی میوانان نەی بینن، ڕاستە بە جەستە گەورە بووە، ژنێکی گەورە و تەواوە، بەڵام ڕەفتار و تەبیعەتی نەگۆڕاوە، هەر منداڵەکەی جارانە. دەزانی هەستدەکەم لەوە دەچێ شتێکی نا ئاسایی لە ئارادا هەبێ، پێناچێت مەسەلەکە لای کەسیان، تەنانەت لای کیژێش جدی بێت. دەڵێن لە بە یانیەوە تا ئێواریێ، گاڵتە بە میرزادە دەکات، پێی ڕادەبوێرێ، بۆ ئەوەی هەستی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام دڵنیابە کە هەموو ڕۆژێ دەرفەتێك پەیدا دەکات تا بەدزییەوە شتێکی بە گوێدا بچپێنی، چونکە میرازدە ئەوەندە ڕووی گەش و کەیفی قنجە، لە تۆ وایە بە ئاسماندا دەفڕێ!... دەڵێن بابایەکی مەخسەرەیە! ئەم قسەیەم لە خۆیان، لە کچەکان بیستووە، ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە هەردوو خوشکە گەورەکە، بە ئاشکرا گاڵتە بە من دەکەن و پێم ڕادەبوێرن.

ئەنجام گانیا، ڕووی گرژبوو، برۆکانی وێکهێنانەوە. لەوە دەچوو ڤاریا بە ئانقەست درێژە بەم باسە بدات، تا بیری براکەی کەشف بکات و بخوێنیتەوە، بزانێ چی لە مێشکایە. بەڵام هات و هاوار و مشت و مڕ لە قاتی سەرەوە دەستی پێکردەوە. گانیا، وەکو ئەوەی بۆ کەلێنێ بگەڕێ کە ڕقی خۆی لێوە هەڵبڕێژێ، هاواری کرد و گوتی:

– دەری دەکەم. هەر ئێستا دەچم دەری دەکەم.

– هەنگێ دەڕوات گازاندەمان لێدەکات، گلەیی دەکات، لە هەموو شوێنی حەیاو ئابڕوومان دەبات، ڕێك وەکو دوێنێ.

گانیا، بە ترسەوە پرسی:

– دوێنێ ؟ یانی چی؟ ئایا... دەشێ کە...

ڤاریا، خۆی هێور کردەوە و گوتی:

– پەنا بەخوا... یانی تۆ نە تزانیوە؟

گانیا کە لە توڕەیی و شەرمەزاریدا سوور بوو بووەوە، هاواری کرد:

– چۆن ؟... مەبەستت... یانی بۆ ئەوێندەر چوو بوو؟ پەنا بەخوا!... ڤاریا تۆ کە ئێستا لەوێ دێیتەوە، هیچت زانیوە؟ هیچت بیستووە؟ پیرەمێرد بۆ ئەوێندەر چوو بوو؟ چوو بوو یان نا ؟

دوای ئەو قسانە بەلەز بەرەو دەرگا تاوی دا. ڤاریا بە هەشتاو دووی کەوت، هەردوو دەستی گرت و گوتی:

– چ دەکەی؟ بە تەمای چیت؟ ئەگەر دەری بکەیت، دەڕوات بۆ شوێنی خراتر، جاڕمان لێدەدات، سوك و ڕیسوای لای خەڵك و خوامان دەکات!...

– باشە لەوێ چیکرددوە؟ چیگوتووە؟

– کچەکان، نەیان توانی قسەکانی ئەو وەکو خۆی بگێڕنەوە، چونکە تێ نەگەیی بوون مەسەلە چیە. ئەوەندە دەزانم کە ترساندبوونی. هاتبوو ئیڤان فیدوروفیچ ببینێ کە لە ماڵ نەبو بوو. پاشان داوای کرد بوو لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا بدینێ. هەوەڵجار تکای لێکرد بوو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، لە وەزیفەیەکی دەوڵەتیدا دایبمەزرێنێ، ئەوسا کەوتبووە سکاڵاو گلەیی لە هەمووومان، لە من، لە مێردەکەم، زیاتر لە تۆ.. ئیدی زۆری وتبوو.

گانیا، که شێت ئاسا، له حەژمەتاندا، دەلەرزی پرسی:

– نەتزانی گلەیی چی کردووە؟ چی گوتووە ؟

– له کوێ بزانم؟ بەخۆیشی نەیزانیوه چ دەڵێت؟ لەوەشە هەموویان بۆ من نەگێڕابێتەوه.

گانیا، سەری له نێو هەردوو دەستی ناو ڕای کرد بۆ بەر یەکێك له پەنجەرەکان، ڤاریاش لەبەر پەنجەرەیەکی دی دانیشت و لەپڕ گوتی:

– ئەم ئاگلایا، کچێکی مەسخەرەیە! ڕایگرتم و گوتی: "حورمەت و ڕێزی تایبەتیم به دایك و بابت بگەیەنە. ئەگەر دەرفەتم بۆ ڕەخسا، له چەند ڕۆژی داهاتوودا سەری بابت دەدەم" ئەو قسانەشی زۆر بەجدی کرد. به ڕاستی زۆر سەیره...

– یانی مەبەستی تانەو تەشەر نەبوو؟ دڵنیایت به جدی بوو؟

– نا، سەیرەکە لەمەدایه زۆر بەجدی بوو، هیچ تانەو تەشەرێك له ئارادا نەبوو.

– به حیکایەتەکەی پیرەمێرد نازانیٚ؟ تۆ دەڵێی چی؟

– نا، هیچ کەسێك له ماڵی وان، پێی نازانیٚ. گومان لەوەدا نیه. بەڵام تۆ منت خستە گومانەوه. لەوەیە ئاگلایا به مەسەلەکەی زانی بیٚ. ئەگەر بزانیٚ هەر خۆی دەیزانیٚ، چونکە کاتیٚ کە بەو جدیەتە، سڵاوی بۆ بابم نارد، هەردوو خوشکەکەی زۆریان پیٚ سەیر بوو. ئاخر بۆچی بە تایبەتی بۆ باوکم؟ خۆ ئەگەر زانیبێتی، هەڵبەتە دەبیٚ له میرزادەی بیستبیٚ. ئەو بۆی گێڕابێتەوه.

– ئاشکرایه کە کیٚ بۆی گێڕاوەتەوه! دۆزینەوەی ئەمە کارێکی ئاسانە! نۆبەتی ئەو قەوانەیە، هەر لە مەمان کەم بوو. دز! لە خانەوادەی ئێمەدا! دز و خانەوادەی ئێمە! دزێك کە سەرگەڤاری خانەوادەکەمانە!

ڤاریا، تووڕە بوو، هاواری کرد:

– قسەی قۆڕ مەکە! ئەمە گاڵتەیەکی مەستانە بووه و هیچی دی! بابایەکی مەست، بە بیٚ هۆشی بۆ خۆی وڕێنەیەکی کردووەو تەواو! ئەمە کاری کێیە؟ لیبدیف و میرزاده... ماشەڵاٚ لەو دوو پیاوە مەزنە، سەڵا لە ئەقڵ و ئاوەزیان! من حیسابی پوشکەیەکیش بۆ قسەی وان ناکەم. کەم و زۆر باوەڕم بەو قسانە نیه!

گانیا، بە پەستی و دڕودۆنگی لەسەری ڕۆیی:

– بابمان، پیاوێکی درزو مەی خۆرە، من سواڵکەرم، مێردی خوشکەکەم سووتخۆرە. ئیدی ئاگلایا دڵی بەچی خۆش بێ، خۆشی بە چیماندا بچێ: کە خانەوادەو ماڵباتێکی خانەدانین!

– مێردی خوشکەکەت، هەر ئەم سووتخۆرەیە کە...

– من بەخێو دەکات، نانم دەدا، وانیە ؟ لە ڕوودامەمێنە، تکایە چیت لە دالْدایە بیلێ، شەرمی ناوێ!

ڤاریا، جڵەوی زمانی خۆی گرت، کەمێك هێور بووەوە و گوتی:

– بۆچی تووڕە دەبی؟ تۆ هێشتا دەڵێی مەکتەبلیت، هیچ تێناگەیت، وا تەسەوردەکەی ئەم شتانە تۆ لە بەرچاوی ئاگلایا بچووك دەکاتەوە؟ تۆ نازانی ئەو کچە چ بەشەرێکە. چ تەبیعەتێکی هەیە. ئامادەیە دەستبەرداری باشترین خوازگار ببێت و بە مەمنوونیەوە ڕەدووی خوێندکارێك بکەوێ و بە برسێتی و نەداری لە ژێرخانێکا لەگەڵیا بژی! هەموو ئاواتێکی ئەوەیە! تۆ هەرگیز پەی بەوە نابەیت کە ئەگەر بتزانیبا چۆن بە دروستی دەگەڵ ئێمەدا سازابای و قەدری خۆت بگرتبا، چ پلەوپایەو پێگەیەکت لە چاوی ئەودا بۆ خۆ دروست دەکرد. میرزادە بەچی سەرنجی ڕاکێشاوە؟ لە بەر ئەوەی یەکەم، مەمنوونی نەبووە و هەوڵی ڕاوکردنی نەداوە و خۆی قورس گرتووە، دووەم، لە بەرئەوەی زۆربەی خەڵکی بە گێل و گەمژەی دەزانن، بۆیە لەزەت لەو هەراو هەنگامەیە دەبینێ کە لە خانەوادەکەیاندا بەرپای کردووە. ئاهـ! ئاخر ئێوەی خێڵی پیاوان هەرگیز لەم شتانە حاڵی نابن!

گانیا، بە پەستی کەوتە پرتاندن:

– باشە. کەسێ نەمرێ دەبینین کە ئاخۆ تێدەگەین یان تێناگەین. بەڵام حەزم نەدەکرد، هیچ شتێك ی لەمەڕ مەسەلەکەی پیرەمێرد زانیبا. وام وێنا دەکرد کە میرزادە زمانی خۆی دەگرێت و هیچ شتێك ناگێڕێتەوە. باشە خۆ هەر ئەو لیبدیفی ناچارکرد زمانی خۆی بگرێت و هیچ نەڵێت. من چەندم هەوڵ لە گەڵی دا، ئێستاش قاییل نەبوو هیچ شتێکم بۆ بگێڕێتەوە...

– کەواتە، هەمووان، بەبێ ئەوەی ئەو گوتبێتی، بە مەسەلەکەیان زانیوە، بەڵام تازە تەواو، بۆچی ئەمەت کردووە بەخەم؟ بە تەمای چیت ؟ ئەگەر ئومێدێکت مابێ، تەنیا ئەوەندەیە کە سیمای ڕەنجاو و خەمینت، لە بەرچاوی ئەودا وەکو شەهیدێك بنوێنێ.

– قسەی وا مەکە، ئەو "ئاگلایا" سەرباری هەمووو ڕۆمانسیەتێکی، بێگومان سڵ لە ڕیسوایی دەکاتەوە. هەمووو شتێك سنووری خۆی هەیە، هەر بەشەرێکیش سنووری خۆی هەیەو نایبەزێنێ، ئێوەی خێڵی ئافرەت، هەموتان وەکو یەکن.

– ئاگلایا و ترس و سڵکردنەوە؟

ڤاریا بە دەم ئەو قسەیەوە، بە بێزاری ڕوانیە براکەی و لە سەری ڕۆیی:

– کە بوودەڵە و نەفس نزمی! کەستان لە کەستان باشتر نین. ئێوە هەمووتان وەکو یەکن. دەشێت ئاگلایا مەخسەرە و سەیرو سەمەرەو عەجیب و غەریب بێ، دەشێت. بەڵام لە ڕووی تەبیعەتەوە، لە ڕووی نەفس بەرزییەوە، هەزار هێندەی هەر یەکێك لە ئێمە، نەجیب ترو سەنگینترە!

گانیا، دووبارە، بە خۆ پەسندییەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەی باشە. پێویست ناکا تورە بیت!

ڤاریا، لەسەری ڕۆیی:

– من خەمی دایکمە، بەزەییم بەودا دێتەوە. دەترسم بەم ڕیسواییەی بابمی زانیبێ. بە ڕاستی خەممە!

گانیا گوتی:

– بێگومان زانیویەتی!

ڤاریا، هەستابوو تا بۆ ڤاتی سەرەوە، بۆلای نینا ئەلکسندروڤنا بڕوات. بەڵام کە گوێی لەو قسەیەی گانیای برای بوو، بە سەر سامی وەستاو لێی پرسی:

– تۆ بڵێی کێ بۆی گێڕابێتەوە ؟

– ڕەنگە هیپولیت بۆی گێڕابێتەوە. بە مەزەندەی من خوا خوای بوو هەرکە بگاتە ماڵی ئێمە، زوو بە زوو ئەو شتەی بۆ دایکمان بگێڕێتەوە.

– باشە بڵێ بزانم ئەو لە کوێی زانیوە؟ خۆ لیبدیف و میرزادە ڕێکەوتبوون بەردێکی بخەنە سەر و بۆ کەسی نەگێڕنەوە، تەنانەت کولیاش ئاگای لێنیە...

– هیپولیت؟ بەخۆی پێی زانیوە. هەستی پێکردووە، تۆ نازانی ئەم کوڕە چ شەیتانێکە! چ لەزەتێك لە غەیبەت و دووزمانی دەبینیٚ! مەگەر خوا بزانیٚ چ کابرایەکی بە بۆنە! لە دووری دوورەوە بۆنی هەر کارێکی دزێو و کرێت، هەر فەزیحەت و ڕیسواییەك دەکات ! تۆ باوەڕ دەکەی یان نا، کەیفی خۆتە، بەڵام من قەناعەتی تەواوم هەیە کە جڵەوی ئاگلایا لە دەستی ئەودایە، لەسەر قامکان دەیسوڕێنیٚ. ئەگەر تا نهوژی وا نەبووبیٚ، لەمەودوا وا دەبێت. (ڕوگوژین)ش پەیوەندی دەگەڵیا هەیە. نازانم میرزادە چۆن ئەم شتانە نابینیٚ؟ تۆ نازانی چەند حەزدەکات جەزرەبەیەك لە من بدات، داوێکم بۆ بنێتەوە! لە مێژە زانیومە کە بە دوژمنی خوێنی خۆیم دەزانیٚ. بەڵام سەر لەوە دەرناکەم، کە کەسێکی وا، ئاخر پێی بە لێواری قەبرەوەیە، چ سوودێك لەمە دەبینیٚ، چ قازانجێکی پێدەگات؟ تێی ناگەم. بەڵام ئەمەی بۆ ناچێتەسەر، دەبینی چۆن لە ئەنجامدا من بە سەریا سەردەکەوم، دوا قسە، قسەی من دەبیٚ نەك هی ئەو.

–باشە کە ئەوەندەت ڕق لێیەتی، بۆ هێنات بۆ ئێرە؟ مەسەلەکە ئەوە دێنیٚ بە گژیا بچی و بە سەریا سەربکەوی؟

– من لە سەر ئامۆژگاری و قسەی تۆ بۆ ئێرەم هێنا.

–پێموا بوو ڕەنگە بە کەڵکمان بێت. باشە تۆ دەزانی حەزی لە ئاگلایا کردووە و نامەی بۆ نووسیوە؟ چەند جارێك پرسیاری ئەمە لە من کراوە... وەکو دەگێڕدرێتەوە چیوای نەمابوو کە نامە بۆ لیزا ڤیتا پروکوفیڤناش بنووسێت.

گانیا، بەدەم بزەیەکی ناڕەسەنانەوە گوتی:

– ئەمەیان خەتەر نیە، باوەڕیش ناکەم ڕاست بیٚ. بەڵام لە گینە ئاشقی ئاگلایا بووبیٚ، هەر چیەك بیٚ گەنجە! بەڵام مەحاڵە نامەی بیٚ ئیمزا بۆ ئەو پیرەژنە بنووسێت. بە ڕاستی گەنجێکی هیچ و پوچی جینگنی شەڕاشوی لە خۆڕازی و لەخۆباییە!.. من دڵنیام وای لەو کیژە گەیاندووە کە من گەنجێکی فێڵبازی بە ئۆین و ساختەچیم. من دان بەوەدا دەنەم کە کەرێتی من لەوەدا بوو متمانەم پێکرد، گرێی دڵی خۆم بۆ کردەوە. وام وێنا دەکرد، لە ڕقی میرزادە، لە پێناوی تۆڵە سەندنەوە لە میرزادە، خزمەتی من دەکات. بە ڕاستی کەسێکی بیٚ بەقایە، ئامانی نیە. ئێستا دەماریم ناسیوە، دەزانم چ بوغزن و بوغز لە زگێکە! بەڵام بۆ مەسەلەی دزییەکە هەبیٚ و نەبیٚ لە دایکی، لە بێوەژنەکەی کاپتنەوە، پەی بە دزییەکەی باوکە بردووە. ئاخر باوکە لە پێناوی ئەو ژنەدا پەنای وەبەر ئەو کارە بردووە. هیپولیت، بیٚ هیچ بۆنەیەك لە خۆیەوە پێی گوتم کە جەنەڕاڵ بەڵێنی چوارسەد ڕۆبڵی بە دایکی داوە. بە خۆی بیٚ هیچ شەرم و لە ڕووداماتێك ئەوەی پێگوتم. ئیدی

لەوەوە لە هەموو شتێك حاڵی بووم. دیارە ئەمەی بۆ دایکەش گێڕاوەتەوە، لە بەر هیچ نا، تەنیا لە بەرئەوەی سویێ بکاتە دڵی دایکەوە و لەزەت لەو کارەی خۆی ببینێ. خۆزگە دەمزانی بۆچی نامرێت؟ ئەرێ بێزەحمەت پێم ناڵیی بۆ نامرێت؟ ئەدی قەرار نەبوو لە زەرفی سێ هەفتەدا بمرێت؟ لەوەتای هاتووەتە لای ئێمە قەڵەو بووە! کۆکەکەشی کەم بووەتەوە. دوێنێ ئێوارێ پێی گوتم، دوو ڕۆژە خوێنی هەڵنەهێناوە.

ڤاریا گوتی:

– کەوایە دەری بکە

گانیا، بە لووتبەرزیەوە بەرسڤی دایەوە:

– ڕقم لێی نیە، بە ڵکو حەزی لێناکەم!

دوای تۆزێك، لەپڕ توڕە بوو و هاواری کرد:

– با... ڕقم لێیەتی.. ڕقم لێیەتی و ئەولاتریش! ئامادەم ڕوو بە ڕوو ئەمەی پێ بڵێم، ئەگەر لە سەرەمەرگیشابێ پێی بڵێم! خۆزگە ئیعترافنامەکەیت دەخوێندەوە! پەنا بەخوا، کە ڕووقایم و گوساخێکی ساویلکەیە! لیوتنان پیروگۆفێکە لەو گۆڕە، نوزدریوفێکە* بەدیوە تراجیدیەکەیا! لەمەش خراتر منداڵە، توڵە سەگێکە لەو گۆڕە! خۆزگە ئەوسا تۆزێکم تێهەڵدەدا تا بمزانیبا پەرچەکرداری چ دەبێ! ئێستا دەیەوێ تۆڵەی ناکامی ئەو ڕۆژەی خۆی لە هەمووان بکاتەوە!...ئەرێ ئەوە چیە، دیسان بەزمەکەیە لەوێ ؟ دیسان لە سەرەوە، دادو فریادە! مەسەلە چیە؟ ئەمە کەی تەواو دەبێ، ئەم فەرتەنەیە نەبڕایەوە، بەس نیە؟ ئەمە قەبووڵ ناکەم!

لەو هات و هاوار و بۆڵە بۆڵەدا بوو کە پتیتسن وەژوورکەوت. ڕووی تێکرد و لە سەری ڕۆیی:

– پتیتسن ئەمە چیە؟ بۆکوێ سەری خۆمان هەڵگرین؟ ئەمە... ئەمە...

هەراو هەنگامەکە بەخێرایی نزیك دەبووەوە. لەپڕ دەرگا بە توندی کرایەوە، جەنابی ئیڤولیگین، کە لە توڕەییدا سوور بوو بووەوەو چاوی عاردی نەدەبینی وەژوورکەوت و بەرەو پتیتسن چوو کەوتە بۆڵە بۆڵ بە سەریا. پاشان نینا ئەلکسندروفنا، کولیا و، لەدوای ئەوانەوە هیپولیت، دوا بەدوای پیرەمێرد وەژوورکەوتن.

پەراوێز:

***– "... بودکولیوسین.." قارەمانی کۆمیدیای (زەماوەندی)ی گۆگۆڵە. نموونەی تەبیعەتی نزم و لاواز و، هەڵچوونی خۆسەریە، لە شەوی زەماوەندەکەیدا، لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە.**

***– "دەبخۆ دەردت بێ جۆرج داندان.." ئەم ڕستەیە لە دەقە ئەسڵەکەدا بە فەرەنسیە.**

***– "... پیروگۆف" شا قارەمانی چیرۆکێکە بە ناونیشانی "شەقامی نفسکی".**

***– "... نوزدریوف..." یەکێکە لە قارەمانە لێبوک و کۆمیدی و فشەکەر و چەنەباز و شەڕانی یەکانی ڕۆمانی "گیانە مردووەکان"ی گۆگۆڵ.**

فەسڵی دووەم

پێنج دانە ڕۆژ بوو کە هیپولیت هاتبووە ماڵی پتیتسن. دیارە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی، بێ هیچ قەرقەشە یان گەنگەشە یان دەمەقاڵێ، یان دووبەرەکیەك لە میرزادە جیابوو بووەوە، بە پێچەوانەوە، بەڵکو زۆر دۆستانە لێکدی جیابووبوونەوە. گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، کە شەوی ئاهەنگ و شەوبێرییەکەی کە پێشتر باسمان کردووە، ئەو هەموو دژمنایەتیەی هیپولیتی کردبوو، دوای ڕووداوەکە بە دوو ڕۆژان چوو بوو بۆ ماڵەوە بۆلای. دیارە بە مەبەستێکی تایبەتی خۆی کە لەپڕ بە خەیاڵیا هاتبوو، ئەم سەردانەی کردبوو. هەروەها (روگوژین)ش، کەس نەیدەزانی بۆ، سەری ئەم نەخۆشەی دەدا و هاتوچۆی دەکرد. میرزادە لە سەرەتاوە، لە دڵی خۆیدا وای دانابوو کە ڕۆیشتنی ئەو "گەنجە بێنەوایە" لە نك وی خێرو قازانجی خۆی تیایە. بەڵام هیپولیت وەختێ کە خواحافیزی لە میرزادە کرد پێی ڕاگەیاند کە دەچێت بۆ ماڵی پتیتسن کە لە پیاوەتی خۆی "خوڵکی کردووە و جێی کردووەتەوە". هەرچەندە گانیا خوڵکی کرد بوو بۆ ماڵەوە، بەڵام بە ئانقەست، کەم و زۆر ناوی گانیای نە هێنابوو، وەك بڵێی بە ئانقەست چاکە و پیاوەتیەکەی گانیا بێ منەت بکات و دان بەوەدا نەنێت کە ئەویش خاوەن ماڵە. گانیا هەستی بەمە کرد، ئیدی ئەم سووکایەتیەی لە دڵگرت.

گانیا، کە بەخوشکەکەی گوتبوو، حاڵی نەخۆشەکە ئێستا ڕوو لە باشیە، ڕاستی کردبوو. بە ڕاستی تەندروستی هیپولیت بەرەو باشی دەچوو، بە ڕەنگ و ڕوویا دیاربوو کە بەرەو باشی دەچێت.

هیپولیت، بە دەم بزەیەکی ژاراوی تەوسامێزەوە، بە کاوەخۆ، لە دوای ئەوانی ترەوە، وەژوور کەوت، سیمای نینا ئەلکسندروفنا، زۆر هەراسان و ترساو دیاربوو (ئەم ژنە لە زەرفی ئەم شەش مانگەی دواییەدا، زۆر گۆڕا بوو، یەجگار لاواز بوو بوو. لەوەتای کیژەکەی بەشوو دابوو، بە یەکجاری هاتبووە ماڵی ئەوان. پێدەچوو هەقی بە سەر منداڵەکانیەوە نەبێ و خۆی لە کاروبار- یان هەڵنەقورتێنێ). کولیا، نیگەران و پەشێو بوو. خۆی گوتەنی سەری لە زۆر شتی ئەم "شێتاتیەی جەنەڕاڵ" دەرنەدەکرد. چونکە بە ڕاستی سەری لە هۆی ڕاستەقینەی ئەم ئاژاوە تازەیەی کە باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا بوو، دەرنەدەکرد. بەڵام بە چاوی خۆی دەی بینی کە بابی یەجگار توڕەیە، شەڕ بەدارو بەرد دەفرۆشێت، لە هەموو شتێك بە بیانووە. لە ناکاوێکا بە ڕادەیەك گۆڕاوە، لە پیاوەکەی جاران ناچێ. ئەوەی کولیای نیگەران دەکرد ئەوە بوو کە پیرەمێرد

سێ دانە ڕۆژی تەواو بوو لە خواردنەوە دووركەوتبووەوە. كولیا دەیزانی كە بابی هاتوچۆی لیبدیف و میرزادەی تەرك كردووە، قسەی لێ دابڕیون، تەنانەت دەگەڵیاندا بە شەڕ هاتووە. كولیا تازە بەخۆو نیو قاپ ڤۆدگاوە، كە بە پارەی خۆی كڕی بووی، گەییە ماڵەوە. كاتێ كە هێشتا هەمووان لە قاتی سەرەوە بوون، بە دایكی، نینا ئەلكسندروفنای گوت:

– دایكە، دڵنیابە، ئەگەر دەمێ تەڕ بكات باشترە. سێ دانە ڕۆژە قەترەی نەخواردوەتەوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە مجێزی تێك چووبێت و دڵی تەنگ بووبێت. بۆیە بخواتەوە باشترە. كاتێ كە لە زندانی قەرزارانیش بوو. من هەر ڤۆدگام بۆ دەبرد.

جەنەڕاڵ، دەرگای خستە سەر گازی پشت، لە ئاستانەی دەرگاكەدا وەستا. بە ئاشكرا لە توڕەییدا دەلەرزی. پڕ بە زار هاواری بەسەر پتیتسنی زاوایدا كرد:

– بەڕێز، ئەگەر بە ڕاستی نیازت وایە پیرمێرێكی بەڕێز، باوكت، یان باوكی ژنەكەت، فەرق ناكا، ئەو پیاوەی كە دڵسۆزانە خزمەتی تزاری خۆی كردووە، بكەی بە قوربانی ئەم هەتیوە خوا نەناسە، ئەم توتەڵە سەگە. ئەوا من ئیدی لەم ساتەوە، دوو پێم بە ماڵەكەتدا نایەت. ئیدی بۆ خۆت سەرپشك بە، لە ئێستاوە یەكێكمان هەڵبـژێرە. یان من یان ئەو... بزمارە.. بەڵێ.. ئەم بزمارە! ئێستا، بە ڕێكەوت ئەم وشەیەم بە بیرا هات... بەڵام ئەم وشەیە پڕ بە پێستی خۆیەتی... بە ڕاستی ئەم هەتیوە بزمارە... چونكە وەكو بزماری ڕاستی خەریكە دڵم كون دەكات... بێ هیچ مدارایەك... ڕێك وەكو بزمار!...

هیپولت، هەڵیدایە و گوتی:

– ئەدی بۆ وەكو ئاچەری كردنەوەی سەری بوتڵان نەبم ؟

– نەخێر، ئاچەری بوتڵان نیت، چونكە من بوتڵ نیم جەنەڕاڵم. من هەڵگری نیشانان و میداڵی شەرەفم، بەڵام تۆ سفری پاش فاریزەش نیت.

دووبارە، شێت ئاسا، بە سەر پتیتسندا داباری:

– یا ئەو یان من، بیری خۆت بكەوەو هەر ئێستا قەرار بدە!

كولیا، لەم كاتەدا كورسیەكی هێنا، جەنەڕاڵ، شەكەت و ماندوو، بە ئاستەم خۆی بەپێوە دەگرت، خۆی دا بە كۆڵی كورسیەكەدا.

پتیتسن، که واقی وڕمابوو، له بن لێوانەوە گوتی:

– ئەگەر کەمێك خەوتبای باشتر نەبوو...

گانیا بە ئەسپایی بە خوشکەکەی گوت:

– هێشتا، ئەو هەڕەشە دەکات...

جەنەڕاڵ، بە جارێ دەهری بوو، هاواری کرد:

– کەمێك بخەوم ؟ من مەست نیم بەڕێز، تۆ سووکایەتیم پێدەکەی،جوێنم دەدەیتێ.

لەجێی خۆی هەستاو درێژەی دایە:

– دەبینم هەموو شتێك و هەموو کەسێك لێرە دژایەتیم دەکەن. بەسە، بێزار بووم! من دەڕۆم... بەڵام جەناب ئەوە بزانە کە... پێویستە بزانیت کە...

بەڵام پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکات دایان نیشاندەوە. لێی پاڕانەوە ئارام بگرێت و خۆی هێور بکاتەوە.

گانیا، پەست و توڕە، پەنای وەبەر سووچێك برد. نینا ئەلکسندروفنا. لە حەژمەتاندا دەلەرزی و دەگریا.

هیپولیت، بە تەشەرەوە گوتی:

– ئاخر من چ خراپەیەکم بۆی بووە ؟ گلەیی چی هەیە ؟

نینا ئەلکسندروفنا، لەپڕ هەڵیدایەو گوتی:

– هیچت نەکردووە؟ هەقە شەرم لە خۆت بکەی، عەیبە عەیب، ئاخر پیاو چۆن دڵی دێ پیرەمێردێکی وا ئەزیەت بدات... بە تایبەتی کەسێك لە وەزع و حاڵی تۆدا بێ!... هەی خۆت بەخۆت بی!...

– وەزع و حاڵم چیەتی خانم؟ من ڕێز و حورمەتی زۆرم بۆ تۆ هەیە، بە تایبەتی بۆ تۆ، بەڵام... جەنەڕاڵ، تەقیەوە:

– بزماره بزمار، خەریکه جەرگ و دڵم کون دەکات ! دەیەوێ بمخاته ڕیزی خوا نەناسانەوە! گوێ بگره توڵه باب، حەزدەکەم ئەوە بزانی، وەختێ من غەرقی شانازی و مایەی شانازی بووم، تۆ هێشتا لەدایك نەبوو بووی!... تۆ کرمێ بووی بەغیلی دەیخواردیت، کرمێ بوویت بە فوویەك دەبووی بە دوو لەتەوە. مرخە مرخ، کۆکە کۆك، خوا نەناس، بە دەم بوغزەوە دەمریت.... نازانم گانیا بۆچی بۆ ئێرەی هێنایت؟ هەموو هەر دژی منن، لە بێگانەوە بگرە تا دەگاتە کوڕەکەی خۆم...

گانیا هاواری کرد:

– بەسە، ئەم مەزڵوم نوێنییە بەسە! لەوەی پتر ناو زڕاوی لای ئاشناو بێگانەمان مەکە... بەسە تا لە سەرانسەری شارا حەیاو ئابڕوومان نەچووە...

– چی؟ من ناوی تۆ دەزڕێنم؟ حەیای تۆ دەبەم؟ هەی توڵە سەگ؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە . من حەیای تۆ نابەم، بە پێچەوانەوە حەیای تۆ کۆدەکەمەوە، شەرەف و ئابڕوی تۆ بە منەوەیە فەقیر...

جەنەڕاڵ، بە دەم ئەو قسانەوە لەجێی خۆی ڕاپەڕی، هێز نەبوو بتوانێ هێوری بکاتەوە و دای بنیشێنێتەوە. پیاو هەق بڵێ گانیاش سنووری بەزاندبوو.

گانیا، بە ڕقەوە هاواری کرد:

– ڕووشی دێت باسی شانازی و ئابڕوو بکات!

جەنەڕاڵ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بە توڕەیی بەرەو گانیا چوو و هاواری بە سەرا کرد:

– چیت گوت ؟

گانیا، لەپڕ گوتی:

– گوتم، وازبێنە، با دەمم نەکرێتەوە، دەنا...

بەڵام ڕستەکەی تەواو نەکرد.

هەنووکە هەردووکیان، بە تایبەتی گانیا، بەوپەڕی توڕەیی بەرانبەریان لە یەکدی گرتبوو

نینا ئەلکسندروفنا، بەپەلە چوو تا پێش لە کوڕەکەی بگرێت و هاواری کرد:

- گانیا، دەتەوێ چ بکەی ؟

ڤاریا، بەوپەڕی پەستی و بێزاری هاواری کرد:

- بە ڕاستی شەرمە بۆ ئێوە.

دایکی هێنایە دواوە و گوتی:

- دایکە وازبێنە، هەقت نەبێ بە سەریانەوە.

گانیا ڕوو لە باوکی، بەوپەڕی توڕەیی گوتی:

- من لەبەر خاتری دایکم مدارات دەکەم دەنا..

جەنەڕاڵ، کە لە توڕەییدا ئاگای لە خۆ بڕابوو، نەڕاندی:

- بڵێ! بڵێ، شەرم مەکە، بڵێ تا نەفرەتی باب بتگرێ...تا خوای باوکت بتگرێ... بڵێ!...

-پیف: کە لە تووك و نەفرەتی تۆ دەترسم! ئاخر خەتای کێیە کە یەك هەفتە پترە خۆت شێت کردووە ؟ ئەمڕۆ سەری هەشتەم ڕۆژە. گوێت لێیە؟ خوام نەماوە، ئاگات لە خۆبی، لەوەی پتر سەر مەکە سەرم، ناچارم مەکە ئەوەی ژێر بەڕەت بۆ بخەمە سەر بەڕە. دوێنێ بۆچی بەلۆژە لۆژ خۆت بۆ ماڵی یەپانچین ڕەکێش کرد؟ هێشتاش دەتەوێ خەڵکی ڕێزی تەمەنت، سەرە سپییەکەت و کەرامەتی باوکایەتیت بگرن؟ وەڵا بابە جوانە !...

کولیا هەڵیدایە:

- بێدەنگ بە گانکا! دەمت داخە گەوجە !

هتپولیت، بە هەمان ڕووقایمیەوە، هەڵیدایەو گوتی:

- ئاخر من چ خراپەیەکم بۆی بووە؟ لە کوێ گاڵتەم پێکردووە؟ بۆچی پێم دەڵێ بزمار، خۆ هەمووتان گوێتان لێبوو؟ من چی بکەم بە خۆی بانگی کردم و باسی کاپیتانێکی بۆ کردم بە ناوی یارۆپیاگوف. من هیچ حەز بە تێکەڵاوی ئێوەمانان ناکەم جەنەڕاڵ. بە خۆت دەزانی من هەمیشە خۆم لە تیکەڵاوی ئێوەگەل دوور گرتووە. ئاخر من و کاپیتان یاروپیاگوف کوجا مەرحەبا، چی کۆمان دەکاتەوە! من نایڵێم، خۆت بیڵێ!.. من لە بەرخاتری کاپیتان یارۆپیاگوف و بەسەرهاتی وی نە هاتووم بۆ ئێرە. خۆ کفرم نەکرد، بە ئاشکرا ڕەئی خۆم دەربڕی و گوتم

ڕەنگە ئەم كاپيتان ياروپياگوفە هەر بوونيشی نەبێت. ئيدی توڕە بوونێ تووڕە بوو ئەو سەری ديار نەبێت.

گانيا، گوتی:

– بێگومان وايە! ئەم كاپيتانە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بوونی نەبووە.

جەنەڕاڵ، داچڵەكی، حايرو سەرسام، بە چاوانی لێڵەوە دەيڕوانيە دەوروبەری خۆی. سەری لەم قسە ڕەقانەی كوڕەكەی سوڕمابوو، زۆری لە دڵ گران بوو. زمانی لە گۆ كەوت، هەرچی كردو كۆشا، وشەيەكی بۆ نەهات كە بەرپەرچی بداتەوە. هيپۆليت كە گوێی لە قسەكەی گانيا بوو لە قاقای پێكەنينی داو گوتی:

– خۆ گوێت لێبوو؟ كوڕەكەی خۆيشت دەڵێت هەرگيز كاپيتانێك بە ناوی (ياروپياگوف)ەوە نەبووە.

هەنگێ پيرەمێرد، هاتە زمان و بە پچڕ پچڕی گوتی:

– من باسی كاپيتون ياروپياگوفم كردووە، نەك باسی كاپيتان... كاپيتون ياروپياگوف، ناوی كاپيتۆن بوو. دەنا خۆی كاپيتان نەبوو، بەڵكو ليوتينان كوڵۆنێلی خانەنشين بوو... ياروپياگوف... كاپيتون.

گانيا كە تەواو دەهری بوو بوو، گوتی:

– (كاپيتون ياروپياگوف) ش هەرگيز نەبووە!

جەنەڕاڵ، سوور هەڵگەڕاو، لەبن لێوانەوە گوتی:

– چۆن... بۆ نەبووە ؟

پتيتسن و ڤاريا، گوتيان:

– ئاه، دەبەسە ئيدی!

كوليا، جارێكی دی هاواری كرد:

– گانيا بەسە، دەبيبڕەوە ماڵاوا !

لەوە دەچوو، جەنەڕاڵ، بە قسەکەی کولیا، کەمێك وەخۆ هاتبێتەوە، لەپڕ نەڕەیەکی هەڕەشە ئامێزی بەسەر گانیادا کردو پرسی:

– بۆچی نەبووە ؟ بۆچی هەرگیز نەبووە؟ مەبەستت چیە ؟

– لە بەرئەوەی نەبووە! پیاوی وا هەرگیز نەبووە و تەواو! من پێت دەڵێم نەبووە و، لەوەی پتر لە سەری مەڕۆ.

– ئەوەش کوڕەکەم. کوڕی خۆم کە من... پەنا بەخوا! دەوەرە دڵت بە کوڕی وا خۆش بێت!.. بە هەموو ئەقڵییەوە دەڵێت یاروپیاکوف، یاروشکا، یاروبیاکوف، لە ئیجادی نەبووە!

هیپولیت، خۆی لە قسەکەی هەڵقوتاند و گوتی:

– دەفەرموون! تۆزێ لەمەپێش کاپیتوشکا* بوو، کەچی ئێستا بە قودرەتی قادر بوو بە یاروشکا!

– من مەبەستم کاپیتوشکایە، کوڕی باش. نەك یاروشکا! مەبەستم کاپیتونە، کاپیتون ئەلکسیوفیچ، مەبەستم کاپیتان... لیوتینان کۆلونیل... (خانەنشین...) مێردی ماریا.. ماریا پترۆفناسو.. سو.. مەبەستم دۆست و هاوڕێم سوتوگوفە، کە لە قوتابخانەی سوپاییدا هاو دەورە بووین. کە خوێنم لە پێناویا ڕشتووە... بە جەستەی خۆم دامپۆشی... بەڵام کوژرا. ئیدی بۆچی دەبێ کەسێك نەبێ و نەبووبێ بە ناوی کاپیتوشکا یاروپیاکوف؟!

جەنەڕاڵ، زۆر بە ڕقەوە ئەو قسانەی دەکرد، هەڵچوونەکەی لە ئاقڵا نەبوو، بەڵام پیاو هەستی دەکرد کە هۆی هەڵچوونەکەی ئەم مشت و مڕەی ئێستایان نیە، بەڵکو شتێکی دیکەیە. چونکە زۆر جاری دی، چاوپۆشی لە گەنگەشە و مەسەلەێن زۆر تەوهین ئامێز تر لەم مەلابەزێنییەی ئێستا، کە کاپیتون یاروپیاکوف نیەو نەبووە، کرد بوو .ئیدی تاوێ بۆڵە بۆڵی دەکرد و بەخۆی بێتاقەت دەبوو و دەچووە قاتی سەرەوە و لێی دەخەوت. بەڵام شەڕی ئەمجارە (بەشەریش بوونەوەرێکی سەیرە!) تەنیا لەبەرئەوە بوو گومان لە سەر هەبوونی پیاوێك بە ناوی یاروپیاکوف هەبوو! جەنەڕاڵ ئەمەی بە سووکایەتیەکی گەورە دەزانی، بۆیە کردی بەو ڕۆژەی سیا وەحشی تیا کوژرا، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردنەوە، هاواری کرد:

– بەسە! بیبڕنەوە! بەر نەفرەتی من بکەون... من لێرە دەڕۆم، ئەم ماڵە بەجێ دێڵم! نیکولای کوا جانتاکەم بێنە... دەرەوە. من دەڕۆم!

بەوپەڕی تووڕەیی، بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. نینا ئەلکسندروڤنا، کولیا و پتیتسن بەلەز دوای کەوتن. ڤاریا بە براکەی گوت:

– ئەوە چیت کرد؟ بێگومان ئێستا دەچێتەوە بۆ ئەوێندەر! چەپکە گوڵێکی دیکە بە ئاوا دەدات و هێندەی دی حەیامان دەچێت! کە شەرمە !

گانیا، کە لەداخا هەناسەی تەنگ بوو بوو، هاواری کرد:

– جا با دزی نەکردبا!

بە دەم ئەو قسەیەوە، لەپڕ نیگای لە نیگای هیپولیت هەڵەنگوت، تەزوویەکی پێدا هات و هاواری کرد:

– تۆش، بەڕێز، دەبوایە ئەوە بزانی کە لە ماڵی خۆتا نیت، میوانیت، ڕاستە میوان ئازیزە. بەڵام نەدەبوو ئەو پیرەمێردە، کە بە ئاشکرا ئەقڵی تێکچووە، تووڕە بکەیت.

(هیپولیت)ش لەزگ بوو بەو قسەیە هەڵبچێ و تووڕە ببێ، بەڵام زوو بە سەر خۆیا زاڵ بوو و، بە هێمنی وەڵامی دایەوە:

– نا، من لەگەڵتا نیم کە باوکت ئەقڵی تێکچووبێ یان شێت بووبێ، ئەمە بوختانە. بە پێچەوانەوە، هەستدەکەم ئێستا لە جاران ئاقڵترە. باوەڕبکە من وای دەبینم. باوەڕم پێناکەیت؟ ئێستا زۆر بە وردی گوێ دەگرێت، قسان هەڵدەسەنگێنێ. قسەیەك لە جێی خۆی نەبێ نایکات، بێ مەبەست هیچ قسەیەك ناکات. کە باسی کاپیتوشکای بۆ کردم، مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبوو: تەسەور دەکەی دەیویست. من بێنێتە قسە و باسی...

گانیا تووڕە بوو و گوتی:

– کەیفی خۆتە... من نامەوێ بزانم دەیویست باسی چی بۆ بکەی! تکایە چاو و ڕاوم دەگەڵ مەکە جەناب... جا کە هۆی ڕاستەقینەی ئەم حاڵەی ئێستای ئەم پیرەمێردەت دەزانی (کە لە زەرفی ئەم پێنج ڕۆژەی کە لای ئێمە بوویت، ئەوەندەت جاسووسی بەسەرەوە کردووین، بێگومان پەیت بەم حاڵەی بردووە) نە دەبوو ئەم پیرەمێرە داماوە بهاڕوژێنی، نە دەبوو بە گەورەکردنەوەی، دەنگۆیەکی مەستانەی بێ بنج و بناوانی دووکەسی سەرخۆش، بەو ڕادەیە دایکم ئەزیەت بدەیت، دەنگۆیەك کە نە بنجی هەیە نە بناوان، من ئەو قسانە بە پولێکی قەڵب ناکڕم... بەڵام تۆ بەبێ دوو زمانی و جاسووسی هەڵناکەیت، چونکە تۆ... تۆ...

هیپولیت، به دەم تەوسخەنێکەوە، ڕستەکەی بۆ تەواو کرد:

– چونکە من بزمارم.

گانیا، لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– چونکە مرۆڤێکی موزیڕو مەردمازاری. تۆ ئەو کەسەیت کە نیو دانە سەعات ئەو هەموو خەڵکەت عەزاب داو یستت بە سیناریۆی خۆکوژی، بە دەمانچەی بە تاڵ، ئەو خەڵکە بترسێنی و خۆت کرد بە گەپجاڕ! تۆ فشەکەریت، درۆزنی، تۆ ئەوەنیت بتوانی خۆت بکوژی... تۆ تورەکەیەك ڕق و کینەیت بەسەر دوولاقەوە! من لەم ماڵەم حەوانیتەوە، قەڵەو بوویت، بوژایتەوە، کۆکەکەت نەماوە، پەڕیوە... هێشتاش بەو جۆرە چاکەم دەدەیتەوە! تەمەشا بزانە چۆن...

– تکایە ڕێم بدە با دوو کەلیمە قسان بکەم. من لێرە، میوانی ڤارڤارا ئاردالیوڤنام، نەك میوانی تۆ. تۆ هیچ چاکەو پیاوەتیەکت بە سەرمەوە نیە، تۆ خۆتیش میوانی، جەنابی پتیتسن بە خێری خۆ لێرەی حەوانویتەوە. چوار ڕۆژ لەمەپێش لە دایکم پاڕامەوە کە لە پاڤلوڤسك شوێنێکم بۆ پەیدا بکات و بەخۆیشی بێت لە پاڤلوڤسك ئاکنجی ببێت ، چونکە هەستدەکەم ئێرەم پێدەکەویٚ و بۆ تەندروستیم باشترە، هەرچەندە نە قەڵەو بووم و نە کۆکەکەشم پەڕیوە. دوێشەو دایکم ئاگاداری کردمەوە کە خانووی تازە ئامادەیە. بۆیە حەزم کرد زوو خەبەرت بدەمێ، وێڕای سوپاسی زۆرم بۆ دایك و خوشکەکەت، ئەمڕۆکە، لە ئەمڕۆ زووتر نیە دەگوازمەوە بۆ هەواری تازەم. ببورە کە قسەکەم پێبڕیت، چونکە وابزانم هێشتا قسەی ترت زۆر پێ ماببوون.

گانیا، موچوڕکێکی بە سەراپادا هات و گوتی:

– ئەگەر شتەکە ئاوابێ...

هیپولیت، قسەکەی پێبڕی:

– ئەگەر شتەکە ئاوابێ... ڕێم بدە با دانیشم، ئاخر من نەخۆشم. ئێستا ئامادەم گوێت لێبگرم و هەرچیت لە دڵدایە بیڵێی، بە تایبەتی کە ڕەنگە ئەمە دوا گفتوگۆ و دوا دیداری نێوانمان بێت.

هیپولیت، بە دەم ئەو قسانەوە، بەو پەڕی هێمنی، لە سەر کورسیەکەی جەنەڕاڵ ڕۆنیشت. گانیا، لەدڵی خۆیدا هەستی بەجۆرە شەرمەزارییەك کرد و گوتی:

– باوەڕ بکە، من نەمدەویست بێمە ئەو ئاستەی کە پاکوپیست دەگەڵ بکەم و حیسابت لەگەڵ بپڕێنمەوە و ئەگەر تۆ...

هیپولیت قسەکەی بڕی و گوتی:

– نا، ئەوەندەش خۆت هەڵمەکێشە، ئەوە نیت! منیش لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتە ئێرە، بەڵێنم بە خۆداوە، هەر ڕۆژێ کە لێرە بڕۆم، ڕێك و ڕەوان، هەرچیم لە بیرو خەیاڵابێ دەرهەق بە تۆ، بەرەو ڕوو پێتی بڵێم و داخی دڵی خۆمت پێ بڕێژم، جا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، هەڵبەتە دوای ئەوەی تۆ لە قسەکانت دەبیتەوە...

–منیش لای خۆمەوە تکات لێدەکەم. لەم ژوورە وەدەربکەوی.

–باشتر وایە قسەی خۆت بکەی. دەنا دوایی ژێوان دەبیتەوە کە قسەی دڵی خۆت نەکرد، لەدڵتا دەبێ بەگرێ!...

ڤاریا گوتی:

– هیپولیت بەسە! زۆر عەیبە. تکایە بیبڕنەوە!

هیپولیت، بە دەم پێکەنینەوە هەستاو گوتی:

– حورمەتی خانمان واجبە، ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، با بەدڵی تۆ بێ، ئامادەم لەبەر خاتری تۆ زۆر بە تانی قساندا نەچم، لە کورتی بیبڕمەوە. چونکە تازە کار لەکار ترازاوە، پێویستە دەگەڵ براکەتدا ڕوو بە ڕوو هەر چیمان هەیە. بیڵێین و خۆمان ساغ بکەینەوە. تا قسەکانی خۆم نەکەم، ناڕۆم.

گانیا هاواری کرد:

– تۆ کابرایەکی دووزمانیت، تا خراپ وەستابێ چاك بە دەمتا نایەت، بۆیە بەبێ تانەو تەشەر ناژیت، تا قسە دزێوەکانت نەکەی ناتوانی بڕۆیت.

هیپولیت، بە خوێنساردی گوتی:

– دەفەرموو، دیسان لغاوت بەزاند، جڵەوی خۆت لەدەست دا. با پێت بڵێم: ئەگەر قسەی دڵی خۆت نەکەی دوایی ژێوان دەبیتەوە ها. حەزیش دەکەم تۆ یەکەمجار قسەی خۆت بکەیت، من دوای تۆ قسان دەکەم.

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، نیگایەکی نەفرەتباری هیپولیتی کردو هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە.

هیپولیت گوتی:

– ناتەوێ قسە بکەی! فەرموو ئەگەر ڕاست دەکەی تا سەر لەسەر ئەم هەڵوێستەت بەردەوام بە! ئۆباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت. بە هەرحاڵ منیش بەش بەحاڵی خۆم تا پێم بکرێ لە کورتی دەیبڕمەوە. ئەمڕۆکە دوو سێ جار ئەم میوانداریەی ئێرەت بە چاوما کوتایەوە. ئەمە زوڵمە، هەق نیە. تۆ کە خوڵکت کردم بێمە ئێرەو لێرە ئاکنجی بم، بە نیاز بووی ڕاوم بکەی، بمخەیتە داوی خۆتەوە. وات دانابوو کە دژایەتی میرزادە دەکەم و تۆڵەی لێ دەستێنم. هەروەها بیستبووت کە ئاگلایا ئیڤانۆفنـاش، لوتـف و میهرێکـی دەرهـەقی بـەمن نوانـدووە و ئیعترافنامەکـەی خوێندوومەتەوە. ئیدی بە خەیاڵی خاوی خۆت و،. بێ هیچ بەڵگەیەك وات زانیوە ئیدی من خۆم بـۆ خزمـەتی مـەرام و بەرژەوەندییـەکانی تـۆ تـەرخان دەکـەم. بـە ئومێـدی ئـەوە بوویـت کـە مـن پشتیوانیت لێدەکەم. مـن لـەوەی پـتر لەسـەری نـاڕۆم: چاوەڕوانی ئـەوەش لـە تـۆ ناکـەم دان بـە دروستی و نادروستی ئەم قسانەدا بنەی. ئەوەندە بەسە کە حەواڵە بە ویژدانی خۆتت دەکەم. ئێستا یەکتریمان باش ناسی.

ڤاریا هاواری کرد:

– پەنا بەخوا، مێشێ دەکەی بە گامێشێ!..

گانیا گوتی:

– وەکو پێم گوتبووی: "هەم منداڵە و هەم دوو زمان."

– بـە یارمـەتیت ڤارڤارا ئاردالیونوڤنـا، بـا قسـەکەم تـەواو بکـەم. هەڵبەتـە مـن نـاتوانم مـیرزادەم خۆشـبوێ یـان ڕێـزی بگـرم. بـەڵام ئەلهـەقی مرۆڤێکـی باشـە، دڵپاکـە، هەرچـەندە هەنـدێ ئـەتوار غـەریب و بڕێـك مەخسـەرەیە... بـە هـەرحاڵ هـیچ هۆیـەك لـە ئـارادا نیـە کـە مـن ڕقـم لێـی بـێ و بیبوغزێنم، هەرکاتێ کە براکەت لە میرزادەی هاندەدام و داوای لێدەکردم دژایەتی بکەم، ورتەم لە خۆدەبڕی، فزەم نەدەکرد. چاوەڕوانی ئەنجام و کۆتایم دەکرد تا پێبکەنم. چونکە دەمزانـی ڕۆژێ دێ براکەت خۆی کەشف دەکات و، نیشانە ناپێکی و، کارێ دەکات ئەزی تیا شەرمەزاربم، کە هـەر واش دەرچـوو. جـا ئێسـتا مـن ئامـادەم بیبەخشـم، هەڵبەتـە لەبـەر خـاتری تـۆ، ڤارڤارا ئـاردا لیونوڤنـا. بـەڵام پـاش ئـەوەی بـۆت دەرکـەوت کـە ڕاوکردنـی مـن، ئەوەنـدەش ئاسـان نیـە، هەنوکـە ئامـادەم بـۆتی ڕوون بکەمـەوە، بـۆچـی سـوور بـووم لەسـەر ئـەوەی براکـەت ئیحـراج بکـەم و ببـێ بـە

قەشمەر جاڕی خەڵك و خوا.. حەزدەكەم ڕێك و ڕەوان پێت بڵێم من ئەم كارەم لە ڕووی ڕق و بوغزەوە كردووە. چونكە دەزانم بەو زووانە دەمرم (هەڵبەتە دەمرم، هەرچەندە بە گوتەی ئێوە قەڵەوتر بووم) هەست دەكەم ئەگەر بتوانم بەلای كەمەوە یەك كەسیشم لە نوێنەرانی ئەو چین و توێژە عەوام و زۆرەی كە بە درێژایی تەمەنم ئەزیەتیان داوم و هەمیشە لێیان بێزار و پەست بووم، كە برا بەڕێز و سەیرو سەمەرەكەی تۆ یەكێكی دیارە لەوانە، ئەزیەت دابێ وكردبم بە گاڵتەجاڕ و قەشمەر، ئەوا زۆر ئاسانتر و ئاسوودەتر دەچمە بە هەشت. جا گاڤریلا ئاردا لیونوفیچ، من زۆرم ڕق لێتە، بە تایبەتی لە تۆ، ڕەنگە پێت سەیربێ، كە تەنیا لەبەر ئەمە ڕقم لێتە چونكە تۆ نموونەیەكی زەق و ڕوودار و گۆساخ و هەرزە و فشەكەری، خەڵكانی عەوام و ڕەمەكیت، ئەو خەڵكە ڕۆتینبازەی سەر ڕەحەت و دڵ ئاسودە خەمی هیچیان، نیە. جا تۆ یەكێكی لەو ڕەشە خەڵك و بازاڕیە فشەكەر و لە خۆڕازیانە، تۆ نەك ڕۆتینباز، بەڵكو خودی ڕۆتینی! هەرگیز نابی بە خاوەنی بیری تایبەتی خۆت، هەرگیز، تروسكەی ئەساڵەت، ڕۆژێ لە ڕۆژان زەین و هۆشت، ڕوح و دەرونت ڕوناك ناكاتەوە. بەڵام لە هەنبەر ئەوەدا، یەكپارچە بەغیلیت، حەسوودیت سنووری نیە. تۆ قەناعەتی تەواوت هەیە كە گەورەترین بلیمەتی. كەچی وێڕای ئەوەش لە كاتی خەمباریدا، مۆرانەی گومان و غەزەب و بەغیلی دەداتە دڵ و دەرونت. ئاهـ... هێشتا هەندێ خاڵی ڕەش لە ئاسۆی بینینی خۆتا دەبینی، بەڵام ڕۆژێ دێ، كاتێ كە دەگەیتە حەماقەتی تەواو، ئەو خاڵە ڕەشانەش ئاوا دەبن و نامێنن، دیارە ئەو ڕۆژە دوور نیە. دیارە تۆ ژیانێكی دوورو درێژ و پڕ پێچ و هەوراز و نشێوی هەمە ڕەنگت لە پێشە و باوەڕناكەم ژیانێكی خۆش بێ، كە ئومێدەوارم خۆش نەبێ. با پێش هەر شتێك ئەوەشت پێ بڵێم كە ناگەیت بەو كیژەی كە دڵت پێوەیەتی.

ڤاریا، هاواری كرد:

– بەسە، لە تامت دەركرد! دەمت داخە، خوێڕی دەمپیسی جنێوفرۆش!

گانیا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، ئازای دەلەرزی، بەڵام خامۆش و بێدەنگ بوو. هیپولیت هەڵوەستەیەكی كرد، بە وردی و خۆشحاڵی ڕوانیە گانیا، زۆری پێخۆش بوو كە بەو شێوەیە پە شۆكابوو. ئەوسا نیگای گواستەوە بۆ ڤاریا، بزەیەكی بۆ كرد، سەرێكی بۆ دانەواند و بە بێدەنگی وەدەركەوت. گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، نەهەقی نەبوو گلەیی لە بەخت و نێوچەوانی خۆی بكات، بە كەسەرەوە بە ژوورەكەدا كەوتە هاتوچۆ.

ڤاریا، تا ماوەیەك زاتی نەكرد هیچ قسەیەكی دەگەڵ بكات، تەنانەت تەماشایەكیشی نەكرد. ئەنجام گانیا چووە بەر پەنجەرەیەك و پشتی كردە خوشكەكەی. ڤارڤارا بیری لەوە دەكردەوە كە كەس نازانێ چارەنووسی بەشەر بە كوێ دەگات. ئەو پەندە ڕووسیەی بیركەوتەوە كە دەڵێت: "هەر دار عاسایەك دوو سەری هەیە". ڕێك لەم كاتەدا، دووبارە لەسەرێ ڕا هەراو هەنگامەو، دەنگە دەنگ، بەرز بووەوە.

گانیا، كە هەستی كرد خوشكەكەی لەسەر كورسیەكە هەستا، لەپڕ ئاوڕی لێدایەوە و گوتی:

– دەڕۆیت؟ بوەستە: تەمەشایەكی ئەمە بكە!

بەرەو لای ڤارڤارا چوو، پارچە كاغەزێكی قەدكراوی نامە ئاسای فڕێدایە سەر كورسیەكەی بەردەمی. ڤاریا، بە سەرسامی دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– پەنا بە خوا!

نامەكە دەقاودەق حەوت دێڕ بوو، حەوت دێڕی تەواو: "گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، من لە نیاز پاكی و دڵسۆزی تۆ بەرانبەر بە خۆم دڵنیام. بۆیە قەرارم داوە، سەبارەت بە بابەتێك كە بۆ من گرینگ و بایەخدارە، پرس و ڕاوێژت پێبكەم. حەزدەكەم سبەی بەیانی، سەعات حەوت، لای تەختە كەسكەكە. بتبینم. لە ماڵی ئێمەوە نزیكە، ڤاریا ئاردالیونوڤنا، كە دەبێ لەگەڵتابێ، ئەو شوێنە باش پێدەزانێ. ئا. ی".

ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، بە سەرسامی دەستەكانی لێك بڵاوكردنەوە و گوتی:

– بنیادەم سەر لە كاری ئەم كیژە دەرناكات! گانیا، هەرچەندە حەزی نەدەكرد خۆی بنوێنێ و بە زەقی خۆی بە سەركەوتوو بزانێ، بەڵام نەشی دەتوانی شادمانی خۆی بە تەواوەتی بشارێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەو پێشبینییە كوشندەیەی كە هیپولیت بۆی كرد بوو. بزەیەكی پڕ غرووری شادمانی سیمای ڕوناك كردبووەوە. ڤاریاش كە خۆشی لێدەباری، گوتی:

– یانی كاتی نەدۆزییەوە ڕۆژی نیشانەكردنەكەی نەبێ! دەیسا ئەگەر دەتوانی هەوڵبدە بزانە چی دەوێت!...

گانیا پرسی:

– بە ڕای تۆ، دەیەوێ سبەینێ باسی چیم لەگەڵدا بكات؟

– ئەمە گرینگ نیە. گرینگ ئەمەیە دوای شەش دانە مانگ، بۆ یەکەمجارە کە دەیەوێ تۆ بدینێ. گوێ بگرە گانیا، مەسەلەکە چیە و چۆن دەبێ و چۆن دەکەوێتەوە، ئەمە بە جێی خۆی، تۆ دەبێ چاك بزانی کە ئەمە شتێکی "گرینگە" یەجگار گرینگە. وشە دەوری خۆی دەبینێ، ئەمجارە نەپەشۆکێی. قسەی هەلەق و مەلەق نەکەی. شەرمیش نەتگرێ. چاوت بکەوە! تۆ بڵێی ئاگلایا پەی بەوە نەبردبێ کە لەم شەش مانگەدا بۆچی ئەوەندە هاتوچۆم کردوون؟ تەسەور دەکەی ئەمڕۆکە هیچی دەربارەی ئەم دیدارە بە من نەگوت: بە ئاماژەش ئاماژەی بۆ نەکرد! دەزانی من بە دزی پیرەژنەوە، لە دەرگای پشتەوە چوومە ژوورێ. نەمهێشت پیرەژن پێ بحەسێت، ئەگەر بیزانیبا لەوە بوو دەرم بکات. هەڵبەتە من لەبەر خاتری تۆ ئەم ڕیسکەم کرد. دەمویست بە هەر جۆرێ بووە بزانم کە...

دووبارە، لە قاتی سەرەوە، دەنگی هەراو هەنگامە بەرز بووەوە. ئەوسا، دەنگی پێی چەند کەسێك کە بە هەشتاو لە قاڵدرمەکەوە دەهاتنە خوارەوە، هاتە گوێ.

ڤاریا، پەشێوو پەرێشان، بەتووڕەیی گوتی:

– نابێ ئێستا ڕێ بەم فەرتەنە و ئاژاوەیە بدەین. نابێ هیچ فەزیحەتێك ڕووبدات! بڕۆ بۆ لای ئاشتی بکەوە و داوای بوردنی لێبکە!

لێ سەرگەڤاری خێزان گەیی بووە سەر جادەکە. کولیاش کە جانتاکەی بۆ هەڵگرتبوو، لە دووی بوو. نینا ئەلکسندروفنا لە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا وەستابوو، لەزگ بوو سەری بە هەنسکانەوە هەڵکەندرێ، کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت. ویستبووی دووی جەنەڕاڵ بکەوێ، لێ پتیتسن پێشی گرتبوو و پێی دەگوت:

– لەدووی مەچۆ، شێلگیرتر دەبێ. هیچ شوێنێ نیە بۆی بچێ، لە زەرق نیو سەعاتێکا دەیگێڕینەوە. من لەمبارەیەوە قسەم دەگەڵ کولیا کردووە. وازی لێ بێنە، با کەمێ شێتبازی بکات.

گانیا، لە یەکێك لە پەنجەرەکانەوە هاواری لێکرد:

– ئەم بەزمە چیە دەستت داوەتێ؟ بۆ وادەکەیت؟ ئاخر بۆکوێ دەڕۆی؟ خۆ هیچ شوێنێکت نیە!

ڤاریاش هاواری کرد:

– باوکە، بگەڕێوە! ئاخر دراوسێکان گوێیان لە دادو فریادمان دەبێ!

جەنەڕاڵ، ڕاوەستا، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، دەستێکی ڕاکێشا و گوتی:

– نەفرەت لەمماڵە!

گانیا، پەنجەرەکەی توند داخست و کەوتە خوتەخوت:

– دەیەوێ تەمسیل بکات!

دەرودراوسێکان هەموو گوی قوڵاغ وەستابوون. ڤاریا، بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

هەرکە ڤاریا، وەدەرکەوت، گانیا نامەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، ماچێکی کردو، بە زمان چەقەنەیەکی لێداو لە خۆشیاندا پێی بە عاردی نەدەکەوت.

پەراوێز:

* – "... یاروشکا.." سوکەڵە ناوی (یاروم) کە بە فەرەنسی (جیروم)ی پێ دەگوترێ.

*– "کاپیتوشکا..": سوکەڵە ناوی (کاپیتون)ە.

فەسڵی سێیەم

ئەگەر ئەم فەزیحەت و فەرتەنەیەی کە ژەنەراڵ نابوویەوە، لەوەختێکی دیدا بوایە، زۆر بە ئاسانی دادەمرکایەوە. خۆ پێشتریش دووچاری ئەم جۆرە سەرهاتانە بوو بوو، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر، زیاتر کەسێکی لاشەڕی، هێمنی، بێوەی و دڵپاك بوو، دەیان جار هەوڵی دابوو، خۆی لەم وەزع و ڕەوشە نالەبارەی، کە لەم ساڵانەی دواییدا دووچاری بوو بوو وخۆی پێوەگرتبوو، ڕزگار بکات. لە ناکاوا بیری دەکەوتەوە کە "سەرگەڤاری خێزانە". دەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئاشت دەبووەوە، بەکوڵ دەگریا. تا ڕادەی پەرستن، ڕێزی نینا ئەلکسندروفنای هاوسەری دەگرت، چونکە ئەم ژنە، کڕوکپ، بێهیچ خوتەو بۆڵەیەك، چاوپۆشی لە کارو کردەوە دزێو و ناشیرینەکانی دەکرد. بەو هەموو بەدکرداری و بەدخودییەوە کە خۆی کردبوو بە مەخسەرەو گەپجاڕ، هێشتا هەر خۆشی دەویست، دەگەڵی میهرەبان بوو. بەڵام هەوڵی پیاوانەی جەنەڕاڵ بۆ تەرککردنی ئەو خووە خراپانەی، زۆری بڕ نە دەکرد. ئەویش لەچاو خۆیا زوو هەڵدەچوو، بەرگەی ژیانی تۆبەکاری و بێکاری ناو ماڵ و منداڵی نەدەگرت و ئیدی دەیدایە تانی سەرکێشی و یاخیگەرێتی. ئیدی لەوکاتانەدا هێندە توڕە دەبوو، وەك دەڵێن دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد، لە توڕەییدا چاوی دەپەڕینە تۆقی سەری، زۆر ئاسایی هەر لە هەمان ساتدا ژێوان دەبووەوە. بەڵام چاری خۆی پێنەدەکرا، دەرەقەتی خۆی نەدەهات. ئیدی کە ئەو حاڵانەی لێدەهات، شەڕی بە کەسوکارەکەی دەفرۆشت، زمانی دەکڕایەوە، ئەوەی دەیگوت نەی دەگوتەوە، داوای شتی مەحاڵی دەکرد، دەیویست لە ڕادە بە دەر ڕێزی بگرن، داوای مەحاڵی دەکرد، سەرەنجام لە ماڵ دەبڕا، ون دەبوو، جاری وا هەبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر دیار نەدەما. دوو ساڵێك بوو، ئاگای لە ماڵ و منداڵ نەمابوو، مەگەر بە بیستن شتێکی لەمەڕ کاروباری ماڵ ببیستبایە، دەنا بە دیتن ئاگای لە هیچ نەبوو، چونکە بە تەواوەتی دەستی لە کاروباری ماڵ بەڕێوەبردن و خێزانداری هەڵگرتبوو و تاقەتی لەو کارانە چوو بوو. بەڵام فەزیحەت و گەندەکارییەکەی ئەمجارەی جەنەڕاڵ ئاسایی نەبوو. دیار بوو شتێك ڕووی دابوو، هەموو پێیان دەزانی، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد باسی بکات، گەنگەشەی لەسەر بکات. جەنەڕاڵ، هەمووی سێ ڕۆژ بوو بە "فەرمی" گەڕابووەوە بۆ ناو خێزانەکەی، یانی گەڕابووەوە بۆلای نینا ئەلکسندروڤنا! بەڵام بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوویەوە، لە جیاتی ملکەچی بنوێنێ و پەشیمانی دەربڕێت، ئەمجارەیان زۆر جینگن، بەدخوو، بە بیانوو، زۆر بڵێ، نیگەران، و بێ ئۆقرە و هەڵچوو بوو، هەر کەسێکی دەستکەوتبا، بە قسەوە دەیگرت، سەرەتا زۆر بەجدی سەری باسێکی جدی دەکردەوەو

پاشان هێرشێکی نارەوای دەکردە سەر بەرانبەرەکەی. ئەو بابەتانەی باسی دەکردن، هێندە جیاواز و لێکدڕ بوون، مەحاڵ بوو گوێگر بزانێ ئەم پیاوە دەیەوێ چ بڵێ، لەوساتەدا چی لە زەین و بیردا دەگوزەرێ، ئەم نیگەرانی و پەرێشانیەی لەپای چیە. هەندێجاری کەمی لێدەرچێ کە تۆزێك وەخۆدەهاتەوە، هێور دەبووەوە و کەمێك کەیفی سازدەبوو، دەنا زۆربەی کات، بەبێ ئەوەی بەخۆیشی هۆیەکەی بزانێت، توند خوو و حەواسپەرت بوو. لەپڕ سەری حیکایەتێکی دادەمەزراند، بۆ نموونە دەربارەی: ماڵباتی یەپانچین، میرزادە، لیبدیف، ئەوسا لەپڕ بێدەنگ دەبوو، تاقە یەك وشەی دیکەی لە زار نەدەهاتە دەر. کە یەکێك پرسیاری پاشماوەی حیکایەتەکەی لێکردبا، بزەیەکی سارد و بێ مانای بۆ دەکرد و هیچی تر، لە تۆ وایە هەر پرسیاریشی لێنەکراوە. دوێشەو تا بەیانی هەر ناڵاندوویەتی، نینا ئەلکسندروڤنا، تا بەیانی شەکەت و ماندوو بە دیاریەوە ئێشك دەگرێت و زامەکانی تیمار دەکات و شتی گەرمی لێدەنێ و دەبەستێ. جەنەڕاڵ، لە بەرەبەیاندا، لەپڕ خەو دەیباتەوە، دوای چوار دانە سەعات. بەدەم مۆتەکەو کابووسەوە، پەشێوو پەرێشان لەخەو هەستابوو و بەوە شکابووەوە کە دەگەڵ هیپولیتدا بەشەڕ هاتبوو و "نەفرەتی لەو ماڵە"کرد بوو. لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا، هەستیان پێدەکرد، کە زۆر هەستیار و بەد مەجاز بووە، هەمیشە خەمبار و دڵشکا و دیاربوو، وەکو یەکێك لە کبریای درابێ، بە بچووکترین شت ئەزیەتی دەخوارد و تووڕە دەبوو. کولیا دایکی دڵنیا کرد کە ئەم خەمینی و بەد مەجازیەی (بابی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە مەیخواردنەوە بڕاوە، ڕەنگە لەبەر دووری لە(لیبدیف)ش بێ کە لەو دواییانەدا زۆر موتووی بوو بوو و دۆستایەتیەکی سەیری لە گەڵ گرتبوو. بە هەرحاڵ سێ ڕۆژ لەوەپێش دەگەڵ لیبدیفدا، بە شەڕ هاتبوون. ئیدی جەنەڕاڵ، بەوپەڕی تورەیی بەجێی هێشتبوو. تە نانەت جۆرە دەم بۆڵەیەکی دەگەڵ میرزادەشدا بوو بوو. کولیا داوای لە میرزادە کردبوو هۆی ئەو شەڕەی بۆ ڕوون بکاتەوە و، ئاقیبەت هەستی کرد کە میرزادە شتێکی لێدەشارێتەوە و نایەوێ پێی بڵێ. ئەگەر وەکو گانیا بە دڵنیاییەوە تەسەوری دەکرد و دەیگوت گفتوگۆیەکی تایبەتی لە نێوان هیپولیت و نینا ئەلکسندروڤنا ڕووی دابوو، باشە عەجایەب ئەم کابرا کینەکێش و فیتنەیە کە گانیا ڕوو بە ڕوو پێی گوت دووزمانە، هەر بۆ خۆشی خۆی، هەر بۆ کەیفی دڵی خۆی ئەم مەسەلەیەی بە کولیا نەگوتبوو! دیارە دەبێ هیپولیت ئەو کوڕیژگە بەد خواو ڕکونییە نەبووبێ کە گانیا بۆ خوشکەکەی باس کردبوو، دەبێ جۆرە شەڕەنگێزی و بەدخوویی و بەد نیهادیەکی دیکەی لە دڵ و دەروونا هەبووبێ. جا ئەگەر هیپولیت شتێکی بە نینا ئەلکسندروڤنا گوتبێ، مەرج نیە مەبەستی ئەوە بووبێ "دڵی بڕەنجێنێ"و سوێی بکاتە دڵەوە. با ئەوەش لە بیر نەکەین، وەختێ بمانەوێ بچینە بنج و بناوانی ئەنگێزەی کارەکانی مرۆڤ و بخوازین هەڵی بسەنگێنین، دەبینین زۆر لەوە ئاڵۆزتر و گۆنگ ترە کە

وێنای دەکەین. زۆر زەحمەتە بگەینە بنج و بناوانی.. هەندێجار باشترین کار بۆ حیکایەتخوان و گوتیار(راوی) ئەوەیە، ڕووداوەکان بە ڕووتی و وەکو خۆیان بگێڕێتەوە. جا ئێمە لە ئێستا بە دواوە هەمان ڕێگە و شێواز دەگرینە بەر بۆ گێڕانەوەی ئەم بەڵایەی کە هەنووکە جەنەڕاڵی تێکەوتووە و پێوەی دەناڵێنێ و ژیانی یەکسەر سەراوبن کردووە. ڕاستە ئێمە تا ئێستا لە چیرۆکەکەماندا درێغیمان دەرهەق بەم قارەمانە پلە دووە نەکردووە، بەڵام هەست دەکەین چارمان ناچارە دەبێ لە ئێستا بە دواوە بایەخی زیاتری بدەینێ، جا حاڵ و حیکایەتەکەی بەڕێز بەمجۆرە بوو:

لیبدیف، کە بۆ تاقیبی فردیش چینکۆ، بۆ پترسبۆرگ چوو بوو، لە هەمان ڕۆژا، دەگەڵ جەنەڕاڵدا، بۆ پافلوفسك، بۆ ماڵ، گەڕایەوە. هیچ شتێکی تایبەتی بە میرزادە نەگوت. لە هیچ شتێکی ئاگادار نەکردەوە. میرزادەش، لە ڕادەبەر مژول و سەرقاڵ بوو، بە خەمی خۆیدا کەوتبوو، دەنا ئەگەر ئەوەندە سەرقاڵ نەبوایە، هەستی بەوە دەکرد کە لیبدیف هەرچەندە دوو ڕۆژ بوو گەڕابۆوە و هیچ هەواڵێکی بەو نەدابوو، خۆیشی لێ دوور دەگرت و دەدزییەوە. کاتێ کە میرزادە ئاقیبەت هەستی بەم ساردی و دوورە پەرێزییە کرد، زۆری پێ سەیر بوو. چونکە بیری کەوتەوە کە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا هەرجارێ بە ڕێکەوت لیبدیفی دیتبوو، زۆر بە کەیف و بە دەماخی دیتبوو، هەمیشە دەگەڵ جەنەڕاڵدا دیتبووی. وەکو دوو هاوڕیی گیانی بە گیانی لێکدی جیا نەدەبوونەوە. میرزادە، هەندێجار. گوێی لێیان دەبوو کە لە قاتی سەرەوە، لە سەر ژوورەکەی ئەوەوە، بە دەم قسانەوە، بە دەم گفتوگۆ و گەنگەشەی گەرم و گوڕەوە. شادو بە کەیف، لە قاقای پێکەنینیان دەدا. تەنانەت شەوێکیان، درەنگانێکی درەنگ، دەنگی ئاواز و سترانێکی چاوەڕوان نەکراوی هاتە گوێ، لەو ئاواز و گۆرانیانەی کە سەربازان بە دەم خواردنەوە و سەرخۆشییەوە دەیڵێن، یەکسەر دەنگە گڕو گیراوەکەی جەنەڕاڵی ناسییەوە، بەڵام دەنگەکە زوو دایە کزی و پاشان بە یەکجاری نەماو بڕایەوە. ئەوسا گفتوگۆ و گەنگەشەیەکی گەرم و گوڕ و پڕ جۆش، بەڵام بە ئاشکرا مەستانە، دەستی پێکرد. گفتوگۆیەکە نزیکەی یەك دانە سەعات بەردەوام بوو. کەسێك گوێی گرتبا، بە ئاسانی هەستی دەکرد کە جووتە هاوڕێی گیانی بە گیانی نهۆمی سەرەوە، دوای تۆزێك دەستیان لە ملی یەکدی کردو، یەکێکیان دەستی بە گریان کرد. ئەوجا لەپڕ، دەنگی شەڕێکی توند بەرز بووەوە و دوای کەمێك دامرکایەوە.

لەو ماوانەدا کولیا، زۆر خەمبار بوو، بە تەواوەتی چوو بووە قاوغەکەی خۆیەوە. میرزادە بە ڕۆژ لە ماڵ نە دەمایەوە، دەچووە دەرەوە، هەندێجار درەنگە شەوێکی درەنگ دەگەڕایەوە. هەموو جارێ پێیان دەگوت کولیا بە درێژایی ڕۆژەکە تاقیبی کردووە و هەواڵی پرسیوە. بەڵام کولیا کە

میرزادەشی دیت، هیچ شتێکی تایبەتی پێ نەبوو بە میرزادەی بڵێ جگە لەوەی گلەیی ئەوە لە جەنەڕاڵ و ڕەفتاو ئەتواری ئێستای جەنەڕاڵ بکات و بڵێ زۆر " لێی پەست و ناڕازیە ". بڵێ "ئەو جووتە، موتووی یەکدی بوون، بە ناو ڕێگاو بانان کەوتوون، لە باڕێکی ئەو نزیکانە دەخۆنەوە، لە ناوەندی شەقامەکاندا، دەست لە ملی یەکدی دەکەن، یەکتر ماچ دەکەن، دوای تۆزێ بە بەرچاوی خەڵکییەوە لێیان دەبی بە شەڕ و بە جنێوان یەکدی دادەبێژن، و بە یەکدیدا هەڵدەگژێن، ناشتوانن لێکدی جیاببنەوە".

کە میرزادە گوتی ئەوە شتێکی تازە نیەو پێشتریش هەر وا بووەو ئەمە دووبارە کردنەوەی کردەوەکانی پێشوویەتی. کولیا نەیتوانی هیچ پاکانەیەك بۆ ئەم نیگەرانیەی ئێستای خۆی سەبارەت بە بابی بێنێتەوە.

بۆ بەیانی شەوی گۆرانیە سوپاییەکە و شەڕەکە، لەکاتێکا میرزادە، لە دەوروبەری سەعات یازدەدا لە ماڵ دەچووە دەرێ، لەناکاوا جەنەڕاڵ لە بەردەمیا قوت بووەوە، یەجگار پەشێوو پەرێشان بوو، بە ئەندازەیەك هەڵچوو بوو، دەلەرزی

– لیون نیکولایوفیچی بەڕێز، ماوەیەك بوو لە دەرفەتێك دەگەڕام کە بە دیداری جەنابت شەرەفمەند ببم. بەڵێ، دەمێکە، زۆر دەمێکە..

جەنەڕاڵ، بە دەم ئەو قسانەوە لە کاتێکا بە جۆرێ دەستی میرزادەی دەگوشی لەزگ بوو قامکەکانی بشکێنێ، لە سەری ڕۆیی:

– زۆر زۆر دەمێکە.

میرزادە خوڵکی کرد کە دانیشێت.

– نا، دانانیشم. تۆ لە سەر دەرچوونی، نامەوێ مەحتەلت بکەم. جارێکی دی دێمەوە. پێموایە هەقی ئەوەم هەیە پیرۆزبایت لێبکەم... کە بە ئاواتی دڵی خۆت گەیشتی..

–مەبەستت کام ئاواتە ؟

میرزادە شپرزە بوو. وەکو زۆر لەو کەسانەی کە لە هەمان وەزع و حاڵی ئەودان، وایدەزانی هیچ کەسێك، هیچ شتێك ی نەدیتووە و نەزانیوەو و نەبیستووە.

جەنەڕاڵ گوتی:

– دڵنیابە، خەیاڵت ڕەحەت بێ! ئەرخەیان بە! بە تەمانیم هەستی ناسکت بریندار بکەم، خۆم لە هەست و سۆزی ناسك و هەستیاری تۆ هەڵقورتێنم، خۆم بەو حاڵەدا تێپەڕیووم، دەزانم نابێ، کەس وەکو دەڵێن، خۆی لە شتێك هەڵقورتێنێ کە کاری وی نیە، کە پەیوەندی بەوەوە نیە! من هەموو بەیانیەك ئەمە حاڵمە، بەم حاڵەوە دەناڵێنم. میرزادە، پیاو ڕاست بڵێ من بۆ کارێکی دی هاتووم، کارێکی گرینگ، کارێکی زۆر گرینگ میرزادە گیان.

میرزادە، دووبارە خوڵکی دانیشتنی کردەوە و بەخۆی دانیشت تا ئەویش لە ڕوو دانەمێنێ و چاو لەو بکات.

جەنەڕاڵ گوتی:

– قەیدی نیە، یەك تۆز دادەنیشم.. من بۆ شیرەتێك هاتووم. ئاشکرایە کە من لە ژیانا ئامانجێکی پراکتیکی عەمەلیم نیە، بەڵام چونکە ڕێزی خۆمم لەلایەو حەیام بە خۆمەو، لەگەڵ ڕێزما بۆ ئەو گیانە پراکتیکیەی کە ڕووسیان بە گشتی لێی بێبەشن، گەرەکمە بۆ خۆم و بۆ ژنەکەم و بۆ منداڵەکانم... وەزع و حاڵێك فەراهەم بکەم بتوانین... بە کورتیەکەی، میرزادە هاتووم ڕێنوێنییەکم بکەیت...

میرزادە، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی ئەم نیاز و بڕیارەی لێکرد. جەنەڕاڵ، قسەکەی پێ بڕی و لە سەری ڕۆیی:

– ئەمانە هیچ نین. ئەلهەقی من لە دووی شتێکی گرینگترم. بڕیارم داوە گرێی دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە لیون نیکولایوفیچ. چونکە تۆ پیاوێکی ساغ و ڕاستگۆیت، باوەڕی تەواوم بە جۆری بیرکردنەوە و نەجابەت و جوامێریت هەیە، چونکە... چونکە... خۆ سەیرت بە قسەکانم نایەت، وانیە میرزادە ؟

میرزادە، ئەگەر زۆریش سەرسام نەبووبێ، ئەوا گەلێك بە وردی و کونجکاوی دەیڕوانیە میوانەکەی، پیرەمێرد، بڕێك ڕەنگ بزرکاو بوو، هەندێجار لێوی بە ئاستەم دەلەرزی، دەستەکانی بە بەردەوامی دەلەرزین، هەمووی چەند دەقیقەیەك بوو ڕۆنیشتبوو، لەم ماوە کورتەدا دوو جار هەستاو دانیشتەوە، بەخۆیشی نەیدەزانی چ دەکات، ئاگای لەم شپرزەییەی خۆی نەبوو. چەند کتێبێك لەسەر مێزەکە بوو، بە دەم قسانەوە یەکێك لە کتێبەکانی هەڵگرت، کردیەوە. تەمەشایەکی ئەو لاپەڕەیەی کرد کە کردبوویەوە، ئەوسا بەلەز کتێبەکەی داخستەوە و لەجێی

خۆی دابنایەوە. ئەوجا کتێبێکی دیکەی هەڵگرت، ئەمەیانی نەکردەوە، بەڵام بە درێژایی کاتەکە هەر بە دەستی ڕاستیەوە بوو، بە دەم گفتوگۆکەوە، بەردەوام دەیجوڵاند.

لەپڕ هاواری کرد:

– بەسە، با بڕۆم، لەوەدەچێ ناڕەحەتم کردبێت.

–نا، هەرگیز، ناڕەحەتت نەکردووم... تکادەکەم... قسەکەت تەواو بکە! بە پێچەوانەوە، بە دڵ گوێم لێگرتووی، سەراپام گوێیە، زۆر حەزدەکەم بزانم...

– میرزادە گیان، دەمەوێ پێگەیەکی ئەوتۆم هەبێ شایستەی ڕێز بم، سام و تام و حورمەتم هەبێ... دەمەوێ قەدری خۆم بکڕمەوە. حورمەتی خۆم و... مافی خۆم.. بگرم...و

– کەسێك ئەمە نیازو مەرامی بێ، لە ئێستەوە شایستەی قەدرو ڕێزە.

میرزادە، ئەم ڕستە کورتە باو و بڵاوەی لەو ڕوانگەیەوە بەکار برد کە قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کاریگەرییەکی دەرونی زۆر باشی لە سەر جەنەڕاڵ دەبێت. بە تەبیعەت هەستی بەوە دەکرد، کە ڕستەیەکی وا بۆش و بێ مانا، بەڵام لەگوێدا خۆش، ئەگەر لەکاتی گونجاو و لەباردا بەکار ببرێ، دەتوانێ ئۆخژن و ئارامی و دڵنیایی بە دڵ و دەروونی مرۆڤێکی وەکو جەنەڕاڵ ببەخشێت، بە تایبەتی ئەگەر لە حاڵێکی وەکو حاڵی ئەودا بێ. بە هەرحاڵ میرزادە، نەیدەویست میوانێکی وەکو ئەم میوانە بە بێ دڵنەوایی بەڕێ بکات.

جەنەڕاڵ، بە ڕاستی بەو ڕستەیەی میرزادە زۆر خۆشحاڵ بوو، دڵی نەرم بوو، هەست و سۆزی جوڵا، زۆر بە گەرم و گوڕی و هێمنی دەستی بە قسان کرد. میرزادە هەرچەندە زۆر بە وردی گوێی بۆ ڕادێرا، بەڵام هیچ شتێك لە قسەکانی حاڵی نەبوو. جەنەڕاڵ زۆر بە گەرم و گوڕی و بە پەلە دە دەقیقەیەك قسەی کرد، لە یەکێك دەچوو، ئەوەندەی قسە پێ بێ کە وشە فریای دەربڕینی نەکەوێت. ئەنجام ڕوندك کەوتە چاوانی. بەڵام هەر هەموو ئەو قسانەی کردنی، هیچیان بە سەر هیچەوە نەبوو، زنجیرەیەك قسەی چاوەڕوان نەکراوی هەلەق و مەلەق بوون کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبوو، چۆن لەو کاتەدا بە زمانیا دەهاتن، گلی نەدەدانەوە.

جەنەڕاڵ، لە ناکاودا هەستاو گوتی:

– بەسە! ئەوەندە بەسە! تۆ لە مەبەستم حاڵی بوویت و ئێستا هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی و ئارامی دەکەم. دڵێکی وەکو تۆ، ناشێت لە مرۆڤێکی دڵ بەژان، دڵ بەسوێ تێنەگات. میرزادە

گیان نەجابەتی تۆ، نەجابەتێکی نموونەیی و ئایدیالیە! خەڵکی لەچاو تۆدا چین؟ تۆ گەنجیت، من دوعای خێرت بۆ دەکەم، بەو دوعای خێرە بێ کە من بۆتی دەکەم. ئەوەی ڕاستی بێ من بۆیە هاتووم، تا داوات لێبکەم کە سەعاتێکم بۆ گفتوگۆیەکی گرینگ بۆ دیاری بکەیت کە هیواو ئومێدێکی زۆرم بەم گفتوگۆیە هەیە. میرزادە من جگە لە دۆستایەتی و لێکحاڵی بوونی دڵان هیچی دیکەم ناوێ. من هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان دەرەقەتی داوایەکانی دڵم نەهاتووم.

میرزادە گوتی:

– باشە بۆ ئێستا قسان نەکەین؟ من ئامادەم گوێت لێبگرم...

جەنەڕاڵ، بە توندی قسەکەی پێبڕی:

– ئێستا نا! چونکە ئێستا! من ئێستا لە حاڵێکی خەوناسادام! مەسەلەکە زۆر گرینگە، زۆر گرینگ! چونکە ئەو سەعاتەی کە قەرارە گفتوگۆی تیا بکەین، چارەنووسی منی پێوە بەندە. چارەنووسی من وەستاوەتە سەر ئەو سەعاتە گفتوگۆیە. ئەو سەعاتە سەعاتی "من"دەبێ، حەز ناکەم لە ساتێکی پیرۆزی وەکو ئەو ساتەدا کەسێك بێت بە سەراو قسەکەمان پێببڕێت. یەکەم کەسی بێ چاوو ڕوو، ڕووقایم، بێت و قسەکەمان پێببڕێت.

لێرەدا جەنەڕاڵ، سەری وەپەنا گوێی میرزادە نا، بە چپەیەکی سەیر و نهێنیئامێزەوە، بەمەیلەو ترسێکەوە گوتی:

– ڕووداوێکی بێحەیا کە ناکاتە پاژنەی... پاژنەی پێڵاوەکانی تۆ، ئاهـ میرزادە گیان! نالێم "پێڵاوەکەی من". ملاحەزە بفەرموو: من باسی پێڵاوەکەی خۆم ناکەم، چونکە لەوە پتر ڕێزو حورمەتی خۆم لەلایە کە ڕاستەوخۆ و بێ پێچە بە دەورە ناوی پێڵاوی خۆم بێنم! بەڵام هەر تۆ لەوە دەگەیت کە من بێزم نایەت ناوی پێڵاوەکەی خۆم ببەم، گەرەکمە شەخسیەتی خۆم بنوێنم. تەنیا تۆ لەمە حاڵی دەبیت، و "ئەو" "بە تایەبەتی" لەمە ناگات، میرزادە گیان "ئەو" هیچ شتێك تێناگات. ئەو و تێگەیشتن کوجا مەرحا!. کەسێك دەتوانێ تێبگات کە خاوەن دڵ بێ.

میرزادە، لە کۆتایی ئەم دەردە دڵەدا، هەستی بە جۆرە نیگەرانیەکی ترسامێز کرد، قایل بوو کە سبەینێ لە هەمان کاتدا جەنەڕاڵ ببینێ. جەنەڕاڵ، بەدڵی خۆش و لەشی سووك وخەیاڵی ئاسوودەوە، ڕۆیی. میرزادە لە نێوان سەعات شەش و حەوتی ئیوارەدا، پەیامێکی بۆ لیبدیف نارد کە سەرێکی بدات.

لیبدیف، زۆر بەپەلە هات، کە وەڕووركەوت گوتی "گەورەییە" بۆ ئەو کە بە دەنگی میرزادەوە بێت و لە خزمەتیا بوەستێ. بە هیچ جۆرێ خۆی نەبردە ئەو بارەی کە لە زەرفی ئەم سێ ڕۆژەدا، بە ئانقەست خۆی لە دیداری میرزادە دوورە پەرێز دەگرت.

لیبدیف، بە دەم بزەیەکی دەستکردەوە، لە قەراخ کورسییەك دانیشت، جۆرە مەراییەکی دەستکرد بە سیمایەوە دیاربوو، چاوە چکۆلەکانی خەندان، بەڵام کونجکاو بوون، دەستەکانی هەڵدەگلۆفتن، خۆی وەکو کەسێکی زۆر ساویلکە دەنواند، کە چاوەڕوانی گفتوگۆ و هەواڵێك بێ کەلای هەمووان ئاشکرا بووبێ و ئەمیش لە مێژبێ چاوەڕوانی بێ.

میرزادە بەم ڕەفتارەی لیبدیف ناڕەحەت بوو. دیاربوو هەموو ئەوانەی دەوروبەری بۆنی شتێکیان کردبوو، چاوە چاوی ئەوە بوون، پیرۆزبایی لێبکەن، قسەیەك بکەن، بزەیەك بکەن، شۆخی و سوعبەتێك بکەن. کیللەر، لە ماوەیەکی کورتا سێ جار بەپەلە چووبووە دیدەنی، بە ئاشکرا دیاربوو بۆ پیرۆزبایی چوو بوو، بەڵام هەرسێ جارەکە زۆر بە گەرمی سەری قسەی دادەمەزراند، بەتانی قساندا دەچوو، لەپڕ قسەکەی بە نیوە چڵی دەبڕی، هەڵدەستا و دەڕۆیی. (ماەیەك بوو کیللەر، سەری کردبووە مەینۆشی وخەڵکی لە هۆڵێکی بلیاردا دەیانبینی کە لەخوت و خۆڕایی فەرتەنەی دەنایەوە.) تەنانەت کولیاش، وێڕی خەمباری و دڵتەنگی خۆی، دوو سێ جاران، هەوڵی دابوو، لە قسەکانیا ئاماژە بۆ ئەو لەگەز و مقۆمقۆیانە بکات.

میرزادە، بە ڕاشکاوی و، بە زمانێکی هەندێ بنجبڕ و، کەمێك تورە لە لیبدیفی پرسی کە ڕەئی بەرامبەر بەو وەزع و حاڵەی ئێستای جەنەڕاڵ و هۆی ئەو نیگەرانییەی کە تێی کەوتووە چیەو، زۆر بە کورتی دیدارە دووقۆڵیەکەی ئەو بەیانیەی خۆشیانی بۆ گێڕایەوە.

لیبدیف، بە سارد و سڕی بەرسڤی دایەوە:

– میرزادە، کەس بێ خەم نیە، هەرکەسەو خەمێکی هەیە! بە تایبەتی لەم سەردەمە سەیر و سەمەرەو بەخەم ژانەی کە ئێمە تیای دەژین. هەر ئەوەیە و هیچی دی!

لیبدیف، ئەوەی گوت و، وەکو یەکێك ڕەنجا بێت و بە تەمای شتێك بووبێ و نە هاتبێتە دی، بەو ئاوایە بێدەنگ بوو.

میرزادە، بە دەم بزەیەکی تانە ئامێزەوە گوتی:

– کە قسەیەکی فەیلەسوفانەیە!

– فەلسەفە پێویستە. لە مەیدانی پراکتیکی و عەمەلیدا، بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە زۆر پێویستە، بەڵام نەگبەتیەکە لەمەدایە کە خەڵکی گوێی نادەنێ. بەڵام میرزادەی بەڕێز، ئەگەر چی لەو مەسەلەیەدا کە بەخۆت دەیزانی، متمانەی تەواوت بە من کرد، بەڵام ئەو متمانەیە لە سنوورێکی دیاریکراودا بوو و لە سنووری هەلومەرجی ئەو مەسەلەیە دەرنەچووە.. من لەمە تێدەگەم و هیچ گلەییەکیشم نیە!

میرزادە گوتی:

– لیبدیف، لەوە دەچێ لەسەر شتێك لە من زیزبی، وایە؟

لیبدیف، دەستی خستە سەر سینگی و بە گەرمی گوتی:

– نا، هەرگیز، بە هیچ جۆرێ. میرزادەی بەڕێز، بەپێچەوانەوە. من دڵنیام کە من لە هیچ ڕوویەکەوە شایستەی ئەو متمانە بەرزە نیم کە تۆ پێت بەخشیم، نە لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە، نە لە ڕووی زیرەکی و ئەخلاقیەوە، نە لە ڕووی ئەو سەروەت و سامانەوە کە پێکەوەم ناوە، نە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە. شایستەی ئەو لوتفەی تۆم. جا ئەگەر بتوانم خزمەتێکی تۆ بکەم، وەکو نۆکەر و خوڵامێك خزمەتت دەکەم، هیچ مەبەستێکی دیکەم نیە. نا، من بە هیچ جۆرێ زویر نیم، بەڵکو خەمبارم.

– بەسە، بەسە لوکیان تیموفیوفیچ!

– ئەوە ڕاستیەکەیەتی! حاڵی حازر ئاوام. کە دەتبینم یان کاتێ لە دڵی خۆما بیر لە تۆ دەکەمەوە، بە خۆم دەڵێم: "من لیاقەت و شایستەیی متمانە و باوەڕی دۆستانەم نیە، شایستەی ئەوە نیم ئەوەی دۆستێك بە دۆستێکی دەڵێت، بە من بگوترێ، بەڵام وەکو خانەخوێیەکی تۆ دەشێت لە هەندێ شوێن و کاتدا، شایستەیی هەندێ شتم هەبێ، شایستەی هەندێ ڕێنوێنیان یان ئاگادار بوون لە هەندێ گۆڕانکاری نزیك و چاوەڕوانکراو بم.."

لیبدیف، بە دەم ئەو قسانەوە، چاوە چکۆلەکانی بڕی بوونە میرزادە، کە بە سەرسامی تەمەشای ئەوی دەکرد. هێشتا هەر بە تەمابوو شتێك لە میرزادەوە بزانێ.

میرزادە، بە نیمچە توڕەییەکەوە گوتی:

– لێت تێناگەم. نازانم مەبەستت چیە...

میرزاده بە دەم ئەو قسانەوە، لەپڕ بە ئاشکرا و لە ناخی دڵەوە لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– لە ژیانما لە تۆ دووزمانتر و بە ئۆینترم نەدیوە.. کە فێڵبازی...

لیبدیف، یەکسەر، گوێ بە گوێی ئەو دەستی بە پێکەنین کرد. بە نیگا گەشەکانیا دیار بوو، کە ئومێد و خۆزیاکانی نەك هەر بوژانەوە، بە ڵکو زیاتریش بوون. میرزادە گوتی:

– لوکیان تیموفیوفیچ دەزانی دەمەوێ چیت پێ بڵێم؟ بەڵام زویر مەبە: من سەرم لە ساویلکەیی تۆ و خەڵکانێکی دیکە سوڕماوە! سەرم لەوە سوڕماوە کە بە خەیاڵی خاوی خۆتان، بە تەمان لەم کات و ساتەدا، من هەواڵێکتان بدەمێ، بەڵام کە من هەرچی سەردێنم و سەر دەبەم، هیچم پێ نییە پێتانی بڵێم، هەست بە شەرمەزاری دەکەم. جا من دڵنیاتان دەکەم، سوێندتان بۆ دەخۆم کە هیچم پێ نیە پێتانی بڵێم، باوەڕبکەن.

میرزادە، دووبارە پێکەنی.

لیبدیف، جۆرە سەنگینی و ویقار و هەیبەتێکی دەستکردی لە خۆی هێنا. ڕاستە هەندێجار ساویلکە دەنوێنێ و فزوڵیەت و کونجکاوی خۆی ناشارێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە پیاوێکی خاپینۆك و،بە فێڵ و دەهۆ و، لە بنەوەبڕ نەبوو. هەندێجار زۆر فێڵبازانە دەمی خۆی دەگرت و وای دەنواند لە ئیجادی هەر کەمدوو بووە. ساردو سڕی و بێ مەیلی میرزادە کردبوویە کارێك، ئەم پیاوە، میرزادە بە نیمچە دوژمنێکی خۆی بزانێ. بەڵام کە میرزادە دەگەڵی نەرم نەبوو و، ڕووی نەدەدایە، لەبەر ئەوە نەبوو کە ڕقی لێی بوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کونجکاوی و فزوڵیەتی لیبدیف، سەبارەت بە مەسەلەیەکی زۆر هەستار بوو. میرزادە، تا چەند ڕۆژێك لەمەپێش هەندێ لە خەون و خۆزیاکانی خۆی بە تاوان دەزانی، بەڵام لوکیان تیموفیوفیچ کە دەی بینی میرزادە، قسەی بۆ ناکات و ڕووی ناداتێ، ئەمەی وا لێکدەدایەوە کە گوایە نیشانەی ئەوەیە ڕقی لێیەتی، گومانی لێیەتی، بۆیە ڕەنجا بوو، حەسوودی و بەغیلی بە کولیا و کیللەر، تەنانەت بە کچەکەی خۆیشی، ڤیرا لوکیانوڤنا دەبرد. هەرچەندە دەیتوانی لەم ساتەدا هەواڵێکی گرینگ بە میرزادە بدات و لە ناخیشەوە حەزی دەکرد وا بکات، کەچی چارەی دا بە یەکا. دایە بێدەنگی و ورتەی نەکرد.

لیبدیف ئەنجام دوای بێدەنگییەکی کەم گوتی:

– میرزادەی بەڕێز، خێر بوو بە دووتا ناردبووم، خزمەتێکت هەبوو بۆتی ئەنجام بدەم ؟

میرزادە، لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی:

– دەمویست باسی جەنەڕاڵ بکەم و باسی... ئەو دزییەی کە بۆت گێڕابوومەوە.

– کام دزی، دزی چی؟

– کورە دە بەسە، بۆچی خۆت لە گێلی دەدەی! بە ڕاستی لوکیان تیموفیوفیچ تۆ ئینسانێکی سەیری! ئەم تەمسیل و نواندنەت لە چیەو تاکەی ؟ مەبەستم پارەکەتە... پارە... ئەو چوارسەد ڕۆبڵەی کە بە کیفەکەتەوە ون بوو، دیار نەماو، بەیانی ئەو ڕۆژەی کە دەچوویت بۆ پترسبۆرگ، هاتیت بۆت باسکردم. ئێستا لە مەبەستم حاڵی بوویت ؟

لیبدیف، هەنگێ بە دەنگێکی نزم، وەکو ئەوەی تازە لە مەبەستی میرزادە حاڵی بووبێ، گوتی:

– ئا... چوارسەد ڕۆبڵەکەت مەبەستە! زۆر سوپاست دەکەم میرزادە، کە خەمی منتەو لێم دەپرسییەوە، سوپاسی ئەم خەمخۆرییەت دەکەم، بۆ من مایەی شانازییە، بەڵام... پارەکەم دۆزییەوە، ماوەیەکە!

– دۆزیتەوە ؟ ها... دەی سوپاس بۆخوا!

– ئەو شوکرانەیەی جەنابت، نیشانەی دڵپاکی و خانەدانی خۆتە، چوارسەد ڕۆبڵ، بۆ بابایەکی هەژار، کە بە ڕەنجی شان پەیدای کردبێت و ڕەشە خێزانێکی بێ دایکی بە کۆڵەوەبێ، کەم نیە...

میرزادە، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– مەبەستم ئەمە نەبوو! هەڵبەتە پێم خۆشە کە پارەکەت دۆزیوەتەوە، بەڵام... بەڵام چۆنت دۆزییەوە؟

– زۆر بە ئاسانی، لەژێر ئەو کورسیەدا دۆزیمەوە کە کۆتەکەمی بە سەرەوە هەڵواسرابوو. بێگومان دەبێ کیفەکە، لە گیرفانی کۆتەکەوە داخزی بێ و کەوتبێتە ژێر کورسییەکەوە.

– ژێر کورسی؟ مەحاڵە... خۆ تۆ پێت گوتم هەموو شوێنێکی بۆ گەڕاویت. ئیدی چۆن لەو شوێنە زەقەدا بەرچاوت نەکەوتووە ؟

– بە ڕاستی ئەوێ گەڕام. زۆر چاك لە بیرمە کە ئەوێ گەڕام. تەنانەت بۆی کەوتمە سەر چوار چنگۆڵەش، هەر بە تەمەشاکردنەوە نەوەستام، دەستیشم بردە ژێر کورسیەکە، کورسیەکەشم جوڵاند و لابرد، دەستم بە ژێرەکەشیا گێڕا، چۆڵ و هۆڵ، ئەشتەبای لێ نەبوو. جارێکی دیکەش

تەمەشام کردەوە. پیاو کە شتێك، شتێکی بەنرخ گوم دەکات و خەفەتی بۆ دەخوات و سوورە، لەسەر ئەوەی بیدۆزێتەوە، تووشی ئەو دڵەڕاوکێ و وازوازیە دەبێت. سوور دەزانێ ئەو شتەی کە بۆی دەگەڕێ لەو شوێنە نییە، کەچی پازدە کەڕەت هەمان شوێنی بۆ دەگەڕێتەوە.

میرزادە، بە سەرسامی، لە بن لێوانەوە گوتی:

– باشە... گریمان ئەمە وایە، بەڵام دەربارەی ئەمەی تۆ، چۆن شتی وا دەبێت ؟... هەوەڵجار گوتت پارەکە لەوێندەر نەبووە، کەچی دوایی لە هەمان شوێن دۆزیوتەتەوە! شتی وا چۆن دەبێ؟

– بەڵێ، لەپڕ لەوێندەر سەری هەڵدا.

میرزادە نیگایەکی گومانامێزی لیبدیفی کرد و لەپڕ لێی پرسی:

– ئەدی جەنەڕاڵ ؟

لیبدیف، دووبارە خۆی لە گێلی دایەوە و گوتی:

– جەنەڕاڵ ؟ مەبەستت چیە ؟

– پەنا بەخوا! دەڵێم کاتێ کە جزدانەکەت (کیفەکەت) لە ژێر کورسییەکەدا دۆزییەوە، جەنەڕاڵ چی گوت ؟ خۆ ئێوە بە دوو قۆڵی ئەوێندەر گەڕابوون. وانیە ؟

– بەڵێ یەکەمجار بە دووقۆڵی گەڕاین. بەڵام ئەمجارەیان هیچم پێنەگوت، هەر بەینی خۆمان بێ حەزم نەکرد پێی بڵێم کە جزدانەکەم دۆزیوەتەوە. هەر خۆم دۆزیومەتەوە.

– باشە... بۆ ؟... پارەکە تەواو بوو، کەمی نەبوو؟

– کە جزدانەکەم کردەوە، تەمەشام کرد پارەکە خشت لەجێی خۆیەتی، تاقە ڕۆبڵێکی کەم نەبوو.
میرزادە، کاس و حەپەساو گوتی:

– دەبوایە بەلای کەمەوە، من لەمە ئاگادار بکەیتەوە.

– حەزم نەدەکرد، ناڕەحەتت بکەم، تۆش کێشە و گرفتاریی خۆت هەیە، ڕەنگە کێشەی گەورەش بن. لە لایەکی دیکەوە وام نواند کە هیچم نەدۆزیوەتەوە. پاش ئەوەی کیفەکەم کردەوە، پارەکەم ژمارد، دڵنیابووم کە کەمی نییە، ئیدی دامخستەوە و خستمە ژێر کورسیەکە.

– بۆ ئەم کارەت کرد؟

لیبدیف، بە دەم تەوسخەنێکی کوت و پڕەوە، دەستەکانی بە خۆشییەوە لێکدی هەڵسوون و گوتی:

– ئیدی بیرێك بوو هات بە مێشکما، حەزم دەکرد بزانم دوای ئەوە چ دەبێ، دەنا هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نەبوو.

– یانی جزدانەکە لە پێرێوە لە ژێر کورسیەکە کەوتووە؟

– نە گیانە، تەنیا بیست و چوار سەعات لە ژێر کورسیەکە بوو. گوێ بگرە، حەزم دەکرد، جەنەڕاڵیش بیدۆزێتەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: کە من ئاقیبەت دۆزیمەوە، بۆچی جەنەڕاڵیش، ئەو شتە زەق و دیارە، کە لە دوورەوە هاوار دەکات و دەڵێت ئەوەتام وام لە ژێر کورسییەکە، نەبینێ! چەند جارێك جێ گۆڕکێم بە کورسیەکە کرد، لام بردو هێنامەوە جێی خۆی، بە جۆرێ کە کوێرێکیش بە کوێری خۆی هەست بە کیفەکەی ژێری بکات، کەچی ئەو جەنەڕاڵە، ئێستاو ئەوسا هیچی بەدی نەکرد. ئەمە شەو و ڕۆژێکی خایاند، کەچی هیچ! هەر دەتگوت لەوێش نیە. ئەو پیاوە تەواو سەتحی بووە، نازانم چیەتی: قسەم بۆ دەکات، جۆرەها حیکایەتم بۆ دەگێڕێتەوە، پێدەکەنێ، هەندێجار لە قاقای پێکەنین دەدات، کەچی لە ناکاوا، دەهری دەبێ، لێم تووڕە دەبێ، دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات. نازانم بۆ! ئەنجام لە ژوورەکە وەدەرکەوتین بە ئانقەست دەرگاکەم دانەخست. سەیرم کرد هەندێك دوو دڵە، حەزی لێبوو شتێك بڵێ. دیاربوو کە نیگەرانی جزدانەکە و ئەو پارە مۆڵەی ناوی بوو. بەڵام بێئەوەی باسی ئەمە بکات، لە پڕێکا تووڕە بوو، سووری سوور بووەوە. هەرکە گەیشتینە سەر شەقامەکە و چەند شەقاوێك ڕۆیشتین، لە من جیابووەوە و بەلایەکی دیدا ڕۆیی. ئیدی یەکمان نەبینییەوە تا شەوێ کە لە باڕدا یەکمان گرتەوە.

– ئەدی، ئەنجام جزدانەکەت لەژێر کورسیەکە هەڵگرتەوە؟

– نا، هەر ئەو شەوە، لە ژێر کورسیەکەدا دیار نەما.

– ئەدی ئێستا لەکوێیە ؟

لیبدیف، بە دەم قاقای پێکەنینەوە، نیگایەکی دۆستانەی میرزادەی کردو گوتی:

– ئەوەتا... لێرەدایە. لە پڕ لە ژێر ئەستەڕی کۆتەکەوە سەری دەرهێنا. تەمەشاکە. فەرموو ئەگەر دەتەوێ دڵنیابی، بە خۆت دەستی لێبدە.

قەراغی چەپی بنەوەی پاڵتۆکە، بە ڕادەیەك هەڵتۆقی بوو کە بە ئاسانی هەستی پێدەکرا. ئەگەر پیاو دەستی لەو شوێنە بدایە، یەکسەر هەستی بە جزدانێکی چەرم دەکرد کە لە کونێکی گیرفانەکەیەوە داخزی بووە، ژێر ئەستەڕەکەی.

لیبدیف گوتی:

– دەرم هێناو تەمەشام کرد. پارەکە بە دەقی خۆیەوە مابوو، تاقە پولێکی کەم نەبوو. ئیدی خستمەوە هەمان جێگا و ئەوەتا لە دوێنێ بە یانیەوە بەو جۆرە پێمە و جارجاریش بەر لاقم دەکەوێ.

– کەچی هەر گوێی نادەیتێ ؟ ناخۆش نیە ؟

– نا، هەست بە هیچ ناکەم. ها ها! میرزادەی بەڕێز باوەڕبکە هەرچەندە ئەم مەسەلەیە ئەوە نایەنێ سەری جەنابتی پێوە بیەشێنم –بەڵام باوەڕبکە قەت گیرفانی من نەدڕاون، کەچی ئەمجارە لە شەوێکا ئەو کونەی تێبوو! کە بە وردی تەمەشام کرد لە تۆ وایە یەکێك بە قەڵەمبڕ دایدڕیوە. ناچێتە ئەقڵەوە، وانیە؟

– ئەدی... جەنەڕاڵ !

– دوێنێ و ئەمڕۆ، لە بەیانیەوە تا شەوێ هەر تووڕە بوو، تووڕە بوو ئەمما توڕە. بەڵام کە خەیاڵ دەبێ و نەشەدەیگرێ ئیدی کەیفی ساز دەبێ، دەکەوێتە مداراو مجامەلە، زمانی دەپژێ و گۆرانی دەڵێت. بە ڕادەیەك هەستی ناسك دەبێتەوە خوڕ خوڕ ڕوندك بە گۆناکانیا دێتە خوارێ، کەچی لەپڕ شێت دەبێ، توڕە دەبێ، لێی دەترسم. بە خۆت دەزانی من پیاوی شەڕ نیم. دوێنێ کە بەدوو قۆڵی لە باڕ بووین، بە ڕێکەوت داوێنی پاڵتۆکەم گرمۆڵە بوو و ئەویش بینی، ئیدی جەنەڕاڵ، بە تیلەی چاو تەمەشایەکی کرد، توڕە بوو. ئێستا ماوەیەکە فێر بووە، ڕوو بە ڕوو تەمەشام ناکات، مەگەر مەست و کەیف سازبێ. بەڵام دوێنێ دووجار تەمەشای کردم، تەمەشای چی! ئاگر لە نیگای دەباری، باوەڕبکە تەزوویەکی سارد بە مۆرەغەی پشتما هاتووە. من بە نیازم سبەینێ جزدانەکە دەربێنم، بەڵام بەر لەوەی دەری بێنم، حەزدەکەم شەوێکی دیکەش پێی ڕابوێرم.

میرزادە هاواری کرد:

– بۆچی ئەوەندە ئەزیەتی دەدەی؟

لیبدیف، بە گەرمی گوتی:

– ئەزیەت ؟ نا، میرزادە، ئەزیەتی نادەم! بە پێچەوانەوە خۆشم دەویٚ، لە دڵەوە خۆشم دەویٚ و ڕێزی دەگرم. باوەڕبکە، من ئێستا لە جاران خۆشترم دەویٚ و ئیحتوبارێکی زیاتری لەلام پەیدا کردووە.

لیبدیف، بە ڕواڵەتێکی هێندە جدی و ڕاستگۆیانە ئەو قسانەی کرد، کە میرزادە تەواو پەست بوو، لە لیبدیفی پرسی:

– ئەمە خۆشت دەویٚ ئەو هەموو عەزابەی دەدەی، ئەگەر خۆشت نەویستبا چی؟ گویٚ بگرە، کە جزدانەکەی بۆ لە شوێنێکی بەرچاو داناویتەوە، یەکەمجار لە ژێر کورسیەکەو دووەم جار لە پاڵتۆکەتدا، مانای وایە دەگەڵتا بە فێڵ نیە، بە ئاشکرا داوای بوردنت لێدەکات. تێدەگەی؟ عوزر خوایی دەکا! مانای وایە بە ئومێدە کە بە لوتفی خۆت بیبەخشیت، باوەڕ و متمانەی بە دۆستایەتیت هەیە. ئیدی چۆن ڕیٚ بە خۆت دەدەی، مرۆڤێکی وا، بەو هەموو پاکی و ئەمانەتدارییەوە، بە ڕادەیەك عەزیەت بدەی کە خۆی لە بەرچاو بکەویٚ ؟

لیبدیف، بە چاوانی کراوەوە گوتی:

– میرزادەی ئابڕومەندو بە ڕێز! ئەی وەچاغزادە و خانەدان، تەنیا تۆ توانیوتە بەم هەموو ڕاستیەوە، بەم هەموو ئینسافەوە، قسە بکەیت، ستایشی ئەو پیاوە بکەیت. هەر بۆیەش بەم ڕادەیە خۆشم دەوێی و خۆمت لەدەور دەگێڕم، هەرچەندە من سەراپام گەندەکاریە، ئەوساش تا ڕادەی پەرستن خۆشم دەوێی! تەواو بڕیاری خۆم دا، هەر ئێستا جزدانەکە دەردێنم، نایخەمە سبەینیٚ. تەمەشاکە، ئێستا لە بەرچاوی خۆتا دەری دێنم. ئەوە پارەکەیە، یەك عانەی کەم نیە، فەرموو میرزادەی مەرد و ڕەند بیگرە، با تا سبەینیٚ لای تۆبیٚ. سبەی یان دوو سبەی لێتی وەردەگرمەوە. دەزانی میرزادە، دوورنیە ئەم پارەیە یەکەم شەو لە باخە چکۆلەکەی خۆماندا، کرابێتە ژێر بەردێکەوە، تۆ دەڵێی چی؟

– ئاگاداربە ڕاستەوخۆ و ڕوو بە ڕوو مەڵیٚ کە پارەکە دۆزراوەتەوە، مەیدە بە ڕوویا. بەڵام کارێکی وەها بکە، کە هەست بکات، ئەستەڕی پاڵتۆکەت هیچی تیانەماوە. بە تاڵ بووەتەوە، هەنگیٚ بەخۆی تێدەگات.

– تۆ وات پیٚ باشە؟ ئەدی چۆنە بڵێم جزدانەکەم دۆزیوەتەوە و وا بنوێنم پێشتر پێم نەزانیوە؟

میرزادە، بە دەم هزرینەوە گوتی:

– نا، باش نیە، تازە درەنگە. ڕەنگە زۆر خراتر بێت. باشتر وایە هیچ نەڵێی! دەگەڵیا میهرەبان بە، بەڵام... نابێ زۆر پێتەوە دیاربێ کە تۆ... دەورێکی پێشوەختە ئامادەکراو دەبینی،...و... و.. بە خۆت دەزانی...

–دەزانم، میرزادە، دەزانم. دەزانم کە ئەم کارە ناکەم، ئەم کارە بە من ناکرێت، چونکە کاری وا دڵێکی وەکو دڵی تۆی گەرەکە. ئەو حاڵی حازر زۆر بەد مەجاز بووە، لە خۆیەوە هەڵدەچێ. هەندێجار لە بنی پێمەوە تا تۆقی سەرم بە نیگا دادەبێژێ، جارێ بە دەم هۆڕژنی گریانەوە باوەشم پێدادەکات و ماچم دەکات، جارێ دەمبوغزێنێ و بە ڕقەوە ڕەفتارم دەگەڵ دەکات... لە ساتێکی وەهادا بە ئانقەست داوێنی پاڵتۆکەمی نیشان دەدەم تا بیدینێ... ها، ها!.. دەیسا خواحافیز میرزادە... پیموایە مەحتەلیشم کردیت، بە گوتەیەکی دی ناسکترین سۆزم شێواندیت...

– بەڵام بۆ خاتری خوا ئەم نهێنییە بپارێزە، وەکو چۆن پیشتر پاراستبووت.

– زۆر بە پارێزەوە ڕەفتار دەکەم، بەبێ خشپە.

هەرچەندە مەسەلەکە تەواو بوو بوو، بەڵام میرزادە لە جاران نیگەرانتر بوو، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی سبەینێی دەکرد کە قەرار بوو جەنەڕاڵ بدینێ.

فەسڵی چوارەم

قەراری دیدارەکەیان نێوان سەعات یازدە و نیو و دوازدە بوو. بەڵام میرزادە، لەبەر هۆیەکی چاوەڕوان نەکراو، دواکەوت. کە گەییەوە ماڵێ، سەیری کرد جەنەڕاڵ چاوەڕوانیەتی. لە یەکەم نیگاوە هەستی کرد جەنەڕاڵ پەستە، لەوە دەچوو پەستی ئەو چاوەڕوانیە زۆرەبێ.

میرزادە پۆزشی بۆ هینایەوە، بە لەزو ترس و سڵکردنەوەیەکی زۆر سەیرەوە، وەکو ئەوەی میوانەکەی چینییەکی شکستۆك بێ و خەمی ئەوەی بێ نەشکێت، دانیشت. بە عەمراتی بەرانبەر بە جەنەڕاڵ، هەستی بەو جۆرە ترسە نەکردبوو، هەر وێناشی نە دەکرد ئەو جۆرە هەستەی لا دروست ببێ. میرزادە هەر زوو بۆی دەرکەوت ئەو پیاوەی کە هەنوکە لە بەردەمیایە ئەوە نیە کە دوێنێ دیتبووی، زۆر جیاوازە: ئەو پیاوە ئاڵۆز و سڵۆك و سەراسیمەیەی جاران نیە، بەڵکو پیاوێکە بە سام و بە هەیبەت و ویقار، وەکو ئەوەی قەراری یەکجارەکی دابێت و نیازی ژێوان بوونەوەی نەبێت. بەڵام ئەم مەندی ومەنگییەی زیاتر ڕواڵەتی بوو تا واقیعی و ڕاستەقینە بێ. بە هەرحاڵ، ڕەفتاری جەنەڕاڵ سەنگین و قورس و لەبەردڵان و پڕ نەزاکەت بوو. بەرخوردی دەگەڵ میرزادەدا خاکیانە بوو، لە ڕەفتاری کەسانیك دەچوو، کە بە ناهەق و ناڕەوا لە غروورو کبریایان درابێ و سوکایەتیان پێکرابێ، بە زمانێکی نەرم و دۆستانەی خەمامێز دەدوا.

ئەوجا بەدەم ئاماژەوە بۆ مێزەکەی بەردەمی، زۆر بە ویقارەوە گوتی:

– ئەو گۆڤارەم بۆ هێناویتەوە کە ئەو ڕۆژە لیرە بردم.سوپاس.

– ئا، بەڵی، ئەو گوتارەت خوێندەوە جەنەڕاڵ ؟ چۆن بوو بەلاتەوە؟ جوانە، ها؟

میرزادە زۆری پێخۆشبوو، کە ئەم دەرفەتەی بۆ قسەکردن بۆ ڕەخسا، قسەکردن لە بارەی شتێکەوە، کە هیچ بارگرژیەکی دەروونی یان سۆزداری لێنەدەکەوتەوە.

جەنەڕاڵ بەرسڤی دایەوە و گوتی:

– ڕەنگە جوان بێ، وتارێکی سەرنجڕاکێش بێ، بەڵام زۆر خراپ نووسراوە، بێ ناوەڕۆکە، تەنانەت دەتوانی بڵێی سیخناخە لە درۆ .

جەنەڕاڵ، زۆر بە متمانەوە ئەو قسانەی دەکرد، لەوە دەچوو بە ئانقەست، بەو هێواشیە قسان بکات.

میرزادە گوتی:

– بەڵێ، چیرۆکێکی زۆر سادەیە! سەربازێکی پیر کە بەخۆی، سوپای داگیرکەری فەرەنسای دیتووە، کە هاتووەتە ناو مۆسکۆ و لەوێندەر ئۆردوبەزی کردووە، ئیدی هەندێ شتی خۆش دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە بیرەوەری شایەدحاڵ بایەخی گەورەی هەیە، ئیدی نووسەرەکەی هەر کێیەك دەبێ با ببێ. وانیە؟

– ئەگەر من لە جیاتی سەرنووسەرەکە بام، ئەو نووسینەم بڵاو نەدەکردەوە. بەڵام سەبارەت بە بیرەوەری شایەدحاڵان، خەڵکی زیاتر باوەڕ بە کابرایەکی درۆزنی، فشەکەری، لەخۆبایی، بەڵام لێزان و سەرگەرمکەر دەکەن تا بە پیاوێکی هێژای، شایستەی، بە سەنگ و ئیحتوبار. من هەندێك لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٨١٢ دەزانم کە...

– میرزادە، من لێبڕاوم لێرە، لەم ماڵە بڕۆم – ماڵی ئاغای لیبدیف.

جەنەڕاڵ، بەدەم ئەو قسەیەوە، نیگایەکی ماناداری، بەسامی میرزادەی کرد.

میرزادە، کە تیامابوو، نەیدەزانی چی بڵێ، هەر هات بەزاریاو گوتی:

– شوێنی تۆ لە پاڤلوفسکە لای... لەماڵی کچەکەت.

لەو کاتەدا بیری کەوتەوە، کە جەنەڕاڵ بۆ مەسەلەیەکی گرینگ، مەسەلەیەك کە چارەنووسی (جەنەڕاڵ) پێوەی بەندە، هاتووە بۆلای ئەو تا ڕێنوێنییەکی بکات.

جەنەڕاڵ گوتی:

– لای ژنەکەم، یانی لە ماڵی خۆم و ماڵی کیژەکەم.

– ببورە: من...

– میرزادە گیان، من لە ماڵی لیبدیف نامێنم، دەڕۆم. چونکە پەیوەندیم دەگەڵی بڕیوە. دوێشەو دەگەڵی تێکچووم، مخابن کە زووتر ئەم کارەم نەکرد. من خۆمم خۆش دەوێ، حەزدەکەم ڕێزم بگیرێ، بە حورمەتەوە مامەڵەم لەتەکدا بکرێت، تەنانەت ئەوانەش کە دڵیان دەدەمێ، دڵی خۆمیان بۆ دەکەمەوە، دۆستایەتیان دەکەم، حەزدەکەم ڕێزم بگرن، دۆستایەتی بەڕێزەوە خۆشە.

میرزاده، من زۆر جار دڵ بە خەڵکی دەدەم، متمانەیان دەدەمێ، بەڵام زۆربەی کات، هەست دەکەم فریوم خواردووە، بە هەڵە چووم. پەشیمانی حاسڵ دەکەم. ئەم پیاوە شایستەی دۆستایەتی من نەبوو.

میرزادە، بە پارێزەوە گوتی:

– ڕاست دەکەی، پیاوێکی هەندێ ڕەت بڵاوە، هەندێ سوخەتی هەیە کە... بەڵام دڵێکی میهرەبانی هەیە، بۆ حاڵی خۆی زیرەکە، هەندێجاریش کەسێکی ڕوح سووك و خۆشەویستە.

ئەم قسە هەڵبژاردەو پڕ نەزاکەتانەی کە میرزادە بەکاری برد، ئەو زمانە نەرم و نیان و پڕ لە قەدر زانیە، سوکناییەکی تەواویان بەدڵ و دەروونی جەنەڕاڵ بەخشی. هەرچەندە هەندێجار نیگایەکی گوماناوی تیژ تێپەڕی میرزادەی دەکرد، بەڵام حاڵەتی میرزادە بە ڕادەیەك ئاسایی و جدی بوو کە هەموو گومانێکی لەلا دەسڕییەوە.

جەنەڕاڵ، دووبارە، دەستی بە قسان کردەوە:

– سەبارەت بەوەی کە خەسڵەتی باشیشی هەیە، من یەکەم کەسم کە دانم بەوەدا ناوە، کاتێ کە لێی نزیك بوومەوە و ویستم دۆستایەتی بکەم، لە دڵی خۆدا گوتم هەڵبەتە لایەنی ئەرێنی خۆیشی هەیە. ئاخر خۆ من بە نان و ئاوی ئەونیم، نە پێویستم بە ماڵی ئەوە نە بەمیوانداری ئەو، چونکە بەخۆیشم ماڵ و حاڵ و خێزانی خۆم هەیە. من نامەوێ پاکانە بۆ خۆم بکەم و عەیب و عارەکانی خۆم پەردەپۆش بکەم. من پیاوێکی ئەوەندە ساڵح نیم. لە هەموو شتێکدا توندڕەوم، میانڕەوی نازانم. من بووم بە هاوپیاڵەی ئەم پیاوە، کە خۆزگە ئەو غەڵەتەم نەدەکرد! بەڵام تەنیا لە بەرخاتری مەشرووب نەبوو کە دۆستایەتیم دەکرد، (ببورە میرزادە کە بەم زمانە کاڵو کرچە قسان دەکەم، پیاوی دڵ بریندار لێی ناگیرێ!) بەڵکو دڵبەندی سوخەتە باشەکانی بوو بووم، ئەو سوخەتانەی کە خۆت ئاماژەت کردنێ. بەڵام هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە، وەك دەڵێن هەموو شتێ بەخوێ و خوێش بە مانا، تەنانەت سیفەتی باشیش. یانی ڕووقایمی بگاتە ڕادەیەك، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك، بێ هیچ شەرمێك لە پڕو بە ڕاشکاوی بڵێ کە بە منداڵی، لە ساڵی ١٨١٢دا، پیی چەپی لە دەست داوە و لە گۆڕستانی ڤاگانکوفو*ی قەراخ مۆسکۆ ناشتوویەتی، ئیدی ئەم قسەیە لە تام دەردەچێ، نیشانەی بێ حورمەتیە، بەڵگەی ڕووداری و گوساخیە.

– ڕەنگە سوعبەتی کرد بێت، بۆ پێکەنین ئەو قسەیەی کردبێت.

– من لە مەبەستت دەگەم. درۆیەکی سپی کە خاوەنەکەی بۆ پێکەنین بیکات، ئەگەر هەندێ زبرو ناخۆشیش بێ، دڵی بنیادەم نایەشێنێ. ئاساییە پیاو بۆ پێکەنین و دڵخۆشی بەرانبەرەکەی درۆیەکی زەقیش بکات، بە مەرجێ درۆکەی دۆستانەو بێ غەرەزبێ، بەڵام ئەگەر ئەم درۆیە شەقڵێکی بی حورمەتی تیابێ و، ئەم بێ حورمەتیە بەو مەبەستە بێ کە بە هێماو ئاماژە تێت بگەیەنێ کە لە دۆستایەتیت بێزارە، بووی بە بار بەسەرییەوە، لەم حاڵەدا پیاوی نەجیب و خانەدان، هیچ چارێکی نامێنێ، جگە لەوەی خۆی دووربخاتەوە و هەموو پەیوەندییەك دەگەڵ ئەو کەسەدا بپڕێت و بیخاتە قاڵبەکەی خۆی و سنووری خۆی پێ نیشان بدات.

جەنەراڵ، بەدەم ئەو قسانەوە سوور بوو بووەوە.

میرزادە گوتی:

– نا، لیبدیف، لە ساڵی ١٨١٢دا قەت لە مۆسکۆ نەبووە، چونکە تەمەنی لەوە بچووکترە کە لەو ساڵەدا لە مۆسکۆ بووبێ. هەر لەدایك نەبووە. ئەم قسەیە مایەی پێکەنینە!

– ئەمەیان هەر نەیسە، وازی لێبێنە. گریمان لەو ڕۆژگارەدا، ماوەیەك بووە لەدایك بووە. ئاخر بە چ ڕوویەکەوە دەڵێ سەربازێکی فەرەنسی لوولەی تۆپەکەی کردوەتە ئەو، هەر بۆ کەیف بە گوللە تۆپێك قاچێکی پەڕاندووە، گوایە ئەمیش خێرا لاقە پەڕیوەکەی هەڵگرتووەتەوە، بۆ ماڵی بردووەتەوە و پاشان لە گۆڕستانی ڤاگانکوفو ناشتوویەتی، ئاخر بە چ ڕوویەکەوە شتی وا دەڵێت؟ هەر بەوەندەشەوە ناوەستێ، دەڵێت گۆڕێکی بۆ هەڵبەستووە کە لە دیوێکی نووسراوە: "لاقێکی لیبدیفی کارمەندی دەوڵەت لێرەدا نێژراوە." و لە دیوەکەی دیکەی نووسراوە: "ئەی ئێسکو و پروسکی بەنرخ و ئازیز، تا ڕۆژی ژیانەوە ئاسوودە بنوو". هەر بەمەشەوە ناوەستێ، دەڵێت هەموو ساڵێك ڕێوەڕەسمی ساڵیادی بۆ دەگێڕێت (کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کوفرو ناشوکریە) و گوایە هەموو ساڵێك بەو بۆنەیەوە سەفەری مۆسکۆ دەکات. جا بۆ سەلماندنی ئەم ئیدعایەی خۆی دەعوەتی کردووم کە دەگەڵی بڕۆم بۆ مۆسکۆ تا گۆڕەکەی قاچیم نیشان بدات، و لە کرملیندا ئەو تۆپە فەرەنسییەم، کە لە دژمن گیراوە، نیشان بدات، دەڵێت کە لە دەروازەکەی کرملین دەچیە ژوورەوە، لە ڕیزی یازدەمیندایە، تۆپێکی چکۆلەی کۆنی فەرەنسیە.

میرزادە، لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– خۆ بە بەرچاوی هەمووانەوە هەردوو لاقی ساغ و سەلامەتن. دڵنیابە گاڵتەی دەگەڵ کردویت، لە دڵی مەگرە، زویر مەبە...

– بەڵام بە یارمەتیت با منیش قسەیەك بکەم: کە هەردوو قاچی دیارن و بە بەرچاوی خەڵکەوەن، ئەمە مانای وا نیە کە چیرۆکەکەی فڕی بە ڕاستیەوە نیە. چونکە بەخۆمی گوتووە کە لاقێکی دەستکردە، عەمەلییە، چرنوسڤیتوڤ بۆی دروستکردووە.

– دروستە دەڵێن لاقێك چرنوسڤیتوڤ دروستی کردبێت، هێندە بێ عەیبە، خاوەنەکەی دەتوانێ سەمای پێوە بکات.

– دەزانم. چونکە کاتی چرنوسڤیتوڤ، لاقە دەستکردەکەی داهێنا، یەکەم کەس بە منی نیشان دا. بەڵام ئەم داهێنانەی چرنوسڤیتوڤ، زۆر لەو مێژووە تازەترە... ئەمە جگە لەوەی لیبدیف. سوێندی بۆ خواردووم کە ڕەحمەتی هاوسەری، بەدرێژایی ژیانی هاوسەرییان، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستی بەوە نەکردووە کە لاقێکی تەختەیە. کە کەوتمە موناقەشەی حیکایەتەکەی و بۆم سەلماند کە ئەمە هەمووی درۆی شاخدارە و لە هیچ ڕوویەکەوە ناچێتە ئەقڵەوە و مەحاڵە شتی وا ڕووی دابێت، بەرسڤی دامەوە و گوتی:

"جا ئەگەر بۆ تۆ ڕاست بێ کە لەساڵی ١٨١٢دا یەکێك بووبی لە دەربارییانی ناپلیۆن، با بۆ منیش ڕاست بێ کە لاقێکم لە گۆڕستانی ڤاگانکوفو بنێژم".

میرزادە، بە سەرسامی گوتی:

– چۆن؟ چما تۆ...

جەنەڕاڵ، شڵەژا، بەڵام زوو بە سەر خۆیدا زاڵ بوو، بە نیگایەکی گلەیی ئامێز و، نیمچە بێزاری و تەوسێکەوە لە میرزادەی ڕوانی و بە هێمنی و ئەسپایی گوتی:

– میرزادە قسەکەت تەواو بکە، تەواوی بکە، قەیدی نیە من پیاوێکی لێبوردەم. هەموو شتێك بڵێ. لەوە دەچێ بەلاتەوە سەیربێ، کەسێك بەم داماوی و بەلەنگازیە، بەم کەساسی و بێکاریە لە بەردەم خۆتا ببینی، کە شایەدحاڵی ڕووداو و پێشهاتی زۆر گەورە بووە. باشە "ئەو" تا ئێستا لە لای تۆ هیچ زەمێکی منی نەکردووە، لە عەلەییم نەڕۆییوە، لە پاشملەی نەگوتووم؟

– ئەگەر مەبەستت لە "ئەو" لیبدیف بێ، نەخێر هیچم لێی نەبیستووە.

– ئم،. دەیسا من تەسەورێکی دیکەم هەبوو. موناقەشەکەی دوێنێی ئێمە لەسەر ئەو وتارە سەیرو سەمەرەیە بوو کە لە گۆڤاری ئەرشیف* دا بڵاوبووەتەوە. لەو موناقەشە یەدا من باسی

نادروستی ناوەڕۆکی وتاری گۆڕینم کرد، چونکە من بەچاوی خۆم هەموو ئەو ڕووداوانەم دیتبوون کە باسی دەکردن. میرزادە چییە، تەمەشام دەکەیت و زەردە دەتگرێ، ها؟

– نا، نەخێر.. من...

جەنەڕاڵ، زۆر بە هێمنی لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– ڕەنگە من بچووکتر لە تەمەنی خۆم بنوێنم. بەڵام بە ڕواڵەتم دەسخەڕۆ مەبە، لە ڕاستیا پیرترم. من لە ساڵی ١٨١٢دا دە، دوازدە ساڵان بووم. من تەمەنی خۆم بە تەواوەتی و بە دروستی نازانم. دیارە لە تۆماری خزمەتگوزاریاندا کەمیان کردووەتەوە، بەخۆیشم لە لاوازیدا قاییل بووم، چەند ساڵێکی لێ کەم بکرێتەوە.

– جەنەڕاڵ باوەڕ بکە هیچ بەلامەوە سەیر نیە ئەگەر ئەو ڕۆژگارە، یانی لە ساڵی ١٨١٢دا لە مۆسکۆ بووبی، و... ئاساییە کۆمەڵێك بیرەوەری ئەوسات لە یاد مابێ بیگێڕیتەوە..وەکو هەر یەکێك لەوانەی کە لەو ڕۆژگارەدا هەبوون و لەوێ بوون و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیان بیرماوە. یەکێك لەوانەی کە بیرەوەری ژیانی خۆیان گێڕاوەتەوە کتێبێکی نوسیووە دەڵێ کە لە ساڵی ١٨١٢دا منداڵێکی بەرمەمکە بووەو فەرەنساییەکان لە مۆسکۆ خواردنیان داوەتێ.

جەنەڕاڵ، بەدەم سەلماندنی ئەو قسانەی میرزادەوە، بە هێمنی گوتی:

– جا میرزادە بەخۆت دەبینی کە ئەو شتەی بەسەر من هاتووە نا ئاسایی بوو، بەڵام هیچ شتێکی نا واقیعی تێدا نییە.زۆرجار حەقیقەت لە خەیاڵ سەیرترو باوەڕنەکردەنی تر دێتە بەرچاو. گارد و هاودەمی ئیمپراتۆر! هەڵبەتە ئەمە هەندێك سەیر دەنوێنێ.

به هەرحاڵ کە منداڵێکی دە ساڵان، ڕووداوێکی نا ئاسایی بەسەربێت و بیگێڕێتەوە هیچ سەیر نیە، لێی وەردەگیرێ، چونکە دەگەڵ تەمەنەکەیدا دەگونجێت. بەڵام شتی وا لە کوڕێکی یازدە ساڵان قبووڵ ناکرێت، جا بەم پێیە ئەگەر من ئەو ڕۆژەی ناپلیۆن هاتووەتە مۆسکۆ یازدە ساڵان بووبم، هەرگیز نەم دەوێرا لە ماڵەدارینەکەی خۆمان، لە شەقامی "باسمانی کۆن" بێمە دەرێ. نەمدەتوانی لە قسەی دایکم دەرچم کە خۆی لە کونی ژوورەوە قایم کردووەو لە ترسی فەرەنسیەکان نەوێراوە پەل ببزوێ، نا، ئەگەر یازدە ساڵان بوایەم نەمدەوێرا بێمە دەرێ، منیش دەترسام. بەڵام دیارە هەر دەساڵان بووم، بۆیە مانای ترسم نەزانیوە. ئیدی خۆم بە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا کرد، دڕم بەقەرەباڵغیەکە دا، ئەو ساتەی کە ناپلیۆن لە ئەسپەکەی دابەزی، من گەییمە بەر قاڵدرمەکانی بەردەم کۆشك.

میرزادە، ناڕەحەت لەوەی کە لەزگ بوو سووربێتەوە، بەشەرمێکی ناچاری ئامێزەوە گوتی:

– بێگومان، قسەی تۆیە، ئەو سەرنجەت بەجێیە کە مرۆڤ لە تەمەنی دەساڵیدا، مانای ترس نازانێ و زۆر بێباك و بێ پەروایە...

جەنەڕاڵ گوتی:

– هەڵبەتە... مەسەلەکە زۆر ئاسایی وەکو هەر ڕووداێکی دیکەی ژیان هات و ڕۆیی. ئەگەر ڕۆماننووسێك ئەم چیرۆکەی نووسیبا، کەس باوەڕی پێنەدەکرد، دەیانگوت درۆ و دەلەسەیە و ناچێتە ئەقڵەوە و دەگەڵ واقیعدا تێك ناکاتەوە.

میرزادە گوتی:

– ئا! زۆر ڕاستە. منیش تۆزێ لەمەپێش لە دڵی خۆمدا بیرم لەمە دەکردەوە. من ئاگام لە تاوانێکی کوشتن هەیە کە لەبەر خاتری دزینی سەعاتێکی بەرباخەڵ کراوە. لە ڕۆژنامانەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر ڕۆماننووسێك شتی وای نووسیبا، هەنگێ خوێندکارانی بواری سوسیولوجیاو ڕەخنەگران لێی دەهاتنە دەنگ و دەیانکرد بە هەڵڵا و هەرا کە شتی وا نابێت و ناواقیعییە و ئیدی دەیانکرد بە کێوا. بەڵام کاتێ کە ئەم بابەتانە لە ڕۆژنامانەدا دەخوێنیتەوە، هەست دەکەی لە ڕێگەی ئەم شتانەوە، پەی بە حەقیقەتەکانی ژیانی ڕووسیا دەبەیت.

میرزادە، شادمان بەوەی کە دەموچاوی سور هەڵنەگەڕابوو، لە کۆتایی قسەکانیا گوتی:

– جەنەڕاڵ، ئەمە نیشانەی وردی سەرنجی تۆیە، کە توانیوتە هەست بەم دیاردەیە بکەیت!

جەنەڕاڵ، کە چاوەکانی لەخۆشیانا دەبریسکانەوە، هاواری کرد:

– ئەدی وانیە؟ ئاساییە منداڵێك، کوڕیژگەیەك . بێئەوەی هەست بە هیچ مەترسیەك بکات، سڵ لە هیچ بکاتەوە، بە تۆبزی خۆی بخزێنێتە ناو جەماوەری خەڵکەوە، تا شکۆو جەلالی کاروان و سام و هەیبەتی جل و بەرگی سوپایی و ئەو پیاوە گەورەیە ببینێ کە بوو بوو بە وێردی سەر زاری خەڵکی و لە سەرانسەری دنیادا باس هەر باسی ناپلیۆن بوو. یانی دەتوانم بڵێم من ناوی ئەوم بە شیری دایکمەوە مژتووە. لەوکاتەدا کە لە دوو هەنگاوی منەوە ڕەت دەبوو بەڕێکەوت نیگای لە نیگام هەڵەنگوت. جلەکانم، جلکی منداڵی دەوڵەمەند بوون، کەسوکارەکەم جوانترین جلیان لەبەر دەکردم. لە نێو ئەو حەشاماتە زۆرەدا، من تاقە کەس بووم کە جلکی ئاوهام لەبەربێ، جا ئیدی بۆ خۆت تەسەوری بکە کە دەبێ ئەو دیمەنە چەند کاری لە دڵ و دەروونی کردبێ...

– بێگومان، سەروسیمای تۆ سەرنجی ڕاکێشاوەو سەلماندویەتی کە خەڵکی شار هەموو چۆڵیان نەکردووە، خەڵکانێك، لەوانە هەندێ ئەرستوکرات، بەخۆو منداڵەکانیانەوە لە مۆسکۆ ماونەتەوە.

– دەقاو دەق! نیازی ئەوە بوو، ئەرستۆکراتان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت! کاتێ کە چاوە هەڵۆ ئاساکانی بە من کەوت، هەڵبەتە دەبێ منیش بە چاوانی پرشنگدارەوە تەمەشام کردبێت. گوتی: "ئەمە کوڕێکی وریایە. کوڕی کێی؟" (بە فەرەنسی). من بە دەنگێکی پڕ هەڵچوونەوە یەکسەر وەڵامم دایەوە: " کوڕی جەنەڕاڵێکم کە لە مەیدانی شەڕێکا، لە پێناوی نیشتماندا گیانی خۆی بەخت کردووە.". هەنگێ ئەو گوتی: "کوڕە خانەدانە، هەم خانەدان و هەم بوێرو ڕەشید! من خانەدانانم خۆش دەوێت! تۆ منت خۆش دەوێ بچکۆل؟ (بە فەرەنسی). پرسیارەکە زۆر خێرا و کوت و پڕ بوو، هەڵبەتە منیش بە هەمان خێرایی ئەو وەڵامم دایەوە و گوتم: "گیانی ڕووسی، دەتوانێ گەورەیی و دلاوەری گەورە پیاوان، ئەگەر دژمنی وڵاتەکەشی بن، کەشف بکات!". ئەلهەقی دڵنیانیم کە وەڵامەکەم دەقاو دەق هەمان ئەو وشانە بوون یان نا... ئاخر زۆر منداڵ بووم... بەڵام ناوەڕۆکی قسەکانم هەمان ئەو ناوەڕۆکە بوو! ناپلیۆن سەری سوڕما، کەمێك لە فکران ڕاچوو و پاشان بە دارو دەستەکەی گوت: "من غروور و کبریای ئەم منداڵەم پێخۆشە! بەڵام ئەگەر هەموو ڕووس وەکو ئەم منداڵە بیربکەنەوە ئەوا.." قسەکەی تەواو نەکرد و خۆی بە کۆشکا کرد. منیش خێرا بەگەڵ دەست و پێوەندەکەی کەوتم. بەغار دووی کەوتم. پیاوەکانی ڕێیان دەدام، چونکە لەو کاتە بە دواوە، بە دۆست و خۆشەویستی ئەویان دەزانیم. هەر هەموو ئەمانە لە چاو تروکانێکدا ڕووی دا... بەڵام ئەوەم لەبیر ماوە کاتێ کە ئیمپراتۆر گەییە هۆڵی یەکەم، لەپڕ لە بەردەم وێنەکەی ئیمپراتۆرە کاترینندا وەستا، نیگایەکی قووڵی کرد، تاوێك لە فکران ڕاچوو. ئەنجام گوتی: "ئافرەتێکی گەورە بوو!" و بەڕێکەوت. لە زەرفی دوو ڕۆژا، هەرچی لە کۆشك و کرملیندا بوون، دەیان ناسیم. هەموو بە "ئەشرافە چکۆلە" (بە فەرەنسی) ناویان دەبردم. تەنیا شەوان بۆ ماڵ دەگەڕامەوە. کەسوکارم واقیان لەوە وڕمابوو. دوای دوو ڕۆژ بارۆن بازانکوی گاردی ناپلیۆن کۆچی دوایی کرد، بە هۆی شەڕو شۆڕ و هێرش و پەلامارەکانەوە، تەندروستی تێك چوو بوو و مرد. ناپلیۆن منی بیرکەوتبووەوە، داوای کرد بووم. هاتن دۆزییانمەوە، بێ چەندو چوون بردیانم ، جلەکانی، یارۆی کۆچ کردوویان، کە نۆلاوێکی دوازدە ساڵان بوو، لە بەرکردم. بەو جلانەوە بردیانم بۆ لای ئیمپراتۆر. بە ئاستەم سەرێکی بۆ دانەواندم، دوای ئەوە پێیان ڕاگەیاندم کە ئیمپراتۆر ڕازی بووە. بە پلەی یاوەری (مرافق) خاوەن شکۆیان دابنرێم. دیارە زۆرم پێخۆش بوو، چونکە لەمێژ بوو، لە دڵی خۆدا جۆرە مەحەبەتێکم بەرانبەری هەبوو.

... ئـەوجا... بـەخۆت دەزانـی کـە ئـەو جلکـە ئاڵـا و واڵایـە بـۆ منـداڵێك چـەند خۆشـە. ئیـدی چاکەتێکی کەسکی تۆخم لەبەر دەکرد، دوگمەکانی زێڕ بوون، پشتێن و ڕیشووی درێژی پێدا شـۆڕ بـوو بـووەوە، سـەری قۆڵـەکانی بـە قـەیتانی سـوور ڕازابـووەوە، هـەموو پـەراوێز و قـەراخ و سەرقۆڵ و یەخەکەی ئاڵدۆزی بوو. یەخەکەی بەرزو ڕەق و کراوە بوو. پانتۆڵەکەی تـەنگ و بەدەن چەسپ، سپی بوو، لە شاموا دروست کرا بوو، ئێلەکێکی ئاوریشمی سپیم بەسەر پانتۆڵەکەدا لەبەر دەکرد، گۆرەوییەکانیشم ئاوریشم بوون، پێڵاوی بەدوگمە و بەرەزوانە دارم لەپێ دەکرد. کە ئیمپراتۆر بۆ ئەسپ سواری دەردەچوو، منیش لە دەستەکەیدا دەبووم. چەکمەی مل درێژم لەپێ دەکرد. هەرچەندە وەزع و حاڵ و ڕەوشەکە باش نەبوو، پێشبینی کارەساتی گەورە دەکرا، بەڵام داب و نەریتی دەرباری بەگوێرەی توانا، زۆر بەتوندی ڕەچاو دەکرا. چەند ئەگەری کارەساتەکە زیاتر بوایە، زیاتر داب و نەریتی دەرباری(دیوەخانداری پاشایەتی) ڕەچاو دەکرا.

میرزادە، کە بە تەواوەتی نیگەران و شپرزە دیار بوو، لەبن لێوانەوە و بە نیمچە نائومێدییەکەوە گوتی:

– بەڵێ هەڵبەتە، بیرەوەرییەکانی تۆ بایەخی خۆیان دەبێ، زۆر سەرنج ڕاکێش دەبن.

دیار بوو جەنەڕاڵ، هەمان ئەو شتەی بۆ میرزادە دەگێڕایەوە کە دوێنێ بۆ لیبدیفی هاوڕێی گێڕابـووەوە. بۆیـە قسـەکانی زۆر ڕەوان و بـێ گـرێ بـوون. بـەڵام لێـرەدا دووبـارە نیگایـەکی بـە گومانی میرزادەی کرد. ئەوسا بە غروور و کبریایەکی زیاترەوە، لەسەر قسەکانی ڕۆیی:

– بیرەوەرییەکانی من؟ مەبەستت ئەوەیە کە بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە؟ جارێ نەبووە بە خولیام میرزادە! خەمت نەبێ، حازر و ئامادەیە، لە ئێستاوە خراوەتە سەر کاغەز، بەڵام لە چەکمەجەی مێزەکەما دام ناوەو بە کلیل کلیلم داوە، با کەی گڵەبانی چاوانم کرا هەنگێ بڵاو ببێتەوە. بزانە چۆن ئەوساکە بۆ چەندین زمان پاچڤە دەکرێت، هەڵبەتە نەك لەبەر بایەخە ئەدەبییەکەی، بەڵکو لەبەر گرینگی ئەو ڕووداوانەی کە من، هەرچەندە بستە منداڵێك بووم، بەچاوی خۆم دیتوومن. دەتوانم بڵێم کە بچووکی تەمەنم دەرفەتی بۆ ڕەخساندم کە بتوانم بچمە بنج و بناوانی نهێنی ترین نهێنی ژووری نووستنەکەی ئەو "گەورە پیاوە"وە! شەوان گوێم لە ئاهو ناڵەی "ئەو دێوە خەمناکـە کلۆڵـە" دەبـوو. هـیچ پێـی شـەرم نـەبوو لـە حـوزوری منداڵێکـدا بـە ئاشـکرا بگـری و فرمێسکان بڕێژێ. هەرچەند من پەیم بەوە برد بوو کە هۆی عەزابی ئەو، بێدەنگی ئیمپراتۆر ئەلکساندرە.

میرزادە، بە شەرمێکەوە گوتی:

– بەڵێ ڕاستە. نامەی بۆ ئیمپراتۆر دەنووسی و پێشنیازی سوڵح و ئاشتی بۆ دەکرد.

– هەرچەندە ئێمە هیچ لەمەڕ ناوەڕۆکی نامەکانی نازانین، بەڵام هەموو ڕۆژێ، هەموو سەعاتێ، نامە لەسەر نامەی دەنووسی! یەجگار پەشێوو پەرێشان بوو. شەوێکیان کە هەر هەردووکمان بووین، بەپەلە خۆم گەیاندێ، فرمێسك هۆن هۆن بەچاویا دەهاتە خوارێ (ئاه کە خۆشم دەویست!) هاوارم کرد: "داوای بوردن لە ئیمپراتۆر ئەلکساندر بکە، بەڵێ داوای بووردنی لێبکە." هەڵبەتە دەبوایە بمگوتبایە: "سوڵح دەگەڵ ئیمپراتۆر ئەلکساندردا بکە" بەڵام چونکە منداڵ بووم ئیدی ئاوا سادەو ساویلکانە بۆچوونی خۆم دەردەبڕی. لە کاتێکا کە بە ژوورەکەدا سەروو خواری دەکرد گوتی: "ئاه کوڕەکەم! (لەوە دەچوو بیری چوو بێت کە من بستە منداڵێکی دەساڵانم، بە لەزەتێکی زۆرەوە قسەی دەگەڵ دەکردم)... ".. ئاه کوڕی خۆم! من ئامادەم پێی ئیمپراتۆر ئەلکساندر ماچ بکەم، بەڵام سەبارەت بە پاشای پروسیاو قەڕاڵی نەمسا، ڕقێکی ئەبەدیم لێیان هەڵگرتووە، و... بەهەرحاڵ... تۆ هیچ شتێك لە سیاسەت نازانی". ئەوجا وەکو ئەوەی لەپڕ بیری کەوتبێتەوە کە دەگەڵ منداڵێکدا قسان دەکات، بیدەنگ بوو. بەڵام تا ماوەیەك گڕ لە چاوانی دەباری. جا تەسەور بکە ئەگەر بمەوێ هەموو ئەم واریقاتە بنووسمەوە (کە شایەدحاڵی گەورەترین ڕووداو بووم و بەچاوی خۆم دیتوومن) و بڵاوی بکەمەوە، هەنگێ دەبینی کە ئیرادگران و ئەدیبانی لەخۆبایی، حەسوودان و بەغیلان، لاگران، چ فەرتەنەیەك بەرپا دەکەن! نا... نا... ئەو خێرەم ناوێ.. زۆر زۆر سوپاست دەکەم!"

میرزادە کەمێك لە فکران ڕاچوو، هەنگێ بە هێمنی و ناسکی گوتی:

– سەبارەت بە لاگران و لاگری، قسەی تۆیە، هەق بە تۆیە، و سەدی سەد لەگەڵتم. ماوەیەك لەمەپێش کتێبەکەی (چاراس)*م دەربارەی شەڕی "واترلۆ" خوێندەوە. بە گوێرەی بۆچوونی شارەزایان کتێبەکە، کتێبێکی باش و جدیە، بە قسەی پسپۆڕان، نووسەرەکەی شارەزاییەکی زۆری لەسەر بابەتەکە هەیە. بەڵام هەر لاپەڕەیەکی هەڵدەدەیتەوە. بە زەقی شادمانی نووسەرەکەی بە نوشوست و کەوتنی ناپلیۆن بەدی دەکەی، یانی نووسەرەکەی هەوڵی داوە کەمترین بەهرە و توانای جەنگی بۆ ناپلیۆن، لەشەڕەکانی دیکەشیدا نەیەڵێتەوە. ئەمە بۆ کتێبیکی وا جدی زۆر خراپە، لە بایەخی کتێبەکە کەم دەکاتەوە، چونکە ئەم کارە زادەی لاگری و تەرەفداریە. باشە تۆ بە حوکمی وەزیفە، هەموو کات هەر لەگەڵ... ئیمپراتۆردا بوویت؟

جەنەڕاڵ، لەزگ بوو لە کەیفان باڵ بگرێ، جدیەت و سادەیی و بێ ڕیایی قسەکانی میرزادە، هەموو گومان و دوودڵییەکی لەلا سڕی بووەوە.

– چاراس! ئاه... كە پەستی كردم! هەر ئەو كاتە شتێكم بۆ نووسی، بەڵام (هەنووكە بە جوانی بیرم نەماوە كە دەقاو دەق چیم بۆ نووسیبوو). پرسیت ئایا كارەكەم، هەموو كاتەكەی گرتبووم؟ نا، نا! من بە عینوانی یاوەری(مرافق) ئیمپراتۆر دامەزرا بووم، بەڵام من لە هەوەڵەوە، ئەوساش شتەكەم زۆر بە جدی نەدەگرت، ئەمە جگە لەوەی كە ناپلیۆن هەر زوو ئومێدی ئەوەی لا نەما كە بتوانێ ڕووسەكان بەلای خۆیدا ڕابكێشێت. ئیدی ئاساییە لەو حاڵەدا بەرە بەرە من فەرامۆش بكات، چونكە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی سیاسی منی لای خۆی گل دابووەوە. خۆ ئەگەر خۆشی نەویستبام.. هەر بە تەواوەتی فەرامۆشی دەكردم. من ئێستا بە ڕاشكاوی ئەوە دەڵیم. بەڵام من بەدڵ خۆشم دەویست. یانی كاریان لە من نەدەویست: هەر ئەوەندە بوو كە دەبوایە ناو بە ناو سەرێكی دەربارم دابا و خۆم نیشان بدایە، یان ئیمپراتۆر بچوایە بۆ ئەسپ سواری بەگەڵی كەوتبام، هەموو ئیشەكەی من ئەوەندە بوو.

من سوارچاكێكی كارامە بووم. ئیمپراتۆر عادەتی وابوو پێش نانی ئێواریٚ ئەسپ سواری دەكرد. ئەوانەی لەگەڵی دەچووین بریتی بوون لە: داڤوت، مەملوك روستن و، من..

میرزادە، هەر هات بەدەمیاو گوتی:

– كونستانش.

جەنەڕاڵ گوتی:

– نا، كونستان لە دەستەی ئێمە نەبوو. كونستان ئەو دەمە لە هەندەران بوو... نامەیەكیان پێدا نارد بوو بۆ شابانو جوزفین. ئیدی دوو ئەفسەری ئەفسەرانی پاسدار و چەند نێزەدارێكی پولاندییان لەجێی دانابوو. ئیدی هەموو دەست و پێوەندەكانی ئەمانە بوون – هەڵبەتە- جگە لەو جەنەڕاڵ و مارشاڵانەی كە ناپلیۆن هەمیشە لەگەڵ خۆی دەبردن، تا ڕاوێژ و شیرەتیان پێ بكات و شوێنی لادان و، دابەشبوونی قۆشەن و سوپاكانی بۆ دیاری بكەن. ئەوەندەی لەبیرم مابێ، لە هەموو كەس زیاتر متمانەی بە داڤوت هەبوو، بە زۆری ئەوی دەگەڵ خۆی دەبرد: داڤوت، یەكێكی كەتەی، قەڵەوی، توندو تۆڵ ، كەسێكی هێمن و خوێنسارد و بە حەوسەڵە بوو، عەینەكی لەچاو دەكرد، نیگاو نۆڕینێكی سەیری هەبوو!.. ئیمپراتۆر زۆربەی كات شیرەت و ڕاوێژی بەو دەكرد، ڕاوبۆچوونی ئەوی بەدڵ بوو. بیرم دێت جارێك چەندین ڕۆژی یەك لە دووی یەك هەر خەریكی ڕاوێژ و تەگبیر بوون. داڤوت بەیانی و ئێوارە دەوامی دەكرد، گەنگەشە و مجادەلەیان دەكەوتە بەینەوە، ئەنجام وادیار بوو ناپلیۆن هاتە سەر بۆچوون و ڕایەكەی ئەو. ئەمانە لە نووسینگە و ئۆفیسەكەی ئیمپراتۆردا پێكەوە كاریان دەكرد. منێش لەوێ بووم، بەڵام

هیچ ئاگایان لە من نەبوو. بەڵام ناپلیۆن لەپڕ سەری هەڵبڕی، نیگای لە نیگای من هەڵەنگوت، بیرۆکەیەکی سەیر لە چاوانیا پرشنگی دا، لەناکاوا لیی پرسیم: "کوڕۆ، تۆ چیدەڵێی؟ ئەگەر من بێمە سەر مەزەبی ئەرسەدوکس و ڕەعیەت و کۆیلەکانتان ئازاد بکەم، عەروسان(رووس) دووم دەکەون؟ من بە پەستی وەڵامم دایەوە: "هەرگیز دوات ناکەون!" ناپلیۆن واقی لە وەڵامەکەم وڕما. گوتی: "داڤوت فایدەی نیە، ئەمە هەمووی خەیاڵ پڵاوە، کوا پرۆژە و نەخشەکەی ترتم پێ بڵێ، من لە میانەی پرشنگی نیشتمانپەروەری، چاوانی ئەم منداڵەوە، بیروبۆچوونی هەموو گەلی رووسیام خوێندەوە. فایدەی نیە، ئەم خەیاڵ پڵاوەشم کەڕووی هەڵهێنا!"

میرزادە بە بایەخێکی زۆرەوە گوتی:

– بەڵام ئەو نەخشەیەش کە وازی لێهێنا، نەخشەیەکی زۆر باش بوو. تۆ بە نەخشەی داڤوتی دەزانیت؟

– هەرچیەك بێ پێکەوە گەڵاڵەیان کرد. بەڵام بیرەکە، بیری ناپلیۆن بوو، بیرکردنەوەیەکی هەڵۆیانە بوو. بەڵام نەخشەو پرۆژەی دووەمیش زۆر باش بوو، بیرێکی مەزنی تیا بوو... یانی ناپلیۆن گوتەنی نەخشەی "ئەنجوومەنی شێران"* بوو. ئەمەیان بیرۆکەی داڤوت بوو. نەخشەکە بریتی بوو لەمەی کە ناپلیۆن بەخۆو قۆشەن و سوپاکەیەوە، لە کرملین هەوار بخەن، خانووی دارین دروست بکەن، مەتەرێزی قایم لێبدەن. تۆپخانە بەڕیز دابمەزرێنن، زۆرترین ژمارەی ئەسپ بکوژنەوە و گۆشتەکەی بکەن بە قاورمە و هەرچی دانەوێڵە و ئازووقەی خەڵکی هەیە دەستی بەسەردا بگرن و تا بەهار دێ، لەوێندەر بمێننەوە و نەجوڵێن. کە بەهار هات بەدەم قوونە شەڕەوە، خۆیان لە ڕووسان دەربازبکەن و لە ڕووسیا وەدەربکەون. ناپلیۆن ئەم نەخشەیەی بەدڵ بوو، ئاهێکی تازەی وەبەر هاتەوە. ئیدی هەموو ڕۆژێ بە ئەسپ سواری، فەرەیەکمان بە دەوری حەسارو شورەکانی کرملیندا دەکرد. ئیدی ئەو فەرمانی دەدا کە چی دروست بکرێ و چی بێتە ڕوخاندن، لەکوێ قوڵلەی دیدەوانی دروست بکرێت، ئێشکگر لەکوێ دابنرێ و کوێ قایم بکرێت. پیاوێکی وردبین و چاو تیژ و بە سەرنج و ئەقڵمەند بوو، یەکسەر بڕیاری خۆی دەدا. ئیدی بەو جۆرە هەموو شتێك سازکرا، داڤوت، بە تاسەوە چاوەڕوانی فەرمانی یەکجارەکی بوو. دووبارە بە دوو قۆڵی کەوتنەوە گفتوگۆ، کەس لەوێ نەبوو، جگە لە من. ناپلیۆن هەردوو دەستی لەسەر سینگ تێك ئاڵاندبوون و بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی چاو لە سیمای بگوازمەوە. دڵم لێکدا لێکدا بە توندی لێی دەدا. داڤوت گوتی: "من مەرەخەس دەبم

دەچم دەست بەکاردەبم" ناپلیۆن گوتی: "بۆ کویٚ؟" داڤوت گوتی: "فەرمان دەدەم کە دەست بە قاورمەی ئەسپان بکریٚ".

ناپلیۆن ڕاجفری. ئیدی ساتی بڕیاردان بوو. ناپلیۆن ،لەپڕ لە منی پرسی: "کوڕم، تۆ ڕات چیە دەربارەی نەخشەکەمان؟" هەڵبەتە ئەم پرسیارەی، لەو ڕوانگەیەوە لە من کرد کە ڕاستی و دروستی لە شێت یان لە منداڵ بزانە، بە کورتی پرسیارەکە وەکو ئەوە بوو کە پیاوێکی بە ئاوەز، لەدواساتدا، بۆ دوا بڕیار پەنا وەبەر شێر و خەت بەرێت. هەڵبەتە من لەجیاتی وەڵامی ناپلیۆن بدەمەوە، وەکو یەکێك ئیلهامی بۆ هاتبیٚ ڕووم بەلای داڤوتدا وەرگێڕا و گوتم: "جەنەڕاڵ، کە قەراربیٚ بڕۆن، تا زووتر بۆ وڵاتی خۆ بگەڕێنەوە درەنگە". نەخشە هەڵوەشایەوە. ڕیسەکەیان بووەوە بە خوری .

داڤوت، شانەکانی هەڵتەکاند و بەدەم خوتەو بۆڵەوە وەدەرکەوت! " سەیرە. بووە بە کابرایەکی خورافاتی"*. بۆ سبەینیٚ فەرمانی پاشەکشە دەرچوو.

میرزادە، بە دەنگێکی زۆر کز گوتی:

– هەر هەموو ئەم شتانە جوانن.. زۆریش سەرنجڕاکێشن..ئەگەر بە ڕاستی وابووبن...

ئەوجا بەلەز قسەکەی خۆی ڕاستکردەوە:

– مەبەستم... دەمەویٚ بڵێم...

جەنەڕاڵ، بەڕادەیەك ئاوێتەی حیکایەتەکەی خۆی بوو کە لە زەقترین درۆش نەدەپرینگایەوە. بۆیە گوتی:

– ئاهـ... میرزادە... حەیفت نەکرد... ئەوە دەڵێی " ئەگەر بەڕاستی وابووبن.." بەڵام باوەڕبکە، ئامادەم سوێند بخۆم. درۆ ناکەم. باوەڕبکە ئەوەی بۆم گێڕایتەوە لە واقیع کەمتر بوو، لە حەقیقەت کەمتر بوو، زۆر لە حەقیقەتی سەربوردەکە کەمتر بوو. جا من جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە کە من بە چاوی خۆم دیتوومە کە ئەو پیاوە مەزنە دەگریا، فرمێسکی هەڵدەڕشت، ئەمە شتێکە جگە لە من کەسی دی نەیدیتووە! ڕاستە لە ئاخر و ئۆخردا ئیدی نەدەگریا، کانی فرمێسکانی هیشکی کردبوو، تەنیا ناو بە ناوێك ناڵەیەکی بۆ دەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ چارەی گرژتر دەبوو، ڕەنگی تاریك دەبوو، دەتگوت لە ئێستاوە ئەبەدیەت باڵی ڕەشی بەسەریا کێشا بوو. هەندیٚ شەو بە سەعاتان، بە دوو قۆڵی دەماینەوە، قوڕ و قەپ، ورتە لە کەسمانەوە نەدەهات،

کەچی مەملوك روستن لە ژوورەکەی تەنیشتەوە لە غورابی خەوا بوو. تەحا کە ئەم پیاوە خەوی گران بوو! کە باس دەهاتە سەر ئەو، ناپلیۆن دەیگوت! وزای لیّ بیّنن، خەوی گرانە، گرانە! بەڵام دڵسۆز و گیان فیدای خۆم و دەربارەکەمە!" جاریّکیان زۆر خەمبار و دڵتەنگ بووم، ئیمپراتۆر لەپڕ سەیری کرد، ڕوندك لە چاوانم قەتیس ماون. نیگایەکی پڕ میهری کردم و بەسەر سامی گوتی: "تۆ خەمی منتە، لە دوای کوڕەکەی خۆم، پاشای ڕۆما، تۆ یەکەم کەسیت کە هاوسۆزیم دەگەڵ دەکەیت، هاوخەمیم دەکەیت. ئەوانی دی هەموو ڕقیان لیّمە. هەر هەموویان، تەنانەت براکانیشم، هەرکە گڵۆڵەم بکەویّتە لیّژی، بەخت پشتم تیّبکات، بە بەرچاوی دژمنەکانمەوە پشتم تیّدەکەن. ئیدی خۆم پیّنەگیرا، لە هۆڕژنی گریانم داو بەلەز بەرەو ڕووی چووم، ئیدی ئەویش دڵی پڕ بوو، خۆی پیّنەگیرا، دەستمان لە ملی یەکدی وەرینا و گریان و فرمیّسکمان تیّکەڵ بوو. بەدەم گریانەوە گوتم: "بنووسە، ئا، نامەیەك بۆ شابانو جۆزفین بنووسە." ناپلیۆن ڕاجفری، کەمیك لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی: "تۆ سیّیەمین دڵسۆزت وەبیرهیّنامەوە، زۆر مەمنونی تۆم، هاوڕیّ!" هەر لەویّدا و لەوکاتەدا نامەیەکی بۆ جۆزفین نووسی کە بۆ سبەینیّ بە کونستان دا ناردی.

میرزادە گوتی:

– کاریّکی زۆر چاکت کردووە، لە گەرمەی پەشیّوی و دڵتەنگیدا، سۆزیّکی جوان و ناسکت لە دڵیا بیّدار کردووەتەوە.

جەنەڕاڵ، بەجۆش و خرۆشیّکی زۆرەوە گوتی:

– دەم خۆش! زۆر جوانت گوزارشت لیّکرد، ڕیّك ڕەنگدانەوەی دڵی خۆتە!

سەیر ئەوە بوو، فرمیّسکی ڕاستی زاییە چاوانی جەنەڕاڵ و لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو:

– بەڵیّ میرزادە، بە ڕاستی ئەو دیمەنە هەیبەت و شکۆی خۆی هەبوو. دەزانی خەریك بوو لەگەڵیا بڕۆم بۆ پاریس؟ دەزانی ئەگەر لەگەڵیا ڕۆیشتبام، بیگومان دەگەڵ ئەودا هەواڵەی هەمان "دوڕگە گەرم و تەریکەکەی"* ئەو دەکرام و دەبووم بە هاوتاراوگەی وی. لیّ مخابن چارەنووسمان یەك نەبوو و لیّکدابڕاین! قەدەرو چارەنووس ئەوی گەیاندە ئەو دوڕگە گەرمەی، کە لە گینە، جاریّك لە جاران، لە ساتیّکی دڵتەنگی یەجگار دژوار و تووشدا، کە ڕوندکی ئەو کوڕیژگە، بیّنەوایەی بیر کەوتبیّتەوە کە لە مۆسکۆدا، دەستی لە ملی کرد و بە کوڵ بەسەریا گریاو گەردنی ئازاد کرد.

بەڵام مـن بـۆ ئامـادەیی ئەفســەرانی لاو نێـردرام و تووشــی سیســتەمێکی زۆر قـورس و تونـدو، کۆمەڵێك هاوقەتاری ناڕەسەن بووم... مخابن!.. دوای ئەوە هەموو شتێك هەرەسی هێنا!..

"ناپلیۆن، لە ڕۆژی پاشەکشەکەدا پێی گوتم: نامەوێ لە دایکت جیابکەمەوە، بۆیە دەگەڵ خۆمت نابەم! بەڵام پـڕ بەدڵ حەزدەکـەم کارێکـت بـۆ بکـەم." لەوکاتـەدا کـە سـواری ئەسـپەکەی بـوو، بـە شەرمێکەوە گوتم: بێزەحمەت، شتێکم لە ئەلبوومی خوشکەکەمدا، وەکو یادگار بۆ بنووسە." زۆر نیگـەران و خـەمبار بـوو، سەروچـاوی ڕەش داگـەڕا بـوو، گەڕایـەوە ، داوای قەڵـەمی لێکـردم، ئەلبومەکـەی لێوەرگرتم، قەڵەمەکـەی بەدەسـتەوە گرتبـوو، پرسـی: "خوشـکەکەت چـەند سـاڵانە؟" بەرسڤم دایەوە: "سێ ساڵە" گوتی: "کەواتە کچێکی بچووکە"* لە ئەلبومەکەدا نووسی:

هەرگیز درۆ نەکەی*

ناپلیۆن، هاوڕێی دڵسۆزت*.

بڕوانە ئەو ئامۆژگاریە میرزادە، کەیش! لەو ساتە هەستیارەدا، باوەڕدەکەی؟

میرزادە گوتی:

- بەڵێ... بەڕاستی پڕ مانایە!...

- ئیدی ئەو پەڕەیەمان لە ئەلبومەکە کردەوە، لـە جـام و چوارچێوەمان گـرت، خوشـکم تـا مردیش هـەر لـە ماڵەکەی خۆیدا، لـە شوێنێکی بەرچاو و ئەلاحـەدەدا، لـە ژووری میوانـدا هـەڵی واسـیبوو. خوشکم بەسەر منداڵەوە چوو... ئیدی نەمزانی ئەو پەڕەیـە چـی بەسـەرهات... کەوتـە کوێوە!... نـازانم. ئاهــ... ئـەوە خـۆ سـەعات دووی پـاش نیوەڕۆیـە!... مـیرزادە وەختێکـی زۆرم لێگرتـی! بمبورە، بە ڕاستی غەدرم لێکردیت. جەنەڕاڵ بەدەم ئەو قسەیەوە هەستا.

میرزادە لەبن لێوانەوە گوتی:

- بەپێچەوانەوە... زۆر دڵخۆشت کـردم. بە ڕاسـتی جـوان بـوو، منـەتبارت کـردم، زۆر سـوپاس بـۆ تۆ!

جەنـەڕاڵ، دووبـارە، بـەجۆرێ دەســتی مـیرزادەی گوشــی، کـە ئێشــی گەیانـدێ. بەچـاوانی پرشنگدارەوە لێی ڕوانی و وەکو ئەوەی لـەپڕ وەخۆبێتـەوەو شـتێکی کوتـوپڕی بـە مێشـکدا هـاتبێ گوتی:

– میرزادە، تۆ بە ڕادەیەك دڵپاك و سادەیت كە من هەندێجار بەزەییم پێتادێتەوە. كە تەمەشای تۆ دەكەم دڵم خۆش دەبێت. ئەو خوایە ڕاوەستاوت بكات و دەست بە باڵتەوە بگرێت! دوعای خێرت بۆ دەكەم، هیوادارم ژیانت هەر گوڵزاری ئەشق و مەحەبەت بێ. تازە ژیانی من تەواو! ئاهـ... بمبورە! تكایە لێم ببورە!

بەپەلە وەدەركەوت، هەر دوو دەستی بە دەموچاویەوە گرت. میرزادە هیچ گومانێكی لە ڕاستی هەڵچوون و سۆزو گودازەكەی جەنەڕاڵ نەبوو. پیرەمێرد بە ئاشكرا بەم سەركەوتنەی خۆی دڵ خۆش بوو. بەڵام میرزادە هەستی دەكرد ئەم پیاوە یەكێكە لەو درۆزنانەی كە بێ پەروا درۆ دەكەن، بەدەم لەزەتی درۆوە خۆیان لە بیردەكەن، بەڵام لە هەڕەتی نەشەو لەزەتی درۆكردنیشا، لەناخی ناخەوە ترسی ئەوەیان هەیە كە خەڵكی باوەڕیان پێنەكەن و، ناتوانن قەناعەت بە خەڵكانێك بكەن كە باوەڕیان پێبكەن. پیرەمێرد، بەو وەزع و حاڵە دەرونیەوە كە تیای بوو، لەگێن بوو وەخۆبێتەوە و هەست بكات دنیایەك درۆی زەق و حەیابەرەی كردووە و میرزادە لە ڕووی بەزەییەوە گویی بۆ ڕادێراوە، هەنگێ هەست بەوە بكات كە سووكایەتی پێكراوە. میرزادە بە نیگەرانی لەخۆی دەپرسی: "باشە من كارێكی خراپم نەكرد كە جڵەوم بۆ شل كرد، بەو هەموو جۆش و خرۆشەوە، ئەو هەموو درۆیە هەڵڕێژێ؟ بەڵام میرزادە، لەپڕ، كۆنترۆڵی خۆی لە دەست داو لە قاقای پێكەنینی دا. پێكەنینێ كە دە دانە دەقیقەی تەواو درێژەی كێشا. دوای ئەوە خەریك بوو لەسەر ئەو پێكەنینە زۆرو بەكوڵە سەرزەنشتی خۆی بكات، بەڵام هەر زوو هەستی كرد مادامێكی ئەو هەموو سۆزەی دەرهەق بە جەنەڕاڵ هەیە و ئەوەندە بەزەیی پێدادێتەوە، هیچ هەق نیە سەرزەنشتی خۆی بكات.

مەزەندەكەی میرزادە ڕاست دەرچوو. هەر ئەو ئێوارەیە نامەیەكی سەیری لە جەنەڕاڵەوە پێ گەیی. نامەیەكی كورت بەڵام توند. جەنەڕاڵ لە نامەكەدا پێی ڕادەگەیاند كە بۆ هەمیشە پەیوەندی دەگەڵی بڕیوە، تا ئێستاش ڕێزی دەگرێت و سوپاسگوزاریەتی، بەڵام هەرگیز ناتوانێ "ئەو بەزەییە لە میرزادە قەبووڵ بكات. كە خۆی لە خۆیدا شكاندنی كەرامەتی مرۆڤێكە كە تا ئێستا جۆرەها نەگبەتی و بەدبەختی و مەینەتی دیتووە".

كاتێ میرزادە بینی كە جەنەڕاڵ چووەتەوە لای نینا – ئەلكسندروڤنا و كونجی گۆشەگیری گرت، ئیدی خەمی ئەوی لە دڵ نەماو نیگەرانیەكەی سڕایەوە. بەڵام، وەكو پێشتر گوتمان جەنەڕاڵ كە لیزا ڤیتا پروكوفیڤنای دیتبوو، چەپكە گوڵێكی دی بە ئاوا دابوو. هەڵبەتە لێرەدا ناكرێ بەدووڕو درێژی باسی ئەوە بكەین. تەنیا بە كورتی و بە دوو كەلیمان ئاماژە بۆ ئەو

مەسەلەیە بکەین. جەنەڕاڵ دوای ئەوەی چەنەبازی و هەرەزگۆییەکی زۆری لە حوزوری لیزاڤیتا پروکوفیڤنا کردبوو، سەری یەشاند بوو، کە هاتبووە سەر باسی گانیا ، زەمێکی زۆری کرد بوو. خانم زۆر تووڕە بوو بوو. ئیدی ئەمری کرد بوو بە پاڵ بیکەنە دەرێ و بە سووك و ڕیسوایی دەریان کردبوو. بۆیە ئەو شەو و ڕۆژەی زۆر بە نیگەرانی و ئاڵۆزی بەسەر بردبوو، کۆنتڕۆڵی خۆی لە دەست دابوو شێت ئاسا بە ناو جادە و بانان کەوت.

کولیا، هێشتا بە دروستی نەیدەزانی چ باسە. بە هومێدی ئەوە بوو هەرچۆنێ بێ بابی هێور بکاتەوە. بە بابی گوت:

– دەی! هەنوکە بۆ کوێ بچین؟ جەنەراڵ دەڵێی چی؟ ناتەوێ سەری میرزادە بدەی؟ قسەت دەگەڵ لیبدیفدا نیە. پارەت پێ نیە. خۆ منیش هەمیشە بێ پارەم و ئێستاش وێڵ و سەرگەردان کەوتینە سەر ئەم جادەیە، چ نەگبەتیەکە!

جەنەڕاڵ لەبن لێوانەوە گوتی:

– پیاو دەگەڵ ژنا بێ، نەك وێڵ و سەرگەردان لێرەو لەوێ بسوڕێتەوە ئەم جیناسە (ڕەگەز دۆزی)* کاتی خۆی باش فریام کەوت... لە یانەی ئەفسەران ساڵی چل و چوار... بەڵێ هەزار و هەشت سەد..و چل و چوار!... ئەوە چیە بە تەواوەتی بیرم ناکەوێتەوە.. ئاهـ.. بیرم ناکەوێتەوە... بیرم ناکەوێتەوە... ئەمەم بیر مەخەوە. "هێی گەنجێتی، گەنجێتی من لە کوێی؟ یادت بەخێر!" ئەرێ کولیا ئەمە قسەی کێ بوو؟

کولیا، نیگایەکی لەزو نیگەرانی بابی کردو بەرسڤی دایەوە:

– باوکە، لە " گیانەمردووەکان "ی گۆگۆڵەوە وەرگیراوە.

جەنەڕاڵ گوتی:

– گیانە مردووەکان؟.. ئا.. بەڵێ... مردووەکان!.. کە بەخاکت سپاردم، لەسەر کێلی گۆڕەکەم بنووسە: "گیانێکی مردوو لێرەدا نێژراوە!"

ئەدی کولیا ئەم قسەیە هی کێیە: "بۆ هەر کوێ دەڕۆم شەرمەزاری لە دوومە"؟

– نازانم، باوکە

جەنەڕاڵ لە ناوەندی شەقامەکەدا وەستا، شێت ئاسا هاواری کرد: "یاروبیاگوف هەر نەبووە! یاروشکا یاروبیاگوف!...

ئەوسا لەسەر قسەکانی ڕۆیی: "کوڕەکەم وا دەڵێ. کوڕەکەی خۆم باوەڕم پێناکات، بەدرۆم دەخاتەوە. ئەو یاروبیاگوفەی بەدرێژایی یازدە مانگ وەکو برای ڕاستیم وا بوو، لە برا براتر بوو، ئەو پیاوەی کە من لەبەر خاتری وی بەشداری ئەو دوئیلەم... کرد... جارێکیان کە دەمانخواردەوە، بەرپرسەکەمان میرزادە ڤیگورتسکی پێی گوت: "ئەرێ یاگریشا* پێم ناڵیی تۆ ئەم خاچەت، خاچی قەدیسە ئانایەت لە کوێ بوو؟ بەرسڤی دایەوە و گوتی: "لە مەیدانی جەنگدا، جەنگ لە ڕای نیشتمانەکەمدا، وەرم گرتووە!" من هەڵمدایە: "ئافەرین یاگریشا!" ئەمە بوو بە باعیسی دوئێلێك. پاشان ئەو ژنی هێنا... ماریا پترۆفنا سوسوتوگینی خواست و دوای ئەوە لە مەیدانی جەنگدا کوژرا.. گوللەیەك هات، بەسەر خاچەکەی سەر سینگی منا، تیغی کردو ڕێك بە ناوچەوانی ئەو کەوت و کوشتی. بەر لەوەی بمرێت گوتی: "هەرگیز لەبیرم ناچێ" ئەوجا هەر لەوێ کەوت و گیانی دەرچوو. کولیا من، من بە دڵسۆزی خزمەتی نیشتمانی خۆم کرد... بە دڵ و بە گیان خزمەتم کرد... بەڵام ڕوو دەکەمە هەر کوێیەك "شەرمەزاری لە دوومە! لێم نابێتەوە!". جا تۆ و دایکت دێنە سەر گۆڕەکەم... "نینای داماو". کولیا من جاران، زوو زوو، لەسەرەتاوە ئاوام گاز دەکرد، زۆری پێخۆش بوو. نینا! نینا! تۆ چیت بەخۆت کرد؟ چۆن توانیت خۆشت بوێم. تۆ ئەی ڕوح و گیانە بە سەبرو هەدارەکە! کولیا گیان دایکت گیانی فریشتەی هەیە، گوێت لێیە کولیا، فریشتە!

کولیا، بەدەم گریان و ماچکردنی دەستی باوکییەوە گوتی:

– دەزانم باوکە گیان! دەزانم! با بگەڕێینەوە بۆ ماڵ، بۆ لای دایکە! دەنا بە دوومانندا دێت! بەغار شوێنمان دەکەوێ. بۆچی لێرە وەستاویت؟ دەڵیی نازانیت.... بەسە باوکە گیان! بۆچی دەگریت؟

بابی گوتی:

– تۆ دەستم ماچ دەکەی؟ دەستی من؟

– بەڵێ دەستی تۆ، دەستانی تۆ! بۆ سەیرت پێدێ؟ بەسە، بەسە! بۆچی لەم ناو جادەیە دەگریت، لای خۆی جەنەڕاڵیت، جەنگاوەریت، پیاوێکی سوپاییت! وەرە با بڕۆین!

– باریکەڵڵا کوڕە چکۆلەکەم، ئافەرین بۆ خۆت و شیرت کە ئەو هەموو ڕێزە لە پیاوێکی ناوزڕاو، سەراپا عەیب و عار، دەگریت! لەخوا دەپاڕێمەوە کە ببی بە خاوەنی کوڕێکی وەکو خۆت... "پاشای ڕۆما"*... "دەیسا نەفرەتی خوا لەم ماڵە!.."

کولیا، بە هەڵچوونەوە هاواری کرد:

– بەسە، چی بووە؟ بۆ ناتەوێ بۆ ماڵ بگەڕێیتەوە. تێك چوویت، ئەقڵت لە دەست داوە؟

– پەلە مەکە، بۆتی باس دەکەم... ئا باسی دەکەم... هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. هاوار مەکە، با خەڵکی گوێیان لێمان نەبێ... "پاشان ڕۆما"*. ئاهـ چەند بێزارم، چەند دڵم تەنگە.

"ئەی ئەو کەسەی شیرت داومەتێ گۆڕت لە کوێیە؟"

ئەرێ کولیا ئەمە قسەی کێیە؟

– نازانم، نازانم قسەی کێیە! خێراکە با هەر ئێستا بچینەوە ماڵێ! ئەگەر دەتەوێ گانیات بۆ مارهەنجن دەکەم... ئاخر دیسان کێوە دەڕۆیت؟

جەنەڕاڵ، خۆی بەرەو قاڵدرمەی بەر دەرگای دەرەوەی ماڵێکی ئەو نزیکانە ڕەکێش دەکرد.

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ئەمە ماڵی خۆمان نیە!

جەنەڕاڵ، لەسەر یەکەم پلەی بەر دەرگای ماڵەکە ڕۆنیشت. دەستی کولیای گرت و بەرەو خۆی ڕایکێشا، لەبن لێوانەوە گوتی:

– خۆت دانەوێنە، زیاتر، زیاتر، گوێت بێنە... هەموو شتێکت پێدەڵێم... هەموو نەنگ و عەیب و عارێکی خۆمت... خۆت دانەوێنە... گوێت بێنە، با هەموو عەیب و عارێکی خۆمت بە گوێدا بچپێنم.

کولیا، بەدەم گوێگرتنەوە، بەڵام بە ترسەوە هاواری کرد:

– چیتە؟

جەنەڕاڵ، کە وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی، لەبن لێوانەوە گوتی:

– "پاشای رۆما"...

– ئەوە چ دەڵێی، مەبەستت چیە؟ خێرە وا بە پاشای ڕۆماوە گرتووتە؟... مەبەست لە "پاشای ڕۆما" چیە؟

جەنەڕاڵ، توندتر شانی کولیای گرت و لە بن لێوانەوە گوتی:

– دە... دە... دەمەویٚ.. دەمەویٚ هەموو شتێکت پیٚ بڵێم.. ماریا.. ماریا.. پترۆفنا.. سو..سو.سو..

کولیا، خۆی لە دەستی دەرهێنا، شانی جەنەڕاڵی گرت و بە سەرسامی و حەپەساوی لیی ڕاما، پیرەمێرد سووری سوور بوو بووەوە، لێوەکانی شین هەڵگەڕابوون، ڕەنگ و ڕووی بەرە بەرە دەگۆڕا و گرژ دەبوو. لەپڕ خاو بووەوە و بە ئەسپایی بەسەر بازووەکانی کولیادا ڕوخا.

کولیا، پڕ بەزار، ڕوو لە شەقامەکە هاواری کرد:

– سەکتە، مەرگی مفاجا.

ئەوسا حەقیقەتەکەی بۆ دەرکەوت.

پەراوێز:

*– ".. ڤاگانکوفو...": گەڕەکێکی قەراخ شاری مۆسکۆیە.

*– ".. ئەرشیف..": گۆڤارێکی مێژووییە لە ساڵی ١٨٦٢دا یارتینوف دایمەزراندووە. هەرچەندە تیراژەکەی کەم بووە. بەڵام هەمیشە بە باشترین بڵاڤۆکی ئەو بوارە دانراوە

*– ".. کتێبەکەی چاراس...": ئەم کتێبە بریتیە لە " مێژووی شەڕی واترلۆ ١٨١٥، کە لە لایەن لیوتینان کولونیل چاراسەوە نووسراوە، کتێبەکە لە ساڵی ١٨٦٤ دا لە پاریس بڵاو بووەتەوە.

*– "... ئەنجوومەنی شێران...": لە دەقەکەدا بە فەرەنسیە.

*– ".. بووە بە کابرایەکی خورافاتی...": لە دە قەکەدا بە فەرەنسیە.

*– ".. دوڕگە گەرم و تەریکەکەی..." لە دەقەکەدا بە فەرەنسیە.

*– ".. کەواتە کچێکی بچووکە.." لە دەقە کەدا بە فەرەنسییە.

*- " هەرگیز درۆنەکەی ، هاوڕێی دڵسۆزت..." لە دەقەکەدا بە فەرەنسیە.

*- "... پیاو دەگەڵ ژنا بێت نەك وێڵ و سەرگەردان" جەنەڕاڵ لێرەدا سوودی لە ڕەگەزدۆزی نێوان هەردوو وشەی: ***bobomi*** و ***babami*** (کە مانای ژنە) وەرگرتووە.

*- ".. گریشا..": سوکەڵە ناوی گریگوری یە.

*- "... پاشای ڕۆما..": لە دەقەکەدا بەفەرەنسیە.

*- "پاشای ڕۆما.." لە دەقەکەدا بەفەرەنسیە.

فەسڵی پێنجەم

ئەلهەقی ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، کە دەگەڵ براکەیدا باسی خوازگاری ئاگلایا یەپانچینای لە لایەن میرزادەوە کردبوو، هەندێ موبالەغە لە قسە و زانیاریەکانیا هەبوو. ڕەنگە لە داخا، لە داخی ئەوەی خەون و ئاواتەکەی خۆی نەهاتبووە دی (خەونێك کە خۆیشی هەرگیز باوەڕی بەوە نەبوو بێتە دی) ئەو موبالەغەیەی کردبێت، چونکە مرۆڤ زاتەن، کە نەگبەتیەکی بەسەر دێت، یان کارەساتێکی لێدەقەومێ حەزدەکات گەورەی بکاتەوە و خۆی گوناح بنوێنێ. ئیدی بۆ ئەوەی کەمێك باری دەروونی پڕ حەسرەتی خۆی سووك بکات، ویستبێتی، هەندێ لەو تاڵاوە بە براکەشی، هەرچەندە زۆری خۆش دەویست، بنۆشێت. بە هەرحاڵ ڤارڤارا نەی توانی بوو زانیاری وردی لە کیژانی یەپانچین دەست بکەوێ. تەنیا چەند هێمایەکی گۆنگ، چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕ، هەندی قسەی مەتەڵ ئاسای لێهەڵکراند بوون و هیچی تر. لەوەشە خوشکەکانی ئاگلایا، بە ئانقەست، هەندێ قسەیان فڕێ دابێ، بۆ ئەوەی زمانی ڤارڤارا تاقی بکەنەوە و ڕایکێشنە ناو قسانەوە و شتێکی لێدەربێنن. دووریش نیە هەر بۆ کەیف و لەزەتی ژنانەی خۆیان نەیان ویستبێ سەربکەنە سەر ڤارڤاراو، هەرچەندە هاوڕێی منداڵییانیش بوو، پێی ڕابوێرن، ئاخر ژنان بە تەبیعەت حەزدەکەن بە یەکتر ڕابوێرن و سەربکەنە سەر یەکدی با دۆست و هاوڕێی منداڵیش بن. هەڵبەتە دوای ئەم هەموو هاتوچۆیە، هەستیان بە نیازو مەرامەکانی ئەم ژنە گەنجە کردبوو، یان بەلای کەمەوە هەستیان بە هەندێ لە مەرامەکانی کردبوو.

لەلایەکی دیکەشەوە، ڕەنگە میرزادەش، لەوەدا هەڵە بووبێ کە هەرچەندە لە نیاز پاکی خۆیەوە بە لیبدیفی گوتبوو هیچ شتێکی تازەی پێ نیە کە پێی بڵێ یان بۆی بگێڕێتەوە و هیچ گۆڕانێکی تایبەتی بەسەر ژیانیا نەهاتووە. هەریەکەو خۆی لە هەنبەر دیاردە و ڕووداوێکی سەیردا دەبینی یەوە. هیچ پێشهات و ڕوداوێکیش لە ئارادا نەبوو، بەڵام جەوەکەی لەوە دەچوو، هەندێ ڕووداوی گرینگ لە ئارادا بێ. ڤارڤارا بە غەریزەی ژنانەی هەڵە ناپەزێری خۆی بۆنی ڕووداوەکانی کردبوو. زۆر زەحمەتە لە ڕووی لۆژیکییەوە پەی بەوە ببرێت کە چۆن هەموو ئەندامانی ماڵباتی یەپانچین، لە یەك کاتدا گەیی بوونە ئەو قەناعەتەی کە گۆڕانێکی گەورەو چارەنووس ساز لە ژیانی ئاگلایادا بەڕێوەیە. بەڵام هەرکە ئەم بیرۆکەیەیان لە هزرا چێبوو، هەموو یەکسەر، پەیان بەوە برد، کە دەمێك بوو، پێشبینی ئەم ڕووداوەیان، کە ئەمڕۆ بە تەواوی

زەق بووەتەوە، کردبوو. ڕووداوێك کە لە ڕۆژی "سوارچاکە لاتەکەوە"و بگرە لە پێشتریشەوە، دیار بوو. بەڵام ئەوساکە نەك هەر گاڵتەیان بەو ڕووداوە دەهات و باوەڕیان پێنەدەکرد بەڵکو بە سەخافەتیشیان دەزانی.

خوشکەکانی ئاگلایا بە ئاشکرا ئەوەیان دەگوت. هەڵبەتە لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لەپێش هەموو کەسێکدا پێشبینی هەموو شتێکی کردبوو و لە هەموو شتێك حاڵی بوو بوو (تەنانەت لە سۆنگەی ئەوەوە دڵی هاتبووە ژان). بە هەرحاڵ زوو هەستی پێکرد بوو یان درەنگ، ئەمەیان گرینگ نیە. وای لیهاتبوو بە ناو و ناوبانگی میرزادەش پەست و بێزار دەبوو، هەرچی دەکرد ئەم بیرۆکەیەی پێ قووت نەدەچوو، سەری لێدەر نەدەکرد، ئەقڵی نەی دەبڕی. ڕوو بە ڕووی پرسیارێك بوو بووەوە کە دەبوا بە زووترین کات وەڵامەکەی بدۆزێتەوە. بەڵام لیزا ڤیتا پروکو- فیڤنای بێنەوا هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەك هەر وەڵامی بۆ نەدەدۆزرایەوە، تەنانەت نەیدەتوانی و نەیدەزانی بە ڕوونی و ڕەوانی پرسیارەکە لە خۆیشی بکات. فەقیرە تیا مابوو، مەسەلەکە، مەسەلەیەکی دژوار بوو: "ئایا میرزادە مێردێکی گونجاوە بۆ کیژێ یان نا؟ ئایا ئەمە پرۆژە و بیرۆکەیەکی باشە یان خراپە؟ ئەگەر خراپە (زاهیری، بێ چەندو چوون خراپ بوو) خراپیەکەی لەچیدایە؟ ئەگەر باشە (دوور نیە باش بێت) باشیەکەی چۆنە و لەچیدایە؟" سەرگەڤاری خێزان، ئیڤان فیدوروفیچ، لە سەرەتاوە سەری سوڕما، پاشان ئیعتراف کردو گوتی: "باوەڕ بکەن، بەدرێژایی ئەو ماوەیە ناو بە ناو هەستم بەوە دەکرد کە شتیك لە ئارادایە"! بەڵام کە چاوی بە نیگای زبری هاوسەرەکەی کەوت، خێرا زاری گرت و هیچی دیکەی نەگوت. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هەر بێدەنگ بوو. بەڵام شەوێ کە دەگەڵ هاوسەرەکەیدا بە دووقۆڵی مانەوە، هەستی کرد، دەبێ گرێی دڵی خۆی بکاتەوە و قسەیەك لەو مەسەلەیەدا بکات، لەپڕ زاتی وەبەرخۆی ناو چەند بۆچوونێکی چاوەڕوان نەکراوی دەربڕی. گوتی: "مەسەلەکە چیە؟... (ساتێك بێدەنگی)... "هەڵبەتە ئەگەر ئەمە ڕاست بێ سەیرە... (ساتێك بێدەنگی دی). لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر کەمێك واقیعبینانە بڕوانینە مەسەلەکە و بەرخودێکی دروستی دەگەڵدا بکەین، هەر بەینی خۆمان بێ، میرزادە پیاوێکی زۆر زۆر باشە، و... و... و... بۆ مەسەلەی ناویش، هەڵگری هەمان ناو و شۆرەتیماڵباتەکەی ئێمەیە.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ناومان لە کۆمەڵگەدا بەرزتر دەکاتەوە... هەڵبەتە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە... چونکە.. بە هەرحاڵ.. کۆمەڵگەش دەیەوێ!.. سەرباری هەموو ئەمەش میرزادە، هەرچیەك بی، داراییەکی هەیە، سەروەتێکی هەیە، با زۆریش نەبێ..

ئیڤان فیودوروفیچ، لێرەدا، لە دەماوەری و وتە پاراوی کەوت، بێدەنگ بوو.

لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا کە بینی مێردەکەی بەو شێوەیە لە مەسەلەکە دەڕوانێ، خوای نەما، بە جارێ دەهەری بوو. بە ڕای لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، هەر هەموو ئەوەی ڕووی دابوو " گەوجێتی یەکی بێ ماناو لە بەخشین نەهاتوو بوو، بەڵکو تاوانێکی ناماقووڵ بوو، خەیاڵپڵاوێکی کەرانە و پووچ بوو." یەکەم ئەم "میرزادە نەعلەتیە پیاوێکی نەخۆشە، دووەم بنیادەمێکی گەمژەیە و فڕی بەم دنیاوە نیەو نە کۆمەڵگە دەناسێت و نە دەکارێت شوێنێك بۆ خۆی بکاتەوە: ئاخر بۆ کوێی بەرین و بەکێی نیشان بدەین؟ بابایەکی دیموکرات مەشرەبی بێ سەروبەرە، هیچ پلەو پایەیەکی فەرمی دەوڵەتی نیەو... و... و... ئاخر دۆتمیر بیلوکونسکایا چمان پێدەڵێت و چۆن لە گلەیی ئەو دەردەچین؟ باشە ئەمە ئەو مێردەیە کە بۆ ئاگلایای کیژمان، بە ئاواتمان دەخواست ؟

هەڵبەتە ئەم ناڕەزاییەی دوایی، لە هەموو ناڕەزایی و پرسیارەکانی دی پتر دڵی لیزا ڤیتایان، وەکو دایك دەیە شان. ئەو ناڕەزایی و پرسیارەی زۆر بەجدی بوو. هەرچەند بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە دڵی دایکانەی دەهاتە ژان و ڕوندکی خەمباری بەچاواندا دەهاتە خوارێ. هەرچەندە لەوە دەچوو هەر لە قووڵایی هەمان دڵەوە، دەنگێك بەچپە بڵێت: "ئاخر بۆ میرزادە هەمان مێرد نەبێ کە خەویان پێوە دەبینی، میرزادە عەیبی چیە؟"

هەر ئەم ناڕەزاییەی دڵی خۆی بوو کە لیزاڤیتا پروکوفیڤنای ئازار دەدا.

لێ خوشکەکانی ئاگلایا، میرزادەیان پێ خراپ نەبوو، ئەم کاری خێرەشیان پێ سەیر نەبوو. هیچ دوور نەبوو لە کوت و پڕێکا و زۆر بەجدی تەرەفداری لە میرزادە بکەن، بەڵام هەردووکیان لێبڕا بوون کە هیچ شتێك نەڵێن. دەبێ ئەوەش بڵێین لەمێژ بوو لە ماڵباتی یەپانچیندا ئەوە ساغ بووبووەوە کە گەنگەشە و ناڕەزایی لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا دەربارەی هەر پرۆژە و بابەتێکی خانەوادەیی، چەندیش سەرسەختانە و بنجبڕ بێت، هەر ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێجار بێتە ڕەداو قەناعەت بە دروستی بابەتەکە بێنێ. یانی لەسەرەتاوە پێداگری زۆری دەکرد، بەڵام زۆرجاریش دڵی نەرم دەبوو و دەهاتە ڕەدایە.

بە هەرحاڵ، (ئەلکسندرا ئیڤانوڤنا)ش نەدەبوو تا سەر بێدەنگ بێ، دەبوایە هەرچۆنێ بووە شتێك بڵێت. دایکی لە مێژ بوو وەکو ڕازگرو مەحرەمی ڕازی خۆی هەڵی بژارد بوو، پرس و ڕاوێژی پێدەکرد، هەنوکەش بەردەوام ڕاوێژی پێدەکرد، ڕەئی دەپرسی، بە تایبەتی کە چی لەو بارەیەوە لەلا بوو: " ئەم مەسەلەیە چۆن دەستی پێکرد و چۆن گەییە ئێرە؟ بۆ کەس هەستی بە هیچ نەکرد؟ بۆ ئەوسا هیچ قسەیەکت نەکرد؟ ئەو سیناریۆ تورەهاتەی "سوارچاکی لات" مانای چی بوو؟ ئاخر بۆچی من، دایکتان، لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، لەجیاتی هەمووتان، ئەم باری قورسی

خەمە هەڵگرێت، لە بری ئێوە بیربکاتەوە، پێشبینی هەموو شتێك بكات و ئەوانی دیکەش، هەموو، نان خۆر و جێگر، بی خەم و خەیاڵ، دەست لە سەر دەست دانیشن و بەوپەڕی خۆێنساردی بڕواننە مەسەلەکە؟"... هتد. ئەلکسندرا ئیڤانوڤنا، لە سەرەتاوە بە پارێز بوو. تەنیا ئەوەندەی گوت کە بیرکردنەوەکەی بابی بە دروست دەزانی: لە ڕووی کۆمەڵایەتی و لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە، هەڵبژاردنی میرزادە میشکین کە لە بنەماڵەی بە ناوبانگی میشکینەکانە، وەکو زاواو مێردی یەکێك لە کیژانی خانەوادەی یەپانچین، ڕەنگە کارێکی یەجگار پەسەندبێ. ئەلکسندرا، پاشان بەرە بەرە زاتی پەیدا کرد، گەرم بوو، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گەییە ئەوەی گوتی کە میرزادە پیاوێکی "گەمژە" نیەو قەتیش ڕۆژێ لە ڕۆژان گەمژە نەبووە. بەڵام سەبارەت بە مەقام و پێگەی کۆمەڵایەتی، هەر خوا دەزانێ، لە چەند ساڵی ئایندەدا پایەوشایستەیی کۆمەڵایەتی پیاوێك بە چ پێوەر و پێوانەیەك لەم ڕووسیایەدا دیاری دەکرێت، بەو پێوەرە پێوانە دەکرێت کە وەزیفەیەکی فەرمی دەوڵەتی هەیە یان بە پێوەرێکی دی. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، نەك هەر ئەو قسانەی ئەلکسندرای پێ قووت نەچوو، بەڵکو زۆریش توورە بوو و گوتی ئەلکسندرا کیژێکی "ئازادیخوازە، هەر هەمووشی ئەنجامی ئەو دۆزە شوومەیە کە ناویان ناوە دۆزی ژنان". دوای نیو سەعاتێك، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا چوو بۆ شار، لەوێندەرەوە چوو بۆ کامنی ئوستروف* تا خانم بیلوکونسکایا بدینێ کە بە ڕێکەوت هەر لەوکاتەدا لە پترسبۆرگ بوو، بەڵام قەرار بوو بەو زووانە بۆ سەفەر بڕوات. ئەم خانمە پیرە، دایکی تەعمیدیی ئاگلایا بوو.

پیرەژن، بە وردی گوێی لە دەردە دڵ و گلەییەکانی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا گرت، بەڵام لە جیاتی حەسرەت و داخ و کەسەر و فرمێسکی گەرمی لیزاڤیتا کاری تێبکات و ببێ بە شەریکی خەمی، تەنیا نیگایەکی تەوسامێزی کرد. بیلوکونسکایا، ئافرەتێکی بەسام و زەبر و زەنگ بوو. قەت کەسی بە هاوتای خۆی نەدەزانی، تەنانەت ئەوانەشی بە هاوتای خۆی نەدەزانی کە دۆستایەتی و ناسیاوی کۆنی دەگەڵیاندا هەبوو. ئێستاش لیزاڤیتا پروکوفیڤنای بە سایەنشینی خۆی دەزانی، دەقاو دەق بە هەمان نەفەسی سی و پێنج ساڵ لەوەپیش کە داڵدەدەری* لیزاڤیتا بوو، مامەڵەی لە تەکدا دەکرد. هەرگیز بە خووی توندو تەبعی سەربەستانەی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا ڕازی نەبوو. یەکێك لە تێبینی و سەرنجەکانی ئەوە بوو کە ئەم "خانمانە، عادەتیان وایە شتەکان گەورە دەکەن، مێشێ دەکەن بە گامێشی، کایە دەکەن بەگایە". ئەوەی کە هەنووکە لە لیزاڤیتا پروکوفیڤنای بیستبوو، ئەو قەناعەتەی لا دروست نەکرد کە ڕووداوێکی گەورە و ناخۆش ڕووی دابێ. باشە ئەگەر سەبر بگرن و چاوەڕوان بکەن بزانن ئاینده چی پێیە، باشتر نیە؟ بە بۆچوون و

قەناعەتی وی میرزادە، "گەنجێکی شایستەیە ، هەرچەندە نەخۆش وسەیر و سەمەرەو خەیاڵاتیە ، لەوەش خراتر بە ئاشکرا ماشوقەیەکی هەیەو خەرجی دەکێشێت."

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، زۆر چاك دەیزانی کە دۆتمیر بیلوکونسکایا کوێی دێشێت و لەچی زویرە، لەناکامیەکەی یەڤگینی پاڤلوفیچ زیز بوو، چونکە دەستەبژێری خۆی بوو.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لە جاران تورەتر و بێزارتر، بۆ پاڤلوڤسك گەڕایەوە. ئەمە لە کەسوکارەکەی شاراوە نەبوو، بە تایبەتی وەختێ پێی گوتن "هەموویان ئەقڵیان لەدەست داوە" کەس لە دنیادا بەو شێوەیە کاروباری خۆی بەڕێوە نابات، شتی وا لە ماڵی کەسا نیە، تەنیا لە ماڵی ئەواندا نەبێ "ئەم هەموو پەلە پەلە لەپای چی! چی قەوماوە، خۆ دنیا ئاخر نەبووە؟ هەرچی سەر دێنم و سەردەبەم، هەست ناکەم هیچ پێشهاتێك لەگۆڕێ بێ! سەبر بگرن، چاوەڕوان بکەن، بزانن ڕۆژگار چی پێیە! ڕەنگە ئیڤان فیودوروفیچ زۆر شتی بە خەیاڵدا بێ! بۆچی مێش لەخۆ بکەین بە گامیش؟"... هتد.

ئەنجام بەوە شکایەوە کە پێویستە سەبر بگرن، بە خوێنساردی ڕوو بە ڕوی ڕووداو و پێشهاتەکان ببنەوە و چاوڕوان بکەن. لێ حەیفێ، ئەم ئارامیە دە دەقیقەشی نەخایاند، دوێشەو کە دایکیان لە ماڵ نابێ، لە کامنی ئوستروف دەبێ، ڕووداوێك ڕووی دابوو، ڕیسەکەی دایکیانی، کە بریتی بوو لە ئارام گرتن و چاوەڕوانی، کردەوە بە خوری. (لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا دانی بەیانی چوو بوو بۆلای بیلوکونسکایا. بۆ شەوەکەی میرزادە، دوای نیوەشەو، بەو خەیاڵەی کە سەعات دەیە چوو بوو بۆ ماڵیان). کە دایکیان بە گەرمی دەکەوێتە تاقیب و پرسیار لە کچەکانی، جووتە خوشکەکەی ئاگلایا زۆر شتی بە دوور و درێژی بۆ دەگێڕنەوە. لە هەوەڵەوە گوتیان کە لەماوەی سەفەرەکەی ئەودا "هیچ شتێك ڕووی نەداوە". پاشان کەوتنە گێڕانەوەی ئەوەی ڕووی دابوو. گوتیان میرزادە هاتووە. بەڵام ئاگلایا ماوەیەکی زۆر، نزیکەی نیو دانە سەعات، خۆی نیشان نەدا، ئەویش هەر چاوەڕوانی کرد. دوای ئەوە ئاگلایا لە نهۆمی سەرەوە هاتە خوارێ و پێشنیازی کرد کە شەترەنج بکەن. میرزادە، شەترەنجی نەدەزانی و ئاگلایا یەکسەر کش ماتی کرد. ئاگلایا زۆری دڵ بەم سەرکەوتنەی خۆی خۆش بوو، بە کەماڵی ئارەزوو کەوتە ڕابواردن بە میرزادە کە گوایە یاری نازانێ، ئەوەندەی گاڵتە پێکرد، وەکو کەو چوو، پیاو بەزەیی بە حاڵیا دەهاتەوە. ئەوسا ئاگلایا پێشنیازی کرد کە بە وەرەق گەمەی "گەوجبازی simpleton" بکەن، ئەمجارەیان بەپێچەوانەوە دەرچوو: میرزادە زۆر بەڵەد بوو. وەکو وەستایەکی کارامەو لێهاتوو ئەم گەمەیەی دەکرد. ئاگلایا کەوتە گزی و فێڵبازی، بە دزییەوە وەرەقەکانی دەگۆڕی، سەیری

دەستەکەی میرزادەی دەکرد، ویڕای ئەمەش هەر خۆی بە "گەوج" دەردەچوو... ئەمە پێنج شەشە کەڕەت دووبارە بووەوە. ئاگلایا، زۆر توڕە بوو، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا، تانەو تەشەری هێندە زبرو ناشرین و قێزەونی بەسەر میرزادەدا هەڵڕشت کە لە پێکەنینی خست، لە کۆتاییدا کە ئاگلایا پیی گوت: "تا ئەو لێرە بێت، دوو پیی نایەتە ئەم ژوورەو، هاتنەکەشی بەم نیوە شەوە، دوای ئەو هەموو شتەی کە ڕووی دا*، خۆی لە خۆیدا نیشانەی بێ ئەقڵی و گوساخیە" ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بوو بە زەعفەرانی زەرد. ئاگلایا دوای ئەو قسەیە لە ژوورەکە وەدەرکەوت و شریق دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دا بە یەکا. میرزادە، هەرچەند خوشکەکانی ئاگلایا زۆریان دڵنەوایی کرد و دڵخۆشیان دایەوە، ڕەنگ زەرد و لێو بەبار وەکو مردوو، خۆی ڕەکێش کردو ڕۆیی.

دوای ڕۆیشتنی میرزادە، بە چارەکێك ئاگلایا هێندە بە هەشتاو لەسەرڕێرا هاتە بالکۆنەکە، کە فریا نەکەوتبوو فرمێسکەکانی، کە بە زەقی دیار بوون، بسرێ. بۆیە بەو پەلە پڕوزێیە هاتبووە خوارێ، چونکە کولیا بەخۆی و ژیژکێکەوە هاتبوو. هەموو کچەکان کەوتنە تەمەشاکردنی ژیژگەکە. لێیان پرسی ئەو ژیژگەی لە کوێ بوو، لە وەڵامدا گوتی هی خۆی نیە. بەڵکو هی هاوپۆلێکی خۆیەتی بە نێوی کوستیا لیبدیف، لە ڕێگە بەجووتیارێکی دیتووە و لێیان کڕیوە، هەروەها تەورێکیشمان لە هەمان جووتیار کڕیوە. جا کوستیا لە دەرەوە، لەسەر جادەکە وەستاوە، لە ڕووی نەهات بەو تەورەوە بێتە ژوورەوە. جووتیارەکە لە هەوەڵەوە گوتبووی هەر ژیژکەکە دەفرۆشێت و داوای پەنجا کۆپیکی کردبوو. بەڵام دوایی قەناعەتیان پێکرد بوو کە تەورەکەشیان پێ بفرۆشێت، چونکە پێویستیانە، تەورەکەش، بە ڕاستی تەور بوو نە گاڵتە.

ئاگلایا، زۆر بە مکوڕی کەوتە پاڕانەوە لە کولیا کە یەکسەر ژیژکەکەی پی بفرۆشێت. بە جۆری وەجۆش هاتبوو کە بە کولیای گوت: "کوڕەکە گیان" کولیا ماوەیەکی زۆر نە هاتە ڕەدا و ملی نەدا، بەڵام لەکۆتاییدا ملی داو، کوستیا لیبدیفی گازکرد، کۆستیا بەخۆی و تەورەکەیەوە سەرکەوت، لە شەرما نەیدەزانی چ بکات. لەم کەین و بەینەدا لەپڕ دەرکەوت کە ژیژکەکە هی ئەوان نیە، بەڵکو هی هاوڕێیەکی دیکەی قوتابخانەیانە بە نێوی (پتروف) کە توزێ پارەی دابوونی تا کتێبی "مێژوو"*ی شلوسەری، لە هاوڕێیەکی چوارەمیان بۆ بکڕن، ئەم هاوڕێیەیان گوایە پێویستی بە پارە بوو و کتێبەکەی بە هەرزان دەفرۆشت. کە چووبوون بۆ کڕینی کتێبەکە، لە ڕێگا تووشی کابرای جووتیار دەبن و کەڵکەڵەی کڕینی ژیژکەکەیان دەکەوێتە سەرو دەیکڕن، ئیدی پێوە بوون، لەجیاتی کتێبی "مێژوو" ـەکەی شلوسەری دیرۆکنووس، ژیژك و تەور بۆ بتروف برادەریان بەرنەوە. لێ ئاگلایا، بە ڕادەیەك پێی داگرت، کە کوڕیژگەکان ناچار، ملیان دایە

خەت و ژیژکەکەیان پێ فرۆشت. ئاگلایا کە بوو بە خاوەنی ژیژکی خۆی، بە کۆمەکی کولیا لە تلیانەیەکی ناو، بەپارچەیەك سەری بەست و تکای لە کولیا کرد کە یەکسەر و بێ ئەوەی لە رێگا، لە هیچ شوێنێك لابدات، بیبات بۆ میرزادە و پێی بڵێت ئەو، ئاگلایا "بە دیاری وەکو رێزو حورمەت بۆی ناردووە." کولیا بە خۆشحاڵیەوە ئەم ئەرکەی قەبووڵ کرد و وەعدی دایە کە بەجوانترین شێوە بیگەنێتە دەستی، بەڵام یەکسەر لە ئاگلایای پرسی ئەم دیاریە چ دەگەیەنێ و، ژیژك رەمزی چیە، ئاگلایا وەڵامی دایەوە کە ئەمە ئیشی ئەو نیە و هەقی بەسەر ئەمەوە نەبێ. کولیا گوتی دڵنیایە کە ئەم کارە رازو رەمزێکی تیایە. ئاگلایا تورە بوو و پێی گوت کە منداڵێکی کەللە شەقی فشەکەرە. کولیا وەڵامی دایەوە: ئەگەر ژن نەدەبوو و ، حورمەتی خۆی نەدەگرت، پێی نیشان دەدا چ وەڵامێکی ئەو ئیهانەیەی دەدایەوە. بەڵام ئەنجام کولیا، بەخۆشحاڵیەوە ژیژکەکەی هەڵگرت و میرزادە خۆت بگرە وا هاتم، کوستیا لیبدیفش بەغار دووی کەوت. ئاگلایا هیچ رقێکی لێهەڵنەگرت. کە بینی بە توندی تلیانەکە دەهەژێنێ، هاواری لێکرد: "کولیا گیان، بێزەحمەت ئاگادار بە تلیانەکە لە دەستت نەکەوێ!" کولیاش، وەکو ئەوەی تۆزێ لەمەپێش لێیان نەبووبێ بە شەڕ، لە جێی خۆی وەستا، بە رووخۆشی وەڵامی دایەوە و گوتی: "نا، خەمت نەبێ، نایەڵم تلیانەکەم لە دەست بەربێتەوە ئاگلایا ئیڤانۆڤنا، دڵنیابە!" ئەوجا بە پەلە ملی رێگای گرت و رۆیی. هەنگێ ئاگلایا بەدەم قاقای پێکەنینەوە، سەرکەوت بۆ سەرەوە و بەوپەڕی شادی و خۆشحاڵی بەرەو ژوورەکەی خۆی رۆیی. ئیدی بە درێژایی ئەو رۆژە هەر شادو شەنگوڵ بوو.

ئەم هەواڵە لیزاڤیتا پروکوفیڤنای بەجارێ ئاڵۆزاند. هەرچەندە پێویستی بەو هەموو نیگەرانی و ئاڵۆزبوونە نەدەکرد، بەڵام ئیدی باری دەرونی ئەو رۆژگارەی وابوو، زەینی لەوە زیاتر بڕی نەدەکرد. نیگەرانی خانم یەپانچین گەییە لوتکە، زیاتریش لەبەر ژیژکەکە نیگەران بوو. ژیژك! ئاخر ناردنی ژیژك بۆ میرزادە مانای چی بوو؟ ئەمە پەرلەی بەینی خۆیان نەبوو؟ ئەمە نهێنی یەکی بەینی خۆیان نەبوو؟ ئاخر ئەمە چ مانایەکی هەبوو؟ یانی جۆرە بروسکەیەك نیە؟ جەنەڕاڵ یەپانچینی بەلەنگاز، کە بەدڵ پاکی خۆی و لەسەر نیازی خۆی وەڵامی ئەو هەموو پرسیارەی دایەوە کە ناردنی ژیژك بە رای ئەو نە پەرلەیەو نە بروسکەیەو نە هیچ پەیامێکی پێشوەختەی تیایە. باشتر وایە شتەکە زۆر ئاسایی وەربگرین و بڵێین "ژیژك، ژیژکە و تەواو، رەنگە نیشانەی دۆستایەتی بێ و هەوڵێك بێ بۆ ئاشت بوونەوە، بۆیە ناردنی ژیژکەکە تەنیا سوعبەت و شۆخیەکی پاك و بێگەرد بووە و هیچی دی." هەڵبەتە لیزا ڤیتا بروکوفیڤنا بەو وەڵامە هێندەی دی دەهری بوو.

هەڵبەتە پێویستە بەلەز ئەوە بڵێین کە ڕاڤە و شرۆڤەکەی جەنەڕاڵ زۆر دروست بوو. میرزادە، دوای ئەوەی ئاگلایا ئەو هەموو سوکایەتیەی پێکرد و دەری کرد، گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، مات و خەمبار، وەکو ئەوەی خۆڵ و دۆی بەسەرا کرابێ، بە تاقی تەنیا دانیشتبوو. کە دوای، نیو سەعاتێك لەو هەموو خەم و پەژارەیە، چاوی بە کولیا کەوت کە بەخۆی و تلیانەیەکەوە وەژوور کەوت، دنیای تاریکی لە بەرچاو ڕوون بووەوە، دەتگوت ئاسمان درزی تێبووە و کولیای لێ بەربووەتەوە. بە ڕادەیەك گەشایەوە، لە تۆ وایە لە نوێ لەدایك بووەتەوە، مردووەو زندوو بووەتەوە. ئیدی بەپرسیاران کولیای دابێژت، هەر پرسیارێکی دە کەڕەت لێ دووبارە دەکردەوە. بەدەم هەر وشەیەکەوە کە لە زاری ئەو کوڕیژگەیە دەهاتە دەرێ، وەکو منداڵ دەگرژیەوە، دەگەشایەوە، ئازای نقومی پێکەنین دەبوو، هەموو ساتیك دەستی ئەو دوو منداڵە مەکتەبلییەی دەگوشی. کوڕەکانیش گوی بەگوێی وی پێدەکەنین، شادو دڵخۆش تەمەشایان دەکرد. ئەوەی لای میرزادە ساغ بووەوە و چەسپی، هیچ گومانێکی تیا نەما ئەمە بوو کە: ئاگلایا بە خشیویەتی، هیچ ڕقێکی لێ هەڵنەگرتووە، ئیدی دەتوانێ هەر هەمان شەو بڕوات و بیدینێت. بۆ میرزادە ئەمە نەك هەر گرینگ و مەبەست بوو، بەڵکو هەموو شتێك بوو، مان و ژیان بوو!

ئەنجام بەدەم ئەوپەڕی شادییەوە وەکو یەکێك حاڵ گرتبی هاواری کرد:

– کولیا، ئێمە تاکو ئێستاش هەر منداڵین! چەند منداڵین!... و... و چەند باشە پیاو هەر منداڵ بێ و بە منداڵی بمێنێتەوە!... کولیا، بەوپەڕی متمانەوە، وەکو پیاوێکی گەورە بەرشقی دایەوە:

– میرزادە، مەعلوومە کە خۆشی دەوێی... حەزی لێکردویت... ئەمە هیچ چەندو چوونێك هەڵناگرێت و بڕاوەتەوە!

میرزادە، سوور بووەوە، بەڵام ئەمجارەیان هیچی نەگوت. لە کاتێکا کولیا بەدەم پێکەنینەوە چەپڵەی لێدەدا، دوای تۆزێك میرزادەش گوێ بەگوێی ئەو دەستی بە پێکەنین کرد. ئیدی لەوساتەوە تا شەوێ، هەر پێنج دەقیقە کەڕەتێ دەیڕوانیە سەعاتەکەی تا بزانێ کات چەندەو دەبێ چەندی دی چاوەڕوان بکات.

با بێینەوە لای لیزاڤیتا پروکوفیڤنا. باری دەروونی ئەو لەو ساتەدا گەیی بووە لوتکەی پەشێوی و پەرێشانی. خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، خەریك بوو تێك دەچوو. ئەوەتا وێڕای ناڕەزایی مێردەکەی و کیژەکانی، دەنێرێت بە دووی ئاگلایادا، تا دوا پرسیاری لێبکات و وەڵامێکی ڕوون ڕەوانی دەست بکەوێ. "پێویستە یەك کەڕەت ئەم مەسەلەیە یەك لایی بکەینەوە. تا بڕێتەوە و جارێکی دی نەیەینەوە سەری و باسی نەکەین." بەدەم ئەو قسەیەوە لەسەری

ڕۆیی: "ئەگەر ئەوە نەکەم ناگەمە شەوێ، دەمرم!" هەنگێ هەموو زانیان کە مەسەلەکەیان چەند لە خۆ گەورە کردووەتەوە. بەڵام هەرچیان کرد و کۆشا ئاگلایان بۆ نەهاتە قسان، جگە لە دەربڕینی سەرسامی و گاڵتە کردن و پێکەنین بە میرزادە، هیچیان لە زاری ئاگلایا بۆ دەرنەهێنرا. گاڵتەی بە هەموو ئەوانە دەکرد کە پرسیاریان لێدەکرد.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، چوو بۆ سەر جێگاکەی تا تۆزێ پاڵ بکەوێ، ئەوسا نەگەڕایەوە تا وەختێ پێگەیشتنی چای کە قەرار بوو میرزادەش بۆ ئەوکاتە بگاتە جێ. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی میرزادە بوو، کاتێ کە میرزادە هات، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا خەریك بوو شێت دەبوو.

میرزادە، بە شەرم و ترسەوە وەژوور کەوت. بە جۆرێ هەنگاوی دەنا لە تۆ وایە لە تاریکی دایەو بەرپێی خۆی نابینێ. بزەیەکی غەریب نیشتبووە سەر لێوی، بەجۆرێ چاوی بە هەمووان‌دا دەگێڕا وەك بڵێی لێیان بپرسیت ئەدی ئاگلایا کوا، بۆ لەم ژوورە نیە. هەڵبەتە زۆری پێ سەیر بوو کە ئاگلایا لەوێ نەبوو. ئەو شەوە، هەر خۆیان بوون، کەسی بێگانەیان لەگەڵ نەبوو. تەنانەت میرزادە (س...)ش لەوێ نەبوو. بە هۆی مردنی مامی یەڤگینی پاڤلوڤیچەوە، لە پترسبورگ مابووەوە. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا حەزی دەکرد ئەویش لەوێبا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خۆزی لێرەبا، هەر نەبا ئەویش شتێکی دەگوت!".. ئیڤان فیدوروفیچ، خەمین و خەمبار دانیشتبوو، زۆر نیگەران و پەشێو دیاربوو. خوشکەکانی ئاگلایا ئاقڵ و ئاغر، کڕوکپ دانیشتبوون، لە تۆ وایە، پێشوەختە بڕیاریان داوە بێدەنگ بن و قسان نەکەن.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، تیا مابوو لە کوێوە سەری قسان بکاتەوە. ئاقیبەت بە زەمی خزمەتگوزاری هێڵی ئاسن دەستی بە قسان کرد و بە بێزارییەوە مۆڕەی لە میرزادە دەکرد.

مخابن! ئاگلایا هێشتا نەهاتبوو، میرزادە پەشۆکابوو! هەستی بە پەشێوییەکی زۆر دەکرد، هەرچۆنێ بێ لەبن لێوانەوە گوتی هێڵی ئاسن ئەگەر چاك بکرێ و نۆژەن بکرێتەوە، ڕەنگە سوودێکی زۆر باشی هەبێت. بەڵام کە ئادیلاید، لەناکاوا لە قاقای پێکەنینی دا، میرزادە، بە جارێ نەترەی بەردا، ڕێك لەو کاتەدا ئاگلایا، هێدی و هێمن، سەلارو سەنگین، بە هەیبەت و ویقارەوە وەژووکەوت، بەوپەڕی ئەدەب و نەزاکەتەوە وەڵامی سڵاوەکەی میرزادەی دایەوە، ئەوجا بەکاوەخۆ، مەندو مەنگ، چوو لە دیارترین شوێنی مێزە خڕەکە دانیشت. ئەوجا نیگایەکی پرسیار ئامێزی میرزادەی کرد. ئیدی هەموو زانیان کە کاتی ئاشتبوونەوە هاتووە. کاتی ئەوە هاتووە گشت بەدحاڵی بوونەکان پاك بکرێنەوە.

ئاگلایا، بە زمانێکی پڕ متمانەو نیمچە زبر پرسی:

– ژێژکەکەمت پێ گەیی؟

میرزادە، سوور بووەوە، شپرزەو پەشێو، بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ.

–دەی پێمان بڵێ تۆ ئەوە بەچی دەزانی! چۆنی لێکدەدەیەوە. ئەمە بۆ ئاسودەیی دایکم و هەموو خێزانەکەمان پێویستە.

لەپڕ جەنەڕاڵ، بەشپرزەیی و نیگەرانی هەڵیدایە:

– ئاگلایا... ئەم قسەیە چیە؟

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، کە بەخۆڕایی خۆی شپرزە کرد بوو، گوتی:

– لە حەدی خۆت دەرمەچۆ!

کیژێ، یەکسەرو بەتوندی وەڵامی دایکی دایەوە:

– دایکە، ئەمە پەیوەندی بە حەدو حددەوە نیە. ئەمڕۆ ژێژکێکم بۆ میرزادە نارد بوو، جا حەز دەکەم بزانم ڕەئی چیە. دەی شازادە گوێم لێتە.

میرزادە پرسی:

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، مەبەستت لە وشەی "ڕەئی" چیەو دەربارەی چی؟

– مەبەستم ڕەئی تۆیە دەربارەی ناردنی ژێژکەکە!...

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، من پێم وایە، بە تەقدیری من، دەتەوێ بزانیت من چۆن پشوازیم لە بیرۆکەی ناردنی ژێژکەکە بۆ من... یانی چۆن تەمەشای مەسەلەکەم کردووە... یانی چۆن لە مەسەلەی ناردنی ژێژکەکە حاڵی بووم... لەمبارەیەوە، من پێموایە.. بەکورتی...

هەناسەی سوار بوو و، بێدەنگ بوو.

ئاگلایا، نزیکەی، پێنج سانیەیەك لەسەری وەستاو گوتی:

– دەی... خۆ تۆ هیچت نەگوت!.. دەی باشە.. با واز لە مەسەلەی ژیژکەکە بێنین. من زۆر حەز دەکەم سنورێك بۆ هەر هەموو ئەم گۆتە گۆت و قسە و قسەلۆکانە دابنێم کە تانها لەسەر یەك کەڵەکە بوون. بە یارمەتیت، حەزدەکەم لە دەمی خۆتی بزانم ئایا تۆ گەرەکتە خوازبێنی من بکەیت یان نا؟ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا هاواری کرد:

– پەنا بەخوا.!

میرزادە، مچوڕکێکی پێدا هات و سەری لە بەرخۆی نا. ئیڤان فیدوروفیچ، لە سەرسامیدا لەجێی خۆی وشك بوو. جووتە خوشك برۆیان وێکهێنایەوە و ڕوویان گرژ بوو.

– درۆ نەکەی میرزادە. ڕاستی بڵێ! ئەمانە لەسەر تۆ، بە پرسیاری سەیرو سەمەرە مێشکیان بردووم. ئایا ئەم پرس و جۆیانە هیچ ڕەگ و ڕیشە و بنەمایەکیان هەیە؟ قسە بکە!

میرزادە، لەپڕ پشوویەکی وەبەرهاتەوە و گوتی:

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، من داخوازی تۆم نەکردووە. بەڵام بەخۆت... بە خۆت دەزانی چەند خۆشم دەوێی و چەندم باوەڕ و متمانە پێت هەیە... تەنانەت بەم ساتەشەوە...

ئاگلایا گوتی:

– من دەمەوێ بزانم ئایا تۆ خوازگاری منیت یان نا؟

میرزادە، بە دەنگێکی کز گوتی:

– بەڵێ خوازگارتم.

ئیڤان فیدوروفیچ، زۆر بە توندی و هەڵچوونەوە هاتە زمان:

– ئەم شتانە بەو جۆرە چارەسەر ناکرێ برادەری ئازیز! تۆش گلاشا* گیان، ئەگەر هەر ئەمەت مەبەستە، وانابێ... ببورە میرزادە ببورە دۆستی ئازیز.

ئەوسا وەکو یەکێك لیی قەومابێ، پەنای بۆ ژنەکەی برد:

– لیزاڤیتا پروکوفیڤنا... پێویستە... پێویستە بزانین...

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بەدەم دەست بادانەوە، کەوتە هاوار:

– نا، من قەبووڵم نیە... من قەبووڵم نیە..

– دایکە، بە یارمەتیت، بامنیش قسەی خۆم بکەم. پێموایە هەقی خۆمە لەم مەسەلەیەدا . حیسابێکم بۆ بکرێ و قسەی خۆم هەبێت: ئاخر ئەمە پەیوەندی بە چارەنووسی منەوە هەیە (ئاگلایا دەقاو دەق بەو شێوەیە هاتە قسان) دەمەوێ ڕەئی خۆم بڵێم و خۆشحاڵم کە هەمووتان لێرە ئامادەن و گوێتان لێبێ... دەی میرزادە بەیارمەتیت، کە تۆ بە نیازی خوازگاری منیت، چۆن شادمانی من مسۆگەر دەکەیت؟

میرزادە گوتی:

– ئەلهەقی ئاگلایا ئیڤانوڤنا، من نازانم چۆن وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە!... چ وەڵامێك پڕ بەپێستی ئەم پرسیارەیە؟... پاشان... ئایا ئەمە بە ڕاستی پێویستە؟

– وادیارە زۆر نیگەرانیت، هەناسەت سوار بووە، بێزەحمەت نەفەسێ تازە بکەوە و وەخۆبێرەوە، قومێ ئاو بخۆوە. نا، هەنووکە چایت بۆ دێنین.

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، خۆشم دەوێی، زۆرم خۆش دەوێی... هەر تۆم خۆش دەوێ، کەسی ترم خۆش ناوێ. تکایە شتەکە بەگاڵتە مەگرە. من زۆرم خۆش دەوێی.

– بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی هەستیارە. ئێمە منداڵ نین، پێویستە بە جدی تاوتوێی بکەین... بێزەحمەت پێم ناڵێی سەروەت و سامانەکەی تۆ چیە و چەندە.

ئیڤان فیدوروفیچ، بەواقی وڕەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەسە، بەسە ئاگلایا! ئەوە چیە، ئاخر ئەمە ڕاست نیە، وا نابێ.. نا.. نا... بە ڕاستی ئەمە ڕاست نیە!...

لیزاڤیتا پروکۆفیڤنا، بە ئەسپایی، بەڵام بە دەنگێ کە ببیسترێ گوتی:

– ئەیەڕۆ لەم حەیاچوونە!

ئەلکسندراش، لای خۆیەوە، هەڵیدایە وبە ئەسپایی گوتی:

– شێتە.

میرزادە، بە سەرسامی گوتی:

– سەروەتەکەم؟ مەبەستت پارەیە؟

– بەڵێ، دەقاو دەق.

میرزادە، سوور بووەوە، بە دەنگێکی نەوی گوتی:

– حاڵی حازر.. ئا لەم ساتەدا سەدو سی و پێنج هەزار ڕۆبڵم هەیە...

ئاگلایا، بێ هیچ لە ڕوودامانێك، بە دەنگی بەرز و بە سەرسامی گوتی:

– هەر ئەوەندە؟

هەڵبەتە کەم و زۆر ڕەنگی نەگۆڕا بوو. لەسەری ڕۆیی:

– خراپ نیە، بە تایبەتی بۆ کەسێك کە دەست بڵاوی نەکات...باشە بە نیاز نیت، کارێکی دەوڵەتی بەدەست بێنی؟

– دەمویست، ئیمتیحانێك بدەم و ببم بە مامۆستای تایبەتی.

– بیرۆکەیەکی زۆر باشە. کە هەڵبەتە دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆ دەرامەتمان. ئەدی حەزناکەیت ببی بە یەکێك لە پلەداران و پیاوانی دەربار؟

– پیاوانی دەربار؟ تا ئێستا بیرم لەشتی وا نەکردووەتەوە، بەڵام...

خوشکەکانی ئاگلایا، لەوە پتر بەخۆیان نەوەستان و لە قاقای پێکەنینیان دا. ئەلکسندرا، ماوەیەك بوو کە لەرزەیەکی سووکی بە سیمای ئاگلایاوە دەبینی کە نیشانەی تەقینەوەی پێکەنینێکی کوت و پڕی پێوە دیاربوو و ئاگلایا هەوڵی دەدا بە تۆبزی خەفەی بکات. ئاگلایا کە چاوی بە پێکەنینی خوشکەکانی کەوت، نیگایەکی هەڕەشە ئامێزی کردن کە پێنەکەنن، بەڵام بەخۆیشی هەر دوای ساتێك بەخۆی نەوەستاو لە قاقای پێکەنینێکی شێتانە و بگرە هیستریانەی دا. ئەوجا هەر هەستاو بە غار لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

ئادیلاید گوتی:

– من لە هەوەڵەوە دەمزانی ئەم بەزمە بە پێکەنین دەشکێتەوە. هەر لە هەوەڵەوە، لە حیکایەتی ژیژکەکەوە، پێشبینی ئەمەم کردبوو.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لەپڕ گڕی گرت و هاواری کرد:

– نا، نەخێر، ئەمەتان لی قەبووڵ ناکەم، شتی وا قەبووڵ ناکەم. بەغار دووی ئاگلایا کەوت. کیژەکانیش بە هەشتاو دووی کەوتن. میرزادە و سەرگەڤاری خانەوادە، بە دوو قوڵی لە ژوورەکەدا مانەوە.

جەنەڕاڵ، لەناکاوا، بێئەوەی بەخۆیشی بە تەواوی بزانێ چی دەوێت، گوتی:

– گوێ بگرە لیون نیکولایوفیچ، تۆ تەسەوری شتی وات دەکرد؟...ها؟

میرزادە، بە خەمینی بەرسڤی دایەوە:

– ئەوەندە دەزانم کە ئاگلایا ئیڤانوڤنا، پێم ڕادەبوێرێ، پێم پێدەکەنێ.

– برادەری ئازیز، کەمۆکەیەك سەبر بگرە. با بچم بۆلایان تۆ لێرە بە... چونکە.. تۆ پێم بڵێ لیون نیکولایوفیچ، پێم بڵێ ئەمە چ بوو، چ مانایەکی هەیە؟ برادەری ئازیز باوەڕ دەکەی کە من، وەکو باوکی – ئاخر هەر هیچ نەبێ من باوکیم، وێڕای ئەوەی باوکیم، ئاگام لە هیچ نیە، سەر لەم بەزم و ڕەزمە دەرناکەم! بەلای کەمەوە تۆ بۆم بگێڕەوە، تۆ بۆم باس بکە!

– من ئاگلایا ئیڤانوڤنام خۆشدەوێ، بەخۆیشی دەزانێ.. پێموایە لە مێژە دەیزانێ.

جەنەڕاڵ، شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

– سەیرە... سەیرە!... زۆرت خۆشدەوێ؟

– زۆر زۆر.

– سەیرە. زۆرم بەلاوە سەیرە. مەبەستم، یانی شتێکی غافڵگیرانەیە، باوەڕ نەکردەنیە... خۆشەویستیەکی وا کوتوپڕ... گوێ بگرە برادەری ئازیز... من سەروەت و سامانم بەلاوە گرینگ نیە (هەرچەند وام وێنا دەکرد، سەروەت و سامانەکەت زۆر لەوە زیاتر بێ کە وتت)... بەڵام من بیر لە ئایندەی کیژەکەم دەکەمەوە... بە کورتیەکەی... یانی تۆ دەتوانی، بەختەوەری ئەو دابین بکەیت؟و... و... ئەو چی دەڵێت؟ ئایا ئەم شتە بەلای ئەوەوە گاڵتەیە یان جدیە؟ بەلای ئەوەوە نەك تۆوە؟

ڕێك لەم دەمەدا، دەنگی ئەلکسندرا ئیڤانۆڤنا لەپشت دەرگاکەوە بەرز بووەوە، کە باوکی گاز دەکرد.

جەنەڕاڵ، پەلە پەلی پێکەوت و گوتی:

– برادەری ئازیز بە یارمەتیت. تۆ دانیشە، بیربکەوە، هەر ئێستا دێمەوە.

بەپەلە پرزێ و هەراسانی بە دەنگی کچەکەیەوە چوو. سەیری کرد دایك و کیژ، لەوێندەر، دەستاین لە ملی یەکدی وەریناوە و وەکو بارانی بەهار، ڕووندکان بەسەر یەکدیدا دەبارێنن. فرمێسکەکانی، فرمێسکی شادی، سۆز و ئاشتی و ئاشتەوایی بوو. ئاگلایا لێکدا لێکدا دەست، گۆنا، گەردن و ڕوومەتی دایکی ڕادەمووسی. بەدڵ و بەگیان یەکتریان بەخۆوە دەگوشی.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی:

– ئیڤان فیدوروفیچ تەمەشاکە. ئەمە خۆیەتی، ئەمە ئاگلایای ڕاستەقینەیە!

ئاگلایا، ڕوخساری شادو فرمێسکاوی خۆی لەسەر سینگی دایکی هەڵبڕی و ڕوانیە بابی. بە دەم نەرمە پێکەنینێکی خۆشەوە، بەرەو بابی چوو، بە گەرمی باوەشی پێدا کرد و چەند جارێك ماچی کرد. ئەوسا بەلەز بۆلای دایکی گەڕایەوە و سەرلەنوێ سەری نا بە سینگ و بەرۆکی دایکیەوە، تا کەس نەی بینێ، و ئەمجا ما بگری ئەمما گریان. دایکی بەلکەی شاڵەکەی داپۆشی.

دایکی گوتی:

– بزانە چیمان پێدەکەی؟ بە ڕاستی تۆ کچێکی دڵڕەقی، بزانە چیت پێکردین، فەرموو من نایڵێم تۆ خۆت بیڵێ!

بەڵام لیزاڤیتا، ئەمجارەیان بەجۆرە شادییەك ئەو قسانەی کرد. پێدەچوو پشووی خۆشتر بێ.

ئاگلایا، لە ناکاوا هاتە قسان، گوتی:

– ڕاستە! من واهیم! کچێکی شەڕەنگێز و دڵڕەقم، بێ کەڵك و هیچم، من منداڵێکم نازو نازداری کوشتوومی، کەڵکی هیچی پێوە نەهێشتووم! ئەمە بە باوکە بڵێ!..

بەدەم گریان و پێکەنینەوە گوتی:

– ئا.. بەخۆشی لێرەیە.. ئەوە لێرەی بابۆ؟ گوێت لێ بوو؟

جەنەڕاڵ، بە کەیف خۆشی، کەوتە لستنەوە و بۆن کردنی دەستی ئاگلایا. ئاگلایاش دەستی خۆی نەکێشایەوە. بەخۆشحاڵیەوە گوتی:

– کیژە ئازیزەکەم... ڕوحەکەم! دیارە.. تۆ ئەم گەنجەت خۆش دەوێ؟

ئاگلایا، لەپڕ گڕی گرت، سەری هەڵهێنا و هاواری کرد:

– نا، نا، نا!... من تاقەتی ئەوم نیە... یەك زەڕەش ئەم گەنجەی تۆم خۆش ناوێ! توخوا ئەمەش بوو بە ڕزق! خوام لەو خوایە جارێکی دی شتی وام پێ بڵێی باوکە... ئەم قسەیەم زۆر بەجدیە ها، گوێت لێیە؟ بە ڕاستیمە ها!

ئاگلایا، بە ڕاستی بوو، ئاگر لە چارەی دەباری، چاوانی ئاگریان لێ دەبووەوە.

بابی، سەری لەبەرخۆی نا، چووەوە قاوغەکەی خۆی. بەڵام لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لەپشت ئاگلایاوە، ئاماژەیەکی بۆ کرد، یەکسەر زانی مەبەستی ئەوەیە کە "هیچی لێنەپرسێت."

گوتی:

– جا ئەگەر وایە فریشتەکەم، بەخۆت سەرپشکی، چیت پێخۆشە وابکە. بەڵام لەوێ بە تەنێ دانیشتووە و چاوەڕوان دەکات، باشە نابێ بە ڕووخۆشی و ئارامی تێی بگەیەنین کە بڕوات؟ جەنەڕاڵیش، لەلای خۆیەوە، چاوێکی لە ژنەکەی داگرت.

ئاگلایا گوتی:

– نا، نا. پێویست بەوە ناکات. پێویست بە ڕوبینی و مجامەلە ناکات. تۆ بڕۆ بۆلای، منیش دوای تۆ یەکسەر دێم، دەمەوێ عوزر خوایی بۆ ئەم... گەنجە بێنمەوە، چونکە هەستیم بریندار کرد.

ئیڤان فیدوروفیچ، بەجدی گوتی:

– وایە، زۆریش نەهەقیت لیکرد.

– کەواتە... ئێوە هەمووتان لێرەبن. من یەکەمجار بە تەنیا دەچم بۆلای، دوای چەند سانیەیەك، ئێوەش یەکسەر بەدووما بێن. وا باشترە.

هەرکە گەییە بەردەگا، لەپڕ گەڕایەوە و بە خەمینییەوە گوتی:

– پێکەنین دەمگرێت! هەست دەکەم تامەزرۆی پێکەنینم!

بەڵام دووبارە، بە هەشتاو بەرەو لای میرزادە بای دایەوە.

ئیڤان فیدوروفیچ، بەپەلە لە هاوسەرەکەی پرسی:

– ها؟ چی لەمە حاڵی بوویت؟ ئەمە چییە؟ چی لێ تێدەگەی؟

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بە هەمان پەلە پەلی مێردەکەی وەڵامی دایەوە:

– من ناوێرم ڕەئی خۆم بڵێم، بەڵام وەکو ڕۆژی ڕوون عەیانە.

– منیش پێموایە، هەمان ڕەئیم هەیە. وەکو ڕۆژی ڕوون عەیانە. ئاشقە.

ئەلکسندرا ئیڤانوڤناش هەڵیدایە:

– بڵێن شەیدایە! نەک هەر خۆشی دەوێ، بەڵکو شێت و شەیدای بووە. بەڵام ئاشقی چ شتێکی بووە، لەو باشتری نەدۆزییەوە؟

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بەدەم خاچ کێشانەوە گوتی:

– ئەگەر ئەمە قەدەرو چارەنووسی کیژەکەم بێ، دەیسا خوا لیی موبارەک بکات!

جەنەڕاڵ، بۆی سەلماند و گوتی:

– دیارە ئەمە قەدەرێتی، ئینسان ناتوانێ لە قەدەری خۆی هەڵێ!

هەنگێ، هەموو گەڕانەوە بۆ هۆڵەکە، کە موفاجەئەیەکی تازەیان بۆ لەکەمینا بوو.

ئاگلایا، کە چوو بۆلای میرزادە و ڕوو بە ڕووی بووەوە، نەک هەر پێکەنین نەیگرت، بەڵکو لە نیمچە شەرمێکیشەوە پێی گوت:

– لە کچێکی سەرشێت، گەوج، لە منداڵێك کە ناز خووی شەڕکردووە ببوورە، لیی مەگرە (بەدەم ئەو قسانەوە دەستی میرزادەی گرت)، باوەڕ بکە، ئێمە هەر هەموومان، بێ ئەندازە ڕێزت دەگرین، لامان بەڕێزی. جا ئەگەر من ڕێم بە خۆدابێ، گاڵتە بەدڵپاکی و ساکاری و میهرەبانی تۆ بکەم. بمبورە، لێم مەگرە، بە شۆخی و لاساری منداڵێکی حەساو بکە. ببورە کە ئەوەندە پێ داگریم لەسەر شتێکی بێ مانا کرد، کە هیچ بایەخێکی نیە و نابێ ،ببورە. هەڵبەتە نایەتەدی..

ئاگلایا، بە تاکتیکێکی تایبەتیەوە دوا ڕستەی گوت.

هەموو، باوك و دایك و هەردوو كیژەكەیان، ڕێك لەكاتی خۆیدا وەژووركەوتن، كە گوێیان لە ڕستەی "... شتێكی بێ مانا كرد، كە هیچ بایەخێكی نیەو نابی..." بوو، حەپەسان بە سەرسامی كەوتنە نیگا كردنی یەكدی. زیاتر حەپەساوی جدیەتی وتنەكەی ئاگلایا بوون. بەڵام لەوە نەدەچوو میرزادە تێگەیی بێت ، لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو.

میرزادە لە بن لێوانەوە گوتی:

– بۆچی ئەم قسانە دەكەیت؟ بۆچی... تۆ... داوای بوردن لە من دەكەی؟

تەنانەت دەیویست بڵێ كە ئەو (میرزادە) شایستەی عوزرخوازی ئەو (ئاگلایا) نیە. كێ چوزانێ ؟ لەوەشە لە مانای ئەو ڕستەیە "شتێكی بێ مانا كە هەڵبەتە مەحاڵە بێتەدی" حاڵی بووبێ. بەڵام چونكە تەبیعەت و بیركردنەوەیەكی سەیری هەبوو، بەو قسانە نەك قەڵس نەبوو بوو، بەڵكو خۆشحاڵیش بوو بوو. بەوە خۆشحاڵ بوو كە بە مەزەندەو خەیاڵی خۆی بۆی هەبوو ودەیتوانی، بچێتە دیدەنی ئاگلایا، گفتوگۆی دەگەڵ بكات، دەگەڵیا دابنیشێت و پێكەوە بچنە پیاسە و گەڕان.. ئەمە بۆ میرزادە ئەوپەڕی خۆشی بوو، خۆشی و شادییەك بوو بەشی سەرانسەری ژیانی دەكرد! (لەوە دەچوو لیزاڤیتا پروكوفیڤنا لەم خۆشی و شادییە بترسێت، بە غەریزە هەستی بەو تەبیعەتەی كردبوو. زۆرشت هەبوو كە لە ناخا لێی دەترسا و نەیدەتوانی بیدركێنێ).

زۆر زەحمەتە پیاو بتوانێ وەسفی ئەو كەیف و خۆشیە بێئەندازەیە بكات كە ئەو شەوە دژوارە میرزادەی تیا بوو. پاشان خوشكەكانی ئاگلایا گێڕایانەوە، ئەو شەوە میرزادە ئەوەندە سەر حاڵ و شادمان بوو، كە بینەر دەیبینی خۆ بەخۆ كەیفی ساز دەبوو و ئۆخژن لە دڵ و دەروونی دەگەڕا. ئیدی هەژدەر هەژدەر قسانی دەكرد، كە لەوەتای شەش مانگەوە كەس شتی وای لێنەدیبوو، واتە لەو بەیانیەوە كە بۆ یەكەمجار تەعاروف دەگەڵ ماڵباتی یەپانچیندا كرد بوو. دیاربوو لەوەتای بۆ پترسبۆرگ گەڕابووەوە، بە ئانقەست بڕیاری دابوو كە هەندێ تەریك و كەم دوو بێت. تەنانەت پێش ئەو ئێوارەیە بە ماوەیەكی كەم بە بەرچاوی هەمووانەوە، بە میرزادە (س...)ی گوتبوو، كە هەست دەكات پێویستە بێدەنگ بێت، چونكە شێوازی دەربڕین و گوزارشتی خراپە و بەو شێوازە خراپە لە بەهاو نرخی ئەو بیرانە كەم دەكاتەوە كە دەیەوێ دەریان ببڕێت. بەڵام ئەو شەوە، لە هەمووان پتر قسەی كرد، قسەكەری سەرەكی هەر ئەو بوو، ئیدی زمانی پژابوو، هەر پرسسیارێكی لێدەكرا، زۆر بە ڕوونی و تامەزرۆیی و دوورو درێژی بەرسڤی دەدایەوە. بەڵام هیچ قسەیەكی كۆن و سواو وپواوو بازاڕی لە قسەكانیا نەبوو. لە سەرەتاوە ئەو بیرو ئەندێشانەی كە دەری دەبڕین زۆر قووڵ و ڕەسەن و جدی و بگرە قورس و

گـۆنگش بـوون. تەنانـەت هەنـدێ سـەرنجی زۆر شەخسـی و، بۆچـوونی تایبـەتی عـەرز کـرد، کـە پاشان تێکڕای گوێگرەکان ڕایان وابوو کە ئەگەر بەو زمانە خۆشبەیان و بژاردەیە دەری نەبڕیبان لەوە بوو، بێتە مایەی تەوس و توانج و تانەو تەشەر و پێکەنینی خەڵکەکە.

هەرچـەندە جەنـەڕاڵ، حـەزی لـە جدیـەتی گفتوگۆیـەکان بـوو، بـەڵام هـەم ئـەو و هـەم لیزاڤیتـا پروکوفیڤنا، پێیان وابوو قسەکانی میرزادە،لە ڕادەبەدەر جدین و هەڵقوڵاوی فرە زانیارین، بۆیە لە ئاخر و ئۆخری شەونشینییەکەدا هەستیان بە بێتاقەتی دەکرد.

بەڵام میرزادە لـە کۆتاییدا، بەجۆرێ گـەرم بـوو بـوو وگـوڕی بەسـتبووەوە کـە کەوتـە گێڕانـەوەی چیرۆك و حیکایـەتی کۆمیـدی و نوکتـەی پێکـەنیناوی کـە خـۆی لـەپێش هەمووانـەوە پێدەکـەنی، ئیدی ئەوانی دیکەش بە دوویا پێدەکەنین، نەك هـەر لەبەر ئـەوەی حیکایـەت و نوکتـەکان کۆمیـدی بوون، بەڵکو زیاتر پەتای پێکەنینەکەی میرزادە بۆ ئەوانیش سیرایەتی دەکرد.

بەڵام ئاگلایا، بەدرێژایی شەوەکە، مەگەر بە دەگمەن، دەنا نـە زاری هـەڵهێناو نـە بزەیـەکی کەوتـە سەرلێو. بەڵام بە تاسەوە گـوێی بـۆ لیـون نیکولایـوفیچ ڕادێرا بـوو تەنانـەت بە تامەزرۆییـەوە لێـی دەڕوانی و چاوی تێ بڕی بوو.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، دوای تۆزێك بە مێردەکەی گوت:

– تەمەشـای چـۆن چـاوی تـێ بڕیـوە! چـاوی لـێ ناگوازێتـەوە. چـاوی بڕیوەتـە دەم و زاری ئـەو و وشە بەوشەی قسەکانی قووت دەدات. دەڵێـی ئەفسوون کراوە. ئەگـەر یـەکێکیش پێـی بڵـێ ئـەوی خـۆش دەوێ، دنیـا ژێـر و ژوور دەکـات، خێـرا لـە هـۆڕژنی گریـانێ دەدات و خـۆی لـە هـەمێزت داوێت.

جەنەڕاڵ شانێکی بۆ هەڵتەکاند و گوتی:

– چار چیە ؟ شەڕ دەگەڵ قەدەرا ناکرێت!

جەنەڕاڵ، تا ماوەیەکی زۆر لەوە دواش، زۆرجار ئەو ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە، لـەوە دەچوو زەینی ئەفسوونی ئەو دەستەواژەیە بووبێ.

هەڵبەتـە دەبـێ ئـەوەش بڵـێین کـە جەنـەڕاڵ، وەکـو بزنسـمانێك، لـە زۆر ڕووەوە، لـەم وەزعـە ڕازی نـەبوو، دڵـی پێـی خـۆش نـەبوو، بـە تایبـەتی لـەو ڕووەوە کـە گـۆنگ و نـاڕوون بـوو. بـەڵام بڕیـاری دابوو کە زمانی خۆی بگرێ و هیچ نەڵێت و سەبر بکات تا بزانێ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا چ دەڵێت.

ئەم خۆشی و شادیە زۆری پێنەچوو، بۆ سبەینێ ئاگلایا شەڕێکی دیکەی دەگەڵ میرزادەدا بەرپاکرد، کە لە ڕۆژەکانی دواتریشدا هەمان تاس و هەمان حەمام بەردەوام بوو. ئیدی ئاگلایا بەردەوام گاڵتەی بە میرزادە دەکرد، پێی ڕادەبوارد، وەکو لێبۆکێك ڕەفتاری دەگەڵ دەکرد.

ڕاستە هەندێجار پێکەوە لە باخەکەدا پیاسەیان دەکرد، یەك دوو سەعاتێك لە ژێر کەپرێکی پشت باخەکەوە دادەنیشتن، بەڵام ئەوەی بینرا بوو ئەوە بوو کە میرزادە لەو حاڵەتانەدا، زۆربەی کات ڕۆژنامەیەك یان کتێبێکی بەدەستەوە دەگرت و بە دەنگی بەرز بۆ ئاگلایای دەخوێندەوە.

ڕۆژێك، کاتێ کە ڕۆژنامەی بۆ دەخوێندەوە،گزوگومەت پێی بڕی و گوتی:

– سەیرە! دەزانی دەمێکە بۆم دەرکەوتووە کە مخابن زۆر نەخوێنەواری. پرسیاری هەر شتێکت لێبکەن، وەڵامی تەواوت پێ نیە، ئیدی چ دەربارەی کاراکتەر و کەسێتیان بێ، چ دەربارەی واریقات و ڕووداوان، چ دەربارەی نێوەڕۆك و بابەتی ئەم کتێب یان ئەو کتێب بێ، یانی بە ڕاستی پیاو دڵی بە حاڵت دەسووتێ.

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– خۆ من پێم گوتبوویت، خوێنەواریم کەمە.

– کەواتە تۆ چیت هەیە ؟ شانازی بەچیتەوە بکەم، ڕێزی چیت بگرم؟ دەی بخوێنەوە، نا، نا بەسە، واز لە خوێندنەوە بێنە.

هەر ئەو شەوە، ئاگلایا ڕەفتار و هەڵوێستێکی مەتەڵ ئاسای نواند. بەلای هەموو ئامادەبوانەوە، لە لەگەز دەچوو. تێی نەدەگەیشتن. لوتفێکی زۆری بەرانبەر بە میرزادە (س...) کە لە پترسبۆرگ گەڕابووەوە، نواند، زۆر شتی دەربارەی یەڤگینی پاڤلوفیچ، لێ پرسی.(هێشتا میرزادە لیون نیکولایوفیچ نەهاتبوو) . میرزادە (س..) ڕێگەی بە خۆی دا کە ئاماژە بۆ "ئەو گۆڕانە بکات کە پێدەچوو لەو نزیکانەدا، لە خانەوادەکەیاندا ڕوو بدات" باسی ئەو بیرۆکەیەی کرد، کە لامسەرلایی لە زاری لیزاڤیتا پروکوفیڤناوە داکەوتبوو، کە گوایە لە گینە دیسان زەماوەندەکەی ئادیلاید کەمێك دوابخرێت، تا یەکجاری هەر دوو زەماوەندەکە یەك بخرێ و یەك ئاهەنگ بگێڕن. ئاگلایا کە گوێی لەو قسانە بوو، گڕی گرت، بە جۆرێ دەهری بوو، کە تەسەور نەدەکرا، هەر هەموو ئەوشتانەی بە " قسەی قۆڕ" وەسف کرد، بەڵکو لەوەشی تێپەڕاند، هەر هات بە زاریا و گوتی: "هێشتا بڕیاری نەداوە جێگەی ماشقەی هیچ کەسێك بگرێتەوە."

ئەم قسانە تەنگەی هەمووانی گرت، بە تایبەتی هی دایك و باوكی. لیزاڤیتا پروكوفیڤنا، لە كۆبوونەوەیەكی نهێنیدا دەگەڵ مێردەكەیا، پێشنیازی كرد كە باسی مەسەلەی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەگەڵ میرزادەدا بكەنەوەو بە تەواوەتی بیبڕێننەوە.

ئیڤان فیدوروفیچ، سوێندی خوارد كە ئەو قسەیەی ئاگلایا، تەنیا "هەڵچوونێك"ی كوت و پڕ بووە و زادەی هەست كردن بە "شەرم" بووەو هیچی تر. خۆ ئەگەر میرزادە (س..) باسی زەماوەندی نەهێنابا پێشێ ئەو "هەڵچوونە"ش ڕووی نەدەدا. چونكە ئاگلایا. زۆر چاك ئاگادارە كە پەیوەندی نێوان میرزادە و ناستاسیا فیلیپوڤنا، هەمووی بوختان و درۆ و دەلەسەی خەڵكی بەدخوایە، ناستاسیا فیلیپوڤنا بە تەمایە شوو بە ڕوگوژین بكات. جەنەڕاڵ ئەوەشی گوت كە میرزادە هیچ گوناهێكی لەم مەسەلەیەدا نیە، ئەو پەیوەندیەش كە بە درۆی خەڵكی گوایە لە نێوان ئەو و ناستاسیا فیلیپوڤنادا هەبووە، ئێستا نەماوە، نەك هەر نەماوە، بەڵكو ئەگەر ڕاستت دەوێ، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان پەیوەندی وا لە نێوانیاندا نەبووە.

بەڵام میرزادە، لەسەر كەیف و شادیی خۆی بوو، هێز نەبوو بتوانێ سەرو دڵی بگرێت و ناڕەحەت و نیگەرانی بكات. ڕاستە هەندێجار تەنكە تەمێكی خەم و بێ ئۆقرەیی لە چاوەڕوانی ئاگلایادا بەدی دەكرد، بەڵام ئەمەی بۆ هۆی دیكە دەگێڕایەوەو، ئەم تەمە خۆ بە خۆ لەبەرچاوی دەڕەوییەوە. ئیدی متمانە و قەناعەت و دڵنیاییەكی جێگیر و نەگۆڕی لەلا چێ بوو بوو، هیچ شتێك نەبوو ئەو قەناعەت و باوەڕەی بگۆڕێت. ئیدی لەوە دەچوو زیاد لە پێویست سەر ڕەحەت و ئاسودە و دڵنیابێت، بەلای كەمەوە ئەم سەرنج و بۆچوونە لەلای هیپولیت چێ بوو بوو كە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە باخەكەدا تووشی بوو بوو.

ئەو ڕۆژە، هیپولیت، میرزادەی ڕاگرت و، پێی گوت:

– ها! بیرتە ئەوساكە پێمگوتیت ئاشق بوویت، قسەی من دەر نەچوو؟

میرزادە تەوقەی دەگەڵ كرد، پیرۆزبایی لێكرد كە ڕەنگ و ڕووی خۆشە و ڕوو لە چاكیە. لەوە دەچوو هیپولیت بەخۆشی هیواو گوڕو تینێكی وەبەرهاتبێتەوە، كە نەخۆشانی سیل، زۆرجار تووشی ئەو حاڵەتە دەبن.

هیپولیت، كە چوو بۆلای میرزادە، بەو نیازە چوو كە بەر تانەو تەشەری بدات كە ئەو كەیف و خۆشیەی لەچیە، بەڵام یەكسەر ئەو بیرەی لە مێشكی خۆی دەركرد وكەوتە باسی خۆی و گلەییەكی زۆر، دوورو درێژ، بێ سەرو بەری هەڵڕشت.

لەکۆتاییدا گوتی:

– ناتوانی تەسەور بکەی، کە هەر هەموویان، چەند بچووك، بێ ئەقڵ، لە خۆڕازی، خۆهەڵکێش و نەفس نزم و هیچ و پووچن. باوەڕ دەکەیت بۆیە قەبووڵیان کرد داڵدەم بدەن، چونکە بە خەیاڵی خۆیان بە زووترین کات دەمرم . ئێستا هەموویان توڕەن چونکە نەك هەر نە مردم، بەڵکو حاڵم باشترە توخوا ئەمە مەخسەرە نیە! گرەو دەکەم کە باوەڕ بە قسەکانم ناکەیت!

میرزادە، حەزی نەکرد بەرسڤی بداتەوە.

هیپولیت، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– تەنانەت هەندێجار بیر لەوە دەکەمەوە بگەڕێمەوە بۆلای تۆ و دەگەڵ تۆدا دانیشم! چونکە تۆ بەلای کەمەوە تۆ لەو باوەڕەدانیت کە ئەوان بەو مەرجە جێی کەسێك بکەنەوە کە بە زووترین کات بمرێت، وانیە؟

میرزادە گوتی:

– من وام وێنا دەکرد کە بە مەبەستێکی دیکە دەعوەتیان کردبێت.

– ها، ها! تۆ ئەوەندەش ساویلکە و سا ئەقڵ نیت کە خەڵکی تەسەوری دەکەن! هێشتا وەختی نەهاتووە، دەنا هەندێ شتم دەربارەی ئەم گانیا چکۆلەو، نەخشە و نیاز و خولیاکانی بۆ دەگێڕایتەوە. ئەمانە پیلانت دژ دەگێڕن، نامەردانە داوت بۆ دەنەنەوە. گەرەکیانە، کۆڵت پێ بدەن، ورە بەربدەی و هەرەس بێنی...بۆیە پیاو حەیفی لێ دێ کە ئەوەندە غافڵ و بێ خەم و خەیاڵ پاڵی لێدەدەیەوە و دەخەوی. بەڵام ئەفسوس تۆ هەر ئەوەیت و ناگۆڕێیت!

میرزادە بە پێکەنینەوە گوتی:

– یانی لەبەر ئەمە دڵت بە حاڵم دەسووتێ! یانی پێت وایە ئەگەر نیگەران و ناڕەحەت بام، خۆشحاڵتر دەبووم؟

– پیاو کلۆڵ و بەدبەختێکی بەئاگا بێ، نەك دڵخۆش و شادمانێکی خاپێنراو... گوایە نازانی لەو ماڵەدا هەڤرکێکی سەر سەختت هەیە!

– ئەوەی سەبارەت بە ڕەقیب و هەڤرك دەیڵێیت، زادەی بەدگومانییە هیپولیت. مخابن هەقی ئەوەم نیە وەڵامت بدەمەوە. بەڵام سەبارەت بە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بێگومان لە من باشتر

دەزانیت کە دوای ئەو هەموو شکست و دۆڕانە، ناتوانێ بە ئاسانی خۆی بگرێتەوە و بێ خەم و خەیاڵ، سەر ڕەحەت و ئاسوودە دڵ بژی،ئەگەر شتێکی لەبارەوە دەزانی، لەمەوەیە. پێموایە هەقە لەم ڕوانگەیەوە تەمەشای ئەو شتانە بکرێ. هێشتا دەرفەتی لەبەردەمدایە کە خۆی چاك بکات. هێشتا ساڵانێکی زۆری بە بەرەوە ماوەو، ژیان یەکپارچە پەندو عیبرەتە... کە... کە...

میرزادە، لێرەدا، مینگە مینگی پێکەوت و لەناکاو زنجیرەی بیرەکانی پسایەوە، گوتی:

– ... سەبارەت بە دژایەتی و ڕووخاندنی من... هەر نازانم باسی چیدەکەی، تەقەی سەرم دێ. هیپولیت، تکایە با واز لەم قسەیە بێنین و ئەم مەوزوعە بگۆڕین.

– باشە، وازی لێ دێنین، دەیگۆڕین. بە تایبەتی کە تۆ ناتوانی دەستبەرداری کەرەم و لێبوردەیی دەروونی خۆت ببیت. بەڵێ میرزادە، تۆ تا بەخۆت شتەکە لەبنج و بناوان نەکەی سوکناییت نایە. کە لەبنج و بناوانیشت کرد، بەچاوی خۆت بینیت هەنگێ باوەڕت نایە، ها، ها! ئەرێ پێم بڵێ ئێستا زۆر لێم بێزار نیت، ڕقت لێم نابێتەوە ؟

– لەبەرچی؟ لە بەرئەوەی لە هەموومان زیاتر ئازارت چەشتووە و ئازار دەچێژیت؟

– نا، بەڵکو لە بەرئەوەی لیاقەتی ئەو ئازارەم نیە.

– هەر کەسێك بتوانێت تەحەمولی ئازاری زیاتر لە خەڵکی دی بکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا لیاقەت و شایستەییە. کە ئاگلایا ئیڤانوڤنا، ئیعترافنامەکەی خوێندبوویتەوە، خۆزیای دەخواست کە بت بینێ، بەڵام...

هیپولیت، وەکو ئەوەی بیەوێ بەپەلە ڕێڕەوی ئەم گفتوگۆیە بگۆڕێت، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– دەیەوێ دوای بخات بۆ... مەحاڵە بتوانێ... تێدەگەم، تێدەگەم!... ئەرێ بە ڕاست وەکو بیستوومە، گوایە تۆ بە دەنگی بەرز ئەو هەموو وڕاوە بێ سەرو بەرەت بۆ خوێندووەتەوە. ئەلهەقی هەموویم بەدەم وڕێنەوە نووسی بوو. هەرچی دەکەم و دەکۆشم ناتوانم باوەڕ بکەم کە کەسێك هەبێ ئەوەندە– ناڵێم دڵڕەق – (چونکە ئەگەر وا بڵێم بۆ خۆم شەرمەزاریە). بەڵام دەڵێم ئەوەندە منداڵانە و سائەقڵ و کینەکێش بێ، کە گلەیی ئەو ئیعترافنامەیەم لێبکات و وەکو چەکێك دژی من بەکاری بێنێ! مەترسە، باسی تۆ ناکەم، مەبەستم تۆ نییە...

– بەڵام هیپولیت، بە ڕاستی مایەی داخە کە دەبینم خەریکە ئەو بیرەوەریانەت بەدرۆ دەخەیەوە و حاشـایان لێدەکـەیت، چـونکە ڕاسـتگۆییەکی تـەواویان پێـوە دیـارە! تەنانـەت سـەخیفترین پەرەگرافیشـی کـە زۆرن (لێـرەدا هیپولیـت چارەی دا بەیەکا) ڕەگـی لـە ئازاردایـە، ڕەنگدانـەوەی ئازارە، کە فارەتی ئازارە، چونکە دەربڕینی ئـەو ئیعترافە، خـۆی لـە خۆیدا ڕوو بە ڕووبوونـەوەی ئازار و ڕەنگە بوێری و ئازایەتیەکی گـەورەش بێت. هەڵبەتـە ڕواڵـەتی ئـەم ئیعترافنامەیە هەرچیەك بێ، هاندەرێکی ڕوحی و دەروونی ڕەسەنی لەپشتە. باوەڕم پێبکە تا زیاتر بیری لێدەکەمەوە، زیاتر قەناعـەتم پێـی دێت. هەڵبەتـە مـن نامـەوێ داوەری دەربـارەی تـۆ بکـەم. بۆیـە ڕاوبۆچـوونی خۆمت پێدەڵێم، چونکە بەداخەوەم کە ئەوکاتە قسەم نەکرد...

دەموچاوی هیپولیت سوور بووەوە. وای دەزانی میرزادە گاڵتـەی پێدەکات، بە تەمایە داوێك یـان تەڵەیـەکی بـۆ بنێتـەوە. بـەڵام کـە بـە وردی زەیـنی دەموچـاوی دا، بـۆی دەرکـەوت نـەخێر بەڕاستیەتی و هیچ ڕووبینییەك لە سیمایدا بەدی ناکرێت. ئیدی ڕووی گەشایەوە و گوتی:

– هەر دەبێ بمرم!

لەزگ بوو لەسەری بڕوات و بڵێ: "چۆن دەبێ پیاوێکی وەکو من بمرێت ؟.

بەڵام زمانی خۆی گرت. ئەوجا لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– تەسـەور نـاکرێ ئـەم گانیایـەی تـۆ چ ئـازارێکم دەدات. هـەر بـە مەبەسـتی دژایـەتی مـن، ڕۆژێ یەخەی گرتووم، دەڵێت ئەوانەی کە گوێیان لـە ئیعترافنامەکـەی مـن بووە، لەوەیـە سـێ چوارێکیان لـە پـێش منـدا بمـرن! توخـوا ئەمـە قسـەیە! وا دەزانـێ مـن بەمـە خۆشـحاڵ دەبم. هـا هـا!... یەکـەم هەموویان هێشتا زندوون و کەسیان نەمردووە، گریمان هەر هەمووشیان لەپێش مندا مردن، ئەمە چ بارسووکیەك دەبێ بۆ من؟ پێموایە تۆش لەمەدا لەگەڵ بۆچوونەکەی منـدایت. لەچاوی خۆیـەوە تەمەشای خەڵکی دەکات، وا دەزانێ منیش خۆیم. هـەر بەوەندەشـەوە نەوەسـتا، بـەڵکو شـولی لـێ هەڵکێشـاوە و هەنووکـە پـەنای وەبـەر جنێـوان هێنـاوە و ڕێـك و ڕەوان دەڵێـت: هـەر کەسـێك حورمـەتی خـۆی بگرێـت، لـەو حاڵـەدا بـە بێدەنگی دەمرێـت، گوایـە ئـەم کارانـەی مـن لـە ڕووی خۆپەرسـتی یـەوە بووە! توخـوا ئـەوە بـوو بـە قسـە، هـا؟ خـوا هەقـە خـۆی خۆپەرسـت نیـە! خـۆ پەرستی لـەوەوە بـۆ خـەڵکی ماوەتـەوە! جا خۆپەرستی ئـەو جـۆرە خەڵکانـە چـەند چڕو خەستە! خۆش ئەوەیە لە هەموو کەس خۆپەرست ترن و هەست ناکەن کە خۆپەرستن!... ئەرێ میرزادە تـۆ هیچـت دەربـارەی (سـتیپان) گلیبـوف نـاوێکی سـەدەی هەژدەیـەم خوێندووەتـەوە؟ مـن دوێـنێ بەڕێکەوت شتێکم لە بارەیەوە بەرچاو کەوت و خوێندمەوە...

– ئەم ستیپان گلیوفە کێیە؟*

– ئەمە پیاوێکە لە سەردەمی پەتروسی گەورەدا خرایە سەر قازوخ.

– ئا... بەڵێ! ئێستا بیرم کەوتەوە! پازدە دانە سەعات لە سەهۆڵبەندانێکی بەترەفدا، لەسەر قازوخێك مایەوە، تەنیا یەك فەرەنجی بەسەر شانەوە بوو، بە ڕاستی کەسێکی کۆڵنەدەر بوو، بەو حاڵەوە مرد. بەڵێ ئەمەم خوێندووەتەوە... بەڵام مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چی بڵێی؟

– هیچ تەنیا ئەوەم لەخوا دەوێ کە ئەو جۆرە مەرگە بە نسیبی هەندێ کەسان بکات، بەڵام بە نسیبی ئێمە مانانی نەکات . تۆ پێت وایە من تەحەمولی مەرگێکی وەکو مەرگەکەی گلیبوف ناکەم؟

میرزادە، بە شپرزەیی گوتی:

– نا، نا، هەرگیز... تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کە پێت بڵێم... مەبەستم ئەوە نەبوو بڵێم ناتوانی وەکو گلیبوف بیت، بەڵام تۆ... زیاتر لە کەسێکی تری ئەو سەردەمە دەچیت کە...

– ئا، دۆزیمەوە: دەتەوێ بڵێی وەکو "ئوسترمان"*ی ئەو سەردەمانە دەچیت نەك لە گلیبوف. دەتویست وا بڵێی؟

میرزادە، بەسەرسامی پرسی:

– کام ئوسترمان؟

هیپولیت، بە واقی وڕەوە گوتی:

– ئوسترمان، دیپلوماتەکەی سەردەمی پەتروسی گەورە.

بێدەنگی و پەشۆکان بۆ ساتێك باڵی بەسەردا کێشان.

میرزادە ، دوای ڕامانێکی کەم، بە ئەسپایی گوتی:

– نا، نا، مەبەستم ئەمە نەبوو. باوەڕ ناکەم بتوانی وەکو ئوسترمان بیت .

هیپولیت، چارەی دا بە یەکا .

میرزادە کە دەیویست مەبەستەکەی ڕوون بکاتەوە، خێرا گوتی:

– بە هەرحاڵ، دەزانی بۆ ئەو قسەیەم کرد، بۆیە ئەو قسەیەم کرد چونکە خەڵکی ئەو زەمانە (باوەڕ بکە هەمیشە بیر لەمە دەکەمەوە) زۆر جیاواز بوون لە خەڵکی ئەم سەردەم و ڕۆژگارەی ئێمە. وەکو ئەوەی لە ڕەگەزێکی دی بووبن، وەکو ئەوەی ئەسڵ و نەژادێکی دیکە بووبن. خەڵکی ئەو زەمانە مێشکیان ساف و ئارام بووە، بە یەك بیرەوە مژول بوون. بەڵام خەڵکی سەردەمی ئێمە، خەڵکی ئەمڕۆ مێشکیان جەنجاڵترە، پێشکەوتووترن، هەستیارترن و دەتوانن لە یەك کاتدا پەیگیری دوو سێ بیرۆکان بکەن، یانی سەرێك و هەزار سەودان... خەڵکی ئەمڕۆ مەیدانی دیدی زۆر فراوانترە، ڕەتی بڵاوە، بۆ هەزار و یەك لاپەل دەهاوێ. دڵنیام هەر ئەمەشە نایەڵێت وەکو خەڵکی ئەو ڕۆژگارە یەکپارچە بن، من مەبەستم لەو قسەیە تەنیا ئەمە بوو نەك...

– من دەزانم، تۆ زۆر لەخۆت دەکەی تا دڵنەوایی من بکەیت. ها، ها!... تۆ بە ڕاستی منداڵی میرزادە! ئاخر من دەزانم ئێوە، هەر هەمووتان بە جۆرێ ڕەفتارم دەگەڵ دەکەن وەکو ئەوەی فینجانێکی چینی بم... ئێوە بەمە من بچووك دەکەنەوە... بەڵام گرینگ نیە! زویر نابم. بە هەرحاڵ گفتوگۆیەکەمان هەر نەبێ بڕێك سەرگەرمکەر بوو!.. میرزادە، بە ڕاستی تۆ هەندێجار دەبیتەوە بە منداڵ. جا با ئەوەشت پێ بڵێم میرزادە لە دڵی خۆدا تەماحی ئەوەم هەبوو کە زۆر لە ئوسترمان باشتربم. خۆ بوونە ئوسترمان لە ناو خێڵی مردوواندا کارێکی ئاسانە... بە هەرحاڵ پێموایە تا زووتر بمرم بۆ خۆم باشترە، دەنا وام لێدێت بە خۆم خۆزیا بخوازم کە... وازم لێ بێنە! بەدوعا! بەڵام پێم بڵێ: باشترین جۆری مردن کامەیە ؟ مەبەستم ئەوەیە... شایستەترین مردن بە بۆچوونی تۆ کامەیە؟ عەجیب! بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

میرزادە، بە دەنگێکی نەرم و خۆش گوتی:

– بەلامانا بڕۆ و بەختەوەریمان پێ ڕەوا بدینە!

–ها ها ها! ڕێك چاوەڕوانی ئەم قسەیە بووم! بە هەرحاڵ تۆ... تۆ... تۆ... دەی.. دەی... زۆرباشە! عەجەب پیاوێکی قسەزانی! خودا حافیز، بە دوعا!

پەراوێز:

*–"... کامنی ئوستروف..": دورگەیەکە لە ڕوباری نیڤای باکوری پترسبۆرگ.

*–"... داڵدەدەری لیزاڤیتا بوو...": لە ئەسڵی دەقەکەدا بە فەرەنسیە

*- ".. دوای ئەو هەموو شتەی ڕووی دا..": لە دەقەکەدا بە فەرەنسیە.

".. میـژووی شلوسـەر..": فریـدریك شلوسـەر (١٧٧٦ -١٨٦٠" دیرۆکنووسـێکی ئەڵمانیـە کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی "مێژووی گشتی".

*- ".. گلاشا..": سووکەڵە ناوی ئاگلایایە.

*- ".. ستیپان گلیبوف.." (عەشیقی) ئودوکسیای یەکەم ژنی پەتروسی گەورە بوو کە تەڵاقی دا. بەشداری ئەو شۆڕشەی کرد کە پیاوانی ئاین دژی ئەم ئەمیرەیەو ئەلکسی کوڕی بەرپایان کرد، گلیبوف لەساڵی ١٧١٨ دا لە کینین دادگایی کراو حوکمی خستنەسەر قازوخ درا.

*- "... ئوسترمان...": ئاندری ئیڤانوفیچ ئوسترمان (١٦٨٦ -١٧٤٧) کوڕی قەشەیەکی خەڵکی فستفالیا بوو، لـە تەمـەنی هـەژدە سـاڵیدا هـات بـۆ ڕووسـیا. پترۆسـی گـەورە لەوەزارەتخانـەی دەرەوەدا دایمەزراند، لـە گفتوگۆی سـوڵحی نیسـتاد، سـاڵی ١٧٢١ و پـەیمانی سـاڵی ١٧٢٣دا دەگەڵ ئێران، بەشداری کرد. لە سەردەمی ئانا ئیڤانوڤنادا بوو بە سـەرۆکی حیزبـی ئـەڵمانیا، لەقەبی کۆنت و پۆستی ڕاوێژکاری وەرگرت. دو ای ڕوخانی ئیڤانی چوارەم لەلایـەن ئیلیزابـت پتروفناوە، بۆ سیبریا نەفی کرا.

فەسڵی شەشەم

سەبارەت بەو هەواڵەی کە ڤارڤارا بۆ برایەکانی گێڕابووەوە، هەواڵێکی تەواو دروست بوو: ئاهەنگ و شەونشینیەك لە ڤێلاکەی ماڵی یەپانجیندا ساز دەکرێت کە لە گینە دۆتمیر بیلوکونسکایاش ئامادە بێت و بەشداری تێدا بکات. قەرار بوو میوانەکان ئەو شەوە بگەنەجیّ. بەڵام ڤارڤارا وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، مەسەلەکەی زیاد لە پێویست بە ئاو و تاوتر گێڕابووەوە. دروستە کە ئاهەنگ و شەونشینییەکە پەلە پەل و شپرزەیی پێوە دیار بوو، بەڵام هۆیەکەی ئەمە بوو " کە هیچ شتێکی ئەم خێزانە وەکو خێزانانی دی نەبوو، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، لە نیگەرانی و بیّ سەبری خۆیا دەیویست شتەکە لەوەی پتر دوانەکەویّ و زوو یەك دلّ ببیّ و بڕێتەوە. دایك و باوکەکە خەمی بەختەوەری کیژەکەیان بوو.

ئەمە جگە لەوەی قەرار بوو دۆتمیر بیلوکونسکایا، بە زووترین کات بێت و بگاتە جیّ، بە تایبەتی کە بیلوکونسکایا، سەنگ و ئیحتوبارێکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەبوو، ئیڤان فیدوروفیچ و لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ئومێدی زۆریان بەوە هەبوو کە خانم بیلوکونسکایا میرزادە بەگەن بکات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەمانای کرانەوەی دەرگای کۆمەڵگەی ئەرستۆکرات بوو لە دەزگیرانەکەی ئاگلایا، بۆیە ئەگەر لەم زەماوەندەدا شتێکی نائاسایی هەبوایە، ئەوا سەنگ و ئیحتوبارە کۆمەڵایەتیە گەورەکەی دۆتمیر بیلوکونسکایا دەیشاردەوە وپاکانەی بۆ دەکرد. کێشەی هەرە گەورەی دایك و باوکەکە ئەمە بوو کە ئایا لەم زەماوەندەدا هیچ شتێکی نائاسایی هەیە، ئەگەر هەیە تا چ ڕادەیەکە؟ یان شتەکە زۆر ئاساییە و هیچ شتێکی نائاسایی و ناخۆشی تیا نیە؟ بۆیە ڕەئی و بۆچوونی ئاشکرا و دۆستانەی خەڵکانی بە سەنگ و ئیحتوبار و لێزان، لەم کاتەدا، کە بە هۆی هەڵوێستی نادیاری ئاگلایاوە،مەسەلەکە بە تەواوەتی یەکلایی نەکرابووەوە و نەبڕابووەوە، یەگجار گرینگ و پێویست بوو.

بە هەرحاڵ، دەبوایە، بە هەر جۆریّ بووە، درەنگ یان زوو، میرزادە تێکەڵاوی کۆمەڵگە و خەڵکانێك ببێت کە تا ئێستا هیچ شارەزاییەکی لێیان نەبوو. بەکورتیەکەی دەیانویست میرزادە نیشانبدەن و بخەنەبەر چاو. بە هەرحاڵ ئەم دەعوەت و زیافەت و ئاهەنگە، کۆبوونەوەیەکی سادە بوو، زیاتر "دۆستانی ماڵباتەکە"ی لە خۆگرتبوو کە ژمارەیان کەم بوو. جگە لە دۆتمیر بیلوکونسکایا، تەنیا یەك خانمی دیکە دەعوەت بوو کە هاوسەری یەکێك لە ئەشرافە گەورەو

خاوەن پایە بە ناوبانگەکان بوو. لە نێوان گەنجانیشدا ئەوەی دیاربوو هەر یەڤگینی پاڤلوفیچ بوو کە قەراو بوو وەکو یەکێك لە یاوەرانی دۆتمیر بیلوکونسکایا بێت.

میرزادە سێ ڕۆژ بەر لە ئاهەنگەکە بە هەواڵی هاتنی ئەم خانمە پیرەی زانی بوو. بەڵام سەبارەت بە سازدانی ئاهەنگەکە تەنیا یەك ڕۆژ پێش شەونشینییەکە پێی زانی بوو. هەستی بەجم و جۆڵ و سەرقاڵی ئەندامانی خانەوادەکە کردبوو. هەندێ ورتە ورت و ئاماژەی ئەندامانی خێزانەکە ئەوەیان دەنواند کە دڵنیا نەبن لەوەی میرزادە بەدڵی ئامادەبووان بێ و بچێتە دڵیانەوە و بەگەنی بکەن. بەڵام تێکڕای ئەندامانی خێزانەکە باوەڕیان وابوو کە میرزادە بەو گێلی و ساویلکەییەی خۆیەوە، هەست بەوە ناکات کە بە هۆی ئەوەوە، ئەوەندە نیگەرانن. بۆیە لە ناخی خۆیاندا، بە ترس و گومانەوە سەیریان دەکرد. ڕەنگە نەهەقیانش نەبووبێ، چونکە ئەم ئاهەنگ و میوانداریە بەلای ئەوەوە گرینگ نەبوو، بیرو خەیاڵی ئەو بەشتێکی ترەوە مژول بوو، خەیاڵی ئەو لای ئاگلایا بوو کە سەعات بە سەعات پەست ترو توڕەترو گرژتر دەبوو، ئەمە دڵی میرزادەی بەجارێ کرمێ کردبوو. هەموو ساتێك دەمرد و دەژیایەوە. کە بیستی یەڤگینی پاڤلوفیچش دەعوەتە، زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی لەمێژە خوازیاری دیتنی بووە، بەڵام ئەم قسەیە، بەخۆیشی نەیزانی بۆ، بەدڵی کەسیان نەبوو، ئاگلایا بە توڕەیی لە هۆڵەکە وەدەرکەوت. بەڵام درەنگانێکی شەو، دوای سەعات یازدە. کاتێ کە میرزادە دەیویست بڕواتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. ئاگلایا فرسەتی هێنا، کە لە دەرەوە، بە دوو قۆڵی چەند قسەیەك دەگەڵ میرزادەدا بکات:

– حەزدەکەم سبەینێ بە ڕۆژەوە نەیەی بۆ ماڵمان، شەو وەرە، کاتێ کە هەموو میوانەکان کۆدەبنەوە، ئاگاداری کە سبەی شەو دەعوەت و زیافەت و ئاهەنگمان هەیەو میوانمان دێن؟

ئاگلایا، ئەو قسانەی هەندێ بە توندی و زۆر بەجدی کرد. یەکەمجار بوو کە باسی "شەونشینی" دەکرد. چونکە ئەویش ئەم قەرەباڵغی و بەزمەی لە گیان خۆش نەبوو. هەموو ئەندامانی خێزانەکە پەیان بەوە بردبوو. لەوە دەچوو ئاگلایا. زۆری حەز لێ بێ لەسەر ئەم بەزمە، لەگەڵ دایك و بابیا بیکات بە شەڕێ ئەو سەری دیار نەبێت، بەڵام غروور و شەرم ڕێگەیان پێنەدا. میرزادە یەکسەر بۆی دەرکەوت کە ئاگلایاش، جۆرە ترسێکی لە بارەی ئەوەوە هەیە، بەڵام دەری نابڕێت و دانی پێدا نانێت. بەخۆیشی لەپڕ هەستی بەجۆرە ترس و نیگەرانییەك کرد.

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، منیش دەعوەت کراوم.

ئاگلایا، بە ئاشکرا تیا مابوو کە چۆن بەردەوام بێت. بەتوڕەییەکی کوت و پڕەوە، کە بەخۆیشی هۆیەکەی نەدەزانی و نەیدەتوانی جڵەوی بگرێت گوتی:

– دەکرێ ئینسان بۆ تاقە جارێك لە ژیانتا، بەجدی قسەت دەگەڵ بکات ؟

– بەڵی دەتوانیت، بۆت هەیە. فەرموو گوێم لێتە. زۆریشم پێخۆشە.

میرزادە بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە ئەو قسەیەی کرد.

ئاگلایا، بۆ ماوەی چرکەیەك هیچی نەگوت، ئەوجا بە بێزارییەکی ئاشکراوە هاتە قسان:

– من نامەوێ لەمبارەیەوە گەنگەشەیان دەگەڵ بکەم، چونکە هەندێجار هەیە ئینسان ناتوانێ ناچاریان بکات گوی لە دەنگی ئەقڵ بگرن. من هەمیشە لە هەندی داب و نەریتی کۆمەڵگەی ئەرستوکراتی کە دایکم تا ڕادەی پەرستن پابەندیانە، بێزار بووم. من باسی بابە ناکەم، چونکە ئەو هی گلەیی نیە. هەندێ شت هەیە لەو چاوەڕوان ناکرێت. دایکەش بەدەستی خۆی نییە، زاتەن پابەندی داب و نەریتانە. تۆ بڕۆ داوای شتێکی توڕەهاتی لێبکە، هەنگێ بەچاوی خۆت دەیبینی! بەڵام وێڕای ئەوەش پابەند و گوێڕایەڵی ئەم کۆمەڵگا بۆش و بەتاڵەیە، کە دەکاتە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی!... دۆتمیر بیلوکونسکایا؟ نامەوێ زەمی بکەم: ئەمە پیرەژنێکی جینگنی، بەد ڕەفتاری ناجسنە، بەڵام زیرەکە، دەزانێ چۆن هەموویان لەسەر قامکی خۆی بخولێنێتەوە، بەلای کەمەوە، ئەم خەسڵەتە بە هێزەی تیایە. بە ڕاستی سەیرە، مەخسەرەیە. ئێمە هەمیشە سەر بەچینی مامناوەندی بووین و، لە ڕووی چینایەتییەوە بەقەد بەرەی خۆمان پێمان ڕاکێشاوە. ئیدی بۆچی دەبێ هەوڵ بدەین خۆمان بە کۆمەڵگەی باڵای ئەشرافانەوە هەڵواسین؟ خوشکەکانیشم تینو و تامەزرۆی ئەمەن. هەمووشی خەتای ئەم میرزادە (س..)یە کە ئەو شتەی بردووەتە مێشکیانەوە. باشە بۆچی کە زانیت (یەڤگینی پاڤلوفیچ)ش دەعوەتە، ئەوەندە خۆشحاڵ بوویت؟

میرزادە گوتی:

– گوێ بگرە ئاگلایا، من هەستدەکەم تۆ زۆر ترسی ئەوەت لە دڵە کە نەبا من سبەینێ لەبەرچاوی ئەو خەڵکە، لە مەجلیسی ئەرستۆکراتاندا، پۆتێك بشکێنم و چەپکە گوڵێك بە ئاوا بدەم، وانیە؟

ئاگلایا، سوور بووەوە، گوتی:

– ترسی تۆ؟ جا من بۆ ترسی تۆم بیّ؟ خۆ ئەگەر خۆت بکەی بە مەخسەرەو گەپجاڕیش، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ باشە تۆ چۆن ئەم دەستەواژەیە بەکاردەبەی؟ وشەی "پۆت شکان" مانای چییە؟ ئەمە وشەیەکی زۆر عەوامانەی کرێت و بازاڕیە.

– وشەی سەرزاری ... مەکتەبلیانە.

– بەڵێ.. وشەی سەر زاری مەکتەبلیانە، بازاڕیە. ناشرینیشە. وا دیارە بە تەمای سبەینێ ئەو جۆرە وشانە لە ئاخاوتندا بەکاربەری. کە چوویتەوە بۆ ماڵ، لە قاموسا بگەڕێ، هەر وشەو زاراوەیەکی لەم بابەتەت بینی ئەزبەری بکە. ئیدی بەمە دەتوانی هەستێکی زۆر باش لەلایەن منەوە بۆ خۆت مسۆگەر بکەی!...حەیفێ گوایە بەڵەدی چۆن بە ڕێك و پێکی خۆت بە مەجلیساندا بکەیت، ئەمە لەکوێوە فێربووی؟ ئەدی دەتوانی لەو کاتەدا کە هەمووان لێت دەڕوانن، فینجانێ قاوە وەربگری و بە نەزاکەتەوە بیخۆیتەوە؟

– پێموایە دەتوانم.

– بەداخەوەم: وانەبوایە تێر پێدەکەنیم و ڕابواردنەکەم دەردەچوو. بەلای کەمەوە گوڵدانە چینی یەکەی هۆڵی میوان بشکێنە! زۆر گران بەهایە. تکایە بیشکێنە، لەبەر خاتری من. دیارییە، بیشکێنە و بزانە چۆن دایکە خەمبار دەبێت و بە بەرچاوی هەموانەوە لە حەژمەتاندا، دەست بەگریان دەکات، زۆری خۆش دەوێت. وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆت دەستەکانت بجوڵێنە و بەری بدەوەو پارچە پارچەی بکە. هەوڵبدە بە ئانقەست لە جێگایەکی نزیك گوڵدانەکەوە دانیشە.

– بەپێچەوانەوە. هەوڵدەدەم بەگوێرەی توانا لە دووری دانیشم. سوپاس کە ئاگادارت کردمەوە.

– مانای وایە تۆ لە ئێستاوە دەترسیت دەستەکانت بجوڵێنی! من ئامادەم گرەو بکەم کە بە نیازی "بابەتێکی" جدی، زانستانەی بەرز بکەیتەوە و دەست بە شەرح و ڕاڤەو شرۆڤانی بکەیت و ئاستی ڕۆشنبیری خۆت بنوێنی. خۆزیا ئەوەت دەکرد، چەند خۆش دەبوو!

– پێموایە ئەمە کارێکی گەوجانە دەبێت... ئەگەر لەجێی خۆیا نەبێت و دەگەڵ مەجلیسەکەدا نەگونجێت.

ئاگلایا لە ئەنجامدا بە تەواوەتی بێتاقەت بوو، گوتی:

– گوێ بگرە. بزانە چیت پێدەڵێم. یەك کەڕەت و بۆ هەمیشە پێت دەڵێم: ئەگەر باسی بابەتێکی وەکو سزای ئیعدام، یان باری ئابووری ڕووسیا، یان ئەو تیۆریەی کە دەڵێت (جوانی دنیا ڕزگار

دەکات"... دیارە ئەمەم پێ خۆش دەبێت، چونکە گاڵتە و پێکەنینەکەم دەردەچێ، بەڵام لەئێستاوە پێت دەڵێم، ئاگادارت دەکەمەوە: ئەگەر شتی وات کرد، نەخەڵەتابی جارێکی دی خۆتم نیشان بدەیت! حاڵی بوویت؟ بەڕاستیمە ها، گاڵتە ناکەم، ئەمجارەیان بە ڕاستی بەجدیمە!

بە ڕاستی، هەڕەشەکەی جدیەتی پێوە دیاربوو. تۆنی وشەکانی نا ئاسایی بوون، پرشنگی چاوانی هەڕەشاوی بوون، میرزادە پێشتر قەت شتی وای لێ نەدیتبوو. هەرگیز لەوە نە دەچوو شۆخی بکات و بەگاڵتەی بێت.

– دەزانی ڕەفتاری تۆ جۆرێکە، وام لێدەکەی ناچاربم "بکەومە چەنە بازی"و زۆر نزیکە گوڵدانەکەش بشکێنم. تۆزێ لەمەپێش هەستم بە هیچ ترسێك نەدەکرد، بەڵام ئێستا لە هەموو شتێك دەترسم. دڵنیام بەدڵی ئامادەبوان نابم.

– کەواتە هیچ قسەیەك مەکە، بۆ خۆت بە بێدەنگی دانیشە.

– مەحاڵە، ناتوانم. دڵنیام کە ترس هانم دەدات باخفم، ترس دەکاتە کارێك گوڵدانەکە بشکێنم. دوور نیە پێم بخزێت و تخێڵی سەر زەوی ببم یان هەر گەوجیەتێکی دیکەی لەم بابەتەم لێسادر ببێت وەکو پێشتر شتی وام بەسەر هاتووە. ئەمشەو تا بەیانی خەو بەشتی واوە دەبینم، ئاخر بۆ ئەم بابەتەت هێنایە گۆڕی ؟

ئاگلایا، نیگایەکی خەمناکی کرد.

میرزادە، بەجدی گوتی:

– دەزانی چارچیە ؟ باشترین شت ئەوەیە کە سبەینی لە بنی نەیەم! خۆم بکەمە نەخۆش و بڕایەوە!

ئاگلایا لاقی کێشا بەزەویداو لە توڕەییدا ڕەنگی سپی بوو، گوتی:

– پەنا بەخوا! کەس شتی وای دیتووە؟ دەیەوێ نەیەت! هەر هەموو ئەم ئاهەنگ و شەونشینی و میوانداریە لەبەر خاتری ئەو سازدراوە، ئەویش دەیەوێ نەیەت! بەخوا بابە جوانە! ئاهـ... خودایا! شا بە تاقەتی ئەو کەسەی مامەڵە دەگەڵ بەبەیەکی چکۆلەی وەکو تۆدا دەکات!

میرزادە، بەپەلە قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– باشە.. باشە.. دێم.. دێم.. شەرت بێ بەشەرتی پیاوان بەدرێژایی شەو نشینیەکە دانیشم و فزەم لێوە نەیەت. ئەم کارە دەکەم.

–باشترین کارێ کە بیکەی ئەوەیە. ئەرێ تۆ تۆزێ لەمەپیش گوتت "خۆم دەکەمە نەخۆش" تۆ ئەم دەستەواژانە لەکوێ دێنی؟ یانی تۆ بە ئانقەست بەو جۆرە من دەدوێنی؟ دەتەوێ عینادیم دەگەڵ بکەی، وانیە؟

– ببورە. ئەمەش وشەیەکی عەماوانەی مەکتەبلیانەیە. جارێکی دی دووبارەی ناکەمەوە. من دەزانم ترسی تۆ دەربارەی منە (تکایە دیسان تووڕە مەبە). من ئەمەم زۆر زۆر پێخۆشە. تۆ نازانی من چەند دەترسم و قسەکانی تۆ چەندم شاد دەکەن، بەڵام دڵنیات دەکەم، کە هەر هەموو ئەم ترس و نیگەرانیە نا بەجێیە، هیچ مانایەکی نیە. خوا شایەتە ئاگلایا تەنیا شادی دەمێنێتەوە. زۆرم پێخۆشە کە بەم ڕادەیە منداڵیت، منداڵیکی میهرەبان و دڵ و دەروون پاك و بێگەرد! ئاهـ ئاگلایا... چەند جوانی!

هەڵبەتە ئاگلایا لەسەرڕێ بوو کە تووڕە بێت، کەچی لەناکاوا، هەست و سۆزێکی سەیر، کە خۆیشی نەیدەزانی لەکوێوە هات، بەجارێ ڕۆحی فەتح کردو گوتی:

– باشە تۆ، لەسەر ئەم سەرنجە زبرانەی کە هەنووکە پێمدایت، سەرزەنشتم ناکەیت؟ قەت، لە ئایندەشا؟

–واز بێنە، ئەمە قسەیە! چۆن ڕێ بەخۆت دەدەی شتی وا بپرسیت؟ بۆچی دیسان خەریکە سوور دەبیتەوە؟ دیسان ڕووت تاریك بوو، خووت بەوەوە گرتووە کە هەندێجار ڕووتاڵ بیت! جاران وا نەبوویت... من سەرچاوەی ئەمە دەزانم...

– بێدەنگ بە!.. زارت داخە!..

– باشتر وایە باسی بکەین. زۆر لەمێژە دەمەوێ باسی ئەمەت دەگەڵ بکەم. پێشتریش لەگەڵم باس کردویت... بەڵام بەس نەبوو، چونکە تۆ باوەڕت پێنەدەکردم. ناحەزێك لە نێوانماندایە...

ئاگلایا بەلەز قسەکەی پێ بڕی:

– وس، وس. بێدەنگ. قسە نەکەی!

توند دەستی گرت و بەسیمای ترساوەوە لە سەراپای ڕوانی. ڕێك لەوساتەدا یەكێك بانگی لێكرد. بە ئاسودەیی دەستی میرزادەی بەرداو بە ڕاكردن ڕۆیی.

میرزادە، بەدرێژایی شەوەكە ئارامی نەبوو، تایەكی گەرمی لێهاتبوو. سەیر ئەوە بوو ماوەیەك بوو هەموو شەوێك تای لێدەهات. ئەمجارەیان گەیی بووە نیمچە وڕاوەیەك، بەدەم نۆرە تاوە وڕێنەی دەكرد و بیری لەوە دەكردەوە: باشە ئەگەر سبەینێ لەبەردەم ئەو هەموو میوانەدا فێی لێبێ چ بكات؟ چ دەقەومێ؟ خۆ پێشتر بە بەرچاوی خەڵكیەوە تووشی ئەو حاڵەتە بوو بوو.

كە بیری لەمە دەكردەوە خەریك بوو لە ترسا هەترەشی بچێت. بەدرێژایی ئەو شەوە، بەخەیاڵ خۆی لە شەوبێرییەكی سەیر و لە نێو خەڵكانێكی بێگانەدا دەبینییەوە. لە هەمووی خراتر ئەوە بوو كە شانی لە قسان قایم كردبوو، ئەوەی دەیوت نایوتەوە. لەكاتێكا كە دەیزانی پێویستە بێدەنگ بێت، ڕژدتر دەبوو لەسەر قسان. بە درێژایی ئەو ماوەیە هەوڵی دەدا بۆچوونەكانی بە سەر ئامادەبواندا بسەپێنێ. یەڤگینی پافلوفیچ و هیپولیتش لە دەعوەتكراوەكان بوون، لەوە دەچوو زۆر كۆك و تەبا بن.

دوای سەعات هەشت، بەدەم ژانە سەرەوە لەخەو ڕابوو، زەین و مێشكی سیخناخی خەیاڵی پەرێشان و هزرێن غەریب بوو. پڕ بەدڵ، حەزی دەكرد ڕوگوژین بدینێ. بۆچی؟ نەیدەزانی. ئەوسا لێبڕا، بێئەوەی هیچ ئەنگێزەیەك لەئارادا بێ، بچن بۆلای هیپولیت. بە ڕادەیەك پەشێو و پەرێشان بوو، كە تێكڕای ڕووداوەكانی ئەم بەیانیە، وێڕای ئەوەی كارێكی زۆریان لە دڵ و دەروونی كرد بوو، بە تەواوەتی سەرنجیان ڕانەكیشا بوو، كە یەكێك لەو ڕووداوانە هاتنی لیبدیف بوو بۆ لای.

سەروسەكوتی لیبدیف زوو پەیدا بوو، تۆزێك دوای سەعات نۆ، بڕیك مەست و خومار بوو. میرزادە هەرچەندە لەو دواییانەدا، زەین و دیقەت و سەرنجی سست بوو بوو، بەڵام هەستی بە گۆڕانی كوتوپڕی لیبدیف كرد، ئەمە ئەوەندە زەق بوو، پێویستی بە دیقەتی زۆر و سەرنجی ورد نەبوو. لیبدیف لەوەتای جەنەڕاڵ ئیڤولگین لیی تۆرا بوو و لە ماڵی وی ڕۆیی بوو، كە هەمووی سێ ڕۆژ بوو، زۆر گۆڕا بوو، شڕو شەپرێو، چڵكن و پڵكن، جلەكانی یەكپارچە پەڵەو لەكە، بۆینباخەكەی هەمیشە خوار و خێچ، یەخەی پاڵتۆكەی دڕا بوو. تەنانەت لە ماڵیشەوە نەدەحەوایەوە و شەڕی بە دارو بەرد دەفرۆشت، بەگڕ سێبەری خۆیدا دەچوو، دەنگە دەنگ و هاواری لە حەوشە بچوكەكەیانەوە دەهاتە دەرێ. ڕۆژێك ڤیرای كیژی بەگریانەوە بۆلای میرزادە هاتبوو و زۆر شتی بۆ گێڕابووەوە.

لیبدیف، ئەمجارەیان بە شێوەیەکی سەیر قسانی دەکرد، بە سینگی خۆیدا دەکێشاو سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە کارێکی خراپی کردووە، گوێگر نەیدەزانی دەبێ ئەو کارە خراپە چی بێ...

ئەنجام بە دەنگێکی خەمناک گوتی:

– تەواو، کار لەکار ترازا سزای خیانەت و بودەڵەیی خۆم وەرگرت...شەقەزلەی خۆم خوارد!

میرزادە گوتی:

– شەقەزلە؟ کێ لیی دایت؟... جا بەم بەیانی زووە؟

لیبدیف، بەدەم تەوسخەنێکەوە گوتی:

– بەیانی زوو؟ ئەمە هەقی بەسەر کاتەوە نیە... خۆزگە سزایەکی بەدەنی بوایە... بەڵام سزایەکی مەعنەوی و ئەخلاقیە.... ئەم سزایەی من سزایەکی سایکۆلۆژییە نەك بەدەنی!...

لیبدیف، بەدەم ئەو قسەیەوە، بێ هیچ مجامەلەیەکی دی لەپڕ لێی دانیشت و کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی، بەسەرهاتێکی زۆر بێ سەروبەر بوو. میرزادە بە بێزاری سەروچاوی دا بەیەکاو خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. بەڵام لەپڕ هەندێ لە قسەکانی لیبدیف لە زەینیا دەنگیان دایەوە، شپرزە و هەراسان لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا... ئاغای لیبدیف باسی شتی سەیری دەکرد.

وابزانم لە هەوەڵەوە باسی نامەیەکی کرد، ناوی ئاگلایا ئیڤانوڤناش برا. ئەوجا لیبدیف،بێ پەروا و بێ هیچ پێشەکیەك بە زمانێکی زۆر تاڵ کەوتە تاوانبارکردنی میرزادە، گوایە میرزادە سووکایەتی پێکردووە، چونکە لە سەرەتاوە سەبارەت بە "کەسێك" (مەبەستی ناستاسیا فیلیپوڤنایە) متمانەی تەواوی پێکردووەو بە مەحرەمی زانیوە، کەچی پاشان پەیوەندی دەگەڵ بڕیوەو بە شێوەیەکی ئیهانە ئامێز فەرامۆشی کردووە و لەخۆیی دوور خستووەتەوەو تەنانەت خۆی لە وەڵامی "ئەو پرسیارە سادەیەش دەربارەی ئەو گۆڕانە خانەوادەییەی کە بەڕێوە بوو" دزیوەتەوە. لیبدیف بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکی مەستانەوە ئیعترافی کرد کە لە دوای ئەو ئیهانەیەوە ئۆقرەی لێبڕاوە، سەبری سواوە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی زۆر شت دەزانێ... زۆر شت دەربارەی ڕوگوژین، ناستاسیا فیلیپوڤنا، دەستە خوشکێکی ناستاسیا، دەربارەی ڤارڤارا ئاردا لیونوڤنا... و تەنانەت دەربارەی خودی ئاگلایا ئیڤانوڤناش. "باوەڕ دەکەی من ئەمەم لە ڤیراوە، لە تاقە کچە شەرعیەکەمەوە زانیوە... بەڵێ بەڵێ... تاقانە نیە، چونکە سێ کچی وام هەن. باشە

کێ نامەی بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا ناردووە و لەم نهێنییانەی ئاگادار کردووە؟ ها ها! کێ لەم هەڵس و کەوت و ڕەفتار و کردار و پەیوەندییانەی ناستاسیا فیلیوڤنای ئاگادار کردووە؟.. ها ها ها! دەبێ ئەو نامە نووسە بێ ناو و نیشانە کێ بێ؟ تۆ دەیزانی؟ ئەگەر دەیزانی دەکرێ پێم بڵێی کێیە ؟

میرزادە هاواری کرد:

– خۆ تۆ نیت ؟..

لیبدیف، مەست و مەستانە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ منم! ئا ئەمڕۆ. سەعات هەشت و نیو، یانی نیو سەعات پێش ئێستا... نەوەڵڵا سێ چارەك لەمەپێش. بەو دایکە بەڕێزەم ڕاگەیاند کە دەمەوێ لە شتێکی زۆر گرینگ، هەستیار ئاگاداری بکەمەوە. لە پارچە کاغەزێکدا بۆم نووسی دەمەوێ بۆ کارێکی گرینگ بیدینم. بە یەکێك لە کارەکەرەکاندا بۆم نارد. ئەویش بانگی کردمە ژوورەوە.

میرزادە، بە نەباوەڕییەوە پرسی:

– یانی تۆ ئێستا، تۆزێ لەمەپێش لیزاڤیتا پروکوفیڤنات بینی؟

– بینیم و شەقەزللەیەکی مزریشم خوارد، هەڵبەتە شەقەزللەیەکی مەعنەوی. نامەکەی دامەوە، نەك هەر دایمەوە، بەڵکو بە نەکراوەیی دای بە سەروچاوما، توند یەخەی گرتم و بەپاڵ لە ژوورەکە وەدەری نام... هەڵبەتە بەمانا مەعنەوییەکەی پاڵنان و وەدەرنان. ئەگەر چی چیوای نەمابوو بە مانا بەدەنیەکەش وەدەرم بنێت، هەر زۆر نزیك بوو.

– باشە ئەو نامەیە کامە بوو کە بە نەکراوەیی دایەوە بەسەروچاوتا؟

– باشە... ها ها ها! باشە پێم نەگوتوویت؟ بە خەیاڵی خۆم بۆم باس کردبوویت... نامەیەك بوو کە دابوویانە من تا بیگەیەنمە...

– نامەکە لەکێوە بۆ کێ بوو؟

بەڵام هەندێ لە قسەکانی لیبدیف زۆر بێ سەروبەرو نامەفهووم بوون. زەحمەت بوو پیاو بتوانێ هیچیان لێ هەڵێنجێ. ئەوەی میرزادە لە قسەکانی هەڵێنجا ئەمە بوو کە لیبدیف، ئەم بەیانیە نامەیەك لە لایەن کارەکەری ماڵەکەوە درابوو بە ڤیرالیبدیڤا بەو مەبەستەی کە ڤیرا وەکو

جاران، وەکو جاران لە هەمان کەسێتییەوە بیگەیەنێتە هەمان کەس. لێرەدا من بەئانقەست هەر بۆ جیاوازی و جیاکردنەوە یەکێك لەم دوو نەفەرە بە "کەسێتی"و ئەویتریان بە "کەس" ناو دەبەم، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کیژێکی پاك و زۆر نەجیبی جەنەڕاڵێك و ژنێکی هەرزەدا هەیە. بە هەرحاڵ نامەکە لە هەمان کەسێتییەوە بوو کە ناوەکەی بە پیتی "ئا" دەست پێدەکات.

میرزادە بە سەرسامی پرسی:

– چۆن؟ شتی وادەبێ؟ یانی نامەی بۆ ناستاسیا فیلیپۆڤنا ناردووە؟ شتی وا مەحاڵە!...

لیبدیف، بەدەم زەردەخەنەیەکی گەوجانەوە گوتی:

– ناردویەتی و ئەولاتریش. ئەوەندە هەیە ئەگەر ڕاستەخۆ بۆ خودی ناستاسیا فیلیپۆڤناش نەبووبێ، بۆ ڕوگوژین بووە، کە فەرقیان نیە... تەنانەت ئەم کەسێتییەی کە ناوەکەی بە (ئا) دەست پێدەکات، نامەیەکی دیکەی بۆ ئاغای تیرنیتف ناردووە تا بیگەیەنێت.

لیبدیف، بەدەم چاوداگرتن و بزەیەکی بەماناوە ئەو ڕستەیەی دوایی گوت.

چونکە لیبدیف، هەر ساتەی دەچووە سەر باسێك و، باسەکەی پێشتری خۆی لەبیر دەچووەوە. میرزادە بە بێدەنگی بەدیاریەوە دانیشت تا هەرچی لە هەگبەیدایە هەڵیڕێژێ. بەڵام لیبدیف بەخۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێت. لەپڕی دەکرد نەیدەگرت لە بەتاڵی دەکرد پڕ نەدەبوو، ئێستاش ئەوە ساغ نەبووەوە کە ئایا نامەکان لە ڕێگەی ئەوەوە دەنێردران یان لە ڕێگەی ڤیراوە؟ کاتێ کە گوتی ئەو نامەیە بۆ ڕوگوژین بووبێ یان بۆ ناستاسیا فیلیپۆڤنا، عەینی شتە، چونکە فەرقیان نیە، گوێگر بەمەدا ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە ئەم نامانە، ئەگەر نامەیەك لە ئارادا بووبێ، لە ڕێگەی ئەوەوە نەنێردراون. گریمان ئەم جۆرە نامەیە هەبووە، چۆن چۆنی، بە چ ڕێکەوتێ کەوتبووە دەستی ئەو. ئەگەری زاڵ ئەوە بوو، کە ڕەنگە بە هەر شێوەیەك بووبێ، لە ڤیرای دزی بێ و بە مەبەستێکی تایبەتی بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنای بردبێت. ئەمە مەزەندە و ئەنجامگیری میرزادە بوو.

میرزادە زۆر نیگەران بوو هاواری کرد:

– تۆ شێت بوویت!

لیبدیف، بەدەم بزەیەکی فێڵاویەوە گوتی:

– بە تەواوەتی نا میرزادەی مەزن... ئەلهەقی لەپێشا دەمویست بیدەم بە تۆ، بیدەمە دەستی خۆت تا بەوە خزمەتێکم کردبیت... دوایی بیرم گۆڕی و لەدڵی خۆدا گوتم ئەم خزمەتە بەوان بکرێ باشترە. باشتر وایە ڕاستەوخۆ ئەو دایکە بەڕێز و زۆر نەجیبە لە هەموو شتێك ئاگادار بکەمەوە. وەکو چۆن جارێکی تر بە مانایەکی بێ ناو و ئیمزا ئاگادارم کردبووەوە. ئەمجارەش ئەم کارتەی ئەم بەیانیەش، سەعات هەشت و نیو بۆم نارد، بە ناوی "هەواڵنێری نهێنی تۆ" ئیمزام کرد، ئیدی بەلەز لە دەرگای پشتەوە، لە دەرگای خزمەکارەکانەوە کردیانمە ژوورەوە و خزمەتی ئەو دایکە هەرە بەڕێز و نەجیبە گەیشتم.

– ئێ، چیتر؟

– خۆت دەیزانی: خەریك بوو، لێم بدات. یانی لێیدابام زۆر پیاوانەتر بوو. ئەوەی بەمنی کرد لە لێدان خراتر بوو. نامەکەی دا بەسەروچاوما. هەوەڵجار وام هەست کرد لە گینە نامەکە لای خۆی گل بداتەوە... دوای بیرکردنەوەیەکی کەم دیقەتم دا کە بیری گۆڕی، نامەکەی تووڕدا و گوتی: "مادامێکی پیاوێکی وەکو تۆیان ڕاسپاردووە بیگەیەنی، دەی بڕۆ بیگەیەنە!.." دیار بوو زۆری لەبەر گران بوو، ئەگەر وانەبوایە شەرمێکی دەکردو بەو جۆرە ڕوو بە ڕوو تەریقی نەدەکردمەوە. بە ڕاستی ژنێکی توڕەو تڕۆیە،

– ئێستا نامەکە لەکوێیە؟

– بەمنە: ئەوەتا!

لیبدیف بەدەم ئەو قسەیەوە، نامەکەی دا بە میرزادە. نامەی ئاگلایا بوو بۆ گاڤریلا ئاردا لیونوفیچ. هەمان ئەو نامەیە بووکە دەبوا گاڤریلا دوای دوو سەعات سەرکەوتوانە بیگەیاندبا خوشکەکەی .

– نابێ ئەم نامەیە لای تۆ بێت.

لیبدیف. هاتە خرۆش و بە گەرمی گوتی:

– هی تۆیە، داومە بە تۆ. بۆ تۆم هێناوە. وا جارێکی دی دێمەوە خزمەتی تۆ، بە دڵ و بەگیان فەرمانبەرداری تۆم. دوای خیانەتێکی نەخوازراو، دەگەڕێمەوە خزمەتی تۆ، نۆکەرتم! بەدەردی توماس موری* ئینگلیزی، لەبەریتانیای مەزن، گوتی دڵم بەرخەنجەر بدە، بەڵام واز لە ڕیشم

بێنە. یان باوکی ڕۆما، واتا پاپای ڕۆما، کە من ناوم ناوە باوکی ڕۆما، گوتەنی ئەمە تاوانی خۆمە*.

میرزادە، بە مکوڕی گوتی:

– دەبێ ئەم نامەیە دەستبەجێ بنێردرێ، خۆم مشووری دەخۆم.

– باشە میرزادەی هەست ناسك، نموونەی وێڵ و ماریفەت، باشتر نیە کە...

لیبدیف بەدەم ئەو قسانەوە، چرۆچاوی خۆی بە جۆرەها شێوە دەگۆڕی، مەرایی و ڕیا فرۆشییەکی دەکرد، هەر مەپرسە. لەپڕ لە سەر کورسیەکەی ڕاپەڕی وەکو ئەوەی دەرزییەکی پێدا کرابێت. بە دەستەکانی ئاماژەی بۆ شتێك دەکردو لە هەمان کاتدا، بەشێوەیەکی کۆمیدیانە چاوی دادەگرت.

میرزادە، بە توڕەیی و مەیلە و هەڕەشەوە گوتی:

– مەبەستت چیە ؟

لیبدیف، بەدەم مەرایی و کلکە سووتێوە و بە ئەسپایی گوتی:

– پێویستە بەر لە هەرشتێك بیکەیتەوە.

میرزادە، بە توڕە بوونێکی ئەوتۆوە بۆی چوو کە لیبدیف بەرەو دەرگاکە هەڵات، بەڵام کە گەییە بەردەرگاکە هەڵوەستەیەکی کرد، بە ئومێدی ئەوەی میرزادە لوتفێك بفەرمووێ و بیبەخشێت.

میرزادە، بە خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە گوتی:

– ئاخ لیبدیف! پێم نالێی چۆن پیاو دەگاتە ئەم ئاستە نزمە؟

لیبدیف، گەشایەوە، یەکسەر لە میرزادە هاتە پێشەوە، لێکدا لێکدا دەیکێشا بە سینگی خۆیدا و بەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە گوتی:

– من کەسێکی نزمم! سووکم!

– ئەمە خوێڕیاتیە.

– بە ڕاستی وایە: خوێڕیاتیە، وشەیەکی پڕ بە پێستی ئەم حاڵەی منە.

– باشە ئەم ڕەفتارە سەیرە چیە؟ چما تۆ سیخوڕ و جاسووسی! بۆچی نامەی بێ ئیمزا و ناو دەنووسیت، تا ئەم ژنە زۆر نەجیبە، ئەم ژنە ڕەسەن و خانەدانە بترسێنیت ؟ بۆچی ئاگلایا هەقی ئەوەی نەبێ بە کەماڵی ئارەزوو، بۆ هەر کەسێکی بویێ، نامە بنووسێت؟ ئەمڕۆ بۆ ئەوە چوویت بۆ ئەوێندەر تا شکاتی لێبکەیت؟ بە تەمای چی بوویت لەم کارەت ؟ چ شتێك هانی دایت کە بڕۆیت ئەم دووزمانیە دژی کەسێك بکەیت ؟

لیبدیف بەدەم منجە منجەوە گوتی:

– تەنیا لە ڕووی فزوڵیەت و کونجکاویەکی خێرخوازانەوە ئەمەم کرد، هەروەها ویستم خزمەتی ژنێکی ڕەسەنی خانەدان بکەم کە شایستەی خزمەتە. بەڵێ...

ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

– ئێستاش ئەمە ملی من و ئەوە شمشێری تۆ، ملم لە موو باریکترە. ئامادەی هەموو سزایەکم. ئەگەر حەزدەکەی هەڵمواسە!

میرزادە، بە بێزارییەوە پرسی:

– بەم حاڵەوە چوویت بۆ لای لیزاڤیتا پروکوفیڤنا؟

– نا، نا، پاك و خاوێنتر و سەرحاڵتر بووم. هێدی ترو بە ئەدەب تر بووم. دوای ئەوەی ئیهانەی کردم و تڕۆی کردم، ئەوسا ئەم وەزع و حاڵەم بە سەرهات.

– زۆر باشە، فەرموو بڕۆ و وازم لێبێنە!

میرزادە، چەند جارێك ئەو داوایەی دووبارە کردەوە. ئەوجا میوانەکەی لێبڕا کە بڕوات. تەنانەت وەختێ کە دەرگاکەشی کردەوە کە بڕوات، جارێکی دی لەسەر نووکی پێیان گەڕایەوە ناوەندی ژوورەکە، بە ئاماژەی دەموچاو داوای لێکردەوە کە نامەکە هەڵپچڕێت، بەڵام زاتی نەکرد بەدەمی پێی بڵێ، ئەوجا بەدەم نەرمە بزەیەکی میهرئامێزەوە وەدەرکەوت و ڕۆیی.

لە هەر هەموو چەنەبازیە بێ سەروبەرو نامەفهوومەکەیەوە حەقیقەتێك خۆی دەنواند کە بریتی بوو لەوەی ئاگلایا لە گێژاوێکی تووشی نیگەرانی و سەرسامی و پەرێشانیدا دەژیا. شتێك لە ناخی ناخەوە زۆری عەزاب دەدا. میرزادە لەبەرخۆیەوە گوتی: "غیرەو حەسوودیە". لەمەوە دیار بوو کە خەڵکانێکی بەدخواو بەد ڕەسەن دەنووکیان لە سەرێتی و تووشی ترس و دوو دڵی

دەکەن، بەڵام سەیرکە لەوەدا بوو کە بەو ئەندازەیە متمانەی پێکرد بوون. بێگومان هەندێ خەیاڵی وێرانکەر و شووم. دزەی کردبووە ناو ئەو سەرە بچووك و بێ ئەزموونەوە، بێ ئەزموون بەڵام گەرم و پڕ لە کبریا...

ئەم ڕاڤە و شرۆڤە و ئەنجامگیریانە، میرزادەیان نقومی ترسێکی بێ ڕەزا کرد بوو، بە ڕادەیەك پەشێو و پەرێشان بوو نە یدەزانی چ بڕیارێك بدات. هەستی دەکرد لەبەردەم کارەساتێکدایە کە دەبێ بە هەر نرخێ بووە نەیەڵێ ڕووبدات. جارێکی دی تەمەشای ئەدرەسی سەر نامە مۆرکراوەکەی کرد: ئاهـ... لەلای ئەوەوە هیچ جێی گومان نەبوو، چونکە باوەڕ و متمانەی پێی هەبوو. ئەو ترسەی کە ئەم نامەیە دەیخستە دڵیەوە ئەوە بوو کە باوەڕ و متمانەی بە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ نەبوو. وێڕای ئەوەش لێبڕا کە بە خۆی نامەکەی بگەیەنێتێ. هەر بەو نیازەشەوە لەماڵ وەدەرکەوت و ڕۆیی، بەڵام لەڕێگا بیری گۆڕی. بە ڕێکەوت لە نزیکی ماڵی پتیتسندا تووشی کولیا بوو. ڕای سپارد کە نامەکە بگەیەنێتە براکەی، بەڵام وابنوێنێ کە نامەکەی ڕاستەوخۆ لە ئاگلایاوە بۆ براکەی هێناوە. کولیا هیچ چەند و چوونێکی نەکرد و نامەکەی گەیاند. هەرگیز ئەوەشی بە بیرا نەهات کە ئەم نامەیە ئەو هەموو دەستەی کرد بێت.

میرزادە کە بۆ ماڵ گەڕایەوە، ناردی بەشوێن ڤیرا لوکیانوڤنادا کە بێت بۆ لای، هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، تا هێدی و هێمن ببێتەوە و خەمی نەبێ، چونکە کیژەی داماو بە دوای ئەو نامەیەدا بەدەم گریانەوە، ماڵەکەی ژێرو ژوور کردبوو. کە زانی بابی نامەکەی دزیوە زۆری پێ سەیر بوو. (ئەسا ئیعترافی بۆ میرزادە کرد کە پێشتریش چەند جارێك بە نهێنی نامەی لە نێوان ڕوگوژین و ئاگلایا ئیڤانوڤنادا هێناوە و بردووە. هەرگیز بە بیریا نەهاتووە کە لە گینە ئەم کارە بە قازانجی میرزادە نەبێت...) میرزادە، بە ڕادەیەك مشەوەش بوو کە کولیا بەپەلە جوابی بۆ نارد بوو جەنەڕاڵ نەخۆشە بەزەحمەت لە مەسەلەکە گەیی بوو. بەڵام ئەم ڕووداوە بۆ میرزادە بەخێر گەڕا، وەخۆی هێنابووەوە و ڕۆژەکەی تا ئێواری لە ماڵی نینا ئەلکسندروفنادا (کە هەڵبەتە نەخۆشەکەیان بۆ وێندەر هێنا بوو) بەسەر بردبوو. حوزوری لەوێندەر لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵام سەرباری ئەوەش خەڵکانێك هەن پیاو حەزدەکات لە کاتی لێقەومان و تەنگانەدا، لە نزیکی بن. کۆلیا زۆر پەشێوو پەرێشان بوو، هێندە بەکوڵ دەگریا لە تۆ وایە تێك چووە. بەڵام بەردەوام هەر خەریك بوو، دەهات ،دەچوو، مشووری دەخوارد: چوو بە دووی پزیشکا و لە جیاتی یەکێك سیانی دۆزییەوە، پاشان چوو بە دوای دەرمانسازا، ئەوجا بڕۆ زەروو پەیدا بکە. جەنەڕاڵ، کەمێك ژیایەوە، بەڵام وەهۆش نەهاتەوە. پزیشکەکان ڕایانگەیاند کە "حاڵی باش نیە و لەغەر غەرەدایە". ڤاریا و نینا ئەلکسندروڤنا بە دیاریەوە بوون و غافڵیان

نەدەکرد. گانیا نیگەران و پەرێشان بوو، دەتگوت سام گرتوویەتی، نەیدەویست بچێتە نهۆمی سەرەوە، تەنانەت دەترسا بابی بدینێ. بە نیگەرانییەوە دەستەکانی تێك دەئالاند. لە میانەی گفتوگۆیەکی بێ سەرو بەرەوە، دەگەڵ میرزادەدا، توانی بڵێت: "چ نەگبەتییەکی گەورەیە. بە تایبەتیش لەم کاتەدا!". میرزادە، بە خەیاڵی خۆی لە هێما و ئاماژەکانی ئەو قسانە گەیی.

میرزادە، هیپولیتی لە ماڵی پتیتسندا نەبینی. لیبدیف شەوێ بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ئەوێندەر. لە بەیانییەوە، لەدوای "ڕوونکردنەوەکانی" ئەو بەیانییەوە، تا ئەم کاتە خەوتبوو. تەقریبەن مەستی بەری دابوو، هێندە بەکوڵ و دڵ بەدیار نەخۆشەکەوە فرمێسکی دەڕشت لە تۆ وایە برای دایکی و باوکیەتی. بە دەنگی بەرز خۆی سەرکۆنە دەکرد، بێئەوەی هۆیەکەی بڵێ. ناوبەناو داوێنی نینا ئەلکسندروڤنای دەگرت و گلەیی لە خۆی دەکرد، کە لەم کارەساتەدا هەر ئەو (لیبدیف) کەمتەرخەم و خەتابارە، خەتا هەر خەتای ئەوە و بەس... هەرچییەکی کرد بێ لە ڕووی فزوڵییەت و کونجکاوییەوە بووە... "ڕەحمەتی..(کەس نەیدەزانی بۆچی لیبدیف بە ڕەحمەتی ناوی جەنەڕاڵی دەبرد، لە کاتێکا هێشتا زندوو بوو.) پیاوێکی هێژاو بلیمەت بوو!" لیبدیف، تاکیدێکی زۆر زۆری لەسەر بلیمەتی جەنەڕاڵ دەکرد، لەوە دەچوو وا تەسەوربکات کە ئەم وشەیە لەم کاتەدا و بۆ ئەم ساتە زۆر گرینگ و بەسوود بێت. نینا ئەلکسندروڤنا، کە چاوی بە ڕاستگۆیی فرمێسکەکانی کەوت، بێهیچ گلەییەك و بگرە بە زمانێکی میهر ئامێزەوە پێی گوت: "بەسە، بەسە، مەگری! خودا سەبر و هەدارت بدات، خوا دەت بەخشێت!" ئەم قسانەی نینا ئەلکسندروڤنا، کارێکی ئەوتۆیان لە لیبدیف کرد، کە نەیتوانی تا کۆتایی شەو، نەخۆشەکە بەجێ بێڵێ (ڕۆژەکانی دواتریش، تاکو جەنەڕاڵ مرد، لە بەیانییەوە تا ئێواری لە ماڵی وان دەمایەوە). لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ئەو ڕۆژە دووجاران پەیکی نارد بۆ هەواڵپرسینی حاڵی پیرەمێرد. کاتێ کە میرزادە سەعات نۆی ئەو شەوە، خۆی بە هۆڵەکەی ماڵی یەپانچیندا، کە لەوساتەوە پڕ بوو لە میوان، کرد، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بەگەرمی ئەحواڵی جەنەڕاڵی لێ پرسی، دیاربوو خەمی بوو. کە دۆتمیر پیلوکونسکایا لێی پرسی: "ئەم نەخۆشە کێیە؟ و نینا ئەلکسندروفنا کێیە؟" لیزاڤیتا پروکۆفیڤنا زۆر بە نەزاکەت و ویقارەوە وەڵامی دایەوە. میرزادە ئەو هەڵوێستەی زۆر خۆش لێهات. میرزادە بەخۆیشی لەوەڵامی لیزاڤیتا پروکوفیڤنادا زۆر بەجوانی و ڕێك و پێکی وەڵامی دایەوە. وەڵام و دەم و دووی هێندە پەسند بوو کە پاشان خوشکەکانی ئاگلایا باسیان کردبوو و گوتبوویان: "زۆر خاکیانە، بە دەنگی نزم، بێهیچ جڕت و فرتێك. مەنگ و بەویقار، بێ هیچ قسەیەکی زیادە، بێ ئەوەی بەخۆڕایی و بێهودە دەست بجوڵێنێ قسانی دەکرد. بە هەیبەتەوە وەژوورکەوت، زۆر سەرکەوتووانە بوو، جلەکانی ئاسایی،

بەڵام شیك بوون!" هەڵبەتە وەكو دوێنێ دەترسا، نەك هەر لەسەر كاشیە لووسەكە نەخزێ و نەكەوت!... بەڵكو بوو بە مایەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی ئامادەبوونیش.

میرزادەش لای خۆیەوە، پاش ئەوەی دانیشت و تەمەشایەكی دەوروبەری خۆی كرد، یەكسەر ئەوەی كەشف كرد كە ئەم كۆمەڵە، ئەو جرِوجاوەرانە نین كە ئاگلایا ڕۆحی لێ بردبوون، ئەو رمۆزن و دێوەزمانەش نین كە دوێشەو هاتبوونە خەوی. ئەمە یەكەمجاری بوو لە ژیانیا گۆشەیەكی ئەو شتە بەسام و هەیبەتە كەشف بكات كە پێیان دەگوت: "كۆمەڵگەی ئەرستۆكرات". لەمێژ بوو، بە گوێرەی نیاز و حەز و پرۆژەكانی خۆی، بە تاسەوە بوو كە خۆی بەم دنیا ئەفسووناویەدا بكات، بۆیە لە دڵی خۆیدا دەیپرسی كە ئاخۆ دەبێ یەكەم تێبینی و سەرنجی، یەكەم هەستی بۆ ئەم كۆمەڵگەیە و لەناو ئەم كۆمەڵگەیەدا چی و چۆن بێت. هەڵبەتە یەكەم بەرخوردی زۆر باش بوو. یەكسەر ئەو هەستەی لا دروست بوو كە ئەم خەڵكە هەر بۆ ئەوە خولقاون كە لە دەوری یەك خڕببنەوە، ماڵباتی یەپانچین خۆیان بە خاوەن دەعوەت و زیافەت نازانن، هەموو هەر یەك خانەوادەن و هیچ "غەوارە"و بێگانەیەكیان تیا نیەو ئەویش لە ناو میوانان‌دا نییە، بەڵكو لە نێو دۆستانی "دڵسۆز" دایە، و لەپیاوێك دەچێت كە یەكێك بێ لەوان و دوای دابڕانێكی كورت، بەهەمان نەفەس و بیرو بۆچوونی ئەوانەوە دەگەڕێتەوە ناویان، هەڵس و كەوتی جوان و ناسكیان، سادەیی و ڕاستگۆیی ڕواڵەتیان، گشت ئەمانە جۆرە كاریگەرییەكی ئەفسووناویان لە دڵ و دەروونیا دروست كرد. نەیدەتوانی بە خەیاڵیش گومانی ئەوە بەرێ كە ئەم هەموو خۆشڕەفتاری ، سادەیی، نەجابەت، هۆشمەندی و هەست بەرزی و ڕێزداری و ڕێز پەروەریە، ڕەنگە تەنیا سیناریۆیەكی ڕواڵەتی بێ نێوەڕۆك بێ. وەكو دەڵێن ناوی زل و دێی وێران بێ. ئەلهەقی زۆربەی میوانەكانی، وێڕای ڕواڵەتی بە هەیبەت و شكۆیان، تا ڕادەیەكی زۆر خەڵكانی بێ ناوەڕۆك و بۆش و بەتاڵ بوون، بە هۆی خۆ پەسەندییەوە لەوە غافڵ بوون كە جگە لە ڕواڵەت و ڕواڵەتبازی هیچی تریان نەبوو، ڕواڵەت و ڕواڵەتبازیەكەشیان ئازایەتی خۆیانی تیا نەبوو، چونكە بە میرات لە پێشینانی خۆیانەوە بۆیان مابووەوە و لێیان بوو بوو بە عادەت و خوو. میرزادە لە هەوەڵەوە بە ڕادەیەك ئەفسوون بوو بوو، كە نەیدەویست بە خەیاڵیش بیر لە شتی وا بكاتەوە و ڕێگەی كەمترین گومان بەخۆی بدات. بۆ نموونەی بەچاوی خۆی دەیبینی كە پیرە مێردێكی بەشەخسیەت و پڕ هەیبەت كە لە تەمەنی باپیری ئەودا بوو، قسەكەی خۆی دەبڕی تا گوێ لە قسەی گەنجێكی باڕی ناپوختەی وەكو ئەو بگرێت. دەیبینی ئەو پیرە مێردە نەك هەر گوێی دەگرت، بەڵكو لەوە دەچوو ڕێزیش لە ڕاو بۆچوونەكانی ئەو بگرێت. زۆر بە لوتف و میهرەوە، بە ڕووخۆشی و ڕووگەشیەكی ڕاستگۆیانەوە مامەڵەی دەگەڵ دەكرد، وێڕای ئەوەی

کەپێشتریش یەکیان نە ناسیوەو ئەمە یەکەمجارە کە یەکتر بدینن. لەوە دەچوو ئەم نەزاکەت و ناسکی و خۆش مەشرەبیە کاریان لە تەبع و تەبیعەتی هەستیار و گەرمی میرزادە کردبێت. یان ڕەنگە پێشوەختە لە باری دەروونیەوە بۆ ئەم گەشبینییە ئامادە بووبێ یان خۆی ئامادە کردبێت.

ئەلهەقی پەیوەندی هەر هەموو ئەمانە، هەرچەندە بە ڕواڵەت دەگەڵ ماڵباتی یەپانچین و دەگەڵ یەکتریدا دۆستانە و توند و تۆڵ دەینواند، بەڵام لەڕاستیا لەوە کزتر بوو کە میرزادە لە هەوەڵەوە و لە سەرەتای تەعاروفکردنی دەگەڵیاندا، وێنای کرد بوو. هەندێکیان بە هیچ جۆرێ ماڵباتی یەپانچینیان بە هاوتەراز و هاوتای خۆیان نەدەزانی. هەندێکی تریان لە ناخی دڵەوە ڕقیان لە یەکدی بوو. بۆ نموونە دۆتمیر پیلوکونسکایا بەو پیری و زورهانیەی خۆیەوە، بە درێژایی تەمەنی "ڕقی" لە ژنی ئەو پیرە مێرە بوو کە یەکێك بوو لە گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەتی. کە ژنی پیرەمێرەکەش لە لای خۆیەوە حەزی بەچارەی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا نەدەکرد.

ئەم "گەورە فەرمانبەرە" کە یەپانچین و خانم یەپانچینی لە سەرەتای گەنجایەتیانەوە، گرتبووە ژێر باڵی خۆی و پشتیوانی لێدەکردن، ئێستا میوانی شەرەف بوو. ڕێزێکی یەجگار زۆری لای یەپانچینەکان هەبوو. جەنەڕاڵ یەپانچین بە ئەندازەی خوایەك ڕێز و حورمەتی دەگرت. ئەوەندە لەلای گەورە و پیرۆز بوو، ئەگەر خوا نەخواستە، بۆ تاقە ساتێك، بە خەیاڵی خۆی بە هاوتەراز و هاوتای ئەو زانیبا، یان بەکەمتر لە زیوسی گەورەی خواکانی ئۆڵەمپی زانیبا، بە دڵ سەرزەنشتی خۆی دەکرد.

ژمارەیەکی دیکە هاتبوون کە چەندین ساڵ بوو یەکتریان نەبینی بوو، ئەمانە خەمسارد و بێ موبالات، لە ناخی خۆیانا هیچ سۆزێکیان بە رانبەر بە یەك نەبوو، ئەگەر نەڵێین دوژمن بوون، کەچی، خۆش و بێشێکی وا گەرم و گوڕیان دەگەڵ یەکدا دەکرد، لە تۆ وایە دوێنێ لە کۆڕ و ئاهەنگێکی شاد و دۆستانەدا یەکیان دیتبوو.

بە هەرحاڵ، ئاهەنگەکە گەورە نەبوو، ژمارەی ئامادەبووان زۆر نەبوو. جگە لە دۆتمیر بیلوکونسکایا و "کەسێتییە پیرەکە" و ژنەکەی، کە بە ڕاستی پیاوێکی بەسام و هەیبەت بوو، پیاوێکی دیکەشی لێبوو کە زۆر بەشەخسیەت دیاربوو، ئەمە جەنەڕاڵێك بوو بە لەقەبی بارۆن یان کۆنت و ناوێکی ئەڵمانی هەبوو. پیاوێك بوو تا حەزکەی کەمدوو و بێدەنگ، گوایە شارەزایەکی زۆر گەورە لە کاروباری دەوڵەت، بە یەکێك لە زاناکان دەژمێردرا، لەو کارگێڕە دەگمەنانە بوو کە "جگە لە ڕووسیا" لە هەموو شتێکی دی دەزانن. لەو پیاوانە بوو کە هەر پێنج ساڵ جارێ قسەیەکی نەستەقی هێندە قووڵ و پڕ مانا دەکەن، کە دەنگ دەداتەوە و دەبێ بە وێردی سەر

زاران و دەگاتــەوە گــوێی گــەورە بەرپرســانی وڵــات. گوایــە یەکێکــە لــەو پایــە بەرزانــەی، دوای تەمەنێکی درێژ لە خزمەتی وەزیفیدا(تەمەنێکی بێ ئەندازە درێژ و گۆنگ) کە دەبن بە خاوەن پایەی زۆر بەرز، میداڵ و نیشانان و، سەروەت و سامانێکی زۆر، ئەوسا دەمرن، لەکاتێکا نەك هیچ کارێکی دیار و بەرچاویان نەکردووە، بەڵکو ڕقیانیش لەو جۆرە کارە دیار و بەرچاوانەیە.

ئەم جەنەڕاڵە، لە وەزیفەدا، سەرۆکی ڕاستەوخۆی جەنەڕاڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچینی لەمەڕ خۆمان بوو. بۆیە چ وەکو نمەکناسی و وەفاداری، چ وەکو تەبیعەت هەستی دەکرد، چاکەی زۆری سەرۆکەکەی بەسەرەوەیە و بە وەلی نیعمەتی خۆی دەزانی. هەرچەندە ئەم جەنەڕاڵە سوپاییە بە هیچ جۆرێ خۆی بەوە نەدەزانی کە چاکەی بەسەر ئیڤان فیدوروفیچشەوە هەبێ یان وەلی نیعمەتی ئەو بێت، تەنانەت ئەوەندە گوێشی نەدەدایە. ئەم پیاوە وێڕای ئەوەی لەو خزمەتانە ڕازی بوو کە ئیڤان فیدوروفیچ پێشکەشی دەکرد، کەچی ئامادە بوو، هەر کاتێك پێویست بکات و لەبارببێ بێ چەندو چوون بیگۆڕێتەوە بە کەسێکی دی.

یەکێکی دی لە میوانەکان، کەسێتییەکی گرینگی پیر بوو، لەوە دەچوو بۆرە خزمایەتیەکی دەگەڵ لیزاڤیتا پروکوفیڤنادا هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ خزمایەتیەکی دوور یان نزیکی لەگەڵیا نەبوو. پیاوێکی خاوەن پلەو پایەی بەرز بوو، لە ماڵبات و تایەفەیەکی خانەدان و دەوڵەمەند بوو، کە تەو توندو تۆڵ و سەرحاڵ و شەنگۆڵ بوو. پیاوێکی دەماوەر و بەدەم و پل بوو، بەوە ناسرابوو کە لەوەزع و حاڵی ڕۆژ ناڕازی بوو، ڕەفتار و ئەتەکێتی بابایەکی ئەرستۆکراتی ئینگلیزی هەبوو، زەوق و سەلیقەشی هەر ئینگلیزیانە بوو (بۆ نموونە حەزی لە خواردنی ڕۆستی ناسك دەکرد، حەزی لە گالیسکە و گاری گەورە بوو، حەزی لە خزمەتکارانی پیاو بوو بە جلکی فەرمیەوە). ئەمە پەیوەندییەکی خۆشی دەگەڵ کەسێتییە پیرەکەدا (گەورە فەرمانبەرەکە)دا هەبوو و، هەوڵی دەدا بە هەموو شێوەیەك سەرگەرمی بکات. لەو لاشەوە لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، خەیاڵ و بیرۆکەیەکی سەیر ختووکەی مێشکی دەداو وای خەیاڵ دەکرد لەوەیە ئەم بارۆنە کە (زۆر پابەندی فەزیلەت نەبوو گوایە ئەهلی هەوەس و مێباز بوو) لەوەیە ڕۆژێ لەڕۆژان بێتە خوازگاری ئەلکسندرا. لەخوار ئەو میوانە گەورە و دەستڕۆیانەوە، کۆمەڵە میوانێکی کەم تەمەنتر لەوان هەبوون، ئەمانەش خەڵکانێکی زۆر شایستە و بەسەنگ و ئیحتوبار بوون. لەوانە: میرزادە "س..."، یەڤگینی پاڤلوفیچ، میرزادە "ن..." کە کاتی خۆی لە ئەورووپادا هەر خەریکی ڕاوە ژن بووە. ئێستا تەمەنی لە دەوروبەری چل و پێنجساڵیدا بوو، باڵا بەرزێکی بەژن ڕێك و پێك بوو. یانی هێشتا بەشی خۆی قوت و قۆز بوو، دەم و زمانێکی گەرم و پاراوی پێوە بوو. توانای بە هرەیەکی سەیری حیکایەت خوانی و چیرۆك گێڕانەوەی هەبوو. هەرچەندە

سەروەت و سامانەکەی کەمیك لە کزی دابوو، هێشتا مەیلی ئەوروپای دا نە نابوو و زیاتر لە هەندەران دەژیا.

گرووپی سێیەمی میوانەکان ئەوانە بوون، کە هێشتا نەگەیی بوونە ناو (بازنە داخراوەکەی) کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتەوە. یانی بە ئەرستۆکرات نەدەهاتنە ژماردن، بەڵام جاروبار لە هەندێ بۆناندا، لە کۆڕو مەجلیسی توێژە باڵاکانی کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتا دەبینران، بۆ نموونە ماڵباتی یەپانچین بە خۆیان لەو توێژە کۆمەڵایەتیە بوون. ماڵباتی یەپانچین. لەو ئاهەنگ و میوانداریە کەمانەدا کە سازیان دەکرد، بە حوکمی زەوق و سەلیقەی جوان و دروستی خۆیان بژاردەترین کەسێتی توێژی باڵایان دەگەڵ بژاردەترین کەسێتی توێژی خوارتر یانی دەستەبژێری "چینی ناوەڕست" دەعوەت دەکرد و ئاهەنگێکیان ساز دەکرد بەدڵی هەموولایەك. خەڵکەکە لەم ڕووەوە زۆریان ستایش دەکردن و دەیانگوت ماڵباتی یەپانچین، خەڵکانێکن قەدرزان و سنووری خۆیان دەزانن، دیارە ماڵباتی یەپانچین شانازیان بەو ڕەئی و بۆچوونەوە دەکرد.

یەکێك لە نوێنەرانی چینی ناوەڕاست کە دەعوەتی ئەو ئاهەنگە بوو، ئەندازیارێك بوو بە پلەی کۆلۆنێل، پیاوێکی جدی و لە دۆستانی نزیکی میرزادە (س...) بوو، میرزادە (س...) بە ماڵباتی یەپانچینی ناساند بوو ولە ڕێگەی ئەوەوە تێکەڵاوی دەگەڵیاندا پەیدا کردبوو. ئەم پیاوە لە کۆڕ و قەرەباڵغیدا کەم دوو بوو، ئەنگوستیلەیەکی نگین درشتی ئاودار لە قامکی شادەیدا بوو، کە پێدەچوو دیاری شاهانە بێ، بە بۆنەی خزمەتەکانیەوە.

کەسیکی دیکەش لە نێو میوانەکاندا بوو کە ئەدیبێکی شاعیری ئەڵمانی نەژاد بوو، بەڵام بە ڕووسی شیعری دەنووسی. پیاوێکی زۆر بەڕێز، نزیکەی سی و هەشت ساڵێك دەبوو، ڕووی کۆڕ و مەجلیسی ئەرستۆکراتانی هەبوو، پیاوێك بوو خۆش دیمەن، ئەگەرچی بە دەموچاو خۆشەویست نەبوو ونەدەچووە دڵەوە. زۆر بایەخی بە جل و بەرگ و ڕواڵەتی خۆی دەدا، لە ماڵباتێکی ئەڵمانی بۆرژوا بوو، بەڵام جێگەی ڕێز و حورمەت بوو. پیاوێك بوو هەڵپەرست. خوا خوای بوو دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ خۆی لە خەڵکانی ئەرستۆکرات و پایەبەرز و دەسڕۆ بەرێتە پێشێ و داڵدە و پشتیوانیان بەدەست بێنێ. کاتی خۆی کتێبی شاعیرێکی ئەڵمانی گەورەی لە زمانی ئەڵمانیەوە بۆ زمانی ڕووسی پاچڤە کردبوو، کتێبەکە چاپ بوو بوو. زۆر زیرەکانە باسی دۆستایەتی خۆی دەگەڵ شاعیرێکی بە ناوبانگی ڕووسیدا دەکرد کە شاعیرەکە مرد بوو. (گەلێك لە نووسەران زۆر حەزدەکەن بەدرۆ خۆ بەوەوە ڕابنەن کە دەگەڵ فڵان نووسەرانی گەورە و بەناوبانگا، بە تایبەتی ئەگەر مردبێ، دۆستایەتیان زۆر خۆش بووە) هاوسەرەکەی (شەخسیەتە

پیره پایەبەرزەکەوە) ئەم شاعیرەی بە ماڵباتی یەپانچین ناساند بوو وناسیاوی و تێکەڵاویان پەیدا کردبوو، ئەو خانمە بەوە بە ناوبانگ بوو کە داڵدەو پشتیوانی ئەدیبان و زانایانە.

ئەلهەقی توانی بووی، لە ڕێگەی خەڵکانی خاوەن پلەوپایەی گەورەوە کە کاریگەری بەسەریانەوە هەبوو، مووچە بۆ یەك دوو نووسەریش ببڕێتەوە و دابین بکات. ئەم ژنە لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵات و کاریگەری و سەنگەی هەبوو. لە تەمەنی چل و پێنچ ساڵیدا بوو (یانی لەچاو مێردەکەیدا کە پیرەمێر بوو، گەنج بوو) ژنێکی جوان بوو هێشتا (وەکو زۆربەی ئەو ژنانەی دەگەنە تەمەنی ئەو) حەزی لە جلکی فاخیر و ئاڵا و واڵا بوو. لە ڕووی هۆش و گۆشەوە مام ناوەندی بوو، شارەزایی و ڕۆشنبیری دەربارەی ئەدەبیات جێگەی گومان بوو. بەڵام زۆری حەز دەکرد خزمەتی ئەدیبان بکات و داڵدەو پەنایان بدات، بە قەد جلی جوان حەزی لەم کارە دەکرد. زۆر کتێب و بەرهەمی نووسراو و تەرجەمەکراوی پێشکەش دەکرا. دوو سێ نووسەر، دوای ئەوەی ئیزنیان لێ خواستبوو، ئەو نامانەیان، کە لەمەڕ بابەتی گرینگ بۆ ئەو نووسیبوو، بڵاو کردبوووەوە.

ئەمە ئەو کۆمەڵگەیە بوو، کە میرزادە لێی بوو بوو بە زیوی خالیسە یان زێڕی بێ غەل و غەش. جا بە ڕێکەوت هەر هەموو ئەمانە ئەو شەوە، زۆر خۆشحاڵ و شاد و شەنگوڵ، گەشبین و شاییان بەخۆ بوو. هەمووشیان لەوە بە ئاگابوون کە هاتنی هەر یەکێکیان، شانازیەکی گەورە بوو بۆ ماڵباتی یەپانچین. بەڵام میرزادە (مخابن) ئاگای لەم وردەکاریانە نەبوو. هەرگیز ئەوەی بەبیرا نەدەهات کە بۆ نموونە ماڵباتی یەپانچین لە نەخشە و پلانێکی وا گرینگدا، لە بڕیارێکی وا هەستیاردا کە ئایندەی کیژەکانی پێوە بەند بوو، زات نەکەن و ڕوویان نەیات کە ئەو، واتە لیون نیکولایوفیچ بە کەسێتییە پیرەکە، کە بەداڵدەو پەنای خانەوادەکەیان دەهاتە ژماردن، بناسێنن. لە کاتێکا لەوە دەچوو ئەم پیرەمێردە ئەگەر گەورەترین کارەسات بەسەر خانەوادەی یەپانچیندا بێت بەوپەڕی خەمساردی و بێ موبالاتی وەری بگرێت و هەر گوێی نەداتێ، کەچی ئەگەر کچەکەیان بەبێ پرس و ڕوایژی ئەو، تۆ بڵێ بەبێ ڕەزامەندی ئەو بەشوو بدەن، نەك هەر زویر بێت، بەڵکو بەسووکایەتیەکی گەورەشی بۆ خۆی بزانێت. بەڵام میرزادە (ن..) ئەم پیاوە قۆز و مەحبووب، وریاو هۆشن، ڕووخۆش و زیتەڵە، قەناعەت و باوەڕی تەواوی هەبوو کە ئامادە بوونی ئەمشەوی ئەو لە هۆڵەکەی ماڵی یەپانچیندا، وەکو هەڵاتنی ڕۆژە . ئەوانی زۆر لە خۆی بەکەمتر دەزانی. بە هۆی ئەمەوە بوو کە بەوجۆرە کراوە و بێپەروا، شادو شنگۆڵ. مامەڵەو ڕەفتاری دەگەڵ خانەوادەی یەپانچین دەکرد. زۆر چاك دەیزانی کە دەبێ لەو ئاهەنگ و شەونشینییەدا، شتێك بۆ سەرگەرمی و خۆشی ئامادەبووان بگێڕێتەوە و گەرم و گوڕییەك بە ئاهەنگەکە

ببەخشێت. زۆر باش خۆی بۆ گێڕانەوەی ئەو حیکایەتە ئامادە کرد بوو، ئیدی قەریحەی کرابووەوە و ئیلهامی بۆ هاتبوو.

میرزادە لیون نیکولایوفیچ، دوای تۆزێك کە گوێی لەو حیکایەتە بوو کە ئەم گەنجە گێڕایەوە، هەستی کرد بە عەمراتی حیکایەتێکی وا جوان و خۆش و سادەی گوێ لیٚ نەبووە، بە ڕاستی هەر لە زاری دۆن جوانێکی وەکو میرزادە (ن..) دەهات، لە زاری وی جوان بوو. میرزادە نەیدەزانی، ئەم چیرۆکە، حیکایەتێکی زۆر کۆنە، ئەوەندە کاوێژ و، دووبارە کراوەتەوە کە تامی تیا نەماوە، مەگەر هەر خانەوادەی سادە و ساویلکەی یەپانچینەکان، بەشێکی جوان و تازەیان زانیبا، بە داهێنانی ڕاستگۆیانە و خۆ بە خۆی خەیاڵی دەماوەرێکی بە توانای هونەرمەندیان زانیبا، دەنا لە کۆڕو شەونشینیەکانی دیکەی شارا، نەك کەس گوێی لێنەدەگرت، بەڵکو مایەی بێزاری و بێتاقەتیش بوو. تەنانەت شاعیرۆکە ئەڵمانیەکەش، بە هەموو خاکێتییەکی خۆیەوە، دەیویست وا بنوێنیٚ کە هاتنی بۆ ئەو ئاهەنگە، شانازیەکی گەورەیە بۆ ئەم خانەوادەیە. بەڵام میرزادە تەنیا ڕووە دیار و باشەکانی ئەم هەڵوێستانەی دەبینی، ڕوەکانی دیکەی نەدەبینی. بۆ نەگبەتی ئاگلایاش پێشوەختە پێشبینی ئەم شتانەی نەکرد بوو. ئەو شەوە یەجگار جوان و شەنگۆڵ بوو. هەرسیٚ کیژەکە جلکی زۆر جوانیان لەبەرکرد بوو، بەڵام زێدە ڕۆییان نەکرد بوو، تەسریحەی قژیان زۆر جوان و تازە بوو، پێشتر بەو تەسریحانەوە نەبینرابوون، ئاگلایا لای یەڤگینی پاڤلوفیچەوە دانیشتبوو وخەریکی گفتوگۆ و گاڵتە و سوعبەتان بوو لەگەڵیا. یەڤگینی پاڤلوفیچ، لە جاران بە ویقار و سەنگینتر دەینواند، دیار بوو ئەمەی لەبەر میوانە ئەرستوکراتەکان بوو. بەڵام لەمێژ بوو لە کۆڕ و مەجلیسانی کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتاندا ناسرا بوو، وەکو یەکێك لە خۆیان تەمەشایان دەکرد، ئەویش وێڕای ئەوەی گەنج بوو، ئەو مەجلیسانەی پێخۆش بوو، هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. ئەو شەوە کە هات بۆ ئاهەنگەکە، نەوارێکی ڕەشی لە شەپقەکەی دابوو، ئەمە بووە مایەی سەرنج و ڕەزامەندی دۆتمیر بیلوکونسکایا. هەموو گەنجێکی سەر بە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی لەم جۆرە بۆنانەدا، بە بۆنەی مردنی مامێکی وەهاوە ئەم کارەی نەدەکرد. لیزاڤیتا پروکوڤیفناش ئەمەی پێخۆش بوو. بەڵام سەرقاڵی و جەنجاڵی و مژولیەکی فرەی پێوە دیاربوو.

میرزادە بینی کە ئاگلایا یەك دووجاران زۆر بە وردی تەمەشای کرد، لەوە دەچوو لە میرزادە ڕازی بیٚ. وردە وردە دڵی کرایەوە و ئۆخژنی لە دڵ و دەروون گەڕا. لەپڕ هەستی کرد کە ئەو ترس و خەیاڵاتەی کە باڵی بەسەرا کێشا بوو (بەتایبەتی دوای گفتوگۆیەکەی لیبدیف)، تەنیا خەون و خەیاڵاتی ناواقیعی بوو ،خەون و خەیاڵاتی ناماقووڵ و بگرە کۆمیدی و پێکەنیناوی!

(له ڕاستیدا به درێژایی ئەو ڕۆژە لە هەوڵ و تەقەللای ئەوەدا بوو بوو کە قەناعەت بە خۆی بێنێ، کە ئەمە هەمووی خەیاڵاتی پووچەو فڕیان بە واقیع و ڕاستیەوە نیە) زۆر کەم قسەی دەکرد، لە سنووری وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەر نەدەچوو کە لێی دەکران. ئەنجام بە بێدەنگی دانیشت و کەوتە گوێگرتن، زۆر خۆشحاڵ و کەیفخۆش دیاربوو. بەرە بەرە جۆرە هاندەرێکی دەروونی لاچێ بوو، هەموو ترسێکی ڕەوییەوە و ئامادە بوو لە هەر ساتێکی گونجاودا بێتە قسان... بەڕێکەوت، بە وەڵامی پرسیارێك هاتە قسان، کە گەرم بوو لەوە نەدەچوو بەو زووانە...

پەراوێز:

*- "تۆماس مۆر...": دەڵێن تۆماس مۆر کە حوکمی ئیعدام درا، لە جەلادەکەی دەپاڕایەوە کە ئاگای لەڕیشی بێت. پێی گوت: " من خەمی ئەوەم نیە ڕیشم ئاسیوی بگاتێ. بەڵام بۆ تۆ گرینگە کە خەڵکی پێت بڵێن بە ڕاستی لە کارەکەیا کار امە و لێهاتووە، چونکە دەقی قەرارەکە ئەوەیە کە لەملم بدەیت نەك لە ڕیشم ."

*- " ئەمە تاوانی خۆمە..." لە ئەسڵی دەقەکەدا بە فەرەنسیە.

فەسڵی حەوتەم

لەکاتێکا میرزادە، چاوانی بە جوانی و جەمالی ئاگلایا زاخاو دەدا کە بەشادیەوە سەرگەرمی گفتوگۆ بوو دەگەڵ میرزادە (ن...)و یەڤگینی پاڤلوفیچ دا، گوێی لە کابرا بە تەمەنە ئینگلیز مەشرەبەکە بوو، لەوبەری هۆڵەکەوە، قسەی بۆ (گەورە فەرمانبەرەکە) دەکرد، لە گەرمەی قسەکانیا ناوی نیکولا ئاندریوفیچ پافلیچوڤ هێنا. میرزادە بەلەز رووی کردە لای ئەوان و کەوتە پەیگیری گفتوگۆیەکەیان.

قسەو گفتوگۆیەکەیان دەربارەی سیستەمی تازەی دابەشکردنی موڵکی موڵکدارانی دەڤەری "ز..." بوو کە هەراو هەنگامەیەکی زۆری نابووەوە. دیارە دەبێ قسەکانی کابرای ئینگلیزی مەشرەب مایەی پێکەنین بووبن، چونکە یارۆی "گەورە فەرمانبەر" کە بینی هاوڕێکەی بەو شێوەیە داخی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ، لە قاقای پێکەنینێکی بە کوڵی دا. کابرای ئینگلیز ڕەفتار، بە ڕوونی و ڕەوانی، بە کاوەخۆ قسەی دەکرد، بە ئانقەست لە درکاندنی وشەکاندا دەمی خاو دەکردەوە، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن لە سایەی ئەم سیستەمە تازەیەدا، ناچار بووە یەکێك لە موڵکە هەرە باشەکانی خۆی، لەم دەڤەرەدا، بە نیوە قیمەت بفرۆشێت، لە کاتێکا هیچ پێویستی بە پارەی کاش نەبووە، هەروەها چۆن لە سایەی هەمان سیستەمدا ناچاربووە، موڵکێکی دیکە، کە بیابانێکی کاکی بە کاکی بێ خێرو بێرەو لە دادگادا مەحکەمەو دەعوای لەسەرە هەڵگرێتەوە، موڵکێ کە زیانی هەیە، خێری نیە. "جا بۆ ئەوەی خۆم لە گێچەڵی دەعوایەکی دیکە لەسەر ئەو زەویانەی لە میراتی بافیلچوف ماوە، بپارێزم وام بەباش زانی ئەسڵەن دەستبەرداری ئەو بەشە میراتە ببم. بەم پێیە ئەگەر یەك دوو میراتی لەو میراتە بە گێچەڵانەم پێ ببڕێ، بە جارێ ماڵم وێران دەبێ و دەکەومە سەر ساجی عەلی. لە کاتێکا قەرار بوو سێ هەزار (هیکتار) زەوی دەرەجە یەکەم پێ بڕێ!"

ئیڤان فیدوروفیچ، دیقەتی دا کە میرزادە زۆر بە جدی گوێی بۆ ئەو گفتوگۆیە هەڵخستووە، لیی نزیك بووەوە و بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاند:

- گوێ بگرە... ئیڤان پتروفیچ، خزمایەتی دەگەڵ نیکولا ئاندریوفیچ بافیلیوفیچ هەیە... وابزانم تۆ تاقیبی خزمەکانی ئەوت دەکرد، وانیە؟

ئیڤان فیدوروفیچ، تا ئەوکاتە دەربەست لە خزمەتی جەنەڕاڵی سەرۆکی ڕاستەوخۆی، خۆیدا بوو، لەبەر ئەو ئاگای لە کەسی دی نەبوو. بەڵام لەپڕو تۆزێ لەمەپێش هەستی کرد کە لیون نیکولایوفیچ بە تەواوەتی فەرامۆش کراوە، بۆیە هەستی بە جۆرە نیگەرانیەك کرد. کە بینی میرزادە هەندێ دوورە پەرێزە، ویستی بیهێنێتە ناو گفتوگۆکانەوە جارێکی دی بە شەخسیاتەکانی ناساند و خستیە بەر سەرنجی وان. کە نیگای ئیڤان فیدوروفیچ لە نیگای ئیڤان پتروفیچی ئینگلیز مەشرەب هەڵەنگوت، هاتە قسەو گوتی:

– ئەمە لیون نیکولایوفیچە کە دوای مردنی دایك و باوکی، نیکولا ئاندریوفیچ پاڤلیچوف گرتیە خۆی و خستیە ژێر باڵی خۆی. ئیڤان پتروفیچ گوتی:

– خۆ.. ش.... حاڵم. من تۆم جوان لەبیرە. ئێستا کە ئیڤان فیدوروفیچ تەعاروف پێکردین، یەکسەر ناسیمیتەوە. زۆر نە گۆڕاویت، ئاخیرجار کە تۆم بینی، تەمەنت هەر دە، یازدەساڵ دەبوو. کەچی زۆر نەگۆڕاویت...

میرزادە، بەنیمچە سەرسامیەك پرسی:

– بە منداڵی منت دیتووە ؟

ئیڤان پتروفیچ لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– دەمێکە، زۆر دەمێکە!... لە زلاتوفرخۆفۆ بوو، یانی لەو شوێنەدا کە تۆ لە ماڵی دۆتمامەکانی من دەژیای. من ئەو سەردەمە زوو زوو بۆ ئەوێندەر دەچووم... تۆ بیرت نایەت ؟ ڕەنگە بیرت نەیەت. تۆ ئەوکاتە نەخۆشیەکت لە گەڵا بوو، ئێستا نازانم چی بوو... ئێستاش لە بیرمە کە بینیمیت زۆر سەرم سوڕما...

میرزادە، بە گەرمی سەری بۆ لەقاند و گوتی:

– من هیچ شتێکم بیر نایەت!

ئیڤان پتروفیچ، زۆر بەجدی چەند وشەیەکی تری لەو بارەیەوە گوت کە زۆر کاریان لە میرزادە کرد. گوتی ئەو دوو پیرە کچەی کە خزمی پاڤلیشچوف ڕەحمەتی بوون و لە موڵکەکەی ئەوا، لە زلاتوفرخوفو دەژیان و ئەرکی بەخێوکردنی میرزادەیان پێ سپێردرا بوو، ئەوانە لە هەمان کاتا خزمی ئەمیش بوون (خزمی ئیڤان پتروفیچ). ئیڤان پتروفیچیش وەکو خەڵکانی دی سەری لەوە سوڕما بوو کە بۆچی پاڤلیچوف ئەو هەموو بایەخەی بە میرزادە دەدا، بۆچی خۆی کرد بوو بە

سەر وەگردی ئەو کوڕە و خستبوویە ژێر پەڕ و باڵی خۆی. " ئەوەی ڕاستی بێ ئەوساکە ئەقڵم بەوە نەدەشکا پرسیاری ئەوە بکەم". ئیڤان پترۆفیچ وای گوت. بەڵام بەو قسەیە سەلماندی کە زەینێکی زۆر ڕۆشنی هەیە. چونکە تەنانەت ئەوەشی بیرمابوو کە دۆتمامە گەورەکەی، واتە مارتانیکیتشینا، زۆر لەگەڵ میرزادەدا سەختگیر بوو، ئیڤان پترۆفیچ لە سەری ڕۆیی و گوتی: "تەنانەت جارێکیان لە سەر تۆ لەگەڵی بەشەڕ هاتم، چونکە شێوازی تەربێت و پەروەردەکردنەکەیم بەدڵ نەبوو.. ئاخر ماقوولە منداڵێکی نەخۆش بە زەبری شەلاقان پەروەردە بکرێت... باوەڕ دەکەی... بەڵام خوشکە چکۆلەکەی واتە ناتالیا نیکیتشینا، بەپێچەوانەوە، ڕۆحی بەسەر ئەو منداڵە داماوەوە دەردەچوو، لەڕادەبەدەر دەگەڵیا میهرەبان بوو..." ئیڤان پترۆفیچ لەسەری ڕۆیی: "دەبێ ئیستا هەردووکیان لە دەڤەری (ز)دا بژین، چونکە پاڤلیچوف موڵکێکی چکۆلە، بەڵام زۆر نایابی لەوێندەر بە میرات بۆ بەجێ هێشتبوون، هەرچەندە دڵنیانیم کە مابن. پێموایە مارتا نیکیتشینا بە تەمابوو بچێتە دێر. بەڵام لەوەش دڵنیا نیم. وابزانم ئەو قسەیەم دەربارەی ژنێکی دی بەرگوێ کەوت.. ئا... بیرم کەوتەوە... دەربارەی ژنی دکتۆرێک بوو.."

میرزادە، بەدەم گوێگرتنەوە، پڕ دەبوو لە نەشەو سۆز و میهرەبانی و، چاوەکانی بریقە بریق، لە شادیدا دەدرەوشانەوە. ئەویش لای خۆیەوە زۆر بە گەرمی ڕایگەیاند کە هەرگیز لە خۆی خۆش نابێت، چونکە بەدرێژایی ئەم شەش مانگە لە ناو وڵاتا سوڕاوەتەوە و قەت بیری لەوە نەکردووەتەوە، دەرفەتێ بەدەست بێنێ و سۆراخێکی کۆنە پەروەردەکارەکانی خۆی بکات و سەرێکیان بدات. هەموو ڕۆژێ نیازی بووە ئەو کارە بکات، بەڵام هەر جارەی لەبەر هۆیەک بۆی ڕێنەکەوتووە. بەڵام ئەمجارەیان بەجدی بڕیاری داوە کە بڕوات بۆ دەڤەری (ز)... میرزادە لەسەری ڕۆیی: "کەواتە تۆ ناتالیا نیکیتشینا دەناسیت؟ کە ژنێکی چاکە، فریشتەیە! ئەدی مارتا نیکیتشینا بۆ ناڵێ ی... ببورە ئەگەر بڵێم ڕەنگە جەنابت دەرهەق بە مارتا نیکیتشینا، هەندێ دەست داگرتبێ... دروستە سەختگیر بوو، بەڵام نەهەقی نەبوو، ئاخر کێ دەگەڵ منداڵێکی گەمژەی وەکو ئەوسای مندا، تاقەتی نەدەچوو؟ (ها ها!).. ئەمجا.. تۆ خۆت ئەو سەردەمانە بەچاوی خۆت منت دیوەو... بەڵام بۆچی من تۆم بیر ناکەوێتەوە؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە نیە کە من... ئاهـ... پەنا بەخوا! یانی بە ڕاستی تۆ خزمی نیکولا ئاندریوفیچ پافلیچوفیت؟

ئیڤان پترۆفیچ، بەدەم بزەیەکەوە، سەراپای میرزادەی دایە بەر نیگاو گوتی:

– ئا.. ئۆ.. دڵنیات دەکەم !

– ببوره... ئەو قسەیەم بۆ ئەوە نەبوو کە خوا نەخواستە گومانم لە قسەکانت هەبێ!.. کێ هەیە بتوانێ، (ها ها!) زەرەیەك گومانی هەبێ؟ بەڵێ، تاقە زەرەیەك؟ (ها ها!). مەبەستم ئەوە بوو کە بڵێم، رەحمەتی نیکولا ئاندرۆفیچ پاڤلیچوف پیاوێك بوو پیاوانە، دڵپاك، دڵپاك، جا جوامێرا دڵنیات دەکەم...

ئادیلاید، بۆ سبەینێ بە دەزگیرانەکەی، میرزادە (س..)ی گوت: "ناڵێم میرزادە هانکە هانکی پێکەوتووە، بەڵام لە خۆشیا ئەوکی گیرا بوو".

ئیڤان پترۆفیچ بەپێکەنینەوە گوتی:

– باشە بۆچی نابێ من خزمی پیاوێکی دڵپاك و دڵاوا جوا... مێربم؟

میرزادە، شپرزە بوو، هەستی بە شەرمێکی زۆر کرد، خێرا و بەگەرمی هەڵیدایە:

– من... من... ئەمەش گەوجێتیەکی دی... ئەمەش قۆڕیاتێکی دی... چونکە من.. من.. چونکە من.. باوەڕبکە تەتەڵەی زمان بوو! من نایڵێم تۆ بیڵێ، من لەچاو ئەم شتانەدا دەکەمە چی، بە تایبەتی بە بەراورد دەگەڵ ئەم کارە گەورانەدا؟ بە بەراورد دەگەڵ جوامێرێکا بەو دڵاواییە! خوا شایەدە پیاوی وەکو خۆی نەبووە، لە هەموو روویەکەوە... وانیە؟ وانیە؟

سەراپای میرزادە دەلەرزی. کەس نەیدەزانی بۆچی وا هاتبوە جۆش و، ئەم هەموو سۆزو گودازە باڵی بە سەراکێشا بوو، کە هیچ دەگەڵ رەوتی گفتوگۆیەکەدا تێکی نەدەکردەوە، کەس ئەمەی بۆ هەڵنەدەهات. بەڵام ئەوەندە هەیە دەتوانین بێ چەندو چوون بڵێین، بەجۆرێ هەڵچوو بوو، کە لەناخی دڵەوە، زۆر راستگۆیانە دەیویست سوپاس و منەتباری و ئەمەکداری خۆی لە هەنبەر کەسێك و سەبارەت بە شتێك دەربڕێ، تەنانەت ئەگەر بەرانبەر بە هەموو ئامادەبوانیش نەبێت، بەرانبەر بە ئیڤان پترۆفیچ بێ. میرزادە، شادی لێدەچۆڕا. ئیڤان پترۆفیچ زیاتر لێی راما. کابرای "گەورە فەرمانبەر"ش بە وردی نیگای دەکرد. دۆتمیر بیلوکونسکایا بەوپەڕی تورەیی و بێزاری تەمەشای دەکرد و لێوی خۆی دەکرۆشت. میرزادە (ن..)و یەڤگینی باڤلوفیچ، و میرزادە(س..)و کیژەکان و هەموو ئامادەبووان، قسەکانیان بڕی و کەوتنە گوێگرتن. ئاگلایا زۆر بەخەمەوە بوو، ترسی دنیای لێهاتبوو، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا بە راستی خوای نەمابوو. رەفتاری دایك و کچەکانی سەیر بوو: ئەوان بەخۆیان پێشنیازیان کردبوو کە میرزادە لە شەونشینی یەکەدا کرۆکپ و بێدەنگ بۆ خۆی لەلایەکەوە دانیشێت، بەڵام کە دیقەتیان دا، بە تاقی تەنیا لە سووچێکا دانیشتووە و زۆر بەکەیف و بەدەماخە، یەکسەر ترسیان لێنیشت، تەنانەت ئادیلاید،

دەیویست لەو سەری هۆڵەکەوە، بێ خشپە بە ناو خەڵکەکەدا بێت بۆلای و بیبات بۆ لای گروپەکەی خۆیان کە میرزادە (ن..)شیان دەگەڵا بوو، یانی بیبات بۆلای گروپەکەی دۆتمیر بیلوکونسکایا. بەڵام کە هەنووکە بە کەماڵی ئارەزوو مژولی قسەکردن بوو، ترس و نیگەرانیەکەیان زیاتر بوو.

ئیڤان پتروفیچ، زۆر بەجدی، بێهیچ بزەو پێکەنینێك گوتی:

– تۆ ڕاست دەکەی، پیاوێکی یەجگار جوامێر و دڵاوا بوو... بەڵێ لە هەموو ڕوویەکەوە، مرۆڤێکی بێ وێنە بوو.

دوای هەڵوەستەیەکی کورت لەسەری ڕۆیی:

– پیاوێکی باش و شایستە و بە ئیحتوبار.

دوای تۆزێکی دی گوتی:

– یانی بە ڕاستی شایستەی هەموو ڕێزێك بوو. بە ڕاستی پێم خۆشە کە دەبینم تۆ لای خۆتەوە...

(گەورە فەرمانبەرەکە) وەکو بڵێی شتێکی وەبیر خۆی دێنایەوە، پرسی:

– پافلیچوف ئەو پیاوە نەبوو کە حیکایەتێکی تایبەتی... لەگەڵ قەشەیەکا... لەگەڵ قەشە.. ناوەکەیم بیرچووەوە.. بەڵام کیشەکەی کاتی خۆی هەراو هەنگامە و ژاوەژاوێکی زۆر نایەوە؟!

ئیڤان پتروفیچ گوتی:

– قەشە گۆروی یەسوعی بوو. بەڵێ بەرزترین و شایستەترین پیاوانی کۆمەڵگەش ئەو پێشهاتانەیان لێ ڕوودەدات! بەڵام پافلیچوف خانەدان و ئەسڵزادە، دەوڵەمەند و بە ڕاستی پیاوێکی پیاوانە بوو. فەرمانبەری دەربار بوو... ئەگەر لەوەزیفەیا بمابایەوە لەوە بوو کە... بەڵام لەپڕ وازی لەم وەزیفەیەو هەموو شتێك هێناو چووە سەر مەزەبی کاتولیکی و بوو بە یەسوعی، جا بەچ شەوق و زەوقێکەوە!. ئەلهەقی لەکاتێکی باشدا مرد. بەڵێ کە مرد هەموو کەس وایان دەگوت.

میرزادە، واقی وڕمابوو، هەرچی دەکرد جڵەوی خۆی پێنەدەگیرا، بە ترسەوە هاواری کرد:

– بافیلچوف... بافیلچوف بوو بە کاتولیك ؟ مەحاڵە!

ئیڤان پتروفیچ، بەدڵنیایی و بەکاوە خۆ گوتی:

– چۆن "مەحاڵە"؟ میرزادە گیان پێویست بە هەڵچوون ناکات. دەبێ دان بەوەدا بنەی کە... بەڵام تۆ زۆرت ڕەحمەتی خۆشدەوێ... بە ڕاستی پیاوێکی دڵپاك و خۆشباوەڕ بوو، من پێموایە هەر ئەم دڵپاکیە بوو کە کردیە کارێك ئەو قەشە فێڵبازە تەفرەی بدات. تۆ وەرە لە من بپرسە، کە لەدوای ئەو مەسەلەیە چ دەردە سەری و کێشەیەکم تووش بوو... بە تایبەتی دەگەڵ هەمان گورودا!

ئیڤان پتروفیچ، ئاوڕی لە پیاوەکە دایەوە و لە سەری ڕۆیی:

– باوەڕ بفەرموو دەیانویست ئیعتراز لەوەسێتنامەکەشی بگرن و ئیدیعابکەن کە بەشە میراتیان دەکەوێ. ئەوە بوو من ناچار بووم کە پەنا بەرمە بەر توندترین ئیجرائات– تا بیان هێنمەوە سەر ئەقڵ– چونکە لەم کارانەدا زۆر لێزان بوون، دەیانزانی چی دەکەن. بە ڕاستی ئەوانە خەڵکێکی سەیرن! بەڵام.. شوکر بۆ خوا، کێشەکەمان لە مۆسکۆ بوو، بۆیە یەکسەر خۆم گەیاندە کۆنت و ئاقڵمان کردن.

میرزادە، دووبارە هاواری کرد:

– ناتوانی تەسەور بکەی کە چەند دڵم گوشرا!

– بەداخەوەم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەمانە هیچی گرینگ نین، زوو لەبیر دەچێتەوە، من لەم ڕووەوە دڵنیام.

ئەوجا دیسان ڕووی کردەوە پیرەمێردەکەو لە سەری ڕۆیی:

– وەکو دەڵێن کۆنتێس ك، هاوینی ڕابردوو، لە هەندەران چووەتە دێرێکی کاتولیکی. لەوەدەچێ هاولاتیانی ئێمە کە دەکەونە چنگی ئەو تەڵەکەبازانە، ئیدی هیچ توانایەکی بەرگریان نامێنێ، بە تایبەتی لە هەندەران.

کابرای پیرەمێرد، بە متمانەوە گوتی:

– من پێموایە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سستی خۆمان. جگە لەوەی شێوازی تەبشیری ئەوانەش یەجگار ناسك و کاریگەرە... بەخۆشیان خەڵکانێکی بە سام و هەیبەت و بەشەخسیەتن، دەزانن چۆن دەتترسێنن و دڵت نەرم دەکەن و دەتهێننە ڕەدا، لەمەدا بە ڕاستی وەستان. لێتانی

ناشارمەوە ئەمەیان لەگەڵ خودی خۆمان کردووە. ترساندومیان، ئەمەیان لەساڵی ١٨٣٢دا، لە ڤێنا لەگەڵ کردم. بەڵام من ملم نەدا، خۆم لەچنگیان دەرباز کرد، بە هەڵاتن هەڵهاتم. ها ها! باوەڕبکەن هەڵاتم!...

لێرەدا دۆتمیر بیلوکونسکایا، لەپڕ هەڵیدایەو گوتی:

– برادەری ئازیز ئەوەی من بیستوومە، تۆ هەنگێ دەگەڵ ژنیکی جواندا، لە گەڵ کۆنتیس لیڤیتسکی دا، لە پێناوی ئەو ژنەدا لە ڤێناوە بۆ پاریس هەڵاتبوویت و، دەستبەرداری خزمەت بووبی، دەنا خۆدزینەوە و دوورکەوتنەوە لە یەسوعیەت لە ئارادا نەبووە.

پیرەمێر، کە ئەو یادگاریە خۆشەی بیرکەوتەوە، بزەیەکی بۆ کردو بەرسڤی دایەوە:

– ئێ... مەسەلەکە هەر دەچێتەوە سە یەسوعیەتەکە، چونکە ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی بە یەسوعیەتەکەوە هەبوو.

ئەوسا، ڕووی کردە میرزادە کە بە واقی وڕەوە گوێی هەڵخستبوو وحایرو سەرسام دەمی کردبووەوە، بە زمانیکی شیرین و نەرمەوە گوتی:

– لەوە دەچێت تۆ کەسێکی زۆر مەزەبی بیت، کە ئەمە لە نێو گەنجانی ئەمڕۆدا زۆر کەمە.

دیاربوو کە پیرەمێرد، حەزی دەکرد زیاتر میرزادە بناسێت و مەبەستی تایبەتی خۆی لەم بایەخ پێدانەیدا، هەبوو.

میرزادە لە ناکاودا گوتی:

– بافیلچوف، پیاوێك بوو ئاقڵ و هۆشن. مەسیحیەکی بێ غەل و غەش و پایەدار. چۆن دەیتوانی بچێتە سەر مەزەبێك... کە غەیرە مەسیحی یە؟ خۆ کاتولیگەری ڕۆمی، فرِی بە مەسیحیەتەوە نیە!

بەدەم ئەو قسانەوە، چاوانی دەدرەوشانەوە، بە جۆرێ چاوی بە دەوروبەری خۆیا دەگێڕا، وەك ئەوەی بیەوێ بە نیگایەك هەر هەمووان بدینێ.

پیرەمێرد، نیگایەکی پڕ سەرسامی، ئیڤان پترۆفیچی کردو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەمە، دەکاتە توندڕەوی.

ئیڤان پتروفیچ، لەسەر کورسیەکەی وەرچەرخاو ڕوو لە میرزادە گوتی:

– بۆچی کاتولیك فڕی بە مەسیحیەتەوە نیە؟ ئەگەر مەسیحیەت نەبێ ئەدی چیە؟

میرزادە بەوپەڕی هەڵچوون و زۆر بەتوندی گوتی:

– یەکەم مەزەبێکی غەیرە مەسیحیە. دووەم مەسیحیەتی ڕۆمانی بەلای منەوە لە خوانەناسی خراترە! بەڵێ ئەمە بۆچوونی منە! خوانەناسی تەنیا بانگەشە بۆ نەهلیزم دەکات، بەڵام کاتولیکیەتی ڕۆمانی لەوەش هێوەتر دەڕوات: بانگەواز و بانگەشە بۆ مەسیحێك دەکات، شێواو، قەڵب، ساختە و دەستکرد، کە ڕێك پێچەوانەی مەسیحی ڕاستەقینەیە. باوەڕبکەن من زۆر دەمێکە گەیوومەتە ئەو قەناعەتە و زۆریش عەزابم پێوە کێشاوە.. کاتولیکیەتی ڕۆمانی، قەناعەتی وایە کە کڵێسا بەبێ مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی، بەبێ هێزێکی پتەوی دەوڵەتڕانی، ناتوانێ خۆی بگرێت و بمێنێ. بەئاشکرا هاوار دەکات: "ناتوانین"*. بە ڕای من کڵێسای ڕۆمانی ئاین نیە، بەڵکو درێژەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژاوایە. هەموو شتێکی لەخزمەتی ئەو بیرۆکەیەدایە، تەنانەت دین و باوەڕەکەشی. پاپا قەڵەمڕەو و تەخت و تاجی دنیایی بۆ خۆی کۆنتڕۆڵ کردووە و شمشێری خۆی لێهەڵکێشاوە. ئیدی لەوساوە هەروا هاتووە و هیچ شتێك نەگۆڕاوە، لە سایەی شمشێردا نێرەنگ، درۆ، فریو، خورافات و تورەهات پەرستی زیادی کردووە. ئەوانە گەمەیان بە پیرۆزترین، پاکترین، ڕاستگۆترین، و گەرمترین هەست و سۆزی جەماوەری خەڵك کردووە، بەڵێ گەمەیان بە هەموو شتێك کردووە، هەموو شتێکیان لە پێناوی سەروت و ساماندا، لەپێناوی دەسەڵاتێکی ئەهرەیمەنی کاتیدا، فرۆشتووە. ئایا ئەم باوەڕە پێچەوانە و دژی مەسیحیەت نیە؟ ئیدی چۆن کاتولیکیەت نابێ بەسەرچاوەی خوانەناسی؟ خوانەناسی لە خودی کاتولیکگەری ڕۆمانیوە سەری هەڵداوە! ئەسڵەن خوانەناسی لە کاتولیکیەتەوە دەستی پێکردووە، بۆچی ئەوانە بە خۆیان باوەڕیان هەبووە؟ ئیدی خەڵکەکەیان بە جۆرێ بێزارکرد کە تەواو پشتیان کردە ئاین و خوانەناسی کەوتە پەرەسەندن. خوا نەناسی بە هۆی درۆ و دەلەسەو بێ ئەخلاقی ئەوانەوە پەرەی سەند. خوانەناسی! خوانەناسی لە وڵاتی ئێمەدا تەنیا لەنێو هەندێ توێژی زۆر کەمی کۆمەڵگەدا دەبینرێ،، یەڤگینی پافلوفیچ گوتەنی لە نێو توێژە " بی ڕەگ و ڕیشەکاندا" دەبینرێ ،کە ئەلهەقی ناوێکی پڕ بەپێستی لێناون. بەڵام لەوێندەر، لە ئەوروپا، جەماوەرێکی زۆری خەڵکی ئیمانیان لە دەست داوە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندان. بێ ئیمانی جارانیان بە هۆی نەزانی و درۆوە بوو. بەڵام بێ باوەڕی ئێستایان زادەی نەفرەت و بێزاریە لە کڵێسا و لە مەسیحیەت!

میرزادە، هەڵوەستەیەکی کرد تا نەفەسێك تازە بکاتەوە،چونکە زۆر بە پەلە و یەکبینە قسانی کرد، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو و هانکە هانکی پێکەوتبوو. ئامادەبووان بە سەرسامیەوە تەمەشایەکی یەکیان کرد. ئەنجام پیرەمێرد کەوتە پێکەنین. میرزادە "ن..." چاویلکەکەی دەرهێنا، لە چاوی کردو کەوتە ڕوانینی میرزادە لیون نیکولایوفیچ. شاعیرۆکە ئەڵمانیەکە، کە تا ئەوکاتە بە بێدەنگی لەسووچێکا خۆی کزکردبوو، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزی دژمنانەوە، هەستاو لە مێزەکەی وان نزیك بووەوە.

ئیڤان پتروفیچ، کە تا ڕادەیەك پەستی و بێزاری پێوە دیاربوو. بە دەنگێکی کشدار گوتی:

– تۆ.. ز.. ۆ.. ر، مو.. با.. لە.. غە دەکەی، ئەم مەزەبەش پەیڕەوانێکی زۆری هەیە.. پیاوی بە حورمەت و شایستە و زاناو دانای گەورەی تیایە...

– من باسی پەیڕەوانی ئەم مەزەبەم نەکردووە. باسی نوێنەرانی ئەم مەزەبەم نەکردووە. باسی کڵێسای ڕۆمانیم وەکو خۆی کردووە، باسی ڕۆمام کرد. ماقوولە مەزەبێك بە یەکجارەکی لە ناو بچێ و نەمێنێ؟ من شتی وام هەرگیز نەگوتووە!

– ڕاست دەکەی. بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێی، هەموو کەس دەیزانن و پێویست بە باس کردن ناکات. ئەمە جگە لەوەی... ئەمە کاری زانستی ئایینناسی و خواناسیە...

– نا، نا، تەنیا کاری زانستی ئایینناسی و خواناسی نیە، دڵنیابە وانیە! بەڵکو زۆریش پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ڕاستەوخۆ ڕووی ئێمەش دەگرێتەوە. جا هەڵەکەی ئێمە لەمەدایە: هێشتا نەگەییوینەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە هەر مەسەلەیەکی لاهوتی ڕووت نیە! ئەوەش بزانن کە سوسیالیزمیش بەرەنجامی کاتولیکە. سویالیزمیش، وەکو خوانەناسی برای، لە نائومێدیەوە سەری هەڵداوە. کار بۆ وەرگرتنی ئەو دەسەڵاتە ڕوحییە دەکات کە ئاین و مەزەب لە دەستی داوە، کار بۆ شکاندنی تینویەتی دەروونی بەشەری دەکات، ئاشتی لە مەسیحدا نابینێ، بەڵکو لە زەبروزەنگدا دەی بینێ! جا لێرەدا دەبینین ئەمانەش، بە هەمان نەفەسی کاتولیکگەرییەوە، گەرەکیانە ئازادی بە هۆی عونفەوە دابینبکەن، گەرەکیانە یەکێتی بە زەبری شمشێر و خوێن وەدی بێنن! "نابێ ئیمانت بەخوا هەبێ، نابێ موڵك و ماڵی تایبەتیت هەبێ، نابێ پیاو هەر خەمی خۆی بێ، یان برایەتی یان مردن، ئەگەر دوو ملیۆن سەر بێتە بڕین!" لەکۆنەوە گوتراوە: "بەکارەکانیانا دەیان ناسن!" وا خەیاڵ نەکەن کە هەر هەموو ئەمانە زەرەریان بۆ ئێمە نەبووە، هیچ هەڕەشەیەکیان بۆ سەر ئێمە نیە! نەخێر... دەبێ فریا بکەوین، کار بکەین.. بەو پەڕی تواناوە کاربکەین. پێویستە کە مەسیحەکەمان، ئەو مەسیحەی ئێمە پاراستوومانە و ئەوان هەر

گیز نەیان توانیوە بیناسن، پێویستە ئەو مەسیحە دووبارە لە هەنبەر ڕۆژئاوادا، بگەشێتەوە، بدرەوشێتەوە. پێویستە ڕوو بە ڕوویان ببینەوە، نەك كۆیلە ئاسا چەشەی یەسوعیەتی وان بخۆین و بە كەماڵی ئارەزوو ڕاومان بكەن، نا.. پێویستە ژیارو شارستانیەتی ڕووسی خۆمانیان لە ناوا بڵاوبكەینەوە. با ڕێگە نەدەین لە بەینی خۆمانا، وەكو توزێ لەمەپێش یەكێك گوتی، بڵێین شێوازی وان لە بڵاوكردنەوەی ئاین دا شێوازێكی ناسكە...

ئیڤان پتروفیچ، كە بەوپەڕی نیگەرانیەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی و تەنانەت جۆرە ترسێكیشی پێوە دیاربوو گوتی:

- بە یارمەتیت، بە یارمەتی خۆت... هەڵبەتە بۆچوونەكانت مایەی ستایشن، پڕن لە هەستی نیشتمانپەروەری، بەڵام زۆر توندن توند، باشتر وایە لەوەی پتر لەسەر ئەم مەسەلەیە نەڕۆین...

- نەخێر، هیچ توندیەكی تیانیە، بگرە ئەوەی من دەیڵێم زۆر لە حەقیقەت كەمترە، چونكە من ناتوانم وەكو پێویست گوزارشت لە هزر و مەبەستی خۆم بكەم، بەڵام...

- ئا... بە یارمەتیت.. ڕێگەم بدە!

میرزادە، بێدەنگ بوو، بێ جوڵە لەسەر كورسیەكەی دانیشتبوو، سەری بەرز گرتبوو، بەچاوانی پڕ پرشنگەوە لە ئیڤان پتروفیچی دەڕوانی.

پیرەمێردی بە شەخسیەت، بە زمانێكی نەرم و دۆستانە، هێدی و هێمن گوتی:

- وا هەست دەكەم ئەو واریقاتەی لە سەر وەسێتەكەت ڕووی دابوو، زۆر كاری تێكردوویت و وەكو كارەساتێك وەرت گرتووە. زۆر خۆت پێ مشەوەش كردووە... ڕەنگە هۆی تەنیایی بێ. ئەگەر زیاتر تێكەڵاوی خەڵكی و كۆمەڵگە بیت (ئومێدەوارم كە كۆمەڵگەی ئەرستوكرات، بە باشی و گەرمی پێشوازی لە گەنجێكی زۆر باشی وەكو تۆ بكات) ئەم هەڵچوونەت دادەمركێتەوە و بۆت بە دیاردەكەوێ كە مەسەلەكە زۆر لەوە سادەترە كە وێنای دەكەی!... جا ئەم حاڵەتانە زۆر دەگمەنن... بە ڕای من هەندێكی دەگەڕێتەوە بۆ تێری خۆمان و هەندێكی دیكەی دەگەڕێتەوە بۆ... بێزاری..

میرزادە گوتی:

- دەقاو دەق... وایە، زارخۆش، جوانت پێكا! بە ڕاستی لە سۆنگەی "بێزارییەوەیە"! دەگەڕێتەوە بۆ (بێزاری خۆمان). هۆیەكەی تێری نییە، بەڵكو بێزارییە! من لێرەدا نەم پێكا،

بۆچوونەکەم دروست نەبوو. ئێمە خەڵکانێکی تینوین، تینویەتیمان نەشکاوە. نەك هەر تینو، بەڵکو تیفەرۆین!... جا وامەزانن ئەم دیاردەیە ئەوەندە سادەو بچووك بێ، کە بە پێکەنین بەڕێ بکرێ. بمبورە.. پیاو دەبێ پێشوەختە، پێشبینی بویەر و ڕووداوان بکات. خەڵکی ڕووس، هەر کە پێی دەگاتە کەنار، هەرکە دڵنیا بوو پێی ناوەتە وشکانی، ئیدی ملی پێوە دەنێت و دەڕوات، شادو خۆشحاڵ گوڕ دەبەستێتەوە. بۆچی وایە؟ ئێوە سەرتان لە کارەکەی پافیلچوف سوڕدەمینێ، پێتان وایە، ئەوەی لە شێتی یان لە دڵسافی بووە. بەڵام لە ڕاستیدا وانیە. چونکە عاتیفی بوونی ڕووسیایی لەم مەسەلانەدا هەر لای خۆمان بگرە لای ئەوروپاییەکانیش مایەی سەرسامیە. کە ڕووسیاییەك دەبێ بە کاتولیك و کاتولیکگەری قەبووڵ دەکات، یەکسەر دەبێ بە یەسوعی و لە هەر یەسوعیەك یەسوعیتر دەردەچێ. ئەگەر باوەڕ بە خوانەناسی بێنێ، داوا دەکات بە زەبری شمسیر هەر جۆرە خواناسیەك لە ناو بەرێ! هۆی ئەم توند ڕەوییە چیە؟ سەرچاوەی ئەم شێتایەتیە کوتوپڕە چیە ؟ نازانن ؟ هۆیەکەی ئەمەیە کە پێی وایە نیشتمانێکی تازەی پەیدا کردووە، کە لێرەدا ئەو نیشتمانەی نەبووە، یان پەی بەوە نەبردووە کە ئێرە نیشتمانیەتی، ئیدی بەم دۆزینەوە تازەیە بە ڕادەیەك خۆشحاڵ دەبێت کە لەپێستی خۆی ناهێورێ. بەخەیاڵی خۆی گەیوەتە کەناری ئارام، پێی گەییوەتە وشکایی، خێرا دادەنەوێتەوە و ماچ بارانی دەکات! دیارە ئەمەی لە گەوجێتی نیە، ڕووسەکان لە گەوجێتی یان لە غرووورەوە ڕووناکەنە خوانەناسی و یەسوعیەت، بەڵکو لە ڕووی تینویەتی سایکولوژیەوەیە، تینوی دنیایەکی باڵاترن، تینوی زەوی و خاکێکی پایەدار و پتەون. تینوی نیشتمانێکن کە جێی ئەو نیشتمانەیان بۆ بگێڕێتەوە کە نەك باوەڕیان پێ نەماوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا و هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیان ناسیوە و قەدریان نەزانیوە! گەلی ڕووسیا زۆر بە ئەسانی ڕوو لە ئیلحاد و خوانەناسی دەکات، ئاسانتر لە هەر گەلێکی ئەم دنیایە. هاوڵاتیانی ئێمە هەر بەوەوە ناوەستن ببنە خوانەناس، بەڵکو بەجۆرێ ڕوو لە ئیلحاد و خوانەناسی دەکەن و باوەڕی پێدێنن وەکو ئەوەی ئاینیکی تازە بێ، غافڵن لەوەی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا باوەڕهێنانە بە نەهلیزم و پووچگەرایی. ئێمە تا ئەم ڕادەیە تینوو و تامەزرۆی ئیمان و باوەڕین. " ئەوەی خاکی نەبێ خواشی نیە." ئەمە قسە و بیرۆکەی من نیە، بەڵکو لە سەفەرێکا بازرگانێکی سەر بە مەزەبی کۆنە دینان پێی گوتم. هەڵبەتە بە هەمان دەق بەکاری نەبرد، بەڵکو گوتی: "ئەوەی نکوڵی لە نیشتمانی خۆی بکات، نکوڵی لە خواش دەکات". تەسەور بکەن لەم ڕووسیایەی ئێمەدا خەڵکانی زۆر خوێنەوار و ڕۆشنبیر هەبوون کە پەیڕەوی تەریقەتی (خلیستەکانیان)* کردووە... لیرەدا پرسیار ئەمەیە بۆچی ئەم تەریقەتە لە نەهلیستی و یەسوعی و خوانەناسەکان بەخراتر بزانین؟ خۆ ڕەنگە بیرو باوەڕی ئەمان لە هی ئەوان قووڵتر بێ! نیگەرانی دەروونی بۆ ئەوێی

کێشاون!... کەنارەکانی "دنیای تازە، یەنگی دنیا" بە هاورێیانی تینوو و تیفەڕۆی کولومبس نیشان بدەن، "دنیای ڕووسیا" بە تاکی ڕووسی نیشان بدەن، زەمینەی بۆ خۆشبکەن کە زێڕ بدۆزێتەوە، ئەو گەنجە کەشف بکات کە لە ژێر خاکدایەو لەو پەنهانە، پیشانی بدەن، تێی بگەیەنن، کە چۆن ئایندەی تیرەی بەشەر بە فەزلی هزری ڕووسی و خوای ڕووسی و مەسیحی ڕووسی، تازە دەبێتەوە و دەبوژێتەوە، هەنگێ دەبینن چ زەبەلاحێکی دادپەروەر،چ حەکیمێکی حەلیم و بەردەبار لەبەر چاوی حیرەتزەدەی دنیادا، حیرەتزەدە و هەراساندا، قوت دەبێتەوە. چونکە ئەوانە جگە لە شمشێر، لە شمشیر و عونف، چاوەڕوانی هیچ شتێکی دی نین لە ئێمە. بەپێی پێوەری وان، ئێمە لە کۆمەڵە خەڵکێکی هۆڤی زیاتر هیچی دی نین، تا ئێستاش وا سەیرمان دەکەن. دیارە ئەم بۆچوونە هەڵەیە، لە ئایندەدا زیاتریش دەبێ!و...

لێرەدا، بۆیەرێك ڕودی دا کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کۆتایی بە قسەکانی میرزادە هێنا.

ئەم گوتارە دوور و درێژە، ئەم گوتارە گەرم و گوڕە، ئەم لێزمەی وشە بێ سەرو بەرانەی کە ڕەنگدانەوەی گێژاوێکی فیکری، هەڵچووی، شێواوی، هەڤدژ بوو، کە هەر هەموو نیشانەی دەرکەوتنی حاڵەتێکی زەینی شپرزە و پەشێوی کوڕێکی گەنج بوو کە کوت و پڕ،بەو ئاوایەو، بێ هیچ ئەنگێزە و سۆنگەیەکی ئاشکرا، هاتبووە جۆش و خرۆش.

هەر هەموو ئەوانەی کە لە ئاهەنگەکەدا بوون و میرزادەیان دەناسی، کە چاویان بەم هەڵچوونە کوتوپڕەی میرزادە کەوت نەك هەر حەپەسان (بەڵکو هەستیان بە تەریقی و شەرمەزاریش کرد) سەرسامی ئەوە بون، کە ئەم هەڵچوون و جۆش و خرۆشە دەگەڵ تەبیعەتی ئارام و شەرمنانەی ئەودا، دەگەڵ زیرەکی و نەرم و نیانی و پابەندی خۆرسکی ئەودا بەداب و نەریتەوە، نەدەگونجا. نەیاندەزانی بۆچی لە خووی ئاسایی خۆی دەرچووە، بۆ ئەم حاڵەتەی لێهاتووە. نە دەچووە ئەقڵەوە بە هۆی ئەو هەواڵەوە بووبێ کە لەمەڕ پاڤیلچوف بیستی.

ژنەکان، لای خۆیانەوە، بەو چاوە سەیریان دەکرد کە ئەقڵی لە دەست داوەو شێت بووە. دۆتمیر بیلوکونسکایا پاشان ئیعترافی کرد بوو کە " ئەگەر ئەو دیمەنە یەك تۆزی دی بەردەوام با. هەڵدەهات." دوو میوانە پیرەکە، لەسەرسامیدا واقیان وڕما بوو. جەنەڕاڵ (گەورە فەرمانبەرەکەی) سەرۆکی یەپانچین، بە گرژ و پەستی لەسەر کورسیەکەی خۆی بێ جوڵە دانیشتبوو.. کۆڵۆنێلە ئەندازیارەکە. بێ خەم و خەیاڵ، هێدی و هێمن، لە جێی خۆی دانیشتبوو، وەك دەڵێن هەر مێشیش میوانی نەبوو. کابرای ئەڵمانی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو،

بەڵام بەدەم بزەیەکی ساختە و فریوکارانەوە، دەیڕاوانیە دەوروبەری خۆی تا بزانێ کاردانەوەی ئەوانی دی چۆنەو چی دەکەن، بەڵام لەگێن بوو ئەم فەزیحەتە، ئەم پەشێویە هەر هەمووی بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی، لە یەك دوو دەقیقەدا بڕێتەوە و کۆتایی پێ بێت.تەنانەت ئیڤان فیدوروفیچ کە لەوانی دی بە حەوسەڵەتر بوو، تەواو حەپەسابوو، چەند جارێك هەوڵیدا میرزادە کۆنترۆڵ بکات و سنوورێکی بۆ دابنێ، بەڵام فایدەی نەبوو، بۆیە بەرەو لای وی چوو تا چارێکی بکات . خۆ ئەگەر یەك دوو دەقیقەی تری پێ چووبا و، پێویستی کردبا لە گێن بوو بە قسەی خۆش و دۆستانە، بە بیانووی ئەوەی کە نەخۆشە لە هۆڵەکە بیباتە دەرێ و دەری بکات. لەوەش دەچوو بە ڕاستی نەخۆش بێت، بە هەرحاڵ ئیڤان فیدوروفیچ لەلای خۆیەوە قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە نەخۆشە و هۆی هەڵچوونەکەشی ئەمەیە... بەڵام ڕێڕەوی ڕووداوەکان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت!...

میرزادە، هەرکە لە هەوەڵەوە، خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، دوورترین شوێنی لەو گوڵدانە چینی یەوە هەڵبژارد کە ئاگلایا زۆری تاکید لێکردبووەوە کە ئاگاداربێ نەیشکێنێ. دوای ئەوەی ئاگلایا دوێنێ ئەو قسەیەی پێ گوتبوو، ئیدی جۆرە پێشبینییەکی باوەڕ نەکردەنی لە مێشك و زەینا چەسپی بوو، کە سبەینێ چەند خۆی دوور بگرێت،چەند خۆی لە هەڵە بپارێزێت، لە دڵی چەسپیوە ئەو گوڵدانە هەر دەشکێنێ و مەحاڵە لەو فەزیحەت و کارەساتە بخەلەسێت، هەڵبەتە ئەمە ترس و پێشبینییەکی باوەڕ نەکردەنی بوو. دەیسا با بزانین چ قەوما: شەوێ، لەکاتی شەونشینییەکەدا، هەستێکی دیکە، هەستێکی توند و لە هەمان کاتدا بەلەزەت، دڵ و دەروونی داگرت، هەمان ئەو هەستەی کەپێشتر باسمان کرد. ئەم هەستە هەموو ترس و نیگەرانیەکانی تری لە بیر بردەوە، کە گوێی لە ناوی پافلیچوف بووو ئیڤان فیدۆرۆفیچ بردی بۆ لای ئیڤان پتروفیچ و بە یەکتری ناساندن، میرزادە لە مێزەکە نزیك بووەوە و لەسەر قەنەفەیەکی نزیکی گوڵدانە چینیە گەورەکە دانیشت، گوڵدانەکە لەسەر تەپڵەکێك دانرابوو کە لە ئاستی ئانیشکی ئەم وکەمێك لە پشتیەوە بوو.

هەرکە هاتە سەر دوا وشەکانی وتارە دوور و درێژەکەی، لەپڕ هەستایە سەر پێیان، دەستەکانی بە توندی ڕاوەشاندن و شانی هەڵتەکاندن، لەپڕ...فریادی ئامادەبوان بەرزبووەوە! گوڵدانەکە کەوتە لەرەلەر، لە هەوەڵەوە لەوە دەچوو بکەوێ بەسە یەکێك لە دوو پیرەمێرە بەڕێزەکەدا، بەڵام باش بوو لەپڕ بەم دیواو بەلای کابرای ئەڵمانیدا پێچی خواردەوە. کابرای ئەڵمانی لە ترسا بەلەز هەستاو خۆی لادا. گوڵدانەکە بە تەق و هۆڕ کەوتە سەر زەوی و شکا، دەنگی شکاندن و فریادی خەڵکەکە تێکەڵ بوو. پارچە گرانبەهاکانی، بەسەر مافورەکەدا پەخش و بڵاوبووەوە! ترس و

سەرسامی باڵی بەسەر ئاهەنگەکەدا کێشا. سەبارەت بە میرزادە، کەس حاڵی بە حاڵی ئەو نەبی! زۆر زەحمەتە کەس بتوانێ ئەو حاڵە بەرجەستە بکات کە ئەوی تێکەوتبوو، بەڵام هەر چۆنێ بێ، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەوتەنیش بووە، پێویستە ئاماژەیەك بەو هەستە تایبەتیە بکەین کە لەو دەمەدا باڵی بە سەراکێشا، هەستێك بوو بە ئاشکرا لە هەر هەستێکی دیکەی بە ژان یان ترسناك زەقتر و دیارتر بوو. ئیدی ئەو هەستەی کە لە هەر هەستێکی دی زیاتر حەپەساندبووی، هەستی شەرم، تەریق بوونەوە، حەیاچوون یان ترس و غافڵگیری نەبوو، بەڵکو هەستی ئەوە بوو، هەر پێشبینییەك کە کرابوو، کوت و مت، وەکو خۆی هاتە دی! ئەگەر لێت پرسیبا، ئەمە چ هەستێك بوو،چۆن پێشبینی ئەو وەزعەی کردووە، نەیدەتوانی هیچ وەڵامێك بداتەوە، بەڵام هەستی دەکرد، کە هێزێکی گۆنگ گەمارۆی دڵی داوەو بەخۆیشی کەوتووەتە چنگی ترسێکی پەنهان و مەیلەو غەیبانی. دوای تۆزێك وای هاتە بەرچاو کە ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەمیا دەکرێتەوە و ترسەکەی بەرە بەرە دەڕەوێتەوە و هەستێکی پڕ لە ڕووناکی و خۆشی و جەزمە جێی دەگرێتەوە و ئەم هەستە نەفەسی تەنگ دەکرد و... بەڵام ئەوەش ماوەیەکی زۆر کورتی خایاند. سوپاس بۆ خودا کە ئەمە هەمان ئەو شتە نەبوو کە لێی دەترسا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و، ڕوانیە دەوروبەری خۆی.

تا ماوەیەکی زۆر لە یەکێك دەچوو ئاگای لەو هەراو زەنایەی دەوروبەری نەبێت. یان بە گوتەیەکی دی زۆرباش لە هەموو شتێك تێدەگەیی و بەڕوونی هەموو شتێکی دەبینی، بەڵام وای هەست دەکرد لە دەرێی ڕووداوەکاندایە و لە هیچ شتێکدا بەشدار نیە، وەکو کاراکتەرێکی پەنهان و نادیاری حیکایەتە خورافیەکان چووەتە شوێنێ پڕە لە خەڵکانی نامۆ غەوارەو، ورد ورد تەماشایان دەکات و، حەزدەکات بزانێ چ دەکەن. سەیری کرد پارچەی گوڵدانەکە کۆدەکەنەوە، گوێی لێ بوو، بەپەلە قسان دەکەن، ئاگلایای بینی کە چاوی بڕیوەتە ئەو: ئاگلایا زەرد هەڵگەڕابوو، شکڵ و بیچمی غەریب، زۆر غەریب بوو، بەڵام زەڕەیەك نەفرەت یان تووڕەیی لە نیگایدا نەبوو، بەڵکو سۆز و مەحەبەت لە چاوانی هەڵدەقوڵان. کاتێ تەمەشای ئەوانی تری دەکرد چاوانی دەدرەوشانەوە... لەپڕ ئۆخژەنێکی خۆش، لە دڵ و دەروونی میرزادە گەڕا.

ئەنجام کە سەیری کرد هەمو ئامادەبووان نەك هەر لە جێی خۆدانیشتبوون، بەڵکو بەجۆرێ پێدەکەنین وەکو ئەوەی هیچ شتیك ڕووی نەدابێت! زۆر حەپەسا! دەقیقەیەکی دیکەش تێپەڕی، دەنگی پێکەنین بەرزتر بووەوە، سەیری ئەویان دەکرد و پێدەکەنین، بە شپرزە بوون و حەپەسانەکەی ئەو پێدەکەنین، بەڵام پێکەنینێکی خۆش و دۆستانە. گەلێك لە ئامادەبووان زۆر بە لوتف و مەحەبەتەوە دەیان دواند، بە تایبەتی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، کە زۆر بە میهرەبانی و

ڕووخۆشی و پێکەنینەوە قسانی دەکرد، لەپڕ هەستی کرد ئیڤان فیدوروفیچ دۆستانە دەستی دا بە شانیا، بەڵام لە هەموویان میرەبانتر، ڕووخۆشتر، بە لوتفتر ، پیرەمێرە چکۆلەکە بوو! دەستێکی میرزادە گرت، بە نەرمی گوشی، بەدەستەکەی تری بە ئەسپایی پێیدا دەکێشا، داوای لێدەکرد ئارام بێ و گوێ نەداتێ. وەکو چۆن کەسێك دڵخۆشی منداڵێکی ترساو بداتەوە. میرزادە ئەمەی زۆر پێخۆش بوو. ئەنجام وای لێکرد کە لای ئەوەوە دابنیشێت. میرزادە بە شادییەوە کەوتە نیگاکردنی سەروچاوی پیرەمیرەکە. بە جۆرێ هەناسەی سواربوو بوو، کە نە یدەتوانی تاقە وشەیەك بڵێ. ئەنجام، بە هەر مینگە مینگێك بوو هاتە قسان!

–چۆن؟ یانی ئێوە دەمبورن؟و... تۆش لیزاڤیتا پروکوفیڤنا؟

دەنگی پێکەنین بەرزتر بووەوە. لە خۆشیانا فرمێسك زایینە چاوانی میرزادە. شادییەکی ئەوتۆ سەراپای داگرتبوو کە خۆیشی باوەڕی نەدەکرد. ئیڤان پتروفیچ گوتی:

– هەڵبەتە گوڵدانیکی جوان بوو. لە بیرمە لەوەتای پازدە ساڵە لێرەیە... بەڵێ... پازدە ساڵ...

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، بەدەنگی بەرز گوتی:

– چ قەوماوە، خۆ دنیا ئاخر نەبوو! مرۆڤ بە خۆی دەمرێ، چ پێویست دەکات خەفەت بۆ گۆزەیەکی چینی بخوات!

ئەوسا، بە نیگەرانیەکی کەمەوە لەسەری ڕۆیی:

– زۆرت لەبەرگران بوو لیون نیکولایوفیچ؟ وەرە گیانە وەرە! هەر گوێی مەدەیە! پێم ناخۆشە وا خۆت سەغڵەت کردووە!

میرزادە گوتی:

– باشە ئێوە دەمبوون، "لە هەموو شتێك" دەمبورن؟ هەر لە شکانی گوڵدانەکە نا، بەڵکو لە "هەموو شتێك"

میرزادە دەیویست هەستێت، لێ پیرەمێرەکە دەستی گرت و نەیهێشت بڕوات. لە سەرمێزەکەوە، بە دەنگێکی نزم، بەڵام بە باشی دەبیسترا، بە ئیڤان پتروفیچی هاوڕێی گوت:

– سەیرە، شتێکی زۆر سەیرە!

میرزادە گوتی:

– یانی من کەستانم نە ڕەنجاندووە؟ ئۆخەی خۆشحاڵم ئەگەر هەستی کەستانم بریندار نەکردبێ! خۆ هەر ناشبێ شتی وا بکەم، ئاخر من چ حەدم هەیە خەڵکی وەکو ئێوە بڕەنجێنم؟ تەنانەت بیرکردنەوەش لە شتی وا دەکاتە ناماقووڵی!

– دۆستی ئازیزو وەخۆ وەرەوە، پێویست بەو موبالەغەکاریە ناکات. هیچ پێویست بەو هەموو منەتباریە ناکات، ئەمە هەستێکی جوانە، بەڵام موبالەغە ئامێزە.

– من تەنیا منەتبار نیم بەڵکو دڵبەندی ئێوەم، شادو خۆشحاڵم بەدیتنتان. ڕەنگە هەندێ گەوجانە هەستی خۆم دەربڕم، بەڵام هەستدەکەم پێویستە، تەنانەت ئەگەر هەر لەبەر خاتری خۆیشم بووە، قسە بکەم، گرێی دڵی خۆم بکەمەوە، ئەوەی لە ناخما پەنگاوەتەوە، هەڵیڕێژم. ڕەفتاری میرزادە، هەڵچوون و نیگەرانیەکی زۆری پێوە دیار بوو، لەوە دەچوو نەتوانێ بە وشە مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێ، ئەوەی لە ناخیا پەنگابووەوە بە وشەی بسپێرێت. بە چاوانیا دیار بوو کە دەیویست یارمەتی بدەن تا قسان بکات. چاوی بە دۆتمیر خانم بیلوکونسکایا کەوت.

خانمی پیر گوتی:

–خۆت سەخڵەت مەکە گیانە، قسە بکە، قسەکەت تەواو بکە. شەرم مەکە. تۆزێ خۆت هێور بکەوە، بێهیچ ترس و دوودڵیەك قسەی خۆت بکە. ئەم بەڕێزانەی کە لێرەن شتی زۆر سەیرتریان لە تۆ دیتووە، ئەم شتانەیان بەلاوە ئاساییە، هیچ شتێك نەبووە، گوڵدانێکت شکاندووە و خەڵکەکە تۆزێ ترسان.

میرزادە کە بە زەردەخەنەوە گوێی لە دۆتمیر دەگرت، لە پڕ ئاوڕی لای پیرەمێرەکەی دایەوەو پرسی:

– ئایا تۆ نەبووی کە سێ مانگ لەمە پێش خوێندکار پۆدکوموۋ و فەرمانبەر شڤابرین–ت لە نەفی کردن بۆ سیبریا، ڕزگار کرد؟

پیرەمێر، کەمێك سوور بووەوە، لە بن لێوانەوە داوای لێکرد کە خۆی هێور بکاتەوە.

میرزادە، لەپڕ ڕوو لە ئیڤان پترۆفیچ لە سەری ڕۆیی:

– دەربارەی تۆش بیستوومە کە ژمارەیەك لەو جووتیارانەی کە کۆنە ڕەعیەتی تۆ بوون، وێڕای ئەوەی دوای ئازاد بوونیان، خراپەشیان دەرهەق کردبوویت، کاتێ کە ماڵەکانیان سووتا بوو، تۆ بە خۆڕایی دارت دابوونێ تا خانوو بۆ خۆ دروست بکەنەوە.

ئیڤان پترۆفیچ، بە شەرمێکەوە گوتی:

– ئاھ! ئەمە ڕاست نیە! موبالەغەیە!

بەڵام ئاسوودەیی و ڕەزامەندی بە سیمایەوە دیار بوو. ئەلهەقی ڕاستگۆ بوو لەوەی کە باسی درۆو موبالەغەی کرد، چونکە مەسەلەکە درۆیەك بوو بەر گوێی میرزادە کەوتبوو.

میرزادە، جارێکی دی ئاوڕی لای دۆتمیر بیلوکونسکایای دایەوە و بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ئەدی هەر تۆ نەبوویت، کە شەش مانگ لەمەپێش، لە مۆسکۆ، کاتێ کە نامەیکم لە لیزاڤیتا پروکوفیڤناوە بۆ هێنایت، بە مەحەبەتێکی واوە پێشوازیت کردم وەکو ئەوەی کوڕی خۆت بم؟ کۆمەڵێك ئامۆژگاری دایکانەت کردم کە تا ماوم لە بیرم ناچێت ؟

خانمی پیر، بە پەستی وەڵامی دایەوە:

– ئەم هەموو مجامەلەیە چیە؟ ڕاستە تۆ کوڕێکی باشی، بەڵام مەخسەرەی. هەر کەسێك دوو قرۆشی دایتێ، ئەوەندەی سوپاس و ستایش دەکەی وەکو ئەوەی گیانی ڕزگار کردبیت. بە خەیاڵی خۆت ئەمە کارێکی باشە؟ لە ڕاستیا ناپەسەندە.

دۆتمیر بیلوکونسکایا خەریك بوو تووڕە بێت، بەڵام لەپر دەستی بە پێکەنین کرد، ئەمجارەیان شادمانی بە پێکەنینەکەیەوە دیاربوو. سیمای لیزاڤیتا پروکوفیڤنا و ئیڤان فیدوروفیچیش ڕووناك بوونەوە.

جەنەڕاڵ،شاد و دڵخۆش، لەبن لێوانەوە، هەمان قسەکانی دۆتمیری، کە زۆرریان کارتێکرد بوو، دووبارە کردەوە و گوتی:

– من هەمیشە گوتوومە کە لیون نیکولایوفیچ پیاوێکە کە... پیاویکە لەوەیە.... بە مەرجێ وەکو دۆتمیر گوتی... لە قسەکردنا خۆی نەپەشۆکێنێ...

تەنیا ئاگلایا لەوە دەچوو خەمین بێ. بەڵام ڕوخساری هێشتا سوور بوو، لەوە دەچوو سووری تووڕە بوون بێ.

پیرەمیرە چکۆلەکە لە بن لێوانەوە بە ئیڤان فیدوروفیچی گوت:

– بە ڕاستی، کوڕێکی ناسکە.

میرزادە، کە سات بە سات نیگەران تر دەبوو، دەستی بە قسان کردەوە. قسەکردنەکەی سات بە سات خێراتر و سەیرتر دەبوو، خۆ بە خۆ جۆشی دەسەند، بە دەم ئەو حاڵەوە گوتی:

– من بەوپەڕی دوو دڵیەوە هاتم بۆ ئێرەو... من... من لە ئێوە دەترسام، لە خۆم دەترسام، زیاتر لە خۆم دەترسام. وەختێ بۆ پترسبۆرگ گەڕامەوە. بە لێنم بە خۆ دا کە بە هەر نرخێ بووە دەبێ خەڵکانی ئەرستۆکرات، خەڵکانی خانەدان و وەچاخزادە کە منیش بە بنەچە یەکێکم لەوان و ماڵباتی من یەکێکە لەو بنەماڵە وەچاخزادانە، بدینم و بناسم. جا ئێستا من لە نێو کۆمەڵێك میرزادانی وەکو خۆمدام، وانیە؟ حەزم دەکرد تەعاروفتان دەگەڵ بکەم... لە نزیکەوە ئاشناتان بم... ئەمە کارێکی پێویست بوو، زۆریش پێویست بوو. زۆر شتی خراپم دەربارەتان بیستووە، ئەوەندەی خراپەم دەربارەتان بیستووە، چاکەم دەربارەتان نەبیستووە. یانی خراپەتان زیاتر دەڵێن تا چاکە، زۆر شتیان لە بارەتانەوە بۆ گێڕاومەتەوە: لە بارەی بچووکی خەم و خولیاکانتانەوە، خۆپەرستیتان، پاشڤەڕۆیی بیرو بیرکردنەوەتان، کەمی خوێنەواری و ڕۆشنبیریتان، داب و نەریتی تورەهات و ناپەسەندتانەوە. ئاهـ... جا چیتان لەبارەوە نەگوتراوە و نە نووسراوە! ناگوترێ و نانووسرێ! بۆیە ئەمڕۆکە کە هاتم بۆ ئێرە هەم کونجکاو بووم هەم نیگەران. حەزم دەکرد بە چاوی خۆم شتەکان بدینم، بە ئەقڵی خۆم بیربکەمەوە و وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزمەوە: ئایا ڕاستە چینی باڵای کۆمەڵگەی ڕووسی، چینێکی پوچەڵی تورەهاتە و بە کەڵکی هیچ نایەت. کۆن بووەو سەردەمی بە سەرچووە، زەڕەیەك گوڕو تینی تیا نەماوە، لەگیانەڵڵادایە و تەنیا بۆ مردن باشە. کەچی هێشتا لە ڕووی بەغیلییەوە، لە ڕووی حەسوودییەوە دژایەتی پیاوان.... پیاوانی ئاینده دەکات و کۆسپیان دەخاتە ڕێگاو، غافڵە لەوەی کە خۆی لە دوا هەناسە و لە گیانەڵڵادایە. هەڵبەتە من جارانیش زۆر قەناعەت و باوەڕم بەو ڕاو بۆچوونانە نەبووە، چونکە لە وڵاتی ڕووسیای ئێمەدا هەرگیز چینێکی ئەرستۆکراتی ڕاستەقینە نەبووە. ئەوەی هەبووە، ئەو دەرباریيانە بوون کە بە جلکی دەرباریيەوە دەناسران یان هەندێ کەس بەڕێکەوت و خوا بەختەکی و، خۆو بەخت هاتبوونە ئاراوە. بەڵام ئەو چینە ئەمڕۆکە بە تەواوەتی لە ناوچوون و نەماون. ئەوە ڕاستیەکەیەتی، وانیە؟

ئیڤان پتروفیچ، بەدەم تەوسخەنێکی تانە ئامێزەوە گوتی:

– واز لەو قسانە بێنە! مەسەلەکە یەجگار واش نیە!

دۆتمیر خانم بیلوکونسکایا، کە گەیی بووە تینی، لە بن لێوانەوە گوتی:

– دیسان پەتی پچڕی...

پیرەمێرە بچکۆلەکە گوتی:

– وازی لێ بێنن با قسە بکا*! سەراپای دەلەرزێ!

میرزادە، بە ڕاستی جڵەوی خۆی لەدەست بەر بوو بوو، گوتی:

–چی ببینم باشە؟ خەڵکانێکی بیر ناسك، ڕاشکاو، قسە لە ڕوو، بە هۆش و زیرەك. من لێرە پیاوێکی بەڕێزی کۆنسالْ دەبینم کە بەدڵ و بەگیان گوێ لە منداڵێکی بێ ئەزموونی وەکو من دەگرێت، سۆز و مەحەبەتی لێدەبارێ. خەڵکانێك دەبینم کە لێت دەگەن، ئامادەن لێت ببورن. ئەمانە هەموو ڕووسی دڵپاك و دڵاوان، بە ئەندازەی ئەو خەڵکانەی کە لە هەندەران دیتوومن، میهرەبان و دلۆڤان و ڕاستگۆن، بە هەرحاڵ هیچیان لەوان کەمتر نیە. ئاخر هیچ غافڵگیرییەك لەم غافڵگیریە خۆشتر دەبێ؟ ئاهـ... بە یارمەتیتان با ئەم هەستەی خۆم دەربڕم! زۆرم لەم و لەو دەبیست، دەیانگوت کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی، تەنیا کۆمەڵێك داب و نەریتی ڕواڵەتی سواو و ڕواوی کۆنی، پوچەڵی، بێناوەڕۆکە. وەك دەڵێن ناوی زل و دێی وێرانە. زۆر جاریش قەناعەتی تەواوم بەو قسانە دەکرد. کەچی ئێستا بە چاوی خۆم دەبینم کە شتی وا لە وڵاتی ئێمەدا نیە.

ماقوولە پیاو باوەڕ بەوە بکات کە ئێوە هەمووتان یەسوعی و درۆزن و دەغەڵبازبن؟ تۆزێ لەمەپێش گوێم لە سەربردەکەی میرزادە "ن..." بوو: ئایا نوکتەو تەنزێکی سادە و ساکاری دڵسافانە نەبوو؟چاکی و دڵپاکییەکی ڕاستەقینەی تیا نەبوو؟ یانی دەشێت ئەمجۆرە قسانە لە زاری پیاوێکی مردووەوە بێتەدەرێ، پیاوێك کە دڵی وشکی کردبێ و هیچ بە هرەیەکی تیا نەمابێ؟ ئایا مردوان دەتوانن ئەو پێشوازیە گەرمەی کە ئێوە لە منتان کرد لە کەس بکەن؟ ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا هەوێن و ئامیانی ئایندە نیە؟ ماقوولە خەڵکانی وەکو ئێوە تێنەگەن؟ و لەپاش بدەن؟

"گەورە فەرمانبەرەکە"، بەدەم بزەیەکی بڕێك بە ماناوە، گوتی:

– تکایە، خۆت هێور بکەوە دۆستی ئازیز. ڕۆژێکی دی بە دوورو درێژی باسی ئەم بابەتە دەکەین. زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر...

ئیڤان پتروفیچ، کۆکەیەکی بۆ کردو لەسەر کورسیەکەی خۆیەوە ئاوڕی دایەوە. ئیڤان فیدوروفیچ پەشێو پەرێشان بوو. جەنەڕاڵی سەرۆکی ئیڤان فیدوروفیچ، دەگەڵ هاوسەرەکەی "گەورە فەرمانبە"دا سەرگەرمی قسان بوو و میرزادەی فەرامۆش کرد. لێ هاوسەری "گەورە فەرمانبەر" ـــەگە بەدەم گوێگرتنەوە لەو، زۆرجار تەمەشای میرزادەی دەکرد.

میرزاده، بە نەفەسێکی تازەتر و گەرم و گوڕترەوە، بەو پەڕی متمانە و تەنانەت هەڤدڵی یەوە، ڕوو لە پیرەمێرە بچووکەکە، درێژەی بە قسان دا.

– نا، نا، باشتر وایە قسان بکەم! دوێنێ ئاگلایا ئیڤانوڤنا قسەکردنی لێقەدەغە کردم، تەنانەت ئەو بابەتانەشی دیاری کرد کە نابێ قسەیان تیا بکەم، چونکە دەزانێ کە بێمە سەر باسی ئەو بابەتانە. خۆم دەکەم بە گەپچاڕ! من تەمەنم بیست و حەوت ساڵە، بەڵام دەزانم، ڕەفتار و ئەداو ئەتوارم، ڕەفتاری منداڵە. بۆم نیە گوزارشت لە هزر و بیری خۆم بکەم. زۆر لە مێژە ئەمەم گوتووە. من تەنیا لەگەڵ ڕوگوژیندا، بە ڕاشکاوی، بێ پەردە، بەدڵی کراوەوە قسەم کردووە، ئەویش لە مۆسکۆ... پێکەوە بەرهەمەکانی (پوشکین) هەر هەموویمان خوێندەوە. ڕوگوژین، هیچی دەربارەی ئەم شاعیرە نە دەزانی، تەنانەت ناوەکەیشی نەدەزانی. من هەمیشە و، تا ئێستاش ترساوم و دەترسم بیرەکانم ببنە قوربانی سەروسەکوتی کۆمیدی و مەخسەرەم. جوڵەو ئاماژەکانم نا سەرکەوتوون. پێچەوانەی مەبەست و بۆچوونەکانم دەگەیەنن کە دەبنە بایسی پێکەنین و لەبار بردنی بیرو بۆچوونە سەرەکیەکەم. ئەمە جگە لەوەی کە هەستی میانڕەویشم نیە، وەخت و ناوەخت نازانم... هەڵبەتە ئەمە خاڵێکی گرینگ و هەستیارە، زۆریش گرینگە... من چاك دەزانم باشترین کار بۆ من ئەمەیە بێ جوڵە لەجێی خۆ دانیشم و دەمم لێك بنەم و فزە نەکەم. کاتێ کە دادەسەکنم و قسە ناکەم، ڕەنگە زۆر ئاقڵ و ئاغر بێمە بەرچاوی خەڵکی، ئەمە جگە لەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەم بۆ دەڕەخسێ. بەڵام بۆ ئێستا وا باشترە قسان بکەم.چونکە ئێوە زۆر بە مەحەبەتەوە تەمەشام دەکەن.. بۆیە لێبڕاوم کە قسان بکەم. سیماتان جوانی لێدەبارێ. دوێنێ بەڵێنم بە ئاگلایا ئیڤانوڤنادا کە بە درێژایی ئاهەنگەکە دانیشم و قسە نەکەم...

پیرەمێرە چکۆلەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– بەڕاست؟

– هەندێجار بەخۆم دەڵێم ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە، ئاخر ڕاستگۆیی ڕاستەقینە یەکسانە بە جوڵەی سەرکەوتوو. وانیە؟ تۆش پێت وانیە؟

– هەندی جار با.

– دەمەوێ هەموو شتێکتان بۆ شەرح و شرۆڤە بکەم، هەموو شتێك، هەموو شتێك! ئا... بەڵێ!... ئێوە پێتان وایە من پیاوێکی خەیاڵیم؟ ئایدیالیم؟ نا، نا، باوەڕبکەن بیرەکانم هەر هەموویان سادەن، زۆریش سادەن... باوەڕ ناکەن؟ بزەتان دێ؟ گوێ بگرن... من هەندێجار ترسنۆکم،

قەلەزراوم، چونکە باوەڕم بەخۆ نامێنێ، هەموو متمانەیەک لە دەست دەدەم. تۆزێ لەمەپێش، کاتێ بۆ ئێرە دەهاتم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: "باشە چۆن سەری قسان دەگەڵ ئەواندا بکەمەوە؟ دەبێ چۆن دەست پێبکەم تا بەلای کەمەوە تۆزێکم لێ تێبگەن" زۆر ترسام. زیاتر لە ئێوە ترسام. پێویستی بەو هەموو ترسە دەکرد؟ یانی ئەم ترسانە بۆ من عەیب نەبوو؟ ئاخر بۆ بابایەکی پێشکەوتو خواز، جەماوەرێکی پاشڤەڕۆی نارەسەن چ بایەخێکی هەیە؟ جا ئێستا خۆشحاڵی من لەوەدایە کە گەییومەتە قەناعەتی تەواو کە ئەو جەماوەرە لە واقیعدا بوونی نیە، ئەوەی هەیە خەڵکانێکن کە ژیانیان لێدەچۆڕێ، پڕن لە ژیان! ئێمە نابێ بە تەسەوری ئەوەی کە خۆمان غەریب و سەیرین، نیگەران و نارەحەت بین، وانیە؟ چونکە بە ڕاستی ئێمە مەخسەرە و سا ئەقڵ و شێت و وێڵین، ئێمە خوو وخدەی سەخیفمان هەیە، بێزار و بێتاقەت دەبین، نە دەتوانین لە هیچ بگەین و نە هیچ دەبینین. ئێمە هەمووومان واین، هەموومان، ئێوە، من و، ئەوانیش. خۆ لێم زویر نابن کە ڕوو بە ڕوو پێتان دەڵێم ئێوە مەخسەرەو گەپچاڕن؟ ئەگەر مەسەلەکە وەهابێ، ئایا ئەمە بەو مانایە نیە کە بشێت بە وەستای پێشکەوتن دابنرێن؟ دەزانن، بە ڕای من ئەگەر پیاو هەندێجار مەخسەرە و گەپچاڕبێ باشترە، خەڵکی لەو حاڵەدا خاکیتر و لێبوردەتر دەبن. بەهرە و توانای ئەوەمان نیە بە کەرەتێ هەموو شتێ حاڵی ببین، مرۆڤ بە کەرەتێك ناگاتە کەماڵ ! بۆ گەیشتن بە کەماڵ، پێویستە مرۆڤ زۆر شت تێنەگات. تێگەیشتن و دەرکی خێرا، عادەتەن نوقستان و پڕ لە کێماسی دەبێت. من ئەم قسانە بۆ ئێوە دەکەم کە ئەم هەموو شتە دەزانن دەزانن... بێئەوەی تێی بگەن. ئێستا وام لێهاتووە کە هیچ ترسێکم لە ئێوە نیە. هیوادارم لە منداڵێکی وەکو من، کە بەو شێوەیە دەتان دوێنێ، زویر نەبن، ئایا دەبی؟ هەڵبەتە! ئاهـ... دەتوانن کە... دەتوانن لەو کەسانە ببورن کە خراپەیان دەرهەق کردوون، هەروەها لەوانەش کە خراپەیان دەرهەق کردوون. بوردنی ئەو کەسانەی هیچ خراپەیەکیان بۆتان نەبووە قورسترە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەوەش ئەوەیە کە هیچ "تاوانێك" یان دەرهەق نەکردوون، بۆیە هەر گلەیی و سکاڵایەکیان لێبکەن لە خۆڕاییە. من چاوەڕوانی ئەوەم لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی دەکرد، کاتێ کە بۆ ئێرە دەهاتم پەلەی وتنی ئەو شتەم بوو، دەمویست بە پەلە ئەوە بڵێم، بێئەوەی پێشوەختە بزانم دەبێ بە چ شێواز و زمانێك گوزارشت لەو مەبەستە بکەم...

میرزادە، کە تەواو هاتبووە جۆش، هەر سا نا ساتێ بزەیەکی بۆ دەکرد، لەپڕ بەدەم پێکەنینێکی گرژەوە ڕووی لە ئیڤان پتروفیچ کردو بەردەوام بوو: ئیڤان پتروفیچ چیە، بزەت دێتێ؟ لات وایە من کابرایەکی دیموکراتم، هەواداری یەکسانیم، من لێرەدا پارێزەری "ئەوانم" و من "خەمی" ئەوانمە، وانیە؟ دڵنیابە من خەمی ئێوەمە، خەمی ئێوەمە، خەمی هەموومانمە. من

بەش بە حاڵی خۆم میرزادەیەکم سەر بە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و وەچاخزادە و حاڵی حازر لە کۆڕی میراندا دانیشتووم. من ئەم قسانەم بۆ بەرژەوەندی و ڕزگاری هاوبەشی خۆمانە، تا چینی ئێمە، بە خوت و خۆڕایی تیانەچێت و مەحو نەبێتەوە. لەبەرئەوەی پێشبینی ئایندەی نەکردووە و بە دەم شەڕەوە هەموو شتێکی لەدەست داوە، تیانەچێت. ئاخر کە بتوانین لە ڕیزی پێشەوەی کۆمەڵدا بین و عیزەتی خۆمان بپارێزین بۆچی مەحو بینەوە و جێی خۆمان بۆ خەڵکی دی چۆڵ بکەین؟ جا با پێشڤەڕۆبین بۆ ئەوەی لە پێشەوە بین، با خزمەتگوزار بین، تا گەورە و سەروەربین.

میرزادە، لەپڕ لێبڕا هەستێ، بەڵام پیرەمیرەکە نەیهێشت. بەو پەری نیگەرانی چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی.

– گوێ بگرن! من دەزانم قسە بە تەنیا فایدەی نیە. کردار شەرتە کردار، با بە کردار بانگەوازی چاکە بکەین، با ببن بەسەر مەشق، با دەست بەکار بین... من لای خۆمەوە لە ئێستاوە دەست بەکار بووم... و... و... یانی دەشێت مرۆڤ بەدبەخت بێ؟ ئاخر بەدبەختی من کەی جێی خەمە، ئەگەر من تواناو لیاقەتی ئەوەم هەبێ کە بەختەوەربم؟ باوەڕبکەن من ناچێتە ئەقڵمەوە ئەگەر کەسێك بە ژێر درەختێکدا ڕەت بێ و بە دیتنی دیمەنەکەی خۆشحاڵ نەبێت، یان قسە دەگەڵ کەسێکدا بکات و بەخۆشەویستی ئەو شاد نەبێت... ئاهـ! ناتوانم ئەمە بە پەیڤان دەربڕم، وشەم لێ چوونەتە قاتی... بەڵام شتی جوان یەجگار زۆرن، هەر هەنگاوێ دەنەین، شتێکی جوان بەرۆکی دیدەمان دەگرێت، ئەوەندە جوانە کە نزمترین ئینسان هەست بە جوانیەکەی دەکەن! تەمەشای منداڵ بکەن، سەیری سپێدەی خوایی بکەن، بڕواننە مەرگ و شێواز و تەرزی ژیانەوەی گیا، چاو لەو چاوانە بکەن کە بەخۆشەویستیەوە لێتان ڕادەمێنن...

میرزادە، مودەتێکی زۆر بوو بە پێوە ئەو قسانەی دەکرد. پیرەمێردە چکۆلەکە، بە ترس و نیگەرانیەوە تەمەشای دەکرد. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا بە نائومێدیەوە دەستێکی هەڵتەکاند و هاواری کرد: "ئاهـ... خودایا!..." چونکە لەپێش هەمووانەوە دەیزانی چ کارەساتێ بەڕێوەیە. ئاگلایا، بەهەشتاو لە کاتی خۆیدا، گەییە میرزادە تا بیگرێت و نەیەڵێ بکەوێ. سیمای ترساوی ئاگلایا لە خەمینیدا، تەواو شێواو بوو. گوێی لە هاواری هۆڤیانەی ڕوحێك بوو کە "پەلاماری ئەو گەنجە بەلەنگازەی داو کوتای بە عاردیدا". میرزادە یەك تەختە لەسەر مافورەکە کەوت. یەکێك بەپەلە سەرینێکی گەیاندێ و خستیە ژێر سەری.

کەس چاوەڕوانی ئەم کۆتاییە نەبوو. دوای چارەکە سەعاتێك، میرزادە "ن.." و یەڤگینی پاڤلوفیچ و پیرەمێردە چکۆلەکە، هەوڵیان دا بە گوێرەی توانا، گیانێك وەبەر ئاهەنگەکەدا

بکەنەوە و ڕەونەقێکی تازەی پێ ببەخشن. بەڵام دوای نیو سەعاتێك، میوانەکان بەدەم دەربڕینی هاوخەمی و داخ و پەژارەو وردە تەعلیقانەوە بڵاوەیان لێکرد. تەعلیقی ئیڤان پتروفیچ ئەمە بوو کە "ئەم گەنجە هەواداری سلاڤییەکان* یان شتێکی لەو بابەتەیە، بە هەرحاڵ، کەسێکی ترسناك نیە." پیرەمێردەکە هیچ قسەیەکی نەکرد، تاقە وشەیەکی نەگوت. دروستە کە پاشان، واتە بۆ سبەی و دوو سبەی، هەموویان کەم تا زۆر زویر و ناڕەحەت بوون. تەنانەت (ئیڤان پتروفیچ)ش ڕەنجا بوو، بەڵام زۆر نا. جەنەڕاڵ، سەرۆکی ئیڤان فیدوروفیچ، تا ماوەیەك لە ئیڤان فیدوروفیچ زویر بوو. "گەورە فەرمانبەرەکە" کە پشت و پەنای خانەوادەی یەپانچین بوو، لەلای خۆیەوە، چەند ئامۆژگارییەکی بە گوێی سەرگەڤاری خێزانەکەدا چپاند و زۆر بە ڕاشکاوی و بە لوتفەوە خەمخۆری و پەرۆشی خۆی بۆ ئاگلایا و چارەنووس و ئایندەی ئاگلایا دەربڕی. بە ڕاستی پیاوێکی دڵسۆز بوو. بەڵام ئەوەی لەو شەوەدا، سەبارەت بە میرزادە پتر سەرنجی ڕاکێشا بوو، ئەوە بوو کە بیستبووی سەروسرێکی دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا هەیە. ئەو شتە کەمەی لەو بارەیەوە بیستبووی، سەرسامیان کردبوو. تەنانەت ویستبووی چەند پرسیارێك لەو بارەیەوە بکات.

دۆتمیر خانم بیلوکونسکایاش، دوای ئاهەنگەکە، لە هەستانا بە لیزاڤیتا پروکوفیڤنای گوت:

– چیت پێ بڵێم؟ هەم باشە و هەم خراپ، ئەگەر ڕەئی منت دەوێ، زیاتر مایلە بەلای خراپا تا باش. بەخۆت دەیبینی چتۆ پیاوێکە: نەخۆشە!

ئیدی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا لە دڵی خۆیدا بڕیاری کۆتایی دا کە میرزادە بۆ ئەوە ناشێت ببێ بە مێردی ئاگلایا. بۆیە ئەو شەوە بەڵێنی بەخۆی دا کە " تا من لە ژیانا بم نایەڵم ئاگلایا شوو بە میرزادە بکات." بەیانی بە هەمان عەزمی جەزمەوە لە خەو ڕابوو. بەڵام لە کاتی نیوەڕۆژەدا، دوای نیوەڕۆ بە ماوەیەکی کەم، لە ناخی خۆیا تووشی کێشماکێشێکی نائاسایی بوو.

ئاگلایا لە وەڵامی پرسیارێکی هەردوو خوشکەکەیدا، بە شێوەیەکی گۆنگ و زیرەکانە، زۆر بە پارێزەوە، بە ساردییەکی پڕ ئیفادەوە گوتی:

– من هیچ بەڵێنێکم نەداوەتێ، قەتیش ڕۆژێ لە ڕۆژان بە دەزگیرانی خۆمم نەزانیوە. وەکو هەر کەسێکی دیکە تەمەشام کردووە و تەمەشای دەکەم.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا لەپڕ هەڵیدایە و بە خەمینی گوتی

– چاوەڕوانی قسەی وام لە تۆ نەدەکرد! من دەزانم کە ئەو بە کەڵکی ئەوە نایە ببێ بە مێردت، سوپاس بۆ خوا کە شتەکە بەم شێوەیە بڕایەوە و کۆتایی هات! بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد ئەمجۆرە قسانە لە تۆ ببیستم! تۆ لە خەیاڵی مندا شتێکی جیاواز تر بووی لەمەی کە ئێستا دەتبینم. زۆر جیاوازتر بوویت. من بەش بەحاڵی خۆم ئەو بە هەموو ئەو میوانانەی دوێنێ ناگۆڕمەوە، هەموو میوانەکان بەلایەك ئەو بە تەنیا بەلایەك. ئامادەم دەستبەرداری هەموویان ببم، بەڵام دەستبەرداری ئەو نابم. ئەوە ڕەئی منە بە ڕانبەری!...

لیزاڤیتا پروکوفیڤنا کە لەو قسانە بووەوە، لەپڕ وەکو ئەوەی لە قسەکانی خۆی ترسابێ، بێدەنگ بوو. ئاه... نەیدەزانی لەو ساتەدا چ بێ میهرییەکی دەرهەق بە کچەکەی خۆی کردووە! ئاگلایا لە دڵی خۆیدا دوا بڕیاری دابوو. ئەویش چاوەڕوانی ئەو کاتە بوو کە کۆتایی بە هەموو شتێك بێنێ و هەر ئاماژەیەك، هەر کینایە و تەشەرێك، زامێکی قووڵی دەکردە دڵی.

پەراوێز:

*– "... ناتوانین..": لە دەقەکەدا بەلاتینییە.

*–".. خلیستەکان..": تەریقەتێکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم. تێکەڵەیەکە لە تەسەوف و ... داروخانی...

*–".. وازی لێ بێنن با قسە بکات..": لە دەقەکەدا بە فەرەنسیە.

*–".. هەواداری سلافیەکان..": ئەو ڕێبازو بانگەوازە سلاڤیەی کە دۆستویفسکی کاری تیا دەکرد، هەر ڕێبازێك نەبوو بە مەبەستی بوژانەوە و ژیانەوەی سیاسی هەموو سلاڤییەکان، بەڵکو فەلسەفەیەکی ناسیونالیستیش بوو بۆ چارەسەری گشت کێشە جفاکی و ئاکارییەکانی ڕووسیا.

فەسڵی هەشتەم

سەرەتای ئەو بەیانیە بۆ میرزادە زۆر ناخۆش بوو، گیرۆدەی کۆمەڵێك هەستی بە سویّ و ژان بوو. دەکرا هۆی ئەمە بگەڕێنرێتەوە بۆ نەخۆشیەکەی. بەڵام سەرچاوەی خەم و پەژارەکەی زۆر گۆنگ و نادیار بوو، بە ئاسانی دیاری نەدەکرا، ئەمە لە هەموو شتێکی دی پتر ئازاری دەدا. ڕاستە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك واریقات و ڕووداوی نادیار، زۆر بە ئازار و بەسویّ بوو، بەڵام خەم و پەژارەکەی وی، زۆر لە سنووری بیر و تەسەوری ئەو، هێوەتر دەڕۆیی. هەرچی دەکرد بۆی بەرهەق نەدەکرا. دەیزانی، بەتەنیا ناتوانیّ نیگەرانی خۆی بڕەوێنێتەوە و هێوری بکاتەوە. بەرەبەرە ئەوەی لە دڵ و دەروون چەسپی کە ئەو ڕۆژە پێشهاتێکی نائاسایی و ڕیزپەڕی لیّ ڕوودەدا. نۆرەفێیەکەی دویّ شەوی، لەچاوخۆیا سووك بوو. تەنیا کەمێك سەری قورس بوو و، تۆزێك گیانی دەیەشا. هەرچەندە لە ناخا نەخۆش و بریندار بوو. بەڵام مێشك و زەینی بە جوانی کاری دەکرد. زۆر درەنگ لە خەو ڕابوو، یەکسەر واریقاتەکانی دویّ شەوی، بە ڕوونی وەیاد هاتنەوە. تەنانەت ئەوەشی وەبیرهاتەوە کە نیوسەعات دوای نۆرە فێیەکە، بۆ ماڵەوەیان هێنابووەوە.

زانی، کە پەیکێك لەلایەن خانەوادەی یەپانچینەوە بۆ هەواڵ پرسینی نێردراوە. پەیکێکی دی لە سەعات یازدە و نیودا دووبارە بۆ هەواڵ پرسینی هاتبوو. بەمە خۆشحاڵ بوو. ڤێرا لیبدیفا، لەپێش هەموو کەسێکا هاتبووە دیدەنی و هەواڵپرسینی. هەرکە چاوی بە میرزادە کەوتبوو، لە هۆڕژنی گریانی دابوو. بەڵام کاتیّ میرزادە دڵخۆشی دایەوە و هێوری کردەوە، گریانەکەی بوو بە پێکەنین. میرزادە کە ئەو هەموو سۆز و هاوخەمیەی لە کیژیّ بینی، زۆر موتەئەسیر بوو، پەلاماری دەستی دا و ماچی کرد. کچە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، خێرا دەستی ڕاپسکاند و بە نیگەرانیەوە گوتی:

– ئاه... نا، نا، ئەوە چی دەکەی؟

کیژیّ کە زۆر پەشۆکابوو، زوو وەدەرکەوت. بەڵام پێش ئەوەی بڕوات، ئەوەی بۆ میرزادە گێڕایەوە کە بابی بەیانی زوو چووە بۆ ماڵی "ڕەحمەتی" (ڤیرا بەو شێوەیە ناوی جەنەراڵ ئیڤۆلگینی برد). تا بزانیّ ئاخۆ شەویّ مردووە یان هێشتا ماوە. دەڵێن جەنەراڵ زۆر نەخۆشە و زاهیری بەو زوانە دەمرێت.

کاتیّ لیبدیف پێش نیوەڕۆ بۆ ماڵ گەڕایەوە، بەخۆی هاتە دیدەنی میرزادە و پێی گوت: "پەلەیەتی وتەنیا و بۆ یەك دەقیقە هاتووە تا هەواڵی تەندروستی و سەلامەتی بەڕێزیان بپرسێت". هەروەها یەکجارەکی چاوێك بە "گەنجینە چکۆلەکەی دا" دەگێڕێت. لەو ماوەیەدا بەردەوام هەر ناڵ و نك و پەکوپۆی بوو، بۆیە میرزادە یەکسەر دەری کرد. بەڵام لیبدیف بەو

حاڵەشەوە دەیویست لە چۆنیەتی نۆرەفێیەکەی دوێشەوی میرزادە بپرسێت، هەرچەند دیاربوو کە لەوسەری مەسەلەکە دێتەوە و بە ورد و درشتی زانیوە.

دوای لیبدیف، کولیا هات، ئەویش تەنیا بۆ یەك دەقیقە هاتبوو. بەڵام ئەو بە ڕاستی پەلەی بوو، زۆر نیگەران و خەمبار و نائومێد بوو. داوای لە میرزادە کرد کە هەر هەموو شتەکانی بە ڕاشکاوی بۆ بگێڕێتەوە، ئەوەشی گوت کە دوێنێ تەقریبەن هەموو شتێکیان بۆ گێڕاوەتەوە و زۆری خەم بووە.

میرزادە، بەوپەڕی لوتف و دڵپاکی و مەحەبەتەوە، ورد و درشتی حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە. واریقاتەکانی لە سیری تا پیازی بۆ باس کرد. کوڕیژگەی تاین بە جۆرێ حەپەسا، کە زاری لە گۆ کەوت و تاقە وشەیەکی بۆ نەهات، بە بێدەنگی کەوتە ڕوندك ڕژان. میرزادە، هەستی دەکرد، ئەم هەستە یەکێکە لەو ئینتیباعاتانەی کە قەت لەبیرناچنەوە و لە دڵ و دەروون ناسڕێنەوە و دەکەنە وەرچەرخانێك لە ژیانی مێردمنداڵێك. بۆچوونی خۆی لەسەر مەسەلەکە و چۆنیەتی چارەسەری مەسەلەکە بۆ باسکرد و هەنگێ گوتی کە بە نۆرینی وی ، مەرگی پیرەمێرد، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسەی کە دوای ئەو کارە خراپەی لێی سادربوو، کەوتە دڵیەوە، ئەمە گاڵتە نیە، هەموو کەس بەرگەی ناگرێت. کاتێ میرزادە لە قسەکانی بووەوە، چاوانی کولیا پرشنگیان دا و گوتی:

– گانیا و ڤاریا و پتیتسن زۆر تورە هاتن! بەتەمانیم دەگەڵیان بەشەڕبێم. بەڵام لەمڕۆ بەدواوە تەواو، هەرکەسە و بەڕێی خۆی. ڕێمان جیادەبێتەوە! ئاهـ میرزادە، لەدوێنێوە زۆر شتی تازەم بۆ دەرکەوتووە. ئەمە دەبێ بە پەند و دەرس بۆ من! لە ئێستا بەدواوە ئەرکی بەخێوکردنی دایکم دەگرمە ئەستۆی خۆم، لەسەرمە، هەموو پێویستیەکی بۆ دابین بکەم. هەرچەندە ژیانی لە نك ڤاریا مسۆگەرە، بەڵام ئەمە شتێکی...

کولیا، لەپڕ بیریکەوتەوە کە چاوەڕوانین، بەپەلە هەستا، لە حاڵی میرزادەی پرسی، کە گوێی لە وەڵامی میرزادە بوو، بە تاسەوە گوتی:

– هیچی تر نیە؟ بیستم کە دوێنێ... (هەرچەند ئەمە پەیوەندی بە منەوە نیە، هەقی ئەوەم نیە هیچ بڵێم)... بە هەرحاڵ هەرکاتێ پێویستت بە خزمەتکارێکی ئەمەکدار بوو، بۆ هەر کارێك، ئەوا بەندە لە بەردەستا و لە خزمەتتدایە. پێموایە ئێمە، نە تۆ و نە من، شتاقمان بەختەوەر نین، وانیە؟ بەڵام... من لێت ناپرسم... لێت ناپرسم...

کاتێ کولیا ڕۆیی، میرزادە بە تاقی تەنیا دەبیرەوە چوو، ئەمما دەبیرەوە چوون!. هەموو هاوڕێکانی پێشبینی بەدبەختی و کلۆڵیان بۆ دەکرد. هەموو گەییبوونە ئەنجامگیری خۆیان، هەموویان لەوەدەچوو شتێك بزانن کە ئەم نەیدەزانی. لیبدیف، هەندێ پرسیاری گۆنگی دەکرد،

کولیا هەندێ ئاماژانی دەکرد، ڤیرا دەگریا. میرزادە، ئەنجام بە تووڕەیی دەستێکی تەکان دا و ئەو مەسەلەیەی لە مێشکی خۆی وەدەرنا: "نەفرەت لە گومان و دوودڵی. نەخۆشیە!". دەوروبەری سەعات دوو، میرزادە کە بینی ماڵباتی یەپانچین "بۆ دەقیقەیەك" هاتوونەتە دیدەنی. ڕووی گەشایەوە و هێور بووەوە. هەر بە ڕاستی بە سەردانێکی یەك دەقیقەیی هاتبوون. لیزاڤیتا پروکۆفیڤنا دوای فراڤین ڕایگەیاندبوو کە بە کۆمەڵ دەچنە پیاسە و گەڕان. ئەو قسەیەی وەکو فەرمان، بنجبڕ و بێ چەند و چوون و هیچ ڕوونکردنەوەیەك کردبوو. هەموو وەدەرکەوتن، واتە لیزاڤیتا و کچەکان و میرزادە "س...". لیزاڤیتا پروکۆفیڤنا بە ڕێگایەکدا ڕۆیی ڕێك پێچەوانەی ڕێگای ڕۆژانی دیکەیان بوو. هەموو زانیان بە نیازی چییە، بەڵام لە ترسی ئەوەی دایکیان تووڕە نەبێت، بێدەنگیان لێکرد، ئەویش، وەکو ئەوەی بیەوێ خۆی لە گلەیی و گازاندەی وان بپارێزێ، لە پێشەوە دەڕۆیی و هەر ئاوڕیشی نەدەدایەوە. ئادیلاید، لە ئەنجاما ئاگاداری کرد کە پیاسە و گەڕان، ئەو ڕاکە ڕاکەیەی ناوێ، ئەگەر وابڕوات بە پێیدا ناگەن.

لیزاڤتا پروکۆفیڤنا، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە و گوتی:

– ئێمە ئێستا لە نزیکی ماڵەکەی ئەوداین، ماڵەکەی لە سەر ڕێگەمانە. ئاگلایا هەرچییەك دەڵێ با بۆ خۆی بیڵێ، ئەم کوڕە بێگانە نیە، خزمی خۆمانە، بە تایبەتی کە هەنوکە نەخۆشە. جا من سەری دەدەم، کێ دێ لەگەڵما بابێت، کێش بەدڵی نیە با بچێتە پیاسەی خۆی.

هەڵبەتە هەمووان دەگەڵی چوون. میرزادە، یەکسەر و بە شێوەیەکی زۆر لەبار، داوای بووردنی کرد کە دوێشەو گوڵدانەکەی شکاندوە و ئەو فەزیحەتەی ناوەتەوە...

لیزاڤیتا پروکۆفیڤنا گوتی:

– هەر باسی مەکە، گرینگ نیە. من خەمی شکانی گوڵدانەکەم نیە، بەڵکو خەمی تۆمە. کەواتە دەزانیت چ قەوما: کە ئەو شتانە ڕوودەدا پیاو بۆ سبەینێ بەتەواوەتی هەستی پێدەکات!... بەڵام گوێی مەدەیە. هەمووکەس دەزانێ کە تۆ بە ئانقەست ئەوەت نەکردووە. دەی، ئێمە دەڕۆیین! ئەگەر بە خۆتا ڕادەپەڕمووی و تاقەتت هەیە، بە قسەی من بکە و بچۆ پیاسەیەك بکە و وەرەوە، دووبارە بخەوە. خۆ ئەگەر ویستت وەکو جاران سەردانمان بکەیت، هەرکاتێ دێی وەرە، ماڵی خۆتە. دڵنیابە، هەرشتێك ڕووبدات، تۆ هەر دۆستی خانەوادەی ئێمەیت، بەلای کەمەوە دۆستی منیت. دەسەڵاتی کەسم نەبێ، دەسەڵاتی خۆمم هەیە...

هەموو بەدحاڵی بوون و ناکۆکیەك وەلانرا، ئەوانی دیکەش پشتیوانیان لە دایکیان کرد و هەمان هەستی ئەویان دەربڕی. پاشان هەستان و ڕۆیشتن. بەڵام ئەو پەلەکردنە ساکارانەیەی ئەوان، لە دڵدانەوەی ئەو بەلەنگازە داماوە، هێندەی دی دەردی میرزادەی گران کرد، ئەمە شتێك بوو لیزاڤیتا پروکۆفیڤنا، پەی پێ نەدەبرد. خوڵك کردنی بۆ سەردانیان "وەکو جاران" و

دەستەواژەی "بەلای کەمەوە دۆستی منیت" ژاراوی نەشتەر بوو و درا لە جەرگی. بۆنی جۆرە هۆشدارییەکی لێدەهات.

میرزادە، وەزع و حاڵی ئاگلایای هێنایەوە بەرچاوی خۆی. دروستە، هەم لە هاتندا و هەم لە ڕۆیشتندا، بزەیەکی دڵڕفێنی بە ڕوویادا، بەڵام تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتە دەرێ، تەنانەت ئەوکاتەش کە ئەوانی دی دۆستایەتی خۆیان بۆ دووپات کردبووەوە، ئاگلایا هەر هیچی نەگوتبوو. وێڕای ئەوەش یەك دوو جار بە دیقەت تەماشای کردبوو. ڕەنگی ئاگلایا لە هەموو کاتێ پتر بزڕکابوو، لەوەدەچوو شەوێکی ناخۆشی گوزەراندبێ. میرزادە لێبڕا هەر ئەو ئێوارەیە "وەکو جاران" سەریان بدات، بە تاسەوە ڕوانیە سەعاتەکەی.

دوای ڕۆیشتنی یەپانچینەکان بە سێ دەقیقەیەك، ڤیرا خۆی وەژوورا کرد و گوتی:

– لیون نیکولایەفیچ، ئاگلایا ئیڤانوڤنا، تۆزێ لەمەوپێش ڕای سپاردم کە پەیامێکی نهێنیت بگەیەنمێ.

میرزادە، بەڕادەیەك هەڵچوو کە ئازای کەوتە لەرزین. گوتی:

– پەیامی نووسراوە؟

– نەخێر، پەیامێکی زارەکیە، تەنانەت بۆ ئەمەش وەختی تەواوی نەبوو. داوات لێدەکات کە ئەمڕۆ بۆ دەقیقەکیش، تا سەعات حەوت یان نۆ لە ماڵ نەچیتە دەرێ. جوان تێنەگەیشتم سەعات حەوتی گوت یان نۆ.

– ئاخر بۆ؟ مەبەستی چیە؟

– نازانم. بەڵام بە ئەمر، ئەمری پێکردم کە ئەم پەیامەت بگەیەنمێ.

– یانی دەقاو دەق بە ئەمر، ئەمری پێکردیت؟

– یانی دەقاودەق بەو شێوەیە نا. چونکە لەسەر ڕێ بوو وکاتی نەبوو، باش بوو من بە غار خۆم گەیاندێ، بەڵام چونکە بە دەم قسەوە سەری بۆ ئەودیو وەرگێڕا، هەر لە ناوەڕۆکی قسەکەی نەك لە دەقی قسەکەی، حاڵی بووم. بەڵام بە دەموچاویا دیاربوو کە زۆر بە جدیەتی. نیگایەکی ئەوتۆی کردم کە دڵم داخورپا...

میرزادە، دوو سێ پرسیاری دیکەی کرد، بەڵام لەوە زیاتری هەڵنەکڕاند. زیاتر نیگەران و شپرزەبوو. کە ڤیرا ڕۆیی و بە تەنێ مایەوە، لەسەر تەختەخەوەکەی ڕاکشا و لە فکران ڕاچوو، بە ناو خەیاڵات و لێکدانەوەکانی خۆی کەوت: "لەوەیە تا سەعات نۆ میوانیان هەبێت و بترسێت

پۆتێکی دیکە بشکێنم". بەدەم ئەو بیر و خەیاڵانەوە، بێ سەبر و ئۆقرە، بەدەم تەماشاکردنی سەعاتەکەیەوە، چاوەڕوانی هاتنی شەوی دەکرد.

بەڵام ئەم مەتەڵە بە ماوەیەکی زۆر پێش ڕۆژئاوا، دەگەڵ هاتنی میوانێکی دیدا، کە بووە مایەی دەرکەوتنی مەتەڵێکی تازەی گۆنگ ترو نیگەران ئەنگێزتر لە هی یەکەم، ڕوون بووەوە. دوای ڕۆیشتنی ماڵباتی یەپانچین، بە نیوسەعات، هیپولیت خۆی بە ژوورا کرد. ئەوەندە شەکەت و ماندوو و بێتاقەت بوو، بێ ئەوەی بتوانێ تاقە قسەیەك بکات، وەکو کەسێك ببورێتەوە، خۆی دا بە کۆڵی کورسیەکدا، کۆکەیەکی وشك و توند گرتی، ئەوەندە کۆکی تا خوێنی هەڵێنا. چاوەکانی دەبریسکانەوە، پەڵەی سوور کەوتنە سەر گۆناکانی. کە میرزادە لەبن لێوانەوە چەند قسەیەکی دەگەڵ کرد، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، تەنیا بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند کە جارێ وازی لێ بێنێ تا هەناسەی وەبەر بێتەوە. ئەنجام وەخۆ هاتەوە، بە دەنگێکی قرخن و بە زەحمەتێکی زۆر گوتی:

– من دەڕۆم!

میرزادە هەستا و گوتی:

– دەگەڵت بێم؟

بەڵام لەپڕ بیری کەوتەوە، کە تۆزێ لەوەوپێش پێی ڕاگەیەنرابوو کە نەچێتە دەرەوە، بۆیە ئیدی بێدەنگ بوو.

هیپولیت دەستی بە پێکەنین کرد. بە هانکەهانك و قرخەقرخ گەروی پاك کردەوە و گوتی:

– من خۆم لە تۆ دوور ناگرم. بەپێچەوانەوە، بە پێویستم زانی کە بێم سەرێکت بدەم و باسی شتێکت دەگەڵ بکەم... وانەبووایە ئەزیەتم نەدەدایت. من لای ئەوان دەڕۆم. پێموایە ئەمجارەیان مەسەلەکە جدیە، کارم کراوە! تەواو. باوەڕبکە بۆ سواڵی بەزەیی ئەم قسەیە ناکەم... تەنانەت ئەم بەیانیە سەعات دە، لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتم و لێبڕام تا هاتنی "ئەو ساتە" هەڵنەستم. بەڵام دوایی ڕەئیم گۆڕی، جارێکی دی هەستامەوە تا بێم بۆ ئێرە، بۆلای تۆ، چونکە پێم واجب بوو.

– زۆر لاواز دیاریت. دەبوایە بنێریت بە دوما من بێم بۆ لای تۆ، نەك تۆ ئەزیەت بکێشی و بۆ لای من بێی.

– ئێ، دەی ئەم قسانە بەسە. بەگوێرەی پێویست و بەپێی ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی، هاوسۆزی خۆتت دەگەڵ نواندم. ئا... بیرم چوو: سیحەتت چۆنە؟

– سیحەتم، ئێستا باشە. دوێنێ باش نەبووم...

– بیستم، بیستم. بۆیان گێڕامەوە. گوڵدانە چینییەکە سەرودڵی گرتیت. حەیفیٚ من لەویٚ نەبووم! بەڵام بابێمە سەر ئەو شتەی کە بۆی هاتووم. ئەمڕۆ بە دیداری گاڤریلا ئاردالیونوفیچ شاد بووم کە دەگەڵ ئاگلایا ئیڤانوڤیچدا، لەلای تەختە کەسکەکە ژوانی هەبوو... بە ڕاستی گەوجایەتی هەندیٚ کەسم زۆر پیٚ سەیرە. کە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ ڕۆیی، ئەم سەرنجەم بە خودی ئاگلایاش گوت.

ئەوجا هیپولیت، کە بە گومانەوە دەیڕوانیە سیمای میرزادە، کە گوزارشتی لە هیچ شتێك نەدەکرد و، لەسەری ڕۆیی:

– پێموایە میرزادە تۆ هیچ شتێکت پیٚ سەیر نیە. دەڵێن کە مرۆڤ سەری لە هیچ شتێك سوڕ نەمێنیٚ، ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی بە هۆشیە. بەڵام بەڕای من ڕەنگە ئەمە نیشانەی گەوجێتیەکی قووڵیش بیٚ!... هەڵبەتە مەبەستم تۆ نیە... ببوورە... ئەمڕۆ قسەم بە جوانی و بە گوێرەی مەبەستی خۆم بۆ نایەت.

میرزادە هاتە قسان و گوتی:

– لەدوێنێوە دەمزانی کە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ...

بەڵام لەپڕ، بە نیگەرانی و پەشێویەکی ئاشکراوە، بێدەنگ بوو. تەنانەت (هیپولیت)ش لەوە ناڕەحەت بوو کە نەی توانی بوو وەکو پێویست تیژی بکات.

– دەمزانی! ئەمەم نەزانی بوو!... بە هەرحاڵ، پێویست ناکا بۆمی بگێڕیتەوە... ئەدی دیدارەکەی ئەمڕۆشیانت نەبینی؟

– ئەگەر ڕاست بیٚ خۆت لەویٚ بووبی، هەڵبەتە دەتزانی کە من لەویٚ نەبووم.

– گوتم ئیٚ لە پەنا دەوەنێکا، لە شوێنێکا خۆت مات دابووبیٚ. بە هەرحاڵ، من خۆشحاڵم، چونکە خەمی ئەوەم بوو کە نەبا گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، دڵی کچەکەی دزی بیٚ و جێی تۆی لای ئەو، گرتبێتەوە.

– تکایە هیپولیت باسی ئەو شتە بۆ من مەکە، بە تایبەتی بەم شێوازە.

– بە تایبەتی کە بەخۆت هەموو شتێك دەزانی...

– تۆ هەڵەی. من تەقریبەن ئاگام لە هیچ نیە، هەڵبەتە ئاگلایا ئیڤانۆڤنا، چاك دەزانیٚ، کە من هیچ شتێك لەمبارەیەوە نازانم. تەنانەت ئاگام لەو ژوانەشیان نیە. تۆ نالێی ژوانیان هەبووە؟ زۆر باشە... ئێمە هیچ کارێکمان بەمە نیە...

– پیاو سەر لە تۆ دەرناکات! جارێك دەڵێی دەتزانی، جارێك دەڵێی ئاگات لە هیچ نیە، ئێستاش دەڵێی: "زۆرباشە... ئێمە هیچ کارێکمان بەمە نیە..." بەڵام نا، نابێ ئەوەندەش خۆشباوەڕبیت! بەتایبەتی دەربارەی شتێ کە نەیزانی! هۆی ئەم هەموو خۆشباوەڕیەت ئەوەیە کە ئاگات لە شتەکان نیە. باشە تۆ دەزانی ئەو جووتە خوشك و برایە چ نەخشەیەکیان بەدەستەوەیە؟ ڕەنگە سووسەی شتێکت کردبێ، ها؟

هیپولیت کە چاوی بە جم و جوڵ و ناڕەحەتی میرزادە کەوت، خێرا لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– زۆر باشە، باشە... واز لەمە دێنم... من بۆ کارێکی تایبەتی خۆم هاتبووم، دەمەوێ بۆتی باس بکەم!... خوامەرگ... بۆ نەگبەتی زۆریش دوور و درێژە... حەوسەڵەی گوێگرتنت هەیە؟

– فەرموو، گوێم لێتە.

– چاکە، بەڵام دیسان ڕەئی خۆم گۆڕی: لەباسی گانیاوە دەست پێدەکەم. تەسەور دەکەی، منیش ئەمڕۆ، لەوێندەر، لای تەختە کەسکەکە مەوعیدم هەبوو؟! جا بۆ ئەوەی بە درۆزن دەرنەچم، دەبێ ئەوەت پێ بڵێم کە من بە زۆری خۆم ئەو دیدارەم ساز کرد، بە بەڵێنی کەشفکردنی ڕازێك ئەو دیدارەم سازکرد. نازانم ئاخۆ زۆر زوو ڕۆیی بووم یان نا (پێم وایە زۆر زوو بوو). بەڵام تازە لە تەنیشت ئاگلایا ئیڤانوڤنا‌وە دانیشتبووم، دیقەتم دا گاڤریلا ئاردالیونوفیچ و ڤارڤاریا، قۆڵ لە قۆڵی یەکترا، وەکو ئەوەی پیاسەبکەن، گەیینە ئەوێندەر. کە چاویان بە من کەوت پەشۆکان، حەپەسان، غافڵگیربوون، تەنانەت پێشیان ناخۆش بوو، چونکە چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد من لەوێندەر بم. ئاگلایا ئیڤانوڤنا، سوور سوور بووەوە، باوەڕم پێ بکە. بەڕادەیەك پەشۆکا، خەریك بوو کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات، ئیدی نازانم لەبەرئەوە بوو کە من لەوێ بووم یان هەر لەبەر دیتنی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بوو، کە بەڕاستی پیاوێکی قۆز بوو. بەهەرحاڵ ئاگلایا سوور سوور بووەوە و، لە زەرفی چەند سانیەیەکدا، مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە. چاوێکی داگرت، نێوە ئاخێزێکی بۆ کرد، بەسەر سڵاوەکەی گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ و بزە پڕ مەراییەکەی ڤارڤارای خوشکی سەندەوە. لەپڕ گوتی: "من تەنیا بۆئەوە هاتووم کە سوپاسی هەست و سۆزی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی ئێوە بکەم. دڵنیابن هەرکاتێ پێویستم بەو هەست و سۆزە بێ، پەنای بۆ دێنم" هەنگێ بەئاماژەی سەر بەڕێی کردن، بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن، ئیدی نازانم بە ژێرکەوتووی ڕۆیشتن یان بە سەرکەوتووی...

بەڵام سیمای گانیا، گەوجێتی لێدەباری. سەری لەم دیمەنە دەرنەکرد، دەموچاوی سوورسووربووەوە (هەندێجار دەموچاوی سەیر دەگۆڕی!) بەڵام ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، پێموایە یەکسەر تێگەیی بوو، کە تا زووتر بڕۆن و لەوناوە نەمێنن، درەنگە. ڕەفتاری ئاگلایا ئیڤانۆڤنا لە هەنبەر واندا بە ڕادەیەك ئاشکرابوو، کە خێرا برایەکەی دوای خۆی خست و بردی. ڤارڤارا لە

برایەکەی ئاقلترە، من دڵنیام ئێستا سەرکۆنەی دەکات. بەڵام من بۆ ئەوە چووبووم کە دەگەڵ ئاگلایادا باسی تەرتیبی ئەو دیدارە بکەم کە قەراربوو دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا بیکات.

میرزادە هاواری کرد:

– دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنا؟

– هێواش، هێواش! لەوەدەچێ سەبرت سوابێ، خەریکە سەرت سوڕدەمێنێ. ها؟ زۆرم پێخۆشە کە دەبینم خەریکە لە بەشەران بچیت. جا بەو بۆنەیەوە نوکتەیەکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە. دەزانی من لە هەنبەر چاکە و خزمەت بە کچێکی گەنجی ئاقڵ و ئاغر چ پاداشتێکم وەرگرت؟ ئەمڕۆ شەقازللەیەکی مزرم بە دەستی خوارد!

میرزادە، بەخۆی نەوەستا و پرسی:

– هەڵبەتە، شەقازللەیەکی مەع...نەوی؟

– بەڵێ، مەعنەوی نەك بەدەنی. باوەڕناکەم کەس هەبێ دەست لە کەسێکی وەکو من بکاتەوە. تەنانەت ژنیش دەست لە من ناکاتەوە. گانیاش، ڕێ بە خۆی نادات لە من بدات. کەچی دوێنێ، هەر لە خۆمەوە وام بە خەیاڵدا هات کە لەگینە پەلامارم بدات و تا دەجوڵێم بمجوڵێنێ، تێر و پڕم دارکاری بکات... نا... باوەڕبکە. دەزانم ئێستا بیر لە چی دەکەیتەوە. لە دڵی خۆتا دەڵێی: "پێموایە ناشێت لێی بدرێ. بەڵام دەشێت و پێویستە، لەکاتی خەوا سەرینێك یان پارچە پەڕۆیەکی تەڕ بخرێتە سەر دەمی و خەفە بکرێ..." تائێستا ئەو بیرەت لە مێشکایە. بە ئاشکرا ئەوە لە دەموچاوتا دەخوێنمەوە.

میرزادە، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– هەرگیز شتی وام بە بیردا نەهاتوە. نازانم... بەڵام دوێشەو لە خەوما یەکێك خەریك بوو بە پەڕۆ کۆنەیەکی تەڕ دەیخنکاندم... پێت دەڵێم ئەو کەسەم کێ بوو. تەسەور دەکەی ڕۆگوژین بوو! ڕەئیت چیە؟ باشە دەشێت مرۆڤێك بە پەڕۆ کۆنی تەڕ بخنکێنرێ؟

– نازانم...

– وەکو بیستوومە شتی وا دەشێت. دەی باشە، با واز لەمە بێنین و باسی نەکەین. ئێستا دەمەوێ ئەم پرسیارە بکەم: من بە چیا و چۆن دوو زمانم ؟ بۆچی ئەمڕۆکە بە دوو زمان ناوی بردم ؟ تەسەورکە، دوای ئەوەی گوێی لە هەموو قسەکانم گرت، دوای ئەوەی هەموو پرسیارێکی خۆی کرد، ئەوجا ئەو قسەیەی پێ گوتم... بۆ ژن ئاوان! خۆ من لەبەر خاتری ئەو پەیوەندیم دەگەڵ ڕۆگوژیندا بەست و کەوتمە هاتوچۆی (بەهەرحاڵ پیاوێکی خۆش مەشرەفە). بۆ

قازانجی ئەو دیدارێکم دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا بۆ ڕێکخست. تۆ بڵێی کە پێم گوت لە خۆشی "پاشماوە"ی ناستاسیا فیلیپوڤنا پێی بە عارد ناکەوێ، هەست و غرووریی بریندار بووبێ؟ من نکوڵی لەم حەقیقەتە ناکەم. چەندین جار ئەو قسەیەم بە گوێیدا دا، حاشای لێ ناکەم. بەڵام لەبەرخاتری ئەو و لە قازانج و بەرژەوەندی ئەوا ئەم شتەم هەمیشە بەگوێیدا دەدایەوە. دوو نامەم بەم مانا و بام ناوەڕۆکەوە بۆ نووسی، لە دیداری ئەمڕۆکەشماندا بە هەمان شێوە ڕەئی خۆمم بۆ دەربڕی... بە ئەرکی خۆمم زانی کە پێی بڵێم ئەمە بۆ ئەو شورەییە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم وشەی "پاشماوە"یە. داهێنانی من نیە، بەڵکو من لە خەڵکی دیکەم وەرگرتووە، خۆ هەرنەبێ هەموو ماڵی گانیا بەکاری دەبەن، ئاگلایا بە خۆیشی ئەوەی سەلماند. ئیدی بۆ دەبێ پێم بڵێ دوو زمان؟ دەبینم، زۆر بە ڕوونی دەبینم، لە نیگاکردنەکەتا دیارە. کە لە ناخی ناخەوە، گاڵتەت پێم دێ، خەریکە لە پێکەنینا دەکولێی، دڵنیام لە دڵی خۆتا ئەم بەیتە سەخیفانە* بە باڵام دەبڕیت:

لە ڕۆژی خەمناکی

ماڵاوایی منا

با ئەشق

لە شێوەی زەردەخەنەی

ماڵاوایی دا

لەسەر لێوانم هەڵبێ...

ها، ها، ها!

بەوجۆرە لە قاقای پێکەنینێکی توڕەی دا و، ما بەدوایا بکۆکێ. بەدەم کۆکە کۆکەوە، بە دەنگێکی قرخن لەسەری ڕۆیی:

– تۆ تەماشا ئەم گانیایە چۆنە: لەلایەکەوە باسی "پاشماوە" دەکات، لەلایەکی ترەوە بەخۆی لە هەوڵ و هەڵپەی بە دەست هێنانی "پاشماوەیە"؟

میرزادە، قەدەرێکی تەواو بێدەنگ بوو. شۆك بوو بوو، ئەنجام لە بن لێوانەوە گوتی:

– باسی دیدارێکت دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا کرد، وانیە؟

– واز لەو باسە بێنە، خۆ خوانەخواستە ناتەوێ بڵێی بە ڕاستی ئاگات لەوە نیە کە قەرارە ئەمڕۆ ئاگلایا، ناستاسیا فیلیپوڤنا ببینێ؟ بەهۆی هەوڵی منەوە، ڕۆگوژین، لەبەر داوا و دڵی ئاگلایا

ئیڤانوڤنا، ناردویەتی بە شوێن ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بە تایەبتی لە پترسبورگەوە بۆ ئێرەبێت، حاڵی حازر دەگەڵ روگوژیندایە، لە نزیکی ماڵەکەی تۆدایە، لە کۆنە ماڵەکەی جارانیایە، یانی لای داریا ئەلکسیفنایە... یانی دەستە خوشکە ناوزڕاو و بەدناوەکەی... جا قەرارە ئاگلایا ئەمڕۆکە بچێ بۆ ئەو ماڵە بەدناوە و بۆ چارەسەری هەندێ گیروگرفتان، گفتوگۆیەکی دۆستانە دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوفنادا بکات. گەرەکیانە بە زمانی بیرکاری قسان بکەن. تو شەرەفت، ئەمەت نەدەزانی؟

– ماقووڵ نیە! ناچێتە ئەقڵەوە!

– زۆر باشە! با ماقووڵ نەبێ، با باوەڕکردەنی نەبێ! بەڵام تۆ لەکوێ دەزانیت؟ هەرچەندە، لەم کاولە تەنگ و تەسکەی کە ئێمەی تیادا دەژین، ئەگەر مێشێکیش بفڕێت هەموو خەڵکی پێی دەزانن! بە هەرحاڵ من وا پێم گوتیت... تۆش هەقە مەمنوونی من بیت. دەی بەهیوای دیدار! کە ڕەنگە بکەوێتە ئەو دنیا! قسەیەکی دی! دەشێت دەرهەق بە تۆ ڕەفتارێکی خراپ و نا شایستەم کردبێ، ئەمەیان... چونکە ماقوول نیە، بە رژەوەندی خۆم بکەم بە قوربانی بەرژەوەندی تۆ، ماقولە؟ تۆ خۆت داوەربە. ئاخر بۆچی بەرژەوەندی تۆ پێش بەرژەوەندی خۆم؟ من "ئیعترافنامەکەی" خۆم پێشکەش بەو، بە ئاگلایا کرد (ئەوەت نەدەزانی؟) بە مەمنوونیەوە قەبووڵی کرد! ها ها! من هیچ ڕەفتارێکی نا شایستە یان هیچ بەد ڕەفتارییەکم لە هەنبەر ئەو نەکردووە. هیچ هەڵەیەکم دەرهەق بەو نەکردووە. بەڵکو ئەو داوی بۆ من ناوەتەوە و ئیحراجی کردووم، کەچی هێشتا ئەو سووکایەتیم پێدەکات و دەمبوغزێنێ! من هیچ غەڵەتێکم دەربارەی تۆش نەکردووە، هەرچەندە ڕێگەم بەخۆمدا کە سەبارەت بەو ئاماژەیەك بۆ "پاشماوە"و ئەو شتانە بکەم. بۆیە ڕۆژ و سەعات و شوێنی دیدارەکەت بۆ دیاری دەکەم، ئەوەی ژێر بەڕەت بۆ دەخەمە سەر بەڕە!... هەڵبەتە من ئەمە لە ڕووی ڕق و کینەوە دەکەم نەك لە پیاوەتی و جوامێرییەوە! بە دوعا! من بەقەد کەسێکی زمانگر یان سیلاوی چەنەبازم. جا چاو بکەوە، خێرا فریا بکەوە، ئەگەر خۆت بە پیاو دەزانی، هەوڵوێست بنوێنە. دڵنیام ئەمشەو ئێوە یەکتر دەبینن.

هیپولیت، بەرەو دەرگاکە چوو، بەڵام چونکە میرزادە لە دواوە گازی کرد لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا. میرزادە لێی پرسی:

– یانی بەقەناعەتی تۆ، ئاگلایا، ئەمڕۆ، بەخۆی دەچێت بۆ لای ناستاسیا فیلیپوڤنا؟

چەند پەڵەیەکی سوور کەوتنە سەر تەوێڵ و گۆناکانی. هیپولیت، تەمەشایەکی دواوەی خۆی کردو بەرسڤی دایەوە:

– به تەواوەتی نازانم. بەڵام دوور نیە. زیاتر وا دەبێ. چونکە ناستاسیا فیلیپوڤنا ناچێ بۆلای ئەو، وانیە؟ خۆ لەماڵی گانیاش نابێ، چونکە جەنەڕاڵ، خەریکە گیان دەدا، لە حاڵی مردندایە. ڕەئیت بە جەنەڕاڵ، چیە ؟

میرزادە، قسەکەی پێ بڕی:

– گوی بگرە. هەر ئەم هۆیە، بۆخۆی، بەتەنیا بەسە کە ئەو شتە سەر نەگرێت، تەنانەت ئەگەر بشیەوێ بڕوات، چۆن دەتوانێ بچێتە دەرێ؟ تۆ عادەتی باوی ئەو ماڵە نازانیت. مەحاڵە بتوانێ بە تەنیا بچێ بۆ لای ناستاسیا فیلیپوڤنا. چما گاڵتەیە!

– تەمەشا میرزادە: بەخۆت دەزانی کەس لەپەنجەرەوە باز نادات، بەڵام ئەگەر ئاگرێك بکەوێتەوە، بەشەخسیەترین پیاو و سەنگیترین ژن ئەم کارە دەکەن. ئەگەر هیچ چارێك نەبێت و پێویست بکات، هەنگێ ئاگلایاش ناچارە ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر، بڕوات بۆ لای ناستاسیا فیلیپوڤنا. باشە کچانی یەپانچین، هیچ کاتێ بۆیان نیە لە ماڵ بێنە دەر و بڕۆن بۆ شوێنان؟

– نا، مەبەستم ئەمە نەبوو...

– باشە، جا ئەگەر مەبەستت ئەوە نیەو مەسەلەکە وانیە، هەر ئەوەندەی زەحمەتە تا لە دەرگای ماڵ دێتە دەرێ، هەنگێ بۆ خۆی ملی ڕێگا دەگرێت و مەرج نیە جارێکی دی بۆ ماڵ هەر بگەڕێتەوە. وەك دەڵێن چوون بەدەست خۆتە، هاتنەوە بە دەست خۆت نیە. هەندێجار ئینسان ناچار دەبێت، پردی گەڕانەوەی خۆی بڕوخێنێت و بۆ ماڵی داك و بابی خۆی نەگەڕێتەوە. ژیان، هەر فراڤین و شێو و میرزادە "س.." نیە!... لەوە دەچێ، تۆ ئاگلایا تەنیا بە کچۆڵەیەکی مەکتەبلی نازدار بزانی و هیچی تر. من ئەمەم بەخۆی گوتووە، بەخۆیشی هاو ڕەئی من بوو. چاوەڕوانی سەعات حەوت یان هەشت بکە.. ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام، یەکێکم دەنارد چاودێری بکات تا بزانێ کەی لە ماڵ وەدەر دەکەوێت. دەتوانی کولیا بنێری. سەری پێوە نیە بۆ جاسووسی، هەڵبەتە بۆ تۆ و لەپێناوی تۆدا.. چونکە هەموو ئەم شتانە ڕێژەیین... ها ها!..

هیپولیت، دوای ئەو قسەیە وەدەرکەوت و ڕۆیی. میرزادە هەرچی سەری دێناو دەبرد، پێویستی بە جاسووسی کەس نەبوو، ئەگەر شتی واشی لە دەست هاتبا و لێ بوەشاباوە، هەر پێویستی بە جاسووسی کەس نەبوو. ئێستا تەقریبەن بۆی دەرکەوتبوو کە ئاگلایا بۆچی داوای لێکردبوو کە لەماڵ وەدەرنەکەوێت. ڕەنگە بە نیازبووبێ لە دووی بنێرێت، یان ویستبێتی، لە ماڵەوە بمێنێ، تا ئەو بە ئیسراحەت ژوانی خۆی بکات. ڕەنگە هۆیەکەی ئەمە بووبێ.

میرزادە، سەری دەسوڕا، وای هەست دەکرد هەموو ژوورەکە بە چواردەوریا دەخولێتەوە. لەسەر تەختەکە ڕاکشاو چاوانی لێك نان.

مەسەلەکە بەرەو ئەوە دەچوو، بە یەکجارەکی و بەهەر شێوەیەك بووە، یەك لایی ببێتەوە. نا، ئەو ئاگلایای بە کیژۆڵەیەکی مەکتەبلی نازدار نە دەزانی. ئێستا هەستی دەکرد کە زۆر لە مێژە. لەم ڕۆژە، لە شتێکی لەم بابەتە، دەترسا. بەڵام بۆچی ئاگلایا دەیەوێ ئەو ببینێ؟ تەزوویەکی پێدا هات و هەموو گیانی کەوتە سەر ئاو. تایەکی توندی تازەی لێهات.

نا، میرزادە، بە کچۆڵەیەکی منداڵی نەدەزانی! هەندێ لەو ڕاو بۆچوونانەی کە لەو دواییانەدا دەری بڕی بوون، هەندێ لەو قسانەی لەو دواییانەدا کردبوونی، میرزادەیان تەواو شپرزە و نیگەران کردبوو. هەندێجاری دی هەستی دەکرد ئەم کیژە لە ڕادەبەدەر هەوڵدەدا خۆی زەوت بکات، هەڵچوونەکانی جڵەو بکات، میرزادە ئێستا بیری دەکەوتەوە کە چەند لەو حاڵەی دەترسا. ڕاستە لەم ڕۆژانەی دواییدا هەوڵی دەدا ئەو بیرەوەریانە بێدار نەکاتەوە و ئەم ڕەشبینی یە لە خۆی بتارێنێ، بەڵام چ شتێك لە قوڵایی ئەو ڕوح و دەروونە گەنجەدا دەگوزەرا؟ دەمێك بوو بەدەم ئەو پرسیارەوە دەتلایەوە، ئەگەر چی زۆریش متمانەی بە ئاگلایا هەبوو. بەهەرحاڵ، کەسێ نەمرێ، ئەم ئێوارەیە، هەموو گرێکان دەکرێنەوە، مەسەلەکان یەك لایی دەبنەوە و هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە! کە بیرۆکەیەکی سامناکە! دیسان "ئەو ژنە"! بۆچی هەمیشە وای وێنا دەکرد کە ئەو ژنە، لەدوا ساتا پەیدا دەبێت و داوی چارەنووسی، وەکو پەتێکی پسۆکی قرچۆك دەپچڕێنێتەوە؟ هەرچەندە گێژ و کاس لە حاڵی نیمچە وڕێنەدا بوو، هەنووکە ئامادە بوو سوێند بخوات، کە هەمیشە ئەو ترسەی لە دڵدا بووە. ئەگەر لەو دواییانەدا هەوڵی دابوو، فەرامۆشی بکات و بیری خۆی بباتەوە، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کەلێی دەترسا. ئەدی تەگبیر؟ ئایا ئەو ژنەی خۆش دەویست یان لێی بێزار و وەڕەز بوو؟ بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بۆ تاقە جارێکیش ئەو پرسیارەی لەخۆی نەکرد. لەو بارەیەوە یەك دڵ بوو. دەیزانی کێی خۆش دەوێ... ترسی ئەو لە دیداری ئەو جووتە یان لە غەریبی ئەم ژوانە نەبوو، هەروەها ترسی لە نادیاری ئەنگێزەی دیدارەکە، لە ئەنجامەکانی ئەو دیدارە، چاکی یان خراپی، نەبوو، بەڵکو لە خودی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەترسا. دوای چەند ڕۆژێك، بیری کەوتەوە کە چۆن بە درێژایی ئەو سەعاتانەی کە بەدەم وڕێنەی تاوە بەسەری بردبوو، بەردەوام چاوان و نیگای ناستاسیا فیلیپوڤنای لەبەر چاو بووە، دەنگی ناستاسیای لەگوێدا بووە کە قسەی سەیرو سەمەرەی کردووە.بەڵام دوای بەسەرچوونی وڕێنە تایەکەی تەنیا شتێکی کەمی ئەو شتانەی بیر مابوون. بۆ نموونە بە حاڵ ئەوەی بیر مابوو کە ڤیرا شێوی بۆ هێنا بوو و خوارد بووی، بەڵام بیری نەمابوو و نەیدەزانی کە دوای شیوەکە خەوتبوو یان نا، تەنیا ئەوەندەی دەزانی کاتێ کە ئاگلایا لە ناکاوا هاتە بالکۆنەکە، ئەم لەسەر تەختەکە ڕاپەڕی، تا ناوەڕاستی ژوورەکە بە پیرییەوە چوو، ئیدی بە تەواوەتی وەخۆ هاتەوە و شتەکانی لەلا ڕوون بووەوە. سەعات نزیکەی حەوت و چارەگ بوو. ئاگلایا بە تاقی تەنیا هاتبوو. یەجگار سادەپۆش بوو، لەوە دەچوو لە پەلە پەلیدا ئەو جلە سادەیەی لەبەر کردبێت. ڕەنگی وەکو جاران، وەکو کاتی دوا دیداریان سپیواژ بوو، بەڵام

چاوانی گەش و مەندو درەخشان بوون. میرزادە قەت چاوانی ئاگلایای بەو تەعبیرەوە نەبینی بوو.

ئاگلایا بە دیقەت سەرنجی دا. ئەوسا بە دەنگێکی نزم و بە ڕواڵەت ئارام گوتی:

– چیە حازرو ئامادەیت، خۆت گۆڕیوەو کڵاوەکەت بەدەستەوە گرتووە. وا دیارە کەسێك خەبەری داویتێ. دەزانم کێ خەبەری داویتێ: هەبێ و نەبێ ئیشی هیپولیتە، وانیە!

میرزادە، کە لە گیانی خۆی بێزار بوو و لەنیوە مردوو دەچوو، لەبن لێوانەوە گوتی:

– بەڵێ... ئەو پێی گوتم...

– باشە... کەواتە با بڕۆین: هەڵبەتە دەبێ لەگەڵما بێی بۆ ئەوێ. خۆ توانای هاتنە دەرەوەت هەیە، وانیە؟

– دەتوانم... بەڵێ... بەڵام... باشە ئەمە دەبێ؟

لەپڕ بێدەنگ بوو. چونکە نەیدەتوانی تاقە وشەیەکی دیکە بڵێ. ئەمە تاقە هەوڵی ئەو بوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لەم کیژە سەرسەخت و کەڵەوەکێشە بگرێت و ژێوانی بکاتەوە. ناچار وەکو کۆیلەیەکی ئەڵقە لەگوێ، دووی ئاگلایا کەوت. هەرچەندە بیری پەرت و مێشکی جەنجاڵ بوو، دەیزانی کە ئاگلایا، بەبێ ئەویش (میرزادە) هەر بۆ "ئەوێ" دەڕوات، ناوەڵڵا باشتر وایە بەگەڵی بکەوێت. دەیزانی کیژێ بڕیاری خۆی داوە و بە هیچ کلۆجێ لەکەری شەیتان نایەتە خوارێ و بەم ژێوان ناکرێتەوە. بە دوو قۆڵی، بە بێدەنگی، وەڕێکەوتن، بە درێژایی ڕێگا، مەگەر بە دەگمەن، دەنا ورتە لە کەسیانەوە نەهات. میرزادە هەستیکرد، ئاگلایا تەواو شارەزای ڕێگایە. کاتێ کە پێشنیازی کرد، کە ڕێگاکەیان بگۆڕن و بە شەقامێکی چەپەك ترا، بەڵام هەندێ دورترا بڕۆن، ئاگلایا بە وردی گوێی گرت، وەکو ئەوەی پێشنیازەکەی تاوتوێ بکات و هەڵی بسەنگێنێ، لەپڕو بەکورتی گوتی: "هیچ فەرقێك ناکات! یەك شتە!"

گەیینە نزیکی ماڵەکەی داریا ئەلکسیڤنا (خانوویەکی گەورەی کۆنی تەختە بوو) سەیریانکرد خانمێکی پۆشتەو پەرداخ و کچۆڵەیەکی تازە ساڵ، لە قاڵدرمەکانی پێشەوە دابەزین و سواری گالیسکەیەکی کەشخە بوون کە لەبەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگادا چاوەڕوانیان بوو. بەدەم پێکەنینەوە، بە دەنگی بەرز قسانیان دەکرد و هەر سەیری ئەم جووتەشیان نەکرد کە بەرە بەرە نزیك دبوونەوە، لە تۆ وایە هەر نەشیان دەبینین. هەرکە گالیسکەکە دوور کەوتەوە، دووبارە دەرگا کرایەوە، ڕوگوژین کە چاوەڕوانی ئەوان بوو، میرزادە و ئاگلایای بردنە ژوورەوە و دەرگاکەی لە دوایانەوە داخست. ڕوگوژین نیگایەکی پڕ سەرسامی میرزادەی کردو بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئێستا جگە لە ئێمە، هەر چوارمان، کەس لەمماڵەدا نیە!

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە یەکەم ژوورا چاوەڕوانیان بوو. ئەویش جلێکی زۆر سادەی سەراپا ڕەشی پۆشی بوو. لەبەریان هەستاو پێشوازی کردن، بەڵام نە پێکەنی و نە تەوقەشی دەگەڵ میرزادەدا کرد. بەبێ قەراری و نیگەرانی چاوانی بڕی بوونە ئاگلایا. جووتە ئافرەت دوور لە یەکدی دانیشتن: ئاگلایا لە سووچێکی ژوورەکەدا، لەسەر تەختێك دانیشت و ناستاسیا فیلیپوڤنا لە نزیکی پەنجەرەکەوە دانیشت. میرزادە و ڕوگوژین بە پێوە وەستابوون، کەس خوڵکی دانیشتنی نەکرد بوون. میرزادە نیگایەکی وێڵ و پەرێشانی ڕوگوژینی کرد، نیگای چی، سەرڕێژ بوو لە عەزاب. بەڵام ڕوگوژین، سووکە بزەیەکی بەسەر لێوەوە بوو و، هەر ئەو بزەیە بوو و نەدەگۆڕا.

ئەنجام تەمێکی شووم بەسەر سیمای ناستاسیا فیلیپوڤنادا گوزەری کرد. نیگای ناسازگار، نیمچە توڕە، زبر، ڕقن و، بوغزنی لە میوانەکەی نەدەگواستەوە. ئاگلایا بە ئاشکرا ناڕەحەت بوو، بەڵام بەهیچ جۆرێ ترسی پێوە دیار نەبوو. کاتێ کە وەژوورکەوت، بەحاڵ تەمەشای هەڤرکەکەی خۆی کرد، ماوەیەك بەچاوانی داخراوەوە دانیشت، وەکو ئەوەی دەبیرێکی قووڵەوە چووبێ. یەك دووجار نیگای تەوسامێزی، وەك بڵێی بەرێکەوت، بەژوورەکەدا گێڕا. جۆرە بێزارییەك نیشتە سەر سیمای، وەك ئەوەی بترسێت لە شوێنێکی وادا بلەوتێ. بە حەواس پەرتی جلەکانی ڕێك خستەوە، تەنانەت جارێکیش بە ناڕەحەتی شوێنەکەی خۆی گۆڕی و چوو لەوسەری تەختەکە دانیشت. لەوە نەدەچوو وەکو پێویست ئاگای لە هەموو جم و جووڵەکانی خۆی بێت، بەڵام هەر ئەم بێ ئاگاییە خۆی لە خۆیدا نیشانەی شەڕفرۆشی و مایەی ئەزیەتدانی هەست و بریندارکردنی کەرامەت بوو..ئەنجام عەزمی جەزم کردو لێبڕا، ڕاستەوخۆ، چاو ببڕێتە دوڕ ئەو چاوە پرشنگدارانەی ناستاسیا فیلیپوڤنا بڕی بوونیە ئەو، کە یەکسەر و بە ئاشکرا ڕق و بوغزی دژایەتی و هەڤرکی تیایاندا خوێندەوە. هەردوو ئافرەتەکە لە فیکەی خۆیان حاڵی بوون. ئاگلایا تەزوویەکی پێدا هات، دوای تۆزێك هاتە زمان و بە ئەسپایی گوتی:

– بێگومان، دەزانیت بۆچی داوام کردووە بۆ ئێرە بێی.

لەماوەی ئەو ڕستە کورتەدا، یەك دوو هەڵوەستەی کرد.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە زمانێکی وشك و فەرمی بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، هیچ شتێك لەمبارەیەوە نازانم.

ئاگلایا، سوور بووەوە، پێدەچوو لەپڕ هەستی کردبێت کە بوونی دەگەڵ ئەم ئافرەتەدا و لە ماڵی "ئەو ژنە"دا، زۆر نەشازو باوەڕ نەکردەنی بێ، نەچێتە ئەقڵەوە. کە گوێی لە یەکەمین

سەدای ناستاسیا فیلیپوڤنا بوو، تەزوویەکی ساردی بە سەراپادا هات، دەتگوت یەك کوندە ئاوی ساردی پێدا کردووە. دیارە "بەرانبەر"کەشی هەستی پێکردو پەی بە هەموو شتێك برد.

ئاگلایا، بە پەستی چاوی بڕینە ئەرزەکە و لەپر و بە دەنگێکی نیمچە نزم گوتی:

– تۆ هەموو شتێك دەزانیت... بەڵام بە ئانقەست خۆت لە گێلی دەدەی.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەدەم تەوسخەنێکی کاڵەوە بەرسڤی دایەوە:

– بۆچی خۆم لە گێلی دەدەم؟

ئاگلایا بەشێوەیەکی ناشیانە و تا ئەندازەیەك مایەی پێکەنین، لەسەری ڕۆیی:

– دەتەویٚ خۆت بنوێنی، هاتنی من بۆ ئێرە، بکەی بە چەکێك و لە سێبەری ماڵەکەی خۆتا دژی من بەکاری بێنی، خۆتم بەسەرا بابدەی..

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەپڕ وەجۆش هات و بەتوندی گوتی:

– خۆت ئەم وەزعەت بۆ خۆت دروستکردووە. تۆ هاتوویت، من بە شوێنما نەناردووی، بەڵکو تۆ داوای ئەم دیدارەت لە من کردووە، کە تائێستاش نازانم بۆ چیەو بە چ مەبەستێکە. ئاگلایا، بە لووتبەرزی و خۆپەسەندییەوە، سەری هەڵبڕی و گوتی:

– ئاگات لە زمانت بیٚ، من بۆ شەڕە قسان نەهاتووم بۆ ئێرە، چونکە ئەوە چەکی من نیە، چەکی تۆیە...

– ئاوا.. کەواتە تۆ هەرچۆنیٚ هاتبی، بە نیازی شەڕ هاتوویت!... من وام تەسەور دەکرد. زۆر لەمە دڵپاکتر و زرنگ تر بیت!..

ئەو جووتە بە ڕقێکی ئاشکراوە چاویان بڕی بووە چاوانی یەکدی. یەکێك لەم دوو ئافرەتە، ئەوەیان بوو کە ئەو نامە پڕ سۆزو ڕێزو دۆستایەتیەی بۆ ئەمی تریان نووسی بوو، کەچی لەگەڵ یەکەم دیدارو یەکەم دەم هەڵهێناندا، هەر هەموو ئەو سۆز و ڕێز و دۆستایەتیە ڕەوییەوەو هەڵم ئاسا چوو بە ئاسمانا و نەما. ئەمە چۆن لێك بدەینەوە؟ لەوکاتەدا، هیچ یەکێك لەو چوار کەسەی کە لەوێندەر بوون، ئەمەیان بەلاوە سەیر نەبوو. میرزادە کە تا دوێنیٚ، ئەم وەزعەی لەخەویشا دیتبا باوەڕی نەدەکرد، هەنووکە بێخەم و خەیاڵ وەستا بوو و تەمەشای دەکرد، لە تۆ وایە لە مێژە پێشبینی ئەوەی کردووە. خەیاڵی ترین خەون لەپڕێکا بوو بوو بە واقیعێکی زەق و زندوو. یەکێك لەو دوو ژنە، لەو کاتەدا، هەستی بە ڕقێکی ئەوتۆ لە ڕەقیبەکەی دەکردو هێندە بەتاسەوە ئەو ڕقەی دەربڕی (بەدەردی ڕوگوژین ڕۆژی دوایی گوتی لەوە دەچوو بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە و بۆ ئەو جوابە جەنگییە هاتبیٚ) کە بەرانبەرەکەی، سەرباری خەیاڵپەروەری خۆی،

هەر نیازو مەبەستێکی پێشوەختەی لە دڵ و دەروونا بوو، بە گشت مجێزێکی سەیری خۆیەوە، بە هەموو نیگەرانیەکی فیکریەوە، بە هەموو نەخۆشیەکی دەروونی خۆیەوە، نەیدەتوانی تەحەمولی ئەو تانەو تەشەرە ژەهراوی و ژنانەیە بکات کە ڕەقیبەکەی دەری دەبڕی. میرزادە دڵنیا بوو کە ناستاسیا فیلیپۆڤنا، بەخوایشتی خۆی نایەتە سەر باسی نامەکان. یەکسەر بە گڕی چاوەکانیا بۆی دەرکەوت، کە ئەو نامانە لەوکاتەدا چەندیان ئەزیەت دەدا. بەڵام ئامادەش بوو، نیوەی تەمەنی بدات، بەو مەرجەی ئاگلایاش باسی ئەو نامانە نەکات. کەچی ئاگلایا لەناکاوا، وەخۆ هاتەوەو، بەدەم خۆ زەوت کردنەوە گوتی:

– تۆ لە من نەگەیشتی. من بۆ ئەوە نەهاتووم بۆ ئێرە... تا شەڕت دەگەڵ بکەم، هەرچەندە زۆرم خۆش ناوێی. بەڵکو هاتووم.. تا وەکو دوو مرۆڤ پێکەوە گفتوگۆ بکەین. من کە داوای ئەم دیدارەم لێکردبوویت، پێشوەختە، بابەتی دیدارەکەم دیاری کرد بوو و دامنابوو دەربارەی چی قسە بکەم، جا ئەگەر بە تەواوەتیش لێم تێنەگەیت، من لە بڕیاری خۆم ژێوان نابمەوە، قسەی خۆم هەر دەکەم. ئەگەر بتەوێ لێم تێنەگەیت و خۆت لە گێلی بدەیت، تۆ زەرەر دەکەیت نەك من. من دەمویست وەڵامی نیوەڕۆکی ئەو نامانەت بدەمەوە کە بۆت نووسیبووم. وەڵامەکەشم ڕوو بەڕوو، ڕاستەوخۆ لە دەمی خۆمەوە بژنەوی، نەك لە ڕێگەی نامەو نامەکارییەوە، چونکە ئەمەم پێ باشترو پەسەندترە. جا وەڵامی من بۆ نامەکانت ئەمەیە. من لەیەکەم ڕۆژەوە کە میرزادە لیون نیکولایوفیچم بینی و ناسی، جۆرە سۆز و بەزەییەکم دەرهەق بەوی لا دروست بوو. کە بە واریقاتی ئاهەنگ و شەونشینییەکەی تۆشم زانی، ئەم سۆزو بەزەییەم هێندەی دی لەلا تۆخ بووەوە. بەزەییم بەوەیدا دەهاتەوە کە مرۆڤێکی هێندە دڵساف و سادە بوو وای وێنا دەکرد دەتوانێ بەختەوەر بێت... لەگەڵ ژنێکا... بەم خوو خەسڵەتانەوە. ئەوەی من لێی دەترسام ڕووی دا: تۆ نەتتوانی خۆشت بوێ، دەسی دەسیت پێکرد، عەزابێکی زۆرت داو پاشان بەجێت هێشت. تۆ بۆیە نەتتوانی خۆشت بوێ، چونکە زۆر شاییت بەخۆ بوو... نا... شایی نا... باشم نەگوت، بەڵکو مەغروور بوویت.. نا، مەغروریش نا، ئەمەش زاراوەیەکی گونجاو نیە.. باشتر وایە بڵێم خۆپەرستی. تۆ تا ڕادەی.. شێتاتی خۆپەرستی. باشترین بەڵگەشم ئەو نامانەیە کە بۆ منت نارد بوون. تۆ نە تدەتوانی ئەوت بەو هەموو سادەییەی خۆیەوە خۆش بوێ، ڕەنگە لە دڵی خۆتا لێشی بێزار بووبی و گاڵتەت پێی کردبێت و پێت ڕابواردبێت. تۆ نە تدەتوانی جگە لە نەنگی و عەیب و عارو بەد ناوی ڕابردووی خۆت هیچی ترت خۆش بوێ، تۆ لەزەتت لەو سووکی و نەنگی و ناوزڕاویەی خۆت دەبینی. خۆ ئەگەر ئەم بەدناوی و نەنگیەت کەمتر بوایە، یان هەر نەتبوایە، ڕەنگە بەد بەخت تر بای...

ئاگلایا، کە پێشوەختە ئەو وشەو دەستەواژانەی ئامادە کردبوو، زۆرجار، تەنانەت بەر لەوەی بە خەویش تەسەوری ئەو دیدارەی کردبێ، لەبەرخۆیەوە گوتبوونیەوە، پرۆڤەی لەسەر کرد بوون، بۆیە زۆر بەڕەوانی وخێرایی بۆی دەهات، بە لەزەتێکی زۆرەوە بەکاری دەبردن. ژێراو ژێر

به نیگای بوغزنەوە دەیڕوانیە ناستاسیا فیلیپوڤنا، تا کاریگەریی قسە ڕەقەکانی خۆی لە سیمای پەشێو و نیگەرانیا بخوێنێتەوە .

ئاگلایا، لەسەر قسەکانی ڕۆیی و گوتی:

– ئەونامەیەت بیرە کە ئەو کاتانە بۆی نووسی بووم؟ بە خۆی پێی گوتم کە تۆ ئاگات لەو نامەیە هەبووەو تەنانەت خوێندووتەوە؟ من کە ئەو نامەیەم خوێندەوە ئیدی هەموو شتێك حاڵی بووم. هەمو شتێکم بە ڕوونی بۆ دەرکەوت، مەزەندەو بۆچوونەکەشم دروست بوو. بە خۆی ماوەیەك لەمەپێش هەر هەموو ئەو وشانەی بۆ سەلماندم کە ئێستا من پێم گوتیت. ئیدی دوای ئەو نامەیە چاوەڕوانم کرد. پێموابوو تۆ ناچار دەبی بێی بۆ ئێرە، چونکە تۆ بەبێ پترسبۆرگ ناتوانی بژی: تۆ لەوە گەنجترو خشیکتریت کە لە شارۆچکاندا هەڵبکەی و بژیت...

لەکاتێکا کە سوور سوور ببووەوە، (تا ئەو کاتەی کە لە قسەکانیشی بووەوە، ئەو سوورریە لە سیمای نەڕەوییەوە) لەسەری ڕۆیی:

– ئەمانەش قسەی من نین!.. کە جارێکی دی میرزادەم بینییەوە، زۆرم خەفەت بۆ خوارد، هەستم کرد، سووکایەتی پێکراوە. پیّ مەکەنە. چونکە پێکەنینەکەت خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە توانای دەرککردنی ئەمەت نییە...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە خەمینی و زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە:

– بە خۆت چاك دەبینی کە پێناکەنم.

– گرینگ نیە، بۆ من فەرق ناکات، بە ئارەزووی دڵی خۆت پێبکەنە. کاتیّ کە بەخۆم پرسیارم لێکرد، پێی گوتم کە دەمێکە خۆشی ناوێی، تەنانەت یادو یادگاری تۆش ناڕەحەت و دڵگرانی دەکات. بەڵام دڵی بە حاڵت دەسووتیّ. هەر کاتیّ کە بیر لە تۆ دەکاتەوە، هەست دەکات دڵی "بۆ هەتا هەتایە بریندار دەبی". حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە من بەعەمرانم، پیاوی وا نەجیب، دڵساف و، لەڕادەبەدەر خۆشباوەڕم نەدیتووە. پاش ئەوەی گوێم لە قسەکانی بوو. هەستمکرد هەر کەسێك بیەویّ، دەتوانیّ فریوی بدات، هەر کەسێکیش فریوی بدات، زۆر دڵنیایە لەوەی کە دەیبورێت. من لەبەر ئەوە خۆشم ویست..

ئاگلایا، لەپڕ بێدەنگ بوو، دەتگوت حەپەسا، لە تۆ وایە لەخۆی دەپرسی چۆن توانیت ئەو قسەیە بکەی. باوەڕی بە خۆی نەدەکرد ئەو قسەیەی کردبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا کبریاو غرووڕێکی بی ئەندازە، لە نیگایا پرشنگی دا. لەوە دەچوو ئیدی دوای ئەو ئیعترافەی کە بە دەمی خۆی کردی، بەلایەوە گرینگ نەبیّ "ئەو ژنە" پێبکەنیّ. گوتی:

– من هەموو شتێکی خۆم گوت، بێگومان دەبیّ ئێستا بزانیت کە چاوەڕوانی چیم لە تۆ، ها ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە هێمنی و ئەسپایی گوتی:

– ڕەنگە بزانم. بەڵام حەزدەکەم بەدەمی خۆت بڵێی. لەدەمی خۆتی ببیستم.

ئاگلایا، لە توڕەییدا گڕی گرت. بە توندی و بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– من دەمەوێ لە دەمی خۆتەوە بزانم، تۆ بە چ هەقێ یاری بە هەست و سۆزی وی دەرهەق بەمن دەکەی؟ بە چ هەقێك پرکێشی ئەوەت کردووە نامە بۆ من بنووسیت؟ دوای ئەوەی بەجێت هێشت و، بەو شێوە نەنگین و بەو بێ ئابڕووییە ڕەدوکەوتیت، بە چ هەقێ هەرسا نا ساتێ چ بەو و چ بە من دەڵێی، خۆشت دەوێت؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە زەحمەت وەڵامی دایەوە:

– من نەمگوتووە، خۆشم دەوێ، نە بەو و نە بە تۆم نەگووتوە خۆشم دەوێ،

ئەوجا بە دەنگێکی نزم، کە بە ئاستەم دەبیسترا لەسەری ڕۆیی:

– بەڵام... بەڵام ڕاست دەکەی... من بەجێم هێشت.

ئاگلایا، بە سەر سامی پرسی:

–چۆن؟ قەت نە تگوتووە خۆشت دەوێ، "نە بە من و نە بەوت" نەگووتوە؟ ئەدی نامەکانت؟ کێ لێت پاڕایەوە کە ببی بە دەڵاڵی زەماوەند و هەوڵی ئەوە بدەی من هان بدەی کە شوی پێبکەم؟ ئەمە نیشانەی خۆشەویستی نیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیعتراف نیە؟ تۆ هەقی ئێمەت چیە؟ بۆ دەکەویتە بە ینمانەوە؟ لەسەرەتادا وام وێنا دەکرد دەتەوێ بەم کارەت بەینمان تێك بدەیت، بە تۆبزی لەبەر چاومی بخەیت، تا پەیوەندی دەگەڵدا بپڕم. پاشان لە نیازت گەییشتم: تۆ وات خەیاڵ دەکرد، بەم چاو و ڕاوە. ڕیابازی و پەتبازیە کارێکی گەورە دەکەیت و ئەمە بۆ تۆ گەورەییە... بەڵام تۆیەك کە ئەوەندە خۆپەرست بیت، لە کوێ دەتوانی ئەوت خۆش بوێ؟ بۆچی لە جیاتی نووسینی ئەو نامانە بۆ من، دەستبەردار نەبوویت و بەدەردی خۆتەوە دانە سەکنایت؟ ئێستا بۆچی شوو بەم پیاوە شەریفە ناکەی کە زۆری خۆش دەوێی و شانازی خوازگاری پێ بەخشیویت؟ هۆیەکەی وەکو ڕۆژی ڕوون عەیانە: کە شووت بە ڕوگوژین کرد، ئیدی هیچ بیانوویەکت بەدەستەوە نامێنێ کە گلەیی لە بەختی خۆت بکەیت و مەزلۆمیەتی خۆت بدەی بە رووی خەڵکیدا. ئیدی هیچ پاکانەیەکت بەدەستەوە نامێنێ کە ڕکونی وکینە کێشیەکانتی پێ پینە بکەیت. بەپێچەوانەوە: شووکردنت بە ڕوگوژین، شانازییەکی ئەوەندە گەورەت بۆ دابین دەکات کە سەرو زیادە لێت!. یەڤگینی پاڤلوفیچ سەبارەت بە تۆ دەڵێت کە شیعرێکی یەجگار زۆرت خوێندووەتەوە، لەچاو خۆتا زۆر خوێنەوارو ڕۆشنبیریت... ئەوەندەی حەزت

لەخوێندنەوەیە، حەزت لەکار نیە، یانی تەمەڵی و بێکاریت کردووە بەپیشە، خۆ پەرستیەکەشت لەولاوە بوەستێ...

– ئەدی خۆت، تۆش بێکارو دەست بە تاڵ نیت ؟

ڕەوتی قسەکانت، خۆ بە خۆ و زۆر گەوجانە بە ئاڕاستەیەکی چاوەڕوان نەکراودا دەڕۆیی. ئەم ڕووداوە بۆ ناستاسیا فیلیپوڤنا زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە کاتێ کە بۆ پاڤلوفیسك هاتبوو، ویڕای ئەوەی زیاتر چاوەڕوانی شەڕ بوو تا خێر، هێشتا هەندێ هیواو ئاواتی لە خەیالاْ هەبوو، دڵی خۆی بە هەندێك خەون و خەیاڵان خۆشدەکرد. ئاگلایاش، سەری لەخۆی سووڕ مابوو، وەکو یەکێك لە قەدپاڵێکی ڕکەوە داگەڕێ و غل ببێتەوە و نەتوانێ خۆی بگرێتەوە، بەو ئاوایە بەرلێشاوی لەزەتی بێ ڕەزای تۆڵە ئەستێنی کەوتبوو و بۆی ڕام نەدەکرا. تەنانەت ناستاسیا فیلیپوڤناش، زۆری پێ سەیر بوو کە ئاگلایای بەو حاڵەوە دەبینی، هێندە بە حەپەساوی وسەرسامی و نیگەرانیەوە سەیری دەکرد وەك بڵێی باوەڕ بەچاوی خۆی نەکات. ئایا ئەمە هەمان ئەو ژنە بوو کە بە تەسەوری یەڤگینی پاڤلوفیچ، خوێنەرێکی پشوو درێژی دیوانە شیعرو کتێبان بوو یان ئەو ژنە بوو، کە بە قەناعەتی میرزادە، شێت و پەتیارە بوو؟ بە هەرحاڵ ناستاسیا فیلیپوڤنا، هەرچەند هەندێجار ڕەفتاری ناشایستە و گۆساخانەی هەبوو، بە ڕاستی زۆر لەوە بەحەیاتر، ناسکتر، ئارامتر و خۆشباوەڕتر بوو کە تەسەور دەکرا. ڕاستە، زۆر شتی هەبوون کە زادەی کتێبان و خەون و خەیاڵانی دەرونبینی بوون، بەڵام کەسێکی پڕ سۆزو بەشەخسیەت و یاخیش بوو. میرزادە ئەوەی تیا بەدی کرد: ئێستا ئازارێکی توند، بەسیمایەوە خۆی دەنواند. ئاگلایا ئەمەی بەدی کرد. لە کەرب و کینا لەرزی، بە غروورێکی لەوەسف نەهاتووەوە، وەڵامی تێبینی یەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنای دایەوە:

– چۆن زات دەکەی بەم شێوەیە قسە دەگەڵ من بکەی؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا بە سەرسامی پرسی:

– دیارە بە باشی گوێت لێم نەبووە، مەگەر چم پێگووتویت؟

ئاگلایا، لەپڕو، بێ هیچ مدارایەك، بە تەوسەوە گوتی:

– ئەگەر ژنێکی شەریف و پاك بووی، ئەگەر حورمەتی خۆت دەگرت، بۆچی سوك و ئاسان، پەیوەندی خۆت دەگەڵ ئەو پیاوە شەرواڵ پیسەدا، دەگەڵ توتسکی دا، نەبڕی، چ پێویست بەم سیناریۆو سیناریۆکاریە بوو؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کەوتە لەرزین، ڕەنگ لە ڕوویا نەما، گوتی:

– تۆ چی دەربارەی وەزعی من دەزانیت، تا ڕێ بەخۆت بدەی سەبارەت بە من داوەری بکەیت؟

– دەزانم، تۆ لەجیاتی بڕۆی کاریک بدۆزیتەوە و بەڕەنجی شان، ڕزق و ڕۆزی خۆت پەیدا بکەی، ڕەگەڵ ڕوگوژینی دەوڵەمەند کەوتی، تا پاشان دەوری فریشتەیەکی بەدناو بگێڕیت. هیچیش بەلامەوە سەیر نییە کە توتسکی خەریك بوو لەبەر خاتری ئەم فریشتە بەدناوە خۆی بکوژێت!

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە زۆر بریندار بوو، بە بێزارییەوەگوتی:

– بەسە! تۆش هەر بەقەد ئەو کارەکەرەی داریا ئەلکسیڤنا لە من گەیشتوویت، کە لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا دەزگیرانە گەنجەکەی ڕاکێشایە بەر دادگا. کارەکەرەکەی داریا ئەلکسیڤنا، باش لە تۆ و لە زمانی تۆ دەگات...

– پێموایە کچێکی شەریفە و بەڕەنجی شانی خۆی دەژی. بۆچی بەو سووکیە باسی کارەکەران دەکەی؟

– من عەیب لەو کەسانە ناگرم کە کاردەکەن، کار کردن عەیب نیە، بەڵکو تۆ بە سووك دەزانم کە باسی کاردەکەی!

– ئەگەر بتویستایە، شەریفانە بژیت، جلشۆریت دەکرد.

جووتە ئافرەت، هەردووکیان ڕەنگ زەردو لێو بەبار هەستانە سەرپێیان، بە ڕقەوە دەیانڕوانیە یەکدی.

میرزادە، بە پەشۆکاوی هاواری کرد:

– ئاگلایا بەسە، خۆت هێور بکەوە! عەیبە!

ڕوگوژین، لە بزە کەوتبوو، بە دەم لێو هەڵقورتاندنەوە، دەستی لەسەر سینگ تێك هاڵاند بوو و گوێی دەگرت.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە لە تووڕەییدا سەراپای هاتبووە لەرزین گوتی:

– تەمەشا، تەمەشا! تەمەشای ئەم کچە بکە! کە بێ ئەقڵم! وامدەزانی فریشتەیە! ئاگلایا ئیڤانوڤنا، ئاخر تۆ چۆن بە بێ دایەنەکەت، بۆ ئێرە بۆلای من هاتوویت؟...دەتەوێ... دەتەوێ... حەزدەکەی ڕێك و ڕەوان، بی پێچ و دەوران، بە ڕاشکاوی پێت بڵێم، بۆچی بۆلای من هاتوویت؟ چونکە لە من دەترسیت. بۆیە هاتوویت بۆلام!

ئاگلایا. دەهری و تووڕە، لەوەی کە چۆن ئەم ژنە، ئەم ڕەقیبەی زاتدەکات بەو گۆساخیە ئەو بدوێنێ، پرسی:

– من له تۆ دەترسم؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ له من! بۆیه لێبڕاوی که بۆ ئێره بێی، چونکه له من دەترسیت. مرۆڤ له کەسێك ترسا، به سووکی نازانێ، سووکایەتی پێناکات. تۆ سەیری نەزانی من که تا ئێستا ڕێزم گرتوویت؟ و دەزانی بۆ له من دەترسیت ؟ تۆ دەتەوێ بەچاوی خۆت ببینی و بزانیت ئایا منی خۆشتر دەوێ یان تۆ. چونکه تۆ غیره دەکەیت، کەسێکی حەسوودیت، زۆریش حەسوودیت...

ئاگلایا، لەبن لێوانەوه گوتی:

– پێی گوتووم که له تۆ بێزاره، ڕقی لێته...

– دەشێت، ڕەنگه من شایستەی ئەو نەبم... بەڵام تۆ درۆ دەکەی! چونکه ناتوانێ ڕقی له من بێ. مەحاڵه قسەی وای کردبێت! وێڕای ئەوەش ئامادەم بتبورم... لەبەر ئەو وەزعەی که تیایای... من ڕاو بۆچوونێکی باشترم دەربارەی تۆ هەبوو!.. وام تەسەور دەکرد که زیرەکتر و جوانتر بی لەمەی که هەی! باوەڕبکه ئەوه تەسەوری من بووه!... به هەرحاڵ، فەرموو گەنجەکەی خۆت ببه... بیبه... تەمەشاکه.. بزانه چۆن ئەبڵەق بووەو، ئاگای له خۆ نەماوەو خەریکه بەنیگا دەتخوا.. بیبەو، بڕۆ، بەڵام به مەرجێ، یەکسەر لێره بڕۆیت! ئا، ئێستا، بڕۆیت!...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، به دەم ئەو قسانەوه، به سەر یەکیك له قەنەفەکانا داڕوخاو کەوته فرمێسك هەڵڕشتن. بەڵام له ناکاوا بیرۆکەیەکی تازەی بەمێشکا هات و لەچاوانیا بڵاچەی دا، به وردی چاوی بڕییه ئاگلایا و هەستا، گوتی:

– دەتەوێ ئەمر... ی پێبکەم... ئا ئێستا... ئەمری پێبکەم... چ دەڵێی؟ ئەمری پێبکەم تا یەکسەر وازت لێبێنێ، تا هەتا هەتایه لەگەڵ منا بێ و بمخوازێ؟ دەتوانم به ئاماژەیەك ئەمەی پێ بکەم. هەنگێ تۆ به دەستی بەتاڵ، به ڕاکردن، به تاقی تەنیا، ڕێ و ڕێ بۆ ماڵ بگەڕێیتەوه.. دەتەوێ ئەم کاره بکەم؟ دەتەوێ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، وەکو شێت به دەم ئەو قسانەوه هاواری دەکرد. لەوه دەچوو به خۆیشی باوەڕ نەکات بتوانێ ئەو قسانه بکات. ئاگلایا پەشۆکاوو شپرزه بەرەو دەرگا چوو. بەڵام وەکو ئەوەی لەپڕ لەوێدا بچەقێ له ئاستانەی دەرگاکەدا وێستاو کەوته گوێگرتن. ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– دەتەوێ ڕوگوژین ترۆ بکەم؟ واتدەزانی من لەبەر خاتری تۆ شوو به ڕوگوژین دەکەم؟ دەتوانم ئا ئێستا، لەبەردەمی تۆدا به دەنگی بەرز بڵێم: "ڕوگوژین بۆ دەرەوه!" و به میرزاده بڵێم: "لەبیرته بەڵێنی چیت بەمن دا ؟" خودایا! چۆن خۆم به دەم ئەمانەوه سووك کردووه؟! ئەرێ میرزاده هەر

تـۆ نـەبووی. کـە بـەڵێنت دامـیٚ، بـۆ هـەرکوی بـڕۆم دووم بکـەوی، هەرچـیەکم بـە سـەربیٚ، وازم لێنـاهێنی؟ خۆشـت دەویٚـم و قـەت ڕۆژیٚ لـە ڕۆژان دەسـتبەردارم نابیـت و چـاو پۆشـی لـە هـەموو خـەتاو هەڵـەکانم دەکـەیت؟ ڕێـزو حورمـەتم دەگریـت.. وات نـەگوت؟ بـەڵیٚ.. گوتـت، بـە دەمـی خـۆت گوتت. بەڵام من کە لێت هەڵاتم، تەنیا بەو مەبەستە بوو کـە ئـازادت بکـەم. حـوڕی خـۆت بـی. بـەڵام ئێسـتا ژێـوانم لـەوە، ڕێگـەت نـادەم بڕۆیـت! بۆچـی ئـەم خانمـە وەکـو ئـافرەتێکی قەحبـە مامەڵـەم دەگەڵدا دەکـات ؟ فەرموو لـە ڕوگـوژین بپرسـە ئایـا مـن ئـافرەتێکی خۆفرۆشـم؟ لـەو بپرسـە، پێـت دەڵێت!... ئێستا کە بە بەرچاوی تۆوە ئەو هەموو سووکایەتیەی پێکردم، دەتـەویٚ پشـت بکەیتـە من و قۆڵ بـە قۆڵـی ئـەوا بکـەیت و بڕۆیـت؟ دەیسـا بـەر نـەفرەت کـەوی گـەر بـە تـەمای شـتی وایـت، چونکە تۆ تاقە پیاوێکی کە متمانەم داوەتیٚ.

هەنگیٚ، شێت ئاسا هاواری کرد:

– ڕوگوژین، بڕۆ دەرەوە، پێویستم بە تۆ نیە!

هانکـە هـانکی پێکـەوتبوو، بـە زەحمـەتێکی زۆر ئـەو قسـانەی لـە دەم دەردەچـوو. دەموچـاوی شێواوو لێوی وشك بوو بوون، دیاربوو کە ئەمە تـەنیا لاف و گـەزاف و خـۆ ڕانانـە، دەنـا بەخۆیشـی باوەڕی بە یەك وشەی ئەو قسانەی خۆی نەبوو، بەڵام دەیویست ئەگەر بۆ سـاتێکیش بـووە درێـژە بـە خۆشـخەیاڵیەکانی خـۆی بـدات، خـۆی فریـو بـدات. بـە جـۆریٚ دەهـری بووبـوو، مـیرزادە وای تەسەور دەکرد، دوورنیە خۆی بکوژێت.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە کاتێکا ئاماژەی بۆ لای میرزادە دەکرد، ڕوو لە ئاگلایا هاواری کرد:

– ئەوەتا لێرە وەسستاوە. تەمەشای بکە. ئەگەر یەکسەر بۆلای مـن نـەهات، ئەگـەر لـە پێنـاوی منـا دەسـتبەرداری تـۆ نـەبوو، هـەنگیٚ بـۆ خـۆتی ببـە. مـن دەسـتبەرداری دەبـم، حاشـا لـە تـەرح و دیداری!...

جووتە ئافرەت، هەردووکیان کڕوکپ، حـایرو ئەبڵـەق، چاویان بڕی بووە میرزادە وەکو ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بن. بەڵام میرزادە لەوە نەدەچوو وەکو پێویسـت لـەم تەحـەدا تـوونـدە گـەیی بێت، بێگومان لیی نەگەیی بوو. بە سەرو سیمایا دیاربوو کە لێی نەگەییوە. ئەوەی ئەو لەبەردەم خۆیا دەی بینی، تـەنیا دەموچاوێك بـوو، کـە نائومێدی و شـێتاتی لـیٚ هەڵدەقوڵا، دیمـەنێك بـوو، وەکو پێشتریش بە ئاگلایای گوتبوو. "بۆ هەتا هەتایە دڵی زامدار کرد". ئیدی توانـای دیـتنی ئـەم دیمەنەی نەما، لە کاتێکا ئاماژەی بۆ لای ناستاسیا فیلیپوڤنا دەکرد، ڕوو لە ئاگلایا گوتی:

– چۆن دڵت دێت ؟ حەیفت نەکرد. نابینی چەند بەدبەدختە، زۆر بەدبەختە. زۆر!

نەیتوانی یەك وشەی دی بڵێت. ئاگلایا تەمەشایەکی وای کرد کە زمانی لاڵ بوو. تەمەشا چی تەمەشا پڕ لە ڕەنجان و تەڕی لە کەرب و کین. هیچی بۆ نەمایەوە. هەر دوو دەستی لە سینگی تێك ئاڵاند، هاواری کرد و بە هەشتاو بەرەو کیژێ چوو. بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو. ئاگلایا، نەیدەتوانی یەك ساتیش چاوەڕوانی بکات و لە سەری بوەستێ. دەستی بەدەموچاویەوە گرت، هاواری کرد: "ئاهـ... خودایا!" و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ڕوگوژین دووی کەوت و دەرگای دەروەی بۆ کردەوە.

میرزادەش، بەغار دووی کەوت. بەڵام لە ناو دەرگاکەدا دوو دەست توند گرتیان. ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە ڕوخساری خەمبار و شێواوەوە، چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی و بە لێوانی شین هەڵگەڕاوەوە پرسی:

– دوای ئەو دەکەوی؟ دەتەوێ دووی بکەوی؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە سەر میرزادەدا بورایەوە. هەڵیگرتەوە، بردی بۆ ژوورەکەو، لەسەر قەنەفەیەکی دانا، بە حەپەساوی و شپرزەیی بە دیارییەوە وەستا. پەرداخێك ئاو لەسەر مێزێکی چکۆلە بوو. ڕوگوژین کە گەڕایەوە، پەرداخە ئاوەکەی هەڵگرت و سەروچاوی ناستاسیای ئاو پرژێن کرد. چاوانی هەڵهێنان، بۆ ماوەی دەقیقەیەك هیچی نەبینی، دنیا لە بەرچاوی تاریك بوو. بەڵام پاشان وەخۆ هاتەوە، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، تەزوویەکی پێدا هات. بە هەشتاو بەرەو میرزادە تاوی دا و هاواری کرد:

– تۆ هی منی، بۆ منی! کوا ئەو کچە لوتبەرزە ڕۆیی؟ ها ها ها!

بەشێوەیەکی هیستریانە پێدەکەنی، بەدەم پێکەنینەوە لەسەر قسەکانی ڕۆیی:

– ها ها ها! خۆ خەریك بوو بە خوت و خۆڕایی، پێشکەش بەو کچەی بکەم! بۆچی ئەوەم کرد؟ بۆچی؟ شێت بووم!... ڕوگوژین تۆ برۆ، برۆ بەلای کاری خۆتەوە... برۆ! ها ها ها!...

ڕوگوژین، بە وردی تەمەشای ئەو دوانەی کرد. بە بێدەنگی بێئەوەی تاقە وشەیەکی لە زار بێتە دەر، کڵاوەکەی هەڵگرت و ڕۆیی. دوای دە دەقیقە میرزادە، لە تەنیشت ناستاسیا فیلیپوڤناوە دانیشت بوو، لە هەمێزی نیگای خۆی گرتبوو، وەکو چۆن منداڵێك دەلاوێنرێ، بەو ئاوایە بە هەردوو دەست سەروچاو و قژی نەوازشت دەکرد. قاقا بە دەم پێکەنینی ناستاسیاوە پێدەکەنی. کە بیدیبا دەگری، ئەمیش گرژ دەبوو، گریان ئەوکی دەگرت و لە گێن بوو لە ئان و ساتا لە هۆڕژنی گریان بدات. میرزادە، کڕو کپ، ورتەی نەدەکرد، بەڵام بە وردی، بەدڵ و گیان گوێی بۆ وڕێنە نامەفهوومەکانی ناستاسیا دەگرت. بە دەگمەن تاقە وشەیەکی لێ حاڵی دەبوو، بەڵام بە دەم ناسکە بزەوە، بۆی دەگرژییەوە و گوێی لێدەگرت. هەرکە بە ئاستەم گەردی خەم و فرمێسك و گلەیی سکاڵاو بیتاقەتیەکی بەسیمایەوە دیتبا، یەکسەر دەستی بە سەرو زوڵفیا دێناو،

بەوپەڕی میهرو مەحەبەتەوە دەستی بە گۆنایدا دێناو بەجۆرێ نەوازشتی دەکرد و نازی دەدایە وەکو ئەوەی مندالێك بێت.

پەراوێز:

*– ".. ئەم بەیتە سەخیفانە..": ئەم بەیتانە بەشێکن لە چا مەیەکی پوشکین بە ناونیشانی "دامرکانەوەی شادی ڕۆژانی شێتاتی" کە بە یەکیك لە چامە لیریکییە هەرە جوانەکان دێتە ژماردن. ڕەنگە هیپولیت لێرەدا لە ژێر باندۆرو کاریگەری ئەو ڕەوتە ڕەخنەییەدا بووبێ کە لەو ڕۆژگارەدا بەرێبەرایەتی پیساروف و هاورێکانی ، باوی پەیدا کردبوو و دژایەتی شیعرەکانی پوشکینیان دەکرد.

فەسڵی نۆیەم

دوو هەفتە بە سەر ئەو ڕووداوانەدا بوری کە لە فەسڵی پێشوودا گێرامانەوە. وەزع و حاڵی قارەمانانی چیرۆکەکەمان، لە زەرفی ئەو دوو هەفتەیەدا، بە جۆرێ گۆڕا، کە زۆر زەحمەتە بەبێ هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست، بتوانین درێژە بە گێڕانەوەی بدەین. بە خۆشمان زۆرجار هەستدەکەین، لە ئاستی لێکدانەوەی ئەنگیزەی ئەم ڕووداوانەدا دەسەوستانین. بەڵام بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە بەگوێرەی توانا، ڕووداوەکان، بێ هیچ ڕتوش و ڕازانەوەیك، وەکو خۆیان بگێڕینەوە.

ڕەنگە، ئەم تێبینییە بەلای خوێنەرەوە هەم غەریب و هەم نامەفهووم بێ. ئاخر چۆن دەکرێ پیاو شتێك بگێڕێتەوە کە ڕۆشنبینێ یان بیرۆکەیەك یان بۆچوونێکی تایبەتی و شەخسی دەربارەی نەبێت ؟ جا بۆ ئەوەی گومانی زیاتر نەیەنینە سەر خۆمان، هەوڵدەدەین بیرۆکەکەی خۆمان بە نموونەیەك ڕوون بکەینەوە، بەڵکو خوێنەری دڵۆڤان، هەنگێ پەی بەوە بەرێت کە دژواری کارەکەی ئێمە لە چدایە و گیرۆدەی چ ئاستەنگێکین. باشی نموونەکەشمان لەوەدایە، کە ئەو نموونەیەی هەڵمان بژاردووە، نە درێژدادڕی یە و نە خۆدزینەوەیە لە بابەتەکە، بەپێچەوانەوە درێژەی ڕاستەوخۆی چیرۆکەکەیە.

دوای پازدە ڕۆژ، یانی لە سەرەتاکانی مانگی تەمووزدا (لە زەرفی ئەم دوو هەفتەیەدا)، چیرۆك و بەسەرهاتی قارەمانەکەمان، بە تایبەتی دوا ڕووداوی چیرۆکەکە، بوو بە داستان و کەوتە سەر زاری خەڵکی، داستانێکی نەنگینی سەیر، کومیدی، باوەڕنەکردەنی و لە هەمان کاتدا ترسناك، کە بەرە بەرە لە گشت کوچەو کۆڵان و شەقامەکانی دەوروبەری ڤێلاکانی لیبدیف و پتیتسن و داریا ئەلکسیڤاو ماڵی یەپانچیندا بڵاو بووەوە، یانی لە هەموو شارو دەوروبەری شاریشدا بڵاو بووەوە. هەموو خەڵکەکە، یان زۆربەی خەڵکی (خەڵکی شارۆچکەکە، خەڵکی ڤێلاکان، گەشتیارانی هاوینە و ئەو خەڵکانەی بۆ گوێگرتن لە موزیك دەهاتن) هەمان چیرۆکیان، بە هەزارو یەك شێوەی جیاواز دەگێڕایەوە. هەموو گێڕانەوەکان ئەوەیان دەگێڕایەوە کە چۆن میرزادەیەکی ناسراو لە ماڵێکی، ناسراوی، بەڕێزدا، پۆتی شکاندووە، وازی لە کیژێکی ئەو ماڵباتە، کە دەزگیران و مارەبڕی بووە، هێناوە و دوای ئافرەتێکی سۆزانی کەوتووە و پەیوەندی دەگەڵ هەموو کۆنە دۆست و ئاشناکانی بڕیوە و هەر هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی وەژێر پێیان ناوە و لێبڕاوە، بێ گوێدان بە گلەیی و گازاندەی خەڵکی، لە زەرفی چەند ڕۆژێکدا، لە باخ و پارکەکەی پاڤلوڤسکدا دەگەڵ ئەو ئافرەتە سۆزانیەدا، بێ هیچ شەرم و شورەییەك، بێ هیچ لە ڕوودامانێك، بێ منەت و بێ پەروا، وەك ئەوەی نەبای دیبێ و نە باران، بە بەرچاوی خەڵکی یەوە، زەماوەند بکات.

زۆر شاخ و باڵی نەنگین لەم چیرۆکە دەنرا. ناو و ناوبانگی زۆر کەسی ناودار و بەڕێزی تێوە گلێنرا بوو، هەر کەسەو لای خۆیەوە شتێکی تازەی پێوە دەنا، ڕاستە شەقڵێکی خەیاڵی و

ئەفسووناوی وەرگرتبوو، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێك حەقیقەت و ڕاستی حاشا هەڵنەگری ئەوتۆی تیا بوو، کە هەم مایەی سەرنجی خەڵکی بی و هەم مقۆ مقۆیەکی زۆر بنێتەوە.

ئیدی ئەم چیرۆکە بڵاو بووەوە، بوو بە داستانی سەر زاران، بە زۆر شێوە هاتە گێڕانەوە و باسکردن و لێکدانەوە، ناسکترین و هونەریانەترین گێڕانەوە، (کە لە هەمووان زیاتر جێی باوەڕ بوو) هی ئەو کەسە سەرو زمان خۆش و بەریز و ماقووڵ و ئاقڵانە بوو، کە لە هەر کۆڕو کۆمەڵێکی جڤاکیدا، لەپێش هەموو کەسێکەوە، ئەو جۆرە ڕووداوانە ترش و خوێ بکەن و بۆ خەڵکی بگێڕانەوە و بە ئاو و تاو شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بکەن. تا لەو ڕێگەیەوە تینویەتی شۆرەتخوازی خۆیان بشکێنن و زۆرجار سوکنایی دڵی خۆیانی پێبدەن.

جا بە گوێرەی گێڕانەوەکەی ئەوان، ئەم گەنجە لە بنەماڵەیەکی نەجیمزادە و ڕەسەنە، میر و میرزادەیە، نیمچە دەوڵەمەندە، زاتەن تا ڕادەیەك گێلۆکەیە، کەسێکی دیموکرات و هەواداری ئەو ڕێبازە نەهلیستییە هاوچەرخەیە کە تورگینیف باسی کردووە. ئیدی ئەم گەنجە کە بەحاڵ ڕووسی دەزانێت، حەزی لە کچێکی جەنەڕاڵ یەپانچین کردووە. ئیدی بەرە بەرە وەکو دەزگیرانی کچەکەیان هاتوو چۆی ماڵیانی کردووە. بەڵام پاشان ئەم خانەوادەیەی هەڵخەڵەتاندووە، ڕێك بەهەمان شێوازی ئەو خوێندکاری لاهوتە، ئەو گەنجە فەرەنسایییەی لەم ماوانەی پێشوودا ڕیسکەکەی بڵاوکرایەوە. ئەم خوێندکاری لاهوتە کە خوێندن تەواو دەکات، بە خۆی دواوا دەکات بە قەشە دامەزرێ، دیارە مەبەستێکی شاراوەی خۆی دەبێت، پاش ئەوەی هەموو ڕێ و ڕەسمە فەرمی و ئاینییەکانی وەکو دوعاو نوێژ و سوێند خواردن و سرووتەکانی دی جێ بەجێ دەکرێت، و دەبێ بە قەشە. بۆ ڕۆژی دوایی لە نامەیەکی کراوەدا بۆ (ئەسقوفەکەی) خۆی بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێ کە چونکە باوەڕی بە خوا نیە، پێی شەرم و نەنگە خەڵکی فریو بدات و ببێ بە بار بەسەریانەوە و لەسەر حسابی وان مووچە و بەرات وەربگرێت، بۆیە پەشیمانە لەو کارەی دوێنێ ی خۆی و چیتر کاری قەشاتی ناکات، ئیدی ئەم نامەیە لە ڕۆژنامە لیبراڵەکاندا بڵاودەکاتەوە. جا ئەم میرزادەیەش، ڕێك وەکو ئەو قەشە خوا نەناسە فەرەنسایییە دەکات. چاوەڕێ دەکات تا ماڵی بابی کیژێ، ئاهەنگ و شەونشینییەکی گەورە ساز دەکەن، لەو ئاهەنگەدا، میرزادە بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی بەشەخسیەت و گەورە و ناوداری دەناسێنن. کەچی هەر بە مەبەستی خۆ نواندن و دەربڕینی تەرزی بیرکردنەوەی خۆی لە بەرچاوی ئامادەبووان، سووکایەتی بە هەندێك لەو کەسێتییە گەورانە دەکات، بە بەرچاوی میوانەکانەوە، بەشێوەیەکی ناشرین و بە ئانقەست دەزگیرانەکەی دەردەکات. کە خزمەتکار و خزمەتچییەکان، دەیانەوێ لە ماڵەکە دەری بکەن، بەرگرییەکی توند دەکات، خۆی ڕادەپسکێنێ و لەو بگرە و بەردەیەدا گوڵدانێکی چینی زۆر جوانی دەگمەن و بەنرخ دەشکێنێ.

بەدەم گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەوە، باسی یەکێك لەو خەسڵەتە ئەخلاقیانەش دەکرا کە لەم سەردەمەی ئێمەدا مۆدی پەیدا کرد بوو، ئەویش ئەمە بوو کە ئەم گەنجە سەرشێتە، بە ڕاستی

دەزگیرانەکەی، واتە کیژەکەی جەنەڕاڵی خۆشدەویست، کەچی تەنیا بۆ ئەوەی نەهلیستیەتی خۆی بنوێنێ، دەست لە دەزگیرانەکەی بەردەدات وتەحەدای کۆمەڵگە دەکات و بە بەرچاوی خەڵکییەوە، زەماوەند دەگەڵ ژنێکی بەرەڵڵای سۆزانیدا دەکات، تا بیسەلمێنێ، کە شتێك نیە بە ناوی ژنی داوێن تەڕ یان ژنی داوێن پاك. تەنیا ژنی ئازاد هەیە و تەواو. ئەو باوەڕی بەو پۆلێنکاریە کۆن و سواو پواوانە نیە کە کۆمەڵگەی ئەرستوکرات دای ناوە و پابەندییەتی، تەنیا باوەڕی بە "دۆزی ژن" هەیە و تەواو، بگرە ژنی سووکی پێ باشترە لە ژنی سەلار و داوێنپاك.

ئەم بۆچوونە، ماقوولیەتێکی تیا بوو، دەچووە ئەقڵەوە، زۆربەی گەشتیارانی پاڤلوڤسك، قەبووڵیان بوو، بە تایبەتی کە دەگەڵ پێشهاتە ڕۆژانەکاندا تێکی دەکردەوە. هەڵبەتە زۆر لایەنی سەربورو چیرۆکەکە هەر گۆنگ و نادیار بوو: دەیانگوت کیژەی بەلەنگاز، ئەوەندە شەیدای دەزگیرانەکەی (هەندێ کەس بە هاوخەوەکەی ناویان دەبرد) دەبێ، کە ڕۆژی دوای دەست لێك بەردانەکەیان، دوای کۆنە دەزگیرانەکەی، کە لەماڵی ماشقەکەیدا دەبێت، دەکەوێت. هەندێکی دی دەیانگوت، گوایە کوڕەکە، بە ئانقەست و تەنیا لە ڕوانگەی پوچگەرایی و نەهلیستی خۆیەوە، بۆ ماڵی ئەو ژنەی کێشاوە، تا تووشی ناو زڕان و ئابڕو چوونی بکات.

بە هەرحاڵ، ئەم واریقات و چیرۆکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵاو دەبووەوە و دەکەوتە سەر زاران. بە تایبەتی کە ئەوە ساغ بوو بووەوە کە ئەو زەماوەندە نەنگینە خەریکە سەر دەگرێت و لە ئان و ساتدایە.

جا ئێستا ئەگەر یەکێك پرسیار بکاو داوای ڕوونکردنەوەمان لێبکات (نەك دەربارەی لایەنی نەهلیستی چیرۆك و ڕووداوەکە...) بەڵکو دەربارەی ئەوەی کە ئەم زەماوەندە چەند بە دڵی میرزادە بووە، چەند دەستی خۆی تیا بووە، لەو کاتانەدا لە چ بارێکی دەروونیدا بووە.. هتد، ئەوا دەبێ دان بەوەدا بنەین کە وەڵامی ئەسەحمان پێ نیەو زۆریش ئیحراج دەبین. ئەوەی ئێمە لە مبارەیەوە دەیزانین، تەنیا ئەوەندەیە کە بڕیاری زەماوەندەکە درابوو. میرزادە، لیبدیف و کیللەر و برادەرێکی لیبدیفی، کە بەو بۆنەیەوە دەعوەت کرا بوو، ڕاسپارد، کە هەموو تەرتیباتێکی پێویست چ لە ماڵەوە و چ لە کڵێسا، بەو بۆنەیەوە فەراهەم بکەن. ئۆکەی دابوونێ کە سڵ لە مەسرەف و خەرجیات نەکەنەوە. ناستاسیا فیلیپوڤنا، سوور بوو لەسەر ئەوەی بە زووترین کات زەماوەندەکە سازبکرێت. کیللەر، سوور بوو لەسەر ئەوەی میرزادە بیکات بە برازا وا، میرزادە قەبووڵی کرد، ناستاسیا فیلیپوڤناش لای خۆیەوە بوردوفسکی بۆ خزمەتی خۆی هەڵبژارد، بوردوفسکی بە خۆشحاڵیەوە ئەم خزمەتەی قەبووڵ کرد. قەرار درا کە لە یەکی تەمووزدا، ئاهەنگی زەماوەندەکە بگێڕدرێ. جگە لەم زانیاریە وردو دروست و حاشا هەڵنەگرانە. هەندێ باس و خواسی دیکەمان لایە کە پیاو سەری سووڕ دەمێنێ، چونکە ڕێك پێچەوانەی زانیارییەکانی پێشووە. بۆ نموونە بە مەزەندەی ئێمە، میرزادە، وەختێ کە لیبدیف و ئەوانی دی ڕاسپارد بوو کە هەموو تەرتیباتێکی پێویست فەراهەم بکەن، ئیدی بیری چوو بوو کە مەسەلەی

زەماوەنـد و بـووك و زاوا و بـرازاوا و ئـەو شـتانە لـە ئارادایـە. ڕەنگـە هـەر بۆیـەش بـەو پەلـە پەلـە ئەوانـەی ڕاسـپارد بـووبێ تـا خـۆی بـەو شـتانەوە مـژول نـەبێت و بیریـان لێنەکاتـەوە یـان هـەر بەتەواوەتی فەرامۆشیان بکات و لە مێشکی خۆی بیانسڕێتەوە.

باشە ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە لەو ماوەیەدا بیری لە چ دەکردەوە؟ چ کەڵکەڵە و سەودایەکی لەسەرا بوو؟ بە نیازی چی بوو؟ بێگومـان میرزادە هـیچ گوشـاریکی لەسـەر نەبوو (بۆ نموونە لەلایـەن ناستاسیا فیلیپوڤناوە) ڕاسـتە ناستاسیا فیلیپوڤنا، حـەزی دەکـرد بـە زووتـرین کـات زەماوەندەکـەیان سـازبکرێت و، ئـەم زەماوەنـدە پێشـنیازی ئـەو بـوو نـەك مـیرزادە، بـەڵام میرزادەش بـە کـەماڵی ئـازادی، ڕەزامەنـدی لەسـەر دابـوو، کـەس ناچـاری نـەکرد بـوو، بـەڵام ڕەزامەندییەکەی لامسەرلایی بوو، وەکو ئەوەی بۆ کارێکی ئاسایی بێ و هیچ ئاقیبـەتێکی خراپـی لە دوو نەبێت.

زۆر بابەتی دیکەی لـەم بابەتـە سـەیرەمان لایـە. بـەڵام پێمـان وایـە، ئـەم بابـەت و ڕووداوانـە نـەك هیچ تیشکێك ناخەنە سەر چیرۆکەکەمان، بەڵکو ئاڵۆزتریشی دەکەن. بـە هـەر حـاڵ بـا نموونەیـەکی دی بگێڕینەوە.

ئێمە دڵنیاین کە میرزادە، لەماوەی ئـەم دوو هەفتەیـەدا شـەوو ڕۆژ دەگـەڵ ناستاسـیا فیلیپوڤنـادا بـوو. دەگـەڵی دەچـووە پیاسـە و گـەڕان، پێکـەوە دەچـوونە کـۆڕی مۆزیـك و گـوێگرتن لـە مۆزیـك. هەموو ڕۆژێ دەگەڵی دەچووە گالیسکەسواری. ئەگەر بۆ سەعاتێك لێی دابڕا، نیگەران و بێتاقـەت دەبـوو. (هـەموو نیشـانە و قەرینـەکان وایـان دەردەخسـت کـە بـە ڕاسـتی خۆشـی دەویـت). بـە سـەعاتان بـەدیار ناستاسـیا فیلیپوڤنـاوە دادەنیشـت و بـەدڵ و گیـان گـوێی لێـدەگرت، ناستاسـیا عادەتی وابـوو، باسـی هـەر شـتێکی کردبـا، بـەدەم بـزەو پێکەنینـەوە دەیگێڕایـەوە، میرزادەش بـە درێژایی کاتەکە گوێی لێدەگرت و بە دەگمەن قسەیەکی دەکرد.

هـەروەها ئـەوەش دەزانـین کـە هـەر لـەو ماوەیـەدا، مـیرزادە زۆرجـار، لـە ناکـاوا دەچـوو بـۆ مـاڵی یەپانچین، بێئـەوەی ئەمـە لـە ناستاسـیا فیلیپوڤنـا بشـارێتەوە کـە زۆری خەفـەت بەمـە دەخـوارد. هەڵبەتـە ئـەوەش دەزانـین کـە ماڵبـاتی یەپانچـین تـا ئـەو کاتـەی لـە پاڤلوفسـك بـوون، ڕوویـان نـە دەدایەو، ڕێگەیان نەدەدا کە ئاگلایا ببینێ. میرزادە، بە بێدەنگی، بێئـەوەی وشـەیەکی لە زار بێتـە دەرێ، دەڕۆیـی، کەچـی ڕۆژی دوایـی وەکـو ئـەوەی بـیری چـووبێ کـە دوێـنێ جوابیـان کـردووە، دەچووەوە بۆ ماڵیان. هەڵبەتە دیسان قاویان دەدایەوە. ئەوەش دەزانین کە مـیرزادە، بە سـەعاتێك یـان کـەمێك کـەمتر دوای هـەڵاتنی ئاگلایـا لـەماڵی ناستاسـیا فیلیپوڤنـا، یەکسـەر چـوو بـۆ مـاڵی یەپانچـین بـەو خـەیاڵ و ئومێـدەی کـە ئاگلایـا لـە ماڵـەوە دەبـینێ. چـوونی مـیرزادە بـۆ ئـەوێ خێزانەکەی مشەوەش کرد، چونکە ئاگلایا هێشتا بۆ ماڵ نەگەڕابووەوە. خانەوادەکە یەکەمجار لە زاری ئەوەوە بیستیان کە ئاگلایا دەگەڵ ویدا چووە بۆلای ناستاسیا فیلیپوڤنا. دەڵێن گوایـە لیـزا ڤیتـا پروکوفیڤنـا، کچـەکانی و تەنانـەت مـیرزادە (س..)ش زۆر بـە ڕەقـی و نادۆسـتانە ڕەفتاریـان

دەگەڵ کرد بوو. بە قسەی ناخۆش پێیان گوتبوو، نە دەیناسن و نە بیان ناسێت و نە جارێکی دی هاتووچۆیان بکات، بە تایبەتی کە لەوکاتەدا ڤارڤارا ئاردالیوڤنا لە ناکاوا خۆی گەیاند بووە ئەوێ وخەبەری بە لیزاڤیتا پروکوفیڤنادا کە ئاگلایا نزیکەی سەعاتێکە لە ماڵی ئەوە و زۆر شپرێو و شپرزە و هەراسانە و دوو دڵە لەوەی بۆ ماڵ بگەرێتەوە.

ئەم هەواڵە کە لیزاڤیتا پروکوفیڤنای زۆر هەراسان کرد. خیلاڤ تیا نەبوو، ئەلهەقی ئاگلایا کە لە ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا وەدەرکەوتبوو، مردنی پێ خۆشتر بوو لەوەی جارێکی دی ڕووبەڕووی کەسوکارەکەی ببێتەوە. بۆیە بەلەز پەنای بردبووە بەر نینا ئەلکسندروڤنا. ڤارڤارا ئاردا لیونوڤناش، بەپێویستی زانی بوو، بە پەلەو بێ دواکەوتن هەواڵ بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا بەرێ و لە هەموو شتێکی ئاگادار بکاتەوە. دایك و جووتە کچ، بە هەشتا و بەرەو ماڵی نینا ئەلکسندروفنا دەبنەوە، ئیڤان فیدروفیچش کە تازە دەگاتەوە ماڵێ، یەکسەر، دوایان دەکەوێت.. میرزادە لیون نیکولایوفیچش وێڕای ئەوەی دەریان کردبوو، قسەی سارد و سووکیان پێ گوتبوو، بەپەلە دوای ئافرەتەکان کەوتبوو، بەڵام لەوێ ڤارڤارا ئاردالیونوڤنایان ڕاسپاردبوو کە نەیەڵێ ئاگلایا بدینێ.

مەسەلەکە بەمجۆرە کۆتایی هات: ئاگلایا، کە بینی دایکی و خوشکەکانی بۆ ئەو دەگرین و هیچ سەرزەنشتێکی ناکەن، خێرا بەسەر دەست و پێیاندا کەوت و بەرەو ماڵ بەگەڵیان کەوت.

دەڵێن (هەرچەندە ئەم دەنگۆیە زۆریش مەعلووم نیە) ئەمجارەش بەخت یاری گاڤریلا ئاردا لیونوفیچ نەبوو: کاتێ کە ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا دەچێت بۆلای لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، و گاڤریلا بە تەنیا لای ئاگلایا دەمێنێتەوە، وای بەخەیاڵا دێت کە مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ و باشترین دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، کە ئەشقی خۆی بۆ ئاگلایا ئاشکرا بکات. کە ئاگلایا گویی لێدەبێت، خەم و فرمێسکەکانی خۆی فەرامۆش دەکات و لە قاقای پێکەنین دەدات و ئەم پرسیارەی لێدەکات: ئایا ئامادەیە، بۆ سەلماندنی ئەم خۆشەویستی و ئەشقەی خۆی، ئا ئێستا و لەم شوێنەدا، قامکی خۆی لەسەر گڕی مۆمێك ڕابگرێت و بیسووتێنێ؟ دەگێڕنەوە دەڵێن کە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ کاتێ گوێی لەو پێشنیازە دەبێت لە سەرسامیا بەنج دەبێت، کە ئاگلایا بە چارەی حەپەساو واقی وڕەوە دەیبینێ، لە قاقای پێکەنینێکی هیستریانە دەدات و بەغار بەرەو نهۆمی سەرەوە، بۆ لای نینا ئەلکسندروفنا دەڕوات، کە کەسوکارەکەی دوای تۆزێك لەوێ دەیبیننەوە.

میرزادە، بۆ سبەینێ ئەم واریقاتەی لە ڕێگەی هیپولیتەوە زانی و بیست، هیپولیت، کە لەبەر نەخۆشی نەی توانی بوو لە جێگا هەستێت، بەپەلە ناردبووی بەشوێن میرزادەدا تا ئەو سەربوردەی بۆ بگێڕێتەوە، کە ئێمە نازانین هیپولیت چۆن بەم سەربورەی زانی بوو. بەڵام کە میرزادە، گوێی لە باسی قامك و مۆمەکە دەبێت، لە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆ دەدات کە هیپولیت سەری سوڕ دەمێنێ. پاشان سەراپای دەکەوێتە لەرزین و دەست بە گریان و هەنسك هەڵدان دەکات...

میرزاده، لەو ڕۆژانەدا، بە شێوەیەکی گشتی زۆر بێ قەرارو شپرێو ، لە ڕادەبەدەر نیگەران بوو. تەنانەت هیپولیت، بە ڕاشکاوی گوتبووی، کە میرزادە لە یەکێك دەچێت ئەقڵی تێك چووبێت. بەڵام ئەم بۆچوونە، تا ئەوکاتەش جێی باوەڕ نەبوو.

ئێمە کاتێ کە ئەم سەربوورو واریقاتانە دەگێڕینەوە و خۆمان لەهەر ڕوونکردنەوە و شرۆڤەیەکی دوور دەگرین، نامانەوێ پاکانە بۆ قارەمانەکەمان بکەین و کارێکی وا بکەین خوێنەر ڕەفتارەکانی بەئاسایی بزانێت و لێی قەڵس و تووڕە نەبێت. بەپێچەوانەوە، ئامادەین لەو بێزاری و ناڕەزاییانەشدا بەشداربین کە میرزادە لە ناو دۆستەکانیا نابویەوە. تەنانەت (ڤیرا لیبدیف)ش تا ماوەیەك لێی زویر بوو. کولیا و کیللەریش ناڕەزایی خۆیان دەربڕی. کیللەر وەختێ دەگەڵیا ئاشت بووەوە کە میرزادە کردی بە برازاوا بۆ زەماوەندەکەی. تورەیی و زویر بوونی لیبدیف هەر مەپرسە! بەڕادەیەك جدی بوو، کە کەوتە داونانەوە بۆ میرزادە، پاشان دێینەوە سەر باسی.

ئێمە لە ڕووی مەبدەئیەوە، بێهیچ دوو دڵییەك، پشتیوانی لە هەندێ قسانی توند و غەریب، بەڵام لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە قوولْ و بەجێ دەکەین. مەبەستم ئەو قسانەیە کە یەڤگینی پاڤلوفیچ، ڕۆژی شەشەم،یان حەوتەمی دوای ڕووداوەکەی ماڵی ناستاسیا فیلیپۆڤنا، ڕوو بە ڕوو، بە ڕاشکاوی، بە میرزادەی گوتبوو. جا لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە هەموو ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خانەوادەی یەپانچینەوە هەبوو، پێیان وابوو، کە پێویستە، هاوخەمی ئەو ماڵباتە بکەن و پەیوەندی خۆیان دەگەڵ میرزادەدا ببڕن. بۆ نموونە میرزادە(س..) کە دەیبینی، ڕووی لێوەدەگێڕا و سڵاوەکەی نەدەسەندەوە. بەڵام یەڤگینی پاڤلوفیچ ترسی ئەوەی نەبوو کە بە هاتوچۆکردنی لای میرزادە، گلەیی بێتەسەر، هەرچەندە تازە کەوتبووەوە هاتوچۆی خانەوادەی یەپانچین و هەموو ڕۆژێ سەری دەدان و بە ڕواڵەت زۆر لە جاران گەرم و گوڕتر پێشوازیان دەکرد.

ڕۆژی پاش ڕۆیشتنەوەی خانەوادەی یەپانچین لە پاڤلوڤسك، یەڤگینی پاڤلوفیچ چووە دیدەنی میرزادە. کە چووە لای میرزادە، ئاگای لە هەموو ئەو قسەوقسەڵۆکانە بوو کە لەشارا، دەماو دەمیان دەکرد، ڕەنگە ئەویش دەوری لە بڵاوکردنەوەی ئەو قسانە هەبووبێ. میرزادە، بەدیتنی زۆر خۆشحاڵ بوو، یەکسەر باسی ماڵی یەپانچینی هێنایە گۆڕێ. کردنەوەی دەرگای ئەم بابەتە بەو ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆییە، یەڤگینی پاڤلوڤیچی ئاسوودە کرد، گرێی زمانی کردەوە کە ڕاستەوخۆ بچێتە ناو باسەکەوە.

میرزادە هێشتا بەڕۆیشتنەوەی ماڵباتی یەپانچینی نەزانی بوو. کە ئەم هەواڵەی لە یەڤگینی پاڤلوفیچەوە زانی، زۆر ناڕەحەت بوو، بەنج بوو، ڕەنگی لە ڕووا نەما، بەڵام دوای دەقیقەیەك بە شپرزەیی و پەشۆکاوی سەرێکی لەقاند و گوتی: "هەقی خۆیانە، دەبوایە وا بکەن"" ئەوسا بەلەز پرسی: "کێوە چوون ؟"

یەڤگینی پاڤلوفیچ، کە بە دیقەت سەرنجی میرزادەی دەدا، زۆری پێ سەیر بوو کە بینی ئەو پرسیارە خێرایانەی لێدەکات. ئەو پرسیارە سادانە، کە بینی چەند پەشێو و پەرێشانە، بە چ ڕاستگۆییەکی غەریبەوە قسان دەکات، کە بینی لە چ نیگەرانی و پەرێشانی وبێ ئۆقرەییەکدایە. وێڕای ئەوەش یەڤگینی زۆر بە لوتف و میهرەبانی، میرزادەی لە هەر هەموو ئەو دەنگو باس و ڕووداوانە ئاگادار کرد، کە هیچی دەربارە نەدەزانین. یەڤگینی پاڤلوفیچ، یەکەم کەس بوو لە هەواڵ و دەنگوباسی خانەوادەی یەپانچینی ئاگادار کرد.

یەڤگینی دڵنیای کرد کە ئاگلایا بە ڕاستی نەخۆش کەوتووە و سێ دانە شەوی تەواو بە دەم لەرزو تاوە تلاوەتەوە و خەو نەچووەتە چاوی. بەڵام هەنووکە باش بووەو لە خەتەر خەلەسیووە.بەڵام هێشتا هەر شپرزەو شپریوە... لە سەری ڕۆیی: " بەڵام باشە ئێستا ئارامی تەواو باڵی بەسەرماڵەکەدا کێشاوە و هەموو شتێك هێور بووەتەوە!" هەوڵدەدەن، لە بەینی خۆشیاندا باسی ڕابردوو نەکەن، چ جای ڕوو بە ڕووی ئاگلایا. دایك و باوکی بە دەستیانەوەیە، یەکسەر دوای زەماوەندەکەی ئادیلاید، بەخێزانی سەفەری هەندەران بکەن، ئاگلایا، سەبارەت بەم پرۆژەیەو یەکەم ئاماژە بەم پرۆژەیە، هێشتا بێدەنگە و هیچی نەگووتوە." بەڵام ئەویش، واتە یەڤگینی پاڤلوفیچ، ڕەنگە سەفەری هەندەران بکات. تەنانەت میرزادە "س.." و "ئادیلاید"ش ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت و کارو باران ڕێیان بدەن، بە تەمان سەفەرێکی دوو سێ مانگی هەندەران بکەن. یانی جەنەڕاڵ بە تەنیا لەماڵ دەمێنێتەوە. هەنوکە بە خاوخێزانەوە چوون بۆ مۆڵکەکەی (کولومینو)یان کە کەوتووەتە بیست فەرسەخی پترسبۆرگەوە، لەوێ خانوویەکی گەورەیان هەیە. دۆتمیر بیلوکونسکایا، هێشتا بۆ مۆسکۆ نەگەڕاوەتەوە، لەوە دەچێ بە ئانقەست لێرە مابێتەوە. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، سوور بوو کە دوای ئەو پێشهات و ڕووداوانە، ئیدی مەحاڵە بتوانن لە پاڤلوڤسك بمێننەوە، بۆیە دەبێ بڕۆن. یەڤگینی پاڤلوفیچ، ڕۆژ بە ڕۆژ هەر هەموو ئەو قسە و قسەلۆك و دەنگۆیانەی لە شارا بڵاودەبوونەوە، بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا دەبرد. ئیدی خانەوادەی یەپانچین، هەستیان کرد، ناتوانن لە ڤێلاکەی (ئیلاگین)شیاندا بژین.

یەڤگینی باڤلوفیچ لەسەری ڕۆیی:

– هەڵبەتە میرزادە، بە خۆت دەزانی کە ئەو وەزعە بۆ ئەو ماڵە زۆر ناخۆش بوو، نەیاندەتوانی بە حاڵەوە هەڵبکەن، بە تایبەتی کە هەموو سەعاتێ دەیانزانی چ لە ماڵەکەی تۆدا دەگوزەرێ و، تۆش کۆڵ نادەیت و، هەرچەند ڕووت نادەنێ و جوابت دەکەن، هەموو ڕۆژێ هەر بۆ "ئەوێ" دەچیت.

میرزادە، سەرێکی بۆ لەقاند و بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، بەڵێ، هەق بە تۆیە. من دەمویست ئاگلایا ببینم.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، لەپڕ بە دەنگێکی خەمین هاواری کرد:

– باشە میرزادەی ئازیز، تۆ چۆن ڕێت دا، ئەو شتانە ڕوو بدەن؟ هەڵبەتە دروستە کە تۆ چاوەڕوانی ئەو شتانەی نەبوویت... غافڵگیر بوویت.. کە ئەوەت دیتووە حەپەساویت، ئەقڵت بە هیچ کوێ ڕا نەگەییوە. نەتوانیوە ڕێ لەو کیژە کەللە ڕەقە بگریت، ئەوە لە توانای تۆ بەدەر بووە! بەڵام دەبوایە جدی بوونی عاتیفە و سۆزی ئەو کیژە دەرهەق بەخۆت دەرك بکەی.. ئەو تۆی خۆش دەویست، حەزی نەدەکرد، کەسی دی لەو خۆشەویستیەیدا شەریك بێ، بەڵام ویڕای ئەمەش تۆ ئەم گەنجەت لە دەست دا، وێرانت کرد!".

میرزادە، بە خەمینی گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، هەق بە تۆیە. گوێ بگرە: ئاگلایا تاقە کەسێك بوو لەو ڕوانگەیەوە و بەو چاوە سەیری ناستاسیا فیلیپوڤنای دەکرد! جگە لەو هیچ کەسێکی دی ئەو بۆچوونەی دەربارەی نەبوو، بەو چاوەش سەیری نەدەکرد...

یەڤگینی پاڤلوفیچ کە هاتبووە جۆش گوتی:

– ئاخر قەباحەتەکە لەمەدایە، پیاو لەمە پەستە. مەسەلەکە زەڕەیەك جدیەتی تیا نەبوو... ببورە میرزادە... بەڵام من... بیرم لە مەسەلەکە کردووەتەوە، زۆریش بە دیقەت وردم کردووەتەوە. من ئاگام لە هەموو ئەو کەین و بەین و پێشهات و ڕووداوانەی ئەم شەش مانگەی دواییە هەیە. مەسەلەکە زەڕەیەك جدیەتی تیا نەبوو! تەنیا گەواڵە خەیاڵێکی ڕەوتەنی، خەوێ، خۆزیایەك و، دووکەڵێك بوو. کە مەگەر هەر غیرە و حەسوودی ترسناکی کیژێکی بێ ئەزموون، توانیبای بیگۆڕێت بۆ بابەتێکی جدی!

لێرەدا یەڤگینی پاڤلوفیچ، هەستی بە ئاسوودەییەکی تەواو کرد، بێ هیچ مدارایەکی میرزادە، جڵەوی بۆ زمانی خۆی شل کرد و بێزاری و توڕەیی خۆی بە ڕاشکاوی هەڵڕشت. بە ڕوونی و ڕەوانی و بێ گرێ. تەنانەت بە شێوایێکی سایکۆلۆژی قووڵ و پەسەندەوە، بە بەڵگەوە، وێنەیەکی بەرجەستەی پەیوەندیەکانی میرزادەی دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا، خستە بەرچاوی میرزادە، یەڤگینی پاڤلوفیچ کە کەسێکی قسەزان و زمان پاراو بوو، ئەمجارەیان گەیی بووە لوتکەی بەلاغەت و دەماوەری. گوتی:

– تۆ لە سەرەتاوە بە درۆیەك دەستت پێکرد، هەر شتێك بە درۆ دەست پێبکات، بەدرۆ کۆتایی دێت. ئەوە یاسای تەبیعەتە. من لەو کەسانە نیم کە بە گێلت دەزانن، نە ئەو قسانەم قەبووڵە و نە پێم خۆشە. تۆ لەوە زیرەکتری بە گەمژە دابنرێی. بەڵام هەڵبەتە بەخۆتیش دەزانی کە هەندێ شتت هەن لە خەڵکانی تر جیایە. لە خەڵکانی دی ناچیت. من گەییوومەتە ئەم ئەنجامگیریەی کە سەرچاوەی هەر هەموو ئەم شتانەی ڕوویان داوە، یەکەم: "بێ ئەزموونی زاتیە" (میرزادە،

سەرنجی ئەم وشەیە بدە "زاتی" دووم: سادە دڵی و ساکاری بی ئەندازەی خۆتە. ئەمە جگە لەوەی کە پێموایە هیچ هەستێکی میانڕەویت نیە (ئەمە یەکێکە لەو ئافەتانەی کە زۆرجار خۆتیش دانت پێدا ناوە) هەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە یەك دنیا چەمك و بیرو ڕای سەیرو نا واقیعی و ئەبستراکتت وەرگرتووە و لە مێشکتا کەڵەکە بووە و تۆ لە دڵسۆزی و خۆشباوەڕی خۆتەوە، بە ڕاوبۆچوون و بیرو باوەڕی ڕەسەن و ئاسایی وەرت گرتوون! جا میرزادە تۆ دەبێ دان بەوەدا بنەیت کە پەیوەندیت دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا، لەسەرەتاوە، (بەکورتیەکەی) لە سەر بنەمای بیرۆکەی "دیموکراتیکی ڕیفۆرمیستی" و (بەکورت و موختەسەری) "دۆزی ژنان" بووە کە تۆی ئەفسوون کرد بوو. من بە وردی ئاگام لەو دیمەنە سەیر و ڕووداوە حەیابەرەیە هەیە کە لەماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنادا، کاتێ ڕوگوژین پارەکەی دەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هەیە. ئەگەر حەزدەکەیت و دەتەوێ، جۆری بیرکردنەوەی خۆتت بە تەواوەتی بۆ وردو شیدەکەمەوە و وەکو ئاوێنە دەیدەمە دەست و تەمەشای خۆت بکە، چونکە زۆر بە وردی ئاگام لە حەقیقەتی مەسەلەکە هەیە و دەزانم چۆن و بۆ بەو ئاقارەدا ڕۆیی! کاتێ کە بە گەنجی لە سویسرا دەژیای، زۆر بیری وڵاتی خۆت دەکرد، هەستت بە غوربەت دەکرد، خەریك بوو بۆ ڕوسیا، وەکو بە هەشتێکی نادیار، پەڕوباڵ دەربکەی. زۆر کتێبانت دەربارەی ڕوسیا خوێندەوە. ڕەنگە لە جۆری خۆیاندا کتێبی نایاب بووبن، بەڵام زەرەریان لێدایت. کە گەڕایتەوە بۆ زێدو زاگەی خۆت تینووتامەزرۆی کارو چالاکی بوویت، بە وتەیەکی دی کەوتیتە کارو کۆشش. لە یەکەم ڕۆژی هاتنەوەتەوە، گوێت بە حیکایەت و بەسەرهاتی خەمناك و بە ژانی، مرۆڤێکی لە خشتەبراوی گومڕا کراوی غەدر لێکراو ئاخێنرا. ئەو سەربورە بۆ تۆ، بۆ تۆی پاك و بێگەرد، شەهڵەوەند و جوامێر گێڕدرایەوە. ئەو مرۆڤەش کە بەسەرهاتەکەی بۆ تۆ گێڕدرایەوە ژن بوو! هەر ئەو ڕۆژە دەیبینی و ئەفسوونی جوانی و شۆخیەکەی دەبیت. جوانیەکی خەیاڵئەنگێزی ئەهریمەنی (بزانە چۆن دان بە جوانیەکەیدا دەنەم). جا وەرە، شەکەتی میشك و ڤ و نەخۆشیەکەی خۆتیش بکە بەسەرباری ئەمە. ئەدی توانەوەی سەهۆڵبەندانی خەمئەنگێزی پترسبۆرگ بۆ ناڵێی کە بە ڕاستی تاقەتبەرە. ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەو یەکەم ڕۆژەتا، هایم و حەیران بە ناو شار کەوتبووی، شارێکی بێ سەروبن، نادیار، کە بۆ تۆ نیمچە ئەفسانەیی بوو. زۆر دیمەنی تازەو خەڵك و کۆڕو مەجلیسانت بینی. ڕۆژێك بوو پڕ لە ئاشنایی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو. ڕۆژێك بوو کە سێ کیژی جوانی خانەوادەی (یەپانجین)ت کە یەکێکیان ئاگلایا بوو، بینی و ناسی.. ئەدی ماندوو بوون و سەرەگێژێکی خۆت بۆ ناڵێی، ئەوجا وەرە هۆڵی پێشوازییەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنا و ئەو بەزم و ڕەزمەی لەوێدا بەرپا بوو... و... لەو وەزع و حاڵەدا، دەتتوانی چاوەڕوانی چی لە خۆت بکەیت؟ بێ زەحمەت پێم ناڵێی؟.

میرزادە سەرێکی لەقاندو دەموچاوی سوور بووەوەو گوتی:

- بەڵێ، بەڵێ، تەقریبەن وابوو. دەزانی شەوی پێشترو پێشتریش لە قیتاردا نە نووستبوم... هەستم دەکرد وەزعم تەواو نیە..

یەڤگینی پاڤلوفیچ لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– منیش دەمەوێ لەسەر ئەم بابەتە بڕۆم. دیارە تۆ لە ژێر باندۆرو کاریگەری جۆش و خرۆشی خۆتا بوویت. بە گوتەیەکی دی بە دەرفەتت زانیوە، تا لەبەردەم خەڵکیدا، بە ئاشکرا و بێ پەروا، ڕای بگەیەنیت، کە ویڕای ئەوەی بابەل باب میرزادەیت، ویڕای ئەوەی پیاوێکی لە پەڕەی گوڵ پاکتر، قەت ژنێك کە بەخواستی خۆی ریگەی بەدکاری هەڵنەبژاردووە، بەڵکو پیاویکی داوێن پیسی قێزەونی سەر بە چینی ئەرستۆکرات، لە خشتەی بردووە، بە بێ ئابڕوو نازانی. ئەمە شتێکی مەفهوومە و چەند و چوون هەڵناگرێ! بەڵام جەوهەری مەسەلەکە ئەمە نیە میرزادەی ئازیز. ئەوەی گرینگە و پێویستە بیزانین ئەمەیە: ئایا ئەم سۆز و هەستەی تۆ حەقیقەت، ڕاست، ئاسایی بوو، یان هەر جۆش و خرۆشێکی زهنی بوو؟ ژنێکی لەمجۆرە لە باری ئاینییەوە دەبەخشرێ، بەڵام ئایا پاشان کەس پێی دەڵێت کارێکی چاکت کردووە، ئایا شایستەی هەر ڕێز و حورمەتێکە؟ ئایا هەر خۆت، هەر ئەقڵی خۆت، دوای سێ مانگان بە مەسەلەکاندا نەچوووەوە؟ گریمان هیچ خەتایەکی نیە، لەپەڕەی گوڵ پاکترە (نامەوێ زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆم). ئایا ئەمە دەبێتە پاکانە بۆ ئەو هەموو غروورو لە خۆبایی بوونە ئەهریمەنیەی هەیەتی، بۆ ئەو هەموو گۆساخی و لوتبەرزیە بێ مانایە، بۆ ئەو هەموو خۆ پەرستیە زەقەی ئەو. ببورە میرزادە، کە واهی گەرم بووم، بەڵام...

میرزادە، دووبارە، لەبن لێوانەوە گوتی:

–بەڵێ، ڕەنگە وابێ. لەوەیە هەق بە تۆبێ... بە ڕاستی لە ڕادەبەدەر، هەڵچووە. هەڵبەتە تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام...

– دەتەوێ بڵێی کە شایستەی بەزەییە، میرزادە گیان؟ ئایا ئەمە ئەو مافەت دەداتێ لە ڕووی بەزەییەوە و هەر بۆ دڵخۆشی ئەو ولەبەر خاتری ئەو، ئافرەتێکی دیکە، کچێکی نەجیب و پاك و خانەدان، لە بەرچاوی پڕ کەرب و کینەی ئەو تەریق بکەیتەوە و بیشکێنیت ؟ ئاخر ئەمە چ بەزەییەکە؟ هەست ناکەیت ئەمە زێدەڕۆییەکی لە ئەقڵ بەدەرە؟ ئاخر تۆ کە ئەم کچەت خۆش دەوێ، چۆن توانیت بە بەرچاوی ڕەقیبەکەیەوە بەو جۆرە بیشکێنی، لەبەر خاتری ژنێکی دی دەستبەرداری بیت، دوای ئەوەی کە بە فەرمی لە بەردەم داك و باب و خوشکەکانیا خوازگاریت کرد، وانیە ؟ جا لێرەدا پرسیار ئەمەیە (ببورە) ئایا دەشێت لەم حاڵەدا، بە پیاوێکی شەریف و ئابڕوومەند دابنرێی؟ دوای ئەمەش... ئایا کە بەم کچەت گوتووە خۆشت دەوێ کچێکی شایستەی پەرستن، درۆت دەگەڵ نەکردووە، فریوت نەداوە؟

میرزادە، پەست و غەمگین، بە تەریقییەوە گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ هەق بە تۆیە. ئاه..! ئێستا دەزانم کە چەند خەتابارم، موستەهەقی تیرو تانەم!

یەڤگینی پاڤلوفیچ بە توڕەیی هاواری کرد:

– بەڵام هەر بەوەندە تەواو دەبیّ؟ بەوەندە دەبڕێتەوە کە بڵێی: "ئاهـ... کە خەتابارم!" تۆ خەتاباری، شایستەی سەرزەرنشتی و کەچی لەسەر هەڵەو خەتایەکانت بەردەوامی! باشە هەنگیّ دڵت لەکویّ بوو، دڵی "مەسیحیانە"ی تۆ؟ ئەوکاتە دەموچاویت دەبینی، وانیە؟ باشە ئەو ڕەنج و ئازارەی بەسیمای ئەمەوە بوو، کەمتر بوو لە هی "دۆسستەکەی" تۆ؟ ئاخر چۆن توانیت ئەم بدینیت و ڕێگەش بدەی ئەم بەزمە ڕووبدات، پێم ناڵێی چۆن توانیت؟

میرزادەی بەلەنگاز لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئاخر... من ڕێگەی هیچ شتێکم نەداوە...

–چۆن ڕێگەی هیچت نەداوە، مەبەستت چیە؟

– باوەڕ بکە، من بایسی هیچ ڕووداوێك نەبووم!... تا ئێستاش نازانم ئەمە چۆن ڕووی دا... من...لە کاتێکا کە خەریك بوو بەغار لە دووی ئاگلایا ئیڤانوڤنا دەچووم، ڕێك لەو کاتەدا ناستاسیا فیلیپوڤنا بورایەوە، لە هۆش خۆی چوو، ئیدی لەو کاتە بەدواوە ڕێیان نەدام ئاگلایا ئیڤانوڤنا بدینم.

– دەبوایە دوای ئاگلایا بکەوی و ئەوی ترت بە بوراوەیی بەجی هێشتبا!

– بەڵیّ، بەڵیّ، دەبوایە من... هەنگیّ ئەو دەمرد! خۆی دەکوشت، تۆ نایناسیت، چ بەڵایەکە، هەموو شتێکی لەدەست دیّ.. و.. بە هەرحاڵ هیچ فەرقێکی نەدەکرد، چونکە پاشان هەموو شتێکم بە ئاگلایا دەگوت و... تەمەشا یەڤگینی پاڤلوفیچ: هەست دەکەم تۆ ئاگات لە هەموو شتەکان نیە. پێم ناڵێی بۆ نایەڵن ئاگلایا بدینم؟ ئەگەر ڕێگایان دابام بیدینم، هەموو شتێکم بۆ باس دەکرد. دڵنیابە خەتای هەردووکیان بوو، کەسیان باسی ئەو مەسەلەیەیان نەکرد کە دەبوایە باس بکرێت، ئەمە هۆی ڕاستەقینەی ئەو فەزیحەت و فەرتەنەیە بوو. من مەحاڵە بتوانم، ئەمە بە ڕوونی و ڕەوانی بۆ تۆ شەرح بکەم، بەڵام ڕەنگە لە ئاگلایای بگەیەنم.. ئاهـ.. خودایا! خودایا! تۆ لێم دەپرسیت لەوکاتەدا دەموچاوی چۆن بوو، هەڵات... ئاهـ.. خودایا، زۆر چاك لە بیرمە کە لەوکاتەدا دەموچاوی چۆن بوو!...

میرزادە لەپڕ هەستایە سەرپێیان، قۆڵی یەڤگینی پاڤلوفیچی گرت و بەکەسەرەوە گوتی: "... وەرە با بڕۆین... وەرە بڕۆین...

– بۆ کویّ؟

– بچین ئاگلایا بدینین.. وەرە یەکڕاست بچین بۆلای ئەو!...

– پێمگوتیت، لە پاڤلوفسك ڕۆییشتن.. چ بکەین لای ئەو؟

میرزادە، بەو پەڕی بێدەسەڵاتیەوە، دەستەکانی لێکدی هەڵسوون و لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئەو تێدەگات، ئەو تێدەگات! تێدەگات کە مەسەلەکە "ئەمە" نیە، بەڵکو شتێکی تەواو جیاوازترە!

– چۆن جیاوازتیرە؟ تۆ دەگەڵ ئەو ژنەدا زەماوەند دەکەی! وانیە؟ هێشتاش هەر عینادی دەکەی... بە تەمای زەماوەندی یان نا؟

– بەڵێ... با... زەماوەند دەکەم... دەیکەم!...

– ئەدی ئیتر چۆن دەڵێی کە مەسەلەکە "ئەمە" نیە؟

– نا، مەسەلەکە ئەمە نیە، مەسەلەکە ئەمە نیە... زەماوەندی من گرینگ نیە... زەماوەندی من هیچ نیە!...

– باشە چۆن قسەی وا دەکەی، چۆن گرینگ نیە؟ خۆ ئەمە گاڵتەی منداڵ نیە، وانیە؟ تۆ زەماوەند دەگەڵ ژنێکدا دەکەی کە خۆشت دەوێ، بۆیە زەماوەندی دەگەڵ دەکەی تا بەختەوەری بکەیت. ئاگلایا ئەمە بەچاوی خۆی دەبینێ، دەیزانێت، ئیدی چۆن دەڵێیت، گرینگ نیە، هیچ نیە؟

– بەختەوەری بکەم؟ نا، نا. هەر زەماوەندی دەگەڵ دەکەم و هیچی تر.. تەنیا ئەوەندەی لێ دەوێم کە بیخوازم. ئیدی ئەم زەماوەندەی من دەکاتە چی؟ ئیدی ئەمە بۆ من هیچ گرینگ نیە. خۆ ئەگەر ئەمەم نەکردبایە بێگومان دەمرد. ئێستا دەزانم کە بیرۆکەی شووکردنی بە ڕوگوژین، شێتایەتی بووە! ئێستا لەو شتە دەگەم کە جاران لێی تێنەگەییشتم. گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم: کاتێ کە ئەو دووە سەنگەریان لێکدی گرت و کردیان بە شەڕ، من بەرگەی دیتنی دەموچاوی ناستاسیا فیلیپوڤنام نەدەگرت...

ئەوجا میرزادە وەکو ئەوەی بیەوێ نهێنییەك بدرکێنێ، دەنگی نزم کردەوە و گوتی:

– یەڤگینی پاڤلوفیچ.. من ئەمەم بە هیچ کەسیك نەگوتووە، تەنانەت بە ئاگلایاشم نەگوتووە.. بەڵام ڕاستت دەوێ نەمدەتوانی تەحەمولی دیتنی دەموچاوی ناستاسیا فیلیپوڤنا بکەم... تۆ زۆر بە دروستی باسی ئەو ئاهەنگ و شەونشینییەت کرد کە لە ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنادا ساز کرا بوو. بەڵام چونکە ئاگادار نیت، شتێکت پەڕاند: من سەیری "دەموچاویم" کرد. تەنانەت پێشستریش، ئەو بە یانیەی کە وێنەکەیم بینی، تەحەمولی گوزارشتی ئەو دەموچاوەم هەر

نەکرد... تۆ دەموچاوی ڤیرا، کیژەکەی لیبدیف بێنە بەرچاوی خۆت: چاوی زۆر لە چاوانی ناستاسیا فیلیپوڤنا جیاوازن..

میرزادە بە ترسێکی ئاشکراوە، بەم ڕستەیە قسەکەی تەواو کرد:

– من لە دەموچاوی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەترسم.

یەڤگینی پاڤلوفیچ لێی پرسی:

– لە دەموچاوی دەترسیت؟

میرزادە، ڕەنگی تێکچوو، بەچپە گوتی:

– بەڵێ، شێتە.

یەڤگینی باڤلوفیچ، بەوپەڕی کونجکاویەوە پرسی:

– تۆ لەمە دڵنیایت ؟

– بەڵێ، دڵنیام. ئێستا تەواو دڵنیام. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ئەمەم بە تەواوەتی بۆ ساغ بووەتەوە.

یەڤگینی پاڤلوفیچ بە ترسەوە هاواری کرد:

– باشە تۆ بە تەمای چ بەڵایەك بەسەر خۆت بینی، هەی نەگبەت؟ یانی تۆ لە ترسا زەماوەندی دەگەڵدا دەکەی؟ سەیرە، ناچێتە ئەقڵەوە!.. ڕەنگە خۆشیشت نەوێ!

– با با، بە دڵ و بە گیان خۆشم دەوێ! ئەو قسەیە چیە تۆ دەیکەی!... ئەو ژنە منداڵە، هەر بە تەواوەتی منداڵە!.. تۆ هەست بەمە ناکەیت!

– وێڕای ئەمەش، ئاگلایات خۆش ویست؟

–بەڵێ، بەڵێ، بە ڕاستی خۆشم دەوێ!

– باشە چۆن دەبێ؟ یانی دەتەوێ بڵێی لە هەمان کاتدا هەردووکیانت خۆش دەوێ؟

– بەڵێ، بە ڕاستیش وایە.

– میرزادە، بۆ خاتری خوا، جوان بیربکەوە، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

– من بەبێ ئاگلایا... هەر چۆنێ بووە دەبێ بیدینم... دەنا بەو زووانە دەمرم، دوای تۆزێکی دی کە دەخەوم بەدەم خەوەوە و لەخەوا دەمرم... وام دانابوو دوێشەو لە خەو ڕاست نەبمەوە و بمرم. ئاهـ... خۆزیا ئاگلایا دەیزانی، هەموو شتێکی دەزانی... مەبەستم ئەوەیە هەر هەموو شتێکی بە تەواوەتی دەزانی! چونکە لێرەدا زانینی هەموو شتێك پێویستە، زەرووریە پیاو هەموو شتێك بزانێ! نازانم بۆچی ئەو توانایەمان نیە، ئەو بەهرەیەمان پێ ڕەوا نەبینراوە کە "هەموو شتێك" دەربارەی کەسێکی دی بزانین، لە کاتێکا ئەم زانینە زۆر پێویست بێ، بە تایبەتی دەربارەی کەسێك کە بە تاوانباری بزانین!؟. بە هەرحاڵ، هەموو شتەکانم لێ تێکەڵ بووە، وام لێهاتووە خۆیشم نازانم چ دەڵێم. بە ڕاستی خستمیتە گێژاوێکی ترسناکەوە... ئاخۆ دەموچاوی هێشتاش هەر وەکو ئەو کاتەیە کە بەغار لە ژوورەکە چووە دەرێ؟ ئاهـ... بەڵێ... هەر هەمووی تاوانی منە! بێگومان هەموو تاوانەکان لە ئەستۆی منە، من بە تەواوەتی نازانم خەتاو گوناهەکانم چی بوون، بەڵام هەر هەمووی لە ئەستۆی منە!... یەڤگینی پاڤلوفیچ، شتێك هەیە کە من ناتوانم بۆتی شەرح بکەم، چونکە وشەم لێچووەتە قاتی و ئەو شتەم بۆ نایەتە دەربڕین بەڵام... ئاگلایا ئیڤانوڤنا، تێدەگات! هەمیشە متمانەم پێی هەبووە کە تێدەگات...

– نەخێر میرزادە، تێناگا! ئاگلایا ئیڤانوڤنا لە ڕووی ئینسانیەوە تۆی خۆش ویستووە، وەکو ئافرەتێك... نەك وەکو ڕوحێکی ڕووت. دەزانی چیە میرزادەی داماو، بە مەزەندەی من، لەوەدەچێت کە تۆ لە حەقیقەتدا، کەسیانت خۆش نەویستبێ، نە ئەمیان و نە ئەویان!

– نازانم... دەشێت... دەشێت!... زۆربەی هەرە زۆری ئەوقسانەی تۆ کردنت، ڕاستن یەڤگینی پاڤلوفیچ. تۆ پیاوێکی یەجگار زیرەکی یەڤگینی پاڤلوفیچ. ئاهـ.. دیسان سەرم کەوتەوە ژان. وەرە با بڕۆین بۆ لای ئاگلایا، توبی خوا وەرە با بڕۆین... ببینین، توبی خوا!.

– پێمگوتیت لە پاڤلوڤسك نیە! چوون بۆ کولمینو.

– دەیسا با بڕۆین بۆ کولمینو. وەرە با هەر ئێستا، یەکسەر بڕۆین!

یەڤگینی پاڤلوفیچ هەستا. بە دەنگێکی کشدار گوتی:

– مە.. حا.. ڵە!

میرزادە گوتی:

– دەیسا شتێکی دی. من نامەیەکی بۆ دەنووسم، تۆ بۆی ببە!

– نەخێر میرزادە، نا! ببورە، لەم ئەرکە بمبەخشە، من ناتوانم ئەم کارە بکەم.

ئیدی لە یەکدی جیابوونەوە.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بەجۆرەها هەست و بیری سەیرەوە ڕۆیی. گەییە قەناعەتی تەواو کە ئەقڵی میرزادە کەمێك پارسەنگی دەوێ. "چ ڕازێك لەو دەموچاوەدا هەبوو کە میرزادە لە هەمان کاتدا هەم زۆری لێ دەترساو هەم زۆری خۆش دەویست؟ دووریش نیە لە داخی دووری ئاگلایا دیق بکات و بمرێت، بەمجۆرە ئاگلایا هەرگیز نەزانێت کە میرزادە بە چ جۆش و خرۆشێکەوە خۆشی ویستووە، چەند شێت و شەیدای بووە! ها ها!... ئاخر پیاو چۆن دەتوانێ دوو ئافرەتی خۆش بوێ؟ هەریەکەشیانی بەجۆرێکی جیاواز لەویتر خۆش بوی؟ بە ڕاستی سەیرە... دێوانەی بەلەنگاز! ئاخۆ ئێستا لە چ حاڵێکا بێ؟..".

فەسڵی دەیەم

بە هەرحاڵ میرزادە، کە لای یەڤگینی پاڤلوفیچ پێشبینی مەرگی خۆی کرد بوو، لەپێش زەماوەندەکەیدا، نە لەبێداریاو نە لەخەوا نەمرد. ڕەنگە خەوی خۆش نەبووبێ، پڕ لە مۆتەکەو کابووس بووبێ، بەڵام بە ڕۆژەوە، لەناو خەڵکیدا، بە کەیف و سەرحاڵ و بگرە دڵخۆشیش دەی نواند. ڕاستە هەندێجار زۆر دڵتەنگ و خەمبار دەبوو، بەڵام تەنیا لەو کاتانەدا ئەو حاڵەی بە سەر دەهات کە تەنیابایە.

بەپەلە تەدارەکی زەماوەند فەراهەم دەکرا، قەرار بوو نزیکەی هەفتەیەك، دوای دیدارەکەی یەڤگینی پاڤلوفیچ، ئەنجام بدرێت. نزیکان و دۆستانی دڵسۆزی میرزادە، هەرچەندە کەسی وای بە دەورەوە نەمابوو، کە چاویان بەو پەلە پەلە کەوت، ئیدی هیچ ئومێدێکیان بەوە نەما کە بتوانن ئەم بەلەنگازی نەگبەتە، ئەم قەلپیاوە، ژێوان بکەنەوە و لەو گێژاوەی ڕزگار بکەن. دەنگۆیەك بڵاو بووەوە کە گوایە جەنەڕاڵ ئیڤان فیدوروفیچ و لیزاڤیتا پروکوفیڤنای هاوسەری، (یەڤگینی پاڤلوفیچ)یان ڕاسپارد بوو کە فریای میرزادە بکەوێ. جا ئەوان کە لە چاکەو دڵسۆزی خۆیان حەزیان کرد بوو، ئەم دێوانە داماوە، لەو قۆرتەی، کە تێی کەوتبوو ڕزگار بکەن، نەیاندەتوانی لەوەی پتری بۆ بکەن، چونکە نەباری دەروونی نە باری سۆزداریان ئەوەی هەڵنەدەگرت (کە ئەمەش زۆر ئاسایی بوو) لەوە زیاتری بۆ بکەن و خۆی لێبکەن بە خاوەن. وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، زۆربەی ئەوانەی لە میرزادە خڕبوونەوە، پشتیان تێکردو دژی وەستان. ڤیرا لیبدیفا، هەر ئەوەندەی لە دەست دەهات کە تەنیا دەبوو دەگریا، بە زۆریش لەماڵ نەدەچووە دەرێ و لە جاران کەمتر دەچووە دیداری میرزادە.

کولیا، لەوکاتانەدا مژولی ڕێ و ڕەسمی پرسە و تازیەی باوکی بوو، پیرەمێرد، هەشت ڕۆژ دوای سەکتەی یەکەم، سەکتەی دووەمی دڵ، لێی دابوو و ئەمجارەیان بەرگەی نەگرتبوو و مرد بوو. میرزادە بەشدارییەکی زۆری لە پرسەکەیاندا کرد. لە ڕۆژانی یەکەمی پرسەکەدا، ڕۆژی چەند سەعاتێکی لای نینا ئەلکسندروڤنا بەسەر دەبرد. لە ناشتنی جەنازەکە و ڕێو ڕەسمی چوونە کڵێسادا بەشداری کردبوو. زۆر کەس هەستیان کردبوو، کە لەکاتی چوونە کڵێسا و گەڕانەوە لە کڵێسا، خەڵکانێك کە دیتبوویان، خۆ بەخۆ لە بەینی خۆیاندا کەوتبوونە چپە چپ، هەمان شت لە باخی گشتی و لە جادەوباندا ڕووی دابوو. ئیدی میرزادە بە هەر کوێیەکدا ڕۆیشتبا، چ بە پیادەو چ بە سواری گالیسکە، بازاڕی چپە و قسانی خەڵکی گەرم دەبوو، بە یەکیان نیشان دەدا، ناویان دێناو ناوی (ناستاسیا فیلیپوڤنا)شیان دەبرد. لە پرسەکەی جەنەڕاڵ دا چاویان بۆ ناستاسیا فیلیپوڤنا گێڕابوو، بەڵام لەوێ نەبینرا بوو. "بێوەژنەکەی کاپتن"ش، لە پرسەکەدا نەبینرابوو. لیبدیف، زوو فریا کەوتبوو و نەی هێشتبوو لە ماڵ بێتە دەرێ. ڕێوڕەسمی نوێژی مردوو، کارێکی زۆری لە میرزادە کرد، زۆری خەفەت خوارد. کە لیبدیف هۆی ئەوەی لێ پرسی بوو، لە وەڵاما گوتبووی کە ئەوە یەکەمجارە لە ڕێوەڕەسمی ئەرتەدۆکسیدا

بەشداری بکات، هەرچەندە بە ئاستەم بیری ماوە کە بەمنداڵی لەگوندا ڕێوە ڕەسمێکی لەو بابەتەی دیتووە.

لیبدیف، بە ئەسپایی، بەگوێیی میرزادەیا چپاند:

– ئێ ی دنیا، پیاو باوەڕناکات کە ئەم پیاوەی لەم تابووتەدایە، هەمان ئەو پیاوەبێ کە ماوەیەك لەمەپێش بە دەمڕاست هەڵمان بژارد، لە بیرتە میرزادە؟ چاو بۆ کێ دەگێڕی؟

– چاو بۆ کەس ناگێڕم، بەڵام وام هاتە خەیاڵ کە...

– لە ڕوگوژین دەگەڕێی؟

– چما لێرەیە؟

– بەڵێ، لە کڵێسایە.

میرزادە، پەشێوو پەرێشان لەبن لێوانەوە گوتی:

– دەڵێم! وام هاتە بەرچاو کە دیتم. باشە چۆن... چ شتێ گەیاندویەتیە ئێرە؟ دەعوەت کراوە؟

لیبدیف بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر کەس دەعوەتی نەکردووە، ئاشنایەتی دەگەڵ ئەمماڵباتەدا نیە. هەموو کەسێك بۆی هەیە بێتە کڵێسا، بۆچی پێت سەیرە؟ من لەم ڕۆژانەدا زۆر دەیبینم. هەفتەی ڕابردوو چوار جار لێرە، لە پاڤلوفسك دیتم.

میرزادە، لەبن لێوانەوە گوتی:

– من تەنانەت تاقە جارێکیش نەمدیوە... لەو ڕۆژەوە.

هەڵبەتە ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە میرزادەی نەگوتبوو کە لەو "ڕۆژە" بە دواوە، ڕوگوژینی بۆ جارێکیش نەدیوە. بۆیە میرزادە لەبەر ڕۆشنایی ئەوە، گەیی بووە قەناعەت کە میرزادە، بە ئانقەست خۆی لەو دەشارێتەوە. میرزادە بە درێژایی ئەو ڕۆژە، نقومی بیرو خەیاڵێکی قووڵ بوو، لە کاتێکا ناستاسیا فیلیپوڤنا، زۆر شادو بەکەیف بوو، ئەم شادمانیەی تا شەوێش هەر درێژەی کێشا.

کولیا، پێش مردنی بابی، دەگەڵ میرزادەدا ئاشت بووبووەوە، پێشنیازی بۆ کرد بوو، کە کیللەر و بوردوفسکی وەکو شایەد بۆ زەماوەندەکەی دەعوەت بکات (ئەمە کارێکی گرینگ و بەپەلە بوو.) کولیا زەمانەتی خۆشڕەفتاری کیللەری کرد بوو و گوتبووی ڕەنگە ئامادەبوونی

"باش"ش بێت، بەڵام سەبارەت بە بوردوفسکی پێویستی بە پاڵاوتن نەبوو، چونکە پیاوێکی "هێمن و خاکی یە". نینا ئەلکسندروڤنا و لیبدیف، هەردووکیان میرزادەیان ئاگادار کردبووەوە کە ئەگەر بەجدی بە تەمای زەماوەندە و پەشیمان نابێتەوە، بەلای کەمەوە با لێرە، لە پاڤلوفسك و بەو ئاشکراییە، ئاهەنگ و بەزم نەگێڕیٚ، بە تایبەتی لەم قەرەباڵغی و جەنجاڵیەی وەرزی هاویندا، کە وەرزی گەشتیارانە، باشتر وایە ئەم زەماوەندە بەرێتە پترسبۆرگ و لە ماڵدا بیگێڕێت. میرزادە دەیزانی ئەم هەمووو ترسەیان لەبەر چیە، بەڵام زۆر بە کورتی وەڵامی دانەوە کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، قەراری داوە ئاهەنگەکە لێرە سازبکرێت. بۆ سبەی، وەختیٚ کیللەر زانی کە بۆ شایەدی و برازاوایی هەڵبژێردراوە، هاتە دیدەنی میرزادە. لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا، هەر کە میرزادەی بینی، کەڵەموستی لە هەوادا بەرزکردەوە و وەکو یەکێك سوێند بخوات و بەڵێن بدات، هاواری کرد:

– من ئیدی هەرگیز ناخۆمەوە

ئەوجا لە میرزادە چووە پیشیٚ. هەردوو دەستی بە گەرمی و بە توندی گوشین و گوتی کە بە هەواڵی زەماوەندەکەی زانی، لە سەرەتادا زۆری لە بەرگران بووە و تەنانەت لە هۆڵی بلیاردەکەدا ناڕەزایی و تووڕەیی خۆی بە ئاشکرا گوتووە و دەربڕیوە، بەڵام ئەم تووڕەییە تەنیا لە رووی دۆستایەتی و دڵسۆزیەوە بووە، حەزی کردووە میرزادە، ژنیك بێنیٚ کە بەلای کەمەوە هیچی لە دۆتمیرێکی بنەماڵەی ڕۆهان یان ماڵباتی شابو کەمتر نەبێت، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتووە کە بیرو بیرکردنەوەی میرزادە، دوازدە هێندەی بیرکردنەوەی (تێکڕای) ئەوانەی دەوروبەری، ڕەسەنتر و شەریفترە! چونکە میرزادە لە خەمی شۆرەت و ناوبانگ، سەروەت و سامان و خۆ نواندن و ئەو شتانەدا نیە، تەنیا حەقیقەت و ڕاستی لە نك وی گرینگە! هەڵبەتە ڕەئی گەورە پیاوانی پایە بەرز گرینگ نیە، میرزادە بۆ خۆی بە جۆریٚ پەروەردە بووە و لە ئاستێکی خوێنەواری و ڕۆشنبیری ئەوتۆدایە کە نایەویٚ خاوەن پایەبیٚ. بەڵام خەڵکانی گەجەر و گوجەر و بازاڕی، ڕاو بۆچوونی زۆر جیاواز و پێچەوانەیان هەیە. لە سەرانسەری شاردا، لە ماڵانا، لە کۆڕو مەجلیسانا، لە ڤێلاکانا، لە کۆنسێرت و ئاهەنگی مۆزیکا، لە مەیخانەکانا، لە هۆڵیٚ بلیاردا. ئەم مەسەلەیە، وەکو ڕووداوێکی گەورەی باوەڕنەکردەنی بووە بە وێردی سەر زمانان. تەنانەت بیستوومە کە خۆیان ئامادە دەکەن، بێنە ژێر پەنجەرەکەتان و بە مۆسیقایەکی ناساز و ناخۆش، ناڕەحەتت بکەن، ئەویش کەی! لەشەوی یەکەمی زەماوەندەکەتا!... جا میرزادە ئەگەر پێویستت بە دەمانچەی پیاوێکی شەریفە، ئەوا من ئامادەم، بۆ بە یانی شەوی زاوایەتی، بەر لەوەی لە نوێنی زاوایەتی بێیتە دەریٚ، دوازدە فیشەکی پیاوانە بتەقێنم".

کیللەر، ئامۆژگاری میرزادەی کرد، کە ترومپایەکی ئاو پرژێنی ئاگر کوژێنەوە، لە حەوشەدا دابنیٚ، تا بیکات بەو خەڵکە فزوڵەدا، کە ڕەنگە لە کاتی گەڕانەوەیان لە کڵێسا، لێیان خڕ ببنەوە

و ناڕەحەتیان بکەن. بەڵام لیبدیف ئەم پێشنیازەی ڕەفز کرد و گوتی: "ئەگەر کاری وایان لەگەڵدا بکریٚ، خانووەکە ژێر و ژووردەکەن."

کیللەر گوتی:

– میرزادە. دڵنیابە کە ئەم لیبدیفە لەگەڵتا بە فێڵە! ئەمانە دەیانەویٚ سەر وەسێتت بۆ دابنەن. باوەڕ دەکەی؟ هەنگیٚ دەستت دەبەستنەوە، هەم لە ئازادی و هەم لە بەکارهێنانی پارەو پولی خۆت مەحرووmt دەکەن. یانی لەو دوو شتەت مەحرووم دەکەن، کە هەر هەمووومان لەچوار پێیان جیادەکاتەوە! من ئەمەم بەگوێی خۆم بیستووە، چۆنت بۆ دەگێڕمەوە، خیلافی نیە!

میرزادە، بیری کەوتەوە، بیرکەوتنەوەیەکی گۆنگ، کە پێشتر شتێکی لەم بابەتەی بیستبوو، کە هەڵبەتە بەهەندی نەگرتبوو. ئێستاش کە گوێی لە سەرنجەکەی کیللەر بوو، کەمێك بە دەمیەوە پێکەنی و ئیدی مەسەلەکەی فەرامۆش کرد.

ئەلهەقی لیبدیف، ماوەیەك بوو، بەم مەسەلەیەوە خجڵ (سەرقاڵ) بوو، جرت و فرت دەهات و دەچوو. ئەم کابرایە عادەتی وابوو، کە دەستی دەدایە هەر کارێك هێندەی ورد دەکردەوە و هێندە هەڵپەی جیٚ بەجێکردنی دەکرد، ئەم لاو ئەولای دەکرد، مەسەلەکەی بە تەواوەتی لە خۆی دەئاڵۆزاند، کە بە تەواوەتی لەو مەبەست و ئامانجە دوور دەکەوتەوە کە لەسەرەتاوە نەخشەی بۆ دانا بوو. یانی کابرایەك بوو تا بڵێی هەڵەشە، هەر بۆیەش لەژیانا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. پاشان تەقریبەن لە ڕۆژی زەماوەندەکەدا هات بۆلای میرزادە و ئیعتراف بۆ کرد کە (لیبدیف عادەتی وابوو پیلانی دژی هەرکەسێك گێڕابا، دەچوو بۆلای، پەشیمانی خۆی دەردەبڕی و تۆبەی دەکرد، بە تایبەتی ئەگەر لە پیلانەکەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابا) ئەو، واتە لیبدیف بۆ ئەوە خولقا بوو کە ببیٚ بە تالیران، بەڵام لە نەگبەتی و بەدشانسی خۆیدا، هەر بە "لیبدیف"ی ماوەتەوە، ئەوجا هەموو داو و پلانەکەی خۆی بۆ میرزادە باسکرد کە بە ڕاستی مایەی سەرنجی میرزادە بوو. گوتی کە سەرەتا کەوتبووە گەڕان بە دوای کەسانی ئەرستوکراتی دەسترۆ، تا لە کاتی تەنگانەدا پشتی بگرن. بۆ ئەو مەبەستە چوو بوو بۆلای جەنەڕاڵ یەپانچین، بەڵام جەنەڕاڵ، ملی نەدابوو، گوتبووی " هەرچەندە هیوای بەختەوەری بۆ ئەو گەنجە دەخوازێت و چەندیش حەز بکات ڕزگاری بکات، ناتوانیٚ خۆی لەو کارە بکات بە خاوەن، چونکە داب و نەریت ڕێگەی نادات." لیزا ڤیتا پروکوفیڤنا، نەیویستبوو هەر ببینیٚ یان گوێی لە باس و خواسی بیٚ. یەڤگینی پاڤلوفیچ و میرزادە (س..)ش ڕەفزیان کردبوو و دەستیان پێوە نابوو. لیبدیف هەر کۆڵی نەدابوو: ڕاوێژی بە پارێزەرێکی بە تەمەنی کارامەی پسپۆڕی، لە زەبری، دەوڵەمەندی، دۆستی نزیکی خۆی، کە تاڕادەیەك خۆی بە قەرزاری ئەو دەزانی، کردبوو. ئیدی ئەم پیرە پارێزەرە گوتبووی دەشێت ئەم "حەجرە" بخرێتە سەر میرزادە و لەم کارە قەدەغە بکرێت، بە مەرجیٚ چەند شایەدێکی بە ئیحتوبار شایەدی لەسەر بدەن کە لە ڕووی ئەقڵییەوە تەواو نیە، شێتە. بە هەرحاڵ گرینگ ئەوەیە خەڵکانێکی پایە بەرز و دەسترۆ،پشتیوانی لەم نەخشەو

تەگبیرە بکەن. لیبدیف، بەمەش هەر کۆڵی نەدا، ڕۆژێك دکتۆرێکی بۆ ماڵی میرزادە هێنابوو. ئەم دکتۆرەش پیرە پیاوێکی بەڕێز بوو، بۆ گەشتوگوزار هاتبووە پاڤلوفسك و هەڵگری میداڵی سانت حەننە بوو. ئەم دکتۆرەی بەو ناوەوە هێنابوو کە گوایە ماڵەکەی خۆی پیێ نیشان بدات، ژێراو ژێریش دەگەڵی ڕێکەوتبوو، کە زەمینە خۆشبکات تا میرزادە معایەنە بکات و، بەشێوەیەکی نافەرمی و گوایە لە ڕووی دۆستایەتیەوە، لە نەخۆشیەکەی میرزادە ئاگاداری بکات.

میرزاه، هاتنی ئەو دکتۆرەی بیرکەوتەوە. ئەوەی بیر کەوتەوە کە ڕۆژی پێشوو، لیبدیف ویستبووی بە تۆبزی قەناعەت بە میرزادە بێنێ کە نەخۆشە، واتە میرزادە نەخۆشە، دوای ئەوەی میرزادە بە هیچ جۆرێ قەبووڵی نەکرد بوو کە خۆی پیشانی دکتۆرەکە بدات، سەیری کرد بوو لیبدیف لەگەڵ دکتۆرێکدا خۆیان بە ژوورەکەیدا کرد. لیبدیف، وای لە میرزادە گەیاند، کە گوایە بە دوو قۆڵی لای "تیرنتیف"ـــەوە، کە حاڵی زۆر خراپ بووە، دێن و، دکتۆر هاتووە کە سەبارەت بە نەخۆشیەکەی "تیرنتیف" شتێك بە میرزادە بڵێت. میرزادە، ستایشی هەڵوێستی لیبدیفی کردو بە گەرمی و ڕووخۆشی پێشوازی لە دکتۆرەکە کرد. یەکسەر کەوتنە باسکردنی هیپولیت. دکتۆرەکە داوای لە میرزادە کرد کە بە وردی باسی دیمەنی خۆ کوژییەکەی هیپولیتی بۆ بکات. میرزادە هێندە بە ئاوو تاو کەوتە گێڕانەوە و شرۆڤەی دیمەنەکە، کە بە ڕاستی کاری لە دکتۆرەکە کرد. ئەوسا باس و خواس هاتە سەر کەش و هەوای پترسبۆرگ، نەخۆشی میرزادە، سویسرا و شنایدەر. دکتۆرەکە بە جۆرێ دڵبەندی شێوازی مالیجەی شنایدەر و سەربورو بە سەرهاتەکانی میرزادە بوو بوو کە نزیکەی دوو دانە سەعات بە دیاریەوە دانیشت، بە دەم کێشانی جگەرە نایابەکانی میرزادە و خواردنەوەی بیراندی بە تام و لەزەتی لیبدیفەوە کە ڤیرا بۆی هێنا بوو، ڕادەیەك سەرخۆش بوو،کە وێڕای ئەوەی خاوەن ژن و منداڵ بوو، هێندە گۆساخانە کەوتە ستایش و پیاهەڵدانی ڤیرا، کە کچەی تاینی زۆر تووڕە کرد. ئەوسا بە شێوەیەکی زۆر دۆستانە دەعا خوازی کردو لە میرزادە جیابووەوە.

پزیشکەکە پاش ئەوەی لەلای میرزادە وەدەرکەوت، بە لیبدیفی گوت: "ئەگەر بمانەوێ سەروەسێت بۆ خەڵکی وەکو میرزادە دابنەین، چ کەسێك بۆ سەروەسێتی باشە؟ کاتێ کە لیبدیف لایەنی تراجیدی ئەو ڕووداوەی بۆ شرۆڤە کرد کە لە ڕوودانا بوو، دکتۆرەکە بە دەم بزەیەکی تانەو تەشەراوییەوە سەرێکی لە قاندو گوتی: "هەر پیاوێك بۆی هەیە هەر کەسێك بخوازێت، ئازادە! ئەو ژنەی ،کە بە قسەی تۆ میرزادە، بەتەمایە زەماوەندی دەگەڵ بکات، نەك هەر جوانە، بگرە یەجگار جوانە، ئەمە خۆی لە خۆیدا، فاکتەرێکە بۆ ئەوەی پیاوێکی دەوڵەمەند ڕابکێشێت، ئەمە جگە لەوەی وەکو بیستوومە سەروەت و سامانێکی زۆری لە توتسکی و روگوژینەوە دەستکەوتووە، کە بریتیە لە ملە مرواری و ئەڵماس و شاڵ و مۆبێلەمانی(کەلوپەلی) ناو ماڵ، کەواتە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە هیچ جۆرێ ناکاتە نیشانەی گێلی و گەمشۆکی میرزادە، بەڵکو بە پێچەوانەوە نیشانەی ئاقڵی و زیرەکیە، هەمان زیرەکی و بیرکردنەوەی ڕۆڵەی کۆمەڵگەی

ئەرستۆکراتی هەیە، بە رژەوەندی خۆی دەزانێ و حیسابی ورد بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات!"

ئیدی دکتۆرەکە پیی وابوو، دەبێ لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانە شایەدی بە قازانجی میرزادە بدات نەك دژی..

ئەم ئەنجامگیریەی دکتۆرەکە، ڕیسەکەی لە لیبدیف کردەوە بە خوری و تەواو نائومێدی کرد، لیبدیف لە کۆتایی ئیعترافەکەیدا بە میرزادەی گوت: "لە ئێستا بە دواوە جگە لە دڵسۆزی و فیداکاری هیچ شتێکی دی لە من نابینی، ئامادەم لەپێناوی تۆدا خۆم بە کوشت بدەم، بۆیە هاتووم بۆلات تا ئەم قسەیەت پێ بڵێم.."

میرزادە، لەم چەند ڕۆژەی دواییەدا زۆر خجڵ و مژۆلی (هیپولیت)ش بوو. هیپولیت زوو زوو لەدووی دەنارد. خانەوادەی هیپولیت. لە نزیکی ئەو و لە خانوویەکی بچووکدا دەژیان. منداڵەکانیان (واتە خوشك و برایەکەی هیپولیت) ژیانی هاوینەواریان زۆر لا خۆش بوو، چونکە بەلای کەمەوە دەیانتوانی لەبرا نەخۆشەکەیان تۆزێ دوور بکەونەوە و بچن لە پارکەکەدا بای باڵێکی خۆیان بدەن و هەوایە بگۆڕن. بەڵام دایکە بێنەواکەی، "بێوەژنەکەی کاپتن". بە تەواوەتی دیل و ئەسیری ئەو بوو، میرزادە بەردەوام خەریکی ئاشتکردنەوە و سوڵحی ئەو دوانە بوو. هیپولیت، سوور بوو لە سەر ئەوەی میرزادە بە دایەنی خۆی بزانێ و هەر بە "نو نو"ی ناو دەبرد. هەرچەندە زۆریشی ڕق لێبوو کە دەوری کۆتری ئاشتی و ناوبژیوانی لە نێوانیاندا دەبینی هیپولیت زۆر لە کۆلیا پڕ بوو، چونکە مەگەر بە دەگمەن، دەنا سەری نەدەدا، لە هەوەڵەوە بە بۆنەی نەخۆشی بابیەوە کە لەجێگادا کەوتبوو و لە حاڵی مردندا بوو، پاشانیش لەبەر ئەوەی دایکە بێوەژنەکەی بە تەنیا بوو. سەرەنجام هیپولیت، کەوتە گاڵتە کردن، بە زەماوەندی بەو نزیکانەی میرزادە دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنا. میرزادە، زۆر توڕە بوو، تۆرا و وازی لە هاتوچۆی هێنا. دوای ئەوە بە دوو ڕۆژ "بێوەژنەکەی کاپتن" بەیانیەکی زوو، بە هەڵەداوان و چاو بەگریان، هات بۆ ماڵی میرزادە و تکای لێکرد کەسەردانیان بکات، دەنا کوڕەکەی خوێنی جگەری (دایکی) دەخواتەوە. هەر وەها گوتی هیپولیت دەیەوێ نهێنییەکی گەورەی بۆ کەشف بکات. میرزادە هاتە ڕەداو یەکسەر بەگەڵ بێوەژن کەوت. هیپولیت بەدەم گریانەوە داوای ئاشتبوونەی لە میرزادە کرد. بەڵام هەرکە فرمێسکەکانی وشك بوونەوە، بایدایەوە سەر هەمان ڕق و کینە کێشییەکەی جارانی خۆی، بەڵام نەدەوێرا وەکو جاران جڵەو بۆ خۆی شل بکات. حاڵی زۆر خراپ بوو، هەموو نیشانەکان ئەوەیان دەگوت کە مردنی نزیکە. هەڵبەتە هیچ نهێنییەکیشی لا نەبوو بۆ میرزادەی کەشف بکات. بەڵام بەوپەڕی پێداگرییەوە، بە هەڵچوونێکی زۆرەوە، کە وێدەچوو دەسکردبێ، میرزادەی لە وەزەنی ڕوگوژین ئاگادار دەکردەوە: " ئاگاداری ڕوگوژین بە، پیاوێکە دەستبەرداری شتی خۆی نابێ، لە قوماشی ئێمە نیە میرزادە، خواردنی ئێمەمانان نیە. خوا نەکا بە شتێکەوە بیگرێ، هەر دەبێ بیگاتێ، هێز نیە پێشی بگرێ." میرزادە بەو مەبەستەی بگاتە ئەنجامێکی

دیارو تایبەت لە پرسیاری گرت. هیپولیت هیچ بەڵگەیەکی واقیعی پێ نەبوو، جگە لە سۆزو سەرنجی شەخسی، ئەنجام زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی ترسێکی زۆری خستبووە دڵی میرزادەوە. میرزادە لەسەرەتاوە خۆی لە بەرسڤی هەندی لە پرسیارەکانی هیپولیت دەدزییەوە، کە هیپولیت گوایە بە ناوی ئامۆژگارییەوە پێی دەگوت: "ئەگەر پێویستی کرد. بڕۆ بۆ هەندەران، هەڵێ. قەشەی ئەرتەدۆسکی ڕوسی لە هەموو شوێنێ هەن، دەتوانی لەوێش ژن بێنی". میرزادە تەنیا بزەیەکی بۆ دەکرد و هیچی نەدەگوت. ئەنجام هیپولیت گوتی: "ئەلهەقی من تەنیا خەمی ئاگلایا ئیڤانوڤنامە، لەو دەترسم. ڕوگوژین، دەزانی تۆ چەندت خۆشدەوێ. چاو لە تۆڵەی چاو، دان لە تۆڵەی دان و، ئەشق لە تۆڵەی ئەشق، تۆ ناستاسیا فیلیپوڤنات لێ هەڵگەڕاندەوە، ئەویش لە تۆڵەی ئەوەدا ئاگلایا ئیڤانوڤنا دەکوژێت. هەرچەند ئاگلایا ئیدی هیچ پەیوەندیەکی بە تۆوە نیە، بەڵام بێگومان کوشتنی ئەو بۆ تۆ یەجگار ناخۆشە، وانیە؟"

هیپولیت، گەییە مەبەست و ئاواتی خۆی: میرزادە بەوپەڕی نیگەرانی و پەرێشانی لە نك وی ڕۆیی.

ئەم هۆشداری و وریاکردنەوانەی میرزادە لە ڕوگوژین، بە ماوەیەکی کەم پێش زەماوەندەکەی، ڕوویان دا. میرزادە ئەو شەوە، ناستاسیا فیلیپوڤنای، بۆ دواجار بەر لە زەماوەندەکەیان بینی. ناستاسیا نە یدەتوانی میرزادە هێور بکاتەوە، بەپێچەوانەوە لەم دواییانەدا، زیاتر نیگەرانی دەکرد. پێش ئەوە بە چەند ڕۆژێك، لە دایدارێکی دوو قۆڵی خۆیاندا، هەستی بە خەمێکی زۆر بە سیمای میرزادەوە، کرد بوو. هەموو توانایەکی خۆی خستبووە کار کە دڵخۆشی بداتەوە و شادی بکات، تەنانەت گۆرانیشی بۆ دەگوت. زۆرجار چینەی لە یادگەی خۆی دەکرد کە ڕێگەیەك بدۆزێتەوە و دڵخۆشی میرزادەی پێ بداتەوە. میرزادە زۆرجار وای دەنواند کە لە کانگای دڵەوە پێدەکەنێ. تەنانەت هەندێجاریش کە ناستاسیا فیلیپوڤنا بەوپەڕی جۆش و خرۆش، بە ئاو وتاو حیکایەتی بۆ دەکرد و نوکتەی خۆشی بۆ دەگێڕایەوە، بە ڕاستی و لە دڵەوە پێدەکەنی. ناستاسیا فیلیپوڤنا کە دەیبینی میرزادە پێدەکەنێ و زۆر دڵی خۆشە، زۆری کەیف بە خۆی دەهات و لەخۆشیان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. بەڵام ئێستا وانەبوو، سەعات بە سەعات خەمبارتر دەبوو. ڕەئی میرزادە سەبارەت بە ناستاسیا فیلیپوڤنا، ڕەئی یەکجارەکی بوو، خۆی ساغ کرد بووەوە، چونکە ئەگەر وانەبوایە هەنووکە هەموو شتێکی ئەو ژنەی لەلا دەبوو بەلەگەز و مەتەڵۆکی لە هەڵهێنان نەهاتگ. بە هەرحاڵ میرزادە، قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو، کە دەتوانرێ بهێنرێتەوە تایمی خۆی. لە نوێ بونیات بنرێتەوە. هەڵبەتە میرزادە، کاتێ کە بە یەڤگینی پاڤلوڤیچی گوت کە ناستاسیا فیلیپوڤنای لە ناخی دڵەوە خۆش دەوێ، ڕاستی دەکرد. بەڵام خۆشەویستیەکەی بەرانبەر بە ناستاسیا، وەکو خۆشەویستی دایکێك بوو بەرانبەر بە منداڵێکی نەخۆشی، دەغەزاری، خەمین، کە نەتوانێ دەستبەرداری ببێ. میرزادە هەرگیز بۆ کەسی باس نە دەکرد کە چ هەست و سۆزێکی بەرانبەری هەیە، تەنانەت ئەگەر ناچاریش بوایە لەو بارەیەوە قسان بکات، بەوپەڕی بێزاری و نە بەدڵی باسی دەکرد. کە بەتەنیاش بەیەکەوە دەبوون هەرگیز

باسی "سۆز و هەستی" خۆیان نەدەکرد، وەکو ئەوەی بەڵێنیان بە یەکدی دابێ باسی شتی وا نەکەن. هەموو کەسێك دەیتوانی بەشداری لە گفتوگۆی ئاسایی و، خۆش و زندوی وان بکات. پاشان داریا ئەلکسیڤنا گێڕابوویەوە کە هەرچەند لەو ڕۆژانەدا ئەوانی دەبینی، سەراپا لە شادی و کەیف و خۆشیا نقوم دەبوو.

ئەو ڕاوبۆچوونەی کە سەبارەت بە باری دەروونی و ئەقڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە زەینی میرزادەدا چەسپی بوو، زۆر حیرەت و سەرەگێژکێی لە کوڵ کردبووەوە. ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئێستا ژنێکی دی بوو، زۆر جیاوازتر لەو ژەنەی کە میرزادە سێ دانە مانگ لەوە پێش دەیناسی. هیچ بەلایەوە سەیر نەبوو، کە جاران بەگریان و نەفرین و جنێوەوە ڕەفزی دەکرد شوو بەم بکات و هەنووکە ئەو پەلەی بوو کە بە زووترین کات زەماوەندەکەیان بکەن. میرزادە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە وەکو جاران لەوە ناترسێت، کە شووکردنی ئەو، ببێتە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی من." بەلای میرزادەوە، ئەم متمانە بەخۆ پەیداکردنە کوت و پڕ و لە ناکاوە، ئاسایی نەبوو. ماقوولیش نیە تەنیا زادەی ڕق و نەفرەت بێ لە ئاگلایا، هی ئەوەش نەبوو، لەوە بترسێت کە نەتوانێ دەگەڵ ڕوگوژینەدا هەڵبکات. هەڵبەتە ڕەنگە ئەم فاکتەرانە و فاکتەری دیکەش دەوریان هەبووبێ، بەڵام ئەوەی لای میرزادە لە هەموو هۆو فاکتەرێکی دیکەی ئەم هەڵگەڕانەوە و گۆڕانە لە ناکاوەی ناستاسیا فیلیپوڤنا ڕوونتر بوو، ئەو هۆیە بوو کە دەمێ بوو پێشبینی کرد بوو، ڕوح و دەروونی شەکەت و داماو و نەخۆشی ئەو، لەوەی پتر تەحەمولی مەینەتی نەدەکرد. هەرچەندە ئەم ڕاڤەو شرۆڤەیە، تاڕادەیەك هەندێك حیرەت و پەشێوی و پەرێشانی لە کوڵ میرزادە دەکردەوە، بەڵام بەدرێژایی ئەو کاتانە نە هیچ ئاسوودەییەکی خەیاڵی و نە هیچ سوکناییەکی دەروونی پێ نەبەخشی. هەندێجار هەوڵی دەدا بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە. سەبارەت بە ژن هێنان و زەماوەندەکەشی، تەنیا وەکو کارێکی ڕواڵەتی ڕۆتینی وەری گرتبوو. چارەنووسی میرزادە بە بۆچوونی خۆی، هەر ئەو بیرکردنەوەیەی هەڵدەگرت نەك زیاتر. سەبارەت بەو جۆرە گلەیی و ناڕەزایی و ئیرادانەی کە یەڤگینی پاڤلوفیچ و خەڵکانی وەکو ئەو هەیان بوو، میرزادە، دەسەوەستان بوو، هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو، بۆیە خۆی لە هەر گەنگەشەیەکی لەو جۆرانە، دەدزییەوە.

ئەوەشی بۆ دەرکەوتبوو کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، زۆر چاك دەیزانی، ئاگلایا چ پایەیەکی لە دڵی ئەودا (میرزادە)هەیە. ناستاسیا فیلیپوڤنا، باسی ئەمەی نەدەکرد، بەڵام لە ڕۆژانی سەرەتادا. هەر کاتێ کە میرزادە لێدەبڕا بچێ بۆ ماڵی یەپانچین، ناستاسیا بە ئاشکرا "ڕووی" گرژ دەبوو، میرزادە ئەمەی لە سیمایدا دەخوێندەوە . بۆیە کاتێ کە خانەوادەی یەپانچین، پاڤلوڤسکیان بەجێهێشت و لە وێندەر ڕۆیشتن، ئیدی ئۆخژن کەوتە دڵ و دەروونی ناستاسیا و ڕووی گەشایەوە و کەیفی کۆك بوو. میرزادە وێڕای هەموو خەمساردی و بێ موبالاتی و سەرنج کوێریەکی خۆی. لە دڵی خۆیدا گومانی ئەوەی دەکرد کە نەبادا ناستاسیا فیلیپوڤنا، ژێراو ژێر کارێکی دزێوی وەها بکات کە ئاگلایا ناچار بێت پاڤلوفسك بەجێ بێڵێ. ئەم گومان و بەدگومانیە

زۆری ئەزیەت دەدا. بێگومان ئەو باس و خواس و دەنگۆیانەی کە لە ڤێلاکاندا دەربارەی زەماوەندی وان بڵاوبوو بووەوە و کەوتبووە سەر زاران، دوو بەشی لەلایەن ناستاسیا فیلیپوڤناوە بڵاو کرابووەوە تا دیق بە خەنیم و ڕەقیبەکەی (ئاگلایا) بکات. جا چونکە دیتنی ماڵی یەپانچین زۆر زەحمەت و دژوار بوو، ناستاسیا فیلیپوڤنا، ڕۆژێك میرزادەی نایە ناو گالیسکەکەی خۆی، دەستوری بە گالیسکە چیەکە دا کە ڕێك بە بەر پەنجەرەکانی ماڵی یەپانچیندا تێپەڕێت. ئەمە غافڵگیریەکی ترسناك بوو بۆ میرزادە، کاتێ بەمەی زانی، تازە کار لە کار ترازابوو، گالیسکەکە گەیی بووە بەر ماڵی ئەوان و خەریك بوو تێدەپەڕی. هیچی نەگوت، بەڵام تا دوو ڕۆژ ئاگای لە خۆی نەبوو، نەخۆش کەوت. ناستاسیا فیلیپوڤنا. جارێکی دی ئەم کارەی دووبارە نەکردەوە.

ناستاسیا لەو چەند ڕۆژە کەمەی بەر لە مەوعیدی زەماوەندەکە، زۆر خەمین و مات بوو، دەبیرێکی قووڵەوە دەچوو. ڕاستە هەمیشە بەسەر خۆیا زاڵ دەبوو، خەم و پەژارەکەی لە خۆی دەڕواندەوە، هەوڵی دەدا شادو بەکەیف بنوێنێ، بەڵام هەر فایدەی نەبوو، نەدەگەڕایەوە سەر کەیف و سەفاکەی جارانی. میرزادە لە جاران زیاتر مدارای دەکرد و بە دەوریا دەهات و بایەخی دەدایە. میرزادە سەری لەوە سوڕما بوو کە ئەم ژنە بە هیچ جۆرێ باسی ڕوگوژینی لەگەڵدا نەدەکرد، بەڵام جارێك پێنج ڕۆژ بەر لەمەوعیدی زەماوەندەکە، داریا ئەلکسیڤنا، ناردی بەشوێنیا کە بەپەلە فریای ناستاسیا فیلیپوڤنا بکەوێت، چونکە حاڵی زۆر خراپە. کە میرزادە گەییە ئەوێندەر، سەیری کرد، لە حاڵێکایە، زیاتر لە شێتی دەچێت تا لە نەخۆشی: هاواری دەکرد، دەلەرزی، دەگریا و هاواری دەکرد کە ڕوگوژین لە باخەکەی تەنیشت ڤێلاکە خۆی حەشارداوە. تۆزێ لەمەپێش بە چاوی خۆی بینی، ئەمشەو دێتە سەری و دەیکوژێت... بەچەقۆ دایدەدورێ و دەیکوژێت! بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئۆقرەی نەگرت. هەر ئەو شەوە، کاتێ کە میرزادە چوو بە سەر پیرە هەواڵێکی هیپولیت بپرسێت ،" بێوەژنەکەی کاپتن" کە بۆ هەندێ کاروباران چوو بووە پترسبۆرگ و تازە گەڕابووەوە، پێی ڕاگەیاند کە لە پترسبۆرگ ڕوگوژینی دیتووە و پرسیاری بارودۆخی پاڤلوفسکی کردووە. کاتێ کە میرزادە لە "بێوەژنەکەی کاپتن"ی پرسی بوو چ سەعاتێك ڕوگوژینی دیتووە. سەعاتێکی پێ گوتبوو، ڕێك، ڕێکەوتی ئەو سەعاتە بوو، کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، تەسەوری دەکرد ڕوگوژینی لە ناو باخی ڤێلاکەی خۆیدا دیتبوو. کەواتە گومان لەوەدا نەبوو ئەوەی ناستاسیا بە خەیاڵی خۆی دیتبووی، تەنیا واهیمە بووە، تارمایی بووەو هیچی ترا.. ناستاسیا فیلیپوڤنا بە خۆی چوو بۆلای "بێوەژنەکەی کاپتن" و دوای پرس و جۆیەکی ورد، کۆمەڵێك وەڵامی دڵخۆشکەری وەچنگ کەوت و بەوپەڕی ئاسوودەیی و دڵنیایی گەڕایەوە.

ڕۆژێ بەر لە زەماوەندەکە، میرزادە، ناستاسیا فیلیپوڤنای لەوپەڕی شادی و خۆشحاڵیدا بینی: خەیاتەکەی لە پترسبۆرگەوە جلکی بوکێنی و هەموو تەدارەکیکی دیکەی زەماوەندی، وەکو سەرپۆش و تاراو ئەو شتانەی بۆ فەراهەم کردبوو. میرزادە هەرگیز تەسەوری نەدەکرد، ئەوەندە بەو جلانە دڵی خۆش ببێ، بەڵام میرزادە، ستایشێکی زۆری جلەکانی کردو بەمەش هێندەی دی

دڵی خۆشکرد. بەڵام ناستاسیا فیلیپوڤنا، شتێکی لەدڵدا بوو، هەرچی کرد و کۆشا نە یتوانی دەری نەبڕیّ: بیستبوویەوە گوایە خەڵکی پاڤلوفسك زۆر ناڕازی و تووڕەن و دەیزانی کە جەماعەتێکی سەرسەری و بەرڵلا لێبڕاون بیکەن بە فیك و هۆر، هەراو فەرتەنەو ئاژاوە و بەزم و مۆسیقا و تەنانەت شیعرێکیشیان بەو بۆنەیەوە دانابوو. گوایە خەڵکەکەش، یانی خەڵکی پاڤلوفسك، پشتیوانیان لێدەکەن. هەر لە ڕقی ئەمە لێبڕا بوو کە لە جاران زیاتر پۆز لێبدات و خەڵکەکە بە شکۆ و جەلالی خۆی و سەلیقەی جوان و جل و بەرگی فاخیرەوە تووشی شۆك بکات: "دەیسا، ئەگەر ئازان و دەوێرن با بیکەن بە هاوار و فیکە لێدان!" هەرکە ئەو بیرەی بە مێشکا هات، چاوانی کەوتنە پرشنگ دان. خۆزیایەکی دیکەشی لەدڵا بوو، بەڵام بە دەنگی بەرز و ئاشکرا دەری نەبڕی: پڕ بەدڵ حەزی دەکرد کە ئاگلایا یان بەلای کەمەوە نوێنەرێکی ئەو، لە ئاهەنگەکەدا یان لە کڵێسادا ئامادەبوایە و بە دزییەوە سەیری ئەوی کردبا. لە ناخی خۆیدا خۆی بۆ ئەگەرێکی لەو بابەتە ئامادە دەکرد. کە میرزادە، بە دەم ئەو خەیاڵانەوە بەجێی هێشت، سەعات یازدەی شەو بوو. هێشتا سەعات بە تەواوی نەبوو بوو بە دوازدە، کە لای داریا ئەلکسیڤناوە هەواڵی پێگەیی کە بەپەلە فریا بکەویّ "چونکە دیسان وەزعی تێکچووە"، کە میرزادە ڕۆیی سەیری کرد دەزگیرانەکەی دەرگای توند لەسەر خۆی داخستووە و شێت ئاسا دەگری و بەدەم هەنسك هەڵدانەوە فرمێسك هەڵدەڕێژێت. ماوەیەکی زۆر لەپشت دەرگاکەوە قسەیان دەگەڵ کرد. ئەوجا دەرگاکەی لێکردنەوە، تەنیا ڕێگەی میرزادەی دا کە بچێتە ژوورەوە. پاشان بەپەلە دەرگاکەی داخستەوە و لە بەردەم میرزادەدا کەوتە سەرچۆك.(ئەمە هەندێك بوو لەو دیمەنەی کە داریا ئەلکسیڤنا، توانی بووی بیدینیّ و پاشان گێڕابوویەوە).

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە ترسەوە باوەشی بە ئەژنۆی میرزادەدا دەکردو هاواری دەکرد:

– چی دەکەم؟ ئەمە چیە بە تۆی دەکەم؟

میرزادە، سەعاتێکی تەواو بەدیاریەوە بوو. ئێمە نازانین ئەو دووە لەو ماوەیەدا چیان گوت و چیان نەگوت. بەڵام داریا ئەلکسیڤنا گێڕایەوە کە دوای ئەو سەعاتە بە خۆشی و ئارامی لێکدی جیابوو بوونەوە. میرزادە هەر ئەو شەوە و جارێکی دیکە پەیکێکی نارد بوو بۆ هەواڵی دەزگیرانەکەی و ناستاسیا فیلیپوڤنا نوستبوو. بۆ بەیانی بەر لەوەی لەخەو ڕابیّ، دوو پەیکی دیکە لەلایەن میرزادەوە بۆ ماڵی داریا ئەلکسیڤنا، نێردرا بوون. پەیکی سێیەمیشی بە دووودا نارد بوو، پەیکی سێیەم خەبەر بۆ میرزادە دێنێتەوە کە: "یەك لەشکر لە خەیات و ئارایشگەر لە پتر سبۆرگەوە هاتوون و دەوری ناستاسیا فیلیپوڤنایان داوەو بە خۆیشی وەزعی باشەو بە جۆریّ سەرقاڵی جل و بەرگ و خۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەیە، کە لە هەر ژنیکی شۆخ و شەنگی وەکو ئەو بێت. ئیدی کۆبوونەوەیەکی گەورەی سازداوە و خەریکی تەگبیری ئەوەیە کە چ جۆرە جەواهێر و ئەڵماسێك بە خۆیدا بکات."

میرزادە بە تەواوەتی ئاسودە بوو.

ئـەوەی لێـرە بـەدواوە لەمـەڕ ئـەم زەماوەنـدە دێتـە گێڕانـەوە لەلایـەن کەسـانێکەوە هاتووەتـە گێڕانەوە، کە بە خۆیـان دیمەنەکانیان دیتـووە و لـەوە دەچـێ ئـەوەی گێڕاویانەتـەوە دروست بـێ: قەرار بوو سەعات هەشت ڕێوڕەسم و ئاهەنگەکە دەست پێبکات، ناستاسیا فیلیپۆڤنا، لـە سـەعات حـەوتا ئامادەبوو. لـە سـەعات شەشـەوە خـەڵکی بەرەبـەرە لـە دەوروبـەری مـاڵی لیبـدیف و داریـا ئەلکسیڤنادا کۆبوونـەوە. لـە سـەعات حـەوتا کڵێسـاش پـڕ بـوو لـە خـەڵکی. ڤیرا لیبـدیفاو کولیـا خـەمی دنیایـان لێهـاتبوو، نیگـەرانی میرزادە بـوون. زۆر سـەرقاڵ بـوون، ڕاسـپێردرابوون ڤێلاکـەی میرزادە ڕێك بخەن بۆ پێشوازی میوان و نان و خوان، هەرچەندە قەرار نەبوو کە دوای ڕێوڕەسـم و ئاهەنگی ئاینی لە کڵێسا، ئاهـەنگێکی گـەورە ساز بکرێ و میوانی زۆر بمێننەوە. لیبدیف، جگـە لەوانـەی کـە دەعوەتکردنیـان بـۆ ئاهەنگەکـە پێویسـت بـوو، پتیتسـن و ژنەکـەی، گانیـا و ئـەو دکتۆرەی کە هەڵگری میداڵی سانت حەننەبوو، و داریا ئەلکسیڤنای دەعوەت کردبوو. میرزادە کـە سەری لە دەعوەتکردنی دکتۆری گۆڕین دەرنەدەکرد و هۆی ئەمەی لە لیبـدیف پرسـی، لیبـدیف بـە کـەش و فش و خۆپەسـندیەوە گـوتی: "کەسێکی خـاوەن میداڵـە، کەسێتییەکی بـە ڕێـزە، گـوڵی ئاهەنگەکەیە، ئەدی چۆن!" میرزادە بەو وەڵامە هاتە پێکەنین.

کیللەر و بوردوفسکی هەردوکیان پاڵتۆیان لەبەر کردبوو. زۆریان لێ جوان بـوو. کیللـەر، زۆر بـە ڕقـەوە دەیڕوانیـە ئـەو گەجـەرو گوجەرانـەی لـە دەوروبـەری ماڵەکـە کۆبوونـەوە، نیگـای نـەفرەت و شەڕی لێدەباری، ئەمە جۆرە ترس و نیگەرانیەکی خستبووە دڵی میرزادەو ئەوانەی دەوروبەری. ئـەنجام میرزادە، لـە سـەعات حـەوت و نیـودا بـە سـواری گالیسـکەیەك چـوو بـۆ کڵێسـا. هەڵبەتـە پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە میرزادە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هیچ داب و نەریتێکی بـاو فـەرامۆش نـەکرێت. پێویسـتە هـەموو شـتێك بـە بەرچـاوی خەڵکییـەوەو بـە ئاشـکرا "وەکـو چـۆن باوە" ئاوا ئەنجام بدرێت. میرزادە، بە زەحمـەتێکی زۆر دڕی بە ئاپۆڕاکە دا و بە نێو چپە چـپ و ورتـە ورت و غەڵبـە غـەڵبی خەڵکەکـەدا بـەرەو نـاو کڵێسـاکە ڕۆیـی. کیللـەر لەپێشـەوە دەڕۆیـی، بەتوڕەیی و هەڕەشەوە چاوی بە ڕاست و بە چەپدا دەگێڕا و کە کیللـەر ڕۆیـی تـا بووکـێ بێنـێ، میرزادە بە شێوەیەکی کاتی خۆی دایە پشت هەیکەلەکەو(میحراب،پەرستگە) دیارنـەما. کـە کیللـەر گەییـە بـەر ماڵی داریـا ئەلکسیڤنا، ئاپۆڕایـەکی یـەجگار زۆری بینـی، دوو هێنـدەی ئـەو ئاپۆڕایـەی بەر ماڵی میرزادە دەبوو، سێ ئەوەندەش لەوانەی بەر ماڵی میرزادە، سەرکێشتر و گوسـاختر بـوون. هەرکـە پێـی نایـە سـەر پلیکانـەکان، کەوتنـە تەشـەران و هوراکێشـان، لـەزگ بـوو دەهـەری بـێ و لـە ئاپۆراکە بگەڕێتەوە و ئەوەیان پێبکات کە بەکەس نەکرابێ، بەڵام باش بـوو، بوردوفسـکی و داریـا ئەلکسیڤنا کە بە پیریەوە هاتبوونە سەر قاڵدرمەکان، فریاکەوتن و مەسـەلەکە بـەخێر گـەڕا. بـە دوو قـۆڵی دەسـتیان گـرت و بردیانـە ژوورەوە. کیللـەر تـوڕە بـوو، پەلـەی ڕۆیشـتنی بـوو. ناستاسـیا فیلیپۆڤنا ڕابوو، چووە بەر ئاوێنە، دوا تەمەشای خۆی کرد. وەکو کیللەر پاشان گێڕابوویـەوە. بـە دەم پێکەنینێکـەوە بـەخۆی گوتبـوو "ڕەنگـی مـردووی لێنیشـتووە". ئـەوجا، ملکـەچ و خاکسـار کڕنۆشـی بـۆ ئیکۆنـەی سووچـی ژوورەکـە بـرد، ئەوسـا هاتـە بـەر دەرگـای ماڵەکـە. هەرکـە بـە دیـار

کەوت. غەڵبە غەڵب و هەراو هەنگامە دەستی پێکرد. ئەلهەقی غەڵبە غەڵبەکە لە هەوەڵەوە زیاتر پێکەنین و تەشەر و چەپڵە و فیکەکێشان بوو. بەڵام دوای تۆزێك دەنگی دی بەرز بوونەوە:

–جوان نیە!

– نە یەکەم کەسەو نە دوا کەس دەبێ!

– شووکردن، هەموو شتێك پەردەپۆش دەکات گەوجینە!

هەندێکی دی کە لێوەی نزیکتر بوون، هاواریان کرد:

– جوانی وا لە دنیادا نیە. ئەشەدو جوانە!

فەرمانبەرێکی فەرمانگایان هاواری کرد:

– دۆتمیرە بە شەرت! من ئامادەم گیانی خۆم لەپێناوی دۆتمیرێکی وادا بدەم. ژیانی خۆم بۆ تاقە شەوێکی دەفرۆشم!*

ناستاسیا فیلیپوڤنا کە هاتە دەرەوە، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا بوو، بەڵام چاوانی درشتی، دوو کەڵە پشکۆ بوون و، بە فزوڵیاندا دەچزان. ئاپۆڕاکە، بەرگەی ئەم چاوانەی نەگرت، تورەییەکەیان گۆڕا، بوو بە هورای پێدا هەڵدان. دەرگای گالیسکەکە کرابووەوە، کیللەر دەستی درێژ کرد کە یارمەتی بووکێ بدات تا سواری گالیسکەکە ببێت، بەڵام بووکێ لەپڕ هاوارێکی کرد، یەکڕاست بەرەو ئاپۆڕاکە چوو. ئەوانەی کە دەگەڵ بووکێ دابوون، بەجارێ حەپەسان. خەڵکەکە لە بەردەمیا لاکەوتن. لەپڕ ڕوگوژین، لە پێنج شەش مەتری بەر دەرگاکەدا، پەیدا بوو. بووکێ لە نێو ئەو حەشاماتە زۆرەدا چاوانی ئەوی بەدی کردبوو. وەکو شێت بەرەو ئەو غاری دا، هەردوو دەستی توند گرت و گوتی:

–ڕزگارم بکە! بمبە! بۆ کوێم دەبەی بمبە! خێرا بمبە!..

ڕوگوژین، لەباڵی نەوی و هەر بەڕفاندن ڕفاندی و، یەکسەر گەیاندیە گالیسکەکەی. ڕوگوژین، لەچاو تروکانێکا، ئەسکەناسێکی سەد ڕۆبڵی لە جزدانەکەی دەرهێناو دایە گالیسکە چییەکەو گوتی:

– بۆ وێستگەی قیتار! ئەگەر بەر لە دەرچوونی قیتارەکە بمانگەیەنیتە ئەوێندەر سەد ڕۆبڵی دیکەشت دەدەمێ! بەلەز خۆی هەڵدایە ناو گالیسکەکەو لە تەنیشت ناستاسیا فیلیپوڤناوە دانیشت و، دەرگای گالیسکەکەی داخست. کابرای عارەبانچی، یەکسەر قامچییەکی سرەواندە ئەسپەکان و بەپەلە بۆی دەرچوو.

کیللەر، پاشان کە ڕووداوەکەی گێڕابووەوە، داوای بوردنی کردبوو کە گوایە حەپەساوەو تووشی شۆك بووە، دەنا نەی دەهێشت شتی وا ڕوو بدات. گوتبووی: "ئەگەر یەك ساتی تری بەدەمەوە بوایە، وەخۆ دەهاتمەوە و نەم دەهێشت ئەم شتە ڕوو بدات!" خۆی و بوردوفسکی خەریك بوو، گالیسکەیەك، کە بە ڕێکەوت لەوێندەر وەستابوو، بگرن و بەپەلە دوایان بکەون، بەڵام هەر زوو ژێوان بوونەوە، بەو هەنجەتەی "تازە نایانگەنێ و، ناشکرێ بە تۆبزی بووکێ بگێڕنەوە."

بوردوفسکی کە زۆری لەبەر گران بوو، گوتی:

– ئەمە جگە لەوەی کە میرزادە تازە نایەوێتەوە!

ڕوگوژین و ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە کاتی خۆیدا گەیشتنە وێستگەی قیتار. دوای ئەوەی لە گالیسکەکە دابەزین، لەوکاتەدا کە خەریك بوو سواری قیتارەکە بن. ڕوگوژین بەپەلە، کیژێکی کە بە وێدا ڕەت دەبوو، ڕاگرت. کیژێ سەرپۆشێکی لەسەرو باڵاپۆشێکی ڕەشباوی کۆنی، بەڵام هێشتاش باش و بەکەڵکی لەبەرکردن دەهات، لەبەرا بوو، پەنجا ڕۆبڵی بۆ دەرهێناو گوتی:

– ئەم باڵا پۆشەت نافرۆشی، پەنجا ڕۆبڵت دەدەمێ؟

بەرلەوەی کیژێ وەخۆ بێتەوە و بزانێ مەسەلە چیە، ڕوگوژین پەنجا ڕۆبڵەکەی پەستایە دەستیەوە و سەرپۆش و باڵا پۆشەکەی لەبەر داکەندو دای بەسەر سەرو شانی ناستاسیا فیلیپوڤنادا". چونکە جل و بەرگە ئاڵاو واڵاو فاخیرەکەی ناستاسیا زۆر بەرچاوی و سەرنجڕاکیش بوو، لەگێن بوو، لە وێستگەکە و لە ناو قیتارەکەدا هەندێ سەریەشەیان بۆ دروست بکات. هەنگێ کیژێ تێگەیی کە بۆچی ئەم پیاوە، ئەم جلە کۆنانەی بەو پارە زۆرە لەو کڕیوە.

هەواڵی ئەم ڕووداوە، وەکو بروسکە گەییە کڵێسا. لەوکاتەدا کە کیللەر دڕی بە حەشاماتەکە دەدا تا خۆی بگەیەنێتە میرزادە. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی، کە هیچیانی نەدەناسی، ڕایانگرت تا پرسیاری ڕووداوەکەی لێبکەن. بە دەنگی بەرز قسانیان دەکرد، سەریان دەلەقاندو پێدەکەنین. کەس نەیدەویست لە کڵێساکە بێتەدەرێ. هەموو دەیانویست بزانن، ئاخۆ زاوا چۆن ئەم هەواڵە وەردەگرێت و چ هەڵوێستێکی دەبێت.

میرزادە، خەبەرەکەی لەبەر گران بوو، بەڵام خۆی شپرزە نەکرد، بە دەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی: "من لەم مەسەلەیە دەترسام، بەڵام وێناشم نەدەکرد کە ڕوو بدات..." دوای کەمێك بێدەنگی لەسەری ڕۆیی:"بە هەرحاڵ... ئەمە پڕ بە پێستی ئەم حاڵەی ئێستای بوو.. بۆ ئەم حاڵەی ئێستای زۆر ئاساییەو هیچ جێی سەرسوڕمان نیە.." پاشان کیللەر ئەو هەڵوێست و ئەنجامگیرییەی میرزادەی بە "فەلسەفەیەکی دەگمەن" وەسف کرد.

دەڵێن میرزادە، بەکاوەخۆ، بێئەوەی خۆی شێلو بکات لە کڵێساکە وەدەر کەوتبوو. ئەمە قسەو ڕەئی گەلێك لەو کەسانە بوو کە لەو کاتەدا دیتبوویان. پاشان دەیانگێڕایەوە کە لەوە دەچوو میرزادە حەزبکات بەپەلە بچێتەوە بۆ ماڵ و بەتەنیا دەگەڵ خۆیدا بژی. بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ نەلوا. گەلێك لەو میوانانەی کە دەعوەت کرابوون، لەوانە پتیتسن و گاڤریلا ئاردالیونوفیچ و کابرای دکتۆر کە ئەویش وەکو ئەوانی دی بە نیازی ڕۆیشتن نەبوو، دوای میرزادە کەوتن. ئەمە جگە لەوەی کە دنیایەك خەڵکی سەر سەری و گەجەرو گوجەر دەوری ماڵەکەیان دابوو و لە ئان و ساتا بوو پەلاماری بدەن. میرزادە گوێی لە کیللەو و لیبدیف بوو زۆر بە توندی و توڕەیی قسانیان دەگەڵ چەند کەسێکی بێگانەو نەناسدا دەکرد، کە دەیانویست بە تۆبزی سەربکەون و بێنە بەر هەیوانەکە، بە ڕواڵەت لە کارمەندو فەرمانبەری دەوڵەتی دەچوون. میرزادە چوو بەلایانەوە تا بزانێ مەسەلە چیە، زۆر بە ئەدەب و نەزاکەتەوە لیبدیف و کیللەری لادانە لاوە. ئەوجا بە زمانێکی پڕ لە ڕێزو حورمەت ڕوی کردە یەکێك لەو بێگانانە، کە لەپێش کۆمەڵێکەوە هاتبووە سەر قاڵدرمەکانی بەردەرگا. پیاوێکی تۆکمەی سەرو قژ بۆز بوو، تکای لێکرد تەشریف بێنێتە سەرەوەو گەورەی بکات. کابرا هەڵوەستەیەکی کرد، وەك بڵێی خەجاڵەت بوو، بەڵام دەعوەتەکەی قەبووڵ کرد، لەگەڵ دوانی دیکەدا هاتنە بالکۆنەکە. تێکڕا حەوت هەشت کەسێك لە ئاپۆڕاکە دابڕان و بێ هیچ لە ڕوودامانێك هاتنە سەرەوە. کەسی دیکە چاوی لێنەکردن و بە دوویاندا نەهاتن. ئەوانەی لە دەرەوە بوون، بە ئاشکرا سەرزەنشتی ئەوانەیان دەکرد کە هاتبوونە ژوورەوە.

کورسی بۆ ئەوانەی کە هاتبوونە ژوورەوە دانرا، خوڵکی دانیشتن کران، خێر هاتن کران، گفتوگۆ دەستی پێکرد، چایان درایە. هەر هەموو ئەمەیان بەوپەڕی نەزاکەت و ڕووخۆشیەوە دەگەڵدا کرا. ئەم میوانانی ناوەختە سەریان لەم هەموو عیزەت و حورمەتە سوڕما. هەڵبەتە چەند جارێك هەوڵدرا. تا دەکرێ گفتوگۆ و قسەکان بە هێمنی بەڕێوە بچن و ئاڕاستەیەکی "لەبار" وەربگرن. زۆر پرسیاری ناخۆش و زەق کرا، زۆر سەرنجی حەرامزادانە هاتنە دەربڕین، بەڵام میرزادە، بە وپەڕی ڕووخۆشی و سادەیی وەڵامی هەر هەموو خەڵکەکەی دەدایەوە. دیارە وەڵامەکانی لە هەمان کاتدا هێندە ماقووڵ و قەناعەتبەخشبوون کە خەڵکەکە خۆ بە خۆ دەستبەرداری پرسیارە نەشازو نابەجێیەکانی خۆیان بوون. بەرە بەرە گفتوگۆکان هاتنە سەر باس و خواسی جدی. لەپڕ یەکێك لەو جەماعەتە، یەکێکی زۆر بڵێ، بەو بۆنەیەوە کە باسێك هاتبووە ئاراوە، وەکو فیشەکە شێتە چوو بە ئاسمانا، کەوتە سوێندخواردن کە هەرگیز موڵکەکەی (زەوی) نافرۆشێت، دنیاش خرابێ نایفرۆشێت. چاوەڕوان دەکات، خۆی دەگرێت، چونکە "موڵك لە پارە باشترە، ئەوە ڕێبازو باوەڕی ئابووری منە، ئەگەر نایزانی جەناب." جا چونکە ڕووی دەمی لە میرزادە بوو، میرزادە زۆر بە گەرمی پشتیوانی لەو قسەو بۆچوونانەی کرد، بێئەوەی گوی بە لیبدیف بدات کە بە گوێیدا دەچپاند کە ئەم بەڕێزە چاوە خانوویەکی خۆی نیە، چ جای موڵك و زەوی. بە عەمراتی ڕۆژێ لە ڕۆژان موڵك و زەوی نەبووە.

نزیکەی یەك سەعات بەم شێوەیە تێپەڕی، میوانەکان لە چا خواردنەوە بوونەوە و هەستیان دەکرد کاتی ڕۆیشتن هاتووە. دکتۆرەکەو کابرای سەروقژ بۆز، خواحافیزیەکی گەرمیان لە میرزادە کرد. ئەوانی دیکەش بەگەرمی خاترخوازیان لە میرزادە کردو بە دەم ڕۆیشتنەوە، بەمجۆرە گوتانە دڵخۆشیان دەدایەوە: "گوێ مەدەیە، خێری پێوەبێ، کەس نازانێ خێر لەچیدایە".. هتد. هەندێ لە میوانە گەنجەکان داوای شامپانیایان کرد، بەڵام ئەوانەی لەوان گەورەتر بوون، خێرا پەشیمانیان کردنەوە و ئەوەیان بەکارێکی نابەجێ زانی.

کاتێ هەموو میوانەکان ڕۆیشتن، کیللەر دەمی لەپەنا گوێی لیبدیف ناو گوتی:

– ئەگەر ئێمە بواین، یانی من تۆ، دەمانکرد بە هەراو هەنگامە و جنێودان، دەمانکرد بە شەڕ و فەرتەنە، ئابڕووی خۆمان دەبرد و پۆلیسمان دێنایە سەر خۆمان. کەچی ئەو بە پێچەوانەوە کۆمەڵێك دۆستی تازەی بۆ خۆی پەیدا کرد، جا دۆست نە گاڵتە! من دەیانناسم!"

لیبدیف، کە تازە خەیاڵ بوو بوو، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

–"تۆ ئەوەی لە زانایان و دانایانت وەشاردووە، لە منداڵانت عەیان کردووە، بەڵێ ئەی باب، چونکە ئیرادەی تۆ وابووە." (بڕوانە ئینجیلی لۆقا ، بابی دەیەم). من زۆر دەمێکە هەستم کردووە کە ئەو قەولە ڕێك پڕ بە پێستی ئەوە، جا ئێستا دووپاتی دەکەمەوە کە خواو هەموو ئەولیای پیرۆز ئەمجارە ئەم منداڵەیان پاراست و لەم قۆرتە بێ بنەیان ڕزگار کرد.

دەوروبەری سەعات دەو نیو بوو، دەوری میرزادەیان چۆڵ کرد. سەری دەیەشا. کۆلیا لە دوای هەمووان ڕۆیی. دوای ئەوەی یارمەتی میرزادەی دا کە جلەکانی داکەنێ، جلی زاوایەتی. بە گەرمی خاترخوازیان لێکدی کرد. تۆ بەخێرو من بە سەلامەت، لێکدی جیابوونەوە. کولیا هیچ باسێکی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی نەکرد بوو، بەڵام بەڵێنی دابووە میرزادە کە سارەزی سەری بدات. پاشان کولیا گێڕایەوە کە میرزادە هیچ ئاماژەیەکی نەکردبوو کە ئەمە دوا دیداریان دەبیت. ئیدی لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ماڵە تەواوچۆڵ بوو، کەسی لێنەما، بوردوفسکی چوو بۆ لای هیپولیت، کیللەر و لیبدیف کەس نەیدەزانی کێوە چوو بوون. کەس لە ماڵەوە نەمابوو تەنیا ڤیرا لیبدیفا نەبێت، پاش پاك کردنەوەو ڕێکخستنەوەی ماڵەکەو، لە کاتی ڕۆیشتندا چوو بوو بزانێ میرزادە چ دەکات، سەیری کردبوو، هەردوو ئانیشکی لە سەر مێزەکەی داداوەو سەری لە نێو هەردوو دەستی ناوە. ڤیرا بە ئەسپایی لێی چوو بووە پێشێ، دەستی خستبووە سەر شانی. میرزادە چاوانی هەڵدەبڕێ، سەرسام و حایر چاوی تێدەبڕێ، دوای نزیکەی دە دەقیقەیەك ئەوجا وەخۆ هاتبووەوە و هەموو شتێکی وەبیر هاتبووەوە، هەنگێ پەشێوو پەرێشان تکای لە ڤیرا کرد بوو کە بەیانی سەعات حەوت بێ لە دەرگای ژوورەکەی بدات و خەبەری بکاتەوە، بەڵکو فریای یەکەمین قیتاری پترسبۆرگ بکەوێ. ڤیرا قەولی دەداتێ کە خەبەری بکاتەوە. پاشان میرزادە سوێندی دەدات کە ئەم شتە بە کەس نەڵێت. بەڵێنی ئەوەشی دەداتێ. ئەنجام کاتێ کە ڤیرا

دەرگای کردەوە تا بڕوات، میرزادە بۆ جاری سێیەم ڕایگرت، دەستەکانی خستنە نێو دەستی خۆی، هەوەڵجار دەستی و پاشان نێوچەوانی ماچ کرد، بە دەنگێکی غەریب پێی گوت: "تا سبەی!" ئەمە ئەوەبوو کە ڤیرا بە خۆی گێڕابوویەوە. کیژێ بە خەمینی لەلای ئەو وەدەردەکەوێ، زۆری خەفەت بۆ دەخوات. بەڵام بەیانی هێور دەبێتەوە، لەسەر وەعدەکەی خۆیان سەعات حەوت لە دەرگاکەی دەدات و دەڵێت کە قیتاری پترسبۆرگ نزیکەی چارەکێکی دی دەردەچێ، کاتێ میرزادە دەرگاکەی کردەوە، ڤیرا هەستی کرد حاڵی میرزادە باشەو تەنانەت پێدەکەنێ. شەوێ جلەکانی دانە کەندبوو، بەڵام هەر بە جلەکانیەوە بڕێك خەوتبوو.

گوتی ڕەنگە بۆ ئێوارێ بگەڕێتەوە. بە گوێرەی هەموو قەرینەو نیشانەکان وادیارە ڤیرا تاوە کەسیك بووە کە میرزادە بە پێویستی زانیبێ، لە سەفەرەکەی خۆی بۆ پترسبۆرگ، ئاگاداری بکات .

پەراوێز:

* – "... ژیانی خۆم بۆ تاقە شەوێکی دەفرۆشم": دێڕە شیعرێکی پوشکینە (شەوانی میسر).

فەسڵی یازدەیەم

میرزادە، دوای سەعاتێك گەییە پترسبۆرگ، لە نێوان سەعات نۆو دەدا، لە زەنگی دەرگای ماڵی ڕوگوژینی دا. لە دەرگای حەوشە وەژوورکەوت، ماوەیەکی زۆری پێچوو، کەس دەرگای لێنەکردەوە. ئەنجام دەرگای ماڵی پیرەژنەکەی دایکی ڕوگوژین درزی تێکەوت. کارەکەرێکی پیری پۆشتەو پەرداخ و، جل و بەرگ خاوێن، پەیدا بوو، هەر لە بەردەگاکەوە و بێئەوەی بە تەواوەتی بیکاتەوە، گوتی:

– پارفیون سیمیونوفیچ لەماڵ نیە، تۆ کێت دەوێ؟

– پارفیون سیمیونوفیچ.

– لە ماڵ نیە.

کارەکەرەکە زۆر بە کونجکاوی لە میرزادەی ڕوانی.

– باشە دەکرێ بزانم دوێشەو لەماڵ بوو یان نا؟ دوێنێ بە تەنیا، هەر خۆی بۆ ماڵ گەڕایەوە؟

کارەکەرەکە، بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، هەر بەو دەقەوە بە واقی وڕەوە تەمەشای دەکرد.

– دوێنێ... دوێنێ ئێوارە ناستاسیا فیلیپوڤنای لەگەڵ نەبوو؟

– تکایە جارێ پێم بڵێ تۆ کێی؟

– من میرزادە لیون نیکولایوفیچ مشکینم. پارفیون دەناسم و دەمناسێت.

– لە ماڵ نیە.

پیرەژن بە دەم ئەو قسەیەوە چاوانی داخست.

– ئەدی ناستاسیا فیلیپوڤنا؟

– نازانم. هیچ شتێك لەمبارەیەوە نازانم.

– دەقیقەیەك، ڕوگوژین کەی دەگەڕێتەوە؟

– ئەمەش نازانم.

دەرگا داخرا. میرزادە لێبڕا دوای سەعاتێکی دی بگەڕێتەوە. چاوێکی بە حەوشەکەدا گێڕا. نیگای لە نیگای دەرگاوانەکە هەڵەنگوت.

– ئەریٚ پارفیون سیمیونوفیچ لەماڵە؟

– بەڵیٚ، لە ماڵە.

– ئەدی بۆ تۆزیٚ لەمەپێش پێیان گوتم لە ماڵ نیە؟

– لە ڤێلاکەی خۆیا وایان پێگوتی؟

– نە، کارەکەرەکەی دایکی گوتی. بەڵام کە لە دەرگای ماڵەکەی پارفیون سیمیونوفیچم دا، کەس دەرگای نەکردەوە.

دەرگاوانەکە گوتی:

– ڕەنگە چووبێتە دەرەوە. کە دەچێتە دەرەوە بە کەس ناڵیٚ. تەنانەت هەندێجار کلیلی ماڵەکەش دەبات، و سیٚ دانە ڕۆژی پێدەچیٚ.

– تۆ دڵنیای دوێنیٚ لە ماڵ بووە؟

– بەڵیٚ، لە ماڵ بوو. هەندێجار لە دەرگای پێشەوە و بە قاڵدرمە گەورەکەدا سەردەکەویٚ و نای بینم.

– باشە دوێنیٚ ناستاسیا فیلیپوڤنای لە گەڵدا بوو؟

– نازانم. بە دەگمەن بۆ ئێرە دێت. ئەگەر هاتبا لەوە بوو بیدینین.

میرزادە ڕۆیی، مودەتێك، هایم و حەیران بە شۆستەکەی بەر ماڵەکەیاندا پیاسەی کرد. هەموو پەنجەرەکانی ڤێلاکەی ڕوگوژین داخرابوون. کەچی هەموو پەنجەرەکانی شوقەکەی دایکی کرابوونەوە. ڕۆژێکی هەتاوی گەرم بوو. میرزادە پەڕییەوە بۆ سەر شۆستەکەی بەرانبەر ماڵەکە، تا جارێکی دی، لەوێندەرەوە تەمەشای پەنجەرەکان بکات، نەك خڕ داخرابوون، بەڵکو پەردە سپییەکانی پشت پەنجەرەکانیش دادرابوونەوە.

میرزادە، نزیکەی دەقیقەیەك لەویٚ وەستا. شتێکی سەیر: لە پڕ وای هاتە بەرچاو کە سووچێکی پاینی یەکێك لە پەردەکان هەڵدرایەوە، دەموچاوی ڕوگوژین دەرکەوت و پاشان ون بوو. میرزادە کەمێك چاوەڕوانی کرد، خەریك بوو بڕوات و دووبارە لە زەنگی دەرگا بداتەوە، بەڵام ڕەئی گۆڕی و بڕیاری دا دوای سەعاتێکی دی بگەڕێتەوە " کیٚ دەزانیٚ؟ ڕەنگە من وام وێنا کردبیٚ...؟"

بەلای میرزادەوە، چار هەر ئەوە بوو بەپەلە خۆی بگەیەنێتە گەڕەکی ئیسماعیلوفسکی، دوا نشیمەنی ناستاسیا فیلیپوڤنا. میرزادە دەیزانی، کاتێ ناستاسیا فیلیپوڤنا، سێ هەفتە لەوەپێش پاڤلوفسکی بەجێ هێشتبوو، هاتبوو بۆ ئەم گەڕەکە و چوو بووە ماڵی یەکێك لە دەستە خوشکە نزیکەکانی خۆی، ماڵی بێوە ژنی مامۆستایەکی قوتابخانە، کە ئافرەتێکی بەڕێز و بە حورمەت بوو، لە شوقەکەیا ژووری موبیلەمانی هەبوو و بە کرێی دەدان، سەرچاوەی سەرەکی بـژێوی و ژیـان و گـوزەرانی ئـەو ئـەم کرێیانـە بـوو. بۆیـە ڕێـی تێدەچـوو، کـاتێ کـە ناستاسـیا فیلیپوڤنا بۆ پاڤلوڤسك گەڕابووەوە، ئەو ماڵەی چۆڵ نەکردبێ. هەروەها لەگین بوو ڕوگـوژین، دوێشەو ناستاسیای بۆ ئەوێندەر بردبێ. میرزادە، گالیسکەیەکی بەکرێ گرت. بە دەم ڕێگاوە بە خۆی دەگوت دەبوایە لەوێوە دەست بەکاربێ. چونکە نە دەچووە ئەقڵەوە ناستاسیا فیلیپوڤنا، یەکسەرو لە شەوی یەکەما بۆ ماڵەکەی ڕوگوژین بچێ. قسەکەی کابرای دەرگاوانی بیرکەوتەوە کە ناستاسیا فیلیپوڤنا بە دەگمەن بۆ ئەوێندەر دەچێ. جا ئەگەر لە کاتی ئاساییدا وابووبێ، چۆن ڕێی تێدەچێ، ئەمجارەیان لای ڕوگوژین، لە ماڵی ڕوگوژین لایدابێ و مابێتەوە؟ میرزادە، کە بەو لێکدانەوە و خەیاڵانە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە و ورەی خۆی بەرز دەکردەوە، هیلاك و نیمچە مردوو گەییە گەڕەکی ئیسماعیلوفسکی.

کە گەییە ئەوێ، سەیر لەوەدا بوو کە بێوەژنی مامۆستایەکە هیچ هەواڵێکی نە ئەمڕۆ، نە دوێنێی ناستاسیا فیلیپوڤنای پێ نەبوو. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو: هەر هەموو خێزانەکە تێکڕا هاتنە تەماشای میرزادە وەکو ئەوەی تاپۆیەکی سەیرو عەجیب بێ، هەموو منداڵەکان، کە تێکڕا کیژ بوون، تەمەنیان لە نێوان حەوت ساڵ و پازدە ساڵدا بوو، شیر بە شیر لە دایك بوو بوون، یانی یەکی یەك ساڵیان بەین بوو. هەموویان بە دووی دایکیانا هاتبوون، دەوری میرزادەیان دابوو و بەزاری بەشەوە تەماشایان دەکرد. دوای ئەوان پورە لاوازە ڕەنگزەردەکەیان هات، کە سەرپۆشێکی ڕەشی بەسەریا دابوو، ئەوسا نەنکیان هات، ئەمە پیرەژنێکی زورهانی عەینەك لەچاو بوو.

بێوەژنی گۆرین، زۆر بە ویقارەوە خولکی میرزادەی کرد کە بچێتە ژوورەوە و دانیشێ. میرزادەش قەبووڵی کرد. میرزادە هەر زوو بۆی دەرکەوت کە گشتیان ئەو زۆر باش دەناسن و ئاگایان لەو زەماوەندە هەیە کە دەبوایە دوێنێ ئەنجام بدرێ. هەستی کرد، تینوو تامەزرۆی ئەوەن هەواڵی ئەو زەماوەندەی لێبپرسن، پرسیاری ئەوەی لێبکەن، خێرە کە هاتووە تاقیبی ژنێك لەوان دەکات، کە بە هەموو حاڵ و حیسابێك، دەبوایە ئێستا دەگەڵ ئەما لە پاڤلوڤسك بێ. بەڵام لە بەر بە ئەدەبی و بەڕێزی خۆیان پرکێشی ئەو پرسیارەیان نەدەکرد.

ئیدی میرزادە، بۆ ئەوەی بە مەراقی سەربوری زەماوەندەکەوە نەمێننەوە، بە چەند وشەیەکی کەم و بە کورتی هەندێ شتی لەو بارەیەوە بۆ گێڕانەوە. بەڵام کە بینی هەر هەموویان، حەپەساون و سەریان لەم شتە سوڕماوە و پێیان ناخۆشە، ناچار بوو بە شێوەیەکی گشتی

شتەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. ئەنجام ئەم کۆمەڵە خانمە بە ڕێز و ئاقڵانە، پێشنیازیان کرد، کە هەرچۆنێ بووە، بە لەز بچێتەوە بۆ ماڵی ڕوگوژین، لە دەرگا بدات و واز نە هێنێ تا لێی دەکەنەوە و هەموو شتێك لە ڕوگوژین خۆیەوە دەزانێ. ئەگەر ڕوگوژین لە ماڵ نەبوو (کە دەبێ بە تەواوەتی تاکید لەمە بکات) یان نەیویست قسە بکات، هەنگێ دەبێ بڕوات بۆ گەڕەکی سیمیونوفسکی، لەوێ بچێ بۆ لای خانمێکی ئەڵمانی کە دەگەڵ دایکیا لەو گەڕەکە دەژی، ئەو خانمە لە دۆستانی ناستاسیا فیلیپوڤنایە، ئیدی دوور نیە ناستاسیا، کە لە بارێکی دەروونی ناخۆشایە و دەیەوێ خۆی لە خەڵکی وەشێرێ، هەڵاتبێ و چووبێ بۆلای ئەو دوو خانمە.

میرزادە کە هەستا، زۆر بێتاقەت دیار بوو، لە گیانی خۆی بێزار بوو، وەکو ئەو دوو خانمە پاشان گێڕابوویانەوە "ڕەنگی بوو بوو بە جاوی سپی". لاقی لە دووی نەدەچوو. میرزادە ئەنجام بە قسەکانیانا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەمانە گەرەکیانە یارمەتی بدەن و تاقیبی ناستاسیای بۆ بکەن، دەیانەوێ ئەدرەسی ئەم لە شاردا بزانن، تا ئەگەر سۆراخێکیان دەست کەوت، ئاگاداری بکەن، پێشنیازیان کرد کە ئەگەر هیچ شوێنێك لە شارا شك نابات، لە ئوتێلیکدا ژوورێك بەکرێ بگرێ. میرزادە تۆزێك بیری کردەوە، هەنگێ ئەدرەسی ئەو ئوتێلەی دانێ کە ماوەیەك لەوەپێش لیی دابەزی بوو و لەوێ فێیەکەی بۆ هاتبوو. هەنگێ بەرەو ماڵی ڕوگوژین وەرێکەوت. ئەمجارەش نە دەرگاکەی دیوی لای ڕوگوژین و نە دەرگای دیوی لای دایکی ڕوگوژینی لێنەکرایەوە. میرزادە بە ناو حەوشە کەوت، کەوتە تاقیبی دەرگاوانەکە، دوای زەحمەتێکی زۆر دۆزییەوە. کابرا مژولی کاری خۆی بوو، بە حاڵ وەڵامی پرسیارەکانی میرزادەی دەداوە، مەگەر بە دەگمەن، دەنا هەر سەیریشی نەدەکرد، بەڵام بەجدی تێی گەیاند کە پارفیون سیمیونوفیچ "بەیانی زوو چووە بۆ پاڤلوفسك و مەعلوم نیە ئەمڕۆ بگەڕێتەوە."

میرزادە گوتی:

– چاوەڕوانی دەکەم. بڵێی بۆ ئێوارە بگەڕێتەوە؟

– کێ دەزانێ، لەوەیە تا هەفتەیەکی دی نەگەڕێتەوە؟

– یانی بەم پێیە دوێشەو لێرە بووە، وانیە؟

– بەڵێ... بەڵام!..

ئەم قسانە جێی باوەڕ نەبوون. زۆر نزیك بوو کە ئەم دەرگاوانە فەرمانی تازەی وەرگرتبێ. جاران زۆر سوێرە قسە بوو، کەچی ئێستا، بە کێردیش زاری لێك هەڵنەدەپچڕا، ڕووی لە میرزادە وەردەگێڕا. وێڕای ئەوەش میرزادە لێبڕا دوای دوو سەعاتی دی، جارێکی دی بێتەوە و ئەگەر پێویست بکات چاودێری ماڵەکەش بکات. بەڵام ئێستا دەبوو بڕوات بۆ لای ژنە ئەڵمانیەکە، ئێ

بـەڵکو خـوا بەختـەکی هـەواڵێکی ناستاسـیا بزانـێ. بەپەلـە بـەرەو گـەڕەکی سیمیونوفسـکی وەڕێکەوت.

بەڵام لەوێ نەیتوانی ژنە ئەڵمانیەکە حاڵی بکات کەچی دەوێ. لە هەندێ قسەی لامسەرلایی ژنە ئەڵمانیەکەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە گوایە بەر لە پازدە ڕۆژێك دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا لێیان بووە بە دەمەقاڵێ و لەوساوە ئیدی ئاگای لێی نیە و بڕیاری داوە بە هیچ جۆرێ خۆی تێنەگەیەنێ "خوای دەکرد شووی بە هەموو میرزادانی دنیا دەکرد."

میرزادە، بەلەز خاترخوازی لێکرد. لەپڕ ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە لەگینە ناستاسیا فیلیپوڤنا چوو بێت بۆ مۆسکۆ، چونکە جارێکی دیکەش، وای کرد بوو. هەڵبەتە لەم حاڵەدا ڕوگوژین، ئەگەر لە گەڵیشی نەچووبێ، دوای کەوتووە، دوور نیە لەوێ بە یەکەوە بن. لەدڵی خۆیدا گوتی: "خۆزیا بەلای کەمەوە شوێن پێیەکی دەدۆزییەوە..."

لەپڕ بیری کەوتەوە، کە دەبێ لە ئوتێلێکدا ژوورێ بەکرێ بگرێ. بەلەز بەرەو شەقامی لیتانیایا وەڕێکەوت. لەوێ یەکسەر ژوورێکی گرت. کە بۆیەکە، لێی پرسی خواردنی دەوێ یان نا، بە حەواس پەرتی وەڵامی دایەوە "بەڵێ" بەڵام هەرکە وەخۆ هاتەوە، بە توڕەیی کەوتە گلەیی لە خۆی کە بۆچی داوای خواردنی کردووە، چونکە ئەم خواردنە بەلای کەمەوە بە خۆڕایی نیو سەعاتی دوادەخست، دوایی بیری کەوتەوە خۆ کەس زۆری لێنەکردووە کە هەر دەبێ ئەم نانە بخوات. لەو ڕاڕەوە تەنگ و تاریکەدا هەستێکی غەریب و سەیر دایگرت، هەستێك کە لە ژان و ژاری ئەوەدا بوو ببێ بە بیرۆکەیەك. بەڵام میرزادە نەیدەتوانی تەسەوری ئەوە بکات کە ئەم بیرۆکەیە چۆن دەبێت و چۆن دەکەوێتەوە. بەوپەڕی نیگەرانی و پەرێشانی لە ئوتێلەکە وەدەرکەوت. سەری گێژی دەخوارد. تیامابوو کە کێوە بچێت؟ دیسان بە هەشتاو بەرەو ماڵی ڕوگوژین وەڕێکەوت. ڕوگوژین، نەگەڕابووەوە. میرزادە، ماوەیەکی زۆر زەنگی لێدا، کەس بەدەنگیەوە نەهات. ئەوسا لە زەنگی دەرگای ماڵی دایکی ڕوگوژینی دا. دەرگا کرایەوە. گوتیان پارفیون سیمیونوفیچ لە ماڵ نیە و لەگینە تا چەند ڕۆژی دی نەیەتەوە. میرزادە زۆر ناڕەحەت بوو، کارەکەرەکە بە گومانەوە سەیری دەکرد. ئەمجارەیان دەرگاوانەکە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو، هەرچی کردو کۆشا نەیتوانی بیدۆزێتەوە.

میرزادە، ئەمجارەش، وەکو جاری پێشوو پەڕییەوە بۆ شۆستەکەی ئەوبەر، مودەتێك چاوی بڕییە پەنجەرەکان، دوایی بەو قرچەی گەرمایە، نزیکەی نیو دانە سەعات و بگرە پتریش بەو سەر شۆستەیەدا هاتووەو چووە. ئەمجارە نە پەنجەرەکان کرانەوە و نە پەردە سپیەکان جوڵانەوە. ئیدی میرزادە گەییە قەناعەتی تەواو، جارەکەی دیکەیش چاوی ڕێشکە و پێشکەی کردووە. چونکە دیار بوو پەنجەرەکان لە مێژ بوو پاك نەکراونەتەوە و ئەوەندە تەڵخ و تۆزاوی بوون، ئەگەر کەسێکیش لەو دیویانەوە بوەستابا نەدەبینرا. ئیدی دڵنیا بوو کەس لە ماڵ نیە. یەکسەر بەرەو گەڕەکی ئیسماعیلوفسکی بۆ ماڵی بێوەژنەکەی مامۆستایەکە، وەڕێکەوت. لەوێ چاوەڕوانی

بوون، ئەم بێوەژنـە سـەری بـە سـێ چوار شوێنا کرد بوو، تەنانـەت بۆ ماڵی "ڕوگـوژین"ش ڕۆیـی بـوو، بـەڵام هـیچ سەروسـۆراخێکی دەست نـە کـەوتبوو. میرزادە لەبـەر دەرگـا گـوێی لـە قسـەکانی گرت، ئەوسا وەژوورکەوت، لەسەر تەختێك دانیشت. ئەوسا بەواقی وڕەوە، وەکو یـەکێك تێنـەگات باسی چی بۆ دەکرێ، کەوتە نۆڕینی چواردەوری خۆی. شتێکی سـەیر بوو: جارێ زەیـنی تـەواو دەمـەزەرد دەبـووەوە و جـارێ بـە جـۆرێ پەرێشـان دەبـوو و خـاو دەبـووەوە کـە خۆیشـی بـاوەڕی نەدەکرد. پاشان خەڵکی ماڵەکە گێڕابوویانەوە کە میرزادە ئەو ڕۆژە "زۆر سـەیر و غـەریب بـووە". ئەنجام هەستا ، داوای کرد ئەو ژوورانەی پێ نیشانبدەن کە ناستاسیا فیلیپوڤنا کاتی خۆی لێـی بـەکرێ گرتبـوون. شـوێنەکەی ناستاسـیا دوو ژووری بـەرزو ڕونـاك و هـەتاوگیر بـوو، زۆر جـوان موبیلـەمان کـرا بـوون، بـە ئاشـکرا دیـار بـوو کـە کرێیـان گـران بـووە. خـانمی ئـەم ماڵـە پاشـان گێڕابوویانەوە کە میرزادە تەمەشای هەموو کەل و پەلـەکانی نـاو شـووقەکەی کردووە. کە لـە سـەر مێزێکی چکۆلە چاوی بە ڕۆمانێکی فەرەنسی، ڕۆمـانی " مـەدام بوڤـاری" کـەوتبوو، کە ناستاسیا فیلیپوڤنـا لـە کتێبخانەیـەك بە ئەمانـەت هێنـابووی، وبـەکراوەیی لەسـەر مێزەکـە بـوو، سووچێکی لاپـەڕە کراوەکـەی نوشـتاندەوە، مۆڵـەتی لێخواسـتن کـە ببیـات، هەرچـەند گوتیـان ئەمانەتیـە ،لـە کتێبخانـە هێنـراوە، فایـدەی نـەبوو، هـەڵیگرت و نایـە گیرفـانی. لـە قـەراخ پەنجەرەیـەکی کـراوەدا دانیشت. کە لەسەر مێزێکی یاریکردن، چەند ژمارەو هێڵێکـی بینی کە بە دەباشیر نوسـرا بوون، پرسـی کـێ لەسـەر ئـەم مێـزە یـاری کـردووە، وەڵامیـان دایـەوە کـە ناستاسـیا فیلیپوڤنـا، هـەموو شەوێك لێرە دەگەڵ ڕوگوژیندا جۆرەها یاری وەرەقی دەکرد. هەر جارەی جۆرە یاریـەکیان دەکـرد. زیـاتر لـەم دواییانـەدا خوویـان دابـووە ئـەم وەرەقبازیـە، لەوسـاوە کـە ناستاسـیا فیلیپوڤنـا، لـە پاڤلوڤسك گـەڕابووەوە تـا لـە پترسبۆرگ ئاکنجی بێ و بژی. ناستاسیا فیلیپوڤنا گلـەیی ئـەوەی دەکرد کە شەوان بێکارە و "ڕوگوژین"ش تا حەوت نیوەشەو قڕو قـەپ دادەنیشێت و متـەقی لێـوە نایەت و، ناتوانێ باسی هـیچ مـەوزوعێك بکـات و سـەرگەرمی بکـات. ناستاسـیا فیلیپوڤنا زۆرجـار دەگریـا. ڕوگـوژین بـۆ سـبەینێ کـە هـات لـەپڕ دەسـتەیەك وەرەقـی لـە گیرفـانی دەرهێنـا. ناستاسـیا فیلیپوڤنا، زۆری پێخۆش بوو، لە کەیفان دەستی بە پێکەنین کرد، ئیدی بە دووقـۆڵی دەسـتیان بـە گەمـە کـرد. مـیرزادە پرسـی وەرەقـەکان کـوان، خانمـەکان چـەند گـەڕان وەرەقـەکانیان نەدۆزییـەوە چـونکە ڕوگـوژین هـەموو ڕۆژێ وەرەقـە کۆنـەکانی دەبـرد و بـۆ ڕۆژی دوایـی دەسـتەیەك وەرەقـی تازەی دەگەڵ خۆیدا دێنا.

خانمەکان، میرزادەیان هاندا کە جارێکی دیکەش بچێتەوە بۆ ماڵی ڕوگوژین و توندتر لـە دەرگـا بـدات، بـەڵام نـەك ئێسـتا، بـەڵکو "سـەری شـەوێ بەشـکو خوابەختـەکی لـەماڵ بـی." بێوەژنەکـە بـە میرزادەی گوت ئامادەیە سبەی بە ڕۆژەوە بچێ بۆ پاڤلوفسك و لەوێنـدەر داریـا ئەلکسـیڤنا بـدینێ، بەڵکو ئەمە خوایە سۆراخێکیان دەست بکەوێ. ئیدی پێشنیازیان کرد کە میرزادە سـەعات دەی شەوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵی ئەوان تا نەخشەیەك بۆ سبەینێ دابنەن. سەرباری ئـەم هـەموو دڵدانـەوە و پشـتیوانیە گەرمـەی لـە مـیرزادە دەکـرا. نائومێدیـەکی تـەواو بـاڵی بـە سـەر دڵ و دەرونیـا کیشـا

بوو. لۆژ لۆژ، بەوپەڕی خەم و پەژارەوە، بەپێیان بە ناو شەقامە تۆزاوی و گەرمەکانی پترسبۆرگا بەرەو هوتێلەکەی پەل بووەوە. بە دەم ڕێوە شانی بەر شانی مەست و سەرخۆش و سەرگەردانان دەکەوت. لێیان ورد دەبووەوە، تەمەشای دەکردن، بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ، ڕەنگە لە بەرئەوە بووبێ، کە زۆری ڕێکردبێ، ماندوو بووبێ .دەمەو ئێواریێ کە گەییە ژوورەکەی خۆی لێبڕا پشوویەکی کەم بدات و ئەوسا بچێ بۆ ماڵی ڕوگوژین. لە سەر کورسیەك دانیشت، هەردوو ئانیشکی دادانە سەر مێزێك و لە فکران ڕاچوو.

مەگەر خوا بزانێ چەند بەو دەقەوە مایەوە و بیری لەچی دەکردەوە. لە زۆر شتان دەترسا، بە خۆی هەستی بە زیاد بونی ئەم ترس و نیگەرانیە دەکرد، بە داخەوە دەتلایەوە. ڤیرا لیبدیفای بیرکەوتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی بڵێی لیبدیف شتێك لەمبارەیەوە نەزانێ. خۆ ئەگەر نەشزانێ، لە من زوو ترو ئاسانتر، سۆراخی دەست دەکەوێ. ئەوجا هیپولیتی بیرکەوتەوە، بیری کەوتەوە کە لیبدیف سەری دەدا. ئەنجام ڕوگوژینی بیرکەوتەوە کە چۆن لەو دواییانەدا بینی بووی: جارێك لە تازیەو جارێك لە باخی گشتیدا، جارێکیش لە ژوورەکەی خۆیدا بینی بووی، کە لەم ڕاڕەوە تاریکەدا، بە چەقۆیەکەوە خۆی لێ مەڵاس دابوو. چاوەکانی بیرکەوتنەوە، کە لە جەرگەی تاریکی یەکەوە تەمەشای ئەوی دەکرد. تەزوویەك بە سەراپایدا هات. ئەو بیرۆکەیەی تۆزێ لەوەپێش لە زەین و مێشکیدا گێژی دەخوارد، لەپڕ لە بەرچاویا بەرجەستە بوو، قاڵبی خۆی وەرگرت...بیرۆکەکەش تەقریبەن بەمجۆرە بوو: ئەگەر ڕوگوژین، لە پترسبۆرگ بێ، چەندیش خۆی بشارێتەوە، درەنگ یان زوو هەر تاقیبی ئەم، میرزادە، دەکات و چ بە نیاز پاکی و چ بەد نیازی بێ، بەخۆی دێت بۆلای، وەکو چۆن جاری هەوەڵ هاتبوو بۆلای. جا ئەگەر ڕوگوژین، بە هەر مەبەستێك تاقیبی ئەم، میرزادە بکات، هەڵبەتە لەم ئوتێلەدا، لە هەمان ڕاڕەودا بۆی دەگەڕێ. "چونکە ئەو ڕەسمی من نازانێ، وا وێنا دەکات وەکو جارەکەی دی لە هەمان ئوتێل لام داوە. ئیدی ئەگەر پێویستی بە دیتنی من بێ لێرەدا بۆم دەگەڕێ. ئیدی کێش دەڵێ وادەبێ؟ لەوەیە زەرورەتی ئەم دیدارە ناچاری بکات.."

میرزادە بەو جۆرە بیری دەکردەوە و، ئەگەری ئەم بیرکردنەوەیەشی بەدوور نەدەزانی. خۆ ئەگەر داوات لێکردبا هۆی ئەمەت بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆچی پێی وایە ڕوگوژین لەپڕێکا هەست بە زەرورەتی دیتنی ئەم، میرزادە، دەکات، یان بۆچی ئەگەری ئەوە دانانێ کە مەحاڵە ئەو دووانە جارێکی دی یەکدی ببینن. هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو. بەڵام بیرۆکەکە خۆی لە خۆیدا بە سوێ بوو، ئازاری دەدا. میرزادە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەگەر دڵی خۆش بێ و وەزعەکەی بەدڵ بێ نایەت. ئەگەر وەزعی خراپ بێ دێت، کە بێگومان وەزعی خراپە و ئاسودە نیە...".

هەڵبەتە کە ئەوە قەناعەتی بوو، دەبوایە لە ئوتێل لە ژوورەکەی خۆی وەمێنێ و چاوەڕوانی هاتنی ڕوگوژین بکات. بەڵام وادیار بوو، نەیدەتوانی تەحەمولی ئەم بیرە تازەیەی خۆی بکات، بۆیە دەستی دایە کڵاوەکەی هەستاو بە هەشتاو وەدەرکەوت. ڕاڕەوەکە تەواو تاریك بوو. کە

میرزادە گەییە نزیکی ئەو شوێنە شوومەی کە جارەکەی دی، روگوژینی بە چەقۆی ڕووتەوە، لێ بینی بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "چۆنە لە ناکاوا، لەو سووچەوە بێتە دەرێ و لە سەر قالدرمەکان تووشی یەکتر ببین؟" بەڵام کەس دەرنەکەوت. لە دەرگا چووە دەرێ، گەییە سەر جادەکە، خۆر لە ئاوابوونا بوو، جادەوبان زۆر قەرەباڵغ بوو، لە خەڵکیا جمەی دەهات (ئەمە دیمەنی باوی ئێوارانی هاوینی گەرمی پترسبۆرگ بوو) ئیدی بەرەو شەقامی گوروخوفایا بە ڕێکەوت. نزیکەی پەنجا شەقاوێك لە ئوتێلەکە دوور کەوتبووەوە، لە یەکەمین دوو ڕیاندا، لەناو قەرەباڵغی یەکەدا. هەستی کرد یەکێك قۆڵی گرت، گوێی لە دەنگێك بوو کە بە گوێیا چپاند:

– لیون نیکولایوفیچ، وەرە برا، وەرە دەگەڵم، خێراکە دەگەڵم بێ.

ڕوگوژین بوو.

شتێکی سەیر بوو: میرزادە یەکسەر، بە خۆشی و شادیەوە، بە پەلەو تامەزرۆییەکەوە، کە زۆرجار بە تەواوەتی دانی بە وشەکانا نەدەنا، کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن چاوەڕوانی ئەوە بووە لە ڕاڕەوی ئوتێلەکەدا بیدینێ.

ڕوگوژین خێرا گوتی:

– خۆ لەوێ بووم وەرە با بڕۆین!

میرزادە، سەری لەم وەڵامە سوڕما، دوو دەقیقەیەك دەبیرێکی قووڵەوە چوو. هەستی بە ترسێکی گۆنگ کرد، چاوانی بڕییە ڕوگوژین. ڕوگوژین، نیو هەنگاوێك لە پیش ئەوەوە دەڕۆیی ڕاستەوخۆ تەمەشای پێش خۆی دەکرد، ئاوڕی ئەم لاو ئەولای نەدەدایەوە، گوێی بەو ڕێبوارانە نەدەدا کە ڕوو بە ڕووی دەهاتن، هەرکە لێی نزیك دەبوونەوە، بە شێوەیەکی میکانیکی خۆیان لێ لا دەدا.

میرزادە، لەپڕ پرسی:

– باشە کە لە ئوتێلەکە بووی، بۆچی لێت نەپرسیم؟

ڕوگوژین ڕاوەستا، تەمەشایەکی کرد، لە فکران ڕاچوو، ئەوسا وەکو ئەوەی بە باشی لە پرسیارەکەی حاڵی نەبووبێ گوتی:

– گوێ بگرە لیون نیکولایوفیچ. لێرەوە یەکڕاست بڕۆ تا دەگەیە ماڵەکەی من، خۆ دەیزانی؟ من لەو بەری جادەکەوە دێم. بەڵام ئاگادار بە، کە پێکەوە بین...

ڕوگوژین، دوای ئەو قسانە پەڕییەوە بۆ ئەوبەری جادەکە، تەمەشایەکی کرد تا بزانێ میرزادە بە هەمان ڕێگەدا کە پێی نیشان دابوو دەڕوات یان نا، کە بینی میرزادە ڕاوەستاوە و زەق زەق

تەمەشای ئەو دەکات، بە دەست ئاماژەی کردیّ کە بەرەو شەقامی گوروخوفایا بڕوات. ئەوجا دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە، بەردەوام، تەمەشای میرزادەی دەکرد و ئاماژەی دەکردیّ کە شان بە شانی ئەو بڕوات. کە زانی میرزادە لێی تێگەییوە و، لە شەقامەکە ناپەڕێتەوە کە دوای ئەو بکەویّ، ئیدی کەمیك هێور بووەوە و ئاسوودە بوو. میرزادە وای هەستکرد کە ڕوگوژین، بە تەمای کەسێکە و بۆیە چووەتە ئەوبەری شەقامەکە، تا لێی گوم نەبێت. لە دڵی خۆیدا گوتی:"باشە ڕوگوژین بۆ پێی نەگوت بە تەمای کێیە ؟" نزیکەی پێنج سەد شەوقاوێك بەو جۆرە ڕێیان کرد، کە میرزادە بە خوت و خۆڕایی، بێئەوەی خۆیشی بزانیّ بۆ، سەراپای کەوتە لەرزین، ئەمما لەرزین!. ڕوگوژین هێشتا هەر ئاوڕی لێدەدایەوە، بەڵام وەکو جاران زوو زوو ئاوڕی لێنەدەدایەوە. بەڵکو ناو بە ناو ئاوڕی لێدەدایەوە. میرزادە کە بە تەواوەتی تاقەتی چوو بوو، وەستاو دەستێکی بۆ ڕوگوژین هەڵتەکاند کە بێت بۆلای ئەو. ڕوگوژین بە هەشتاو لە شەقامەکە پەڕییەوە بۆلای ئەم. میرزادە لێی پرسی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا لە ماڵی ئێوەیە؟

– بەڵیّ.

– ئەوە تۆ بووی کە لە پشت پەردەکەوە تەمەشای منت کرد؟

– بەڵیّ...

– ئەدی.... بۆ...

میرزادە، نە یدەزانی چۆن ڕستەکەی تەواو بکات و، چ پرسیارێکی دی بکات. ئەمە جگە لەوەی کە دڵی بەجۆریّ لێی دەدا، بە زەحمەت دەیتوانی قسان بکات.

"ڕوگوژین"ش بێدەنگ بوو، وەکو یەکێك خەون بدینیّ، بەو ئاوایە تەمەشای دەکرد... ئەوسا، لە کاتێکا خۆی ئامادە دەکرد، جارێکی دی بۆ ئەو بەری شەقامەکە بپەڕێتەوە، لە پڕ گوتی:

– دەی با بڕۆین. من بۆ ئەویّ دەڕۆم. تۆ پێش بکەوە. با بە جیا بڕۆین... من لەو بەرەوە و تۆ لە مبەرەوە. واهی باشترە... دوایی تیدەگەی بۆ.

کاتیّ گەیشتنە شەقامی گوروخوفایا و لە ماڵەکەی ڕوگوژین نزیك بوونەوە، میرزادە هەستی کرد، لاقەکانی لە ژێریا سست بوون، بە زەحمەت لە دووی دەهاتن. سەعات، نزیکی دەی شەو بوو. پەنجەرەی ئەو بەشەی کە پیرەژن تیای دەژیا، هێشتا کرابوونەوە. پەنجەرەکانی شوقەکەی ڕوگوژین، هەموو داخرابوون، پەردەکان دادرابوونەوە و لە تاریکییەکەدا سپی تر دەیاننواند. میرزادە گەییە سەر شۆستەکەی بە رانبەر ماڵەکە، کە بینی ڕوگوژین لە دەستی خۆیەوە، گەییە

سەر قالدرمەکانی بەر دەرگاو ئاماژەی ئەم دەکات کە بچێ بۆلای ئەو، خێرا پەڕییەوە و خۆی گەیاندە لای ئەو.

ڕوگوژین، بە دەم بزەیەکی فێڵاوی و تانە ئامێزەوە، بە ئەسپایی بە گوێی میرزادەیدا چپاند:

– دەرگاوانەکە نازانێ کە من بۆ ماڵ گەڕاومەتەوە. پێم گوتووە دەچم بۆ پاڤلوفسك، ئەمەم بە کارەکەرەکەی دایکیشم گوتووە. بۆیە کە دەچینە ژوورەوە نابێ کەس گوێی لە دەنگمان بێ.

ڕوگوژین، کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا بوو، بە دەستیەوە بوو. کە بە قالدرمەکانا سەرکەوت، ئاوڕێکی لە میرزادە دایەوە و بە ئاماژە تێی گەیاند کە زۆر بە بێدەنگی سەربکەوێ. بە ئەسپایی دەرگای ژوورەکەی کردەوە، میرزادەی وەپێش دا، بە خۆیشی زۆر بە پارێزەوە دووی کەوت، دەرگاکەی توند داخستەوە و کلیلەکەی نایە گیرفانی.

بە ئەسپایی گوتی:– لەدووم وەرە!

ڕوگوژین لەوساوە کە میرزادەی لە شەقامی لیتاینایادا بینی بوو، بە دەنگی بەرز قسەی نەکرد بوو. پیاو یەکسەر هەستی دەکرد کە وێڕای ڕواڵەتی هێمن و ئارامی، لە ناخا زۆر نیگەران و شپرزەیە. کە چوونە ژووری میوانەوە، لە بەردەرگای ژووری کارکردنەکەیدا، چووە بەر پەنجەرەکە، بە سیمایەکی ڕاز ئامێزەوە، ئاماژەی بۆ میرزادە کرد کە بچێتە پێشترەوە. ئەوجا گوتی:

– گوێ بگرە ئەم بە یانیە کاتێ لە دەرگات دا، من لێرە بووم، یەکسەر زانیم کە تۆیت. بە ئەسپایی و لەسەر نووکی پێیان خۆم گەیاندە پشت دەرگاکە، گوێم لێت بوو کە قسەت دەگەڵ پافنوتیڤنا، کارەکەرەکەی دایە دا دەکرد. بەیانی زوو ئاگادارم کرد کە هەر کەسێك لە زەنگی دەرگاکەی منی دا، وەڵامی نەداتەوە. ئیدی ئەو کەسە هەر کارێکی هەبێ، یان هەر کێیەك بێ، تۆبی یان هەر کەسێك بێ تۆ ناردبێتت، یان هەر کەسێکی دی بێ. هەڵبەتە زیاتر مەبەستم تۆ بوو، تەنانەت ناوی تۆشم پێگوت. پاشان کە کۆڵت داو ڕۆیشتی، وام هەست کرد دەچیت لە سەر جادەکەوە تەمەشا دەکەیت، هەنگێ هاتمە بەر ئەم پەنجەرەیە، گۆشەیەکی پەردەکەم لادا تا تەمەشایەك بکەم، سەیرم کرد تۆ لەوێندەر وەستا بوویت و ڕێك تەمەشای منت دەکرد. مەسەلەکە واهی بوو.

میرزادە، بە ئەوکی گیراوەوە گوتی:

– ئەدی.. ناستاسیا فیلیپوڤنا کوا، لە کوێیە ؟

ڕوگوژین، دوای سووکە هەڵوەستەیەك، بە ئەسپایی گوتی:

– ئەو... لێرەیە.

– کوا؟

ڕوگوژین، چاوی هەڵبڕی و، نیگای بڕییە میرزادە. ئەوجا گوتی:

– وەرە. لە گەڵ منا بێ.

هێشتا هەر بە چپە، هێواش، حایرو سەرسام، قسانی دەکرد. تەنانەت کە باسی ئەوەشی کرد کە چۆن لەسەر نووکی پێیان چووەتە بەر پەنجەرەکەو بە دزییەوە سەیری ئەوی، میرزادەی کردووە، هەرچەند ڕاستگۆییەکی ڕواڵەتی بە قسەکانیەوە دیار بوو،بەڵام راز و رەمزێك لە پشت قسەکانییەوە پەنهان بوو.

خۆیان کرد بە ژووری کاردا. هەندێ گۆڕانکاری بەسەر ژوورەکەدا هاتبوو، لەچاو دوا دیداری میرزادەدا، هەندێ گۆڕانکاری تیا کرابوو. پەردەیەکی ئەستووری ئاوریشمی کەسکی گوڵدار، بە بن میچەکەوە هەڵواسرابوو و ژوورەکەی کردبوو بە دوو بەشەوە، ئۆفیسەکەی ڕوگوژینی، لە شوێنی نووستنەکەی جیا دەکردەوە. ناو ژوورەکە زۆر تاریك بوو. شەوانی "سپی" پترسبۆرگ بەرەو کۆتایی و تاریك بوون دەچوو. خۆ ئەگەر تریفەی مانگی چواردە نەبا، پیاو نەیدەتوانی هیچ شتێك لەم ڤێلایەی ڕوگوژیندا، بە تایبەتی کە هەموو پەردەکانی دادرابوونە وە، بدینێ. ئەلهەقی هێشتا پیاو دەیتوانی دەموچاوی یەکدی بدینێ، بەڵام دیتنێکی هەندێ لێڵ. چارەی روگوژین وەکو هەمیشە زەرد بوو. چاوانی بڕی بوونە میرزادە و نە یدەگواستنەوە.

میرزادە گوتی:

– باشتر نەبوو مۆمێك داگیرسێنی؟

ڕوگوژین، دەستی گرت، لە سەر کورسیەك دای نیشاندو گوتی:

– نا، پێویست ناکات...

هەنگێ لە هەنبەر میرزادە دانیشت. کورسیەکەی هێندە لە کورسیەکەی میرزادە نزیك بوو، خەریك بوو ئەژنۆکانی لە ئەژنۆی وی گیربن. مێزێکی چکۆلەی بازنەییان لە تەنیشتەوە بوو.

ڕوگوژین، وەکو ئەوەی هانی بدات بمێنێتەوە، گوتی:

– دانیشە، با تۆزێ ئیسراحەت بکەین.

بێدەنگییەکی یەك دەقیقەیی باڵی بەسەرا کێشان. ئەوجا وەکو یەکیك کە خۆی لە مەسەلەیەکی جدی بدزێتەوە و بکەوێتە پەراگەندە گۆییەکی دوورو درێژی بی سەرو بەر، بەو ئاوایە هاتە قسان:

– دڵنیابووم کە بۆ هەمان ئوتێل دەڕۆیت. هەرکە پێم نایە ناو ڕاڕەوەکە، لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە لەویٚ چاوەڕوانم بیت. باشە بۆ ماڵی بێوەژنەکەی مامۆستاش ڕۆیشتی؟ میرزادە، کە خەریك بوو دڵی شەق بەریٚ، بەزەحمەت هاتە قسەو گوتی:– بەڵیٚ...

– تەسەورم دەکرد. لە دڵی خۆدا گوتم لەویٚ زۆر چەنەبازی دەکەن... بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە بتهێنم بۆ ئێرەو شەویٚ پێکەوە بین...

میرزادە، بە دەم هەستانەوە لەپڕ گوتی:

– ڕوگوژین! ناستاسیا فیلیپوڤنا لە کوێیە؟

بەدەم ئەو قسانەوە سەراپای دەلەرزی. (ڕوگوژین)ش هەستا بە سەر ئاماژەیەکی بۆلای پەردەکە کردو بە ئەسپایی گوتی:– ئەوەتا لەویٚ.

میرزادە، لە بن لێوانەوە پرسی:– خەوتووە؟

– دەی... با جاریٚ بچینە ژوورەوە... بەڵام تۆ... دەی با وەژوورکەوین...

پەردەکەی لادا، هەڵوەستەیەکی کرد، ڕووی کردە میرزادە، بە ئاماژەی سەر پێی گوت:

– بچۆ ژووریٚ!

میرزادە وەژوورکەوت گوتی:– ئێرە زۆر تاریکە.

ڕوگوژین، لەبن لێوانەوە گوتی:– دەتوانی دەوروبەری خۆت بدینی.

– تەنیا تەختە خەوەکە دەبینم.

ڕوگوژین، بە ئەسپایی گوتی:– بچۆ نزیکترەوە.

میرزادە، هەنگاوێك چووە پێشترەوە، ئەوجا هەنگاوێکی دیکەی نا. یەك دوو دەقیقەیەك بیٚ جوڵە، ڕەق لەجێی خۆی وەستا. ئەم دوو پیاوە کە لە قەراخ تەختە خەوەکە وەستابوون، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە وەستابوون، شتاقیان متەقی لێوە نەهات. دڵی میرزادە، هێندە بە توندی لێی دەدا لەوە بوو، لەو بێدەنگیە مەرگناکەی کە باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشابوو، گوێت لە دەنگی بیٚ. بەرە بەرە چاوی بە تاریکی ژوورەکە ڕاهات، دەیتوانی تەختە خەوەکە بدینیٚ،

یەکێك درێژاو درێژ، یەك تەختە، بێ جووڵە لە سەر تەختە خەوەکە نوستبوو. نە کەمترین دەنگ و نە هەناسەی لێوە نەدەهات. یارۆی نوستوو، لە تەپڵی سەریەوە تا نووکی پێی، بە چەرچەفێکی سپی داپۆشرا بوو، ئەندامی لەشی بە باشی نەدەبینرا. ئەو سووکە بەرزی و نزمیەی لە ژێر چەچەفەکەوە دەبینرا، ئەوەی دەنواند کە ئینسانێك درێژاو درێژ لە ژێریا نوستووە. بە هەر چواردەوری تەختەکەدا، لە ژێریا، لە سەر ئەو کورسیەی بەرانبەریا، هەر جل و بەرگ بوو و بە تێکەڵ و پێکەڵی فڕێ درا بوو: دیزداشەیەکی فاخیری ئاوریشمی سپی، گوڵ، نەوار. لەسەر تەپڵەکێکی چکۆلەی لای سەرووی تەختەکە بڕێ جەواهێرو ئەڵماس، کە بەخەمساردی و بێ موبالاتی دانرا بوو، دەدرەوشایەوە. لە کۆتایی تەختە خەوەکەوە، لە سەر کۆمەڵێك پارچەی گرمۆڵە بووی تۆڕی، کۆتایی تەختە خەوەکەوە، سەری پێیەکی ڕووت دەرکەوتبوو، لە تۆ وایە لە مەڕ مەڕ تاشراوە، پێیەکی بێ جووڵەی ئەوتۆ کە سامێکی کوشندەی دەخستە دڵەوە.

میرزادە، هەستی دەکرد، تا زیاتر ورد دەبێتەوەو سەرنج دەدات. ئەم بێدەنگیە زیاتر لە بێدەنگی گۆڕستان دەچێت تا ژوورێکی ئاوەدان. لەپڕ مێشێك لە شوێنێکەوە هەڵفڕی، بە گیزە گیز هەندیك بەسەر تەختە خەوەکەدا سوڕایەوە، پاشان هات لەسەر تەپڵەکە چکۆلەکەی تەنیشت تەختە خەوەکە نیشتەوە. میرزادە تەزوویەکی سەراپاگیری پێدا هات. ڕوگوژین، قۆڵی گرت و گوتی:– با لێرە بڕۆین

بە دوو قۆڵی لە ژوری نووستنەکە وەدەرکەوتن. جارێکی دی لەسەر هەمان ئەو کورسیانەی تۆزی لەوپێش لە هەنبەر یەکدا، دانیشتن. میرزادە، سات بە سات پتر دەلەرزی، بە هیچ کلۆجێ نیگای پرسیار ئامێزی لە ڕوگوژین نەدەگواستەوە.

ڕوگوژین، ئەنجام گوتی:

– لیون نیکولایوفیچ دەبینم دەلەرزی، ڕێك وەکو ئەو کاتانە دێیە بەرچاو کە فێیەکەت بۆ دێت. لە بیرتە چۆن لە مۆسکۆ فێت لێدەهات ؟ یان بیرتە بەر لە هەر نۆرە فێیەك چیت لێدەهات؟ باشە ئەگەر ئێستا نۆرە فێیەکەت بۆ بێت من چیت لێبکەم...

میرزادە زۆر بە وردی گوێی لێدەگرت، هەوڵیدەدا بە تەواوەتی لێی تێبگات. نیگای پرسیار ئامێزی لێ نە دەگواستەوە. میرزادە ئەنجام بەسەر ئاماژەی بۆ لای پەردەکە کردو گوتی:

– ئەمەشت کرد؟

ڕوگوژین، سەری داگرت و بەچپە گوتی:– بەڵێ.

نزیکەی پێنج دەقیقەیەك شتاقیان متەقیان لێوە نەهات. ڕوگوژین، لە پڕ وەکو ئەوەی کەس قسەکەی پێنەبری بێت، لە سەر قسەکەی پێشووی خۆی ڕۆیی و دووبارە بە میرزادەی گوت:

– ئەگەر نۆرە فێیەکەت بۆ بێت، بکەویتە هاوار ، هەنگێ خەڵکی لەسەر جادەکە یان لە حەوشەدا گوێیان لە دەنگت دەبێ، ئیدی دەزانن خەڵکێك لە شوقەکەدایە، ئیدی بە دەنگ هاوارەکەتەوە دێن و وەژوورەدەکەون... چونکە هەموان وا دەزانن من لێرە نیم. من بۆیە تەنانەت مۆمێکیشم دانە گیرساندووە، تا کەس لە سەر جادەکەوە یان لە نێو حەوشەوە هیچ نەبینێ. کە دەچمە دەرێش کلیلەکە دەگەڵ خۆدا دەبەم، جاری وا هەیە بەسێ چوار ڕۆژ جارێ کەس نایەت ئێرە خاوێن بکاتەوە. ئیدی تا ئێستا وام کردووە. بۆیە نابێ کەس بزانێ کە ئەمشەو لێرە دەبین...
میرزادە گوتی:

– دەقیقەیەك. خۆ من لە دەرگاوانەکەش و لە کارەکەرەکەشم پرسی ئایا دوێشەو ناستاسیا فیلیپوڤنا لێرە بووە... کەواتە دەزانن کە بۆ ئێرە هاتووە.

– دەزانم. بە پاڤنوتیڤای کارەکەرم گوت کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، دوێنێ بۆ دە دەقیقەیەك هاتە ئێرەو پاشان بۆ پاڤلوڤسك گەڕاوەتەوە. کەس نازانێ کە شەوێ لێرە ماوەتەوە. دوێنێ وەکو چۆن ئەمڕۆ بەدزییەوە دەگەڵ تۆدا وەژوورکەوتم، بەو ئاوایە دەگەڵ ئەوشدا وەژوورکەوتم. لە ڕێگادا وام خەیاڵ دەکرد کە ڕەنگە نەیەوێ بەدزییەوە وەژوور بکەوێ، بەڵام وا دەرنەچوو! مەزەندەکەم دروست دەرنەچوو! بەچپە قسەی دەکرد، لەسەر نووکی پێ دەڕۆیی، داوێنی کراسەکەی هەڵدەکرد، تا خشە خش نەکات، تەنانەت لە سەر قاڵدرمەکان بە قامکان ئاماژەی کردمێ کە بێدەنگ بم... هێشتا لە تۆ دەترسا، کە لە قیتارەکەدا بووین ترسەکەی لەوەدا نەبوو، چیوای نەما بوو شێت بێت. خۆی داوای کرد کە شەوێ لێرە بمێنێتەوە. من هەوەڵجار وام دانابوو بیبەم بۆ ماڵی بێوەژنەکەی مامۆستا. بەڵام بە قسەی نەکردم. گوتی: "ئەگەر بۆ ئەوێندەر بچم سارەزی میرزادە دەگاتە سەرم و دەمدۆزێتەوە. لە ماڵەکەی خۆتا بمشارەوە، سبەینێ لە گەڵ گەردی بەیانیدا بۆ مۆسکۆ سەرهەڵدەگرم!" بەنیاز بوو لە مۆسکۆوە بۆ ئوریل "orel" بڕوات. تا ئەو کاتەی چووە ناو جێگاشەوە هەر دەیگوت و دەیگوتەوە سبەی دەڕۆین بۆ ئوریل...

– دەقیقەیەك جا ئێستا بە تەمای چ بکەی پارفیون؟

– من، جارێ خەمی تۆمە! لەم لەرزینەت دەترسم! ئەمشەو پێکەوە لێرە دەبین. تەنیا ئەو تەختە خەوەم هەیە. بەڵام پشتیەکانی سەر هەردوو قەنەفەکە دەبەین، لەسەر ئەرزەکە، لە نزیکی پەردەکە ڕایان دەخەین و هەردووکیان بە تەنیشت یەکەوە لە سەریان دەنووین. ئەگەر هاتن و ژوورەکە گەڕان، دۆزیانەوە، هەنگێ پرسیار لە من دەکەن، دەڵێم ئەمە کاری منە و، یەکسەر دەمبەن. بەڵام جارێ با لێرە، لە نزیکی ئێمە، تۆ و من بخەوێ!...

میرزادە، بە خۆشی و گەرم و گوڕییەوە گوتی:– باشە، باش!

– کەواتە هیچ ناڵێین و نایەڵین کەس بیبات.

میرزاده گوتی:– نا، به هیچ جۆرێ! نا، نا!..

– منیش وام نیاز بوو کوڕی باش... نەیەڵم بیبەن! ئیدی ئەمشەو تا بە یانی خۆمان مات دەکەین. من بە درێژایی ئەمڕۆ بەدیاریەوە بووم، لای بەیانیەکەی بۆ ماوەی سەعاتێك چوومە دەرێ، دانی ئێوارەش چوومە دەرێ تا تۆ بدۆزمەوە و بۆ ئێرەت بێنم. بەڵام من لە یەك شت دەترسم: دەترسم جەنازەکە، بە هۆی ئەم گەرما بەترەفەوە بۆن بکات. تۆ بۆنی هیچ دەکەیت؟

– دەشێت. نازانم . بەڵام تا بەیانی بۆن دەکات.

– لە مشەماوەم پێچاوە، مشەمایەکی ئەمریکی زۆر نایاب، چەرچەفێکیشم بەسەریا داوە. چوار شووشە بۆن بڕەی جیدانوڤم بە کراوەیی لە دەوری داناوە، شووشەکان هێشتا لەوێن..

– بەڵێ... وەکو ئەوەی لەوێ کردیان... لە مۆسکۆ..

– بۆ ئەوەی بۆن نەکا برادەر. خۆزیا دەتبینی چۆن ڕاکشاوە!... سبەی کە هەتاو هەڵهات، دنیا ڕوناك بووەوە، تەمەشایەکی بکە..

ڕوگوژین لێرەدا کە بینی میرزادە وەکو بی ناو ئاو دەلەرزێ و ناتوانێ هەستێ و خۆی بە پێوە بگرێت، بە نیگەرانی و سەرسامی پرسی:

– چیە؟ ناتوانی هەستیت؟

میرزادە گوتی:– لاقم لە دووم نایەن... هی ترسە.. دەزانم... کە ترسەکەم ڕەوییەوە هەنگێ دەتوانم هەستم..

– سەیرکە... با جێگاکەمان چاك بکەم، ئیدی بۆ خۆت پاڵ بکەوە... منیش لای تۆوە پاڵدەکەوم... هەنگێ بۆ خۆ گوێ هەڵدەخەین... چونکە من برادەری ئازیز.. نازانم.. برای ئازیز.. هێشتا هەموو شتێك نازانم... بۆیە ئاگادارت دەکەم... تا پێشوەختە هەموو شتێك بزانیت..

ڕوگوژین، بە دەم ئەو قسە بێ سەروبەرو پچڕ پچڕانەوە کەوتە چاککردن و ڕاخستنی جێگا. دیار بوو، کە لە بەیانی زووەوە بیری لەوە کردبووەوە کە چۆن و بەچی جێگەی نووستن فەراهەم بکات. دوێشەو لە سەر قەنەفەکە نوستبوو. بەڵام قەنەفەکەی جێی دوو کەسی لە سەر نەدەبووەوە و ئەویش سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە تەنیشت یەکەوە بنوون. بۆیە هەر هەموو پشتی و گۆشەکانی سەر هەردوو قەنەفەکەی بە ڕاکێش ڕاکێش لەم سەری ژوورەکەوە بۆ ئەو سەری ژوورەکە برد، و لە تەنیشت پەردەکەوە جێگایەکی فەراهەم کرد. بە هەرحاڵێ بوو، جێگەی تەرتیب کرد، ئەوسا چوو بەلای میرزادەوە، بە ئارامی و دلۆڤانی چووە ژێر باڵی و هەڵی

ساندو گەیاندییە سەر جێگاکە. کە سەیری کرد میرزادە دەتوانێ بەپێی خۆی بڕوات. لە دڵی خۆیدا گوتی: "کەواتە ترسەکەی ڕەوییوەتەوە". بەڵام میرزادە هێشتا هەر دەلەرزی.

ڕوگوژین، میرزادەی لە دەستە ڕاستەوە، لەسەر جێگە باشەکە، پاڵخست. بە خۆیشی هەر بە جلەکانی بەرییەوە، لە دەستە ڕاستەوە، پاڵکەوت و هەردوو دەستی تێك پەڕاندو نانیە ژێر سەری. لەپڕ کەوتەوە قسان و گوتی:

– دنیا گەرمە، بێگومان بۆن دەکا... بەڵام دەترسم پەنجەرەکان بکەمەوە. لە دیوەکەی دایکم گوڵدانی پڕ لە گوڵی هەمە جۆر هەن، زۆر بۆنیان خۆشە. بیرم لەوە کردەوە کە بۆ ئێرەیان بینم. بەڵام ئەو پیرەژنە، پافنوتیفنا، هەستی پێدەکات، زۆر فزولێ و کونجکاوە.

میرزادە بۆی سەلماند:– بە ڕاستی وایە، زۆر فزوڵە.

– دەکرا، چەند چەپکە گوڵێك بکڕین و بە چواردەوریا دای بنەین،.. بەڵام ڕەنگە پیاو بەو هەموو گوڵەوە و بەم حاڵەوە، زۆر خەمبار بێ و تەحەمولی ئەو دیمەنە نەکات!...

میرزادە گوتی:– پێم بڵی...

هەنگێ میرزادە،وڕوکاس، وەکو یەکێك لە زەینی خۆیا بۆ پرسیارێك بگەڕێ و بیری نەکەوێتەوە یان بیری بکەوێتەوە و یەکسەر بیری بچێتەوە، لە سەری ڕۆیی:

– پێم بڵێ... بە چی ئەم کارەت کرد؟ بە چەقۆ؟ بە هەمان چەقۆ؟

– بەڵێ، بە هەمان چەقۆ.

– سەیرکە! پارفیون دەمەوێ شتێکی دیکەت لێبپرسم... پرسیارم زۆرن... دەربارەی هەموو شتێ... بەڵام لە پێش هەموو شتێکا پێم بڵێ با بزانم: ئایا بە تەمابووی، بەر لە زەماوەندی دەگەڵ منا، یانی بەر لە ڕێوەڕەسمی فەرمی، لە بەردەم کلێساکەدا بەر چەقۆی بدەیت و بیکوژیت؟ بە تەمای شتی وا هەبووی یان نا؟

ڕوگوژین، بە سەرسامی و تورەیی، وەکو ئەوەی باش لە پرسیارەکەی حاڵی نەبووبێ، گوتی:

– نازانم بە تەما بووم یان نا...

– کە دەهاتی بۆ پاڤلوفسك قەت چەقۆت دەگەڵ خۆ دێنا؟

– نەخێر، قەت.

دوای سووکە بێدەنگیەك لە سەری ڕۆیی:

– سەبارەت بەم چەقۆیە، لیون نیکولایوفیچ، تاقە شتێك كە بتوانم پێتی بڵێم ئەمەیە: ئەم بە یانیە لە چەکمەجەیەکی کلیلدراوم دەرهێنا، چونکە هەموو شتێك لە نێوان سەعات سێ و چواردا ڕووی دا. من هەمیشە لە تویی کتێبی... و.. و... دام دەنا. جا با شتێکی سەیرت بۆ بگێڕمەوە: چەقۆکەم کرد بە ژێر مەمکی چەپیا، هەر حەوت سانتیمەترێك ڕۆیی... هەر ئەوەتا خوێنی لێهات هەر نیو کەوچك دەبوو کە بە سەر ژێر کراسەکەیدا ڕژا.. زیاتر نە دەبوو...

میرزادە، بەدەم هەڵچوونیکی ترسناکەوە لەجێی خۆی هەستاو گوتی:

– دەزانم... ئەمە دەزانم.. شتم لە بارەیەوە خوێندووەتەوە... پێی دەڵێن خوێنڕێژی ناوەوە... جاری وا ڕێك دەکەوێ تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیشی لێنەیەت.. ئەمە لەکاتێکا ڕوو دەدات، کە چەقۆکە یەکڕاست و ڕاستەوخۆ لە دڵ بدرێت...

ڕوگوژین، لەپڕ بە ترسەوە لە جێگەکەی خۆی دانیشت و گوتی:– وس! گوێت لێیە؟ گوێت لە دەنگێکە؟

میرزادە، کە دەیڕوانیە ڕوگوژین، بە هەمان ترس و دڵەڕاوکێی ئەوەوە گوتی:– نەخێر، گوێم لێ نیە!..

– دەنگی پێیە! گوێت لێیە؟ لە ژووری میوانە...

بە جووتە گوێیان هەڵخست. میرزادە، بە متمانەوە، بەڵام بە دەنگێکی نزم گوتی:

– گویم لە دەنگە!

– دەنگی پێ؟

– بەڵێ.

– باشە دەرگاکە کلیل بدەین؟

– بەڵێ...

– دەرگاکەیان لە ناوەوە شیش دا، دووبارە پاڵکەوتنەوە. بێدەنگییەکی دوورو درێژ باڵی بە سەراکێشان. میرزادە لە ناکاوا، بە هەمان پەرێشانی و شپرزەییەوە، وەکو ئەوەی شتێکی بیرهاتبێتەوە و بترسێت دووبارە لە بیری بچێتەوە، لە سەرجێگەکەی ڕاپەڕی و گوتی:

– ئا... بەڵێ... دەمویست داوای وەرەقەکانت لێبکەم! وەرەقی یاری.. دەیانگوت گوایە یاری وەرەقت دەگەڵ دەکرد.

ڕوگوژین، کەمێك لە فکران ڕاچوو و گوتی:– وایە.

میرزادە پرسی:– لە کوێیە.. ئەو وەرەقانە؟

ڕوگوژین، پاش بێدەنگیەکی زۆر گوتی:– لای منە... فەرموو...

بە دەم ئەو قسەیەوە، دەستەیەك وەرەقی پێچراوەی کۆنی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆ میرزادەی درێژ کرد. میرزادە لێی وەرگرت. بە خۆیشی نەیدەزانی چی دەکات. هەستێکی پڕ خەم و پەژارە، چنگی نایە دڵی، دڵی دەگوشی. یەکسەر هەستی کرد، کە نەك هەر لەوساتەوە، بگرە لە مێژە هەرچی کردارو گوتاری هەبووە، غەڵەت بووە، بۆ نموونە ئەم وەرەقانەی کە هەنووکە بە دەستیەوەن و زۆری حەزدەکرد بە دەستیان بێنێ، لە ئێستا بە دواوە بە کەڵکی هیچ شتێکی ئەو نایەن، پولێکی قەڵب نایەنن، هەستاو بە داخ و کەسەرێکی بێ پایانەوە، دەستەکانی هەڵگلۆفتن. ڕوگوژین، بی جوڵە ڕاکشابوو، لەوە نەدەچوو، ئەم جوڵەیەی میرزادەی بینی بێت. بەڵام چاوەکانی کرابوونەوەو لە تاریکییەکەدا کسکە کسك دەبریقانەوە. میرزادە لە سەر کورسییەك دانیشت و نیگای پڕ ترسی بڕییە ڕوگوژین. نیو سەعاتێك بەو جۆرە تێپەڕی. لە پڕ ڕوگوژین بە دەم قاقای پێکەنینەوە، وەك بڵێی بیری چوو بوو کە نابێ بەدەنگی بەرز قسە بکات، هاواری کرد:

– ئەو ئەفسەرە... ئەو ئەفسەرەت لە بیرە؟.. لە بیرتە لە شوێنی ئوکستراکەدا چۆن بەبنا گوێیا کێشا؟ ها ها ها!... لە بیرتە ؟ ئەدی خوێندکارە سوپاییەکە... خوێندکاری کۆلیجی سوپایی... کە بازی دا..

میرزادە، بە دەم شەپۆلە ترسێکی تازەوە لە سەر کورسیەکە ڕاپەڕی. کە ڕوگوژین، لەپڕ هێور بووەوە، میرزادە بە سۆزەوە بەسەریا دانەوییەوە، لەلایەوە دانیشت، دڵی بە توندی لێی دەدا، هەناسەی سوار بوو بوو، چاوی بڕیە سەروسیمای ڕوگوژین و نیگای لێنەدەگواستەوە.

ڕوگوژین، سەیری میرزادەی نەدەکرد، لەوە دەچوو میرزادەی لەبیر چووبێ. بەڵام میرزادە بە دەم نیگەرانی و چاوەڕوانیەوە هەر سەیری دەکرد. کات بە خێرایی دەڕۆیی. دنیا بەرە بەرە ڕوناك دەبووەوە. میرزادە ناو بە ناو، لەپڕ دەکەوتە وڕێنە، هاواری دەکرد، قاقا پێدەکەنی. میرزادە هەنگێ بە ئارامی، دەستە لەرزۆکەکانی بەسەرو قژو دەموچاویا دێنا! و پەیتا پەیتا نەوازشتی دەکرد! هەر ئەوەندەی لە دەست دەهات، لەوە زیاتری پێنەدەکرا. میرزادە دیسان لەرزی لێهاتەوە، لاقەکانی لەژێر یا دەنووشتانەوە. هەستێکی تازە، زۆر تازە دای بەسەر دڵیا، تووشی نیگەرانیەکی بێ پایان بوو.

لەوکاتەدا ڕۆژ بووەوە. میرزادە ئەنجام لەسەر جێگەکەی ڕاکشا. ماندوویەتی و داخ و کەسەر زەیفیان لێ سەندبوو. دەموچاوی خۆی نا بەدەموچاوی ڕەنگپەڕیووی بێ جووڵەی ڕوگوژینەوە.

ڕوندوکی چاوەکانی، بەسەر گۆناکانی ڕوگوژێندا هاتنە خوارێ. بەڵام لەوە دەچوو هەست بە فرمێسکەکانی خۆی بکات...

بە هەرحاڵ، وەختایەك دوای چەند سەعاتێك دەرگا شکێنرا و خەڵکی وەژوورکەوتن، سەیریان کرد بکوژەکە، بە دەم وڕێنەو تاوە ئاگای لە دنیا نیە. میرزادە، لە نزیکی ئەوەوە، لەسەر جێگەکەی خۆی، کڕو کپ دانیشتووە. هەر جارێ کە یارۆ هاواری کردبا، یان بکەوتبا وڕێنە، میرزادە بەپەلە دەگەییە سەری، بە دەستە لە رزۆکەکانی، سەروقژ و دەموچاوی نەوازشت دەکرد. بەڵام میرزادە ئێستا، هەر پرسیارێکیان لێدەکرد لێی تێنەدەگەیی، هیچ کەسێکی لەو خەڵکەی کە ڕژابوونە ژوورەوە و دەوریان دابوو، نە دەناسییەوە. ئەگەر شنایدەر، لەم کاتەدا بە خۆی لە سویسراوە بهاتبایە تا کۆنە نەخۆشەکەی جارانی خۆی معایەنە بکات، یەکسەر ئەو حاڵەی بیردەکەوتەوە کە نەخۆشەکەی لە ساڵی یەکەمی معالەجەکردنی لە سویسرا، تیای بوو و، لە نائومێدیدا دەستی لێك بڵاو دەکردەوەو وەکو چۆن ئەوسا گوتبووی، ئێستاش دەیگوتەوە: "گەمژەیە!".

فەسڵی دوازدەیەم

کۆتایی

بێوەژنەکەی مامۆستا، هەرکە گەییە پاڤلوفسك، خێرا ڕۆیی بۆ ماڵی داریا ئەلکسیڤنا. هەر چیەکی دەزانی بۆی هەڵڕشت، ئیدی بەمە ترسێکی وای کەوتە دڵەوە بە هیچ شتێ ئارام نە دەبووەوە. هەر دوو ئافرەت، لێبڕان یەکسەر بچن بۆ لای لیبدیف، لیبدیف، چ وەکو دۆست و چ وەکو خاوەنی ئەو خانووەی بە میرزادەی بە کرێ دابوو، زۆر نیگەران بوو. ڤیرا لیبدیف، هەر چیەکی دەزانی پێی گوتن. ئیدی (بە تەگبیری لیبدیف) وایان بە باشزانی کە بە سێ قۆڵی بڕۆن بۆ پترسبورگ تا نەیەڵن "ئەوەی لێی دەترسان ڕوو بدات". بەو جۆرە بۆ سبەی، دانی بەیانی، سەعات یازدە، پۆلیس، دەگەڵ لیبدیف و خانمەکان و سیمون سیمنوفیچی برای ڕوگوژیندا، کە لە بەشێکی تری هەمان خانوو دەژیا، هاتن و پۆلیس دەرگای ماڵەکەی ڕوگوژینی کردەوە. ئەوەی زیاتر هانی دان کە دەرگا بشکێنن، ئەوە بوو کە کابرای دەرگاوان گەواهی دا گوایە دوێشەو پارفیون سیمونوفیچی دیتووە، بە دزییەوە، بە ماتە مات، گورگ ئاسا، دەگەڵ هاوڕێیەکیدا، لە دەرگای پێشەوە، لە قاڵدرمەکانی بەر دەرگاکەوە چوونەتە ژوورەوە. ئیدی ئەمە بیانوویەکی باش بوو، دوای ئەوەی زۆریان لە دەرگا داو نەکرایەوە، دەرگا بشکێنن و خۆ بە ژوورابکەن.

ڕوگوژین، تووشی هەوی مێشك بوو بوو، بۆ ماوەی دوو دانە مانگ لە نەخۆشخانە خەوێنرا. کە چاك بووەوە یەکسەر درایە دادگاو بە تاوانی قەتڵ دادگایی کرا. لە لێکۆڵینەوە و تاقیقدا قسەو ئیفادەکانی زۆر ڕاست و دروست و قەناعەتبەخش بوون، میرزادە هەر لە سەرەتاوە لە کەیسەکە دەرکراو تەبرێ بوو. ڕوگوژین، بە درێژایی دادگاییەکە زۆر مات و بێدەنگ بوو. پارێزەرێکی یەجگار کارامە و زەبەردەست و دەماوەرو قسەزان بەرگری لێدەکرد. ئەم پارێزەرە، بە بەڵگەی لۆژیکییەوە سەلماندی کە ئەم تاوانە زادەو بەرەنجامی هەوی مێشکە کە زۆر لە پێش ئەنجامدانی تاوانەکەدا لای ڕوگوژین هەبووە، ئەو نەخۆشیەش زادەی خەم و پەژارەی پەنگ خواردووی دڵی تاوانبارو گوشاری لە ڕادەبەدەری دەروونی بووە، ڕوگوژین هیچ ناڕەزاییەکی دەربارەی ئەو قسانەی پارێزەرەکەی دەرنەبڕی. بەڵام هیچ قسەیەکیشی بە قازانجی ئەو مەرافەعەیە نەکرد. تەنیا شتێ کە کردی (وەکو لە تەحقیقەکەدا کردی) ئەوە بوو کە بە ڕوونی و ڕەوانی، هەموو وردەکاریەکانی تاوانەکەی خۆی بێپێچ و پەنا خستە بەردەست.

سەرەنجام، دوای مداراکردنی باری دەروونی و نەخۆشی، حوکمەکەی بۆ سووك کرا، حوکمی پازدە دانە ساڵ بێگارە زندانی بۆ بڕایەوە و هەواڵەی سیبریا کرا. زۆر بە خەمساردی و حەواس پەرتی وەکو یەکێك خەون بدینێ، قەراری مەحکومیەتەکەی وەرگرت. ئیدی هەمو سەروەت و سامانە مۆڵەکەی، جگە لە بەشێکی کەمی، کە لەو دواییانەدا، لە سەرسەریاتیدا بەفیڕۆی دابوو، هەر هەمووی بۆ سیمیون سیمونوفیچی برای مایەوە، کە زۆر خۆشحاڵی کرد.

دایکە پیرەکەی هێشتا ماوە، لەوە دەچێ ناو بە ناو، کوڕە ئازیزەکەی، پارفیون سیمیونوفیچی، بیربکەوێتەوە، بەڵام بیرکەوتنەوەیەکی گۆنگ و ئاڵۆز. خوا بەوە ڕەحمی لەم پیرەژنە کردووە، کە هیچ شتێکی دەربارەی ئەو کارەسات و نەگبەتیە نە دەزانی کە لە ماڵەکەیا ڕوویدا بوو.

لیبدیف و کیللەر و گانیا و پتیتسن و گەلێك لە قارەمانەکانی دیکەی ڕۆمانەکەمان، وەکو جاران بۆ خۆ دەژین، گۆڕانێکی ئەوتۆیان بە سەر نە هاتووە، بۆیە هیچی وامان لە بارەیانەوە پێ نیە کە بیگێڕینەوە. هیپولیت بەوپەڕی دەردو ئازار و پەرێشانیەوە، بە ماوەیەکی کەم بەر لەو کاتەی چاوەڕوانی بوو، نزیکەی دوو هەفتە دوای کوژرانی ناستاسیا فیلیپوڤنا، مرد. هەر هەموو ئەم واریقات و ڕووداوانە زۆریان کار لە کولیا کرد. زۆر لە دایکی نزیك بووەوە. نینا ئەلکسندروفنا، زۆر نیگەرانی ئەوە، هەست دەکات کولیا، لە چاو تەمەنی خۆیا، وەکو پیاوێکی گەورە بیردەکاتەوە. کێ دەزانی؟ ڕەنگە لە ئایندەدا ببێ بە پیاوێکی گەورە. پێویستە لەم بۆنەیەدا ئەوەش بڵێین کە هەر ئەو بوو دەورێکی جوانی بینی و زەمینەی بۆ ئایندەی میرزادە خۆشکرد. کولیا، لە نێو ئەو کەسانەدا کە لەو دواییانەدا ناسی بوونی، یەڤگینی پاڤلوفیچ ڕادوفسکیی لە هەموو ئەوانی دی پتر بە دڵ بوو. کولیا یەکەم کەس بوو کە چوو بۆ لای ئەو و هەرچیەکی دەربارەی ڕوداوەکە و وەزع و حاڵی ئێستای میرزادە دەزانی، بە درێژی بۆ گێڕا بووەوە. مەزەندەکەی کولیا ڕاست دەرچوو: یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە ڕاستی لە خەمی ئایندەی ئەم "دێوانە" بەلەنگازەدا بوو، بە هەوڵ و هیمەتی ئەو، جارێکی دی میرزادە بۆ دام و دەزگاکەی دکتۆر شنایدەر، لە سویسرا، نێردرایەوە.

یەڤگیتنی پاڤلوفیچ، بە خۆیشی بەو نیازەی ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا بمێنێتەوە، سەفەری هەندەرانی کرد. چونکە بە ڕاستی قەناعەتی وابوو کە "بوونی لە ڕوسیادا زیادەو ڕوسیا پێویستی بەو نیە.". زۆر جار، بەلای کەمەوە هەرچەند مانگ جارێك، دەچوو بۆ دەزگاکەی شنایدەر و سەردانی دۆستە نەخۆشەکەی خۆی دەکرد. بەڵام شنایدەر جار لە دوای جار، نائومێدتر و خەمبارتر دەهاتە بەرچاو، سەری دەلەقاندو میوانەکەی تێدەگەیاند، کە مێشکی نەخۆشەکەی بە تەواوەتی تێکچووە، هەرچەندە بە ئاشکراو بە زەقی نەیدەگوت کە قابیلی چاك بوونەوە نیە، بەڵام ئەوەشی نە دەشاردەوە کە بە ڕەشبینی و نائومێدی باسی ئەسپەك و ماخولیاکەی بکات. یەڤگینی پاڤلوفیچ بەو قسانە خەمبار دەبوو، پیاوێکی هەستیار و دلۆڤان بوو، هەر بەوەدا دیار بوو، کە ڕێگەی دابوو کولیا نامەی بۆ بنێرێت و هەندێجار وەڵامی نامەکانیشی دەدایەوە.

هەر لەم بۆنەیەدا خەسڵەتێکی دیکەشی کەشف بوو بوو. جا چونکە ئەم خەسڵەتە لە خەسڵەتە باشەکانە، بە پێویستی دەزانین بە خێرایی باسی بکەین. یەڤگینی پاڤلوفیچ، دوای هەر سەردانێکی بۆ دەزگاکەی شنایدەر، جگە لە نووسینی نامە بۆ کولیا، نامەی بۆ کەسێکی دیکەش لە پترسبۆرگ دەنارد، کە بە دوورو درێژی و بەوپەڕی هاوخەمی و هاوسۆزییەوە، باسی میرزادەو

نەخۆشیەکەی بۆ دەکرد. لەم نامانەدا، سەرباری هەموو ڕێز و حورمەتێك (بە ئازادیەکی زۆرەوە) گوزارشتی لە هەندێ بیرو هەست و سۆزی ڕاستگۆیانەی خۆی دەکرد. شتێك بوو زیاتر لە دۆستایەتی و خۆشەویستییەکی گەرم دەچوو. ئەو کەسەی یەڤگینی پاڤلوفیچ، ئەم نامانەی (هەرچەندە کەم و درەنگ درەنگ بوون) بۆ دەنارد و شایستەی ئەم هەموو ڕێزو حورمەتە بوو، ڤیرا لیبدیف بوو. هەڵبەتە بە تەواوەتی نازانین کە ئەم پەیوەندیانە چۆن دروست بوو. بەڵام بێگومان یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەم پەیوەندییە ئەو کارەساتە بوو کە بە سەر میرزادەدا هات و، ڤیرای بە ڕادەیەك خەمبار و نیگەران کرد، کە لە سوێیا نەخۆش کەوت و لەجێدا کەوت. لەوە بترازێ ئیدی نازانین ئەو پەیوەندی و دۆستایەتیە چۆنی دروست بوو.

بۆیە باسی ئەو نامانەمان هێنایە گۆڕێ، چونکە لە هەندێکیاندا باسی ماڵباتی یەپانچین بەگشتی و ئاگلایا بە تایبەتی، هاتووە. یەڤگینی پاڤلوفیچ، لە نامەیەکیا سەبارەت بە ئاگلایا، کە نامەیەکی هەندێ ئاڵۆز و بەتەم و مژ بوو و، لە پاریسەوە ناردبووی، باسی ئەوە دەکات کە ئاگلایا ئیڤانوڤنا، دوای عەشق و دڵدارییەکی توند و کوتو پڕ، بەبێ ڕەزامەندی کەسوکارەکەی شوو بە کۆنتێکی پۆڵۆندی موهاجیر دەکات و کەسوکارەکەی تەنیا لە بەر ئەوە قاییل دەبن، نەبا ئاگلایا فەزیحەت و ڕیسواییەکی گەورەیان بەسەرا بێنێ. یەڤگینی پاڤلوفیچ، دوای بێدەنگیەکی شەش مانگە، نامەیەکی دوورودرێژی بۆ ڤیرا نارد، لە نامەکەیدا باسی ئەوەی بۆ کرد بوو، کە لە کاتی دوا سەردانی لە پرۆفیسۆر شنایدەر لە سویسرا، هەموو خانەوادەی یەپانچین (جگە لە ئیڤان فیدوروفیچ کە بە هۆی کارەوە لە پترسبۆرگ مابووەوە) ومیرزادە (س...)ی لەوێ بینیووە. جا دیدارێکی سەیر: زۆر بە گەرمی و خۆشی پێشوازیان کردووە، تەنانەت ئادیلاید و ئەلکسندرا زۆریان ستایش کردووە کە "فریشتە ئاسا خەمی میرزادەی داماوی خواردووە"و لەو ڕووەوە خۆیان بە قەرزاربار و منەتباری ئەو زانیوە. بەڵام لیزاڤیتا پروکوفیڤنا کە میرزادەی بەو حاڵی بێ حاڵەوە، بەو نەخۆشی و کەساسیەوە بینی. لەناخەوە هاتە جۆش، خۆی پێ زەوت نەکراو لە کانگای دڵەوە دەستی بە گریان کرد. دیار بوو هیچ ڕقێکی بەرانبەر ی نەما، دڵی بە تەواوەتی لێی پاك بووەوە. میرزادە "س.." بەو بۆنەیەوە کۆمەڵێك قسەی هەق و ڕاستگۆیانەی پڕ لە هەست و سۆزی جوانی کرد. یەڤگینی پاڤلوفیچ، هەستی کرد کە میرزادە (س...)و ئادیلاید هێشتا بە تەواوەتی ڕێك نەکەوتوون و نەسازاون. بەڵام لە هەمان کاتدا، وێنای دەکرد کە ڕۆژێ دێ، ئەم ئادیلایدە هارو هاجە، خۆ بە خۆ، لە ناخی دڵەوە، مل بۆ زیرەکی و هۆشنی و ئەزموونداری میرزادە (س..) دەدات و دەگەڵیا ڕێك دەکەوێت و دەسازێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو مەینەتیانەی بە سەر ماڵباتەکەیاندا هاتبوو، زۆریان کارتێکرد بوو و عیبرەتێکی زۆری لێوەرگرتبوون، بە تایبەتی ئەو ڕیسك و سەرکێشییەی کە ئاگلایا دەگەڵ کۆنتە پۆڵاندیە موهاجیرەکەدا کرد بووی. ئەوەی کە ماڵباتی یەپانچین، لەم شووکردنەی ئاگلایا بەو کۆنتە پولاندیە، لێی دەترسان، لە ماوەی شەش مانگدا دەرکەوت، ئەمە جگە لە موفاجەئەیەکی دیکەش کە کەس تەسەوری نەدەکرد. دەرکەوت کە ئەم کابرایە نە "کۆنتە"و نە "کۆنت بووە"، دەربەدەری

و موهاجیریەکەشی بە هۆی هەندێ کاری ئاڵۆز و گومان لێکراوەوە بووە. ئیدی بە زمانی لووس، ئاگلایای لە خشتە برد بوو و وای تێگەیاند بوو، کە پیاوێکی خانەدان و خەمخۆر و دڵتەنگ و دڵڕێشی نیشتمانەکەیەتی، ئیدی بە ڕادەیەك، ئەم کیژەی کۆنترۆڵ کرد بوو، کە تەنانەت بەرلەوەی شوویشی پێبکات، بوو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی هەندەرانی سەربەخۆیی پۆڵاندە. ئەمە جگە لەوەی کە بوو بوو بە موریدی قەشەیەکی ناوداری کاتولیکی، کە مێشکی پڕ کردبوو، لە توندڕەوی ئاینی. بەڵام ئەو سەروەت و سامانە زۆرەی کە گوایە "کۆنت" هەی بوو، بە بڵگە بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا و میرزادە"س..." دەرکەوت کە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان شتی وا نەبووە و نیە، هەر هەمووی خەیاڵ بوو. لەوەش خراتر ئەوە بوو کە کۆنت و هاوڕێ قەشە بە ناوبانگەکەی، توانیان دوای شەش مانگ لە گواستنەوەی ئاگلایا، بە ینی ئاگلایا و کەسوکارەکەی بە تەواوەتی تێکبدەن، وایان لێهاتبوو بەچەندین مانگ یەکتریان نەدەبینی!... بە کورتیەکەی، دەردە دڵێکی زۆریان هەبوو، بەڵام لیزاڤیتا پروکوفیڤنا و هەردوو کچەکەی و تەنانەت میرزادە "س..."ش بە ڕادەیەك مارانگاز بوو بوون، تەنانەت لە قسەکردنا زۆر شتیان لە یەڤگینی پاڤلوفیچش دەشاردەوە، هەرچەندە سوور دەیانزانی کە یەڤگینی ئاگای لە دوا حەماقەتەکانی ئاگلایا ئیڤونوڤنا هەیە و دەیزانی گەییوەتە کوێ. لیزاڤیتا پروکوفیڤنای بەلەنگاز خوا خوای بوو بە زووترین کات بۆ ماڵ و وڵاتەکەی، ڕوسیا بگەڕێتەوە. بە گوتەی یەڤگینی پاڤلوفیچ، زۆر بە توندی ئیرادی لە هەر شتێکی هەندەران دەگرت. دەیگوت: "لێرە، لە هیچ شوێنێ نازانن، نانیش ببرژێنن، زستانان وەکو مشك دەچنە کونەوە. بەلای کەمەوە ئێستا توانیم وەکو ڕوسێك بۆ ئەم گەنجە کلۆڵە بگریم". بە دەم ئەو قسانەوە، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاماژەی بۆ میرزادە کرد، کە ئەوی نە ناسی بووەوە. ئەوجا لە کاتی خواحافیزی لە یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە توڕەییەوە گوتی: "ئیدی ئەم وەهم و خەیاڵاتە بەسە! کاتی ئەوە هاتووە گوێ لە دەنگی ئەقڵ بگرین! هەر هەموو ئەم وڵاتە بیانیانە، ئەم ئەوروپایەی کە ئێوە پێیا هەڵدەڵێن، هەر هەمووی سەرابە، تراویلکەیە.. ئێمە بە خۆیشمان لە وڵاتی غەریبیدا جگە لە تراویلکە ناکەینە هیچ... ئەم قسەیەی منت لەبیربێ.. کەسێ نەمرێ بە چاوی خۆت دەیبینی!"

تێبینی: ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٤/٣/١١ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم دوو دەقەی خوارەوە، بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە پاچڤەم کردووە، جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژە و ڕستەو پەرەگراف دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکاتەوە، ئەوا لەگەڵ دەقی دووەمدا تەواو تێکدەکاتەوە و دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بەدڵنیاییەوە دەقە کوردیەکە هیچی لەو دوو دەقەی دی کەمتر نیەو بێ چەندو چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

* – دوستویفسکی: الاعمال الادبیه الکامله– ١٨ مجلداً ترجمها عن الفرنسیه: د. سامی الدروبی

الطبعة العربیة الثانیة: دار ابن رشد للطباعة والنشر.

نتورك– ایطالیا ١٩٨٥/ مجلد "١٠–١١"

*– ابله: جلد (١،٢)

نوسینده: فیودور میخائیلوویچ داستایوفسکی/مترجم: منو چهر بیگدلی خمسه./چاپ دوم: ١٣٨٩/ نیگارستان کتاب/ تهران

فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسیۆ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك ،ئێزنگ وقەلأشکەری

ئەرخایەن: دڵنیا، خاترجەم

ئۆفیس: نووسینگە، ژووری کار

ئاخاوتن:قسەکردن، پەیڤین

ئیش: کار

ئاوەژوو: بەرەواژ، سەروخوار، پێچەوانە

ئێزنگ: داری سووتاندن

ئاشچی: چێشت لێنەر، ئاشپەز

ئاوێزە: چلچرا،پڵپڵەو سڵسڵەی خشڵی ژنان

ئاوارتە: ریزپەڕ، جیاکراوە، دوورخراوە، پەڕێنراو

ئەمەك: وەفا، ئەمەگ، نمەکناسی

ئیفترا: بوختان

ئەزبەرکردن: لەبەرکردن

ئەشقی: شەقاوە، بەرەلأ، یاخی، ملهوڕ

ئەرباب: خۆش مەشرەف، رووخۆش، خۆش مامەڵە

ئاچەر: هاچەر، کلیل

ئاڵدۆزی: رۆکێشی زێڕو زیوو، سورمە ڕێژ، سورمە چن

ئۆردووبەز: جێگەی دابەزین و ئسراحەتی لەشك

ئەڵها: ئارەزوو، کەڵکەڵە.

ئەسپەك: نەخۆشییەکی مێشکە، ماخولیا و جۆرە شێتییەکە.

<u>ب:</u>

باوەژن: زڕدایك، هوی دایك، باجی

باب: باوك

باڵانما: باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم، ڕەخ

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلاٚنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بە سوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەلاٚن

بویەر: ڕووداو

باژێرۆك: شارۆچكە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنكردن: پەسندكردن

باندۆر: كاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:كەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، كەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێكەوە

بوخچە: پارچەیەكی چوارگۆشەیە بۆ كەل و پەل تێنان

بەدخوا: دڵپیس، لە چاکە بەدوور

بەعزکردن: تۆران. زیزبوون، قسە دابڕان

بن عام: خزمی دوور

بەگەن: پەسند

باپەڕ:نەخۆشی لە سەرماوە، سەرمابوون

بۆز: ڕدێنی ماش و برنج، شینی ئامل سپی

بیژی : زۆڵ ،حەرامزادە، شەیتان و وریا

بەتلّ: بەشێك

بوری : تێپەڕی

بادیهەوا: بە خۆڕایی، بەفیز و دەعیە

بزە: زەردەخەنە

بە خۆی نەوەستا: خۆی پیّ زەوت نەکرا

بە خورتی: بە زۆر، بە تۆپزی

بنیچە: ڕەچەڵەك

بەور: دڕندەیەکی بە سامە

بالوکە: شتێکە وەك زیپکە و، زیپکەش نییە

بیّ زات: بیّ زاخ، ترسنۆك

بە غار: بە ڕاکردن

بڕێك: کەمێك ،تۆزێك، هەندێك

بەد ڕا: بیرخراپ، نیاز خراپ

بژوێن: زەوی پڕ گیا و لەوەڕ، بژوون، زەمەند

باخفم: قسەبکەم.

<u>پ:</u>

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵمەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبوونەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

پەرکەم:فێ، خوودار، پەتاو هەڵمەت پێکەوە، ئەنفلۆنزا

پێشهات: قەومان، بەسەرهات

پشتیر: گەوڕ، تەویلە

پەتەڕی: پەتیارە، شێتۆکە

پڕکێشی:پێداگری، سووربوون، جورئەتکردن

پاکەن: کەوش کەن، جێگەی پێڵاو داکەندن

پەیڤ: وشە

پسۆك: قرچۆك، بەنێك زوو بپسێت.

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلاّ: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاّن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:توورەو دڵناسک

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسک

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

تەوسخەن:ژارخەن، پێکەنین بە هەوسەوە، پێکەنینی تەوسامێز

تاراوگە : مەنفا

تیز: تەوس، توانج، گاڵتە پێکردن

تامپۆن: دەعم، پێکدادان

تازەمۆد: نۆباو

تەشقی ئاسمان: بڵندایی ئاسمان

تەرە: تاراو، لە لانە تۆراو، ئاوارە

تەرزەکوت: تەرزەشکێن، درەخت یان زەرعاتێك تەرزە لێی دابێت.

تلیانە: قەرتاڵە، سەبەتە، سەبەتەی میوەچنی

<u>ج:</u>

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جوڵا، بزوا

جڤاکی: کۆمەڵایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

جیازی: کەلوپەلی بووك بۆ ماڵی زاوا.

جنزەدە: کەسێك جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێت

جوونیۆ: تاقمێك، دەستەیەك، کۆمەڵێك

جەوەندە:مەتارە، کوندەی بچووك بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن، دێمکە

جوابە جەنگی: بە دەمدا هاتنەوە.

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن (بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، ڕەوەك، لەقە هاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەڕۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیلە

چوون: وەك،

چپەدوو: دووان بە چپە

چەقەن: زەوی تمتم، ڕەقەن.

<u>ح:</u>

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

حێل: گەورە، زۆر گەورە

<u>خ:</u>

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمڕە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

خۆشکێنی: بێ فیزی، خۆ بە زل نەزان

خوو: فێ ، پەرکەم

خۆیبوون: سەربەخۆیی

خڕ: هەموو، گشت، تێکڕا

خاترجەم: دڵنیا، ئەرخایەن

خوارنگە: خواردنگە، چێشتخانە

خاکرێز: قوڵکەیەك کە خاك و خۆڵی تێ فڕێ دەدرێ

خانەزا: نۆکەرێك کە لە ماڵی ئاغاکەی لە دایك بەبێ

خاترخوازی: خاترخازی، دوعاخوازی، خواحافیزی

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن (بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلاٌت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر تووڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست، چەق

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

دۆتمیر: کیژەمیر، شازادەخانم

دەقوتاند"بەسەردەبرد

دلاْوا: بەخشندە، دڵ تێر، بە دەست و دڵ

دادڤانی: دادوانی، قەزایی

دەمە قاڵە:دەمبۆڵە، دەمقڕە، دەمەقاڵێ

دێر: جێگەی ڕەبەنی خاچ پەرست

دمۆر: دومۆر، شووم، نەحس

دەماوەر: قسە زان، وتە پاراو، چەقاوەسوو

دەقەتیۆ:دەبوریۆ

دەحکە: مشت و مڕ، گەنگەشەی توند

دایەن: ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵی خەڵکی، ژنی بەخێوکەری منداڵی خەڵکی

دەخەلەساین: رزگار دەبووین

دەساوێز: بیانوو، پەڵپ

دەڵەمە: دۆڵەمە، شتێك بە تەواوەتی نەمەیی بێت

دزێو: ناحەز، ناشیرین

دەسەجەمی: بە کۆمەڵ

داشدار: لایەنگر و پارێزەر، پاسەوانی قەڵا

دوم: کلك

دین: شێت

دەلال:جوان و ڕەزا سوول

ڕ:

ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : كووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

ڕمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ به دەستەوەدان

ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

ڕەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەره

ریوەڵە: بچكۆلەی لاواز، بێ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

ڕەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

ڕەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەركە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشكار

ڕیشخەن: گاڵتە پێكردن

ڕەعیەت: ڕایەت، مسكێن

ڕەزا سووك: ئێسك سووك، ڕەزا شیرین، دەلال.

ڕاجفرین: لەرزین، ڕاچڵەکین

ڕەدا: رازی بوون، قاییل بوون

رەخ: رۆخ، قەراخ، لا، کەنار

رازگر: مەحرەمی راز، نهێنی پارێز

رۆزا: جۆرە گوڵێکە، گوڵی پیرۆز

روودار: بێ شەرم، رووقایم، بێ چاو ورۆو

ڕاڤە: واتا شیکردنەوە، تەفسیر

ڕایە: حەدد، شیاوی

ڕەتبلاو: هزرو بیر بلاو، پەرتحەواس

<u>ز:</u>

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیكان ، مندالاْن

زەردەكەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

زەحف: زۆر، فرە، مشە

زۆڵ: بیژ، حەرامزادە، زۆرزان

زەرگاڵ: پێلاْوی لە موو چندراو، بەلەك پێچ، گۆرەوی تا ئەژنۆ

زێبا: جوان، خشیك، ڕند، خشكۆك

زراڤ: باریك، شووش.

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێكەنینی ژەهراوی ، پێكەنینی تەوسامێز

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەركۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆكە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیكتر: دەركردن، تڕۆكردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سویٚ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

سەرگەڤار:سەرۆکی خێزان، گەورەی خێزان

سۆر: سوور، رەنگی سوور

سەوقاتی: دیاری

سالول: ژووری ئینفیرادی زیندان

سایمەل: جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ و ماڵاتە

سوتلی: قەپاتمە، ژنی بێ مارەیی بۆ ڕابواردن

سەربهوورد: سەربردە، بەسەرهات

سیپاڵ: جلك، بەرگ و کول و پەڵ، کۆنە پەڕۆ

سۆزانی: جندە، قەحپە

سیقا نەگر: مشت و ماڵ نەگر

سوخەت: سیفەت

سڵۆك: سرك، رەوەك، سڵ، بەپارێز

سفتە: چەك، کومپیالە، پسوولەی حەواڵە

ساپیتە: ساپیتك، میچ

سۆزە: گۆرانی خەمبار، سۆز، گۆرانی بە دەنگی نزم

سرووش: سەرۆ، ئیلهام، وەحی

سەرەوگرد: سەروەسێت

سندم : پێوەندی ئاسن.

<u>**ش:**</u>

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسک، شتیٚ زوو بشکیٚ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هیٚز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هیٚرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جیٚگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نیٚوان تیٚکدەر، جاسووس

شوو: میٚرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: میٚزەر، پیٚچی میٚزەر، شاشیك

شیرەت: راویٚژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە، دەبەنگ، سائەقڵ

شێلو: لێڵ

شلك: ناسك و تورت، سست و خاو

شەجەرە: سەجەرە، لیستیناوی باب و باپیران

شەلاق: شەلاخ، قامچی ، جەڵدە

شەوبێری: شەونشینی، شەوکۆڕو مەجلیسی دۆست و برادەران، شەڤرونك

شەقڵ: مۆرك

شەڤرونك: شەونشینی، شەوکۆڕ، مەجلیس و ئاهەنگی شەوانە

شەراشو: شەڕانی، جنگن، جینگن

شەپڵە: نەخۆشی ئیفلیجی

شکستۆك: نزیکە شکان، شکستەنی، شتی ناسکی نزیکە شکان.

شەهلەوەند: سوارچاك، لاوی شۆخ و شەنگ.

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێكی ڕەش و ڕەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشكرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

عال: نایاب

غ:

غاڕ: ئەشكەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە، نامۆ، ئاوەكی

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەڕۆژە، خواردنی نێوەڕۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل، بە فیز و ئیفادە

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، كراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

فەسات: گاینی ژنی بێگانە بە زۆر

چیان: خۆشەویستی، ئەڤین، ئەوین، دڵداری

فەرتووس: زورهان، پیری پەککەوتە

فەزیحەت: نەنگ، ریسوایی، مایەی ریسوایی

فیزماڵك: خۆ دزینەوە

فیودالٚ موڵكدار، دەرەبەگ

فەڵە: دیان، مەسیحی

<u>ق:</u>

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕالٚ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەڕەز، سلٚ ، ڕەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵكاوی قامیشەلأن

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەلاٌتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلاٌیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پیٚ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لیٚ نەڕویٚ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانیٚ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بیٚ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم، قەمبوور

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیڕات: گەرماپێو

قرێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

قاپووت: پاڵتۆ، ساقۆ، بالاپۆش

قەواڵە: سەنەد، بەڵگەنامە

قەوغا: زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان

قرێتە: قرێدە، قلادەی ملی سەگ، ئەڵقەی ملی تاژی

قۆشمە: حەنەکچی، گاڵتەچی

قوڕنە: گۆشە، سووچ، قوژبن، سیلە

قەیچی: مقەست

قاودان: دەرکرن، جواوکردن.

قەبرغە: برك، قەبرخە، خالیگە

قووچاندن: راکردن، هەڵاتن. ڕەڤین.

قاقەز قوشی : کۆلارە.

ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توک

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤڕ: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلأن

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

کەترەخانە: خانەی پیران

کەشم و نەشم: جوانی و نازو عیشوە

کۆرفام: گێل، گەمژە، دەبەنگ، گەلحۆ، گەلۆر

کەپەنك: فەرەنجی، قاپووتی لباد

کلە سووتە: رووپامایی، کلکە لەقێ، ڕیایی و زمانلووسی

کۆجاڕ: کێوسات، کۆسار

کارەکەر: قەرەواش، خزمەتچی مێوینە، جێری

کەڵگیت: کەرکیت، هەپك ، شانەی پۆ کوتانی تەون.

کەنیزەك: کارەکەر، کەنیز، قەرەواش.

کەوێڵ: کۆخ، کۆختە،خانووی چکۆڵەی یەکچاوە. ئەشکەوت.

کوچەماڵ: کەناس

کەڵەموست: قامکی گەورە،کەڵە ئەنگوست، ئەنگوستە گەورە.

گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵكەر، دەرۆزەكەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەكمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، كایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانكە

گازكردن: بانگكردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵكە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕكن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

گێچەڵ: گەڕ، تەشقەڵە

گەمشەك: گەمژە، گەوشەگ، گەمشۆ، شەواك، گێل، دێوانە

گاڵدان: هاندان بۆ كاری خراپ

گۆڵمەز: زەنا زەنا، هەراو زەنا، دەنگەدەنگ

گەوشەك: بڕوانە گەمشەك

گەمشۆ: گێل، دێوانە، كەمفام، كاڵفام

گەوڕ: پشتیر، ئاغەڵ، تەویلە

گۆڵ : سەگی نێر.

ل:

لە كەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلاّن

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو، نزیك بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لە هەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆک : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ ، مەتەڵۆک

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:ڕەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

لێبۆك: لەودە، حەنەكچی، فێڵباز، موهەڕیج

لچ: لێوی خوارەوە

لوشكە: لوشك، جووتە

لاتریسكە: لادان لە رێگە

لات: نەدارو فەقیر، بێنەوا، پەریشانحاڵ

لەلە: نۆكەری زارۆك بەخێوكەر

لاڤە: پاڕانەوە

لە عەلەیی: لە دژ

لە یەكبینە: بەردەوام، پەیتاپەیتا، لە پەستاو بێ بڕانەوە

لەزێكە: پەلە بكە، خێراكە، بلەزە

لوقمان: دكتۆر، حەكیم

م:

موغازە: فرۆشگە، دوكان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم كردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنكردنی زەمین بۆ پەیداكردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: ولأت، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەلاّقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

مالیجە: چارەسەر، عیلاج، معالەجە

مەدام: خا، خاتوون، خانم، خات، یا

مجێز: میزاج، مەجاز

مەحتەل: ماتەڵ، دێرکەوتن

ماخۆلیا: ئەسپەك، نەخۆشیەکی مێشکە، گێژوحۆل

مەکتەبلی: قوتابی

مەخسەرە: گەپجاڕ

مۆڕە: خێسە، روانین بە چاوی زەق و توڕەیی

مەچیر: داوەبەن، دەزوو، تاڵ

مێردەك: بۆرە پیاو

مێژەڵۆك: لقی بڕاوەی ڕەز

مەعاف: بەخشراو، ڕەوا

موزیڕ: زیانۆك، زەرەردەر

میانساڵ: ناڤساڵ

مۆزە مۆز: دەورو خولدان بە مەبەست و تەمایەك

مۆرانە: جانەوەری دارخۆر

مەردمازار: ئەزیەتدانی خەڵکی

مشە: زۆر، فرە

مامێز:مامزە.

مامز: ئاسك، کەژاڵ

مەهوەش: وەك مانگ، مانگ ئاسا.

<u>ن:</u>

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: ڕەگەز، ڕەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە كۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو

ناڤسال : میانسال

نووكە : هەنووكە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی، دیان

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە

نۆبەرە: یەكەم منداڵ، یەكەم بەر

نەپەرژان: دەست نەگەییشتن، فریا نەكەوتن، پێڕانەگەییشتن

نێرەوەز: نێرینە، نێر ڕەگەز

نەپرینگانەوە: سڵ نەكردنەوە، كۆنەكردنەوە، سڵ نەكردن

نیونەخت: یەك دەم، یەك سات

نێش: چزوو

نەساغ: نخۆش

نمەك ناسی: ئەمەگداری، وەفاداری

و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەكرد: كردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : كراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف كردن : تەرخان كردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر كێڵاٚن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلاٚوەخانە، دارالنشر

وەشانكار: بلاٚوكەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەكی، پیرزی

وشكەبار:میوەی وشكەوەكراو

وەكوژاندن : تەمراندن، كوژاندنەوە

وێمده : بمدەیه

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆره، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

وێڵ: ماریفەت

وانێك: یارۆ، هین

وڵه: نەمەییوی تەواو

هـ:

هانكه هانك: هەناسه برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوه بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشه

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت له شاخ و کێودا

هەزاربه هەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوه

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکه: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوكمی چاو

هۆڤی: كێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیركردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێكەڵ و پێكەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێكەڵكراو، هەڕەت، جەنگە، تاف

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بیٚ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەكەر، ململانیٚ، ڕكبەڕكیٚ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگیٚ : هەینیٚ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوكوف:دوو كەسی لە یەك ئاستی كۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە كەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەڵاویردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵلاَ، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەڵژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

هێم: بناخە، بناغە

هاوسونح: هاوساڵ، هاوتەمەن، هاوزا

هاو وازی: هاوگەمە، هاوکایە، هاوبازی

هەوسار: ڕێشمە، دەستە جڵەو

هاوقەتار: هاوکارو پیشە، هاوڕێ، دۆست

هەمێز: ئامێز، باوەش

هزرین: بیرکردنەوە

هەڵەت: زەردو ماهی زۆر سەخت.

هەراشتر: گەورەتر، پێگەییوتر

هەڕە: مشار.

هۆشی: گوڵەوەچنی.

ی:

یالْ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاْن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

یاوەگۆیی: وڕاوە، وڕێنە

یا: خا، خات، خاتوون، خانم، وشەی ڕێزە بۆ ژنی گەورە.

یەغدان: یەخدان، سەنوقی دارینی گەورە.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کرد ووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر كامۆ

٢٦- مەسەلەی كورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨

٢٨- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، د. كوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەكەم ٢٠٠٦

٣٠- كورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،كریس كۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ -كورد لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەكەم ١٩٩٨

٣٢- چینی كۆن، چ١(   )دەزگای موكریانی

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەكان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەكەكەی ماڵتا، شانۆنامە،كریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەكسپیر.چاپی یەكەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مــەرگی نووســەرو چــەند باســێکی دیکــەی ئــەدبی-رۆشــنبیری،حەمەکەریم عــارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالاَنی کورد

٩٦- الرحيل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧- كۆڵوانه سوور... كۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی كه سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دكتۆر...شانۆنامه...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / رۆمان / نودار دومبادزه

١٠٣- یادگارییەكانی خانەی مردووان/ دۆستویفسكی

١٠٤-مێژووی رۆمانی توركی

١٠٥- دیوار...كۆچیرۆك.................كۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- كۆكۆرۆ...............ڕومان.........ناتسومی سوسكی

١٠٧- كانییه قارەمان....كۆچیرۆك بۆ مێرمنداڵان /حەمەكەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ............حەمەكەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موكریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسكی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

* لـه راپەڕینـــەوە تــا نهـوو چـالاكانه بەشـداری بزاڤــی ئـەدەبی و رۆشــنبیریی كـوردی دەكـات وبەرهەمی هەمه جۆر (نووسین و ئاماده كردن و وەرگێڕان) بڵاودەكاتەوە..

* ئەو بەرهەمانه و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوە و هـەر كـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن، دەبێ پرس به نووسەر بكات...